Kurdland

ئەم کتێبە لە سایتی
کوردلاند وەرگیراوە

www.kurdland.com

www.kurdland.net

# وەردانەوە

## ڕووداو . ڕوانگە . ڕەخنە
## تێڕوانینی گشتی

خاکەلێوەی ساڵی
١٣٨٤
هەتاوی

سەعید کاوە

پێشکەشە بە کاک مرادی خۆشەویست!

2005/1/5

# وەردانەوە

ڕووداو، ڕوانگە، ڕەخنە،

تێروانینی گشتی.

## ١٣٨٤ هەتاوی

## ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی

مافی لەچاپدانەوەی بۆ خاوەنیەتی.

نووسین و ئامادە کردنی.

سەعید کاوە

(کویستانی)

# نێوی کتێب

**وەردانەوە**

کورتکراوەی بەرگی ١ ، ٢ ، ٣ ی ئاوڕێك .

**چاپی دووهەم**

**چاپی یەکەمی نووسراوەکان لە ساڵانی:**

بەرگی ١ی ئاوڕێك ١٣٧٥هە ١٩٩٦زاینی

بەرگی٢ی ئاوڕێك ١٣٧٧هە ١٩٩٨ زاینی

بەرگی ٣ی ئاوڕێك ١٣٧٨هە ٢٠٠٠ زاینی

ژمارەی کتێبخانەی گشتی

٦-٦١٠٣-٦٣١-٩١

ISBN

91_631_6103_6

| فێرست | * سەردێر | * بەشی | * لاپەری |
|---|---|---|---|
| ١ - | * چەند وتەیەك | ١ | ٧ |
| ٢ - | * دەست پێك | ١ | ١٠ |
| ٣ - | * كادری نوێ | ١ | ١٦ |
| ٤ - | * شۆرشی ١٤ی تەموز | ١ | ٢٣ |
| ٥ - | * هێرش‌و گرتن | ١ | ٢٧ |
| ٦ - | * زیندانی رەواندز | ١ | ٣٠ |
| ٧ - | * كۆمار بەرەو رووخان | ١ | ٣٣ |
| ٨ - | * حیزبی بەعس‌وگەلی عێراق | ١ | ٣٥ |
| ٩ - | * دەستكردن‌بەكاری سیاسی | ١ | ٣٩ |
| ١٠ - | * كۆبوونەوەی دووەم | ١ | ٤٤ |
| ١١ - | * بەرەوشارۆچكەی قەڵادزێ | ١ | ٥١ |
| ١٢ - | * كۆمیتەی ساخكەرەوە | ١ | ٥٧ |
| ١٣ - | * بەرەو رۆژهەڵات | ١ | ٥٩ |
| ١٤ - | * بەرە و كۆنگرەو بڕیاراتی | ١ | ٦٤ |
| ١٥ - | * نوێنەرانی كۆنگرە | ١ | ٦٥ |
| ١٦ - | * بنەمای‌كۆمیتەی ئینقلابی | ١ | ٧١ |
| ١٧ - | * نامەی كاك سولێمان معینی | ١ | ٧٩ |
| ١٨ - | * نامەی كاك سەننار | ١ | ٨١ |

| فێرست | * سەردێر | * بەشی | * لاپەری |
|---|---|---|---|
| ١٩ – | * نامەی کاك کەریم حیسامی | ١ | ٨٢ |
| | *** بەشی دووهەم ژیانی ئاسایی** | | **٨٧** |
| ٢٠ – | * شەڕی نەغەدە | ٢ | ٩٠ |
| ٢١ – | * کۆنفڕانسی پێش کۆنگرە | ٢ | ٩٣ |
| ٢٢ – | * کۆنگرەی چوارم | ٢ | ٩٤ |
| ٢٣ – | * کۆنگرەی پێنجەم | ٢ | ١٠٣ |
| ٢٤ – | * کۆنگرەی شەشەم | ٢ | ١١٠ |
| ٢٥ – | * بەر پرسایەتی نوێ | ٢ | ١١٤ |
| ٢٦ – | * سەفەری نابەدڵ | ٣ | ١١٦ |
| ٢٧ – | * وتوو ڕێژێکی چاپەمەنی | ٣ | ١١٧ |
| ٢٨ – | * ڕێکخراوێکی نابەدڵ | ٣ | ١١٩ |
| ٢٩ – | * پەژارە مرۆڤ دەبزێوێ | ٣ | ١٢٦ |
| ٣٠ – | * هەواڵی ناخۆش | ٣ | ١٢٨ |
| ٣١ – | * ح د ك ریبەرایەتی شۆرگێر | ٣ | ١٣٥ |
| ٣٢ – | * ك نیزامی ح د کوردستان | ٣ | ١٤١ |
| ٣٣ – | * نامەیەکی سەرئاواڵە | ٣ | ١٥٤ |
| ٣٤ – | * بەیاننامەی هاوبەش | ٣ | ١٦٢ |
| ٣٥ – | * دەست درێژعیراق بۆ کوێت | ٣ | ١٦٤ |

| فێرست | * سەردێر | * بەشی | * لاپەری |
| --- | --- | --- | --- |
| ٣٦ - | * دەست درێژی تورکیا | ٣ | ١٧٠ |
| ٣٧ - | * هەواڵێکی بڕوا نەکراو | ٣ | ١٧١ |
| ٣٨ - | * نامەیەك بۆ وڵات | ٣ | ١٧٨ |
| ٣٩ - | * ڕوانگەی چەند کەسایەتی کورد | ٣ | ١٨٨ |
| ٤١ - | * ئاشتی یاشەڕ | ٣ | ٢٠٦ |
| ٤٢- | * نامەیەکی کراوە | ٢ | ٢١١ |
| ٤٢ - | * کێ تڕۆڕدەکا ، بۆ ؟ ! | ٣ | ٢١٣ |
| ٤٣ - | * ڕوانگەی بیری نەتەوایەتی | ٤ | ٢١٥ |
| ٤٤ - | * کوردوگێژاوی ڕۆژهەلاتیناوەراست | ٥ | ٢٤٣ |
| ٤٥ - | * پێناسەی نەتەوایەتی | ٥ | ٢٥١ |
| ٤٦ - | * پیلانگێڕی دەوڵەتی تورك | ٥ | ٢٦٠ |
| ٤٧ - | * ئۆجەلان‌و چۆنیەتی کورد | ٥ | ٢٦٤ |
| ٤٨ - | * پارلەمانی ێتالیا | ٥ | ٢٦٧ |
| ٤٩ - | * بەیاننامەی تاکەکەسی ئۆجەلان | ٥ | ٢٦٩ |
| ٥٠ - | * خۆ سووتاندن - بۆ ؟ | ٥ | ٢٧٤ |
| ٥١- | * دەردی نەزانی | ٥ | ٢٧٨ |
| ٥٢ - | * هەنگاوێکی تر | ٥ | ٢٨١ |
| ٥٣ - | * تاوانێکی مێژوویی | ٥ | ٢٨٤ |
| ٥٤ - | * دێموکراسی ڕۆژئاوا | ٥ | ٢٨٦ |

فێرست


| | * سەردێر | * بەشی | * لاپەڕی |
|---|---|---|---|
| ٥٥ - | * بڕیارێکی نوێ | ٥ | ٢٩١ |
| ٥٦ - | * نەهاتی دوای نەهاتی | ٥ | ٢٩٢ |
| ٥٧ - | * کوردو وڵاتانی دەرەوە | ٥ | ٢٩٤ |
| ٥٨ - | * کارو تێکۆشان | ٥ | ٢٩٨ |
| ٥٩ - | * ئاشتی مام جەلال وکاك مسعود | ٥ | ٣٠٣ |
| ٥٩ - | * پەرەگرتنی خۆپێشاندان | ٥ | ٣٠٧ |
| ٦٠ - | * دادگای نیزامی ئۆجەڵان | ٥ | ٣١٢ |
| ٦١ - | * تاوانێکی تری نێونەتەوەیی | ٥ | ٣١٤ |
| ٦٢ - | * فەرمانێکی تری تورکیا | ٥ | ٣١٥ |
| ٦٣ - | * کۆنگرەی نەتەوایەتی | ٥ | ٣١٧ |
| ٦٤ - | * هەواڵێکی سەرنج ڕاکێش | ٥ | ٣٢١ |
| ٦٥ - | * تەفونی فەرهاد ئوجەلان | ٥ | ٣٢٤ |
| ٦٦ - | * تێشکان و پرسیار | ٥ | ٣٢٥ |
| ٦٧ - | * چاوەڕوان نەکراوێکی تر | ٥ | ٣٣٠ |
| ٦٨ - | * حکومەتی فدراتیف | ٥ | ٣٣٥ |
| ٦٩ - | * ئۆپۆسیۆن | ٥ | ٣٣٢ |
| ٧٠ - | * گازندەو پرسیار | ٥ | ٣٣٧ |

# چەند وتەیەك

کاتێ لەنووسین و چاپکردنی بەرگی ۳ی بیرەوەریەکان بوومەوە، بەرگی یەك تەواو ببوو جگە لەوانەی کە بۆ فرۆشتن لە لای هێندێك برادەرەوکتێبخانەم دانابوون، کتێبی تر نەمابوو. کاتێك ناسیارو ئاشناو رۆشنا پرسیاری بەرگی یەکیان لێدەکردمو بە نەم ماوە وەلامم دەدانەوە، هەستم پێدەکرد بڕوام پێ ناکەن و، وابیردەکەنەوە لەبەر پارەکەیە دەڵێم نییە ! ناچارلەوشوێنانەی مابوون وەرم گرتنەوە بۆ ئەوەی بێ باوەڕی پێك نەیەو چەند کتێبێك هەبێ بۆ داواکاران.

دوای ماوەیەك ئەویش کۆتایی هات. کەوتمە بیری ئەوەی بۆ جاری دووهەم بەچاپی بکەیەنمەوە. دیارە پارێکی باش دەویست بە چاپی بکەیەنمەوە.

سەرئەنجام بەوە گەیشتم کە کورتەی بەرگی ۱و۲و۳ ، لەگەڵ ئەو یادداشتانەی لەبیر چوون و نەنووسراون بخەمەوە سەریەك بۆچاپ. کاتێ دەستم پێکرد لە هەڵبژاردەی بەرگی یەکەمو دووهەم بوومەوە، تەنیا ئەو دووبەشە یادداشتە سەرەڕای ئەوەی کورتکرابۆوە، سەری لە شەش سەت لاپەڕە دا. ئەگەر بەرگی سێهەمو ئەو یادداشتانەی مابوون هاتبایە سەری دەگەیشتە نیزیك هەزار لاپەڕە. بیرم لێکردەوە؛ باشە ئێستا کە بەرگی یەك سێسەد لاپەڕەیە چاپ ناکرێتەوە، هەزار لاپەڕەم چۆن بۆم هەڵدەسووڕێ و چاپ دەکرێ ؟

هاتمە سەرئەو ڕایە: کە تەنیارووداوی گرینگ و کارەساتی مێژوویی لە گەڵ هێندێك یادداشت و یادەوەری، زۆر بەکورتی تێك خەمەوەو بیخەمە ژێرچاپ.

ئەو نوسراوانەی کە باسی لایەنەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەکەن دەستی تێوەرنەدرێ و، وەك خۆی بمێنێتەوە. لایەنگری لە لایەنێك نەکرێ، بەپێی ڕەوتی پێشوو بێلایەنی تێدا بپارێزرێ و هەروەها لایەنگری و حەقداری و مەحکووم کردن بدرێ بەخوێنەران قەزاوەتی خۆیانی لەسەربکەن.

لەکۆنەوە زانایان گوتویانە: کاتێك مروڤ دەستی بۆ قەڵەم برد، بەتایبەتی

کەسێکی خۆی تێکەڵ کاری سیاسی کردبێ، نابێ تاوان وەپاڵ ئەم و ئەو بداو خۆی بکا بەلایەنگری لایەنێکی سیاسی و ئەوی تر بشێلێ، چوونکە بە نووسین لایەنگری، یا محکوم کردنی لایەنێك، ئاگری دوو بەرەکی خۆشکردنە.

سەرەڕای ئەوەی نووسراوەکە ئاماژێك بەدوو لایەنی کوردەو بە فیرۆدانی هەل و هەڵکەوتی مێژوویی و بە کوشتدانی ڕۆژێ دەیان کەس بەفەرمانی ئەو دوو لایەنەو کردنیان بە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی براکوژی، بەلام حەقگۆیی و بیلان بوون مەرجی بنەڕەتییە. گەلێك جار مرۆڤ دێتە سەرئەو ڕایە لایەنێك بشێلێ و باری لایەنێك سوکتر بکا، بەلام زۆری پێ ناچێ ئەو لایەنەی مرۆڤ دەیەوێ بۆرە لایەنگریەکی لێ بکا، لە پڕ تووشی هەڵەیەکی وا گەورە دەبێ لەوی تری تێدەپەڕێنێ، ناچار دەست لەو بەرگریەی کە دەبوو بکرێ هەڵدەگری.

لە لایەکی دیکەوە پێم وایە لایەنگری لە لایەنێك، شوتنەوەو (تەبرەئە) کردنی تاوانی ئەنجام دراوە. ئەرکی سەرەکی ڕووناکبیران ئاور کوژاندنەوەیە. لە ڕاستیدا ڕووناکبیر بە کەسێك دەڵێن فوو لە ئاوری شەڕی ناوخۆیی نەکات.

ئەو ڕووناکبیرەی لە ئوروپا دانیشتووەو چەپڵە بۆلایەنێك لەو دوو لایەنەی کوردستان لێدەدا، جگەلەوەی بێتاوانی هەردوو لایەنی شەڕ ئیمزادەکا، ناکرێ لە ئاگری شەڕخوشکردنی بەولاوە نێویکی دیکەی لەسەر دابنرێ. واتە: بە یەکێ بلێ: ئەولایەنە بێ تاوانە، بەوەی تر بلێی: تاوانی نییە. هەرکەسێك ئەو حوکمە بدات، بێشك تەئیدی شەڕی براکوژیە و خەڵك هاندەدا چەك هەڵگرن بۆ شەڕی ناو خۆیی و خوێن ڕژتن.

ئەوەی بەقسە لایەنێك دەکوتێ و لایەنێك تەئید دەکا، دیارە دەکرێ هێندێك دەلیلی بە دڵی خۆی بێنێتەوە. بەلام داخوا ئەو ڕووناکبیرەی کە بەهێندێك قسەو دەلیلی داتاشراو کە خۆی پێ فریوداوە، هەرئەوە ناگەیەنێ کە لایەنگری لە لایەنێکی بە هەڵەچوو دەکا؟ چوونکە ئەو بەلگەی داتاشراو هێنانەوە، بە حەق وێژی ناژمێردرێ، بەڵکوو خۆشەویستی لایەنێك و شکانی لایەنێکی ترە.

دیارە کەسانێك کە ئەندام یان کادری لایەنێکن، لەدەروێش بوونیاندا کەس

تۆزیان ناشکێنێ، لایەنگری کردنیان زۆرسەیر نییە، بەڵام ئەوانەی کە ئەندامو لایەنگر نین، داخوا لە خۆیان پرسیوە، بۆخۆیان کردۆتە دەرویشی بەلاش ؟!

شاعیری فارس دەڵێ :

میان دو کس جنگ چون اتش است - سخن چین بدبخت و هیزم کش است .

ڕاستە کە دەڵێن: مروڤ لەو شوێنەی گەورە دەبێ فرچك بەکلتورو نەریتی ئەو کۆمەڵگایەوە دەگرێ. من خۆم لەگەڵ ئەوەیدا لە تەمای خۆم پاشگەز نە بوومەوەو بڕیاری خۆم نەشکاندوە و بێلایەنی خۆم پاراستووە، هەوڵم داوە کە هێندێك لە ڕووداوەکان کورت کەمەوەو هەمووشتێك بە تەواوی نەنووسم، بۆ ئەوەی نەبێتە لایەنگری و زیانگەیاندن بە کۆمەڵگا کە پاشان قەرەبوو نەکرێتەوە.

لە کاتی نووسیندا زۆر جار بەخۆم دەگوت: دەی سەعید هەموو ڕووداوە دڵ تەزێنەکان بنووسە هەرچی دەبێ با ببێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیدا کە زادەی گۆمەڵگای کوردەواریم، بەباشم زانی، ئەو شتانەی زیاندەرن و دوژمنی پێ خۆشحاڵ دەبێ، خۆیان لێ بپارێزم .

بەڵێ، پاش ڕەچاو کردنی ئەو تێبینیانەو ئەو نوسراوەی بەردەستتانم تەواو کورت کردەوەو بە ﴿ *وەردانەوە* ﴾ نێودێر کرا، کە لە یادداشت و یادەوەری و ڕووداوی ڕاستەقینە پێك هاتووە. بێشك بە شێوە مێژویەکی کاڵ دەژمێردرێ .

هیوادارم ڕۆژێك کەسانی دڵسۆزی نووسەر، ئەگەرزانیان بۆکەڵك لێوەرگرتن دەبێ ، بە گوڵبژێرێك لەو کەرەسە خاوە سوود وەربگرن :

نووسەر ٢٢- ١١- ٢٠٠٣

# دەست پێك .

وا بوتە باو کەسێ کە شتێکی تایبەت بە خوێ بنووسی ، دەبێ خوێ بناسێنی و ئامارێك بە ژیان و سەربەردە و جێگای هاتنە دنیای خوێ بکات. منیش بوّ ئەوەی ئەو ڕەوتە بپارێزم و تێکم نەدابێ، بە چەند دێرێکی کورت خوّم دەناسێنم و شوێنی لە دایك بوونم کە گوندی ئاڵیاویّ شێخانە، بوّ خوێنەرانی بەرێز باس دەکەم .

ئەو گوندە لە ڕۆژئاوای شاری نەغەدە لە ناوچەی سندوس هەڵکەوتووە و 40 ساڵ لەوە پێش بەقەرەو جوتبەندەو، وردە ئاغاوە نزیکەی 32 بنەماڵەی لێ دەژیا . ئێمە وەك بنەماڵیکی کۆنی ئەو گوندەو باوکم وەك مەلای ئاوایی لەو گوندە دەژیاین. کاکم واتە: برای گەورەم کە بەمەلا صادق بانگ دەکراو لەگەڵ ئەوەیدا کە دەرسی مەلایەتی خوێندبوو، لە ژیانی مەلایەتی بێزار بوو. کاتێك وازی لەدەرس و حوجرە و فەقێیەتی هێنا، ژیانی دێهاتیشی بەجێ هێشت و لە شاری نەغەدە چایخانەیەکی داناو کردی بەپیشەی ژیان. لە هەرا و کێشەی دوکتور مصدیقدا ساڵی ١٣٣٢هە ١٩٥٣ ی زاینی نزیکەی شەش حەوت مانگێك لە ورمێ گیرا. دوای گیرانی چونکە کەس نە بوو کرێی چایخانەکە بدات، هەرچی تێیدا بوو لەبری کرێ هەراجیان کرد. دوای ئازاد بوونیش لەبەر ئەوەی هیچ دەسمایەکی نەمابوو، خەڵکی ئاڵیاویّ، بەتایبەتی حاجی حەسەن جوّخوّر، کە پیاوێکی باش و خاوەنی کەمتر لە نیودانگی ئەو دێیە بوو، هێنایانەوە ئاڵیاویّ و کردیان بە مەلای ئاوایی. خەڵکەکە، دەیانزانی کە براکەم ڕوّحی لەگەڵ پیشەی مەلایەتی نایەتەوەو کاری مەلایەتی زوّر پێ ناخوّشە، تەنانەت مەلایەتی بەجوّرە سواڵکردنێك دەزانی. هەربوّیەش خەڵك و دوّستەکانی پێیان دەگوت: **مەلای مصدق**. واتە بە لایەنگری لە مصدق و دژی شا گیرابوو. دوایەکە هەموو شتێکی لە دەست دابوو هیچی نەمابوو، بە ناچاری تووشی مەلایەتی ببوو . هەر بوّیە بە لایەنگری لە دوکتور محمد مصدق نێوی دەرکردبوو .

لەو دەوراندا نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان وسیاسەتکردن بۆ زۆربەی خەڵك نا ئاشنابوو. یان دەکرێ بڵێین: دەرسەدێکی کەم خوێندەواربوون و خەڵك زۆریان لە سیاسەت نەدەزانی· هەربۆیەش بوو خەڵك نەیدەزانی براکەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو لەسەرحیزبایەتی گیراوە.

ئەوکات هێشتا بیری کوردایەتی بە شێوەی رێکخراوی و حزبایەتی لە هەموو شوێن و ناوچەیەك وەبرەو نەکەوتبوو. کوردایەتی لەنێو شانەو کومیتەو رێکخراوی سیاسیدا لە دەورانێکی لاوازی نەپشکوتوودا بوو. هەرچەند خوێندەوارو رووناکبیرانی ئەوسەردەم لە مێژووی خەباتی ***کۆمەڵەی هیوا، خۆی بون، کۆمەڵەی ژێکاف***، حزبی دیموکراتی کوردستان ئاگاداربوون، بەڵام دەکرێ بڵێین: خەبات و تێکوشانی ئەوکاتەی گەلی کورد بە تایبەتی لە رۆژهەڵات، پترئاوێتەی خەباتی چینایەتی بوو. دەبێ بڵێم بەشی بەرچاوی کادری پیشەیی حیزب، چەپ و مارکسست بوون و بەکردەوە تئۆری حزبی تودەی ئێرانیان بەرێوە دەبردو ئیدەئۆلۆژی مارکسیسم سەرچاوەی بیرکردنەوەیان بوو. جگە لەوەش، ئەوکات بیری چەپ جێگەی شانازی رووناکبیرانی سیاسی بوو. ئەگەرکەسێك خاوەنی بیری کوردایەتی رووت بوایە، وەك رەگەز پەرست زەقیان دەکردەوە. ئێستاش زۆرکەس کە باسی کورد دەکات قەومەسەردەستەکانی رەگەڵدەخات کە نە وەکوو بە رەگەز پەرست بناسرێت! بەڵام بەرە بەرە بەهۆی هەڵەکارییەکانی حزبی توودە و هێندێك چەپی توندی توتالیستی، زۆربەی کوردی سیاسی، وازیان لە حزبی تودەو چەپایەتی بەو شێوازە هێنا. خەباتکردن بەبیری کوردایەتی بە ناحەق بە رەگەز پەرستی دەدرایە قەڵەم و شوورەیی بوو، بەڵام خەبات بەشێوەی چەپی سوننەتی شانازی پێوە دەکرا. بەرێوەبەرانی رێکخراوەکانی ئەوکات کە فارس بوون، وەك قارەمان و بلیمەت چاویان لێدەکرا.

روناکبیرانی کورد درەنگ وەخۆ هاتنەوە. ئێستاش بەشێکی کەم هەرماون کە نۆکەرایەتی مرۆڤی غەیرە کورد یان پێخۆشترە لەوەی بۆخۆیان بەرپرس و رێبەری رێکخراوێکی کوردی بن. بالێرەدا حەقویژیش نە کوژین. لەخۆرا نەبوو کە ئەو کات بەشێکی زۆرلە رووناکبیران چەپ بوون، دەزگاکانی رژیم، راست رەوانی وەردانەوە........................

سەربە ڕژێم هەڵیان دەسووڕاند کە لە: فیوداڵ، دەرەبەگ، دەوڵەمەندی شار، شێخ و هێندێك مەلای کۆنەپەرەست پێك هاتبوون و پشتی ڕژێمی شایان گرتبوو. هەر ئەوانیش بوون کە پشتوانی بیچمی ستەمکاری بوون خەڵکی هەژاریان دەچەوساندەوەو بە یاریدەدەری ڕژێمی غەدارو چەوسێنەری شا دەناسران.

لە ڕاستیدا هەرئەوانیش بوون ئۆرگانە گرنگەکانی وڵات و دەوڵەتیان بەدەستەوە گرتبوو. هەرئەوان بوون یاسای پڕ لە زیان و زەرەریان بۆ هەژاران دادەرشت و بە قازانجی فئوداڵ و سەرمایەداری پەسنددەکراو هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرا. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئێران، ئێراق، تورکیاو سوریا، بە دەرس وەرگرتن لە وڵاتانی سەرمایەداری، داواکاریەکانی خەڵکیان بە گوللە وەڵام دەداوەو تێکۆشەرانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر دەدزران، وون دەبوون، دەگیران، شکنجە و ئیعدام دەکران و تووشی هەزاران بەد بەختی و چەرمەسەری دەکران.

سەرەڕای ستەمی لە ڕادە بەدەر، بەشێوەی جۆربەجۆر تالأن دەکران و سوور و ساتیان لێدەستێنرا. لەباری سیاسیشەوە لەو سەردەمدا جیهان کەوتبووە ژێر ڕکێفی دوو زلهێزی دنیاگری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە ئارەزووی خۆیان سیاسەتی خۆیانیان تێدا بەڕێوە دەبرد. دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بە نێوی هاوپەیمانی، وێڕای پشتیوانی لە هەموو کردەوەیەکی نامرۆڤانەی دەوڵەتان و بێدەنگی لە ڕاست دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، چوکترین دژ کردەوەیان نەدەنواد لە بەرانبەر ئەوتاوانانەی دەرحەق بە چینی چەوساوە دەکران. لەگەڵ ئەوەیدا کە داگیرکەران بەرنامەی دژی نەتەوەی کوردیان بەڕێوە دەبرد. وڵاتانی ڕۆژئاواش بەرژەوەندی مادی خۆیانیان لەبەرچاو بوو. بەداخەوە تەنانەت بۆ نموونەش یەکێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەزەیی بەکوردی لێقەوماودا نەدەهات کە جارێك لە جاران باسێك یان رەخنەیەك لەدەوڵەتانی ناوەندی بگرێ. ئەو کەش وهەوایەی کەئێستا بەهۆی یەك قوتبی بوونی جیهانی پێك هاتووە، گۆڕانیش بە سەر تێزو بیرو ستراتیژیدا هاتووەو سیاسەتی جیهانی لە گۆڕانێکی مەزندا بەرەو پێش دەڕوات.

سەرەڕای ئەوانەش ئەوکات زوو زوو پەیمانی دووقۆڵی نیزامی لە دژی

خەڵکی ناوچە دەبەستراو دەوڵەتان ئەفسەرو ماموورانی رژێمیان بەهەموو جۆرە فتوو فەنێکی نیزامی و ئیداری و ئیتلاعاتی، بۆ پێشگیری لەئازادی رایان دێنان و بەشێوەی مۆدێرنی رۆژ، شتی دژی گەلیان فێر دەکردن. تەنانەت وێڕای فێرکردنی شکنجە، و پیفرۆشتنی کەرەسەی شکنجە، لە فێرگەی خۆیان فێری بەکارهێنانی ئەوکەرەسانەیان دەکردن.

مەبەست لەوئاماژەیە ئەوەیە؛ خوێنەران بزانن کە لە رابردوودا کوردی ژێردەستو بێدەرەتان، بە تایبەتی رووناکبیرانی کورد بۆچی و لەبەرچی لەو سەردەمدا بیری چەپو رێبازی سوسیالیستیان هەڵبژارد بوو، وەکوو رزگاری دەرێك دەیان روانییە یەکێتی سۆڤیەت؟!

رووناکبیرانی کورد کاتێك دەیاندیت وەزیرو ئەفسەرو پارلەمان لە کورە فئۆداڵو کەسانێکی گوێلەمست پێك هاتوون و بەرنامەی کاری رژێم لە لایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە دادەڕژێ و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانی لەو رژێمە دیکتاتۆرانە دەکەن، رووناکبیری ئازادیخوازی کورد، جگە لە هەڵبژاردنی رێبازی دژی دەرەبەگایەتی و پشتیوانی کردن لە هەژارانی چەوساوە، هیچ رێگایەکی دیکەیان پێ شك نەدەهات هەڵی بژێرن؟

ئەگەر ئێستاش بارودۆخ و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی بگەڕێتەوە ئەو دەوران، بێشك جۆری خەباتیش بۆدواوە دەگەڕێتەوە. لەو دەوراندا کورد جگە لەو رێگایەی هەڵیی بژارد بوو، رێگایەکی دیکەی نەبوو پێڕەوی لێ بکات.

لە لایەکی دیکەوە دەماندیت، لە بەرانبەر زلهێزی رۆژئاوا دا، زلهێزێکی تری رۆژهەڵات هەیە، کە بە رادیۆ و رۆژنامە پشتیوانی لە گەلی زۆر لێکراو دەکات و لە دژی وڵاتانی ستەمکارو غەدارو چەوسێنەر دەدوێ، ئەگەرچی ئەویش لەحاستی کورد جگە لە پڕوپاگاند بۆخۆی کارێکی ئەنجام نەدەدا، بەڵام دەکرێ بڵێین: بێ دەرەتانی و بێ پشتو پەنایی، رووناکبیری کوردی دێنا سەر ئەو رایە، لایەنێك هەڵبژێرێ کە لانیکەم بە زاهیر پشتیوانی لە گەلی چەوساوە دەکات.

کاتێ رووناکبیری کورد دەیدیت گەلەکەی ژێردەستەو بەدەست رژێمو فئۆداڵەوە دەچەوسێتەوەو ئەو پەڕی بێ حورمەتی پێدەکرێ، بۆ وەی لەو

چەرمەسەریە رزگاری بکا، پەنای بەرەو روناکی دەبرد. شتێکی گرینگی کەیارمەتی پەرەپێدانی ئەو بیرەی دەکرد، زوڵمی لەئەندازە بەدەری خاوەن مڵك بوو. بیچمی فئۆدالی، وەك یاسا، لە سەرانسەری ئێراندا بەسەرچینی هەژاری وەرزێردا سەپێندرا بوو. هەرکەسێك لەدژی ئەو یاسایە ڕاوەستابایە، دەکەوتە بەرغەزەبی خاوەن مڵك، واتە؛ ئاغاواتی دۆستو یاریدەدەری رژیم.

زۆرجاران ئاغا، یەکێکی ڕقی لێ هەڵگرتبایە، بەزستان لە دێیەکەی خۆی دەری دەکرد. ئەگەر یەکێ شکایەتی لە ئاغا کردبایە بۆئەوەی تابەهارێ دەر نەکرێ، شکایەتەکەی بێ سوودو بێ وەلام دەماوە. واتە: ئاغا بێجگە لە زوڵمو دەسەڵاتی خۆی، ئیدارەو ژاندارمو دەوڵەتیشی لەگەڵبوو. یان ئەگەر یەکێ ویستبای لەو دێیەی لێ یەتی بڕواو ئاغا پێ ناخۆش بایەو ڕزایەتی ئاغای لەگەڵ نەبایە، ئەو ماڵە وەرزێرە نەیدەتوانی باربکاو بڕوات. زۆر جاران لە زۆرشوێن شەوانە بەدزی لەدێیەك ڕا بۆ دێیەك باریان دەکردو خۆیان لەشەڕی زاڵم ڕزگار دەکرد. دیارە ئەو کارە بۆ کابرای هەڵاتوو، تەنیا قورسێکی موسەکین بوو. دەنا هەردووکیان هەریەك بوونو یەك سیستم بە ڕێوەی دەبردن. ئەگەر ئاغاکان پێکەوە ناتەباییان نەبایە، ماڵە وەرزێری یەکتریان ڕانەدەگرت. یان ئەگەر ماڵێك ویستبای بەدزی شەوێ ڕابکاو بچێتە دێیەکی تر، دەبوایە ئەو ئاغایە دەسەڵاتی پتری هەبایە، دەنا ئاغایەکی لاوازتر نەیدەتوانی ڕایبگرێ.

وەك ئێستام لە بیرە، ماڵەوەرزێرێك شەوێ بەدزی ئاغا لە گوندی (گرتکسپیان)ی لاجان، باری کردبوو ماڵی چووبوە گوندی (کانی مام سەیدەی) سندوس. ئاغای گرتکسپیان بە نێوی مامعەزیز، ئاغایەکی فرەخاوەن دەسەڵات بوو، یەکێ بوو لە نیزیکانی حەمەڕەزاشا. ناوبراو بۆ گەڕانەوەی کابرای وەرزێر چەند حارەبەیەكو دوو ژاندارمەی نارد، ماڵی کابرای هەڵاتوویان لە گوندی کانی مام سەیدەوە گەڕاندەوە گوندی گرتكسپیان. مەبەستم ئەوەیە؛ بیچمی فئۆدالی لەو پەڕی بەهێزیو پڕ دەسەڵاتیدا بوو. رژیمی پاشایەتی بەتەواوی پشتیوانی لێدەکردن. لە کەش هەوای باسکراودا، حاڵەتێکی وا خوڵقابوو، کە کاتێ، یەکێ لە دژی ئاغا دوابایە، خەڵك گوێ ڕایەڵی بوو، وەدوای دەکەوت، بەهیوای ئەوەی

وەردانەوە................................................ 

بەڵکوو لە چەنگی ئاغاو ژاندارم رزگاری بێت. هەر بۆیەش پڕوپاگاندی سیاسی ئەوکاتی حیزب و ڕێکخراو دووشت بوون:

- یەکەم: کورت‌کردنەوەی دەستی ژاندارم و خاوەن ملك .

- دووهەم؛ دابەشکردنی زەوی بە سەرلادێیەکاندا. واتە: (**تقسیم‌اراضی**) ئەو کات هەرکەس و هەرحیزبێك ئەو درۆشمەی هەڵگرتبایە، خەڵك وەدوای دەکەوتن. یەکی لەو حیزبانەی کە درۆشمی دابەشکردنی زەوی‌بەسەر وەرزێراندا هەڵگرتبوو، حیزبی تودەی ئێران بوو کە لە نێو پڕۆگرامی خۆیدا گونجاند بووی‌وکاری بۆدەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پاشکوی حیزبی تودە بوو، بەقەولی توودەیەکان، حیزبی توودە حیزبی "مادر" بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر ئەو درۆشمەی هەڵگرتبوو. هەڵسوڕو پێشڕەوانی ئەوکات و سەردەمی ناوچەکانی سندوس و لاجان و شنۆ بریتی بوون لە کریمی حیسامی، ئەحمەدی ئاهنگەری، کاحەمەدی سەروکانی، صادق کاوە، سەدیق‌عەلایی. هەروەها بەرپرسایەتی ناوچەی ورمێ، بە عەبدوڵلای عیزەتپور بە نێوی (رەشید ) ئەسپێردرا بوو.

بەهۆی نیزیکی براکەم لەحیزب و هامووشۆی کادرو بەرپرسانی سیاسی، هەروەها کۆبونەوەو پرس و ڕاو، وتوووێژی سیاسی لە گوندي ئاڵیاوێ، زۆر شتی نهێنی کە من لەو تەمەنەکەمەی تێیدا بووم نەدەبوو بیان زانم، بەسەریاندا ئاگاداربووم. لەڕاستیدا ماڵیی ئێمە بۆمن ببوو بە قوتابخانەیەکی سیاسی. هەر ئەو گوێ لێبوون و وتوو وێژو بیستنانەش بوونە هۆی ئەوەی کە من بکەومە نێو هەڵس و کەوت و گێرەوکێشەی سیاسی و هەست بە نەبوونی ئازادی و دەست بەسەر داگیراوی نەتەوەکەم بکەم . ڕەنگبێ بۆلاوێکی خوێندەواری تازە پێگەیشتووی ئەمرۆ هێندێك سەخت‌بێ و بە زەحمەت تێ بگا کە ئەوخەڵکە چاوکراوەی ئەورۆ، ئەوکادرانە مامۆستایان بوون و شەو و رۆژ، شەو نخونیان لەسەر چێژتوون. ئەوگەلە ڕاپەڕیوەی ئەورۆ دەیبینین، بەرهەمی خەباتی رۆژەکانی ڕابردوی ئەو دەورانن کە لاوانی نیشتمان پەروەری خوێن‌گەرمی کورد، وەك کادری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاریان لەسەرکردون و وەك پێویست ئەرکی نەتەوایەتی کوردایەتی خۆیان بە جێ هێناوە .

# کادرێکی نوێ.

لە زستانی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاویدا لاوێك بە نێوی حوسێن هاتبوو بۆ گرتنی پێوەندی کۆمیتەکانی ناوچەو شاری نەغەدە. بە نێوی حوسێن خۆی بەئیمە ناساند. دوایی دەرکەوت ئەو کادرە نێوی ڕاستی؛ سمایلی قاسملوە. لاوێکی تازە پێگەیشتووی وریاو پیتۆڵ، لە ڕاستیدا زاناو تێگەیشتووی سەردەمی خۆی بوو. ناوبراو تابلێی ماندو دڵسۆزو کورد پەروەربوو. ناوبراولەساڵی ١٣٣٧ ی هەتاوی لە لایەن چەند ژاندارمێکی ناوچەی بانەوە گیراو لەژێر ئازارو شکنجەی وەحشیانەی ساواك دا ئیعترافاتێکی بەرینی لەسەرئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو نیزیك بە سێسەد کەس کادرو ئەندامانی حیزب گیران. پاش تێپەڕکردنی چەندین ساڵ خەباتو بەربەرەکانیو کوێرەوەریو دەربەدەری، دوایە بۆیان باسکردین کە حوسێن لەگەل دوکتور قاسملووی ئامۆزای، بە هۆی کەشفی حیزبی توودەو پێوەندی ناوبراوان لەگەڵ یەکێ لە بەرپرسانی حیزبی تودە کە خۆی دۆراندبوو، ئەوانی خستۆنەتە ژێرچاوەدێریو لێکۆلینەوەی سازمانی ئەمنیەتو ئیتلاعاتو لەداوی پۆلیس کەوتوون. دوایی بەهەر زیرەکیو فرو فێلێك بۆیان گونجاوە توانیویانە خۆیان لەچەنگی ساواك دەربازبکەنو خۆ بگەیەننەوە کوردستان. لە وێڕا دوکتورقاسملوو دەچێتە دەرەوە. سمایلی قاسملووش (حوسێن) دەکرێت بە کادری حیزبو تەنانەت وەك بازرەس بەسەر هەمووکۆمیتەو شانەکانی حیزبدا دەگەڕێو ئامووشۆی هەموو ناوچەکان دەکاتو کادرو کۆمیتەی ناوچەکان دەناسێ. لەڕاستیدا بەشێکی هەرە زۆری بەرپرسایەتی ئەو هەڵە قەرەبوو نەکراوە یە دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرانی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان . کە چەندە بە بێموبالاتیو نەپاراستنی نهێنی تەشکیلاتی، سمایلی قاسملوویان کردوە بەکادری مەڵبەندو بەپەلە کۆمیتەکانی تریشیان پێناساندوە ؟!

سەر ئەنجامی بەهێند نەگرتنی نهێنی کاری بەڕێوەبەرانی حیزب،

ئاکامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی کاری ناوبراو ببێتە لەبەریەك هەڵوەشانی شیرازەی چەندین ساڵەی تەشکیلاتی.

سمایلی قاسملوو دەگیرێ و لەژێرشکنجەی بەناوبانگی ساواکدا، ناچاربە ئیعترافاتێکی بەرین دەکرێ. ئەو ئیعترافاتە تەشکیلاتی سەراسەری کوردستان دەگرێتەوە. ناساندنی ئەندام و کۆمیتەکانی حیزب بە ساواك، دەبێتە هۆی گیران و هەڵاتنی خەڵکێکی زۆرو لەبەریەك هەڵوەشانی گشت ڕێکخراوەو شانەوکۆمیتەی شارودێی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

سمایلی قاسملوو جگە لەوەی کادرێکی زیرەك و لێهاتوو خوێندەوارو زانا بوو، کوڕێکی رووخۆش و خوێنشیرن و تابڵێی لەسەردڵان بوو. وەك کوڕێکی دروستکار دەچوو، بەڵام چدەکەی لەگەڵ فرو فێڵی دوژمن و زیندان و لەداوکەوتنی لاوێکی پاکی بێ ئەزموون، کە دوژمن تا ئێستا بەسەدان مرۆڤی پاك و نیشتمانپەروەریان تووشی لادان و تاوان کردوە. ناوبراو دوای چەندین جارهاتن و مانەوەو رۆیشتن، شوێنێکی مەزنی لەسەربیرو مێشکی دانابووم. بۆهەڵسووڕان و تێوەردان لە کارو باری سیاسی و نهێنی تەشکیلاتی بەتەواوی منی ڕاکێشابوو. تاگەیشتە ئەوەی وردە وردە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم. واتە بووم بەکادرێکی (وردەواڵەفرۆش) سندوقێك پڕلەکەل وپەل بۆفروشتن و ژێرەوەشی پڕلەرۆژنامەو بەیاناتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆئەندامان. ئەو کات لە دێهاتی کوردستان زۆر بەکەمی خوێندەواردەستدەکەوت. مەلای ئەو دێیانەی ئەندامی حیزب بوون، کەمتاکورتێك کوردیان دەزانی و شتیان بۆ ئەندامان دەخوێندەوە. ئەو شوێنانەی خوێندەواری لێ نە بوو، دەبوایە شەوێ کۆیان کەمەوە رۆژنامێك یان بەیاننامێك کە هەبایە، بویانێ بخوێنمەوە.

دیارە شانەو کۆمیتەی حیزبیش بەگوێرەی نەخوێندەواری کۆمەڵی ئەو سەردەم پێك دەهات. لە ناوچەی شنۆیە کۆمیتەیەکی شارو دوو کۆمیتەی ناوچەمان هەبوو. کومیتەی شار پێنج کەس بوون دووکەسیان خوێندەوار بوون. کۆمیتەی ناوچە سێ کەس و پێنج کەس بوون. هیچیان خویندەواریان

نەبوو. یەکێک لەو سێ کەسانە نێوی حەمەسوڵتان بوو. ناوبراو پیاوێکی قسەخۆشی بەنێوبانگی ناوچەی شنۆیە بوو. لە کۆبوونەوەکاندا، کە ڕاپۆرتی کاریان دەدا بەیەکتری، ناوبراویش کاتێ ڕاپورتی مانگانەی خۆی دەدا بەکۆبوونەوە، دەیگوت:

– من لەو دوومانگەدا دوو یان سێ کەسم فریوداوەو کردومن بەئەندامی حیزب. پێم دەگوت؛ کاک حەمەسوڵتان نابێ بڵێی فریوم داون، دەبێ بفەرمووی قسەم بۆکردونو تێم گەیاندون بەفێر بوونی کوردایەتی بوون ئەندامی حیزبی دێموکرات. ناوبراو لەوەلامدا دەیگوت: بە خودای فریوم داون، کوا ئەو توانا یەم هەیە تێیان بگەیەنم ببن بەئەندام، چما دەزانن حیزب چییە؟ منی نەخوێندەوار کوا دەتوانم بۆیان شیکەمەوە حیزب چییە؟

بەکورتی؛ لەو سەردەمدا واتە سالانی ٣٥ و ٣٤ هەتاوی. کارو باری ڕێکخستنو فێرکردنی نهێنی کاری گەلێك زەحمەت بوو. دەبوایە هەوڵێکی زۆربدرێو مروڤ خۆی ماندو بکا تاکومیتەو شانەیەك پێك دەهات، دوای ماوێکی کورت هەڵدەوەشاوە. مەبەستم لەنووسینو ئەو نموونانە ئەوەیە، لە هەردەورانو سەردەمێکدا کارو تێکۆشان شێوەی تایبەتی خۆی هەیەو کادری دەورانی خۆی پێویستە. پڕوپاگاندی نوێ و بەیاننامەو ڕۆژنامەو کەرەسەی دەورانی خۆی گەرەکە. ئێستا کادرێك بچێتە هەر گوندێك بەدەیان خوێندەوارو روناکبیری دەست دەکەوێ. بێشك شانەو کۆمیتەی ڕێك و پێك ترو پتەوتردروست دەبێ. دیارە بنە مای باشو پتەو بە خەڵکی خوێندەوار دادەمەزرێو شتی بەمایەتروبەدەوامتر پێك دێ. بەلام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێ، ئەگەرئێستا خوێندەوارو روناکبیر پترەو خەڵك ئاگادارترەو شتی بە کەڵكترو بەمایەتر پێكدێو ڕێکخستن هاسانترە، بەلام گیرو گرفتو کەندو کۆسپو مەترسییش لەجاران پترە. ئەگەرجاران خوێندەوارکەم بوو، کاری ڕێکخستن زەحمەت بوو. مەترسیش کەمتربوو. کادرلە ساڵدا دوجارتووشی ژاندارم دەبوو، ئەویش ژاندارمێکی نەخوێندەوار. ئەگەرکادرێك گیرابایەو ڕاپۆرتی لەسەر نەبایە، بە چەند تمەنێك ڕزگاری

دەبوو. ئیدارەی جاسوسی دەوڵەتی، وەکوو ئێستا ڕیشەی لە نێوخەڵکدا، دانەکوتابوو. هاوکاری کردن لەگەڵ ڕژیم بەدژی کوردو جیرانی خۆت شوورەیی بوو. زۆر بە کەمی شەیتانیو دووزمانی دە چووە لای دەوڵەت. جگە لە هێندێك خاوەن مڵك و کوێخاکانی سەربە ئاغا، خەلکی دیکە پاكو خاوێن بوونو سیخوڕیان لەسەر یەکتری بۆ ڕژیم نەدەکرد.

بە کەمێك بۆ دواوە گەڕانەوە دەبێ بڵێم: لە ساڵەکانی ٣٢ تا ٣٤ ئەسعەدی خودایار، بە نێوی نهێنی (مەلاعەلی) وەك کادرێکی وریاو پیتۆڵ، لەگەڵ هاشم‌حق‌طلب بە نێوی‌نهێنی (قادرشەریف) بۆبەرێوەبردنی کاری تەشکیلاتی، هاتوو چۆی ناوچەکانی لاجانو سندوسو شاروێرانو شنۆیان دەکرد. جارو بارکمال سلطانیان بە نێوی نهێنی (قاسم) دەدیترا، بەلاّم بەرپرسایەتی لای نەغەدەو شنۆی نە بوو. تا سەردەمێك بەرپرسی ڕاستەو خۆ ئەسعەدی خودایار بوو. ئەویش گیرا. دوای گیرانی ناوبراو، حوسێنو قادرشەریف، هاتوو چۆی ناوچەی سندوس، شنۆ، لاجانو بەری پیرانیان دەکرد. ساڵەکان بە توندی دەهاتنو دەرۆیشتن. بەهاری ساڵی سیو شەشی هەتاوی، بە هۆی ئەو ئەركو کارو هەڵسووڕانەی پێم ئەسپێردرابوو، بەرە بەرە بەرپرسایەتیم گەیشتە کومیتەی شارستانی نەغەدەو یەکی لەئەندامانی کۆمیتەی شاربووم. وەك کادری ناوچەی سندوسو شنۆش کارم دەکرد. تاسەر ئەنجام کرام بە کادرێکی پیشەیی. پێم وایە سالێك بوو ئیدارەی‌ساواك هاتبوە سابلاغ. وەستا ئەحمەدی ئاسنگەرکە بەر پرسی کۆمیتەی شارستان بوو. بەهاری ١٣٣٧ی هەتاوی١٩٥٨ زایینی ، ساواك زانیبوویەوە، وێنەیەك بە نێوو ئیمزای مستەفا بارزانی، لە لایەن حیزبەوە بۆ وەستا ئەحمەد ناردراوە، دیارە ئەو کارانە لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە ئەنجام دەدران. لە کۆبوونەوەکەدا باسکرا کە ئەو وێنەیە بۆ هەموو بەرپرسانو بەرپرسی کۆمیتە ناوچەکان نێردراوە. هەمووشیان بە نێوی مستەفا بارزانی ئیمزا کرابوون. بارزانی‌تازە لە سوڤیەت گەڕابۆوە. نابراو لەوسەردەمدا تابڵێی لەلای خەڵك خۆشەویست بوو. دیارە تائەوکاتەی بەقسەی ڕژیمی ئێران دەستی لە کوردە

سیاسیەکان نەوەشاند بوو، جگە لەوەی خۆشەویست بوو، جێگای تەئیدی لە سەدا هەشتای کوردەکانی ڕۆژهەڵات بوو. ئەو خۆشەویستی یە ئەحمەد تۆفیقی هاندابوو، وێنەیەکی زۆری بارزانی بکرێ و ئیمزای ناوبراوی لێداو بە نێوی مەلا مستەفا بۆبەرپرسانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتیان بنێرێ. ئەحمەدتۆفیق ئەو شێوەکارانەی لە پاشملەی بارزانیدا زۆر دەکردن.

لەکۆبونەوکەدا وەستا ئەحمەد گوتی؛ لە ساواك بانگیان کردووم و پرسیاری ئەو وێنەیان لێکردوم و هاشام لێکردوە، بەڵام پێویستە ڕوون بێتەوەو بزانین لە کوێ و لەگەڵ کێ باسکراوەو بۆ ساواك زانیویەتەوە. دوای یەك دوو حەوتوو کە دانیشتینەوە، صدیق عەلایی باسی وێنەو پێزانینی ساواکی هێناوە گۆڕێ و گوتی؛ ئەو نهێنیە لە لایەن منەوە درزی کردوەو هەڵە لەلای منەوەیە. من وەك هەواڵێکی خۆش و خەبەری دەستی هەوەڵ بۆ دۆستی خۆم محمد امین شەشەم گێڕاوەتەوە، نابراویش بۆ سولتانی شێخ ئاغایی و ئەویش بۆکێ و کێ ی گێڕاوەتەوە. تا سەر ئەنجام ئەو هەواڵە گەیشتۆتە وەهابی بلووریان و، ناوبراویش کە هاوکاری ساواکە، ڕاپورتەکەی داوە بە سازمانی ئەمنیەت و ئیطلاعات مەهاباد.

مەبەست لەگێڕانەوەی ئەو، وردە شتانە ئەوەیە؛ ئەوکات دەزگای جاسوسی رژیم لە ناوچەدا هەرچەند لاوازو بێهێز بوو، دەئەوەندەش کۆمەڵی کوردەواری، وێڕای ئەوەی پاك و بێگەرد بوو، دە ئەوەندەش سادەو ساکارو نهێنی نەپارێز بوو.

قسەیەکی خۆشی حەمەدەمینی مەولوودی دەرگێرمەوە. ناوبراو کادرێکی باشی حیزب بوو. لە کۆبوونەوێکی خۆیاندا لە گوندی ئاڵیاوێ کە کۆبونەوەی کۆمیتەی بلباسیان پێدەگوت. من وەك کەسێکی بڕواپێکراو لە بەردەستیان دەهاتم و دەچووم چام بۆ تێدەکردن، دوای بڕیارات هاتنەسەر دابەشکردنی کارو باری ناوچەکان بەسەر خۆیاندا. گەیشتنە ناوچەی مەنگوڕان. پێشنیارکرا ئەو ناوچەیەو چەند جێگایەکی تر، بدرێ بە حەمەدەمینی مەولوودی کاری تێدا بکات شانەو کۆمیتەی تێدا پێك بێنێ.

ناوبراو لە وەلامی ئەو پێشنیارەدا گوتی: من بەمەرجێك ئەو ناوچەیە هەڵدەگرم، کە تراکتۆرێکم بدەنێ، دەنا نایکەم. هەموویان لە وتەی ناوبراو راچڵەکین و پێکەنین کە ئەوە دەڵێ چی؟ دوایی هەر بۆخۆی هەڵیدایەو گوتی: دەزانن تراکتۆرم بۆچیە؟ چوار پێنج لقەداری لێ هەڵدەبەستمو دەیکەم بە تەپو تۆز! ئەگەر گوتیان ئەوە چیە؟ دەڵێم؛ ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

درێژەی دایەو گوتی: کورە بابم ئێوە بۆچی ئەو ناوچەیە بومنێ دادەنێن، یەك خوێندەواری لێ پەیدا نابێ، لەوێ کێ دەزانێ حیزب چیەو سیاسەت بەری چدارێکە ؟ راستە کوردایەتیان پێ خۆشە، بەلام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین، واتە؛ کۆمیتەو شانەو شانەبەندیە، ئەوان نەتێیدەگەن، نەدەزانن شانەو کۆمیتە چیە. بەوێدا هاتووچۆ دەکەین و کوردایەتی خۆمانیان لەگەڵ دەکەین بەسە. هەرکاتێکیش کارمان گەیشتە شۆرشی چەکداری، مەنگوڕ بەراستی و بەدڵپاکی ئامادەن. پێم وایە چوونی منی پێویست نییەو کادری دایمی ناوێ شانەبەندی تێدا بکا. چوونکە هەرچی دروستی بکەین دوای ماوەیەك هەڵدەوەشێتەوە. ڕەنگبێ گێڕانەوەی ئەو نوکتە بچوکانە زۆر شت روون بکەنەوە. یان لانیکەم خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو وردە شتانەی لەو دەوران و سالانەدا کە باسی دەکەین، دەزانێ زانیاری کۆمەڵی کوردەواری لە چ پلەیەك دابووە. دوای ڕابردنی بیستو پێنج ساڵ بەسەر ئەو دەوراندا، واتە: ساڵی ۱۳٦۰ هەتاوی، من (نووسەری ئەو دێڕانە) کادری تەشکیلاتی ناوچەی مەنگورو دەورو بەری مەهاباد بوومو دەزانم لە ماوەی ئەو بیستوچەند سالەدا چەندە گۆڕابوو. دیارە خوێندەواری لێ پەیدا ببوو، بەلام هێشتا لە چاو ناوچەی سندوس و شارویران زۆر لە پاش بوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ناوچەی مەنگوڕان، جگە لەوەی کە فیداکارو ئامادەو نیشتمانپەروەربوون، زۆریش ئازابوون. زۆر کەسی وەك حەمەدەمینی مەولوودی بەساڵو بە مانگ لەو ناوچانە لە نێو لێفەی شڕو هۆڵەمەڕو کادێنو تەویلاندا لاویەتی خۆیان لەخزمەتی کۆمەلدا ڕابواردوەو بیری کوردایەتیو ئازادیان لەو ناوچانەدا بلاو کردۆتەوە. سەر ئەنجام کاك

محمدەمین ڕاتبی کە بە محمدئەمین مەولوو مەشهوربوو لەساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا گیراو لە ژێر شکنجەی سازمانی ئەمنیەتدا شێت بوو. برایەکی لە سوڤیەت بوو، بۆلای براکەی سەری خۆی هەڵگرت و خۆی گەیاندە براکەی، بە داخەوە هەردوکیان لە وێ مردن لە کوردستان دیدار ئاخیرەت بوون.

ڕەنگبێ بۆلاوێکی خوێندەواری تازە پێگەیشتووی ئەمڕۆ هێندێك سەخت بێ و بە زەحمەت تێ بگا کە ئەوخەڵکە چاوکراوەی ئەوڕۆ، ئەوکادرانە مامۆستایان بوون و شەو و ڕۆژ کاریان تێدا کردوەو شەو نخونیان لەسەر چێژتووە. ئەوگەلە ڕاپەڕیوەی ئەوڕۆ دەیبینین، بەرهەمی خەباتی ڕۆژەکانی ڕابردوی ئەو دەورانن کە لاوانی نیشتمانپەروەرو خوێنگەرمی وەکو: قادرشەریف و حەمەدەمینی ڕاتبی و ئەسعەد خودارو قاسم سوڵتانیان و سولەیمانی موعینی و ...هتد، وەك کادری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەکاندا کاریان کردووەو گەرای بیری نیشتمان پەروەریان بڵاو کردوتەوەو ڕووناکبیری ئاشقی کوردایەتی سەردەمی ئێستای لێ پێك هاتووە. ئەو ڕووناکبیرەی کە ئەوڕۆ بوتە جێگای هیواو هومێدی نەسلی ئێستاو داهاتووی گەلەکەمان و بێشك وەك پێویست ئەرکی نەتەوایەتی و کوردایەتی خۆیان بە جێ دێنن.

دیارە مێژووی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە، بۆهەڵدان و پشکوتن دەبێ بە سەردەمی تایبەتی خۆیدا تێپەڕێ، بەڵام بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتن کەرەسەی تایبەتی سەردەمی خۆی پێویستە و بە هەوڵدان و کار لەسەر کردن دەپشکوێت و بەرەو سەرهەڵدان دەکشێت. ئەوگەلانەی ڕزگاریان بووە لە خۆڕا بەو قۆناغە نەگەیشتوون، بەڵکووکەسانی فیداکارو نیشتمانپەروەر هەوڵیان بۆ داوەو بوونەتە قوربانی بۆ ئەوەی نەسلی دوای خۆیان لەژێر سێبەری کارو تێکۆشان و فیداکاری ئەواندا بحەسێنەوە.

بێشك هەر وەك باسکرا، نەتەوەی کوردیش کاروتێکۆشان و فیداکاری ئەو کەسانە بووە کە ئێمەی گەیاندوتە قۆناغی ئێستای کە تێیدا دەژین.

# شۆرشی ١٤ تەموز .

لەمانگی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دا لە عێراق شۆرشێك بەسەرکردایەتی ژانراڵ عەبدولکەریم قاسم رویدا. بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین: شۆرشی ١٤ تەموز لانیکەم بەیەکێ لە شۆرشە مەزنە مێژووییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژمێردرێ. شۆرشی ١٤ تەموز لەکاتێکدا رووی دا، کە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست کەوتبووە نێو بازنەی تەنگی پەیمانی بەغدا. ئەو پەیمانە نیزامیە لەلایەن ئەمریکاو ئینگلیسەوە پێك هاتبوو. ولآتانی داگیرکەری ئێران و عێراق و تورکیاو هەروەها پاکستانی پێکەوە لێك گرێدابوون. لە بنچینەدا ئەو پەیمانە بۆ پێشگیری لە پەرە ساندنی نفوزی کومونیزم و مەترسی زالبوونی یەکێتی سوڤیەت بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێك هاتبوو. ئەوپەیمانە لەگەڵ ئەوەیدا ناوەرۆکی پلانێکی گەورەو مەترسیداربوو بۆ سۆفیەت، بەروونی سەرکوتی گەلی کوردیشی لێ بەدی دەکرا. کۆت و زنجیرو هەڕەشەیەکی مەزن بوو بۆدەست و پێ بەستنی ئازادیخوازان و روناکبیران و خەباتکار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەش و هەوایەکی وایان پێك هێنابوو هەر شێوە جوڵانەوەو بزاوێکی سیاسی بەسەرهەڵدان و پلانی کۆمونیستی دەژمێردرا. تەنانەت کاتێ کوردێکی نەخوێندەواریش دەگیرا، تاوانی چەپیان پێوە دەنووساندو بە خاوەن بیرو باوەڕی کۆمونستی دەنێردرا دادگاکانی نیزامی. ئیتر کاریان بەوە نەبوو کابرای گیراو خوێندوارە ، یان نەخوێندەوارە، بیرو باوەری مارکسستی یان قەومی هەیە، مارکێکی کۆمونیستیان لێدەداو حوکمی درێژخایەنیان بەسەر دادەبڕین.

سەدیقی خاتەمی کە برادەرێکی خەباتکارو قسە خۆش بوو دەگێرێتەوە: زیندانیەکی کورد، کە لە روکنی دووی ئەرتەش بە تاوانی سیاسی گیرابوو. بە زەبری لێدان و شکنجەی زۆر، ناچاردەکرێ ددان بەوە دابنێ وبلێ: بووەرگرتنی دەستووری سیاسی چۆتە مۆسکو. لە سابلاغ سواری کەشتی بووە، لە نیزیك موسکۆ دابەزیوەو لەکرملین چاوی بەمۆلۆتۆف دەبیری

کابرای زیندانی بە پەروەندەی ئامادەکراو دەنێرێتە دادگا. لە دادگا دەزانن کە بە هۆی لێدان وکوتان ئەو ئیقرارەی پێکراوە، چونکە سابلاغ دەریای لێ نییە کە کابرا لەوێرا سواری کەشتی بێ و بچێ بومۆسکۆ.

مەبەست لەو نمونانە، ئەوەیە، مرۆڤی ئازادیخوازی کورد، بەزۆر دەکرا بە کۆمونیست و لە دادگاش بەو تاوانە حوکمی درێژخایەنی بەسەر دادەبڕا.

لەو سەردەمدا، بەپێك هاتنی پەیمانی بەغدا، گوشارو ئازاری قورستر کەوتە سەر روناکبیران و خەباتکارانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شۆرشی ١٤ی تەموز دەروویەکی ڕوونی بۆروناکبیران بەتایبەتی تێکۆشەران گەلی کورد لە عێراق کردەوە، بەلاَم کورد نەك هەر نەیتوانی و نەیزانی کەڵك لەو هەلو دەرفەتە وەربگرێ، بەڵکوو کەوتە نێو گێژاوی پلان و بەرنامەی وڵاتانی رۆژئاواو دەوڵەتانی داگیرکەر. زیانێکی قەرەبوو نەکراو، وەگەلی کورد کەوت. سەرئەنجامی ئەوگێژاوە بوو بەهۆی رووخانی کۆماری دیموکراتی عیراق و لە ناو چوونی سەرکۆمار عەبدولکەریم قاسم. کوردیش کۆڵێکی زەرەرو زیان وێکەوت و بەهەزاران مرۆڤی کورد سەری تێدا چوو.

لەیاسای کۆماری عێراقدا جگەلەوەی کوردوعەرەب وەك برا چاویان لێدەکرا. قەڵەم ئازادبوو. کوردایەتی و، برەوپێدانی بیری کوردایەتی ئازاد بوو. رۆژنامەو نوسراوەو نوتق و بەیان ئازادبوو. کوردو عەرەب وەك برا پێکەوە دەژیان و خوێنیان نەکەوتبووە بەین. یانی ئەگەر کورد بەقسەی دوژمنانی دەرەوەی نەکردبایەو فریوی نەخواردبایە، دەکرا کورد لەهەموو بارێکەوە خۆی پێ بگەیەنێ. لە ڕاستیدا کۆماری دیموکراتی ئەو سەردەم، قەلاَی ئازادیخوازان بوو. هەر بەو ناوەش لە روژهەلاَتی ناوەڕاست نێوو نێوبانگی دەرکرد بوو. بەداخەوە کورد عاشقی چەکەو، وەدوای چەك دەکەوێ. پێی وایە لە هەرکاتێکدا چەك هەبێ، دەبێ بەکاری بێنێ. ئەوکاتیش هەر ئەو خەونەبوو شۆرشی چەکداری هێنا ئاراوە. واتە شۆرشی ئەیلول بەهاندانی دوژمنان ودەستی نەزانی پێك هات و ئاوات و ئارەزوی ڕۆژئاواو

داگیرکەرانی کوردستانی پێك هێنا .

کۆماری عێراق کە تازە وردە وردە دەهات بووژێتەوەو هێندێك دەستی دەرەبەگایەتی لەعێراق کورت بێتەوەو بەرنامەو کاری باش دەست پێ بکات. هەروەها ا صلاحاتی ئەرزی بۆ ئاسایشی کۆمەڵ دەست پێکرابوو. بەشێك لەو فئۆداڵەکوردانەی کە هەڵاتبوون‌و چووبوونە ئێران‌و تورکیا، وەجوولە جولیان خستبوون کە ئاگری شەڕ لە نێوان کوردو کۆماردا هەڵایسێنن. سەرئەنجام دیتمان بە شێوەی جۆراو جۆرلە پێتەخت‌و شارەکانی عێراق جوولە جوولی نائەمنی پێك هات. لە موسل شەواف، لەکورکوك داودجەنابی، هەروەها لەبەغدا تەقەکردن‌و بریندارکردنی عەبدولکەریم قاسم. سەرئەنجام تەقەو هەڵگیرساندنی شۆرشی چەکداری لە کوردستان دەست پێکرا. بەداخەوە ڕێبەرانی حیزبی کوردی لەو کاتە ناسکەدا هەستیان بەوە نەکرد کە گەلی کورد پێویستیەکی یەکجار زۆری بە پێگەیاندن‌و تێگەیاندنی کۆمەڵی کوردەاری هەیەو دەبێ لەو فرسەتەو ئازادیەی هاتۆتە پێش کەڵك وەربگیرێ. بە نێوی شۆرشی ئەیلوول هەڵلاو بەزم دەست پێکراو سەئەنجام دوای دەپازدە سال قوربانیدان، دیتمان بۆکورد جگە لە زیان‌و زەرەرو ماڵوێرانی‌و کاولبوونی کوردستان، بەرهەمێکی دیکەی نەبوو، تەنیا دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بەئاوات‌و نیازە گڵاوەکانیان گەیشتن. بەڕێوەبەرانی پەیمانی بەغدا، بە پێی بەرنامەو پلانەکانیان جگە لەوەی لەکاری خۆیاندا سەرکەوتوو بوون، چەك‌و چۆڵێکی زۆریشیان بە دەوڵەتانی ئێران‌و تورکیاو سعوودو، ولاتانی‌تری خاوەن نەفت فرۆشت. ئاکامی شۆرش‌و ئەو بەڵێنیانەی بەکورد درابوون سەرپۆشیان لەسەر داندراو بوون بە هیچ !

بۆزانیاری پتری چۆنیەتی‌کۆماری عێراق، پێویستە تۆزێك بگەڕێمەوە دواوە . شۆرشی سەرکەوتووی١٤ی تەموزو تێك ڕمانیی‌دام‌و دەزگای پاشایەتی‌لە عێراق ، رژیمی پاشایەتی ئێرانی لەرزاند. عێراق یەکێك لە پایەکانی ئەسڵیی پەیمانی نیزامی بەغدا بوو. دەوڵەتانی ئێران‌و عێراق‌و تورکیاو پاکستان بە هۆی ئینگلیس‌و ئەمریکاوە لێك گرێدرا بوون.

بەرِوخانی حکومەتی مەلیك فیصل و هەروەها سوورِانی کۆماری عێراق بەرەو دەوڵەتانی رۆژهەڵات، وڵاتانی دۆستی سەربە رۆژئاوای لەرۆژهەڵاتی نێوە راستدا خستە مەترسیەوە. وڵاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان ئەوەندەی ترولاتانی ناوچەیان ترساندبوو. بۆ ئەوەی پترکەرەسەی شەرِو چەك و چۆلیی خۆیان بەو دەوڵەتانە خورد کەنەوە. دیارە دەولەتی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا، بۆکەم کردنەوەی مەترسییەکی کە لەسەر وڵاتانی ژێردەستی خۆیان بوو، دەبوایە دەست بە کاربن. ئەویش وەخۆکەوتنی سیای ئەمریکاو ئینتلجێنتسەرویسی ئینگلستان بوو کە بۆ رزگاری ئەو چەند وڵاتانەی سەربەخۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، مۆرەکانی خۆیان وەکارخست. لەپێش هەموویانەوە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا، ئەوەی شکیان لێکردبایە خەباتکارو ئازادیخوازە بەهەموو نەتەوەکانیەوە کە پێشتر نیوە سەرکوت کرابوون، ئەوجارتوندو تیژتر لە پێشوو پلانی دژ بە ئازادیخوازانیان دەست پێکرد. هەروەها بۆسەرکوتکردنی نەتەوەی کوردیش بەوپەرِی نامرۆڤانە، بە گرتنی نیزیك بە سێ سەت کەس لە شەوێکدا بەرنامەی دارِژاوی خۆیان وەکارخست. بەو پلانە چەپەڵە دژ بە مرۆڤایەتییە خەبات و جوڵانەوەی کوردیان لە کوردستانی رۆژهەڵات بوماوەیەکی کورت کپ کرد.

ئەگەر بێتوو هێندێك بە تێرو تەسەلی باسی رووداوەکانی ئێران و عێراق بکرێ، بەو برِە نووسینە کۆتایی نایە. دیارە تائێستا نووسەرانی ئێرانی و ئێراقی زۆر شتیان لەو بارەوە نوسیوە. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم، ئەو شتانەن کە تەنیا پێوەندیان بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و مەسەلەی کوردەوە هەیە.

کاتێك حکومەتی محمد رەزاشا دەستی کرد بە گرتن و راونانی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، من یەکێك لەو کادرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم کە لە کۆماری دێموکراتی عێراق بووین بە پەنابەری سیاسی.

# هێرش و گرتنی سەراسەری .

لە پایزی ساڵی ١٣٣٨ هەتاوی ١٩٥٩ی زاینیدا، ڕژیمی ئێران لە نیوە شەودا بۆگرتنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات هێرشێکی بەرینی لە سەرتاسەری کوردستان دەست پێکرد، ئەو هێرشە تابڵێی کوت و پڕو لەنەکاو بوو. واتە: لە ئیلامەوە تادەگاتە مەرگەوەڕو تەرگەوەر ئەوانەی لە نێویان لە ناو لیستی ئیعتراف پێکراوی ساواك دا بوو، زۆربەی هەرە زۆریان گیران. هەروەها ئەو ئەندامانەی کە لە تاران و تەوریز و شارەکانی تری ئێران دەژیان کۆکرانەوەو ڕەوانەی زیندانی قەسری تاران کران. تەنیا کەسانێك وەبەر دەست نە کەوتن کە لە ماڵ نەبوون و لەسەفەرو جێگای تربوون، خۆیان دەربازکردو نەکەوتنە دەست جەللادانی ساواك .

بڕوانە بەرگی ١ی ئاورێك لە لاپەری ٣١ تا....

...................................................................

دوای کەشف و گرتن و ئێعدامی سەرانی حیزبی تودە کە دەکرێ بلێین: نیزیك بە بن بڕکردنی تەشکیلاتی ئەو حیزبە، حیزبی دیموکراتی کوردستان سەر بەخۆیی و خۆهەڵاواردنی خۆی لە حیزبی تودە ڕاگەیاندو لە سەرانسەری کوردستان لە شارو لە دێ کومیتەو شانەی نهێنی پێك هێنابوو. کادرەکان بەو پەڕی گەرم و گوڕی خەریکی خەبات و تێکۆشان و ڕێکخستن بوون. بەهۆی شورشی سەرکەوتووی عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٧ لە عێراق، کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەیان بەرانبەرلە پێشووگەرمتربوون . خەباتێکی پڕ لەهیواترو روحێکی نوێ‌ترو مەزنتر کەوتبووە سەرگەڕو لە هەموو شارودێیەکی کوردستان شانەبەندی و کۆمیتە پێك هاتبوو. ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارەکان، بە هۆی سەردانی کادرە پیشەییەکانەوە دەمانزانی دووکادری حیزبی دیموکرات گیراون، واتە: کاك سمایلی قاسملوو، کاك هاشم جەلالی. گیرانی ئەو دووکەسە ، ئەندامی

کۆمیتەکانی تا رادەیەکی زۆر نیگەران کردبوو. ئەندامانی بەڕێوەبەری کومیتەی سەرکردایەتی کاتی، کە بریتی بوون: لە کاك عەزیز یوسفی، غەنی بلووریان، رەحمەتی شەریعەتی و دوکتور عەلی مەولەوی، بە هۆی کادری خوارەوە، لە بارەی گیرانی سمایلی قاسملو، هاشم جەلالی راگەیاندبوو: هاورێیان نیگەران نەبن! چونکە هەواڵیان لەزیندان وەرگرتووە، کە سمایل و جەلال لە بەرانبەر شکەنجەگەراندا قارەمانانە راوەستاون و هیچ نهێنیەکیان نەدرکاندوە. ئەو هەواڵە هێندێکی ئەندامانی حیزبی ئارام و ئەهوەن کردبۆوە. رەنگبێ هەر ئەو مزگێنیەش بوو بێتە هۆی ئەوەی کە کادرو بەر پرسانی حیزب خۆیان نەشارد بۆوەو بی‌پلان و بەرنامە بە خاترجەمی سەریان بەر دابۆوە سەرگەرمی خەباتی خۆیان بوون، تا ئەو رۆژەی رەپێچکدران بۆ زیندانی قەسر. گیرانی یەك شەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی خەزەلوەری سالی ١٣٣٨ ی هەتاویدا بە رووداوێکی دلتەزێنی هەرە مێژوویی دەژمێردرێ. رووداوێکی ئەوەندە کاریگەر بوو، دەکرێ بلێین؛ کاروزەحمەتی چەند سالەی تێکۆشەران حیزب بەفیرۆ چوو. هەروەها شیرازەی حیزبێکی نهێنی لە سەرانسەری کوردستان بە تە واوی هەلوەشا. جگە لە هەلوەشانیش، دوژمن بەهۆی ترساندن و کرین و ملکەچ پێکردنی مرۆڤی لاواز، توانی کۆمەلگای کوردەواری لە کوردستانی رۆژهەلات هلولۆ کرمێ بکات. دەستگیر کردنی سالی ١٣٣٨ رووداوێك بوو، بە دەیان کادرو ئەندامی حیزبی تووشی ئاوارەیی و دەر بەدەری کرد. رووداوێك بوو، سەدان بنەماڵە بێ سەرپەرست مانەوە. جگەلەوەی سەدان کەس گیران و چوونە ژێر شکنجەی بێ ئەمانی دەزگای رژیمی حەمەرەزاشا. بۆماوەیەك خەباتی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی رۆژهەلات راوەستا. هەرچەند لەدەرەوە، بەتایبەتی لە عێراق جوولانەوەو رێ پێوان و خۆپێشاندان و دروشمی دژی رژیمی ئێران زۆر توندو تیژ بوو، بەلام ئەوەی راستی بێ جوولانەوە حیزبی تاماوەیەکی دوو سێ سالیی لە رۆژ هەلات بە تەواوی سەرکوتکرا بوو.

دیارە تازولم و ستەم و حەق کوژی هەبێ و مافی سیاسی و ئازادی میللەتان

پێشێل بکرێ، خەباتی دژی زۆرداریش بێ پسانەوەودرێژەی دەبێ. کاتێ مێژوو دەخوێنینەوە دەبینین کە خەبات و بەربەرەکانی ئازادیخوازی زۆرجاران تێک شکاوەو لاواز بووەو لەگەڕ وەستاوە، بەلام دوایی هەلسوونی هێناوەتەوەو بزاوی وەگەڕکەوتوتەوەو تێکۆشان دەست پێکراوەتەوە. زۆر جاران رووداوێکی شۆرشگێڕی لە جیهاندا نوستووە و لە ولاتێکی تر سەری هەلداوەتەوەو خەباتی دژی زۆرداری دووبارە ژیاوەتەوە.

خەبات و بەربەرکانی نهێنی گەلی ستەم لێکراوی کوردیش لە کوردستانی رۆژهەلات بەهۆی شۆرشی ١٤ تەموزی عەبدولکەریم قاسمەوە پتر پشکوت و گەل پترلە پێشوو پێشوازی لە تەبلیغاتی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکردو هیواو تێکۆشان لە پێشوو پتر پەرەی ساند، بەلام ئەوگیرانە کوت وپڕە بۆ ماوێك خەباتی وەستاند.

شۆرشی ١٤ ی تەموزو پێك هاتنی کۆماری دێموکراتی عێراق کە بووبە هۆی تێشکانی پەیمانی چوارقوڵی بەغدا بەسەرۆکایەتی ئەمریکاو ئینگلیس، موژدەیەکی گەورە بوو بۆئازادیخوازان بەگشتیو بۆگەلی کورد بەتایبەتی. شۆرشی ١٤ ی تەموزی عێراق، کوردی وەجوولە خستبوو. بەرِوونی چ لە شارو چ لە دێ هەست بەو جوولە جوولە دەکرا. شەپۆلی ئەو جوولانەوە بە تەوەژمە بوو بەهۆی ئەوەی رژیمی ئێران دەستی خۆی بوەشێنێو لە شەوێکدا نیزیك بە سێسەد کەس بگرێو بیان خاتە نێو رەشەچاڵەکانو شکنجەی سەدەکانی ناونجی لە سەر ئازادیخوازانی کورد تاقی بکاتەوە. لەو کاتە ناسکەدا کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوانەی نەگیرا بوون هەرکەس بەلایەکدا خۆی گەیاندە عێراق. ئەو کات لە بەر ئەوەی لە سەرانسەری کوردستان خەلك گیرابوو، هەموو لایەك بۆیان دەرکەوت کە سمایلی قاسملوکادری حیزب ، نهێنی درکاندووە، ئەو چارە رەشیە پێك هاتووە.

ئێمە وێرای بێ ئەزموونی خۆمان دەمانزانی کە کادرێکی سیاسی نابی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی بناسێ. بە کورتی بێ ئوسولی رِێبەران بوو بە هۆی ئەوەی زیانێکی گەورەمان وێکەوێ.

# زیندانی ڕەواندز .

منو براکەم کە لەگیران رزگار ببووین لەگەڵ سێ هاوڕێی تری ئازەری کە ئەوانیش ئەندامی حیزبی دێموکراتبوون، لە سەر سنووری داتاشراوی کوردستانی باشور یەکترمان گرتەوەو لە ئیدارەی پۆلیسی شارۆچکەی سیدەکان خۆمان ناساند ٠ لە سیدەکان ڕا نارد یانین بۆ ڕەواندز٠ شاری ڕەواندز لە دامێنی چیای هەندرێن هەڵکەوتووە. ڕەواندوز تابڵێی باسەفاو خۆشودڵگیردەهاتە بەرچاو٠کاتێ لە دەشتی دیانان ڕا بەرەوشاری ڕەواندوز دەهاتین ئاواتمان دەخواست نێو شاری ڕەواندز ببینینو لە بڵندایی ئەو شارەڕا تەماشای دەشتو چیاو دۆڵوو ئاوو چۆمە بە ناوبانگەکەی بکەین٠ دوای ئەوەی ئێمەیان تەسلیم بە ئیدارەی پۆلیس کرد، لە دیوێکی بچوکیان کردینو دەرگای ئاسنیان لەسەر داخستین. ڕووناکایەکی کە هەمان بوو تەنیا کەلێنی میلەکانی زیندانە تەنگو ناخۆشە بوو٠ زۆری پێ نەچوو یێکی پیریان بە نێوی مام حەسەن هێنا دیوەکەی ئێمە٠ خەلکی گوندی هاودیانان بوو٠ لەسەر ئەوەیان گرتبوو بارگینی باشچاوەشی ڕەواندبۆوە باشچاوەش کەوتبووەخوار. داوای روبعە دینارێکیان لێکردبوو مام حەسەنیش پارەی نەبوو گرتبوویان. بە مام حەسەنمان دەگوت لەلای ئێمەش ژاندەرمە ئەو کارانە لەگەڵ کورد دەکەن. بڕوای نەدەکردو دەیگوت لە پۆلیسی ڕەواندز خراپتر خوا دروستی نەکردوە. ڕۆژی هەوەڵ هیچ شتێکیان لێ نەپرسین. زۆرشتی دواکەوتو ببوو بە قانوونو دابو نەریتی زیندان. ئەو شۆرشەگەورەی کە لە عێراق کرابوو، ئیدارەکانی ڕەواندوز هەر وەك دەورانی کۆنی نوریسەعیدو مەلیك فەیسەل ڕەفتاریان لەگەڵ زیندانی سیاسی دەکرد. لەسەر ئەوەی گوتمان ئێمە سیاسینو نایەڵین کەلەبچە بکرێین، بەدارو قۆنداغەتفەنگو لێدان وکوتان کەلەبچەیان کردین. خەڵکی شار هاتبوونە سەیرمان. ئەو خۆ ڕاگریەی ئێمە بوو بەهۆی ئەوەی کاتێك لە حامیەی عەسکەری گەڕاینەوە ئەفسەرەکە بە پۆلیسی

گوت: پێویست نییە کەلەبچەبکرێن. ئێواریٚ دوو پۆلیس هاتن گوتیان ئەو شەو باش بنوون بەیانی ئێمە دەتان بەینە هەولێر. بەیانی بەرەو هەولێر وەرێکەوتین. لە رێگا پۆلیسەکان بۆیان گێڕاینەوە کە دەیاویست تەسلیمی ئێرانمان کەنەوە.

بۆ ئاگاداری پتر بروانە بەرگی ۱ی ئاورێك لاپەڕەی ۳۷ تا ...

.....................................

لە هەولێر چوار پێنج رۆژان گیراین، بە هەوڵ و کۆششی لیژنەی پارتی، بە تایبەتی کاك شەمسەدین موفتی کە بەرپرسی لیژنەی پارتی بوو لە هەولێر. ناوبراو ئێمەی هەرکام بەزەمانەتی بیست هەزار دینار ئازاد کرد. ئەوکات بیست هەزار دینار پارێکی یەکجار زۆر بوو. بەراستی پیاو بۆ برای خۆی زەمانەتی بیست هەزاری نەدەکرد. پیاوەتی و نەجابەت و مێرخاسی ناوبراو هەرگیز لە یاد ناکرێ. ناوبراو لە بنەماڵێکی مەشهوری شاری هەولێرە. برادەرانی پارتی ئەوەندەیان رێز لێدەنایین، ئێمەی پەنابەر هەستمان بەوە نەدەکرد لە وڵاتێکی غەریب دەژین.

بە کورتی دەکرێ بڵێین: دوای ئازاد بوونمان لە زیندان و وەرگرتنی مافی پەنابەری سیاسی، دەستمان کرد بە خەباتی دژی ئێران و هاوار بۆ زیندانیەکانی کە لە زیندانی قەسر گیرابوون. هەوڵ دەدرا بۆ ئەوەی حوکمی ئێعدامیان بشکێ. دیارە دووهۆکاری گەورە هەبوو، کە ببوون بە هۆی ئەوەی کە حوکمی ئێعدامی عەزیزیوسفی و غەنی و شەریعەتی بشکێ: یەکەم، هەوڵ و تەقەللاو تەلگرافات و خۆپێشاندانی پەنابەرانی کورد لە عێراق و خوێندکارانی کورد لەدەرەوە. بە تایبەتی لە ئوروپا. دووەم: تەقەللای شەهید صدیقی ئەنجیری ئازەرکە بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ ژامپۆل سارتر، نوسەرو سیاسەتمەداری فەڕانسی. واتە سارتر لەسەر داوای صدیق ئەنجیری، داوای لە دیگۆل سەرکۆماری ئەوکاتی فەڕانسەی کردبوو کە لە شای ئێران داوای شکانی حوکمی ئێعدامی ئەو چوارکەسە بکا، ئەوکارە شکرا. نەخشی کاك سدیقی ئەنجیری گرتی و حوکمی ئیعدام دەرەجێك شکاو هەر چواریان بوون بە ئەبەد.

بۆنەورۆزی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی چوینە سلەیمانی ٠ دوای ئەوەی کە نەورۆزی خۆمان لەسولەیمانی کردو گەڕاینەوە سەرچنار، بۆمان دەرکەوت کە ناکۆکی لە نێوان برادەرانی پەنابەردا ئەوەندە قولبۆتەوە گەیشتۆتە ڕادەی دوژمنایەتی ٠ دیارە بەهۆی گیرانو ئاوارە بوون لە باری ڕێکخستنی شانەو کۆمیتەوە شیرازەی تەشکیلاتی حیزب هەلوەشابوو. دوای وەرگرتنی پەنابەری کۆمیتەیەکی کاتی بەڕیوەبەری لە نێوخۆیاندا بۆ پەنابەران پێك هاتبوو ٠ ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەریتی بوون لە: عەبدوڵلای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) هاشم حەق طلب- قادرشەریف) هاشم حوسێنزادە (قادرحەسەن) قاسم سوڵتانی (کەماڵ ئەحمەد) مەلا باقی ٠ دوای هەوەڵین کۆبوونەوە قادرشەریف ئەو کومیتەی بەجێ هێشت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامانی کۆمیتە لە باری بیرو بۆچوونو سەلیقەوە ناڵێك بوون، پەنابەرانی دەورو بەری خۆشیان ببوونە چەند دەستەو هەرکەسەی وەدوای بیرو بۆچوونی خۆی دەکەوت ٠ هۆی سەرەکی ئەو ناکۆکیە دەگەڕاوە بۆ هەلسو کەوتێك کە بە شێوەی دوور لە دیموکڕاسی بەڕێوە دەچوو ٠ ئەو چوارپێنج کەسەی کە وەك کۆمیتە باسکران، بەشێوەی فەرمان دیاری کرابوون، نەك بەهەڵبژاردن. بیرو بۆچوونی ئەحمەد تۆفیق بەسەر- کۆمۆنی پەنابەران- دا زاڵبوو ٠ سەرچنارچەند خانوویکی حکومەتی لێبوو کە بۆکرێکارانی چیمەنتۆ سازکرا بوون، هەمویان لە وێ کۆکرابوونەوە نێومان لێ نابوو: کۆمۆنی پەنابەران ٠

پتر لە دووسەتو حەفتا کەس لەو کۆمۆنە، واتە لەو خانوانەدا دەژیان ٠ بۆ ژیانو بەڕێچوونی ئەو خەڵکە یارمەتییەکی باش لە دەوڵەت وەر دەگیرا ٠ دە کرێ بلێین: ژیانیان ناخۆش نەبوو، بەلام بەهۆی ئەوەی ئەو خەڵکە لە ژنو منداڵو کەسو کاری دوور کەوتبۆوە و دڵخۆشیەکی نەبوو، لەلایەکی دیکەوە ڕەفتاری غەیرە دۆستانەو غەیرە حیزبیانەیان لەگەڵ دەکرا، ناکۆکیو دڕدۆنگیو بێ بەندو باری پێك هاتبوو ٠ تا وای لێهات زۆربەی شەوان چەند کەسێك لەو پەنابەرانە بەبێ پرسو ڕا سەری خۆیان هەڵدەگرتوو دەڕۆیشتنەوە بۆ ئێرانو خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی ئێران دەکردەوە ٠

# کۆمار بەرەو رووخان .

شۆرش لە کوردستانی عێراق دەستی پێکردبوو هەر دەهات گەرمترو بە هێزتر دەبوو . وردە وردە ناوچەی شۆرش بەرین دەبۆوەو دەنگو باسی شۆرش لە دنیاداگەورەو گەورەتردەبۆوە . عەبدولکەریم قاسم لە سەر رادیۆو تەلەڤیزیۆن دەی نەراند وادەکەم وابچێ . بێ خەبەرلەوەی بن هلۆلیان کردوەو هاتبووە رووخان . دەورانو کەشو هەوای ئەو کاتی عێراق لە باری دیموکراتیو ئازادیو دلگەرم بوون بە داهاتوو، بە تایبەتی لە روانگەی رووناکبیرانو ئازادخوازان رۆژبەرۆژ لاوازتردەبوو . مرۆڤی چەپەڵو دوژمنی ئازادی پتر لە نێو ئۆرگانەکانی حکومتیدا نفوزی دەکرد دەستی دەخستە نێوکاروباری ئیداریەوە . هەربەو پێیەش خەباتکارانو روناکبیران جێگایان لە نێو ئیدارەکاندا لێژ دەبوو . دەردەکران، دەگیرانو دووردەخرانەوە . عەبدولکەریم قاسم لە لایەن ناحەزانەوە هان دەدراو بەرەو لارێ هەنگاوی داویشتو پشتی لە دۆستانی خۆی دەکردو لە مەیدانی دووردەخستنەوە . ناحەزانی دژی ئازادی وکۆمار، جێگای ئەوانی دەگرتەوە . واتە عەبدولکەریم قاسم وردە وردە بە تەواوی لە رێگای پێشووی خۆی لایدەدا . تەنانەت لە حیزبەکانیش دردۆنگ بوو پشتی تێکردن . رۆژ لەگەڵ رۆژ بە دەستی خۆی رێگای بۆکۆدتایەکی نیزامی خۆش دەکرد . عەبدولکەریمیان وا تێگەیاند بوو بە بۆمبارانو لەشکرکێشان، کۆتایی بە شۆرشی ئەیلوول دێنێ . لەو لاشەوە حیزبی شیوعی رێپێوانو خۆ نیشاندانی لە شارەکانی کوردستان پێك دێنا ، کە بەڵکوو بۆمبارانو شەر رابگیرێو جارێکی تر ئاشتی پێك بێتەوەو برایەتی کوردو عەرەب تێك نەچێو حکومەتی قاسم بتوانێ لەسەرپێی خۆی راوەستێو نەرووخێ. شیوعیەکان لەوەدەترسان رژیمێکی دژی دیموکراتیك بێتە سەرکارو عێراق بچێتەوە دۆخی پێشوو. بە حەق شیوعیەکان چاکی تێگەیشتبوونو هەر ئەوانیش وەك دۆستو پشتیوان

بەدەوری عەبدولکەریم قاسمەوە مابوون، بەڵام شیوعیەکان هەڵەیەکی وایان کرد بوو کە عەبدولکەریم قاسم بڕوای پێیان نەمێنێ. ئەویش هەڵگرتنی دروشمێك بوو کە عەبدولکەریمی ترساند و پشتی تێکردن. بە هەڵگرتنی درۆشمی (حزبشیوعی للحکممطلبعظیمی )واتە: ئامانجی حیزبی شیوعی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتە. ئەو دروشمە بەهانەی دا بە دوژمنانی شیوعی کە ئەوەیان لێکەورە بکەنەوەو عەبدولکەریمی پێ بترسێنن. ئەوەندەیان عەبدولکەریم قاسم لە ئاستی شیوعیەکان ڕەشبین کردبوو، هیچ بڕوایەکی پێیان نەمابوو. سەرئەنجام وردە وردە ئەوانوکوڕو کۆمەڵە دیموکراتەکانیشی لەخۆی دوورخستەوە. ئیتر مەیدان بۆ ئاڵووگۆڕێکی بنەڕەتیوکودتایەکی نیزامی بە تەواوی بۆحیزبی بەعس ئامادە ببووکە بتوانن بە نیازی چەپەڵیی خۆیان بگەن. عەبدولکەریم خەتی خۆی گۆڕیبوو، وتارو خطابەکانی بە وشەی "العروبە" دەست پێدەکردو بە عروبەش دەیبڕیەوە. پێیوابوو بە بەرەو عروبە ڕۆیشتن، گشت چینو توێژێکی عەرەبی بولای خۆیو حکومەتەکەی ڕاکێشاوە. لەو لاشەوە کار بەدەستانی (امنو استخبارات ) بەتەواوی دەستیان کرابۆوە. ئەندامی ئاکتیوی ڕێکخراوەکان دەکەوتنە بەر هێرشو دەگیرانو دوور دەخرانەوە. بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقو پارتی دیموکراتیکوردستان، ببوون بە ئامانجی لێدانی ئەمنو استخبارات. ڕۆژنامەی حیزبەکان قەدەغە دە کران. دەفتەری حیزبەکان دادەخران. ناچار ڕێکخراوەکان دەستیان کرد بە کاری نهێنی. ئەو کادرو ئەندامانەی پارتی کە ترسی گیرانیان لێدەکرا خۆیان دەگەیاندە نێو شۆڕش. وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بە هۆی نفوزی سەر بەحیزبی بەعث، مرۆڤی دیموکراتو دڵسۆزی دەورو بەری عەبدولکەریمو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی دووردەخرانەوەو بە مرۆڤی دژی دیموکرات جێیان پڕدەکراوە. لە ڕاستیدا ئەوکارانە بەئەنقەست ئەنجام دەدران تا پتر گەلی عێراق بەکۆمارو عەبدولکەریمقاسم ڕەشبینبن. دیارە ئەو ڕیزە کارانەی لە کوردستان دەکران، بەسوودی شۆڕش تەواو دەبوون. لە ئاکامدا عەبدولکەریمو کۆمار،

کودتای نیزامیان بەسەردا کراو بەعث حکومەتی بەدەستەوەگرت ۰

## حیزبی بەعث و گەلی عیڕاق .

برادەرێکی حیزبی شیوعی بە نێوی وەستا تۆفیق هاتە لام گوتی: دەستێکی پیس مونا مەڕەی بە سەرعەبدولکەیمقاسمدا کردیە، بەڵام هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتینەو مقاوەمەت بەردەوامە. جیرانو دۆستو ئاشنا لەدەوری یەکتر کۆبووینەوە و گوێمان دا ڕادیوو تەلەڤیزیۆن. بەگوێرەو هەلسەنگاندنی هەواڵەکان بەربەرەکانی لە دژی کۆدتاچییەکان دیاربوو. لە ناکاو لاشەی خوێناوی عەبدولکەریم قاسم لە تەلەڤیز یۆن پێشاندرا. حیزبی بەعث سەرکەوت وکوماری ١٤ ی تەموز ڕووخا. لەو کاتەوە پتر لە ٤٠ ساڵ ڕادەبرێ. ئێستاش دوای چەندین ئاڵووگۆڕو گۆڕانی دووسێ حکومەت لە عێراق، ڕژیمێکی لە شێوەو وێنەی ڕژیمی عەبدولکەریم قاسم جێگای نەگرتەوە ؟

ئەو ڕووداوە بۆ ئێمەمانانی پەنابەرناخۆشبوو، چارە نووسمان بە دەوڵەتێکی نامۆی دژی ئازادی گرێدرا. جگە لە وەش چۆنیەتی ڕژیمی نوێی عێراقو سیاسەتی دەرەوەی بۆخەڵك ناڕوون بوو. تەنیا شتێکی ئێمەی لەسەر سیاسەتی داهاتووی ڕژیمی بەعثی عێراق ڕوون دەکردەوە ڕادیۆی مەسکەو بوو کە حیزبی بەعثی وەك ڕێکخراوێکی ڕاسترەوی دژی ئازادی ناساند. لەو کاتەدا ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستان تەقەولێکدانو شەڕی لەگەڵ بەعس ڕاگرت. لە نێوشارەکان حەرەس قەومی تەنگی بە خەڵك هەڵچنی بوو. دوا ڕۆژی ئێمەی پەنابەریش لە دواڕۆژی کوردیباشوور ناڕوونتر بوو. گیراباین دەدراینەوە بە ئێران. لەو نێوەدا گیرمان کردبوو کە چ بکەینوچۆن چارەسەری خۆمان بکەین؟ ڕۆژانە حەرس القومی بە کوچەو کۆڵانو بازاڕ وەردەبوون دەستیان دەکرد بە خەلك گرتن. ئەوانەی پێشتر وەك مرۆڤی ئاکتیو و هەلسوڕناسرابوون دەچوون لە ماڵیان دێنانە دەربەلێدان بەلێدانو کوتانو بێ حورمەتی دەیان بردن بۆ زیندانو ژێرشکنجەی

سامناك. ئەوانەی ئەندامو لایەنگرحیزبی سیاسی بوون، لە ماڵ وەدەر نەدەکەوتن و نەدەهاتنەدەر. حەرەس قەومیەکان زۆربەیان لە کەسانی عەرەبن دانیشتوانی نێو شار پێك هاتبوون. کەسانی سیاسیان دەناسین و زۆریەشیان سەر بە (ئەمن و ئیستخبارات) بوون. ترس و لەرزو وەحشەتێکی وایان پێك هێنابوو، هە مووکەس غەمبارو لە ماتەمین دابوو. تەنانەت مرۆڤی بێ لایەنیش دەتگوت خۆڵیی لەسەر دابیژراوە. ئەندامو لایەنگرانی حیزبی شیوعی و ئەوانەی وەك خزمی شیوعی ناسرا بوون کەوتبوونە بەر غەزەبی حەرەس قەومی و دەگیران و دەبران و کەس هەواڵیی لێ نەدەزانین. ئێعدامو ڕەشەکوژی و لەژێر شکنجەدا مردن زۆرتر بەشی شیوعیەکان بوو. گیرانی بێ محاکەمەو ئێعدام کردنی سەرانی حیزبی شیوعی، کەسانی وەك سەلام عادل، فازل مەهداوی، ...... بە جارێك ورەی بە خەڵك بەردا بوو. خەباتو بەربەرەکانی ئەو شیوعیانەی کە ڕۆژانی پێشتر بۆمیان لە خۆیان دەبەستو لەپێش تانگی کودتاچیەکانی بەعث خۆیان دەتەقاندەوە کۆتایی هاتبوو. خەباتکاران بە تایبەتی شیوعیەکان ناچار بوون خۆیان نهێنی کەن و جێگای خۆیان بگۆڕن و نەیەنەدەر. یان بچنە چیا، واتە: ڕێگای بەرەو ناو شۆڕش هەڵبژێرن. بە داخەوە لە وێش بەرپرس و فەرماندەرانی شۆڕش ڕەفتاریان لەگەڵیان باش نەبوو. دیارە هەڵس و کەوتی چۆنیەتی ڕەفتار لەگەڵکردنیان لە نێو شۆڕشدا بە سترابۆوە بە ناوچەکان و فەرماندەی ناوچە. لە هێندێك شوێن زۆر ناحەزو دوژمنانە لەگەڵیان دەجوولانەوە. لەهێندیك ناوچە نەدەکوژران و نەدەگیران و کەمتریان بێ حورمەتی پێدەکرا. وردەوردە دوای ماوەیەك ئەو بوغزو غەرەزو تەسویە حسابانەی پێشوو کۆتایی هات و بنکەو دەفتەریان کردەوە. تائەو کاتەی ناوچەیان بە جێ هێشتو چوونەوە نێو شارەکان، لە هەموو بارێکەوە بەو پەری فیداکاری هاوکاری شۆڕشیان دەکرد. گەڕانەوەی شیوعیەکان و هەلوو مەرجی سیاسی و چۆنیەتی ئەو کاتی شۆڕش لە جێگای خۆیدا باس دەکرێ.

**هەروەك ئامـاژەی پێکرا تـرس و لـەرزو مـرۆڤکـوژی حـەرەس قـەومی**

تارمایی ڕەشی بەتەواوی خستبووە سەرگەل. ژیانو مانەوە بۆ ئێمەو مانانی پەنابەریش دژوار ببوو. دەبوایە هەرچی زوتر خۆمان دەرباز کەینو خۆمان لە گێرەو کێشەی بەعثیو حەرس قەومی رزگارکەین. چونکە هەرکەسی گیرابایە تا لێیان دەپرسیەوە ڕۆیبوو.

ئێمەش لەگەڵ چەند برادەرێك بەرەو دامێنی چیای سەفین کەوتینە ڕێ. لە سەری رەش کە بنکەی پێشمەرگەی لێبوو، بە ڕێکەوت تووشی کاك سولەیمان موعینی بوومو چووینە کۆیسنجاق.

بەگەیشتنە شاری کۆیە ترسو لەرزی حەرەس قەومیم لە بیرچۆوە.

ئەحمەد تۆفیق (عبدالله اسحاقی) بە هاتنی من زۆر خۆشحاڵ بوو. ناوبراو هیچ خاترەیەکی ناخۆشی لەمن نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە لە کاتێکی وەهادا پێویستیەکی گرینگیان بە کەسانی وەك من هەبوو. منیش هەروەها چووکترین ڕووناکایم شك نەدەبرد جگە لەو برادەرانە کە ناسیارو هاوڕێی حیزبیم بوون. ئەو حیزبەی کە هەستو نیستی لاویەتی خۆم لەسەردانا بوو. ئەو حیزبەی کە تەنیا هیواو هومێدی دوا ڕۆژی خەباتو تێکۆشانم بوو، بە خۆم دەگوت: خۆزیا بتوانین چەند کەسێکی باشو بێ شیلەو پیلە کۆ کەینەوەو بەرنامەو پلانێك دابرێژینو خۆمان بگەیەنینەوە کوردستانی رۆژهەلاتو کۆمیتەو شانەبەندی پێك بێنینو بە هۆی بەیاننامەیەك مزگێنی دەست بەکار بوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەڤالانو خەڵکی خەباتکار ڕابگەیەنین. ئەو خەڵکەی کە لایان وابوو بەگیرانو دەربەدەر بوونی کادرو بەرپرسان، هەموو شتێك کۆتایی هاتووەو دەبێ ساڵەها تێپەڕێ تا جارێکی دی جووڵەو بزاوێکی شۆرشگێڕی پێك دێو لە دژی زۆرداری دەست بە خەبات دەکرێتەوە.

ئەو چەند وشە سادەو ساکارانەی کە لە زەینو مێشکمدا خولیان دەداو بۆمن هیواو ئاواتێکی گەورەو بە نرخ بوو دەست بە کارو خەباتی سیاسی کردنەوە بوو. ڕەنگبێ بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێك خۆش بێو هیوای دوا ڕۆژێکی ڕوونی لێ بە دی بکرێ. چوونکە کەسێکی کە دەکەوێتە

مەیدانی خەبات‌و بەربەرەکانی، ئەگەر کەمیش تێبگا، ئەوە دەزانێ کە؛ لە مەیدانی خەبات‌و تێکۆشاندا هەڵوا نابەشنەوە، دەزانێ لە دەردە سەری بەولاوە، لەززەت‌وخۆشی‌و عەیش‌و نۆشێکی تێدا نیە، دەزانێ لەچاو لەدەستی‌و دەست تەنگی بەولاوە قازانجی پووڵ‌و پارەی تێدا نیە.

تەنیا شتێکی کەمرۆڤی خەباتکار دڵی پێخۆش دەکاو بە سەرمایەی دەزانێ؛ شەرەفی کۆمەڵایەتی‌و سەربەرزیەو ئاسوودە بوونی ویژدانە لەحاستی نەتەوە ژێردەستەکەی خۆی‌و خزمەت بە پشکوتنی بیری ئازادی‌و رزگاریخوازی گەلەکەی. هەموو خەباتکارێك دڵخۆشی رۆژانەی بەستراوەتەوە بە هەڤاڵ‌و هاورێ‌و هاوخەبات‌و هاو سەنگەری پاك‌و بێ غەل‌و غەش. لە راستیدا شتێکی کە هەست‌و ورەی مرۆڤ بەرز رادەگرێ هیواو هومێدە . لە گۆرە پانی کارو تێکۆشانی سیاسیدا شتێکی کە مرۆڤ دەتوێنیتەوەو لە سەرکەوتن ناهومێدی دەکات؛ هاورێی خۆ ویست‌و پلەو پایەخوازو هیچ لەدەست نەهاتووەو ئەوکەسانەن کە بەئیمانی پتەو، بەشداری خەباتی سیاسی نابن. یان ئەوانەی کە بۆ نێووو نێوبانگ خۆیان رەگەڵ دەخەن‌و هەموو هەوڵ‌ودەولیان وەدەست هێنانی پلەی گەورەیە. ئەو فەرهەنگ‌و رەوشە دەمێکە لە نێو رێکخراوەی کوردیدا جێ کەوتووەو بۆتە هۆی (ستۆپی) بەرەو پێشەوە چوون‌و بەرەو پێش بردنی بەرنامەی کاری رێکخراوی کوردی. بێ ئەوەی لە لاوە هەست بەو لاوازیە بکرێ، ئەو رەوشە زەربەی قورسی خۆی وەشاندوە. هەر بناخەو بنچینەیەکی لەسەر فەرهەنگی باسکراو دادەرێژێ‌و هەرهەنگاوێکی بە بیری خۆ ویستی‌و خۆ پەرستی هەڵدەگیرێ، نەك هەرکۆمەڵ سوودێکی لێوەرناگرێ، بەڵکوو زیانیشی لێدەبینێ .

بە کورتی بە بیستنی هەواڵیی دەست پێکردنەوەی کارو تێکۆشانی حیزبی ، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم ، بە قەولی خۆمان ' پێم وەهەردی نەدەکەوت .

# دەست پێکردنەوەی کاری سیاسی ·

دەکرێ بڵێین؛ پتر لە مانگێك لە کودتای بەعث بەسەرعەبدولکەریم قاسم دا تێ دەپەڕی · شاری کۆیسنجاق بۆ وتوو وێژی مستەفابارزانی و حکومەتی بەعث دیاری کرابوو · بارزانی چەند رۆژێك بوو گەیشتبووە کۆیەو لەو شارە جێگیر ببوو · لە بەغداو بەسراو کەرکوك و شارەکان، کوشت و کوشتارو گرتن و لێدانی دێموکرات و ئازادیخوازان بە تایبەتی کۆمونیستەکان لەلایەن رژێمی بەعث بەردەوام درێژەی بوو · رادیۆی وڵاتانی رۆژهەڵات ڕاگرتنی ئاوربەسی نێوان شۆڕش و رژێمی بەعسیان پێ ناخۆش بوو · واتە وتوو وێژیان لە گەڵ رژێمی تازەی بە عث بە خەتا دەژمارد ·

بارزانیش وەك ڕابەری شۆڕش پیی وا بوو پێویستی بە پشوودانە · پێئر ئامـاژەی قێکـرا کـە پێش کـودتـا بـارزانیـان دیبـوو بـەلێنیـان دابـوو دوای سەرکەوتن ئۆتونۆمێ بۆ گەلی کورد ، دابین بکات · کە چی وادەی خۆیان نەبردەسەرو درۆیان لە گەڵ بارزانی کرد · لێرە دا وتوو وێژی رژێمی بەعث و بارزانی دەبڕین دەچینە سەربووژانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ·

هاوڕێیان چەند خانووێکیان لە نێوشاری کۆیە بەکرێ گرتبوو وەك بنکەی حیـزبـی کـەڵکیـان لێـوەردەگـرت · شـەوێ پێیـان ڕا گـەیـانـدم ، بـەیـانـی کۆبوونەوەیان هەیەو پێویستەلەوێ ئامادە بم · ئەوانەی بەشدار بوون کاك سولەیمانی موعینی (فایق ) سەید عەبدوللا اسحاقی (احمدتۆفیق ) کە بۆمن نـاسیـاو بـوون و پێشتـر دەمنـاسیـن، ئـەوانـی‌تـر، واتـە: کـاك صـلاح مـوهتـەدی (مصطفی ) و کـاك محمـد ئێلخـانـی زادە (کـاوە )بـووم کـە نـەم نـەدەنـاسیـن و نـەم دیبـوون · بڕیـاراتـی ئـەوکـۆ بـوونـەوە هـەمـوو کـوردستـانـی رۆژهەڵاتی دەگرتەوە · واتە ئەو کۆمیتەو دیاری کردنی ئەو ئەرکانەی دیاری کران ، ئۆتوماتیك کۆمیتەناوەندی کاتی حیزبی‌دێموکڕاتی کوردستان بوو ·

چوونکە لەدوای ساڵی ١٣٣٨ بەگیرانی کادرو ئەندامانی حیزب و هەڵاتنی کەسانێکی تر، لە ڕاستیدا تەشکیلاتی حیزب هەڵوەشابوو داری لەسەربەردی نەمابوو. کەسانێکی واش لە کوردستان نەمابوون بەکاری ڕێکخستنەوە خەریك بن. ئێمەش لە کاتێکدا دەستمان دا ئەوکارە، شۆڕشی کوردستانی باشور گوڕەپانێکی ئازادی پێك هێنابوو، بە هۆی ئازاد بوونی بەشێکی زۆری کوردستان، هەلو دەرفەتێکی باش ڕەخسابوو. بە پێك هێنانی کۆمیتەیەکی کاتی، خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەلات پەرەی سیاسی ئەستاندو توانی تەم و مژی بێدەنگی بڕەوێنی. ڕژێمی شا، بەگیران و ئاوارەکردنی ڕوناکبیرانی ئەو سەردەم، توانیبووی بێدەنگی پێك بێنێ و سەرینی خاترجەمی وەبن سەری خۆی بدات. پێی وابوو جووڵانەوە لە کوردستان خاشەبڕ کراوەو کۆتایی بە بزاو و خەباتی سیاسی هاتووە. بەو ئاکامەگەیشتبوو کە جارێکی دی لە کوردستان کەس نابینێ دژ بەرژێم لە چیاسەرکەشەکانی کو ردستان لە بەرابەریدا بخوێنێ. گرینگی ئەوهەرەکەتە بچووکەی کە لە کۆیە دەستی درایە، بوو بە هۆی دروست بوونەوەو ژیاندنەوەی حیزبێکی کە سێ ٣ ساڵبوو ڕژێمی شا بەگرتن و دەربەدەرکردنی کادرو بەرپرسانی حیزبی دێموکڕات، ڕێکخراوێکی وەك حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە بزاوی سیاسی وەستاندبوو. بە وە ڕێ خستنەوەی ئەو هەرەکەتە، خەباتی سیاسی لە کوردستان دەست پێکرایەوەو دەکرێ بڵێم: ئەو هەرەکەتە، واتە دامەزراندنەوەی بناغەی ژیانەوەی تێکۆشانی دووبارەی کۆبوونەوەی کۆیسنجاق، بە ڕۆژێکی مێژوویی دەژمێرێت. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین: لەو ڕۆژەوە تا ێستا خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە کوردستان بێ پسانەوە درێژەی بووەو نەوەستاوە.

بە کورتی دوای بڕیارات و دابەشکردنی بەرپرسایەتی و وەستۆ گرتنی کاری تەشکیلاتی شاری کۆیەم بە جێ هێشت و بەرەو زینوێ شێخی سەر سنووری دەستکرد کەوتمە ڕێ. واتە لەگەڵ زارای هاوسەرم و شێواوی کچم بەسواری ئێستر و شارەزایی کاروانچیان ڕێگامان داگرت. ئەو ڕێگایە، واتە: لە چیای

هەیبەسولتان ڕا تادەگاتە دەشتی بیتوێنو دۆڵی شاورو قەسرو ماکۆسو شاروچکەی گەلاڵەو زینوێ شێخی هەمووی بۆمن تازە بوونو تا ئەو کات نەم دیبوون، جگە لەوەی بۆمن تازەوخۆشبوو، لە ژیانیشمدا هەوەڵین کەڕەت بوو سەفەرێکم بە کوردستاندا دەکرد کەبنکەی داگیران کەرانی کوردستان لە سەر ڕێگا نەبێو بە بیانووی جۆراو جۆر لە (قشلە) (پاسگا) (نوختە)کاندا مرۆڤ نەپشکنن. لە هێندێك شوێن جارو بارتووشی دەستە پێشمەرگەیەك دەبووین، ئەوانیش بە رووی خۆشو پێکەنین ماندوو نەبوونیان لێدەکردینو ڕەد، دەبوون. ئەو دیاردە نوێیە بۆمن شتێکە لە ژیانم دا، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. تەنیا حەوتوێك بوو شاری هەولێرم بەجێ هێشتبوو، هەولێرێکی پڕ لە حەرەس القومی کە وەك گورگی برسی مرۆڤیان ڕاو دەکردو خوێنیان دەڕشتن. شکنجەخانەیان دانابوو، وێڕای گاڵتە بەکەسایەتی مرۆڤی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر، ئازار دەدرانو سەربە نیستیان دەکردن.

لەو ڕێگا دوورو درێژەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، نەك هەر ماندوو نە بوو، بەڵکوو زۆریش شادو خۆشحاڵبووم کە بە ناوچەی ئازادکراودا سەفەر دەکەمو چاوم بە شەپکەی ژاندارمی ئێرانیو عەگالی پۆلیسی عێراقیو شەپقەی جندرمەی تورك نەدەکەوت. هەر چەند هیوام بە کۆدتاچیەکانی بەعث کزبوو، بەلاّم لە ڕادەبەدەر بە وتوو ویژی بارزانیو رژیمی بەعث دڵخۆش بووم کە لە کۆیە دەستی پێکرد بوو.

بە کورتی، بە داڵغە لێدانوخەیالاّتەوە بەرەو زینوێ ڕێگام دەبڕی. سەرئەنجام ئێوارێکی درەنگ گەیشتینە زینوێ شێخیو بووین بە میوانی ماڵی کاك خدرڕەسوڵ، کە ئێستابۆتە حاجی خدر. ناوبراوم نە دەناسی، ناسیاوی کاك ئەحمەتۆفیق بوو. نامەیەکم لە لایەن ناوبراو را بۆ هێنابوو کە یاریدەم بدات و خانووم بۆ پەیدابکات. کاك خدر یەکێك لەو پیاوە باشو نان خۆشومەردانە بوو. بە ڕاستی وێنەی ئەو جۆرە پیاوانە زۆر کەمە. تابڵێی مرۆڤێکی بەدڵو دەروونو مەردو ڕەند بوو، هەرچەند دەوڵەمەند نە بوو، بەلاّم مرۆڤ کە لای دادەنیشت وای دەزانی دەوڵەمەندی ناوچەیە. ناوبراو

زۆری قەدرو ڕێز لێگرتم، نەمدەزانی میوانی ماڵێکی بێگانەم. زۆری دڵخۆشی دامەوەو گوتی: ئێرە ماڵی خۆتە، نیگەرانی خانوش مەبە پەیدای دەکەین. ناوبراو لە باری سیاسییەوە وەك مرۆڤێکی تێگەیشتووی ئاگاداری سیاسی حسابی لە سەردەکرا. لەو ناوچەیە لە هەموو کەس پتر نیزیکی لەگەڵ شۆڕش هەبوو. ناوبراو بە دڵ زۆری شەخسی بارزانی خۆش دەویست. حەزی لە خەباتی سیاسی دەکرد. هەر بەو هۆیەو بە هۆی نیزیکی لە کوردەکانی ئەو دیو، دووسەفەری لەگەڵ من بۆ دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد. خزمەکانی لە دەورو بەری پیرانشار بوون دەیویست پێوەندیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبێت. بۆخۆی پێشنیاری دەکردو لەگەڵم دەهات تا لەگەڵیان ئاشنابم و لە کاتی هات و چۆدا یاریدەم بدەن. لە باری ئابوریشەوە یاریدەی حیزبیان دەدا. خزمێکی ناوبراو بە نێوی کوێخا خدری دەلاوان، لە بارەی ناردنی گەنم دەغڵ و دان لە بنکەی زینویێ غافڵ نەبوو. زوراری کورە گەورەی کوێخا خدر کە لاوێکی تازەپێگەیشتوو بوو، زۆری حەز لە کارو خەباتی سیاسی بوو، بەڵام بە ئەنقەست خۆم لێ دەبوارد و نەم دەوێرا لە باری سیاسییەوە هانی بدەم. گوندەکەیان سەر سنوور بوو دەترسام تووشی بەڵایەك بێت بگیرێ و تێکی بشکێنن.

بە کورتی دەتوانم بڵێم: ئەوەندەی ماڵم لە زینویێ بوو تەنیا دوستێکی کە دڵم پێی خۆش بێ کاك خدر ڕەسوول بوو کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا پرێسکەی دڵی لە لای بکەمەوە. بە داخەوە گەلێك هاوڕێ و دۆستی مەردو ڕەندی ئاوام لەو کوردستانە پان و بەرینەدا پەیدا کردوە کە دوای ماوەیەك بە هۆی هەڵات و ڕۆیشتن لە ناوچەکە، نەم دیتوونەتەوە هیچ، دوور نییە لێیان دیدارئاخیرەتیش بم. بۆیە دەڵێم دیدارئاخیرەت؛ چونکە تەمەنم بەرەو ئاخر ڕۆیشتووەو هێندێك نەخۆشی و بەتایبەتی دوورکەوتنەوە لەوڵات و گەیشتنە ئەوسەری دنیاو ئاڵۆزی کەش و هەوای سیاسی و ناڵێك و نالەباری ڕێکخراوەکان، هیوای دیدارو چاوپێکەوتنی لەگەڵ برادەران و دۆستان کز کردوم و پێم وایە: ئەو ئاواتەم نایەتە دی جارێکی دیکە دوست و هەڤاڵ و

تەنانەت خزمو کەس کارو برازاو خوارزاش ببینمەوە ·

زینوێ شێخی بۆ سەر سنووری دەستکرد ، دەورو بەری دە کیلۆمەتردەبێ، کاتێ دەمان ویست سەر لە کوردستانی رۆژهەلأت بدەین، دەورو بەری خۆرئاوا بوون دەبوایە لە زینوێ ڕا بەرەو ناوچەی لاجانو پیرانو سندوس و شنۆ، وەڕێ کەوین. نەمان دەهێشت تاریك بێ دەپەرینەوە ئەو دیوی کوردستانی رۆژهەلأت· بە کورتی دەکرێ بلێم؛ وردە وردە لە زینوێ شێخی جێ پێی خۆم کردەوەو شارەزابووم، کە چۆن و لە چ لایەکەوە پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی رۆژ هەلأت بگرم جۆری پێوەندیم چۆن بێ ·

# کۆبوونەوەی دووەم .

شۆرش درێژەی هەبوو بەربەرەکانی پێشمەرگە بەو پەری پڕلە فیداکاری ڕێگای خۆی دەپێوا· کاك ئەحمەد تۆفیق ( عەبدولای ئیسحاقی ) وەك بەرپرسی یەکەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حیسابی لەسەردەکراو هەرچی ناو براو کردبای و گوتبای کەس نەیدەتوانی و بۆی نەبوو دەستی وەبەر بێنێ· دوای ئەحمەد تۆفیق، کاك سولەیمانی موعینی (فایق ئەمین ) کەسایەتی دوهەمی حیزب بوو· هاوینی ٤٣ی هەتاوی کاك سلێمان هاتە زینوێ ڕاگەیاند وگوتی: خەریکی کۆبوونەوەیەکین · دامانناب لە دەوروبەری گوندی ئالانێ کۆبینەوە· بۆیە یانی چەند برادەرێکی دیکە گەیشتنە زینوێ کە بریتی بوون لە مەلا باقی، عومەرنکلێ (نۆگوڵ ) مەلا سەید ڕەشید ، ئەحمەد تۆفیق. دیارە من و کاك حەسەن رستگاریش هەر لەوێ نیشتەجێ بووین· واتە ئەو حەوت کەسە بەشداری کۆبوونەوەی دووهەم بووین·

دەکرێ بڵێین؛ کۆبوونەوەکەمان دوو ڕۆژو نیوی کێشا · بەڕەسمی ئەو٧ کەسە، بەبڕیارکۆمیتەی بەرێوەبەری کاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون · لەسەر پێشنیاری ئەحمەد تۆفیق بڕیار درا نووسراوێك بە نێوی (دیسان بارزانی ) دەر بچێ کە ئەونوسراوە مەقالەو باسی سیاسی تێدا نە نووسرێ و تەنیا خەبەرنامەیەك بێت و هەواڵەکانی شۆرشی تێدا بڵاو بکرێتەوە· بڕیاردرا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەمانناسین لە کوردستان و تاران و شارەکان بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و کەل و پەلی پێویست پێوەندی بگیرێ ، هەروەها بایی دوو میلیۆن تمەن بەڵگەی یارمەتی چاپ بکرێ بۆ دابین کردنی پێویستی یەکان کرینی کەرەسەی چاپ · بڕیار درا بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ دیوی ڕۆژهەڵات دووبنکەی تر، یەك لە سونێ و یەك لەناوچەی سولەیمانی نیزیك سەر سنووری هەورامان بکرێنەوە · ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە ژێر بەپرسیاری ئەو حەوت کەسانەدا، دابەشکران و هەرکەس لە گەڵ کادرێك یان ئەگەرهەبێ لەگەڵ

دووکادری تر، کارو باری ڕێکخستن لە ناوچەکان ئەنجام بدەن· وێڕای چەند بڕیاراتێکی ترو دوای چەند ڕۆژێك کۆبوونەوە بەسەر کەوتنەوە کۆتایی پێهات· پێم وایە لەو ڕۆژەوە بەکارهێنانی وشەی (بەسەرکەوتنەوەکۆتایی پێهات) بۆتە فەرهەنگی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دوای هەموو کۆبوونەوەو کۆنفرانسو کۆنگرەیەك، تەنانەت ئەگەرسوورسوور بزانن سەرکەوتنیشی تێدا نە بووەو پڕبووە لە ناتەبایی‌و گیروگرفت، دیسان دوای کوتایی هاتن ئەو ڕستەیەی تێدا بەکاردێنن کە گۆیا: بەسەرکەوتنەوە کۆتایی هاتووە!

مەبەست ئەوەیە، تا ڕێبەرایەتی ڕەخنە لە خۆی نەگریو لە خوارەوە لە نێو بەدەنەی ڕێخستندا کەمو کووڕیو گیروگرفتی چار نەکراو بۆ ئەندامان شی نەکرێتەوە، بەرەو پێش چوون زەحمەتەو هەرخیاڵ دەبێتە بەرنامەی ساڵانەش·

دێمەوە سەرنووسینی پاشماوەی باسەکەم·

دوای کۆبوونەوە، هەرکام وەدوای ئەرکی پێ ئەسپێردراوی خۆمان کەوتین· دوای ماوەیەکی کورت هێندێك شتم بۆ دەرکەوت کە پێشتر بیرم لێ نەکردبۆوە. ئەوەشم لە خوێندنەوەی هەوەڵین ژمارەی "دیسان بارزانی"دا بۆدەرکەوت. تەنیا هەواڵی ئەو عەمەلیاتو ڕووداوانەم بەرچاو دەکەوتن کە لە ناوچەی بادینان‌وبارزانو باڵەکایەتی دا ئەنجام دەدران، واتە ناوچەکانی سۆران جگە لە باڵەك کە ئەویش ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی بوو، بۆیە دەنووسران· من وەکوو لاوێکی کونجکاو زۆرم بیر لەو مەسەلەکردەوە، چونکە شۆڕش بۆمن چ لە سۆران‌وچ لە بادینان وەك یەك بوو· هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوەو نەم دەزانی مەبەستی کاك ئەحمەد تۆفیق چیە· کاتێك لە شەهید سولەیمانی موعینیم پرسی؟ مەسەلە چیەو بۆ باسی‌فیداکاری ناوچەکانی ترناکرێ؟ لە وەڵامدا گوتی: بەو مەرجە باسی نەکەی پێت دەڵێم· ناوبراو لە پێشدا چۆنیەتی ناسکی کوردو، بێکەسی حیزبو، نە بوونی کادرو، گیرانی بەرپرسانی پێشووی حیزبو، تەکرەوی ئەحمەد تۆفیقی بۆ باس کردم‌وگوتی: ناوبراو لەگەڵ بەرێوەبەرانی پارتی ناتەبایی هەیە· هۆی سەرەکیش ئەوەیە؛ چونکە بارزانی

ناکۆکی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پارتیدا هەیە، ئەحمەدیش بۆ تەئید کردنی بارزانی، پتری پەرە بەناتەبایی داوە· دووپاتی کردەوە گوتی؛ هیوادارم ئەو باسەلەگەڵ ناوبراو نەکەی‌و، واز لەو لێکۆلینەوە بێنی· ئەوەی من بیرم لێ نە دەکردەوەو هەگیز بە خیاڵم دا نەدەهات ناکۆکی نێوان بارزانی‌و سەرانی پارتی‌دیموکراتی کوردستان بوو· مەلامستەفا وەك ڕێبەری پارتی ناسرابوو، زۆر جاردەمان بیست، مام‌جەلال‌و عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) و ئەندامانی تری کۆمیتە ناوەندی دەهاتن‌و دەچوونە لای بارزانی‌و پرس‌و ڕایان لەگەڵ دەکرد·بەو هاتووچۆگەرمە مرۆڤ بە زەحمەت دەیزانی ناکۆکیان هەیە.

بۆمن ڕوونکردنەوەیەکی گرینگ بوو· لە ڕاستیدا هەرچەند ئەو ڕوونکردنەوە بۆمن زانیاریەك بوو، بەلاّم هەواڵێکی پشت‌شکێن بوو· بە بیستن‌لەم‌و لەو، بەخوێندنەوەو، وەدەست هێنانی زانیاری، مێشکم بەوە کرابۆوە، کە شۆڕش بە ڕێگای ڕێکخراوی سیاسی‌و لێك گرێدانی خەڵك سەرکەوتن وەدەست دێنێ· زۆر جاران لە مێشکم دا دەزرینگاوە کە شۆڕشەکانی پێشوو لەبەر نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی سەرنەکەوتوون‌و تێك‌شکاون، باشە ئێستا بۆدەبێ نێوانی بارزانی‌و پارتی کە حیزبی خۆیەتی ناخۆش بێ؟ دوای ماوەیەك هەرلە ناوچەی باڵەکایەتی دەم دیت کەسایەتی وەکوو مەلاتەها و عەلای سۆفی دەگیرێن‌و بەمانگ و ساڵ لە بەندیخانەی شۆڕشدا دەمێنەوە، بەتاوانی ئەوەی کە ئەندامی پارتین! کاتێك لەو بارەوە پرسیارم لە کاك ئەحمەد تۆفیق دەکرد؟ ویڕای هرۆژم بۆ سەریان تەئیدی دەکرد کە دەبێ بگیرێن چونکە ئەوانە لایەنگری برایم ئەحمەدو مام جەلال‌و فلان‌و فیسارن! ئەو باس‌و خواس‌و هەواڵانە بۆ لاوێکی بێ ئەزموونی وەك من گەلێك ناخوش بوون. لەوەش ناخۆشترئەوە بوو، کە ئێمەی‌کوردی ڕۆژهەلاّت، کە ئەندامی حیزبێکی‌تربووین، لە کاتێکی وەها ناسکدا دەبوایە ئێمە فوو لە ئاور نەکەین و برەو بە پەرەساندنی ناکۆکی‌و دووبەرەکی نێوان بارزانی و سەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان · نە دەین · وەك ئاماژەم پێکرد، ئەو مەسەلە بوو بە هۆی سەرەتای ڕوون بوونەوەم

لەسەر ئاکارو کردەوەو بۆچوونەکانی ئەو سەردەمی نێوحیزب ٠ ئەو جار بە لێکۆڵینەوە لە کردەوەو هەنگاوەکانی ناوخۆمان بەوە گەیشتم کە ئەو مەسەلەیە لەگەل قادرشەریف (هاشم‌حق‌طلب) باس بکەم. کاتێك ئەو باسەم لەگەڵ ناوبراو هێنا گۆڕێ، وادیار بوو ناوبراو لەولارا، دەهاتەوەو زۆریش تووڕەبوو ٠ بە کردنەوەی باسەکە، ئەویش پرێسکەی دڵیی خۆی کردەوەو گوتی: من دەمەویست بۆخۆت هێندێك روون بیەوە، دوایە لەسەر چۆنیەتی پرش‌و بڵاو بوونی هاورێیانی حیزبی بە دەستی ئەحمەد تۆفیق بۆت باس بکەم. دوای وتوو وێژێکی دوورو درێژ، پرسیم دەبێ چ بکەین؟ قادرشەریف وەڵامی داوە گوتی: ئەحمەدتۆفیق لە سەرەتای شۆرشدا هێندێك کاری بۆ بارزانی کردوەو سەرنجی ناوبراوی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە ٠ بەهیچ جۆرێك نابێ بزانێ ئێمە ڕەخنەمان لەناوبراو هەیە، بێتوو هەست بەوە بکات هیچمان پێ ناکرێ ٠ لە پێشدا دەبێ سەرنجی هێندێك برادەر بۆلای خۆمان ڕاکێشین، بەڵکوو دوایی بەدەستی زۆربتوانین ئەحمەد تۆفیق لەوسەرکێشی‌یە بگێرینەوە ٠ ئەوەش پێویستی بە پێك هێنانی کۆمیتەو بەرنامەیەکە و دەبێ کاری بۆ بکرێ ٠ گوتی: تۆ تۆزێك لە سەید حوسێنی مەدەنی نیزیکی، دەشێ بۆ شتێکی وا قسەی لەگەڵدا بکەی ٠

بە کورتی، دوای ساع‌بوونەوەی هەرسێکمان بۆکاری نهێنی، بەپرۆگرامێکی دە (١٠) خاڵیی، لەسەر نێوی "کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان٠ کۆمیتەیەکمان دامەزراندو کارمان لە نێو خۆماندا دابەشکرد.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە بەرگی ١ی ئاورێك لاپەرەی ٧٥

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

دوای دانانی ئەو گەرایە، لە پێشووگەرم‌و گورتر دەستمان بەکارو باری رۆژانەی حیزبی‌و پێشمەرگایەتی کردو بە گوێرەی توانا ئەرکی خۆمان ڕادەپەراند ٠ پێشمەرگە لە زیاد بووندا بوو، بەلام هەوالێك لە پێکەیاندنی کادر لەگۆڕێدا نەبوو ٠ ئەو لاوە خوێندەوارانەی کە دەهاتن، یان دەکران بە پێشمەرگە، بێ‌ئەوەی بەرنامێکیان بۆ دابندرێ‌و شتێکیان پێ بگوترێ، لە کوڵ خۆیان دەکردەوەو

دەنێردرانەوە بۆئێران. بۆ وێنە: کەسانی وەکوو حەمەدەمین سیراجی و سایلی شەریفزادەو سالاری حەیدەری، ئەوەندەی لە کوردستانی باشوور مانەوە، کارێکی حیزبیان پێ نەسپاردن و تەنانەت بەبیری دوور لە حیزبیشیان تاوانبار دەکـردن. زۆر کـەسـی تـری وەك فتـاح قـادری، فتـاح ڕەحمـانـی، جەعفەر کەریمی، و... دەهاتن دوای شەش حەوت مانگ مانەوەو، بێکاری و سەرگەردانی، کە دەیاندیت هیچ شتێك لە گۆڕێدا نیە، بە ناچاری دەگەڕانەوە ڕۆژهەلات. لاوی ئاوامان زۆر بوون کە دەهاتن و حاطل و باطل دەکەوتنەوەو کەڵکیان لێوەر نەدەگیرا. کاتێك لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق باس دەکرا، لەوەلامدا دەیگوت؛ هەرشتەی کاتی خۆی هەیە، بابزانی جارێ شۆڕش چی لێدێتەوە؟ جاروبار لەزاری دەر دەپەڕی و دەیگوت: خەبات و شۆڕش بەڕەوشی بارزانی سەرکەوتوو ترە، تا بە شکل و شێوەی تەشکیلاتی حیزبی. مەبەستی ئەحمەد تۆفیق ئەوە بوو، خۆی بە کاری حیزبایەتی یەوە خەریك نەکات و بە شێوەی خێڵەکی و فەرمانی تاقەکەسی کار بکرێ و شتێکیش بە نێوی ڕێکخراو هەبێت، بۆ ئەوەی "مادام العمر" تاماوە بە نێوی ڕێبەری حیزب فەرمانڕەوابێ. پێم وابێ بیری لەوە نەدەکردبۆوە کە بارزانی عەشیرەتێکی هەیە فەرمانبەرن و بەقسەی دەکەن، بەلام کەسێکی وەکوو خۆی ناتوانێ ئەو نەخشە بەڕێوە بەرێ. بە داخەوە بۆ بەدبەختی کورد، لەو فەزاو گۆڕەپانە ئازادەی کە پێك هاتبوو هیچ نەکراو کەس پێ نەگەیەندراو هەموو کات و ساتەکان بە فیڕۆ چوون. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەحمەد تۆفیق پیاوێکی ماندوو نەناس و زیرەك و بەکاربوو، بەلام لەراستی دا بۆکاری سیاسی دروست نەکرابوو. دەیتوانی ئەگەر بحاوێتەوە فەرماندەیەکی باشی نیزامی بێت نەك کاری سیاسی. جارێك لە جاران نەماندیت کتێبێك بخوێنێتەوە. تۆزقاڵێك بڕوای بە کاری گشتی نەبوو، دەیزانی لە کاری سیاسی بە کۆمەڵ و کاری دەنگداندا سەرکەوتوو نابێ. دیارە ئەوەش بە ئیسپات گەیشت. ناوبراو بەناچاری کۆنگرەی دوی پێك هێنا، بەلام لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی نەحاواوەو هەڵی نەکرد. بەداخەوە

سەرئەنجامی ئەو سەرەڕۆیی و تاکڕەویەی بوو بە سەرتێدا چوونی خۆی. هاوینی ١٣٤٢ی هەتاوی ١٩٦٣ی زاینی، لەگەڵ قادر شەریف بە کوێستانەکانی قەندیلدا سەردانی چەند گوندێکی سەر سنوورمان کرد. لەو سەردانەدا، مام عەولای سەعیدی لە ترکەش، کاعەلی و کامحەمەدی گردباسەك، عەبدوللای مەلاعوسمانی بادیناوێ، مەلا ڕەسولی گەردی لە نمنجێ مەلا بایز لە دەمرچیان و زۆر کەسی ترمان دیت. مەلا ڕەسوڵ گردی بەر پرسایەتی درایە کە کومیتەیەکی ناوچە پێك بێنێ لە کەسانێك کە بۆ خۆی پێ باش بن. دوای ئەو ریزە کارە ئێمە گەڕاینەوە گەرمێن. عەولای مەلا عوسمانی، کە بۆرە خوێندەواریەکی مزگەوتی هەبوو، دێتە لای ئەحمەد تۆفیق و ئەو گەشت و جەولەی ئێمەی لەگەڵ باس دەکات. ناوبراویش ماموریەت دەدات بە عەولای مەلا عوسمانی کە لە ناوچەی پیران و بەری مێرگان کۆمیتە ناوچە پێك بێنێ. بەو دوو دەستورانە لە نێوان مەلا ڕەسول و مەلاعەبدوللا، ناکۆکی پێك هات. ئەو ناکۆکی یە بوو بە هۆی نەمانی کاری نهێنی. کاتێك من ئەوەم زانیەوە مەسەلەکەم بۆ ئەحمەد تۆفیق باسکرد و داوام لێکرد هەردووکیان بانگ بکات و پێکیان بێنێ بۆ ئەوەی ناکۆکی نەمێنێ، بەڵام ناوبراو ڕك و ڕاست پێی گوتم: من عەولای مەلاعوسمانم وەك بەرپرس دیاری کردوە و تەواو بووە. هەرچی دەلیل و بەڵگەم هێناوە کە ئەوە کارێکی دروست نیە و لە دابەشکردنی کاردا من بەرپرسی ناوچەکانم و باشتر خەلکی دەناسم و تۆ بەر پرسی پێوەندی نێوان حیزب و شۆرشی، بێ فایدە بوو. ناچار نامەیەکم بۆ شەهید مەلا ڕسولی گەردی نووسی کە لەو کارەی پێمان ئەسپاردوە دەست ڕاگرێ، چونکە لە ناوچەیەکی بچوکی وەك بەری مێرگان هەرچی دروست بکرێ و پێك بێ، مادام ناکۆکی و ناتەبایی لە نێو ئەندامأندا هەبێ، نهێنی ڕاناگیرێ و بە زیانی خۆت و خەلکەکە تەواو دەبێ. دوای ماوەیەك بەهۆی نێوان ناخۆشی من و ئەحمەد تۆفیق، ناوچەی باڵەکایەتیم بەجێ هێشت و دوایی ماوەیەك زانیمەوە کە ناکامی ناتەبایی و بەربەرەکانی و ململانەی ئەو دوو کۆمیتە و دوو بەرپرسە، دژایەتی

تەواوی لێ پێك هاتووەو ناوچەی بەری پیرانانی داگرتووە. ناکامی ئەو ئالوزیە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی نهێنی کاریو، مەلا رەسولی گەردی دەگیریو تووشی زیندان دەبیو عەولای مەلا عشمانو عەولای مام سەعیدو چەند کەسی دیکەش وەبەر دەست ناکەونو هەلدێنو دەچنە لای کاك ئەحمەد توفیق.
بەکورتی منیش لەگەل کاك ئەحمەد توفیق لەسەر هێندێك کردەوەی غەیرە ئوسولی وردە وردە هەر دەهات نێوانمان ناخۆشتر دەبوو. یەکدو جاران نامەم بۆ کاك سولەیمانی موعینی نووسیو، ویڕای دەردی دل. گلەییم لە ئەحمەد توفیق بۆ دەنووسی، ئەویش وەلامی پڕ لە ئامۆژگاریو پەندی بۆ دەنوسیمو داوای لێ دەکردم هێدیو هێمنی خۆم بپارێزم. تاسەر ئەنجام رۆژێك لەگەل فایق چاومان پێکتر کەوت، ناوبراو دە ئەوندەی من بێزارو نارەحەت بوو گوتی: تۆ لەجێگای من بی چ دەکەی؟ ئەو شتانەی بە دەستووری کاك ئەحمەد دەکرێن، تۆهەر ئەت بیستوون و ئاگاداریان نی. کاتێك لەگەل کاك ئەحمەدیان باس دەکەم، تەنیا رۆژێك گوێیان دەداتێ دوایی هیچ. هەرشتێکی بۆخۆی پێی خۆش بێ وا دەکات. تەنانەت کارێکی وام کردوە بە هۆی ئەمو ئەو بۆ بارزانیش باسکراوە، بەلام ئەوەی دەیکا، هەر دەیکاتو هیچ کەس ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. پاش رازو نیازێکی زۆر گوتی: ئاخر ئامۆژگاری من ئەوەیە؛ ململانە لەگەل ناوبراو گالتە بەناورکردنە، چوونکە، ئەتۆ، ئەمن، نە هیچ کەس، لەحالیی حازر دا ناتوانێ ناوبراو کۆنترۆل بکات، ئەوی تۆ باسی دەکەی ئەگەر بکرێ شتی باشە، بەلام ئەو ریزەکارانە زەمانی دەوێو نابێ خۆتی لەگەل دەرگیر کەی.
قسەو ئامۆژگاری‌یەکانی کاك فایق زۆری شوێن لەسەر دانام. پەشیمان بووم لەوەی کە دلی ئەحمەد توفیقم ئێشاندبوو. غروری لاویەتیش رێگای نەدەدام داوای لێبووردنی لێ بکەم. پێم وابوو ئەگەر ئەو کارە بکەم بەمانای تەئیدی کردەوە نالەبارەکانی ناوبراوم کردوە، لە ڕاستیشدا وابوو.
دوای ئەو قسانە کاك فایق گوتی: هیوادارم بتوانی لێی نیزیك بیەوە مەیدان بە جێ نەهێلیی.

## بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ !

شەرو پێکدادان لە نێوان شورش و حکومەتی بەعثدا وەستابوو . وتوووێژی نهێنی لە نێوان بارزانی و رژیمی تازەی عێراق لە ئارا دا بوو . ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان بە توندی لە دژی ڕاوەستانی شەڕو وتوو وێژ لە گەڵ رژیمی بەعس ڕاوەستا بوون . مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دێموکرات کوردستان ، لە گەڵ ئەندامانی تری سەرکردایەتی کە بریتی بوون لە کاك علی عەبدوڵلا ، کاك نوری شاوەیس ، مامجەلال ، سەید عەزیزی شەمزین ، کاك عومەرمستەفا ( دەبابە ) کاك عەلی عەسکەری و کاك علی حەمدی ... هتد واتە کۆمیتە ناوەندی، وتوو وێژیان لە گەڵ رژیمی بەعث ڕەد کردەوە . سەرئەنجام بارزانی ئاوربەسی ڕاگەیاندو شەڕو پێکدادان ڕاوەستا . مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیانامەیەکدا ڕاوەستانی شەڕیان مەحکوم کردو بارزانی بە تەسیلم بوون تاوانبارکرا . ئەو بەیاننامە پتری ساردی لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و بارزانی داپێك هێنا . دیارە لە پێشدا ساردی و سرِی لە نێوان سەرانی پارتی و بارزانیدا هەبوو، بەڵام ساردی و ناتەبایی ئەوجارگەیشتە پلەی ئاشکرا بوون و تەنانەت بەربەرەکانی کردنی ئاشکرای یەکتر . بارزانی زۆری کەڵك لەو بەیانەی مەکتەبی سیاسی وەرگرت . لە لایەك بە بەهانەی دژایەتی لەسەر وتوو وێژ، سەرنجی رژیمی بەعثی بۆلای خۆی ڕاکێشا ، بۆ وەی ئەگەر ویستی لە بەڕێوەبەران و لایەنگرانی پارتی بدات، لەلایەن رژیم کەندو کۆسپی بۆ پێك نەیە . لە لایەکی دیکەوە بە خەڵك نیشان بدات کە پارتی دژی پێك هاتنە لەگەڵ رژیم . بەو بۆنەوە دژایەتی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی مەکتەبی سیاسی ئاشکراکرد . دوای ئەوەی لەگەڵ بەعث بە لامەرکەزی ڕێك کەوتن، پارتی بەیانێکی توندی دژی بارزانی بلاو کردەوە . سەر تیتری بەیاننامەکەدا بە خەتی درشت نووسرابوو : **ماف وەرگرتن، یان تەسلیمبوون ؟** ئەو بەیانە بارزانی زۆر توورە کرد . ئەویش ڕا

بگه‌یاند؛ پێشمەرگه ریزی پارتی بەجێ بێڵن و خۆیان بگەیەننە بەرەی هێزەکانی بارزانی. لەگەڵ ئەوەیدا پێشمەرگە ماندووبوو لە حەسانەوەیەك دەگەڕا، ڕاگەیاندراوی بارزانیش ئەوەندەی تری هاندان کە زۆرێك لە پێشمەرگەی سادەو کەسانی تریش بنکەکانی پارتی بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە لای بارزانی. دەستوردرا بەفەرماندە هێزەکان، هەر پێشمەرگەیەك کە پارتی بەجێ هێشت، پێنج دینار پاداشی بدرێتێ. ئەوەی پلەی سەردەستەو فەرماندەری بوایە پاداشی پترو باشتری وەردەگرت. پێشمەرگەو بنەماڵەی پێشمەرگە لەو پەڕی دەست تەنگی دابوون، ئەو پێنج دینارەی ئەوکات یاریدەدەرێکی باشی بنەماڵەی پێشمەرگە بوو. وەزعەکە بە تەواوی شێوا بوو. هێندێك کەس هەر بۆئەوەی چەکی خۆی بەرێ و بیفرۆشێ، لای پارتی بەجێ دەهێشت و خۆی بەیەکێك لە بنکەکانی سەر بە بارزانی دەناساند و چەکی تری وەردەگرت. لەڕاستیدا ئەو بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی جگەلەوەی زەربەیەکی گەورەی لە یەکپارچەیی شۆڕشدا، بوو بە هۆی بەهێز بوونی پتریجەبهەی بارزانی و لەبەر یەك هەڵوەشانی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارو دێ.

دەکرێ بڵێین: ئەو بەیاننامە بوو بەسەرەتای لێك ترازان و جێگا لەق بوونی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو ناتەباییەی نێوانیان بوو بە ناسۆرو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو برینە ساڕێژ نەبۆوە. بە دوای ئەوەشدا مەلامستەفا بارزانی بڕیاری گرتنی کۆنگرەیدا.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێیان وابوو بەپێی پرۆگرام و پێرەوی پارتی، بارزانی مافی ئەوەی نیە کۆنگرەبگرێ و ناتوانێ کاری وا بکات، چونکە لە شانەوە بگرە تالیژنەی شارو ناوچە بەکادرو ئەندامەوە هەموویان لەدەستی پارتی دابوون، بەڵام بارزانی لە مەڕهێزی پێشمەرگ و دیاری کردنی فەرماندەو سەردەستەوە، پلانی دارشتبوو کاری خۆی کردبوو. لەلایەکی دیکەوە، جگەلەوەی بارزانی خۆشەویسی پێشمەرگەبوو، خاوەنی هێزودەسەڵاتێکی فرە مەزن بوو. هەربەوهێزودەسەڵاتەی هەیبوو توانی بە بانگ کردنی مرۆڤی سیاسی و سەرەك خێڵ و فەرماندەو مەلاو

کورەشێخ، کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز بداو کۆنگرەیەکی بەرفراوان پێك بێنێ ·
هەربەو کۆبوونەوەوکۆنگرەی کەلە نەیارانی مەکتەبی سیاسی پێك هاتبوو، چاردە کەس لە ئەندامانی سەر کردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارتی دەرکران و بە خەڵکی ناسێندران ·
لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەکوو کوردستان ، کوا پێرەو، پێرەو دەکرێ، تەنیا هێزو دەسەڵات حاکمەو جێگای قانوون و یاساو پرۆگرام و پێرەوی پێ پڕ دەکرێتەوە ·
دوو کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، واتە : کاك عەلی عەبدوڵڵاو کاك نووری شاوەیس، گەڕانەوە لای بارزانی و لە مەکتەبی سیاسی پارتی نوێی سەربەبارزانیدا بوونەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئێستاش لەو پلەیەدا درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن · باقی بەرێوەبەرانی پارتی هاوبیری مامۆستا برایم ئەحمەد، کە بە پێی یاسای پارتایەتی، پارتی دێموکراتی کوردستانیان بە دوور لە هێزی بارزانی دەزانی وا دەر نەچوو ·
مامۆستا برایم ئەحمەد و ئەوانەی خۆیان بە پارتی و میراتگری پارتی دەزانی لەسەرقسەو بڕیاری خۆیان مانەوەو لەو ڕێگایەوە سەرکەوتنی سیاسی و نیزامیان وەدەست نە هێنا · ماوێکی دوورودرێژ هێندێکیان لە مەیدانی خەبات و ڕێکخراو گۆشەگیربوون، شەخسی مامۆستا برایم ئەحمەد بە کردەوە بۆ هەمیشە لە مەیدانی ڕێکخراو، ڕێبەرایەتی پارتی دوورکەوتەوە ·

بۆ زانیاری پتر بڕواننە بەرگی ۱ی ئاوڕێك ·

................................

لەوکاتەدا کاك عەبدوڵڵای ئیسحاقی دەستی باش دەرۆیشت و هەموو شتێك بە ئارەزوی ناوبراو دەچووە پێش · بە هۆی دژایەتی لە گەڵ ڕێبەرانی پارتی، کە کاری حیزبی کرد بووە دژایەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان . ئەوەندەی تریش لە شەخسی بارزانی نیزیکتر بۆوە ·
لەو کاتەدا من و کاك حوسێن مەدەنی لە سەنگەسەربووین · بیستمان مام جەلال لە قەڵادزێیە · هاتینە سەر ئەوڕایە چاوێکمان بە مام جەلال بکەوێ

هێندێکی پرس و را لەگەڵ بکەین· هەوڵمان دەدا حیزبی دیموکرات بخەینە سەر ڕێگای سیاسی و لەو حاڵەی بێنینەدەر· لانیکەم دەبوایە لە خۆمان بکەین کە ئەگەر هاتوو سەرنەکەوتین، داخوا پارتی یاریدەمان دەدات واز لە ئەحمەد تۆفیق بێنین و بۆخۆمان دەست بەکاربین؟ ئیتر نەماندەزانی ناکۆکی بارزانی و پارتی دەگاتە شەڕو پێکدادان ئێمەش لەو نێوەدا فیدای کەم ئەزموونی خۆمان دەبین و بێ پشت و پەنا دەمێنینەوەو دەکەوینە بەر زەبرو زەنگی ئەحمەدتۆفیق · لەسەر ئەو بیروڕایە چوینە قەلادزێ و پێوەندیمان بە مام جەلالەوە گرت·

بۆوەدەست هێنانی ئاگاداری تکایە؛ بروانە بەرگی ١ی ئاوڕێك لاپەری ٨٢

..........................................

دیداری ئێمە لەگەڵ مام جەل بۆ ئەحمەد تۆفیق هەزم نەدەکرا· کاتێ دەبیسێتەوە کە ئێمە ناوبراومان دیوە، هەر لە سەنگەسەر لە بن باڵیی بارزانیدا من و حوسێن مەدەنی بە تاوانی دیتنی مام جەلال، وەك دوو پێشمەرگەی سادە چەککرد· ئەوەی ڕاستی بێ مەلامستەفاو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەموولایەکیان لەلای ئێمە کادرەکان خۆشەویست بوون· بەتایبەتی بارزانی لە نێو ئێمەدا جێگای ڕێزو ئیحترامێکی بێ پایان بوو، بەلام بارزانی نەئێمەی دەناسی، نە دەیزانی کە ئەحمەد تۆفیق لە بن باڵی ئەودا چ پەت پەتێنێکمان پێدەکات· دوای چوار پێنج ڕۆژێك هاتینە سەرئەوڕایە سکالای خۆمان بەرینە لای بارزانی· نامەیەکمان نووسی‌وناردمان ، وەختمان وەرگرت بچینە لای · پێنج کەس هەستاین چووینە لای خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفابارزانی ·
ئێمە پێش چونمان، شتی سەیرمان لە زەینی خۆماندا دروست کردبوو· یەکەم پێمان وابوو چونکە لە سۆڤیەت بووە، بارزانی چەپ بیر دەکاتەوە· دوهەم پێمان وابوو: ئەگەر بڵێین احمدتۆفیق دژی کاری سیاسی پێشەوە چونی حیزبییە، پێشنیارەکانمان لێوەردەگرێ و زۆر شتی تر· بەلام دوایی بومان دەرکەوت؛ کە لەسەر بیرو باوەڕی ناسیۆنالیستی سوورترە تا چەپ بیرکردنەوە· دەکرێ بڵێم:

لەباری خووخدەی خێڵەکیش گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە ·
پێویست ناکا وتوو وێژی ئەو کات زیندو کەمەوە -.
باشتر وایە : بروانە لاپەڕەی ٨٧ی بەرگی ١ ئاورێك .

---

دیارە بە پێی نووسین ئیستا مەکتەبی سیاسی پارتی تێك چووە ، بەلأم لە بەر ئەوەی باسەکە گەیشتبووە ناتەبایی و دووبەرەکی ، پیم باش بوو یەکسەر ئەو باسە کۆتایی پێ بێ و بچمەوە سەر باسی خۆمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و چیتر درێژە بەناکۆکی بارزانی و پارتی نەدەم ·

دوای ئەوەی لە بارزانیش ناهومێد بووین و بە دادمان نە گەیشت ، ناچار بەرەو مەکتەبی سیاسی ڕۆیشتین · لە مالوومە خانوێکمان کردەبنکەو دانیشتین · سەرەتا کلاسێکی فێربوونمان دانا ، بۆوەی هاورێیان سەرگەرم بن و ڕابردوو فەرامۆش کەن و لە باری ڕێکخستن و کاروباری حیزبیش پترشارەزایی وەدەست بێنن · بۆهەوەلین جار لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ، ئەو دەورەمان بەنێوی کلاسی کادرکردەوەو یەکێ لە هاورێیان بە نێوی عوسمان مام سەعید خەلکی مەهاباد ،کە پێشتر مامۆستای قوتابخانە بوو، بڕیاری لەسەر دراو بۆمامۆستای ئەو کلاسە دیاری کرا · دەرسی ئەو کلاسە بریتی بوو لە گوتنەوەی مێژوو، تاکتیك و ستراتیژی · لەرووی بەرنامێکی دەست خەت ، کاك عوسمان وانەی دەرسی وەستۆی خۆی گرت و کلاس دەست پێکرا ·

ئێمە سەرجەم ٢٣ کەس بووین ، لێرەدا بە باشی دەزانم بۆ ڕێزدانان لە ماندووبوونی ئەو ڕۆژ مێژووییە نێویان بێنم و ئەوانەی نەشماون سەری کرنوشیان بۆ دانەوێنم · کە سەرجەم بریتی بوون لە :

١- عثمان مام سعید ٢- عثمان عەزیزیان ٣- خەلیل شەوباش *
٤- قادرچایچی - محمد کاکاغازادە ٦- جعفر کریمی ٧ - حسن نەغەدەیی
٨- قادری قازی * ٩- ئارەحمانی صدیقی ١٠- احمدجوانمردی ١١-

خدری محمدپور ١٢- یونس اهنگری * ١٣- حسین مدنی . ١٤- سەیدفتاحی نیزامی * ١٥- رسول پێشنماز ١٦- حسن رستگار١٧- هاشم (قادرشریف)* ١٨- خۆم، سعید کاوە. هەروەها پێنج کەسی تریش‌بوون ناوەکانیانم لە بیرم نەماون. بەپێی بەرنامەی کار هەرکەس کارێکی وەستۆی خۆی گرت. دەکرێ بڵێم؛ دوای دووسێ مانگ بە تەواوی لەهەر بارێکەوە ئامادەگی ئەوەمان پەیدا کردکە بۆکاری سیاسیو رێکخستن بەرەو کوردستانی رۆژهەلات بکەوینە رێ و بۆ ئامانجو ئاواتەکانمان دەست بەکار بین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

نێوی ئەوانەی کە نەماون ، بریتین :

* عثمان عزیزیان، لاوێکی سابلاغی لە تەمەنێکی کەمدا مرد .

*خەلیل‌شەوباش، لە تەمەنی بیستو چوار پێنج سالی دابوو، لەگەل سولیمان موعینی لەلایەن شورشەوە گیران. سولیمان دوای ئەوەی شەهیدکرا، مەیتەکەی دراوە بەئێران. خەلیل‌شەوباشیش بێ سروشوێن کرا.

* قادری قازی، لە ناوچەی بۆکان شەهیدبوو .

* احمد جوانمرد، خەلکی ناچەی سەقز بوو، روون نیە چی بەسەر هات .

* یۆنس اهنگری ، لە شەری نەغەدەدا شەهید کرا.

* سەید فتاح نیزامی لەشۆرشی ٤٦و٤٧دا ، لە ناوچەی بەیرەم شەهید کرا.

* هاشم حەق طلب (قادرشریف )لە مزگەوتێکی سولەیمانی، نامەردێك بە نێوی یوسفەلیچە کەسیخورێکی بەکرێگیراوی ئێران بوو، لەجلی پێشمەرگایەتیدا ترۆرو شەهیدی کرد. یادیان بەخێرو روحیان شاد بێ .

# تەرمیمی کۆمیتەی ساخکەرەوە و بەیاننامە .

هەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، کۆمیتەیەکی نهێنی سێ کەسیمان هەبوو بە نێوی کومیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان. دوای ئەو هەراو بەزمو رەزمەی لە لاپەرەکانی پێشوودا خوێندتانەوە، لە حاڵیی نهێنیدا نەما. ئاشکرا بوونی ئەوکۆمیتەیەو هەلوو مەرجی ئەو کات پێویست بوو تەرمیمی کەینەوەو گەورەتر بکرێتەوە. هاتینە سەر ئەوەی ئەو کۆمیتە بکەینە پێنج کەس و دوو کەسی تری پێوە زیاد کەین. پێشنیاریکمان لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە پێگەیبوو کە کارێکی وا بکەین مەلااحمدی شەلماشی (مەلائاوارە) رەگەڵ ئەو کۆمیتەیە بخەین. ئێمە ناوبراومان دیبوو دەمانزانی تێکۆشانی هەیە، بەلام ئاگاداری ئەوەمان نەبوو کە لەگەل مەکتەبی سیاسی پێوەندی هەیە. دیارە پێوەندی ناوبراو بۆ وەدەست هێنانی رۆژنامەونوسراوەکانیان بوو، کە لێیان وەربگرێ و لە ناوچە لە نێوکەسانێکی کە هاتووچۆی دەکردن بە دەستی بەتاڵ نەچێتە لایان. ناوبراو ئەحمەد تۆفیقی ناسیبوو خۆی لینەدەدا. پێوەندی بە پارتییەوە کردبوو.

برادەرانی پارتی بەڵێن‌یان داینێ کارێکی وابکەن مەلائاوارە بدۆزنەوە. ئێمە پتر لە مانگێك لەسەر ئاوارە راوەستاین، بەلام وا دیاربوو کە نەیان توانیوە بیدۆزنەوە. ئێمەش لە سەدا سەد نەماندەزانی کارمان لەگەڵ دەکا، یان نا. ناچار وازمان لێ هێناو بریارماندا مەلا ئەبوبکری فلسفی یەکێ لەئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بێت. دیارە مەلاحسن رستگار بەکردەوە لەهەموو کارەکاندا لەگەڵ بوو لەسەرئەویش ساغ بووینەوە. ئەو پێنج کەسە، واتە: هاشم(قادرشریف) مەلاابوبەکر، حوسێن‌مەدەنی، مەلاحسن رستگار، سعید کوێستانی. وەك ئەندامی بەرێوەبەری، کۆمیتەی ساخکەرەوە، بە شێوەی کاتی کاروبارەکان بەرێوە بەرن. قادرشەریف لەبارەی نووسینی بەیاننامەکەی کە دەمانویست بینووسین، پێشنیاری‌نووسینی کرد. لەراستیدا ئەوکات لەباری سیاسی و ئەزموونەوە، ناوبراو لە هەمووی ئێمە شارەزاترو زاناترو تەنانەت ئاکتیوتریش بوو. دوای ئەوەی بەیاننامەکەی نووسی و لە دانیشتنێکدا بۆی خوێندینەوە.

ئەو بەیاننامەیە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. هەروەها هۆی پێك هاتنی ئەو کۆمیتەو هۆی بەجێ هێشتنی ئەحمەد تۆفیق و زۆر شتی تر، بوڕون بوونەوەی خەلك گونجێندرابوو. دەكرێ بلێین: بەشی هەرەزۆری بەیانەکە، لەسەر پێشێلکردنی ئوسولیی حیزب و نەبوونی سەربەخۆیی و بێ‌دەروپەیکەری حیزبێکی سیاسی و پێشگیری لەکارو خەباتی حیزبایەتی و دژایەتی لەگەڵ پەرەپێدانی ڕێکخستن لە نێوولات بوو. واتە: بە ئاشکرا لە نێو بەیانەکەدا هاتبوو کە ئەحمەد تۆفیق پێی ئەسپێردرا بوو نەهێڵێ حیزب پەرە بگرێ و ڕێکخراو و تەشکیلاتی هەبێ. سەفەری ناوبراو بۆ ئێران و چوونە سەفارەتی ئەمریکای تێدا شیکرابۆوە لەگەڵ ئەو شەرت و شروتانەی بۆیان دانابوو. من پێم وایە ناوبراو بۆخەیانەت ئەوکارو پێوەندیەی نەگرتبوو، بەڵکوو پێی وابووە ئەگەرئەو مەرجانە قبووڵ بکات، ئەمریکاش مافی ئازادی و نەتەوایەتی کورد مسوەگەردەکات. لە ڕاستیدا ناوبراو تووشی سەرلێشێواوی ببوو نەیدەزانی خەریکی چی یە!؟

دیارە لەو سەردەمدا پێوەندی ئاوا نیزیك لەگەڵ ئەمریکا بە تاوانێکی گەورە دەژمێرا. یەکەم؛ ناوبراو بەبێ پرس و ڕاوێژ ئەوکارەی کرد بوو. دووهەم؛ کۆمیتەناوەندییەك نەبوو کە وەك نوێنەر ماموریەتی بدرێتێ ناوبراو بچێتە ئێران لەگەل سەفارەتی ئەمریکا وتوو ویژ بکات.

---

بۆ زانیاری پتر بروانە بەرگی ١ی ئاورێك لاپەڕی ١٠٢ تا ....

لە دانیشتنێکی کۆمیتەی ساخکەرەوەدا، خۆمان بەچواردەستە بە سەرناوچەکاندا دابەش کرد، واتە: مەلائەبوبەکر لەگەڵ چەند کەسی پێشمەرگە، کاروتێکۆشانی خۆی لەناوچەی بانەو مەریوان دەست پێ بکا. کاك حەسەن رستگارو کاحوسێن مەدەنی لەگەڵ چوار کادر لە ناوچەکانی سەردەشت و گەورك و دەوروبەری مەهابادکار بکەن. کاك قادرشەریف لەگەڵ چەندکادرێك ناوچەی سەقزو بۆکان و هەوشار، سەعید کوێستانی ناوچەی لاجان، شنۆ، سندوس. دیاری کردنی

ئەوشوێنانە وەك دابەشكردن دیاری كران. دیارە كوردستان تەنیا ئەوەندە ناوچانە نەبوون، بەلأم بەتەشكیلاتێكی بچوكو ئەوەندە كادرانە دەبوایە هەرئەو ناوچانە لەبەرچاو بگیرێنو دیاری بكرێن .

## بەرەو رۆژهەلأت .

دوای چاپكردنی بەیاننامەو خۆ ئامادەكردن خۆمان گەیاندە كوردستانی رۆژهەلأت . لەزورشوێن ئێواران رۆژی دەما وەرێدەكەوتینو ناوچەمان بەجێ دەهێشت. دیارە خەلكەكە دەیانناسین هاوكاریان دەكردین. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو رێكخستنەی ئەنجام دەدرا زۆر لاوازبوو. چوونكە ئەو ئالۆزیو شپرێویەی پێك هاتبوو، كەم كەس لەدلەوە بڕوایان پێبوو. ئەحمەد تۆفیق ئەوەندەی پڕوپاگەند بلأو كردبۆوە خەلكەكە سارد ببوونەوە. رۆژێك یەكێ لە هاورێیانم بە نێوی میرزا، كەئێستا حاجی میرزایەو خەلكی شنۆیە، پێشنیاری پێكردم هێندێكم قسەلەگەل بكات. دەستی پێكردو دوای پێشەكی یەك گوتی: دیارە ماوێكی دورودرێژە هاوكاری سیاسی حیزبیم، بەلأم ئەوەی ڕاستی بێت، لەڕۆ ڕا هاورێكاریو سیاسەتوحیزبایەتی ناكەم. بە بیستنی ئەو پێشنیارە زۆرم سوپاس كرد. بەڕاستی وتەی حاجی میرزا زۆر شتی بۆمن روونكردەوە. بەو ئاكامە گەیشتم كە ئێمە خەریكی ئاسنی سارد كوتانینو تێكەیاندنی ئەندامانی حیزبی بەستراوەتەوە بەوەی كە دەبێ بنكەی مانەوەمان لە باشووربێ. لە ڕاستیدا ناسنامەی ئەوكاتی كادرەكانی حیزبی، نیشتەجێبوونی كوردستانی باشووربوو ! زۆرجاران لەگەل قادرشەریف دادەنیشتین و دەمانگوت: ڕنگبێ ئەو بۆچوونە پروپاگاندی ساواك بێت. چوونكە لەو دیو بەباشی كونترۆل دەكرێینو لە ژێرچاوەدێری ڕاستەو خۆی پاراستن داین. بەلأم ئێستا رژیم نازانێ لە كوێنو خەریكی چین. لە باشور بە هۆی هاتووچۆی برادەران ئاشكراینو نهێنی ناپارێزرێت. دوای چەند رۆژێكی تر جەولەو هاتووچۆی نابەدل، بەرەوگوندی ورچەك گەڕاینەوە. بە دووشەو رۆژ خومان گەیاندوە ورچەك.

بەهۆی ناسیاوی شێخ ڕەحمانو شێخ باقی توانیمان سۆراغێك لە خوالێخۆشبوو شەهیدمەلا ئاوارە لەو ناوچەیە وەدەست بینین. یەكدوو ساڵ پێشتر جارێكمان یەكتر دیتبوو دوور بەدوور بە نێو یەكترمان دەناسی. دیارە ئاوارە بەشی زۆری هاتووچۆی بۆ گوندەكان بەشەو بوو. چاوەروانیەكەمان زۆری نەكێشا مەلائاوارە كاتژمێری دەی شەوگەیشتە لام لە گوندی بێژوێی ئالان٠ هاتنو دیتنی ئاوارە لەو كاتو ساتو سەردەمەی كە ئێمەی تێكەوتبووین، بۆمن هیوایەكی مەزنوگرینگ بوو٠ لەلایەكی دیكەوەش روونبوونی ناوبراو لەسەر چۆنیەتی شپرێوی حیزب و بروا نەبوونی ئاوارە بە بێ ئوسولیی، پتری هێز دەدا بەگەش‌بینیمو خۆشحالبووم٠ ئاوارە پێشنیاری كرد كە باش وایە ئەو شەو لە بێژوێ نەمێنینەوەو برۆین بچینە ورچەك. منیش تەماگرتنم بە ناوبراو ئەسپاردو گوتم؛ تۆ خەڵكی ناوچەیو دەزانی دەبێ چبكەین، چۆنت پێ باشە وادەكەین. ئاوارە لە ناوچەی سەردەشت زۆر شارەزابوو، تەنانەت لاڕێو ڕێگای پرمەترسی ناوچەش هەمووی شارەزابوو. لە هەموو گوندەكان ناسیاوی هەبوو بەتایبەتی لەو دەرو دۆڵانەی كە دووسێ‌مال بوون، یان تاقەماڵێك بوو زۆرمابۆوە. جگەلە ماڵەخزمو ئەندام، لایەنگری سیاسی زۆر هەبوو. ئاوارە بەیاننامەو رۆژنامەی پارتیو حیزبی دیموكراتی لە زۆر جێگا بڵاو كردبۆوە. بۆ خۆی دەیگوت: هەرچاپەمەنیەكی كوردی دەستی كەوتباو پێی باش‌بایە، بڵاوی كردۆتەوە. ناوبراو خۆی بەئەندامی حیزبی دێموكرات دەزانی، بەلام لەبەر ئەوەی ئەحمەد تۆفیقی بەكۆسپی سەر ڕێگای خەباتو سەددی پشكوتنی حیزب دەزانی، خۆی بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستان نە بەستبۆوە. دوای هێندێك ڕاو بۆچوونی سیاسی، شەوێ هەستای بەرەو ورچەك كەوتینە ڕێ. بەدەردیدڵو گلەیی لەمو لەو ڕێگامان بڕیو كاتژمێری ٣ گەیشتینە گوندی ورچەك دوای یەكدوو رۆژ قادرشەریف هاتەوە. بە ڕاوێژی هەردووكمان تەمامان گرت دانیشتنێك پێك بێنینو قسە لەگەڵ مەلا ئاوارە بكەینو پێشنیاری هاوكاری لەگەل بێنینە گۆڕێ، ئەگەر ویستی كارمان لەگەل بكا، با وەك ئەندامی كۆمیتەی ساخكەرەوە دەست بەكاربین.

دانیشتینو ئەو پێشنیارەمان پێكرد. مەلائاوارە وەك یاسا پرسی: بەبێ برادەرانی

تر دەتوانم ئەندامی کۆمیتە بم؟ بۆمان شیکردەوە کە کۆمیتەی ئێمە کۆمیتەیەکی یاسایی‌و هەڵبژێردراو نییە، لەسەر وتوو ویژ پێك هاتووە، واتە (انتصابی)یە. لەلایەکی ترەوە ٣ ئەندامی کۆمیتە واتە: مەدەنی‌و رستگاروفەلسەفی، بەکردەوە خۆیان لەبەرپرسایەتی کێشاوەتەوەو دانیشتوون. کاتێك ناوبراو لە چۆنیەتی کار ئاگادار بوو، پێشوازی لە پێشنیارەکەمان کردو پێخۆش‌بوونی خۆی ڕاگەیاند. دیارە ئێمەش لەومان پتر پێخۆش بوو. هەر لەو دانیشتنەدا، بۆ کاری کۆمیتەو شانەبەندی دابەشکردنی بەرپرسایەتی لەناو خۆماندا دیاری‌کراو بڕیاری دەرچوونی نامیلکەیەکمان دا، بەنێوی (زەنگ)ئەگەر بکرێ چەند مانگ جارێك دەربچێ. بۆکەرەسەی چاپ‌و پێویستی‌یەکانی لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی سیاسی پێوەندی بگرین، یاریدەمان بدەن. ئەوکات برادەرانی مەکتەبی سیاسی لە هەمەدان پەنابەربوون. ئێمە دەمان زانی کە مەکتەبی سیاسی دەزگای چاپ واتە: تایپ‌و رۆنیۆ‌و کاغەزێکی زۆریان هەیەو لە دەوروبەری شاری بانە، شاردراوەتەوەو ئەگەر داوا بکەین، دەماندەنێ. چەند بریاری ترماندا، کە یەکێك لەوانە، بریاری سێ چوار کەسی باش بوو بۆ پێشمەرگەو ئاگاداری لێکردنمان. بە ماوێکی کورت توانیمان ٣ پێشمەرگە پەیدا کەین. واتە: مەلا ڕەحیمی لۆمانی‌و کوێخا پیرۆتی کونەمشکێ‌و غەفورورچەکی. چەکی زیادیمان هەبوو چەکدارمانکردن .بە هۆی ناسیاوی مەلائاوارە لەگەڵ ماڵی شێخ باقی‌و شێخ ڕەحمان کە تۆزێك خزمایەتی لەگەڵیان هەبوو، گوندی ورچەك بوو بە بنکەی مانەوەمان. ئەو گوندە جگەلەوەی قایم بوو لە دووسێ مانگی هاوین بەولاوە لە لای سەردەشت‌ڕا مامور نەیدەتوانی بێت لە بەر ئەوەی پردی نەبوو. لەلایەکی تریشەوە ورچەك کەوتبووە سەر شاری بانە . هەرچەند دووجارمان هاتنەسەرو بۆی دەردەچووین، دیسان توانیمان پتر لە سالێك وەك بنکەو ژوانگە کەڵکی لێوەرگرین .

---

بۆ زانیاری پتر بڕوانە بەرگی ١ی ئاوڕێك لاپەڕی ١٢٩

دوای شۆرشی گەلانی ئێران هێندێکم هەڵبەستی ئاوارە دیتوون، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵبەستانەی من باسیان دەکەم دیار نین. ناوەرۆکی ئەو شێعرانە رێنوێنی بوون بۆ بەرێوە بردنی ئەرکی پارتیزانی و شی کردنەوێك بۆ پێشمەرگەی پارتیزان. هەروەها دیاری کردنی ئەرکی رێخستن بۆکادرێکی تەشکیلاتی کە چۆن حیل و حەشیرەت و تایفەکانی نێو کۆمەڵ بێ جیاوازی وێکبخرێن و هەروەها زاراوەکانی کۆمەلگا چۆن تەدریس بکرێ و منداڵ و لاوان چۆن پێ بگەیەندرێن و شێوەی حکومەتداری و دادپەروەری چۆن بێت و...

بەداخەوە ئەوشێعرانەم تا ئێستا نەدیتوونەوە. ناوەرۆکی ئەو هەلبەستانەی باسیان دەکەم زۆر لەوە پتر بوون. هەر بۆیەش دەمانویست لە ژمارەی هەوەلدا چاپکرێن وەك بەرنامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پروپاگاندی خۆمانی پێوە بکەین وکەڵکی لێوەرگرین. هەروەها قادر شەریف لەسەر ئوسولی حیزبایەتی و دیکتاتۆری ناوخۆی حیزب بنووسێ. منیش پێشتر شتێکم لەسەرکاری رێکخستنی تەشکیلاتی نووسیبووکە دەبوایە نووسراوەکان تایب کرێن و بە شێوەی جزوە چاپ و بلاو بکرێنەوە.

بۆبەیانی کە دەبوو دەست بەکاربین. تازە هەتاو سەری دەرێنا بوو، لەلای گوندی وەیسك پۆلێك ژاندارم وەدیارکەوتن، لە گەل مەلائاوارە بە پەلە لەدێ دەرکەوتین و چووین لە بلندایەك را سەیری نێو دێمان دەکرد. وردە وردە ژاندارم رژانە نێوگوندی ورچەك. دوای گەران و پشکنین، نانی نێوەرۆیان خوارد و بەو شوێنەی پێیدا هاتبوون گەرانەوە. ئێمەش چووینەوە نێو دێ.

کاتێ بەوە گەیشتین کە رژیم کەوتۆتە سەر ئەوەی زبرمان لێ بوەشێنێ و لە نێومان بەرێ، دەزگای چاپەمەنی و کەلووپەلی چاپمان لە باغی شێخ باقی شاردەوە، بریارماندا، لێی گەرێین تا زستانێ و دوایی ئەو کارە بکەین.

دێمەوە سەرباسەکەم. هەوالمان وەرگرت، کاك ئەحمەد تۆفیق خەریکە کۆنگرە دەگرێ. زۆرمان پێ سەیر بوو، بەلام دوایی بۆمان دەر کەوت ناوبراو لەترسی ئەوەی نەوەکوو ئێمە کۆنگرە بگرین خۆی تووشی ئەو کارە کردووە. لە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەدا هاتبوو رۆژێك کۆنگرە دەگرین. بەلام ئەو

نووسینە ئامانژێك بوو بۆ دەربڕینی هیوای دوا ڕۆژ، نەك بەرنامەیەكی كوتوپڕ.
چونكە ئێمە نە كۆنگرەمان پێدەگیرا، نە تەشكیلاتێكی وامان هەبوو كە لە باری یاسای تەشكیلاتیو سیاسی بتوانین كۆنگرە بگرین.
ئەحمەد تۆفیق بە خوێندنەوەی بەیاننامەی ئێمە بۆیێك هێنانی كۆنگرە بنێشتی لێ پووچەڵ دەبێو دەكەوێتە سەر پێك هێنانی كۆنگرەیەك. كە هەم لەو كۆنگرەیەدا بتوانێ ئیعادەی حەیسیەتی خۆی پێ بكاتەوە، هەم نە وەكوو وەڕاست گەڕێ كۆمیتەی ساخكەرەوە كۆنگرە بگرێ كاك ئەحمەد سەری بێكڵاو بمێنێتەوە.
بەڕاشكاوی دەڵێم؛ جگەلەوەی ئێمە پێمان خوشبووكۆنگرە بگیرێ، پێمان وابوو ئەگەر كۆنگرەیەك بگیرێو كۆمیتە ناوەندییەك هەڵبژێردرێ، بەقازانجی حیزب تەواو دەبێو لە داهاتوودا حیزبی دێموكراتی كوردستان دەبێتە خاوەنی كۆمیتە ناوەندیو لە حاڵەتی تاكە كەسی دێتە دەر، ئەوە ئاواتمانبوو.
دوای هەڵسەنگاندنی ئەو هەواڵە بە پێویستمان زانی یەكێكمان سەر قەلادزێ بدەینو لە نیزیكەوە ئەو مەسەلە روون كەینەوەو ئەگەركۆنگرە بگیرێ هەولبدرێ هاورێیانێك كە بەشداریان لەكۆنگرەدا دەبێ، كارێكی وابكرێ ڕێگامان بۆ بكەنەوە بەشداری كۆنگرە بكەین. منو ئاوارە ئامادەبووین سەرێكی قەلادزێ بدەین. دوای ڕاوێژ لەگەڵ ئاوارە، ئابراو هاتنی بە باش نەزانی. ئاوبراو بەئازادی دەچوو، بەلأم من دەبوایە بەنهێنی بچم. قادرشەریفیش هەر نەیدەتوانی. وا بەباش زاندرا مەلا ئاوارە بچێت هێندێك لە هەڤالآن ببینێو ڕێگایەك بدۆزێتەوە.
ناوبراو ڕۆیشتوو دوای چەند رۆژێك گەڕاوەو دەنگوباسی كۆنگرەی هێناوە. بەرنامەیەكی وای پێك هێنابوو كە ئێمە دەبوایە رۆژی پێش كۆنگرە بچینە تووژەل، ئەگەر ڕێگامان درا، هاوڕێیان ئاگادارمان بكەن بچینە كۆنگرە.
بە پێی زانیاری مەلا ئاوار، دیاری كردنی ڕێكەوتی كۆنگرە، ئێمە دەبوایە تامانگی سەرماوەز١٣٤٣ساغ بینەوە كەبچین یان نەچین. مانگو نیوێكمان مابوو. سەر ئەنجام ساغ بووینەوە بچینو بەشداری كۆنگرە بینو قسەی

خۆمان بکەین ۰ تەنانەتئەگەر بەقەولی ئیسحاقی تاوانباریش بین و کۆنگرەش بەتاوانبارمان بزانێ، هەربچین و حەقانیەتی خۆمان و تەکرەوی ئەحمەدتۆفیق بو نوێنەرانی کۆنگرە شی بکەینەوەو حیزب لەو پرش و بلاٌوییە رزگاری بێت. ئەوەمان کردە بریارو خەریکی خۆ ئامادەکردن بووین کەپێش رۆژانی کۆنگرە لەمانگی سەرماوەز دا بچینە نیزیك گوندی سونێ ۰

بەرەو شوێنی کۆنگرەی دووی ح د ك .

نیزیك رێکەوتی گیرانی کۆنگرە خۆمان ئامادە کرد کە خۆمان لە شوێنی کۆنگرە نیزیك بکەینەوە. شوێنی کونگرە نهێنی بوو ، تەنیا یەکدوو هاورێ بە هۆی کاك سولەیمانی موعینی قەرار بوو ئێمە ئاگادار کەنەوە .
سەرمای ئەو زستانیش ، بێنیهایەت سارد بوو ۰ بەفرێکی زۆر باریبوو دەشباری. لە ئیشکانیدا ئێمە بەزەحمت بە شەوێك دەگەیشتینە تووژەڵ، دیارە بە قاچاغی و بەشەوو بەفرو سەرما ، ناخۆشتریش بوو. سەرلە ئێوارێ هەر سێکمان لە گەڵ ۳ پێشمەرگە کەوتینە رێ. بە وتەی کوردەواری، بەفر لەپشتێنێ بوو . بە نۆرە رێگامان دەشکاندو بەدوای یەکتردا دەرۆیشتین.
کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە گوندی واشەمەزین و لەوێ ماینەوە. شەوی دوهەم، دووسێ کاتژمێر رێگامان بری لە گوندی تووژەڵ ماینەوە. لە وێرا کەسێکمان نارد بۆ سونێ تابزانێ برادەرانی کە قەراربوو ئاگادارمان بکەن بچینە کۆنگرە، چیان کردوەو دەڵێن چی و پێشنیاریان چی یە؟ ئەو کەسەی ناردبوومان دەبوایە لە گەڵ مەلاحەسەنی رستگارو هێندێك برادەری تر پێوەندی بگرێ و بزانێ کە ئەوان دەڵێن چی؟
بۆ بەیانی پەیکی نێردراو هاتەوە . بە گێرانەوەی داستانێکی دوورو درێژ تەواوی هیواو چاوەروانی و زەحمەتەکەمان بۆوە خەون و زەحمەت بەخەساری ۰
بەکورتی: ئەو هاورێیانەی کە چاوەروانی کۆنگرە بوون و دیانویست بچنەکۆنگرەو داوا بکەن و رێگە خۆشکەن بچینە کۆنگرە، رێگەی

چوونەکۆنگرە بە خوشیان نەدرابوو · بەناچاری گەڕابوونەوە قەڵادزێ و هەوالیان بۆناردین کە ئەحمەد تۆفیق ڕێگای نەداوین ، با ئەوانیش بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان · دوای وەرگرتنی ئەو هەواڵەو ئاگادار بوون لەچۆنیەتی کارو کردەوەی کاك ئەحمەد تۆفیق ئێمەش ناچار بووین بەو کرێوەو ساردو سەرمایە بەرەو گوندی ورچەك بگەڕێینەوە · ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بووین لانیکەم لەو کاتە ناسکەدا بۆیەکێتیو برایەتی لەسەردەمی شۆڕشدا کارێك دەکرێ کۆتایی بەو دووبەرەکیو نابەسامانییە بێت و کاك ئەحمەد دەست لەو بەربەرەکانیو دژایەتییە هەڵگرێ ، بەڵام ئەوەی کە بۆخۆی بڕوای پێ بوو هەر ئەوە بوو · بە داخەوە ڕۆژێك وەك کادرێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بیری لە یەکێتیبرایەتی نەکردەوە ·

## بڕیاراتی کۆنگرەی ٢

دوای گەرانەوەمان بۆ ورچەك، کەوتینە بیری ئەوەی کە بەهەر جۆرێ بێ،دەبێ لە ئاکامو بڕیاراتی کۆنگرە ئاگاداربین · ناچاربووین پشوو بدەینو دوای کۆتایی هاتنی ساردو سەرمای پڕ بەفرو شەختەی زستان وەخۆ کەوین · لەوبەینەدا بەیاننامەی دوای کۆنگرەو هێندێك هەواڵی نوێمان لە برادەرێك بە نێوی عەبدولا نەوروز پێگەیشت. لەو بەیاننامەدا ناوی چەند کەسێکی وەك دەرکراوی تێدا هاتبوو. بەیاننامەیەك بوو تا بڵێی مەغرورانە نوسرا بوو · لە پێشدا ناوی چەند کەسێکی ساواکی وەك وەهاب بلووریان لە نێو بەیانەکەدا گونجێندرابوو · بە دوای ناوی ئەواندا عەبدوڕەحمانی قاسملوو وەك خائین لەحیزب دەرکرابوو · هاشمحەقتەلەبو سەعید کوێستانی دوای هێرشێکی زۆر بەتاوانی چەپو چەپکارو خاینو نێونیتکەی بێ جێیو لە حیزب دەرکرابوون · مەلا ئاوارە تاقەڕۆژێك بە نێوی حیزبی دێموکرات کاری لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق نەکردبوو، کەچی بە نێوی کۆنگرە ساڵێکی هەڵپە سێر درابوو ·

خوێندنەوەی ئەو بەیاننامە ژیانی لێ تاڵتر کردین ۰ تەمای خۆمان گرتو بە پێویستمان زانی، کە بەرەو سنووری باشوور سەفەرێك بکەین ۰ لەو سەفەرە دا شەوێ چووینە گوندی واشەمەزین و، وا بە باش زانرا من سەردانێکی قەلادزێ بکەم . شەوێ بە نهێنی چوومە نێوشاری قەلادزێ و بوومە میوانی ماڵی کاك عەبدوڵا لاوە ۰ ناوبراو دوکانێکی بچوکی هەبوو ژیانی خۆی و دایكو خوشكو براکانی پێ دابین دەکرد، بەلام دەکرێ بڵێم تەنیا لەشەهامەتو پیاوەتی ئەو برادەرە دەوەشێتەوە کە چ پیاوەتیەکی لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئێمەی ئاوارە کرد ۰ عەوڵا لاوە، تەنیا مرۆڤێك بوو لە کاتی لێقەومانو ناکۆکی ئێمە لە گەل ئەحمەدتۆفیق لە هەموو بارێکەوە یاریدەی داین و خانووی داینێ و لەبرسێەتی رزگارکردین. زۆر کەس لەئەحمەد دەترسا کە لێمان نیزیك بێتەوە ، بەلام کاك عەوڵا لاوە کەسێك بوو، نەك هەر نەدەترسا، بەڵکوو وێڕای ئێمە دژی کردەوەکانی ناوبراو بوو ۰ من بەش بە حاڵی خۆم پیاوەتیو مرۆڤ دۆستی ئەو بنەماڵەم هەگیز لەبیر ناچێ ۰

شەوێ دەوروبەری کات ژمێری ١١ گەیشتینە ماڵی ناوبراو، بە یانی کەسانێکی کە دەبوایە بیان بینم پێویست بوو ناوبراو بە سەلاحی بزانی دیداریان لە گەڵ بکەم. دوای وەرگرتنی هندێك هەواڵ، گەڕامەوە، واشەمەزین و لە وێڕا لەگەل ئاوارەو پێشمەرگەکان گەڕاینەوە گوندی ورچەك.

مەلائاوارە کە لە ئەحمدتۆفیق قاچاغ نەبوو، بۆ وەدەست هێنانی بڕیاراتی نیهاییو ڕێگا چارێك بەرەو قەلادزی ڕۆیشت ۰ ناوبراو هێندێك لە برادەران بەتایبەتی مەلاحەسەنی رستگاردەبینێ و بە هۆی ناوبراوەوە هاورێان سولەیمانی موعینیو سەدیقی هەنجیری دەبینن ۰ پێویستە ئەوەش بڵێم: کۆنگرە هەیئەتێکی لێکۆڵینەوەی بەنێوی (کۆمیتەی حوسنی نییەت ) پێك هێنابوو، ئاوارە ئەو کۆمیتەیەش دەبینی، کە بریتی دەبن لە موعینیو سەدیقی ئەنجیریو مەلاسەید رەشید. یەکدوانێکی تر ۰ ئەو کۆمیتەش پێشتر بڕیاری لەسەر ئێمە دابوو کە بگەڕێینەوە نێوحیزبی دێموکرات ۰

بە پێویستی دەزانم ئەوەش رونکەمەوە. سەرەڕای ئەوەی کۆنگرە کۆڕی

حوسنی نییەتی پێك هێنابوو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوکەسانە بکات کە لە لایەن ئیسحاقی‌یەوە قاچاغکراون، بەڵام هەر ڕۆژی دوای تەواو بوونی کۆنگرە، ئەحمەد تۆفیق وەك پێشوو بێ پرس‌و ڕا، ئەو بەیانامەی کە پێشتر باسم کرد ئێمەی لەحیزب دەرکردبوو٠ هەتا بلاو نەکرابۆوە کۆمیتەناوەندی‌هەڵبژێردراو کە دووسێ ڕۆژ بوو هەڵبژێردراوبوون، ئاگادار نەبوون کە پێشی پێ بگرن٠واتە؛ تا وەخۆ دەکەون پێشی پێ‌بگرن ئیسحاقی دەستی خۆی وەشاند بوو وبە هۆی دەست‌و پێوەندەکانی بۆ ئەو لاو لای نارد بوو٠

بە کورتی مەلاحەسەنی ڕستگار، لەسەر بریاری" کۆمیتەی حوسنی نییەت"و ڕاوێژ لەگەڵ ئەوان، چەند کەسێك هەڵدەگرێ‌و لەگەل مەلا ئاوارە بەرەو ورچەك وەڕێ دەکەون، شەوێ خۆیان گەیاندە ورچەك ٠ ئەو شەوە نوستین‌و بەیانی بۆ وتوو وێژ لەسەرگەڕانەوەمان بۆباشووری عێراق لەدەرەوەی گوندی ورچەك دانیشتین٠ بەداخەوە بەیەك نەگەیشتن‌و قسە لێك چەپ کەوتن٠ سەرئەنجام بەرەو باشوور کەوتینە ڕێ‌و خۆمان گەیاندە تووژەل‌و گوندی"سونێ" بنکەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان٠

بۆ ئەوەی خوێنەر باشترلەو سەفەرە ئاگاداربن بڕواننە بەرگی ١ ئاورێك لاپەری ١٣٨

.............................................

لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ نێوحیزب ئاواتێکی گەورە بوو٠ بەتایبەتی ئێمە وەك خاین لە ژێر نێوی کونگرەدا لە حیزب دەرکرابووین٠ بەگەیشتنەوەمان بۆ بنکەی سونێ‌و بەپیرەوە هاتن‌و دەست لە ملی یەکتر کردن‌و ئاشتبوونەوە، بەرە بەرە ویست‌و خواستەکانمان دەهاتنە دی. ئەو ڕۆژە هەرکەسێکت دەدیت، بەپێکەنین‌و ڕووخۆشی لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبووین٠ بەتەواوی هەست بەوە دەکرا کە زۆربەی هەرە زۆری کادرو ئەندامانی حیزب بە گەڕانەوەی ئێمە شادوخۆشحاڵبوون٠ شەخسی ئیسحاقی لەوێ نەبوو٠ ناوبراو لە سەنگە سەر کاتێك دەبیسێتەوە ئێمە گەڕاوینەتەوە نێوحیزب، لەگەڵ تیپێك پێشمەرگەی خۆی بە نێوی ٣مانگ مەرەخەسی، بەرەو چیای

قەندیل دەڕوات. ناوبراو لە ویّرا نامەیەکی لەسەر کشانەوەی خۆی ئیستعفا بۆ کۆمیتە ناوەندی ناردبوو. سولیّمانی موعینی لە خۆشیان هەرد وەخۆی نەدەگرت. سەدیقی هەنجیری بەو کارەی ئیسحاقی وەڕەز بوو. کۆبوونەوە یەکیان کردو هەنجیری بەرەوچیای قەندیل ڕۆیشتو بۆ سبەینێ گەڕاوە. دەرکەوت کاك ئەحمەدتۆفیق لەسەر قسەی خۆی سوورەو کشانەوەی لەحیزب یەکجارییە.

مرۆڤ لەژیانی خۆیدا زۆرجاران دەبینێ؛ کەسێکی تەماعکار، یان یەکێکی لە خۆیایی و سەرەڕۆ دەیهەوێ بە سوودی خۆی ئالوگۆڕێك پێك بێنێ، پلان دادەڕێژێ بە سوودی خۆی کارێك بکات، بەلاّم ئاکامی کردارەکەی بەزیانی خۆی تەواو دەبێو وەك پێشووی لیّ نایەتەوە. ئەحمەدتۆفیق کۆنگرەی گرت کە خۆی لەو تاوانانە رزگاربکات کە لە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەدا لەسەری نووسرابوو. هەروەها جێگاو موقعیەتی خۆی قایمتربکا، بەدەستی خۆی کۆنگرەی دروست کردو کۆمیتە ناوەندیو کۆمیتە چاوەدێریو کۆمیتە حوسنی نییەتی بە هەبژاردنی کۆنگرە پێك هێنا و پێی وابوو ئەگەرکۆمیتەش هەبێ بەکەیفی خۆی بێ مەشوەرەت دەسەلاّتی تەکرەوی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ، بەلاّم بیری لەوە نەکردبۆوە کە لەوە بەو لاوە دەبێ بە بڕیاری دەستە جەمعی کۆمیتە ناوەندی هەلسێو کەوت بکاتو بە دەنگدانو پاراستنی پرنسیپی سیاسی بجوولێتەوەو، واز لە تەکرەویو بەرزەفڕیو بگرەو بەردەو کردەوەی خێلّەکی بێنێ.

بەکورتی دەکرێ بلّێین: ناوبراو جگە لەوەی لەگرتنی کۆنگرە پەشیمان ببۆوەو دەیەویست کارێك بکات وەك خۆی لیّ بێتەوە، بەلاّم کارلەکارترازا بوو. کاتێك دیتی تازە ناتوانێ ببێتەوە سەردارو تاقەسواری پێشوو، وەك شێتان سەری لیّ دەشێوێو ڕاکە ڕاك بەو لاولادا دەسوورێتەوە. هەربۆیەش بە نێوی پشوودان و حەسانەوە ڕۆیشت بۆ قەندیلو شاخەو شاخ دەکاو دەستدەکات بە ریزەکارێکی تری دوور لەکاری ئوسولیو سیاسی.

چەند پێشمەرگێکی نەخوێندەوارلە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو بەهۆی ناسیارو

کۆمیتە ناوەندیەکدەکات کە بۆخۆی بە پێك هێنانی کۆنگرەدەنگی بۆدابوو ۰ ئێستا کە ناوبراو لە زیندانی بەعثی خوێن خۆردا شەهید بووە ، ئەویش خۆی داستانێکی دوورو درێژە ، بەڵام دوای شەهیدبوونی واباشە وازی لێ بێنین و بۆ ئاگاداری پتر بەرگی ۱ ئەو بیرەوەریانە بخوێننەوە کە ساڵی ۱۹۹٦ نووسراوە .

.............................................

بڕوانە بەرگی ۱ ئاورێك لە بەسەرهات و رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکرات کوردستان لە لاپەری ۱٤۰

گێرەوکێشەی کاك ئەحمەد بەوەندەش نەبڕایەوە کە ڕۆیی بۆ قەندیل و دانانی بنکەی گێرەشێوێنی و دوبەرەکی و چی و چی ............

ئەوەی ئاماژەم پێکرد گۆشەیەك لە ناتەبایی نێوخۆیی بوو ، ئەگەر بێتوو باسی بکرێ کاری ئەو نووسراوەنییە . سەرەڕای ئەو کێشانە ، ترس و لەرزی گیران و تەسلیم کردنە بەئێرانیش لەولا ڕاوەستێ کە بەرێوەبەرانی شۆرش بۆیان پێك هێنابووین و هەر ڕۆژێ بەهانەیەکیان پێدەگرتین .

لە ڕاستیدا سەردەمێکی ئەو پەری ناخۆش و پڕ تەنگوچەڵەمە دەورانی خۆی دەپێوا . لە هەمووی ئەوانەی کە باسکران ناخۆشتر ، ڕاونانی کادرە شۆرشگێرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە لایەن بەرێوەبەرانی شۆرشی ئەیلول و ژێر چاوەدێری پاراستندا بۆساواك تەنگیان پێ هەڵچنی بووین . لە لایەکی دیکەوە ناتەبایی نێوخۆمان وای لێکردبووین بیرمان بۆ لە موشکلاتی خۆمان نەدەکراوە کە چبکەین و چ ڕێگایەك بۆگیروگرفتەکان بدۆزینەوە کە پتر پەرە نەگرێ و چاری بکەین .

وردە وردە وای لێهاتبوو بە هاورێی خۆمان ڕەشبین ببووین . دیارە ناحەق نە بووین کە بە هەموو شتێك ڕەشبین بین . کاتێك دەماندیت ناتەبایی نێو خۆمان کارێکی وایکردبوو هەرکەس بە جۆرێك خۆی لە کەسانێك نیزیك دەکردەوە کە سەر بە پاراستن بوون ، مرۆڤ بیهەوێ و نەیەوێ ڕەشبین دەبێ .

دواییش دەرکەوت کە ئەو دوودڵی و ڕەشبینییە لە کاتی خۆیدا بێ جێ

نەبووە. بەلام چونکە ئەوکات بەلگەو دەسەلاتێك نە بوو، ناچاربووین ددان بەجەرگی خۆمان دابگرین و خۆمان بە قەزاو قەدەر بسپێرین.

ئەوانەی کە لە باری بیرو بۆچوون و تێروانینەوە لێکتر نیزیك بووین و بروامان پێکتر هەبوو کە دەگەیشتینە لای یەکتر، پرێسکەی پەژارەو ناکۆکی و خەتری بنانگوێچکەمان بۆ یەکتری هەڵدەرشت. سەرەرای ئەو هەموو کەندو کۆسپ و گیروگرفتانەی باسکران، ژیانی بنەماڵەو دەست تەنگی و هەژاریش لە ولا راوەستێ. بو نموونە: دووبنەماڵەی من و مەلامحەمەدی خزری، بە هەردووکمان دە دینارمان نەبوو کە گیسکێکی پێدەکردرا دەمانکری، دەمانکوشتەوە، دەمانفرۆشت. دەتوانم بڵێم ؛ بەحاڵەحاڵ سەرویێ، یان جەرگ و دڵەکەی قازانج دەکرد، ئەومان دەگێراوە تامەزرۆی ئەو دوو بنەماڵەمان پێدەشکاند.

ئێمە بەو حاڵەش لێمان گەرابان رازی بووین. چوونکە دەمانزانی لە خەبات دا شەونخوونی و هەژاریو دەربەدەری هەیە، نەك خۆشی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان. هەرکەسێك هەست بە ژێردەستی و چەوسانەوەی نەتەوەکەی بکات، بێشك کەمایەسی و ئاوارەیی و هەژاری لەپێشە و پێویستە لەگەڵ کەندو کۆسپ و نەهامەتەکانی بسازێ و بەربەرەکانیان لەگەڵ بکات. بەقەولی پێشینیان: لە شەردا هەلوا نابەشنەوە. لە خەباتی دژی داگیرکەر دا نەك هەر گیروگرفتی ئاوا دێنە پێش، بەڵکوو زیندان و ئێعدامیشی لە پێشە. لەو بارەوە چیتری لە سەر ناڕۆم دەچمە سەر بەشێکی دیکە.

## بنەمای کۆمیتەی ئینقلابی ٠

بەدوای کۆنگرەی ٢و هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندیو ئۆرگانەکانی تر، کادرو ئەندامانی حیزب بەگەرمی دەستیان دابووە کارو بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ ئەسپێردراویان ٠ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بە پێچەوانەی ئۆرگای خوارەوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر ناتەبایی وسارد یان دەکەوتە ناوی و تەنانەت خۆیان لە کارو بەر پرسایەتی دەکێشاوە٠ لە کاتێکدا کە ئێمەی کادری دەرەجە دوو بە بڕبڕە پشتی تەشکیلاتی حیزب دەژمێردراین، بە ئاشکرا لالووتیو دووبەرەکی نێو خۆی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی دەماندەدیت٠ واش فێرکرابوون لە خۆیان بەولاوە حیسابیان لەسەر پێشنیارنەدەکرد٠ ئێمەش ناچاربووین و نەمان دەتوانی دەست لەسەر داست دانێینو ببینە تەماشاچی ، سەرەڕای ئاوارەییو دەر بەدەری خۆمان کوڵەباری نالێکیو ناتەباییو هەرکەس هەرکەسی بەڕێوەبەرانی ناوەندیش هەڵگرین ٠ ئەوەندە لەمێژ نەبوو لەکۆنگرە هەڵبژێردرابوون ، کادرەکان ئەو پەڕی ڕێزیان لێدەگرتن ٠ ئومێدی تەواویان لێدەکرا کە بە ئاکتیو بوون تەبایی ئەوان کادرەکان ڕێکخراوەکانی حیزب پتر ببووژێنەوەو ئیعتبارو پرستیژی حیزب لەروانگەی هەڵسووڕێنەرانی شۆرشی باشوور پتر بچێتە سەرو ئاوا بە سووکایەتی چاومان لێ نەکرێ، بەڵام بەپێچەوانە ناکۆکی ناوخۆیی کارێکی وای کردبوو کەس خەتی کەس نەخوێنێتەوە٠ کاربەدەستانی شۆڕش لە جیاتی یاریدەدان و لەناوبردنی ناکۆکی، پتریان پەرە بەدژایەتی هاوخەباتی خۆیاندەدا ٠ بەداخەوە هەتاهەتایە کردەوەکانیان دەرحەق بەئەندامانی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باری مێژووییەوە لەبیرناکرێو، **وەك لەکەی ڕەش لەداوێنیان نابێتەوە ٠**

دێمەوە سەر باسی بنەماو دامەزرانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٠ کاك سولێمان موعینی بەنامەو ڕاسپاردە داوەتی لە کادرەکان کرد کۆبوونەوێك لە (دۆڵەڕەقێ) بکرێتو سەرو سامانێك بەپشێوی ناوخۆی حیزب

بدریٚ٠ ئێمەی کادریش لە هەموو لایەکرا لە رۆژو کاتی دیاریکراو خۆمان گەیاندە دۆلەرەقێ لە دەوری یەکتری کۆبووینەوە٠لە بن دارو سەرئاوێکی خۆش کۆبوونەوە دەستی پێکرد ، بەلام کۆمیتە ناوەندی شتێکی نە بوو کە پێمان بلێن بۆچی کۆبووینەتەوە ؟ تەنانەت شتێکی یەکدەستی وایان نەبووکەبکرێتەبەرنامەی کاری ئەوکۆبوونەوەو قسەی لەسەر بکرێ٠ تەنیا پرسیار لێکترکردن بوو. هەرکەس شتێکی دەپرسی:چ‌بکەین؟ تاسەرئەنجام‌کاک سولێمان رووی لە کادرەکان کردو باسەکەی کردەوە گوتی: هاورێیان، هەروەك ئێوە دەزانن لە کۆنگرەی ٢ ئێمە چەند کەسێك لە کۆنگرە بۆ کۆمیتەناوەندی هەلبژێردراین کە کارو باری حیزب بەرێوە بەرین ، بەلام هەروەك ئاگادارن جارێ کاك صدیق ون بووەو دیارنییە، کاك نحوی‌شکاك شەهید بووە٠ کاك ئەحمەدتۆفیق ئیستعفای‌داوە٠ چەند کەسێکی کە لەنێو ولات هەلبژێراون ئەوانیش ناتوانن بێن بۆکۆبوونەوەو لە ئەندامانی کۆمیتەناوەندی ئێمە ئەو چوارکەسە وەك بەرێوەبەری حیزب ماوین٠ ئەو چوارکەسەش واتە؛ من و مامۆستا ملا ئەحمەدی وردی، کاك ئەمیری قازی، مەلاسەید رەشیدماوین٠ دیارە وەك کادری تەشکیلاتی‌ئێوەن بڕبڕە پشتی حیزب کە ئەرکی تەشکیلاتی بەرێوە دەبەن و لە چارەنووسی دوا رۆژی حیزدا چارەنووس‌سازن٠ بەباشی دەزانم ئاگادارتان بکەم کە ئێمەش ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بۆ هیچ شتێك بەدەنگی یەکترەوە نایەین‌و لەسەرهیچ شتێك پێکەوە یەك دەنگ نین٠ من کەدەلێم چبکەین، مەبەستم ئەوەیە روانگەو بۆچوونی خۆتان بلێن‌و پێشنیاری خۆتان بکەن٠

دوای کاك سولێمان ، هاورێیانی تری کۆمیتەناوەندی هەرکەس بە نۆبەی خۆی وەك دیزەبەدەرخۆنە لەو بارەوە شتێکی دەگوتوو خۆی لەبەرپرسایەتی و هەلەکان دەبواردو خۆیان لەکاری حیزبی دەشاردەوە، وەك ئەندامی‌کۆمیتە ناوەندیش لەو لاولا خۆیان دەنواند٠ بەکردەوە کارو باری حیزبی‌کەوتبووە سەر شانی کاك سولەیمانی موعینی٠ بە کورتی ئەو کۆبوونەوە نەیدەتوانی قسە لە بریاراتی کۆنگرە بکات و ئالووگۆرێك پێك بێنێ، چونکە ئەندامانی کۆمیتە

ناوەندی نەیان دەتوانی پێکەوە کار بکەن۰ لە پاوسێکی کورتدا بەسوت و خورت لە گەڵ یەکتری بەوە گەیشتین؛ کە پێویستە لە هەوڵی کۆبوونەوەیەکی بەرین دابین و بیر لە چارەسەرێکی بنەڕەتی بکەینەوە۰ بۆ ڕاگرتنی لەنگەر، با جاری کاک سولێمانی موعینی کارو بارێکی کە دێتە پێش بەڕێوەیان بەری و دوایی لە کۆبوونەوەیەکدا بە هەڵبژاردنێکی ئازاد، تەرمیمی کۆمیتە ناوەندی بکرێتەوە۰

ئەوەکرا بە پێشنیارو کۆتایی بەکۆبوونەوە هات۰ هێندێك لە کادرەکان پێکەوە وادەو بەڵێنمان پێکتردا کە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە لە داهاتوودا پێکەوە دانیشتنێك بکەین بەڵکوو ڕێگاچارێك بدۆزرێتەوە۰

من و کاك حەمەدەمینی سیراجی و مەلا ئاوارەو کاك سمایل شەریفزادەو کاك سالاری حەیدەری پێکەوە پێوەندیەکی نیزیکمان هەبوو۰ هاتینە سەر ئەو ڕایە؛ کە کۆبوونەوەیەك پێك بێنین و مەلا عەبدوڵڵای عەبدولاهی و کاك سەنناری مامەدی بۆ وکۆبوونەوە بانگ بکرێن۰ سەننارمامدی و مەلاعەولڵا لەسەرناسیاری کاك سالاری حەیدەری بۆکوبوونەوە بانگ کرابوون کە دەمانویست شتێك پێك بێنین.

ئاخری هاوینی ١٩٦٦ی زاینی بۆپێك‌هێنانی بەناغەیەك بەمەبەستی زیندو ڕاگرتنی خەبات و پێشگیری لە بلاو بوونی کادرەکان کۆبوونەوەیەکی پڕلە سەفاو خۆشەویستی پێك هات۰ ڕۆژێك لەڕۆژان لە ساڵی ئامـاژە پێکراودا، بەیانی لەشوێنی دیاری کرا. لەبن سێبەری بەردێکی گەورە لە پشتی گوندی ئالانەی ناوچەی بالەکایەتی حەوت کەسی باسکراو کۆبووینەوە۰ واتە: سەنناری مامەدی. محەمەدئەمینی سیراجی. مەلا ئەحمەدی شەلماشی (ئاوارە) سالاری حەیدەری. سمایلی شەریفزادە. مەلاعەبدوڵڵا عەبدوڵلاهی. سەعید کاوە (کوێستانی)

هەرکەس بە نۆبەی خۆی بەروانگەو بیرو بۆچوونی خۆی بەشداری لە باسەکاندا کرد۰ بەتێکرا ساغ بووینەوە کە بە نێوی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بەکاربین۰کار بەشکراو بڕیاردرا لە ناوخۆی کوردستان و ئێران لەگەڵ چەندکەسێکی کە ڕابردوی سیاسیان هەبوو، وەك کەسایەتی لێهات و لێزان و ناسراوی کورد پێوەندیان پێوە بکرێ۰ بڕیار درا نوسراوێك وەك ئۆرگان دەربچێ و

نێوی کۆمیتەی ئینقلابی لەو پەڕی نەهێنیدا بمێنێتەوە· بڕیاردرا هەرکەس لەگەڵ هاوڕێی نیزیك‌و جێگای موتمانەی خۆی پێوەندی بگرێ· جگە لە نووسراوێکی وەك ئۆرگان و چەن بڕیاری تر ئیواریێ درەنگ کۆتایی بەکۆبوونەوە هات‌و بڵاوەمان لێکرد·

بە باشی دەزانم لێرە لەسەر هێندێك شت ڕاوەستم‌و بەکەمێك شی کردنەوەی سەردەم، لانیکەم وەك مێژوو بۆداهاتوو، هۆی پێك هاتنی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕون کەمەوە·

دووکەس لە نێوحیزبی دێموکراتدا؛ ماموستاعەبدوڵاحەسەنزادە کاك جەلیل‌گادانی بە نووسینی مێژووی حیزب هەستاون‌و مێژووی پەنجاساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان نووسیوە· دیارە لە سەردەمی شورشی ئێران‌و ڕوخانی ڕژیمی پەهلەوی تائێرە هەموولایەك ئاگادارن‌و دەزانن چ شتێك ڕویداوەو ڕووداوەکان چۆنن، بەڵام پێش ڕووخانی ڕژیمی‌پەهلەوی هەڵسووڕێنەرانی حیزب کە لە دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون‌و لە کوردستانی باشوور کاروباری حیزبیان بەڕێوەبردوە، ئەو دوو هاوڕێیەی باسکران، واتە کاك عەبدوڵڵای حەسەنزادەو کاك جەلیل گادانی کە مێژووی پەنجا ساڵەی حیزبیان نووسیوە، لە ڕێکەوتی ١٣٣٨ هەتاوی ١٩٥٩ی زاینی تارێکەوتی ١٣٤٨ هەتاوی١٩٦٩ زاینی زانیاریەکی‌ئەوتۆیان لە سەرهەڵسوورانی ئەوکاتی حیزب نەبوەو هیچ جۆرە ئاگاداریەکیان لەسەرهەڵسوکەوت‌و ڕووداوەسیاسیەکان نەبووە· چەند ڕووداوێکی گرینگی مێژووی کە لە دەورانێکی دە ساڵی دا ڕوویانداوە، لە نووسینی هەردووکی ئەو ٢ کتێبانەدا ڕووداوکان ناتەواون‌و شێواون‌و پڕن لە هەڵە·

بۆ وێنە : هەردووکیان لە سەرکۆمیتەی ساخکەرەوەو کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی‌دێموکراتی کوردستان، جگە لەوەی زۆر تێکەڵ پێکەڵ‌و نا ئاگایانە نووسراون، ئاگاداری هەڵەیان وەرگرتووە· کەچی بەداخەوە جگەلەوەی هەرکەس جۆرێکی باس دەکات، هەردووك بۆچوون لە نووسراوەکاندا هەڵەن و ڕووداوەکان بەتایبەتی دووقۆناغی مێژووی کە لە نووسینی مێژوودا بە گرینگ دەژمێردرێ

شێـوانـدویـانـە٠ هیـوادارم لـە کـاتـی پێیـدا چـوونـەوەو لـە چـاپـی دووهـەمیـان دا بەڕاستکردنەوە راستقینەکان هەڵەکان چارەسەر بکەن ٠

پێك هاتنی کۆمیتـەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستـان دوور لـە هەموو تەئسیراتێکی دەرەوەی حیزبدا پێك هات٠ جگەلەبیرکردنەوەی رزگاری حیزب لەو قەیرانەی تێیکەوتبوو لەسەرلووتکەی هەڵدێر قەراری گرتبوو٠ لە ڕاستیدا هەستان بەو کارە جگەلە دڵسۆزی بۆ حیزب و پێشگیری لەبلاوبوونی ئەندامانی حیزب، دوور لە هەموو دەستێکی لاوەکی پێك هات٠ باشترین بەلگە ئەوەیەکە هەردووك کۆمیتە لە ژێر درۆشمی حیزبدا پێك هاتوون و نەك دژایەتی لەگەڵ حیزب٠ دانانی گەرای کۆمیتـەی ئینقلابی لـە هەلـوو لـە هەلـوو مـەرجێکی ئەو پەڕی نـاسك و پڕ مـەترسی دابوو٠ ڕێکخراوی "پاراستن" کە دەست خرۆ و دەستکردی ئێران بوو، هەمووکات گوێقولاغ ئامادەی بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی ئێران بوو٠ ئەو کۆمیتەیەدروست لەوکاتەدا پێك هات کە زۆربەی زۆری بەرپرسانی سەرووی شۆڕش لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە حەمەرزاشای شاهەنشای ئیـران بـە زوویـەکـی زوو ئـالأیـان بـۆهـەڵدەکـات و کـوردی بـاشـوور لـە مـەینـەت و چەوسانەوە ڕزگاریان دێ ٠ بێ لیکدانەوە، بەو بیرە کاڵەوە هاوخوێن و خەباتکارانی کـوردستـانـی ڕۆژهـەڵاتیـان ڕاودەنـاو دەیـانگـرتـن و دەیـانکـوشتـن و بـەو پـەڕی بێحورمەتی پێکردن، بەمردوویی و بە زیندوویی تەسلیمی رژێمی حەمەڕەزای شای ئێرانیـان دەکـردنـەوەو بـە وردی و بێبـاکـانـە، بـەرنـامـەکـانـی سـازمـانـی ئـەنیـەت و ئیتلاعات ﴿ ساواك ﴾یان بەڕێوەدەبرد !

ئەوەندەی بیری مرۆڤ دەیبڕێ چۆنیەتی کوردەکانی ڕۆژهەلأت دڵتەزێن بوو٠ ئەنـدامـانـی حیـزبـی دیمـوکـرات کـوردستـان ، وێڕای دوورخستنـەوە، ڕاو دەنـران، دەگیران و تـەسلیم بـەئیێران دەکرانـەوە، چەك دەکران و بڕوو بیـانـویـان پێدەگیرا و کەسایەتیان تێك دەشکاندن ٠

من کە بیرەوەری ساڵەکانی ١٣٣٦هە ١٩٥٧ زاینی تا٤٨ی هەتاوی دەنووسم، ئەگەر تا ئەو کاتە حیسابی کەین پتر لە چل ساڵ لەو دەوران تێدەپەڕێ.

واتە ئەو کات دەورانی ئەتۆم'یان پێدەگوت و ئێستاش دەورانی ئینتەرنێت و ساتەلایتی پێدەڵێن · کەچی کورد لەو دەورانە پڕلەئاڵوگۆڕەی سەردەمی ڕابردو ئەزموونی وەرنەگرتووە، پاش چل ساڵ دەبینین جارێکی دی مێژوو دووپات دەبێتەوەو لە کوردستانی ئازادی باشوور، کوردی سیاسی و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی هاوخەبات لە ژێرسێبەرو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی پەت پەتێنی پێدەکرێ و بەکرێ گیراوانی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی و کۆماری فاشیستی تورکیا، بە ئاشکرا لەسەرخاکی ئازادکراو مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی کورد یەك بەدوای یەکدا تیرۆر دەکرێن ، یان لەلایەن ڕێکخراوی ئیسلامی کەدەستەمۆ،و دەستاژۆی رژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامییە، بەرۆژی ڕووناك خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگرن و بەئێرانی دەفرۆشن ·

لێرەدایە کە مێژوو ناس و مێژوو نووسان دەنووسن و دەڵێن: کورد ئاگای لە مێژووی خۆی نیەو مێژووی خۆی لەبیر کردووە · هەموو لایەکمان دەزانین ئەو رژیمانە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یاریدەی کوردیان داوە شتێکی کاتی بووەو هەرچەندی بۆیان شل بکرێ، ئەوەندە بەدەستی خۆیی پشتی خۆیی دەشکێنن · ئەوە کوردە دەبێ بزانێ و ئەوەندەی بۆی دەکرێ و بۆی دەلوێ داهاتوو لەبەرچاو بگرێ و پشتی هاوخەبات و هاورەگەزی خۆی بۆ دوژمن نەشکێنێ · ئەگەر لەسەرئەودەوران بنووسرێ کاری یەکدوو لاپەڕەنییەو بەیەکدوو کتێب کۆتایی نایە، بەداخەوە هەروەك پەندی پێشینیان گوتەنی باسکردنی کەم و کوریەکانی خۆیی (تفی سەربەرەو ژوورە ) چەندی باس بکرێ و ڕووداوە دڵتەزێنەکان وەبیر بخرێتەوە، مێژووی کورد پتری پەڵەی ڕەش تێدەکەوێ ، بەڵام ئەوەی کە دەبێ بنووسرێن و چاوپۆشیان لێ نەکرێ ، ئەو ڕووداوە زەق و پڕ لە شەرم و شوورەیانەن کە نەوەکانی دوا ڕۆژ پێویستە بیزانن و خۆیان لە کردەوە خراپەکان بپارێزن و لە داهاتوودا ئەزمونی لێوەربگرن کە جارێکی دیکە ئەو هەڵە زیاندەرانە دووپات نەکرێنەوە · هەرچەند دەرکەوتووە کەکورد ئەزمون وەرناگرێ و دەبێ هەمووشتێك بۆخۆی تاقی بکاتەوە · ڕاوچی کورد دەگێرنەوە دەڵێن: کاتێك بۆ ڕاوکردنی بزنەکێوی چووینەتە نێو سیپە، بزنێك سەر وەدەر دەنێ بۆ وەی بزانێ چ باسە،

ڕاوچی تەق گوللێکی لێ دەداو دەکوژرێ • بزنی دووهەم هەر لە شوێنی بزنی کوژراو سەر دێنێتە دەرو دەکوژرێ، سێەمی و چوارەمیش وایان بەسەر دێ و تاقیکاری خۆیان دەکەن • بە داخەوە کوردیش تا بۆخۆی کارێك تاقی نەکاتەوە و زیانی گەور بە گەلەکەی نەگەیەنێ، ڕابردوی وەبیرنایەتەوە ئەزمون لێوەربگرێ •

پاش تێپەڕ کردنی چەند حەوتوێك دوای کۆبوونەوەی دۆلەرەقە میرزا ئەحمەد (مەلارەحیم وردی) ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بۆ بەخێو بوونی مندالەکانی و ڕازی کردنی کاربەدەستانی شۆرش لە ناوچەی شینکایەتی ببوو بە مەلای گوندی سوورەبان • هەوالمان وەرگرت کار بەدەستانی شۆرشی ئەیلوول گرتوویانە • دیارە بەواسیتەکاری هیچمان بۆ نەکراو بە پێی پلانی خۆیان دەیبەن تەسلیمی ئێرانی بکەنەوە لە ڕێگا زۆر هەولدەدا تەسلیم نەکرێتەوە بێفایدە دەبێ، ناچار خۆی بەهەردیدا دەداو لەگەلیان ناچێ • زۆر بەنامەردی دەستریژی لێدەکرێ و شەهیدی دەکەن • مەیتەکەی دەگەیەننە سنوور، لەو لاشەوە پیاوەکانی ئیتلاعات دێن کە مەلا رەحیم وەرگرنەوە، کەدەبینن نەماوەو کوژراوە، زۆر تورە دەبن و پێیان دەلێن : ئێمە مردوومان نەکریوە پێویست بوو بەزیندوویی تەسلیمان کەنەوە!

بە کورتی مەیتی شەهید مەلارەحیم وەرناگرن و بە جێی دێلن، دوای دووسێ رۆژان فەقێ لە گوندەکانی دەورو بەر، ئەو هەوالەیان پێدەگاو شەوێ بەنهێنی دەچن مەیتی لە خویندا شەلالی مامۆستا مەلا رەحیم دەدزنەوەو دەینێژن •

هەر وەها دیسان هەوالمان وەرگرت کە چوار کادری ناوچەی هەورامان کەلەلای عەبدولوهاب ئوتروشی فەرماندە هێزی شۆرش گیرابوون، تەسلیم بە ئێران کراونەوە، کە ئەو چوار کەسە بریتی بوون لە: سەعید هەمەوەند هەورامی و مامئەسکەندەر هەورامی دانیشوانی نۆتشە. هەروەها فەتحوللا هەورامی و یەکی تر ناوەکەیم لە بیر نەماوە • بەپێی ئەو وردە هەوالانە، وا دەردەکەوت کە دەبێ بەرپرسانی شۆرش بریاریان دابێ کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەك یەك و دوو دوو تەسلیم بەئێران بکرێنەوەو تەنانەت ئەگەر پێویست بێ بشیانکوژن • نمونێکی تر، پێنج پێشمەرگە کە بۆ سەردان و کاری تایبەتی چووبونەوە رۆژهەلات و شۆرش پێی زانیبوو، نەیان دەوێرا بگەرێنەوە باشوور، بەهەر جۆرێ بوو زستانەکەی بە نهێنی خۆیان لە ناوچەی لاجان حاواندبۆوە.

بەهاری کە وڵات ڕەش بۆوە گەڕانەوە بۆ باشوور . لەسنوور پایەگای پیرانشار دەیان بینێ کەئەوە پێنج کەسی چەکدار بەپشتی گوندی دەڵاواندا دەیانەوێ ناوای ئەو باشووربن، تەقەیان لێدەکەن و بەدوایاندادێن ، چەند ژاندارمو جاش دێنە گوندی حاجی عومەران لای غەزالی بارزانی و دەڵێن چوارچەکدار تەقەیان کردوە هاتوونە ئەو دیوە، هەواڵمان بۆ وەرگرن دەچینە کام گوندو لەگەڵمان وەرن بچین بیانگرین ٠ غەزالی پیاوی وەدێیان خست کە بزانن لە کوێن؟ لە گوندی ئالانێ چوارگوند دوور لە سنوور ژاندارمو بارزانی چونە سەریان سوێندیان، غەزالی بە سەری بارزانی سوێندی بۆخواردن کە چتان لێ ناکەین، ئەوانیش تەسلیم بوونو گرتیانو هەر ئەو شەوە بە چەکەوە تەسلیمی جاشو ژاندارمی ئێرانیان کردنو بردیانەوە بۆ ئێرانو لە پادگانی جەلدیانێ هەر پێنجیان ئێعدام کردن کە بریتی بوون ٠

عەلی گوێڕەش ٢-برایمە سوور٣-حسێن چل کوچ٤- قادرەشەل٥- قادرە پیرە .

بۆ زانیاری پتر، چۆنیەتی ئەو ٥ کەسە لە لاپەرەی ١٧٣ بەرگی ١ ئاوڕێکدا بخوێنەوە .

.................................................................

بەکورتی دەمەوێ بڵێم ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لێمان قەومابوو، تەنیا داڵدەو پشتو پەنایەکی شکمان دەبرد، ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی باشوورو بەرپرسانی شۆڕش بوو، کەچی بە داخەوە ئەوانیش بەرێککەوتنیان لەگەڵ ئێران قەیسەریان پێکردبووینە کونە مشكو نەمان دەزانی چ بکەینو پەنا بۆ کوێ بەرین ٠ دەبوین پەنابەری عێراق پێیان دەگوتی جاش ! دەچووینەوەکوردستانی ڕۆژ هەڵات ناو خەڵك، بەرپرسانی شۆڕش دەیان گوت: ئێوە ئیران لە ئێمە دەهاروژێننوخائینن! خۆمان تەسلیمی ئێران دەکردەوە، ئەدی ئەوخەباتوزەحمەتەی کێشراوە چیو خەباتی دژی داگیرکەر مانای چی ؟ ناچاربووین دەست بەکڵاوی خۆمان داگرینو خۆمان بە قەزاو قەدەر بسپێرین کە بەڵکوو ڕۆژێك وەخۆ بێنەوە بزانن ئێمەش کوردینو لێمان قەوماوە بەسمان بکوژنو چیتر نەماندەنەوە بە ئێران ٠

## نامەی کاك سولێمانی موعینی .

ئەحمەدی بارام میرزا یەکێك لە پێشمەرگەکانی حیزب بوو ٠ ناوبراو پیاوێکی زیرەك و فیڵەزان و بە پێچو پەنابوو، بە هۆی هەژاری شاعیرەوە، بوو بە پیاوی پاراستن کە ( **لقێك لە ساواکی ئێران بوو** )ناوبراو لە باشوور لە نێو کوردەکاندا وەك خولخولەی هەڵسووڕاو بوو ٠ ئەحمەد نامەی کاك سولێمانی بۆ من هێنابوو ٠

ناوەرۆکی نامەکە ئەوە بوو: هاوڕێی بەڕێزکاك سەعید کوێستانی ٠

وێرای سلاوی شۆڕشگێرانە، ئێستا تۆزێکت لێ نیزیك بوومەتەوە دوور نیم، مەسەلێکی زەروریم بۆ هاتوتە پێش، پێویستە ئەگەر لایەکی سەرت لەوێ تاشیوە، لایەکەی دی لێرەبتاشی ، هەستە وەرە. برات فایق ئەمین.

بڕوانە بەرگی ١ ئاوڕێك لاپەڕی ١٦١

.......................................................

کاتێ گەیشتمە لای کاك سولێمان موعینی حەوت هەشت کەس لە پێشمەرگەکان بە بۆشناغی لەگەلیدا بوون ٠ پێشمەرگەکان لەجاران قوشقی‌ترو هوشیارتر دەهاتنە بەرچاو ٠ بۆم دەرکەوت کە شتێکیان پێگوتراوە، بۆ وەی ئەگەر شتێك بێتە پێش یان بۆسێکیان بۆ دانابنەوە، ئامادەبن بەهاسانی چەك نەبن‌و تەسلیم نەبن ٠ کاك سولێمان زۆر تێك چووبوو، بەلاّم بۆئەوەی وەسەر خۆی نەیەنێ گوتی: وا دیارە رۆژنامەی رۆژ تۆی نەترساندوە بچیە باوەشی پاراستن . مەبەستی لەو **لاتاوە**، ئەوەبوو؛ سێ‌چوار مانگ بوو بەتەنیا رۆژنامێکی بە نێوی رۆژ دەر دەکردو مەسایلی سیاسی تێدا شی دەکردەوە، ئەو رۆژنامە جگەلەوەی دەزگای ساواکی لەکوردستان هارووژاندبوو، هێندێك لە برادەرانی خۆمانیش ترسا بوون‌و چووبوونە لای پاراستن گوتبوویان حیسابی ئەو رۆژنامەیە لەسەر ئێمە مەکەن، ئەوە فایق ئەمین‌و داروەستەکەی ئەون ئەو رۆژنامەیە دەر دەکەن ٠ ئێمە لێی بێ بەرین. بە کورتی‌و کوردی بەولادا کەوتبوون و کوڵیان دابوو ٠

دوای چاك‌و چۆنی‌و هێندێك گلەیی لە هاورێیانی نیوە ڕێ، گوتی؛ مەسەلێکم

بۆ هاتوّته پێش و هێندێك نیگەرانم. بروسکەیەکی لەگیرفانی هێنادەرو دای بەمن بیخوێنمەوە، لەو بروسکەدا هاتبوو :

– برای بەرێز کاك فایق ئەمین. بەسلاوی شۆرشگێڕانە .

تکایە بۆ هێندێك راوێژ تەشریف بێنە بۆ مەکتەبی سیاسی، بەسوپاسەوە.

مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان.

گوتی: لەو بروسکەیە بەگومانم، چوونکە حەوتووی دووسێ جار پەیکی مەکتەبی سیاسی بەو دۆڵەدا دێت و پۆستەی پێیەو بنکەی ئێمە لەسەر ڕێگایە، هەرکات برادەرانی مەکتەبی سیاسی کاریان هەبووبێت بە نامەی ڕەسمی و مۆرو ئیمزا ئاگاداریان کردوین، بۆیە لەو بروسکە بە گومانم و پێم وایە "موویەکی تێدایە". ئێستا بۆیە ئەو ڕێگایەم بوەبەرداوی، تۆ لەگەڵ عەلی عەبدوڵا و نووری شاوەیس ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئاشنای و دەیانناسی، بەڵکوو بە جۆرێکی کە بۆخۆت پێت باشە بچی پرسیارێکیان لێ بکەی و بزانی ئەوان داوایان کردوم، یان نا؟ ئێمەش لە پەنایەك دەبین کەس نەمان بینێ تا دەگەڕێیەوە.

بەڵێ من چوومە لای کاك نوری و کاك عەلی، ناوبراوان بە نێو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان بوون، بەلام بە قەولی خۆیان، هەر مۆری مەکتەبی سیاسیان پێبوو، مۆرەکەش تەنیا بۆکاری مەسلەحەتی بڕ دەکرد. هەرکام لەسەر کورسیەك دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە. کە منیان دیت خۆشحال بوون. خۆشحالیان لەوە نەبوو کە ئاواتیان دیتنی من بێ، بەڵکوو وەڕەز بوون و کەم کەس هاتووچۆی دەفتەری سیاسی دەکرد. هەموو کاروبارێك لە مەکتەبی تەنفیزی لەژێر چاوەدێری ئیدریس بارزانی دا بەڕێوە دەچوو.

دوای چاك و چۆنی پرسیاریان لێکرم خێرە هاتووی؟ هیوادارم خێربێ.

کاتێ پرسیاری بروسکەی نێردراوم لێکردن و مەسەلەی بروسکەم بۆ گێڕانەوە.

دیاربوو بە دڵ پێیان ناخۆش بوو. گوتیان ئێمە بروسکەمان نەناردوە، کاك ئیدریسە ئەوکارانە بەنێوی مەکتەبی سیاسی دەکات، ئێمە بێخەبەرین.

بۆ ئاگاداری پتر بڕوانە لاپەڕی ۱٦۲ی بەرگی ۱ی ئاوڕێك .

........................................

بەرەو پردی زەرد بە پێیان گەڕامەوەو هاوڕێیانم دیتەوە. هەمووشتێکم لەگەڵ

هێندێك ڕاسپاردە بۆ كاك سولێمانی موعینی گێڕاوە٠ گوتی من هەستم بەوە كردبوو كە پاراستن خەریكە گێچەڵمان پێدەكاو دەزانم لەگەڵ ساواك بڕیاریان داوە لە ناومان بەرن٠ چیدی لێرە لە ژێرچاوەدێری ساواكدا ناتوانم بژیم، دەچمەوە نێوخەلكەكەی خۆم با لەوێ بكوژرێم و.......

دوای دانانی هێندێك ناو نیشانو دیتنەوەی یەكتری لە قەندیل لێكتر هەڵبڕاین، ئەو بەرەو گوندی دێرێ منیش بەرەو خەلان٠

لەگەڵ ئەوەیدا كە قەرارمان دانابوو لە قەندیل یەكتر ببینینەوە، بەڵام دیار بوو بۆی نەكرابوو٠ دواین جار كە لە بەغدا یەكترمان دیتەوە بۆی گێڕامەوە كە كاتی لە پردی زەردی دەرگەلە، لێك هەڵبڕاین شەوێ چۆتەوە دێرێو خۆی بۆ چوونەوەی ڕوژهەلات ئامادەكردوەو بۆسبەینێ كوردستانی باشووری بەجێ هێشتووە٠ بێ حەد دڵخۆشبوو بەوەی كە چۆتەوەو ئێستا لە كوردستانی ڕۆژهەلات بڕەم بڕەمی خەبات و تێكۆشانەو خەڵك بەگەرمی پێشوازیان لێدەكات٠

## نامەیەكی كاك سەنناری مامدی .

كاتێ باسی ئەو نامانە دەكەم، هەركام ڕووداوێكی مێژوویی بەدواوەیە، بۆیە وەبیریان دێنمەوە٠ بەرێكەوت كاك محمد امین سیراج و كاك سالارحەیدەری و كاك سمایلی شەریف زادە لە گوندی خەلانی بالەكایەتی بوون٠ نامێكی سەنناری مامدی هات، نامەكە خوێندرایەوەو نووسرابوو: بارودۆخی ئێرە گۆڕاوە، چیتر ناتوانم و لێرە هەڵناكەم٠ خۆم ئامادەكردوە دەگەڕێمەوە ولات ..........

دوای خوێندنەوەی نامەكە چوار قۆڵی هاتینە سەر ئەو ڕایە كە كاك سالار حەیدەری لەگەڵ پەیكی نامەی كاك سەننار بچێتە سیدەكانو سەننار ببینێ و لەو سەفەرەی پەشیمان كاتەوە با هێندەی دی وەزعەكەمان ئالۆز نەبێ٠ سالار بە نامەوە بەرەو سیدەكان و سیراجیو شەریفزادەش بەرەو سونێ بنكەی خۆیان ڕۆیشتنەوە،٠ منیش چاوەڕوانی سالار بووم بگەڕێتەوە٠ ئەویش خۆی نە هاتەوە نامەیەكی ناردبوو، نووسیبووی منیش هاتمە سەر ئەو ڕایە بگەڕێمەوە كوردستان٠

بڕواننە لاپەڕی ١٦٦ بەرگی١ ڕوانگە، دوور درێژ بەرووونی نوسراوە .

وەزعەکە زۆرناخۆش بوو ٠ جگەلەوەی رۆژ لە گەڵ رۆژ مەیدانی خەباتمان لێ تەنگ دەبۆوە ، مەترسی گیرانو دورخستنەوەو تەسلیم کردنەوەی ئێرانیش هەڕەشەی لیدەکردینو هەر دەهات هێشکیان لێ توندتر دەکردین ٠ کەس دەنگی نەدەگەیشتە بارزانی کە هاوارو دادێکی لە لا بکات ٠ وەك تەونی جاڵجاڵوکە چوار دەوریان تەنیبوو کە س دەستی وێرا نەدەگەیشت ٠ ساواك بەهۆی پاراستن، زیندانێکی گەورەی بۆ مستەفابارزانی دروست کرد بووکە بۆخۆشی بە خۆی نەدەزانی ٠ ساواك دەستی بۆ هەموو شتێك ئاواڵە بوو ٠ هەرچی ویستبای و پێی خۆشبا دەیکرد ٠ ئەو کات (پاراستن) لە ژێرناوی رێکخراوەیەکی دڵسۆزی شۆرش بە پشتیوانەیەکی قایمو دەوڵەمەندو پارەیەکی زۆری کە ئێران لە ئیختیاری نابوون، بەرنامەکانی رژیمی شای بەڕێوە دەبرد ٠ هەرکەسێ بە حاستەم خۆی شلکردبایە، بەهەموو نرخێك دەیانکڕیو رەگەڵ خۆیان دەخست ٠ تەنانەت بیروباوەڕو ئیمانیشیان دەکڕی، بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات ٠ وردە وردە دڵسۆزی بە شۆرشو هەستی نیشتمان پەروەری جێگای خۆی دە دا بەمەقامو بێ باوەڕیو پارە وەسەریەکنان ٠ وێنەی حەمەرەزاشاو فەرەحی شاژن بە ماشێن دەهاتو لە بازاڕ خورد دەبۆوە ٠ هەرماڵێ دەتدیت وێنەی شاو شاژنی پێوە هەلاوەسرابوو ٠ پڕووپاگاند گەرم بوو، خەڵکیان بەوە خۆشبین دەکرد کە بە زووێکی زوو، شای ئێران رزگاریان دەکاو ئالای کوردستان هەلدەکرێ ٠ هەر ئێمە بووین چاویلکەمان لە چاودا نەبوو دەمانزانی چۆن خەریکن بەردی بناغەی شۆرش ژەهراوی دەکەن و دەیرزێنن، کە لە رۆژی پێویستدا بەفەرمانێك لەبەر یەکی هەڵوەشێننو ئاسارێك لە شۆرش و بیرو باوەڕی شۆرشگێڕی نە یەڵن.

نامەی کاك کەریمی حیسامی.

نامەیەکی نهێنی بە هۆی برادەرێکی حیزبی شیوعی یەوە لە لایەن کاك کەریمی حیسامیەوە بەدەستم گەیشت ٠ لەوێدا نووسرابوو: کە لەگەڵ مەلامحەمەدی خزریو چوکەڵی گەوهەری سەردانێکی بەغدا بکەینو دیدارێك تازەبکەینەوە ٠ دیارە ئێمە دەمانزانی باسو خواسێك هەیەو بانگکردینی ئێمە مەسەلێکی سیاسی لە بن سەردایە ٠ بە بوونی تەسکەرەو پێناسی ساختە

(جعلكراو ) خۆمان گەیاند بەغدا. دیارە لەو لاش ڕاکاك سلێمانی موعینی ئاگادار کرابوو لەڕێگای سولێمانیەوە خۆی گەیاندبووە بەغدا٠ کاك حەمەدەمینی سیراجی لەویٚ ئامادە بوو٠ دوکتۆر قاسملووش لەگەڵ سکرتێری حیزبی توودە دوکتوررەزا رادمەنیش هاتبوونە بەغدا٠ بۆمان روون بۆوە ئەو بانگکردنەبۆ کۆبوونەوەو ڕاوێژێکی سیاسیە ، بەڵام بۆمان ناروون بوو کە مەسەلە چییە؟

بۆ بەیانی لە پارکی (مدینت‌العاب) کۆبوینەوە٠ دانیشتنەکە بەیانی تائێواری لەگەل دوکتور قاسملو، حیسامی ، سراجی، چوکەڵ ، خزری ، خۆم، درێژەی بوو٠ شەوێش وێڕای شام دووسەعاتێك لەگەڵ دوکتور ڕادمەنیش هێندێك باس و توو وێژ کرا٠ دیاربوو باسی بنەڕەتی و ڕێککەوتن و قەرارو مەداریان، لەڕۆژانی پێشتردا لەگەڵ کرابوو٠ لە دەرەوەی کۆبوونەوە ، کاك سولێمان هێندێکی لەڕێککەوتنی نێوان خۆیان ڕادمەنیش لە مەرچەند چەکێك و هێندێك پارە بۆ باس کردم٠ بۆ بەیانی من و چوکەڵ و خزری گەڕاینەوە٠ چەند رۆژێك پێ چوو هەواڵمان وەرگرت کە مەیتی سولێمانی موعینی لە نەردیوان بەستراوەو ساواك نومایشی پێدەدا خەڵکی پێ دەترسێنێ٠

دوای پرسیارو لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کاتێ دەگاتەوە شاری سلێمانی، قەرار لەگەڵ کەسێك بە نێوی قادر تەگەرانی دادەنێ بیگەیەنێتە سنوور٠ شێخ لەتیف پێی دەڵێ؛ من بەکەسێکدا دەت نێرمەوە ئەو دیو، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆری موتمانە بە قادر تەگەرانی دەبێت گوێ بۆ شێخ لەتیف ناگرێ٠ دوایە دەرکەوت کە قادرتەگەرانی هاوکاری ئەمنی عێراق و ئێران بووەو چاوساغی کردووەو بەگرتیدا٠ کە دەڵێن؛ قاچاغچی جێگای موتمانە نییە ڕاستە. گۆیا قادرتەگەرانی لە گەل کاك سولێمان موعینی رۆر دۆست بووە٠ کە چی بە دیاری دەیبابۆ کاربەدەستانی شۆرش ، واتە پێشتر ئاگاداریان دەکات کە سولێمان لەگەڵ من بەڕێگای قەیواندا بەرەو سنوور دەچێتەوە رۆژهەلات٠ ئەوانیش ئامادە لە سەیتەرە چاوەرێی دەکەن ، کاتێ دەگاتێ لەگەل خەلیل شەو باش دەیگرن و دیبەن بۆلای بارزانی٠

دیارە داستانی کوشتن و لاشەی بێ‌گیان و تەسلیم کردنەوەی بەئێران زۆر نووسراوەو ثبتی مێژووکراوە، لەوە زیاتر پێویست بە شیکردنەوە نییە٠

زۆرجاربۆداپۆشینی تاوانێکی کە دەرحەق بە شەهید سولەیمانی موعینی

کراوە، بە شتی نالەبارو بێ بەڵگەو خوارخێچ دەنووسرێ و دەگێردرێتەوە، کە گۆیا سولێمانی موعینی چوّتە بەغدا لەگەڵ رژێمی بەعثی پێوەندی گرتووە، بۆیە بارزانی کوشتوویە! ئەوە زور نارِاستە ۰ ناوبراو بە هۆی شێخ‌لەتیف بە ناسنامەی ساختە گەیبووە بەغدا، پێوەندیشی لەگەڵ سکرتێری حیزبی توودە گرتووە، نەك رژێمی بەعث، یان ئەوە دامان نا پێوەندی لەگەڵ رژێمی عێراقیش گرتبێ، کە نەیگرتووە۰ بۆچما دەبێ بکوژرێ ؟! ئایا تائێستا رێبەری کام حیزب لە هەر بەشێك بووبێ پێوەندی بە حکومەتی ترەوە نەکردوە؟ مەگەر خودی مەلا مستەفا لەگەڵ ئێران و تورکیە پێوەندی نەبوو؟ بۆچی رەوایە بارزانی وەك رێبەری پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەك پێوەندی بگرێ و بنکەی جاسوسی ئێران لە لێوژێ و ناوپردان بکاتەوە، بەلام نارِەوایە سولەیمانی موعینی وەك بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دژی رژێمی ئێران پێوەندی لەگەڵ رژێمی عێراق بگیرێ ؟!

ئەو رەوادیدە، دەبێ کێ دیاری بکا؟ دەسەلات و هێز، یان یاساو پرنسیپ و مێژوو؟ لە روانگەی هەموو مرۆڤێکی سیاسی و عەقلێ سەلیم پێوەندی لەگەڵ هەرچوار رژێمی داگیرکەری کوردستان نارِەوایە، بەلام بێ‌پشت و پەنایی لێقەوماوی فزەی لەگەلی ژێردەستی کورد بریوەو چاری ناچارە ئەوە دەکات۰ پێوەندییەکی کە دەگیرێ دیارە نابێ لە دژی میللەتی کورد بێ و زیان بە جوولانەوەی هیچ یەك لەبەشەکانی کوردستان بگەیەنێ۰ پێوەندی گرتن لە روانگەی منەوە، بە مەرجێك سەربەستی رێکخراوی و دمراستی خۆیان لەدەست نەدەن، تاوان نییە لەدژی داگیرکەری تر کەڵك وەربگیرێ۰ ئیتر یاسا داتاشینی ناوێ کە بۆ یەکێ رەوابێ و بۆ یەکێ نارەوا بێ، فەرمانی قەتلێ لەسەر بدرێ!

دەکرێ حالّی حازر نمونێکی زیندوو بێنینەوە کە هەرکام لەسەرکردەی رێکخراوەکان کەوتوونە پێوەندی‌گرتن لەگەڵ تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا۰ ئیوایان تێدایە بە یەك و دووش رازی نییەو پێوەندی سێ قوّلی دەگرێ !

رووداوەکان یەك بەدوای یەکدا زۆر ناخۆشبوون ۰ بەتایبەتی شەهید کردن و لاشەتەسلیم کردنەوەی شەهید سولێمانی موعینی زەنگی‌خەتربوو دەگەیشتە بن‌گوێمان و هەر دەهات مەترسی لە ئێمە نیزیکتردەبۆوە ۰ بێ پشت و پەنایی فزەی

لیّ بڕیبووین. بەکاری قەسابیو باڵتۆفرۆشتن خۆمان مەشغوڵکرد بوو. پێمان وابوو دەبی تاروناکایەك پەیدا دەبیّ، خۆمان ماتکەینو نەمرنەژی لە پەنا و ژێر سێبەری شورش بمێنینەوە تووشی ئەو لاولانەبین. یاخۆ بە هیوای دانانی گەرای کۆمیتەی ئیقلابی بووین تا بزانین چی لیّدیّتەوەو رۆژگارمان بە کویّ دەگا. سمایلی شەریفزادە کە وەك کادرێکی کۆمیتەی ئینقلابی چووبۆوە ناوچەی بانە لەگەڵ پێنج پێشمەرگە، بەدەستکیسی کوێخا شەریف نێو کە خۆی کردبوو بە پێشمەرگەو لەگەلی بوو، شەویّ خۆی دەدزێتەوەو ڕاپۆرتیان لیّدەدا، جاشو ژاندارمیان وەسەردەگەڕیّ هەموویان شەهید دەکرێن. لەو لایەش کە سەنتارو سالار چووبوونەوە بەقەولی سالار لە دێڵە زەرد بدەن. . هەرکام بەلایەکدا خۆیان ئەهوەن کرد بۆوەو خۆیان بە رژیم ناساندبوو. مەلاعەبدوللای عەبدوللاهی دوای ئەوان رۆیشتەوە ماڵیو خۆی دامەزراندەوە. مەلا ئاوارە لە گوندی دیوالآن گیراو بە داخەوە ئێعدام کرا. ئەوەندەی ئاگادارىم محمد ئەمین سیراجی کە لە گوندی سونیّ نیشتەجیّ بوو دایانپەڕاندە خواریّو لە سەنگەسەرگیرسابۆوە. ئیتر تا ئەو کاتەی سەری لە بەغدا هێنادەر هەواڵێكو ئاگاداریەکم لیّی نەبوو. من لەگەل خزری لەهەولێر بووم، ئەو پیش من گەڕاوەو گیرا. کاتیّ هاتمەوە پێم وابوو بچمە مەکتەبی سیاسی دەتوانم ئازادی بکەم، بەلآم شەویّ وەستا محمودی خەیات کە ئێستا لە مهابادە، لەفریام هات گوتی: مەفرەزێك بۆگرتنی تۆ هاتبوون لە ماڵی ئێمەنوهاتووم بزانم تۆ لە کوێی، بچم پێیان بڵێم بێن بتگرن. هەستە برۆ با نەگیرێی.

لە پێشدا بە حوکمی جیران بوون چوومە ماڵی مام هەژاری شاعیرو داوام لێکرد لەو بارەوە یارمەتیم بدات. ئاخر قسەی هەژار ئەوە بووگوتی: (تۆ کە دەڵێی هاتوون بتگرن، بچۆوە لە ماڵیّ دانیشە با بتگرن. لیژنەی پاراستنی شۆرش لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات. من بەیانی لە مەکتەبی سیاسی قسێك لە کاری تۆ دەکەم. دیارە گرتنو لێکۆڵینەوەی پاراستن روون بوو. یان کوشتن، یان تەسلیمکردنەوە بە ئێران و ئازار شکنجەو چەندین سال زیندانی.

درێژەی ئەو باسە لە لاپەڕەی ١٧٥ و ١٧٦ بەرگی ١ ئاورێکدا بخوێنەوە.

..........................................

منیش خۆم بە دەستەوە نەدا رۆیشتم. ماوەی چەند رۆژێك بە شاخانەوە مامەوە،

تەنیا هیوام حیزبی شیوعی بوو کە بۆ لای بەغدا رزگارم کەن، ئەوانیش عوزریان هێناوەو بەرژەوەندی سیاسی خۆیان گرینگتر بوو لە منو نەیاتوانی ئەو کارە بکەن.
ناچار کەدیتم دەگیرێم بە یارمەتی ئاشناو ڕۆشنایان گەڕامەوە نەغەدە .

بڕوانە لاپەری ١٧٧ بەرگی ١ ئاورێك

.............................

لە ڕاستیدا مەیدان بە زۆربەی ئەندامان، بە تایبەتی ئەندامانی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆلکرا . جگە لە کاك محمد امینی سیراجی کەس دەر باز نە بوو. هەژار کە لە چێشتی مجێوردا باسی سیراجی دەکا پێی وایە فێڵەزانەو فێڵی لە هاورێکانی کردوەو تێوەی گلاندون و خۆی رزگارکردوە، بەڵام وا نییە. مام هەژار چونکە لە کاتی بڕیاردان بۆگرتن و ڕاونانی کادرەکانی حیزب بێ نەخش نەبوو، لە لیژنەی پاراستن دا یەکێ لە خاوەن دەسەڵاتەکانی پاراستن بوو . بە پێی بڕیاری ساواك و لیژنەی پاراستن دەبوایە ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی یان بگیرێن و تەسلیم بە ئێران بکرێنەوە، یان بکوژرێن و بۆ ئەوەی شوێنەواریان کوێر بێتەوە. کاتێ لیژنەی پاراستن دەبینن سیراجی دەرباز بووەو نەگیراوە، پاراستن دێتە ژێر پرسیاری ساواکی ئێران. ئەوەیە کە مام هەژاردەبێ سیراجی بخاتە ژێر پرسیارو هەرچی نەشبووبێ بۆی سازبکات.

ئەوەندەی ئێمە وەك ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی کە ئێستا چوار کەس ماوین و لە سوئێد دەژین، لانیکەم من پێم وانیە ناوبراو فێڵی لێکردوین و خۆی لە کارو تێکۆشانی کۆمیتەکە شاردبێتەوەو ئێمە تێوەردا بێت ....

بەڵام پاراستن کەدەبوایە وادەو بەڵێنییەکانی خۆی لە سەداسەد بەرێتەسەر، هەر چەند زەربەیەکی هەرە گەورەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی رزگاری خوازی ئەو سەردەمی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام لە شەرمی ئەو هەراو لەقاودانەی کە لە لایەن رۆوناکبیرانی کورد پێك هاتبوو، نەیانتوانی هەموو فەرمانەکانی ساواکی ئێران جێبەجێ بکەن.

.............................................................

لە لاپەرەی ١٧٦ تا لاپەری ١٨٠ ، بەگی ١ ئاورێك بخوێنەوە.

## بەشی دووهەم ·

# دەورانێکی نوێ و ژیانی ئاسایی!

بە جێ هێشتنی کوردستانی باشوورم گەڕانەوە بۆکوردستانی رۆژ هەلات ، دەردێکی تابلێی گران بوو · زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ ئەو هاتنەوەو دامەزرانە بەزمان شیکاتەوە یان بینووسێ · تەنیا کەسانێکی بە بیروبڕوا کە ئیمانیان بە خەباتی رزگاریخوازی هەیە دەتوانن تاڵی و هەناسەساردی و تراژێدی گەڕانەوەو خۆ بە دەستەوە دان دەرك بکەن و بزانن چەند ناخۆش و یادێکی لەبیر نەکراوە · کەسێکی کە خۆی بە قەرزداری نەتەوەکەی بزانێ و خەبات لەدژی داگیرکەر بە ئەرکی سەرشانی دانێ ، دوای چێژتنی زەحمەتێکی دە پازدە ساڵی کە تەمای گرتبێ تاسەرحەدی نەمان واز لە تێکۆشان نەیەنێ ، دوایەش ناچاربکرێ مەیدان بەجێ بێلێ ، دەکرێ بلێین : سەزادانێکی بێ بەزەیانەی لەبارەیدا ئەنجام دراوەو پێم وایە هەتاهەتایە لەبیر ناچێتەوەو لەژیاندا تێشکانێکی گەورەیە · لە تێشکانێکی ئاوا دا ، کوا مرۆڤ دەتوانێ بێدەنگ بێ و واز لە هۆکارو کەسانێك بێنێ کەگاڵتەیان بە سەرمایەی لاویەتی و ژیان و تێکۆشانی سیاسی کردوە؟ زۆرجاران بە خۆم دەلێم ؛ با واز لەو تراژێدیەی بەسەریان هێناوین بێنم و لە بیرخۆمی بەرمەوە ، بەلام کاتێك دەبینم ئەوگاڵتەجاریەی کە بەژیانی سیاسی کۆمەڵە کادرێکی شۆرشگێڕ کراوە ، هاوکات سەدان کەسی دیکەو تەنانەت کۆمەڵگایەك لەو سەردەمدا دەگرێتەوە · بێشك کارەساتی ئاوا بەخاڵی ڕەشی مێژوویی ئەو کەسانە دەژمێردرێ کە خۆیان بە رێبەرو دلسۆزی میللەتێك دەزانن · کاتێك وەبیرم دێتەوە بەخۆم نییە برینەکانم دەکولێنەوە · کە دەلێن : مێژووی میللەتێك نابێ لەبیر بکرێ زۆر ڕاستە ، بەلام بە مەرجێك مرۆڤ لە بیری تۆلەدا نە بێ و ، واز لە تۆلەساندن بێنی ·

من که ئەو نارەحەتی و دەردەسەریانم بە چاوی خۆم دیوە ، هەرگیز لە بیریان ناکەم و بێشک نە بە تەمای تۆڵەم و نە قەت بەخیالم دادێ ٠ لە ڕاستیدا بەجێ هێشتنی مەیدانی خەبات، هەر بە وەندە کۆتایی نایەکە مرۆڤ دانیشێ سەربەرداتەوە واز لە تێکوشان بێنێ ٠ دیارە بە زاهیر واز لە خەبات دێنێ، چونکە لێت ناگەرێن نەفەسێکی ڕاحەت هەڵکێشی و بیر لە حالی خۆت بکەیەوە ٠ هەرکاتێ کوردێك لە هەر شوێنێك لە هەر پارچێکی ئەو کوردستانە جارێك دەگیرێ، یان جارێك چووە شاخی، پەروەندێکی کە بوێ ساز دەکرێ هەرگیز لەلای دوژمن نابەسترێ و هەر شتێك رووی دا، دەبێ سەرێك لە زیندان بدات و لەگەڵ ئازارو سوکایەتی پێکردن روو بەروو بیتەوە ٠

بۆخۆم دەرکی ئەوەم کردبوو کە چونکە لەژێر چاوەدێری دام، دەبێ لەکارو تێکۆشانی سیاسی واز بێنم و زاری خۆم بگرم، بەخۆم دەگوت ؛ دەبێ وا بکەم بە هیچ جۆرێك گیرو گرفت بۆخۆم پێك نەهێنم ، بەڵکوو دەبێ خەریکی دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەم بم و لەو پەڕی خۆ پاراستن دا ژیانبەرمە سەر ٠ سەرە ڕای ئەوخۆ لە پەناگرتن و محافەزەکاریەش دووجاران دوو رووداوم بۆ هاتە پێش ، هەرچەند شتێکی وانەبوو، بەڵام جاری سێهەم کاتێ لە ڕێوڕەسمی کاك عزیزی یۆسفی لەسەر قەبران گەڕاینەوە ٤٥ رۆژان بە ناحەق لەگەڵ برادەران لە مەهاباد گیراین. مەبەستمە ئەوە بڵێم: تۆ هەرکاتێ دوو رۆژ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووی، ئیتر تازە رژیمی داگیرکەر وازت لێ نایەنێ و دەوسێی پەروەندەی ڕابردوت زیندو دەبێتەوەو گیرو گرفت هەڵەسون دێنێتەوە ٠

لە ساڵەکانی ٥٥ و ٥٦ وردە وردە جووڵە جوڵ لە شارەکانی تاران و تەورێز و ئیسفەهان پێك هاتبوو دەهاتنە سەرشەقام و خۆپێشاندانیان رێك دەخست ٠ ئاواتەکانم دەهاتن جارێکی دیش بێنەوەدی ٠ ئەو بزوتنەوەو خۆپێشاندانە گەیشتە نەغەدەو مهابادو ورمێ. بۆ هاندان و تەشویقی لاوەکان دەچوم بەشداریم دەکرد ٠ درۆشمی جۆراو جۆر دەدران ٠ هەراو درۆشمدان هەروەها بەتێکرایی هەستانی خەڵکانی ئێران کارێکی وایکرد ئەو

خەباتگێرانەی پێشتر ڕۆیشتوونە دەرەوە گەڕانەوە ئێرانو بەشداری خەباتی توندو تیژی ئەو سەر دەم بوون٠ برادەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش یەك یەكو دوو دوو گەڕانەوەو بە نهێنی لە شارەکان بوون٠ کەسانی وەك دوکتور قاسملوو، محمدامینی سیراجی، کەریم حیسامی، حەسەنی رستگار، سەید ڕەسوولو..... زۆر کەسایەتی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتنەوەو خەڵکێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە٠

حیزب لەهەموو ناوچەو شارێك ئەندامی کۆنو زیندان دیتووی هەبوو٠ دەکرێ بڵێین: کاتێك رژیمی شا روخا، حیزبی دێموکڕات. لە هەمووکوردستان تەشکیلاتی سیاسی هەبوو، بەڵام تەشکیلاتێکی بەدەستی دوژمن لێدراوی رووخاوی لەبەریەك هەڵوەشاو٠ واتە ئەندامێکی زۆرو بە ئەزموون، بەڵام ڕێك نەخراوی تاك تاك٠ بەماوەیەکی کەمتر لە شەش مانگ لە سەرتاسەری کوردستان کۆمیتەی شارستان لە هەموو شارێك دامەزراو بەئاشکرا دەفتەری حیزب لە شارەکان کرانەوەو دەستکرا بە نێونووسین و شانە بەندیو بەڕێوە بردنی کاروباری حیزبی٠ شاری نەغەدەش وەك شوێنەکانی تر، کۆمیتەی شارستانی لێ دامەزراو دەفتەری حیزب بۆ کارو باری ڕێکخستن داندرا و دەستی بەکاری ڕێکخستن کرد٠

# شەڕی نەغەدە !

نەغەدە کە شارێکی هەڵکەوتوو لە نێوەڕاستی ناوچەی سندوسەو لە کوردو ئازەری پێك هاتووە، بەسەر هەڵدانی ئازادیەکی بەرڵلایی لەو شارەدا، هەروەها دەستتێوەردانی کەسانێکی وەك ئاخوند حەسەنی لەورمیێو پێك هاتنی گرژی بێجێ لەنێوان دووقەومی ئازەرو کورد کە تادوێنێ دۆستو خزمی یەکتر بوونوکچیان دەدا بە یەکتری، ڕووداوێکی پڕناخۆشو چاوەڕوان نەکراوی لێ وەدیهات٠ دووکۆمیتەی شار پێك هاتبوو، یەکی ئازەریەکان یەکی کوردان٠ بە هۆی دووبەش بوونی گەڕەکی کوردان و گەڕەکی عەجەمان، هەرکام لە کۆمیتەکان، لەگەرەکی خۆیان کیشکیان دەدا ٠ هەر لەسەرەتاوە دژایەتیەکی بەرچاو هەڕەشەی لە دانیشتووانی ئەو شارە دەکرد ٠

رەحمانی حاجی ئەحمەدی کە مشاوری کۆمیتە ناوەندی بوو، بۆ بەرپرسی کومیتەی شارستانی نەغەدە نێردرا بوو٠ پێویستە ئەوەش بگوترێ : لەبەر ئەوەی کۆمیتە شارستانی نەغەدە بە دەنگو هەڵبژاردن پێك نەهاتبوو، حاجی ئەحمەدیش بێ هەڵبژاردن کرابووە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە٠ ناکۆکی دانیشتوانی شاری نەغەدە شتێکی شاراوە نە بوو٠ هەربۆیە کۆمیتەی ناوەندی هاتبووە سەر ئەو ڕایە؛ کە لە شاری نەغەدە بە بەشداری ئازەریەکان کۆبوونەوێك پێك بێنیێوچەند کەسێك لەگەل دوکتور قاسملو بێن لەو کۆبوونەوەدا بۆ یەکێتیو برایەتی کوردو ئازەری قسەبکەن ، بەلکوو ئەو گرژیو ناکۆکیەی پێك هاتووە نەگاتە کێشەیەکی ئاڵوزو خوێن ڕێژی٠ لە سەر پێشنیاری بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە مەیدانی فوتبۆلی ئەو شارە پێشنیارکرا٠ ئەندامانی کۆمیتەی شاری نەغەدە دوو شوێنی تریان پێشنیارکرد، بەلام ئیستدلالی حاج ئەحمەدی ئەوە بوو، دەیگوت : پێویستە لە گەڕەکی عەجەمان ئەو کۆبوونەوە پێك بێنین، هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی

دەیانەوێ بۆ ئازەریەکان قسەبکەن و تێیان بگەیەنن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە دۆستی گەلی ئازەری دەزانێ و دوو میللەتی کوردو ئازەری براو جیرانی یەکترن و نابێ بەقسەی ئاژاوە گێران لەگەڵ یەك نێوانیان ناخۆش بێ و دژایەتی یەکتر بکەین ٠ ئەو ئیستدلالانەی حاجی ئەحمەدی، بەنێوهێنانی کۆمیتە ناوەندی، ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی هێنا سەرئەورایە، لەگەڵ ئەو پێشنیارە دژایەتی نەکەن ٠ هەڵەیەکی تری کە گشت ئەندامانی کۆمیتەی شارستان دەگریتەوە، ئەوە بوو: دەبوایە کەسێك چووبایە مەهابادو لەنیزیکەوە کۆمیتە ناوەندی لەچلۆنایەتی و ناکۆکی لەبەر یەك ڕاوەستانی کوردو ئازەری ئەو شارەی لەگەڵ باسکردبان و بۆی شیکردبانەوە کاتی ئەو کارو کۆبوونەوەیە نییە ٠ بێشك ئەوکات هاوڕێیانی کۆمیتە ناوەندی وازیان دێناو چاوپۆشیان لە مێتینگی شارێ نەغەدە دەکرد ٠

بەهەرحال لە بانەمەڕی ١٣٥٨ هەتاوی ١٩٧٩ زایینی، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان روویان لە شاری نەغەدە کرد ٠ لە راستیدا نیشانداندان و ڕێژەی چەکدارێکی چەند سەد کەسی بە شەقامی شاری نەغەدەدا، بۆئازەریەکان زەربەیەکی روحی بوو ٠ کاتێك باسی زەربەی روحی دەکرێ، مەبەست لێکدانەوەی ئەو کاتی شاری نەغەدەیە ٠ شارێکی کە خەڵکەکەی کاریگەری چەکی نەدەناسی و بەکارهێنان و ڕەگباری گوللەی نەدیبوو، تەنانەت دوو قەومی ئەو شارە چوکترین ئازادیان بە خۆیانەوە نەدیبوو ٠ ئازەریەکی کە لەلایەن کەسانی وەك ئاخوند حەسەنی و سەرتیپ زەهیرنیژاد هاندرابوون و ئەو دوو کەسە ئاژاوەگێرە دەیان ویست بەپێك هێنانی ئاژاوە، پەروەندەکانی خۆیان کە لە دەورانی دەسەڵاتی رژیمی شادا پڕ بوو لەڕەزاڵەت و تاوان بشارنەوە ٠ مرۆڤ بەراشکاوی دەتوانێ بڵێ: ئەو دوو کەسە لەو پیلانە ڕەشە خوێناویەدا بە قازانجی شەخسی خۆیان سەرکەوتن ٠ کەسێکی کە لە بیری بەرژەوەندی خۆی دابێ، گوێی بە لە ناوچوونی بنەماڵەو کوشتارو مالوێرانی خەڵك نابزوێ و بێ

شك بە کاری ئاوا سەرخۆش دەبێ٠ لەو شەڕە نەخوازراوەی شاری نەغەدەدا پتر لە پێنج سەد کەس لە دوولایەنی کوردو ئازەری گیانیان لەدەست داو کەس و کاریان ڕەشپۆش بوون٠ جگە لەوخەسارەتە مەزنەش، دڕدۆنگی و ناکۆکی بۆگەلی کوردو ئازەری پێك هێناو تاماوەیەکی زۆر ئەکارەساتە لەبیر ناکرێ٠دوای شەڕێکی ناخۆشی گورچووبڕ لەسەربڕیارو داوای کۆمیتە ناوەندی دەستووری چوونەدەری چەکداری سەر بە حیزب دراو شاری نەغدەیان چۆلکرد٠ نابێ ئەوەش لە بیربکرێ کە بە دەستووری ئاخوند حەسەنی و سەرتیپ ژەهیرنژاد، چەندین تانگ و زرێ پۆش نێردرانە نەغەدەو خەلکیان وەبەر دەستڕێژی موسەلسەل داو بارانی مەرگیان وەرێ خست٠ لە هەوا شەوە هێلی کۆپتێر پلانی بۆ تانگەکان دادەرشت و ڕێنوێنی دەکردن و ڕێگاوبانیان لە ئاوارەو هەلاتوانی شار دەگرت و بێ روحمانە خوێنیان دەرشتن٠ دانیشتوانی کورد، شاریان چۆلکردو گەرەکی کوردان بەگشتی ئاوارە بوون٠ زۆرکەسی پیرو بێ توانا کە نەیان توانی بڕۆن شار بەجێ بێلن، چەکداری قەرەپەپاغ هەموویان قتل عام کردن و سەروەت و سامانی کوردەکانیان تالانکرد٠ کەمتر مال مابوو تالان نەکرێ، تەنانەت زۆرکەس خانوەکانیشیان ئاوری تێبەردراو سووتێنرا٠ مروڤی ونبووی بێ سروشوێنیش دوایە ئاشکرا بووکەبرایانی ئازەری کوشتوویانن و لاشەیان بە چۆمی داداون٠

ئەوەی باسکرا کورتەیەك لە تراژیدیای نێوان دوو قەوم بوو لە شاری نەغەدە کە لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێراندا رووی داو وەك پەلەیەکی ڕەشی مێژوویی بە نێوچاوانی مەلاحەسەنی و سەرتیپ ژەهیرنیژادوە دەمێنی و روناکبیری کوردو ئازەری بە شێوەی داستان بۆ نەوەی دوا ڕۆژیان دەگێڕنەوە کە چۆن سەدان مالە کورد بە پلانی ئەو دوو پیلانگێڕانە ئاوارەی هەندەران بوون٠

..................................

بۆزانیاری پتر بڕوانە لاپەرەی ١٩٢ تا ٢٠٠ برگی ١ ئاوڕێك .

# کۆنفرانسی پێش کۆنگره .

من به ماڵەوه له مەهاباد نیشتەجێ بووم و نەگەڕامەوه نەغەده، بۆ کارو باری حیزبی هاوکاریم لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دەست پێکرد · ورده ورده بەرەوکۆنفراسی شارستان دەرۆیشتین · که دەبوایه له هەڵبژاردنێکدا کۆمیتەی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرێت ·

ڕێکەوتی ١٠/ ٢/ ١٩٨٠ ی زاینی که له گوندی قزلقۆپی کونفرانسی کۆمیته شارستان گیراو ٢٣ کەس به ئەندامی کۆمیته شارستانی مەهاباد هەلبژێردران ، منیش یەکێ بووم لەو بیستو سێ که سەکه هەڵبژێردراو · بیست رۆژێك بەدوای کونفرانسدا واته : ١/ ٣ / ١٩٨٠ی زاینی، ئەندامانی کۆمیته شارستانی مەهاباد کۆبوونەوەیەکیان کرد هەیئەتی ئیجرایی‌و بەرپرسی کۆمیته شارستانی هەڵبژاردو بۆ هەیئەتی ئیجرایش دەنگم هێناوەو کاك کریم حیسامیش بوو بەبەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد ·

من که باسی دەنگ هێنانەوه دەکەم لەبەر ئەوەیە، من لەمەهاباد کەسانێکی وام نەدەناسی‌و له ناوچەکانیشدا کارم نەکرد بوو که بمناسن دەنگم بدەنێ ، بەلاّم به هۆی دۆستایەتی‌و ناسیاوی پێشتر لەگەل کاك کەریمی حیسامی، دەکرێ بڵێم ؛ ناوبراو له ناوچەی مەهاباد ببوو به ناسنامەیەك بۆ من ·

دیاره کاك کەریمیش وەك من بەخەڵکی مەهاباد نەدەناسرا، بەلاّم بەهۆی ئەوەی که کاتی خۆی یەکێ لەبەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی کوردی پەیکی ئێران بوو، له سەرانسەری کوردستان کاتێ نێوی کەریمی حیسامی ده هات، دەناسراو جێگای ڕێزو ئیحترامی خەڵك بوو · له دابەشکردنی کاردا هیچ کام له بەشەکانی شارم وەرنەگرت، کاری ڕێکخستنی دێهاتم پێ باشتربوو له شار. بەتایبەتی لەمەهاباد مرۆڤ نەدەحەساوه، هەزارو یەك پوت و کەللای تێدابوو، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە، کەس گوێگری ئەوی‌تر نەبوو ، هەمووکەس

بۆخۆی منێك بوو، هەر چوارکەس بۆخۆیان گروپێكو ڕێکخراوێك بوون ·
هەرگروپو ڕێکخراوێك دژی ئەوی تریان بوو · هیچکام ستراتیژی و تاکتیکی
ئەوی تری قبوول نەبوو · هەرکام بەنۆرەی خۆی بەیاننامەی ئەوی تری ڕەد
دەکردەوە · شەرەقەڵەمو شەرە بەیانیە بە شێوێکی ناپەسەند بەدارو
دیوارەکانەوە هەڵداوەسران · زۆرجاران نووسراوەو ڕاگەیاندراوی یەکتریشیان
دەدڕاندو لە دیوارەکانیان دەکردەوە · سەیر ئەوە بوو، هەموولایەك باسیان
لەدێموکراسی دەکردو بەڕواڵەت پشتیوانی دێموکراسی بوون، بەلأم لەکردەوە
دا هیچ باوەڕێك بە دێموکراسی نە بوو · هەرەکەتو جولأنەوەکان لە دژی
دێموکراسی بوون · هەرگروپە، ئەوی‌تری بە شتی نارەوا تاوانباردەکردو
بێباکانە بوختانیان بۆیەکتر هەڵدەبەست · چەپ بوون ببوو بەپێوانەی
شازبوونی بناغەی ڕێکخراو · هەرچی چەپتربایە پتری شانازی بەخۆی دەکرد،
بیروڕای نەتەوایەتیان بەتاوان دەژمارد · وشەو دروشمی چەپ، دەبوو وەك
پتی خوێن سوور بێ، سووری کەم ڕەنگ ناوەرۆکی چینایەتی کرێکاری
دێناخوارو هەرچەندی تۆختربایە باشتربوو · ڕێکخراوی وەکوو: شەفەقی
سوورو طوفان کە گۆیا دەستکردی ڕژیمی شا بوون، لە گەڵ ئیتحادیەی
کۆمونیستهاو کۆمەڵەو توودە، بە نووسراوەی سوورو ئەستێرەو ئالأی سوور،
پۆستێری سوورو تەنانەت ئاکاروکردەوەی لە خوێن سوورتر، نموونەی خەباتی
رووناکبیرانی سەردەمی ئەوکاتی‌مەهاباد بوو · بە ڕاشکاوی لەیەك ڕستەدا
دەتوانم بڵێم: گروپە سیاسی‌یەکان لەبەر بەربەرکانی دژی یەکتری دوژمنی
سەرەکیان لە بیر چووبۆوەو سەرگەرمی چاڵ هەڵکەندن بۆ یەکتر بوون · کاتێك
دەمروانییە ئەو کێ بەرکێیەو لێکم دەداوە شارەکە بەدڵمەوە نەدەنووساو
دێهاتەکەم پێ‌باشتربوو بچم کاری ڕێکخراوی تێدا بکەم · لە ناوچەکانی
گەورکو مەنگوڕو چومی‌مەجیدخان، لەکاری شانەو کۆمیتەو ڕێکخستنی
ئەندامگیری هالأ بووم و بەرەو کۆنگرە دەرۆیشتین ·
حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند لە ٣٠ مانگی ڕێبەندان کۆنگرەی

حیزب دەگیرێ ٠ وا دیار بوو ئەندامانی بەرپرسی حیزب لەسەرگیرانی کۆنگرە یەکدەنگ نین ٠ هێندێك دەیانگوت هەست بەمەترسی دەکەین. کەسانێك پێیان وابوو دەبێ برێکی دیکە زەمان بڕوا لە نێو خەڵکدا باشتر دەناسرێن و باشتر دەنگ دێننەوە ٠ کەسانێك پێیان وابوو دوکتور قاسملوو خەریکی شتێکە بۆیە پەلە دەکا کۆنگرە بگیرێ ٠ لە ڕاستیدا من خۆم دوای کۆنگرەش و ئێستاش بۆم دەر نەکەوت بۆ دەبێ دژایەتی لەگەڵ گیرانی کۆنگرە بکرێ، یان لەکاتێکدا کە ئیمکانی گیرانی کۆنگرە هەیە، بۆدەبێ دژایەتی لەگەل بکرێ وەدرەنگی بکەوێ؟

کۆنگرەی حیزب بە بەشداری نوێنەرانی سیهەزار ئەندام گیراو هەڵبژاردن کرا ٠ دوای قسەو باسێکی زۆرو دیاریکردنی سیاسەتی داهاتووی حیزب، بەپێی دەنگدان ئەندامانی کۆمیتەناوەندی دیاری کران ٠ بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی حیزبدا بڕیاردرا کۆمیسۆنی لێکۆڵینەوە لە حیزبدا هەبێ ٠ دەنگی بۆ دراو هەڵبژێردران ٠

ئەو پرسیارە دێتەپێش : داخوا کۆنگرەی چوار هەرئاوا دەستپێکراو ئاوا بە ساکاری کۆتایی هات، یان دەیان گیرو گرفت و دەیان فڕوفێڵێ تێدا کرا ؟!

کەسێکی کۆنگرەی نەدیبێ و ئەزموونێکی لە کۆنگرەو کۆنفرانس نەبووبێ، هەر ئەوەندە دەزانێ کە کۆنگرە گیراو بڕیارات دراو کۆتایی هات، بەلاّم کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە باری دۆستایەتی و هاوڕێی و ڕاستی سەت لە سەت نەبوو ، ناسەداقەتی و دەست بادانی ئاشکرا، فێل کردنی نهێنی، دژایەتی دوورلە هاوڕێیەتی و گرێدراوی حیزبی، کارکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، شکاندنو پێ ڕێخستنی تێکۆشانی هاوڕێی کۆنەکاری چەند ساڵە و هێنانی کەسانی زەحمەت نەدیوی سیاسی و ڕەپێش کردنیان ، هەروەها دەستەبەندی ئاشکرا، تەنانەت فێل کردن لە خوێندنەوەی دەنگەکاندا کە ئیتر ئەوە بەدەستدرێژیەکی نە بەخشراوی سیاسی و ئەخلاقی دەژمێردرێ ٠

هەر لە سەرەتای کاری کۆنگرەوە دیار بوو کە جەوی کۆنگرە نا لە بارە٠ هەر ئەو تێبینیو لێکدانەوەش بوو بە هۆی ئەوەی لە کاتی نێو نوسینی کاندیدا من نەیوی خۆم ئستریەوەو ئەو داوایەم ڕەت کردەوە ٠ زۆرشت هەیەو ماوە لە سەر کۆنگرەی چوار بنووسرێ، بەلاّم دەبێ مرۆڤ بۆ داهاتوو، بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشانی کەسانی بەڕابردو، لانیکەم بۆخاوێن ڕاگرتنی مێژوو، لە هێندێك شتو هێندێك ڕووداوی مرۆڤ داروشێن، خۆ بپارێزێ.

بروانە بەرگی ١ ئاورێك لاپەرەی ٢١٠

..............................

بە کورتی دەتوانم بڵێم کۆنگرەی چوار، ڕێگای کردەوە بۆ سەرەتای فەرهەنگی ناتەبایی‌و ناکۆکی داهاتووی لاوانی خوێن‌گەرم‌و دڵسۆزی حیزب ٠ چۆن ئەو فەرهەنگە دەگۆڕێ‌و کەنگێ فەرهەنگی پڕ لەسەفاو سەمیمی جێگای دەگرێتەوە نازانم ٠ ئێستا کە ئەو ڕووداوە دەنووسم پتر لە ٢٦ساڵیی بەسەردا تێ‌پەڕیوە، دەبینم ئەو ناکۆکی‌وناتەباییە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵترو قووڵتر دەبێتەوە ٠ بەو هیوایە حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەڵە پیاوانی زاناو دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی تێدا هەڵکەوێ‌و کۆتایی بەو فەرهەنگەی کە لە حیزبدا جێکەوتووە بێنێ‌و سەفاو سەمیمیەت بۆ نێو گشت ڕیزەکانی حیزب بگێڕێتەوەو قسەو قسەڵۆك‌و زەممی پاشملەو جاسوسی ئەندام لەسەرئەندام ریشەکێش بکرێ‌و شوێنەوارێك لەو ئاکاروکردەوە رووخێنەرانە نەمێنی ٠ لە نێو باس و خواسەکانی ڕۆژانی کۆنگرەدا دەرکەوت کە دووبیری ڕاستو چەپ لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا هەیەو بەسەر ئەندامانی حیزبدا زاڵە ٠ بیری چەپ بەپشتیوانەیەکی نامۆی دەرەکی رووخێنەرو هاندەرو دژ بە بیری ناسیۆنالیزم تێدەکۆشا هەستو نیستو خەباتی ڕابردوی حیزبێکی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ریشەوە دەر بێنێ، بەلاّم بە کاوەخۆ ٠ دیارە وەك ئاماژەم پێکرد ئەو بیرە چەپە، حیزبی تودەی ئێرانی لە پشتی ڕاوەستابوو، تێدەکۆشاو بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ هەوڵی دەدا نفوزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە

نفوزێکی سەرسام هێنەر بوو ، بۆلای خۆی ڕەکێش بکا ٠ لە واقیعدا هەوڵێکی ناراستەو خۆ بەقازانجی کۆماری ئیسلامی بوو ٠ بەقەولی ئەوان؛ نە هێڵن کورد بکەوێتە نێوکوێرەرێو بەرەو ولاّتانی ڕۆژئاوا بکشێ ٠ گۆیا ڕێنوێنی دەکرا کورد دژی ئیمپریالیزم خەبات بکاو هەنگاو باوێ! کاتێك لە کۆنگرەدا سەرکەوتنی تەواویان وەدەست نەهێناو بە خواستی لە سەداسەدی خۆیان نەگەیشتن ، هەولیان دا بە هۆی دارو دەستەی سەر بەخۆیان ڕیزەکانی حیزب بەرەو سستی و بێ توانایی بەرن و خەڵك لە خەبات و تێکۆشان ناهۆمێد بکەن بۆئەوەی بە ئەندامانی بەرێوەبەرایەتی ڕەشبین و بە گومان بن ٠ پرووپاگاندو بوختانی نارەوا ، دەست تێوەردانی نارەوا ، خراپکاری و ئەو پەری دژایەتی دەرحەق بە ڕێبەرایەتی حیزب ئەنجام دەدرا ٠ بەشێك لەو هەولانە بەرێکخراوی لاوان ئەسپێردرا بوو کە ئەنجامیان بدەن ٠ لە کۆبوونەوەو دانیشتنێکدا بڕیاردرا ڕێکخراوی لاوانی حیزب کۆتایی بێ و لە جێگای ئەوان یەکێتی لاوان دەست بەکاربێ ٠ بۆهاتنە ژووری لاوان دەرگا کەوتە سەر پشت و هەموو لاوێك بەهەر بیرێکی هەیبوو دەیتوانی بێتە ڕیزی یەکێتی لاوان ٠ لە ڕاستیدا شۆرشێك بوو بەسەردارو دەستەی حیزبی توودەدا کرا ٠

مـن کە ئێستا خەریکی نووسینی ئەو دەورانم ، بە باریکە ڕێیەکی دەورو بەری تەشکیلاتی حیزبدا دەڕۆم ، چونکە مەیدانی خەبات و هەڵلاّو بەزم هەرئەوەندە نە بوو کە من باسی دەکەم ، بگرەو بەردەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبی تودەو رژیمی ئێران لە هەموو ڕێگاو شوێنێك بە گوتەو نووسینی بەیان و ڕۆژنامەو پروپاگاندی نهێنی و ئاشکرا لەبەریەك ڕاوەستانی پارت و ڕێکخراوەسیاسیەکان ، کە دەکرێ بڵێین؛ بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو دەبوو ٠ دوای ئەوەی پایەگای حیزبی توودە لە نێو حیزبدا کە ڕێکخراوی لاوان بوو تێك رووخاو لە سەرلاقێك ماوە ، ئەوجار کەوتە هاندانی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیموکرات و ئەودەوروبەرانەی کە گوێ ڕایەڵیان بوون کۆدتایەك لە دژی ڕێبەرایەتی پێك بێنن ٠ لەو هەوڵ و

تەقللایەشدا سەرنەکەوتن‌و بەرنامەکەیان تێك شکا ٠
بەو پێ‌یە، دەرکەوت کە حیزبی تودە وا بەهاسانی دەست هەڵگرنییەو دەبێ ئەو بەڵێنییەی بە رژێمی داوە بیباتەسەر ٠ دوای ئەوەی هەموو ڕێگاکانی تاقی کردەوەو سەرکەوتنێکی وای وەدەست نەهێنا کە کۆماری ئیسلامی پێ ڕازی بکات، توانی شەش کەس لە بیست‌و پێنج کەسی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی دابڕێ‌و بیان کاتە هەدیەو پێشکەش بە کۆماری ئیسلامیان بکات٠
ئەو شەش کەسە بریتی بوون لە: غەنی بلوریان ، رەحیم‌سەیفی قازی، فەوزیەی قازی، فاروق کەیخەسرەوی، ئەحمەدی عەزیزی‌و نەوید موعینی ٠ ئەو شەش کەسە بەیاننامەیەکیان بەنێوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار نووسی‌و بلاویان کردەوە، بۆئەوەی ئیمزاکانیان موحتەبەرتر بێ، ئیمزای شاعیری مەزنی کورد مامۆستا هێمنیشی پێوە دیاربوو ٠ نابراو لە کۆنگرەی چوار، بەتەواوی دەنگ، شەرەفی ئیفتیخاری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی پێبەخشرابوو ٠ ئەو شەش کەسانە توانیبوویان هونەرمەندێکی ئاوا ڕازی بکەن‌و بیخەنە نێو جاڕوجەنجاڵیکی نەخوازراو ٠
بەبلاو کردنەوەی ئەو نووسراوەو جیاکردنەوەی خۆیان‌لەریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەش‌و هەوای سیاسی کوردستان گۆڕا ٠ کۆماری ئیسلامی تا ئەوکات جێ پێی لە کوردستان نەبوو، بەلام کاتێ دەستەیەکی شەش کەسی لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند کەسێکی تری دەرکراو لە ڕێکخراوی پێشووی لاوان پالیان وەحکومەت دا، ئیتر رژیم نفوزی‌سیاسی بۆ پێك هات‌و ڕێگای تەبلیغاتی بۆکراوە ٠
ئەو تاقمە بە ئاشکرا دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان پروپاگاندیان دەکرد کە گۆیا کۆماری ئیسلامی زیدی ئیمپریالیستەو مافی کورد دەداو ڕێبەرانی حیزب لە سەروی هەمویانەوە دوکتورقاسملو نایەڵێ کورد شتێکی وەدەستکەوێ٠ بە کورتی، تاقمی شەش کەسی بە نێوی (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، دەستیان کرد بە جووڵانەوەو نوسین‌و پڕوپاگاندی دژی حیزب‌و گوێ

ڕایەڵیی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ٠ چاوەڕێ بوون ئەرۆ سبەی خودموختاریان بدەنێ و ئەوان ببن دمراستی کوردو، ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دم لە پووش بن ٠ بەو ئەو خیالپلاوە پروپاگاندیان دەکردو بەڵێنی لە سەتاسەتیان دەدا بەخەڵك و دۆستو هەوادارانی خۆیان ٠

لەو لاشەوە رژیم جێ لاقی کراوەو کەوتە هاتووچۆ کردن ٠ لەلایەك پلانی شەڕێکی مالوێرانی دەکێشاو لە لایەکی تر پێوەندی لە گەڵ ئاغاو عەشیرەتو کەسانی وەك موفتی زادە دەگرتو چەك و چۆڵ و پووڵو پارەی لە نێو دابەش دەکردن ٠ لەو لاشەوە پەنابەرانی بەشی کوردستانی باشوور کە لە ناوچەکانی خوزستانو تاران کەرەج بوون، ئەوانەی سەر بەبنەماڵەی عەشیرەتی بارزان بوون یەك یەكو دوو دوویان بۆ کوردستانی دەگێڕانەوە ٠ ئێمەو مانانی کە هێندێك سەرمان لە کار سیاسی دەخورا لەگەڵ هێندێك دڵسۆزو دۆستو ئاشنا جێگاو ڕێگاو خانوومان لە شارودێ بۆو کوردانە دەدۆزیەوە بۆ ئەوەی بگەنەوە کوردستان ٠ تا ئەو جێگایەی بۆمان دەلوا ، وەك ئەرکی کوردایەتی لە باری مادیو مەعنەوی یاریدەمان دەدانو لێ یان خافڵ نە بووین ٠

دیارە تاقمی شەش کەسیبەنێوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارلە لایەن حیزبی توودەوە بەڵێنی خودموختاریان پێدرا بوو، بۆیە بە خاترجەمی سێچوارساڵان زۆر ئاکتیو بوون و وەك تۆپی فوتباڵ رژیم هەلیدەسووراندنو بەولاولایدا دەدانو دژی حیزبی دێموکراتیکوردستانو شۆڕشو کوردستان یاریو پروپاگاندی پێکردن ٠

سەرئەنجام وەك پێشینیان دەڵێن: زەحمت بەخەسار دەرهاتنو ئەو بەڵێنیانەی رژیم وحیزبی توده پێی دابوون، وەك ئەو بەڵێنیە بێ بناغە خۆیانی لێهات کە بەهەوادارانی خۆیاندا بوو ٠ واتە دووبەڵێنی نێوبەتاڵی فریودەرانە ٠ سەرئەنجام ئەو کەسانەی کە ڕەگەڵ ئەو هەراو هەنگامە کەوتن، بەشێکیان بە یەکجاری بوون بە ماڵیی حکومەت ٠ بەشێکیش خۆیان دەزبازی هەندەران کرد ٠ بەداخەوە چەند کەسێکیش سەریان تێدا چوو، بوون بەدەستەچیلەی

ئاوری پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارو چەند کەسێکیش گەڕانەوە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان • مەبەست لەئاماژە کردن بەو رووداوە تاڵە مێژوویە ئەوەیە: دوژمن کوردی باشی ناسیوە، ئێمە خۆمانین دوژمن مان نەناسیوە • دوژمن دەزانێ پشتی یەکترمان پێکتر پێ بشکێنێ و کەلکمان لێوەربگرێ •

خوێنەرانی بەڕێز! ئێوە بیری لێ بکەنەوە؛ لە ناسکترین کاتی مێژوویی‌دا هەل لەدەست دراو بەقسەی نێو بەتالی پڕلە فریوی دوژمن تووشی دووبەرەکی بووین • مەسەلە ئەوە نیە شەش کەس لە کۆمیتەناوەندی بەلایەکدا رۆیشتووین و هەرکەسە لەوانیش خەلکانێکیان لە گەڵدایە، مەسەلە ئەوەیە: جگە لەوەی کاتمان لەدەستداوە، لەنێوان ئەوچەند ساڵ ناکۆکی‌یەدا بەدەستی خۆمان چەند کەسێکی دڵسۆزی زاناو تێگەیشتووی سیاسیش لەدەست دراون • داخوا لەو زۆرەوانبازیەی ناوخۆیی، لەکورد بەو لاوە کەسێکی دی زەرەری وێکەوتووەو خەمبارو ڕەشپۆش بووە؟ یان هەر هاوڕێی‌ودۆستو هاوڕەگەزو کوردەکەی خۆمان بوون بەدەستی خۆمان زەربەمان لە خۆمان داوە ؟!

وەك باسکرا رژیم لە بیری سەپاندنی شەڕێکی مالوێرانکەرانەدا بوو، کە کردی. بە وەدەست هێنانی زانیاری تەواو هەلێکی وای ڕەخساند بووکە بتوانێ لە گرتنەوەی شارەکانی کوردستاندا بەپلانێکی دارژاو، لانیکەم لە باری نیزامی‌یەوە سەرکەوتن وەدەست بێنێ • لەو شوێنانەی کە نفوزی کردبوو بە هۆی کەسانی گوێ ڕایەڵی خۆیی کە بێتەلی (بێسیم) دابوونێ هەواڵو ئاگاداری لێوەردەگرتن • لەشوێنێکی وەك سنە بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتبوو بە نێوی پێشمەرگەی مسوڵمان، لە دژی پێشمەرگەی کوردستان شەڕیان دەکردو دەکوژرانو دەیانکوشت ! ئاغاکانی‌زەرزا لەناوچەی شنو چەکیان وەرگرتبوو، هێندێکیان چەککران. ئاغاکانی مەنگوڕ بە شەڕ هێندێك چەککرانو هێندێك کوژران • مرۆڤ کاتێ ئەو شەڕو کێشانەدەبینێ، مێژووی بابانو ئەردەڵانی وەبیردێتەوە کە چۆن حاکمودەسەڵاتدارانی ئەو دەوران بە قسەی والی بەغداو سوپاسالاری تارانو خەلیفەی عوسمانی پشتی کوردیان

بەکورد دەشکاندوەو دەسەلاتی خۆیان بەسەرکوردا سەپاندووە ٠ ئەگەر بێتوو لەگەل هەلو مەرج و بۆ پێشەوە چوونی ئەو زەمانی لێك دەینەوە، دەبینین تاریخ بۆدواوە گەڕاوەتەوەو لەو دەراندا خۆمان دەبینینەوە ٠ رژیمی ئیسلامی ئێرانیش بەچاولێکەری لەڕابردو کارێکی وای کرد هەربەکورد شەڕی لەگەل کورد بەڕێوە بەرد و ئەرتەش و کەسانی غەیرەکوردی کەمتر هێنا مەیدانی شەر ٠ کوردی کرد بە سوپەری لەشکرو ئەرتەش و پاسدارو بەسیج و بە هێزی هەوایی و زەمینی هێرشی مەغول ئاسایی خۆی بۆ سەرکوردستان دەست پێکرد ٠ شاری مەهاباد بەناوچەوە بوو ئامانجی سەرەکی هێرشی رژیمی ئاخوندی، بە بۆم بارانو، وەکار خستنی شێستیری هێلی کۆپتێرو تۆپبارانی تانگەکان، بەکوشتاری بێروحمانەدەستی لە خەلکی بێدیفاع نەپاراست و توانی شەقامەکانی شاری مەهاد بگرێتەوە ٠ خەلکێکی زۆر لە نێو شاری مەهاباد شەهیدبوون ٠ دیارە لەو نێوەدا پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بێ شەهید نەبوو، بەلام بەراورد لە گەل کوژرانی هێزی رەشی داگیرکەردا دەتوانین یەك بە بیست هەلسەنگێنین ٠ دەکرێ بلێین؛ بە دۆشکە بارانی پادگانی نێوشارو زالبوونی کێوی خەزایی بەسەر شاردا کە پایەگای رژیمی لێبوو، ئەو چەند رۆژەی شەڕ لە نێو شاری مەهاباد کرا، زیانێکی هەرە گەورە بەدانیشتوانی شاری مەهاباد گەیشت و دوژمنی بێ بەزەی بەناو ئیسلام، بە هۆی خومپارەباران خانوێکی زۆری بەسەر پیاو و ژن و مندالی بێتاواندا رووخاند ٠ بۆ نموونە: بنەمالەی کاك محەمەدی عەتاری بەوردو درشت لە ژێر رەگباری خومپارەی ئیسلامدا سەرپاك شەهید بوون، دوای بەرگریەکی زۆری پێشمەرگە، بەخاتری پاراستنی گیانی دانیشتوان شار، حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری دا کە پێشمەرگە شەڕی ناو شار نەکاو شاری مەهاباد بەجێ بێلن ٠ هەرچەند چوونەدەر لە شار زۆر ناخۆش بوو، بەلام پاراستنی گیانو ژیانی خەلك گرینگتر لە مانەوەی نێوشاربوو ٠ بۆ ئەوەی خۆ لە هێندێك شت بپارێزین و کورتی کەینەوە، دەکرێ بلێین وردە وردە شارەکان گیرانەوەو

شەرکەوتە ناوچەکانی دەروبەری شارەکان ۰ نیزیک بە شەش ساڵ شەڕی جبهەیی لە گەل رژیمی داگیرکەر درێژەی هەبوو، بەلاّم شەڕی جبهەیی بۆ گەلێکی بێ پشتو پەناو بێ کەرەسەی نوێ، زیانێکی زۆری بەدواوە دەبێ ۰ بە ڕاشکاوی دەتوانین بلّێین؛ ئێمەی کورد بۆخۆمان لە شەری شەش ساڵەی جبهەیی‌دا شاهیدی ئەو زەرەرو زیانەین کە دیتمان ۰ دوای ئەو زیان و زەرەرانە حیزب بڕیاری گۆرینی چۆنیەتی شەڕی دا: کە لە سەراسەری کوردستان بە شێوەی پارتیزانی لە گەل دوژمن بە ربەرەکان بکرێو، واز لە شەڕی جبهەیی بێنن ۰ لە ڕاستیدا شەڕی پارتیزانی کە بە کوردی دەبێتە :

( **لێدان و هەلاّتن** ) بەباشترین بەربەرەکانی دژی دوژمن دەژمێردرێ ۰ لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە شۆڕشی سەرکەوتوو ئەنجام دراوە، شۆڕشی پارتیزانی بووەو دوای چەند ساڵێك وردە وردە بوّتە جیهەیی ۰ کە چی کوردی ڕۆژهەلاّت لە دەسپێکی شۆڕشدا بە شێوەی جبهەیی دەستپێکراو زیانێکی زۆریشمان وێکەوت و هەروەها بە هۆی کاریگەری شەڕی جبهەیی، شەڕی پارتیزانی بۆ پێشمەرگە فرە دژوار بوو چونکە فێر نەکرابوو ۰

لە شەڕو گرتنەوەی ڕێگای سەردەشت –پیرانشاردا، بە قەولی نووسەرانی داستانی قەدیم "لە کوشتە پوشتە" دروست کرابوو، بەلاّم سەرئەنجام رژیم بە زەبری چەکی جۆراو جۆر ئەو ڕێگایەی گرتەوە ۰ دیارە هەرچەندی بیر لێ بکەینەوە پێشمەرگە شۆرشگێڕو قارەمانە، بەلام لەبەرانبەر تانگو تۆپو کاتیۆشا دا ناتوانێ خوی بگرێ ۰ رژیم لە گرتنەوەی ئەو ڕێگایەداکوشتەیەکی زۆریدا ۰ ئەگەر خۆمالّیی یاریدەی رژیمی نەداباو نەکەوتبایە پێش لەشکری دوژمن، بەو زاوانە نەدەگیراوە ۰ لە هێرشی گرتنەوەی ڕێگای سەردەشت پیرانشار دا جاشو جەیشێکی زۆر لە گەل چەکداری قیادەموەقەت، **بیوون بە** چاوساغی دوژمنو وەپێشی کەوتبوون .

.................................................

بۆئاگاداری پتر بروانە بەرگی ۱ ئاوڕێك لاپەری ۲۵۹

دێمەوە سەر بابەت. دوای بە جێ هێشتنی شاری مەهاباد، وەك گوتمان رژیم دەستی لە پێشوو ئاوەلەتر بوو. پێویست بوو دەزگای ڕادیۆو دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات دوورتر بکەوێتەوەو بگوێزرێتەوە شوێنیکی قایمتر کە دوژمن نەتوانێ زیانی پێ بگەیەنێ. بە گوێزتنەوەی بنکەی ناوەندیو ڕادیو، هاتوو چۆو سەردانی کۆمیتەشارستانو هێزەکانیش هاسانتر لە پێشووبوو. وێڕای ئەوەی لە نێوان رژیمو پێشمەرگەدا بە توندی شەڕبوو، هەر وەها کادری سیاسیش ویڕای کاری تەشکیلاتی پروپاگاندی دژی رژیمی بەڕێوە دەبردو خۆی بۆکونگرەی پێنج ئامادە دەکرد. کۆنفرانسی کۆمیتە شارستان لە کەشوهەوایەکی ئازاد، دا دەگیرانو نوێنەری هەڵبژاردەی خۆیان بۆ کونگرەی پێنج دیاریدەکرد. بۆ هەریەك لە کۆنفرانسەکان ئەندامێکی دەفتەری سیاسی چاوەدێری دەکرد. بۆ کۆنفراسی شارستانی مەهاباد کە لە گوندی سوێناس گیرا، شەهید دوکتور قاسملوبەشدار بوو. بۆنوێنەرایەتیو بەشداری لە کۆنگرەی پێجدا نوێنەر هەڵبژێدران کە یەکێکیان من بووم.

## کۆنگرەی پێنج .

گۆنگرەی پێنج دەبوایە زۆر بە نهێنی بگیرێ کە زەربەمان لێ نەدرێ. بە نهێنی پێیان ڕاگەیاندین کە ڕێکەوتی١٤-٩-٦٠ بچینە گوندی نواوێ. بەیانی واتە: ١٥سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی لە سالۆنێکی تازە دروستکراو لەنیزیك گوندی شیوەجۆ کونگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست بەکار بوو. لەو کۆنگرەیەدا ئاماژە بە ٣ روداوی گرینگی مێژوویی پێویستە، ١- هەلگرتنی درۆشمی رووخانی رژیمی ئاخوندی ٢- گۆڕینی درۆشمی ستراتیژی، واتە ئامانجی دوارۆژی حیزب ٣- دەنگ وەر گرتن بۆ چوونە نێو شورای بەرگریمیللی، موجاهیدین. ئەوسێ خاڵە، بە سێ رووداوەی گرینگی مێژوویی دەژمێردرێن کە لە سەروو ئاماژەیان پێکرا.

هەروەکو هەموولایەك ئاگادارین، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەزبەری سالّی ۱۳۵۲ی هەتاوی سیپتامبری ۱۹۷۳ی زایینی لە کۆنگرەی سێهەم درۆشمی خودموختاری بۆکوردستانی هەڵگرتووەو لە نێو پرۆگرامی خۆیدا گونجاندوە. ڕوونە کە داوای خودموختاری مەسەلێکی ناوخۆی ولاّتی ئێرانەو هەرکاتێ ڕژیمی ناوەندی بیهەوێت ددانی پێدا بێنێ دەبێ وتوو وێژی لەگەل بکرێ. ئەوە لە کاتێك دایە کە حیزب بۆ داوای خۆی ڕاپەڕیوە، واتە حیزب داوا لە ڕژیم دەکات خودموختاری بسەلمێنێ، بەلاّم ئەگەر حیزب درۆشمی ڕووخانی ڕژیم هەلبگرێ، بەمانای ئەوەیە ئیتر پردی وتوو وێژ دەرووخێ و تا ڕووخان وگۆڕانی بۆ ڕژێمێکی تر، وتوو وێژ نییە. لە کۆنگرەی پێنج دا بە دەنگی تەواو ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی پەسندکرا، درۆشمی سەرەکی حیزب کە خودموختاری بوو بێگۆڕان لە جێی خۆی ماوە !؟

دەکرێ بلّێین؛ ڕووخانی ڕژیم بوو بە درۆشمێکی نوێی بێ پشتیوانە، واتە: درۆشمی سەرەکی ڕۆژانەی حیزب. هەرلە ڕۆژی هەوەلەوە بە هەلگرتنی درۆشمی ڕووخانی ڕژێم، خودموختاری بێگیان کرا، چونکە پردی وتوو وێژ بۆوەدی هێنانی ئەو داوایە ڕووخێندرا. یان ڕوونتر بلّێین؛ حیزب لە ڕێگای وتوو وێژی لەگەل ڕژیم بەست !

کێشەی دوهەم گۆڕینی درۆشمی ئامانجی دوا ڕۆژی حیزب بوو. پێشتر لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە: ئامانجی دوا ڕۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پێك هێنانی کۆمەلێکی سوسیالیستی یە.

دوکتور قاسلووی شەهید پێشنیاری کرد: بگۆڕدریت، ئامانجی دوارۆژی حیزب ببێ بە: سوسیالیستی دیموکرات. لەبەر ئەوەی من خۆم بڕوام بە هیچ کامیان نییە، نامەوێ بچمە نێو ئەهەراو هەنگامەی ئامانجی دوارۆژەوە. چونکە شتێکی زۆر سەیرو تەنانەت ڕەنگە بێ جیش بێ، ئامانجی دوا ڕۆژێکی کات نادیار. ڕوون نییە دەسالی تر، بیست سالی تر، یاسەت سالی تر دێتە دی. نازانم بۆ نوێنەری کونگرەی سەدەی بیستەم، خۆی دەکات بە نوێنەری

خەڵکانی سەدەیەکی تر؟ لە سەدەیەکی ترلا یا دوای بیست ساڵی تر هەلوو مەرجی سیاسی چی لێدێتەوە؟ نەسلی داهاتووکوا بڕیاری نەسلی ئێستای قبووڵ دەبێ . کادری ئێستا بڕیاری کونگرەی دووساڵ پێشتری قبووڵ نییە، چدەگا بە نەسلی داهاتووکە بڕیاری کۆنی زەمان بەسەردا تێپەڕیو وەر بگرێ؟

ئەگەر ئاورێك لە دواوە بدەینەوەو چاوێك بە نووسراوە کۆنەکاندا بخشێنین، دەبینین لە ماوەی پەنجاساڵی بیرەوەری خۆماندا دەورانەکان ئاوا هاتوون: دەورانی شەڕی یەکەم و دووهەم، دەورانی شەڕی ساردی دووزلهێزی جیهانی، دەورانی بۆمبی ئەتۆم و بۆمی هیدرۆژین، دەورانی زانست و تەکنیك، دەورانی ئینترنێت و ساتەلایت، ئەوە ئەوڕۆش پێ دەنێینە دەورانی گلۆبالیزم و دەبینین دەوڵەتان یەکدەگرنەوەو پووڵ و پارەی وڵاتەکان دەبن بەیەك . کە وابوو ئێمە ناتوانین بۆ نەسلی داهاتوو تەما بگرین، یا پێمان وابێ بڕیارێکی کە دەیدەین دەتوانین بەسەر نەسلی داهاتوویدا بسەپێنین .

کاتێك بۆداهاتوو شتێکیوا دێتە پێش، پێویست ناکا وەختی کۆنگرەی پێ بگرین . هەزارو یەك گیروگرفتی سیاسی و ئابووری و بەرنامەی نوێ هەیە، بەجێیان دێڵین دەچین قسە لە داوارۆژی نەسلی داهاتوو دەکەین .

ئامـاژەی سێهەم چونە نێو شوڕای بەرگری میللی مجاهدین بوو . موجاهدین حیزبێکی ئێرانی سەرتاسەری ئیسلامی سیاسین و دەکرێ بڵێین : بۆ دوارۆژی گەلی کورد مەترسیدارتر لە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئێستای ئێرانن . نفوزێکی زۆریان لە ئێراندا هەیەو سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە . پشتیوانی حیزبی لێدەرچێ . جێ پێییان لە کوردستاندا نییە . لە دەرەوە دوو سێ کەسایەتی سیاسیان لە دەوری خۆیان کۆ کردەوەو نێویان لێ ناوە: شوڕای بەرگری میللی ئێران. لە ساڵانی ٦٠ و ٦٢ هات و هووتێکی وایان وەڕێ خستبوو، مرۆڤی دێنا سەر ئەو ڕایە کە زۆری پێ ناچێ ڕژیمی ئاخوندی دەرووخێ و ئاخوندی بێ ڕیش، واتە خۆیان دێنە سەرکار . ئەوان بەو ئاژیتاسیۆنەی وەڕێیان خستبوو، کەش و هەوایەکی وایان پێك هێنابوو،

ڕێبەرایەتی حیزب ترسی ئەوەی ڕێنیشتبوو ئەگەر زوو نەچێتە نێو شۆڕا، لە کاروانی خەباتی دژی ڕژیم بەجێ دەمێنێ. وادیار بوو داوایان لە دوکتورکرد بوو ئامانجی دواڕۆژ واتە: کۆمەڵێکی سوسیالیستی بگۆڕێ، چونکە ئەوان لە وشەی سوسیالیزم دەترسێن و پێی قەلسن. بە کوردی بە خاتری چوونە نێوشۆڕا، هەم ئامانجی دواڕۆژ فیچەلفاچ بووە، هەم بە دروشمی ڕووخانی ڕژێم پردی وتوو ویژی خودموختاری لەڕپسمەچوو! واتە: ئەو دوو دروشمە نەخوازراوە، تاماوەیەك پێك هێنەری ساردی نێوان کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتکوردستان بوو.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە لاپەڕەی ٢٢٤-٢٣٠ بەرگی ١ ئاوڕێك

..............................

لە کۆنگرەی پێنجدا، دوای ئەو شتانەی ئاماژەیان پێکرا، هەڵبژاردن بۆ کۆمیتە ناوەندی کراو منیش دەنگم هێناوە. دوای هەڵبژاردنی سکرتێرو دەفتەری سیاسی، بەر پرسایەتی ناوچەی سەردەشت بە من ئەسپێردرا.

ئەو ناوچەیە تابلێی ناوچەیەکی بەرین و بەربلاوە. بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچەیە جەنگەڵ و شاخ و شیوو دۆلە. بەهۆی بوونی داری خۆرسکی جەنگەڵ چوار وەرزی ساڵ سەرسەوزو شادو ڕەنگینە. ڕووبارو ئاوێکی زۆر بە نێوە ڕاستی ناوچەدا تێپەر دەبێ. فەرهەنگی عەشیرەتی گۆڕانێکی کەمی بەسەرداهاتووەو شوێنەواری فەرهەنگی خێڵەکی پێوە دیارە. داب و نەریتی کۆن لە هێندێك بارەوە ڕەوشتی باشی کلتوری کوردانەی پاراستووە. خەڵکی ناوچە تابلێی غەریب دۆست و میوانگرو کورد پەروەرن. دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی عەجەمن. ئێستاش ژن بە ژنە هەر باوەو کەمتر کچ بەدڵی خۆیان شوو دەکەن. بەڕاشکاوی لەسەر یەك دەتوانین بڵێین؛ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە زۆربەهەرە زۆریان دڵسۆزو نیشتمانپەروەرن. لە ماوەی ئەو چەندساڵەی ڕابردوی شۆڕشدا، ئەو پەڕی قورسایی و زەحمەتیان لە سەربووەو هیچ کاتێك لە

حاست ئەرکی پێ سپێردراودا وەرەزو ناقایل‌نەبوونە · ماوەی ئەو دووساڵەی کە لە ناوچەی سەردەشت ئەرکی پێ‌سپێردراوی حیزبیم بەرێوە دەبرد، رووداوێکی زۆری سیاسیو کۆمەڵایەتی لە ناوچەداروویانداوە ·

یەکێك لە پێکهاتە گرینگەکانی کە هەمیشە لە ژیانمدا ڕەنجی داوم· دیاردەی جاشایەتیو هاوکاری لەگەڵ پاسدارو ژاندارمی ئێرانی یەکێك لەو دەردە بێدەرمانە دواکەوتوانەیە، کە هەمیشە دوژمن بۆسەرکوتکردنی شۆڕش لە کوردستان ئەو بەرنامەی دارشتووەو تاقمێکی لە مرۆڤی خوێری و پوڵپەرست، بەتایبەتی لە نێو عەشیرەتاندا دروستکردووە · چ لەگرتنەوەی شاری شنۆدا، چ لەگرتنەوەی ڕێگای خانە سەردەشتدا، جاشایەتی نەخشی بەچاوی هەبووە · بەداخەوە قیادەش لەو دوو شەڕانەدا نەخشی هەرە گرینگیان وەستۆی خۆیان گرتووە · لەوەش سەیرو سەمەرتر، کاتێ تێکهەڵچوونێك لە گەڵ پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شوێنێك پێك دەهاتو کەسێکیان لێدەکوژراوە، بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە بە گوندێك وەردەبوون هەرکەسێکیان وەبەردەستی کەوتووە، چ پیر چ لاو کوشتوویانە· بۆ نموونە لە گوندی ئاڵیاوێ شێخان ٤ کەس بەناوی کەریم شوان، عەلی هەباس، حوسێنی خانمێ، حاجی‌حەمەد، لە ماڵی خۆیاندا شەهیدیان کردون· کە گۆیا لە ڕێگای دوئاوان لە گەڵ پێشمەرگە شەڕیان بووەو دووکەسیان لێ کوژراوە. واتە :"قەزای دیزە لە گۆزە"ئەستاندنەوە ! یان لە گوندی حەڵبێو کویکان، لە گەڵ پێشمەرگە شەڕیان بووەو تێشکاون، هاتوون لە گوندی کەرێزەو دیلانچەرخ ١٢ کەسیان گرتووە لە پێش چاوی خەڵك لە نێو دێ کوشتوویانن. تاکوو پاسدار لە نەغەدەڕا نە هاتووەو مام ناونجی نەکردوە دەستیان لە کوشتن هەڵنەگرتووە !! لە مەرگەوەرو شوێنی تریش هەر ئاوا !

ناوچەی سەردەشت لەبەر ئەوەی چۆمی"لاوێن و بادیناوێ لەتی دەکاو بەهارانیش زۆرە، هێندێك لە ئیش و کاری تەشکیلاتیو هەر واکاری پێشمەرگایەتیشی دژوار دەکرد· بۆ کارهاسانی کاروباری شۆڕش دەفتەری

سیاسی حیزب بوو بە دوو بەشی ١ و ٢ بەلأم بەو دوو بەشکردنە حیزب چەندی بارلەسەر سووك بوو، دەبێ لە خۆیان پرسیار بکرێ. ئەوەندەی ئاگادار بم، لە بۆکانرا تادەگەیشتە مەرگەوەڕو تەرگەوەر، ڕەد کردنی کەلو پەلو پێویستی کۆمیتە شارستانو هێزەکانی ئەو ناوچانە بە هاوکاری هێزی موعینیو کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوو. بەکوردی بەگیرانەوەی ڕێگای خانەسەردەشت کاری تەداروکات هاسان نەبوو، بەتایبەتی لە بەهارێدا کە ئاو زۆر دەبوو، تەنیاپردێکی لەقو لۆقی هەبوو بۆ پەڕینەوە کەڵکی لێوەردەگیرا. کارەکان زۆر وەئەستەم کەوتبوونو تەواوی ئەو قورساییە کەوتبووە سەر شانی پێشمەرگەی ناوچەی سەردەشت.

ڕژیمی نگریسی ئاخوندیش وردە وردە لە شاری سەدەشتو دەوروبەری خۆی قایم و بەهێزکردو بەتەواوی نفوزی لە نێو مەلاو خەڵك بەتایبەتی سەرهۆزانی ناوچەدا، داکوتابوو. بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرا کە خەریکی خۆکێشانە نێو ریزی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی ناوچەیە. ڕاپۆرتی کەسانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەو هەستەی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پتر وەراست دەگێرا، بەلأم دڵپاکیو بێغەلو غەشی یان باشترە بڵێین: خۆشباوەڕی هێندێك لەبەرپرسانی پێشمەرگە، ڕێگای لە پێشگیریو پێهەستانی پێویستی گرتبوو کە بە مەڵوتکەیی پیلانی دەستکردی ڕژیم لە دژی شۆرش هەڵوەشێنینەوە. سەرئەنجامی خۆگێل کردن لە ڕاوێلکەی دوژمن، بوو هۆی خەسارەتێکی زۆرو لە دەستدانی چەند پێشمەرگەیەکی وریاو شۆڕشگێڕ.

پێویستە شتێکی تریش لە بیر نەکەین، کەلە بەربەرەکانی شەڕی نێوان خانیو سەردەشتدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك هێزێکی کوردستانی بەهانای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە هاتو، وێڕای شەڕو قەلاچۆ کردنی پاسدارانی هێرشکەری ئاخوندی، چەندین پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێری وەك شەهید پێشکەش بە گەلی کورد کرد. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ***ئێوی هێزی پشتیوانی*** بە یەکێتی

نیشتمانی کوردستان بەخشی ٠

بۆ هەوەڵین جار دوو هێزی سیاسی کوردی لە دوو پارچەی کوردستان پێکەوە لە یەك سەنگەردا دژی دوژمنی داگیرکەری کوردستان، بەکردەوە پشتیوانی لێکترکرد ٠ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەخاوەتو خوێندانی پێشمەرگەی کوردستان، توانی لە مێژووی شۆرشی نەتەوایەتیدا وەك هاوپەیمانێکی نیشتمانی، نێوی پیرۆزی: ***هێزی پشتیوان***، وەدست بێنیو بە(ثبتی) بگەیەنێ و لە نێو مێژووی کوردو کوردستانداجێگای خوی بکاتەوە، بۆوەی لە داهاتوودا ببێ بە سەرمەشقی پارتی سیاسی کوردستانی ٠

دیارە هاوکاریو پشتیوانی پارتە سیاسیەکان لێکتر، جگە لەوەی مێژووی گەلەکەمانی پێدەوڵەمەنددەبێ، بەجێ هێنانی ئەرکێکی هەرە گرینگی نەتەوایەتیشەو بە کاروکردەوەیەکی باش سیاسی دەژمێردرێ ٠

بە کورتی گرتنەوەی رێگای سەردەشت پیرانشار زیانی گەورەو قەرەبوو نەکراوەی لێداین ٠ زۆر پێشمەرگەی بەکەڵكو شۆرشگێری وەکوو: حەسەن مینە، پیرەباب، فەقێعەولأنواوێ، حوسێن شەمامی، محەمەد کانیەزەردی کەسانی تری قارەمان لەدەست چوون ٠ یادیان پیرۆزو روحیان شادبێ ٠

ئەگەر بێتوو باسی شەرەکانوخۆراگریو دەستکەوت و تێشکانو شەهیدو رووداوە دڵتەزێنەکانی ناوچەی سەردەشت بکرێو بنووسرێ، نەك هەرکاری لاپەرێكو سەدو دووسەد لاپەرە نییە، بەڵکوو دەبێ بۆ هەرگیانبازیو فیداکارییەکی کە لەو ناوچەو لەگرتنەوەی رێگای خانێ سەردەشتدا کراوە چەندین کتێبی لەسەر بنووسرێ ٠ ئەوەش بە تەنیا لە توانای مندانییە٠ مەبەستیشم ئەوە نییە هەر لە ناوچەی سەردەشت شورش بووەو شەهید دراوەو فیداکاری کراوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە: من کە ماوەی دووساڵ ئەرکی حیزبیم لە ناوچەی سەردەشت بەرێوەبردوە، بە ئەرکی خۆمی دەزانم لانیکەم ئاماژە بە یەك هەزاروم لەرووداوەکان و چۆنیەتی ئەو ناوچە سەر سەوزو دڵگیرو جوانە بکەم ٠

## بەرەو کۆنگرەی شەشەم .

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر بە دووسالْ جارێك لە کەش و هەوای جۆراو جۆردا بە پێی پێرەوی ناوخۆی کۆنگرەی پێك هێناوەو کۆمیتە ناوەندی هەڵبژاردووە٠ بۆکۆنگرەی شەش، بەڕێوەبەرایەتی حیزب کەوتبووە باشووری کوردستان و دەبوایە کۆنگرەش لەوێ بگیرێ ٠ بەدیاری کردنی کۆنگرەی شەش پێویست بوو کۆمیتەشارستانەکانیش کۆنفرانس بگرن و نوێنەری خۆیان بۆ کونگرەدیاری بکەن و بیان نێرن٠ سەردەمی گرتنی کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی سەردەشت، تابڵێی ناوچە ئاڵۆز و ناخۆش بوو٠ ڕژیم بۆگرتنەوەی ناوچە لەجوولە دابوو، ڕۆژ بە ڕۆژ دەهاتە پێش ٠ یەك دووجار لە گەڵ فەرماندەی هێزی موعینی کاك حەسەنی شیوەسەڵی شوێن و جێگاو ڕێگامان بۆگرتنی کۆنفرانس دیاریکرد، بەلاّم دوای چەند ڕۆژێك کاك حەسەن دەهات و هەواڵی دێنا کە جێگاکە لەلایەن دوژمنەوە زانراوە٠ سەر ئەنجام لەو شوێنەی کە نێویان لێناوە سنوور، واتە: *خرێ دوبێ* کۆنفرانسمان گرت٠ لەلایەن دەفتەری سیاسیەوەکاك عەبدوڵلاّحەسەنزادە بۆسەرپەرستی کۆنفرانس بەشداریکرد٠ لەو کۆنفرانسەدا ٨ نوێنەر بۆبەشداری لە کۆنگرەی شەش هەڵبژێردران ٠ لەکات و ڕێکەوتی دیاریکراودا واتە: ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی ژانویەی ١٩٨٤ی زاینی، نوێنەرانی هەڵبژاردە لە دوڵی گەلاڵەی شینکایەتی سەر بەشارۆچکەی ماوەتی ژێر دەسەلاّتی عێراق ئامادە بوون ٠

گێرەوکێشەی گۆنگرەی شەش، دەکرێ بە پڕکێشەترینی کۆنگرەکانی پێشووی حیزب دانێین٠ هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەگەڵ ئەوەیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی هەلومەرجی سیاسی و نێونەتەوەیی پێویست بوو دروشمی دوا ڕۆژی بەرنامەی خۆی دارێژێ٠ نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزب، لەجیاتی یارمەتی بەدارشتنی بەرنامەی کۆنگرە بکەن، ببووین بە قەیومی نەسلی داهاتووی نەتەوەی کوردو پشتگریان لە دروشم و سیاسەتی دەوڵەتی زلهێزی جیهانی سوڤیەت و وڵاتانی کۆمونیتی

دەکرد !؟ لەڕاستیدا ئێمەی نوێنەر لە گوێی گادا نوستبووین و پیمان وابوو ئەگەر بەرگری لە دیکتاتۆری پرۆلتاریا نەکەین، کۆموونیست دەرووخێ و ئێمەش بێ پشتیوان دەمێنینەوە. بێخەبەر لەوەی کە ئێمە بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری لە شۆڕش داین. ئێستا پاش بیست و دوو ساڵ، کاتێ مرۆڤ بیر لەهەڵلاو کێشەی ئەو کات دەکاتەوە بۆ بێکەسی کورد دەسوتێ کە ئێمە لە بیری چی داین و لەکوێ دەڕۆین و دەڵێین چی !؟

جارێك لە جاران بیرمان لەوە نەکردەوە کە ئێمەی ئەندامی حیزبێکی ناسیۆنالیست، بەرگری کردن لە سوسیالیزم و دروشمی دیکتاتۆری پرۆلتاریا و سیاسەتی ولاتانی کۆمونیستی چ دەردێکی کوردی پێ دەرمان دەکرێ؟ کاروبارو هەڵسووڕانی ئێمەی کورد چییەو دەبێ چ بکەین و چۆن کۆنگرەی خۆمان بەرێوەبەرین و یاریدەری دارشتنی پلانێك بین کە بۆکوردسەمەری بێ و لە بیری بەرەو پێش بردنی شۆرشەکەمان دابین. گۆیا ئێستاش ئەو بەزم و مرخێش مرخێشە لە کۆنگرەکاندا هەر ماوەو بەشی زۆری کۆنگرەکان بەشتی ئاوادەگیرێ و بە وشەی قولمبەو سولمبە کاتەکان دەکوژرێن.

جێگای داخە، گەلێکی کە چوکترین نرخی بۆدانادرێ، خۆشمان لە نێو خۆماندا ئەوەندەی تر یەکتری دەشێلین و کەسایەتی یەکتر دێنینە ژێر پرسیارو بەرژەوەندی خۆمان فیدای سیاسەتی ولاتانێك دەکەین کە نەئیحتیاجیان پێمانەو نە پشتیوانی ئێمەلەوان سوودێك بەکورد دەگەیەنن. ڕەنگبێ لە ولامدا بلێن؛ دێموکراسی یانی دەربڕینی ڕوانگە. !!

بەلێ ڕاستە مرۆڤی سیاسی دەبێ ڕوانگەو بیروڕای خۆی لە کۆبوونەوە، بەتایبەتی لە کۆنفراس و کۆنگرەکاندا بەیان بکا، بەلام دەبێ بەرژەوەندی ڕێکخراو و شۆڕش و نەتەوەکەی لەبەرچاوبێت. زۆربەی کۆنگرەکانی حیزب لە هەل و مەرجی ناسك و پر مەترسیدا گیراون، کاتێك دەبینین هەل و مەرج ئاوایە، کوا بەوە دەڵێن دێموکراسی کاتی کۆنگرە بەپشتیوانی لەسیاسەتی دەوڵەتان بگرین؟ کێهە دەوڵەت هات بەرگریمان لێ بکات و نێومان بێنێ؟ بۆ لەخۆڕا ببینە دەروێشی بەلاش و کاروبارو

بەرژەوەندی خۆمان ما فیدای سیاسەتی دەوڵەتان بکەین ٠

باسەکەمان لەسەر کۆنگرەی شەش بوو ٠ دوای راپۆرت ، قسە لە خاڵی باش و لاوازی راپورت دەکرێ، لەو باس و خواسەدا کەم کەس باس لە خاڵی باش و کاری سەرکەوتوو دەکات ٠ ئەگەرخاڵێکیش بەلاوازی بێتەبەرچاو ئەوەندەی باس لێدەکرێ، مرۆڤ سەرەگێژە دەگرێ ٠ باسی کاروباری شۆرش و پێشمەرگە زۆر بەکەمی قسەی لەسەر دەکرێ ٠ بەشی ماڵی و کاری داهاتووش هەروا بە کورتی بەسەریدا دەڕۆن ٠ لە مەڕ چۆنیەتی رابردو ، هێزی دوژمن، گۆڕینی تاکتیکی شەڕ، پێگەیاندنی کادرو پێشمەرگە، نەخۆشخانە، ژیانی بنەماڵەی پێشمەرگەو . . .باس و خواسەکان تابڵێی لاوازن، بەلام کاتێك گەیشتە دیاری کردنی درۆشمێکی سومبلیك لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەیی، هەرتۆزقاڵێك ڕەنگی درۆشمی حیزب لە درۆشمی ولاتانی کومونیستی کاڵتر بێ، ئیتر دەبێت بە دادو هاوارقوڕ وەسەر کردن، بێ ئەوەی هەل و مەرجی جیهانی و چۆنیەتی شۆڕش و پلانی پێویست و خۆڕاگری وەبەرچاوبگیرێ، بەقەرا هەموو بەرنامەو پلانێکی کە بۆداهاتووی گەل و شۆڕش دادەنرێ، قسەی لەسەر دەکرێ و نابڕێتەوە ٠ نوختە گرینگەکانی کە پێویستە باس بکرێن بەفەراموشی دەسپێرێن و باس باسی سوسیالیزمە، ئەو سوسیالیزمەی کە کاتێ بوین بەدەوڵەت لە باری ئابووریەوە چۆنی دابەزێنین؟! کاتێك مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، حیزبێکی میللی کە داوای خودموختاری دەکاو نایدەنێ، چ گیروگرفتێکی بە دەستی خۆی بۆ خۆی پێك هێناوەو پلان و بەرنامە دارژتنی خۆی چۆن بە درۆشمێکی سومبلیکی دوا رۆژ دەبەستێتەوەو بۆتە قەییومی نەسلی داهاتوو ٠ ئەو نەسلەی کە بیرو ڕێبازی من و تۆ و کۆنگرەی من و تۆی پێ کۆن و مێشکی کۆنە ٠

بەڵێ کۆنگرەی شەش لە ناسکترین کاتدا دەگیرا ٠ لەکوردستانی رۆژهەلات ڕەپێ نرا بووین و لە باشوور گیرسابووینە ٠ لەژێر ڕەهێڵەی تۆپبارانی ئاخوندیدا لەدۆڵێك و ژێرچادرو خێوەتاندا دەژیاین ٠ بەرنامەکانی کۆنگرە یەك بەدوای یەکدا دەرۆیشتن و گیرو گرفتێکی وا نەدەهاتە پێش وەختی خۆی

پێوە بکۆشین، بەڵام کاتێک گەیشتینە سەردرۆشمی سوسیالیزم و سوسیالیسمی دیموکرات ئاورێک هەڵبوو بە کەس نەدەکوژاوە · تووڕەیی و دڵئێشی و نارەحەتی و ماندوویش لەوێ ڕاوەستێ · ئێستا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ داین و پتر لە بیست ساڵی لێ ڕادەبرێ و حەوت کۆنگرەی بەسەردا تێپەڕیوە · لەو ماوەیەدا هیچ یەك لە داواکانمان کە دابین نەکراوە هیچ، ئەو سوسیالیزمەی شەڕمان لەسەردەکردو دلئیشی پێك دێنا و بەردمان بۆلەسینگی دەدا، بە داخەوە نەك هەر هیچی بۆ نەکردین، بەڵکوو بۆخۆی و دەوڵەت و دووسەد سێ سەد حیزبی تری سوسیالیست و چەند دەوڵەتێکی تری کومونیستی سەریان تێدا چووەو کەوتوونەتە ژێر پرسیار · مەبەست ئەوەیە، ئەوەندەی بەخەڵکەوە ماندوین بە خۆمانەوە ماندوونین ·

---

لە بەرگی ١ ئاورێك، لاپەڕەی ٢٨٠ دا بە درێژی باسکراوە.

# بەرپرسایەتی نوێ .

لەکۆنگرەی شەش بە هۆی نە خۆشی و پشت ئێشەو بێ توانایی، خۆم کاندید نەکردەوە ٠ دوای تەواو بوونی کۆنگرە، شەهید دوکتور قاسملو پێشنیاری پێکردمو گوتی ئەگەر بۆحەسانەوەش بێ نوێنەرایەتی حیزبی لە شاری قەڵادزێ وەئەستۆی خۆم بگرم٠ دیارە منیش پێشنیاری دوکتورم پەسند کردو، بۆ تەسوییە حیساب هاتمەوە ناوچەی سەردەشت٠ دوای حیساب و ئاڵوو گۆڕو خواحافیز لە برادەران، کۆمیتەی شارستانی سەردەشتو ناوچەم بەجێ هێشت منداڵەکانم هێنا قەڵادزێ٠

کاتێ ناوچەی سەردەشتم بە جێ هێشت، وەك نوێنەری حیزب لە شاری قەڵادزێ نیشتەجێ بووم٠ نوێنەرایەتی لە شوێنێکی وەك قەلادزێ بە مانای شەڕی سارد لە گەل کادرو پێشمەرگەی حیزب، مانای ورد کردنی ئەعصاب٠ ئەو کادرو پێشمەرگانەی رێگایان دەکەوتە ئەو شارەو دەچوونە دەفتەری حیزب، واتە: هاتنی کەسانی بریندارو نەخۆش، یان ئەو کەسانەی کاریان بەدەفتەری سیاسی دەبوو٠ دیارە من هەستم بەوەی کرد بووکە ئەو کەسانەی لە نێو جبهەڕا دێن ماوێکی دوورو درێژە شاریان نەدیوەو لە بەرق و تەلەڤیزیۆنو زۆر شتی تری لۆکسی نێوشار بێ بەش بوونەو ئەو کەمیەتە خۆی دەبوو بەگرێو گۆڵو تووشی بەهانەگیری توندو تیژ دەبوونو بێنەزمیان پێك دێنا٠ لە لایەکی تر کەسانی سوود جووش هەبوون ئەوکارەیان دەکرد، لەبنەوە خەریکی پێکهێنانی تەنگو چەڵەمە بوون بۆ ئەوەی نارەحەتی بۆ من پێك بێنن٠ من فێری جەووی دوو بەرەکیو فێل لێکتریکردن نە ببووم، ناچار پاش شەش حەوت مانگ داوام لە حیزب کرد لە قەڵادزێم لابەرن٠ ئەوە بوو گەڕامەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتو ئەوەی لە دەستم هاتبایە لە ژێر بەر پرسیاری کاك حەسەنی ڕستگاردا ئەنجامم دەدا٠ ئەوەندەی من لە کاروباری تەشکیلاتی بزانم و بۆ بەرەو پێش چوونیو پتەو بوونی تێی بکەم، کاری کۆمیسیۆنی تەشکیلات وا نەبوو٠ واتە کومیسیۆن

لە کاروباری خۆیدا سەر بەست نەبوو · بەرپرسی کۆمیسیۆن بە دەستی بەسترا لەوێ داندرا بوو، یەکدوو کاری موسبەت کە بۆ یەکێتی و لێك نیزیك بوونەوی ئەندامان دەمان ویست بکرێ، بەداخەوە دوکتور شەرەفکەندی بە دوو قسەی دوور لە ئوسوڵی کاری تەشکیلاتی تێکی دەداوەو زەحمەت بەخەسار دەبووین · زۆرم پێ سەیربوو ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کە بەرپرسی کۆمیسیۆن بێ، بۆدەبێ وەك ئەندامێکی تری دەفتەری سیاسی صلاحیتی نەدرێتی، یان کارشکێنی بکرێ؟! چوونکە بەرپرسی هەرکومسیۆنێك بۆخۆی پتری پێخۆشە کارەکەی بەرەو پێش بچێت · ئیتر بۆ دەبێ دەخالەت لە کاری یەکتردا بکرێ ؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێ: کە نەیەڵێت کاری ئەوی تر بچێتە پێش ؟ بۆ دەبێ وابێ؟ تاکەی نیزامێکی ئاوا جێ ناگرێ کە ئەگەرکار دابەشکراو بەر پرسی بۆدیاری کرا، وێڕای لێپرسینەوە، ئازاد بێ و دەستی بەر پرس نەبەسترێ · بە کورتی دەیان پرسیاری تری ئاوام هەیەو لە بەر لەکەمین دابوونی دوژمنانی حیزب ناتوانم بیان هێنمە سەرکاغەز · لە کوردەواریدا دەڵێن: "برا چاوسووری خوشکانە" منیش تەنیا چاوسوورێکی کە بۆگەلی بەشخوراوی کوردی ڕۆژهەلاتی شك بەرم، حیزبی دیموکراتی کوردستانە · بۆیە هێندێك جار لە هێندێك شت ستۆپ دەکەم ·

من پێم وایە، ڕەخنەگرتن لە دەفتەری سیاسی، یان لە کۆمیتە ناوەندی، یا لە بەرپرسێکی حیزبی، بەمەرجێك لەرووی غەرەزو تسویە حیسابەوە نەبێ، بەو پەڕی فیداکاریو دڵسۆزی دەزانم بۆحزب · هەروەها کیسەکێشان و ماستاوساردکردنەوە بە مەبەستی دڵخۆشکردن و خۆبردنە پێش بەو پەڕی بێشەهامەتی و حیزفرسەتی و تاوان دەزانم لە حیزبایەتیدا · بەو هیوایە لە کاری سیاسیدا بەتایبەتی کاری تەشکیلاتی وێڕای هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی کەم و کوڕی و هەروەها نرخدانان بۆ کاری باشی کادرەکان و تەشویق کردن و ئازاد بارهێنانیان بۆ فێرکردنی داهێنانی بەکەڵك و ڕێکخستنی پتەوی تەشکیلاتی حیزبی ·

بڕوانە لاپەڕی ٢٩٢ بەرگی ١ ئاوڕی

## بەشی سیهەم

---

# ئاخرسەفەری نابەدڵی !

لە دەمێکەوە خەریك بووم بۆچارەسەری پشتم ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی لانیکەم لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا زەلیل نەبم . لەولاتی خۆمان مرۆڤ لە گیانەللاش دابێ، هەردەڵێن ئینشاالڵا چاك دەبیەوە . ژیانی بەنارەحەتی و ئێش و ئازار ناخۆشە . لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی نێوان کۆمەڵەوحیزب شوێنێکی زۆر خراپی لەسەردانا بووم و بە جارێك ناهومێد ببووم ودڵم لەشۆڕش سارد ببۆوە . یان ڕەنگبێ هۆی پشت ئێشەو نارەحەتیم بووبێ ببووە هۆی بێهیوایی کە وا توانای لێ بریبووم و چاریش نەدەکرام .

دوای لێکدانەوێکی زۆر، ناچار بووم تەما بگرم و بە نابەدڵیش بێ، بڕیاری چوونە دەربدەم و شۆڕش بەجێ بێڵم . وردە وردە خۆم ئامادە کردو بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ . ڕێکەوتی ١٤ی ١٩٨٦ ڕوژی هەینی سەعات نۆی سەر لەبەیانی لە فرۆکەخانەی بەغدا پێتەختی کۆماری عێراق لە گەڵ پێنج بنەماڵەی تر ئامادە بووین . ئامانج لەوسەفەرەمان فرین بۆ ولاتی سوئێد بوو کە پێشتر لەگەڵ چەند دۆستو هاورێی تەمای خۆمان گرتبوو . وێڕای ئەوەی کە تووشی نەخۆشی دڵ و پشت ئێشە ببووم و هاتبوو لە کاربکەوم، لەسەر ئەو مەسەلەیەو نەناردنم بۆ دەرەوە، لە هێندێك هاورێی حیزبی دڵئێش بووم . ڕەنگبێ ئەو مافەم پێ نەدرێ شتی وا بڵێم، بەلام غەم لێ خواردنی کادرو ئەندامی حیزبی، تاسەر حەدی ئیمکان شتێکی پێویستە . من دوای سالیك ئامووشۆی دوکتورو، داوا کردنی معالەجە، ناچار بووم بەڕێگایەکی نیوەقاچاغی کە خواستی خۆم نە بوو، بۆچارەسەری دڵ و دیسکی پشتم بیمە دەرەوە . بە کورتی، سەری ساعەتی دە لە فڕۆکەخانەی بەغدا سواری فرۆکە بووین و بەرەو ولاتی سوئێد فرین . دوای گۆڕینی فرۆکە لە دانمارك شەوێ

گەیشتینە سوئێد ٠ کاروانی ئێمە لەچوار پێنج بنەماڵەی وەکوو: بنەماڵەی کاک خالید عەزیزی، بنەماڵەی کاک حوسێن ئازەری، کاک تاهیری عەلیار، بنەماڵەی ئێمە، لەگەڵ بنەماڵەی شێخ عوسمان خالیدی پێك هاتبوو ٠
دەکرێ بڵێم ماوەی پێنج شەش مانگ هەموومان وێکرا لە شارێك وکەمپێك بووین و بەیەکەوە بۆفێربوونی زمان دەچووینە سەرکلاس.دوایی هەر بنەماڵەی بۆ شوێنێك لە شارەکانی سوئێد بارمان کردو دامەزراین ٠

بڕوانە بەرگی ٢ ئاوڕێك لاپەڕی١١

................................

## وتوو وێژێکی چاپەمەنی.

ڕۆژێك لەکەمپی فاگشتا برادەرێکی وەرگێر (مترجم) بەنێوی کاک ئەلماس پێشنیاری پێکردم کە لەگەڵ ڕۆژنامەی vestmanland وتوو وێژێکی چاپەمەنی پێك ذێنێ بەشداری بکەم٠ دوای ئەوەی بەڵێنیم دایە، ڕۆژێك دوکەس وەك وێنەگرو هەواڵدەر هاتن، منیش بە پێی ڕەسم وکلتووری کوردەواری خۆمان، کاك ئەلماس و هەوالدەرەکانم بانگێشتن کردن٠ دوای نیوەڕۆژخواردن دەستیان کرد بە پرسیارو منیش وەڵامم دەدانەوە، کاك ئەلماسیش وتەی هەر دوولای وەر دەگێڕا. ئەوەی ڕاستی بێ من پێم وابوو دوای یەکدو ڕۆژ، ڕۆژنامەی وێستمانلاند دەر دەچێ و یەکدو لاپەڕە بەو، وتوو وێژە پڕدەکرێتەوە. ئێواری کە ڕۆیشتنەوە، بەیانی زوو کاك ئەلماس هەواڵیی دامێ و گوتی؛ وتوو وێژەکەی دوێنێ چاپ بووە !
کابرای هەواڵدەر هەر شەوی هەوەڵ بەپەلە شتێکی نوسیبوو لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکەدا چاپ کرابوو. کاك ئەلماسیش زەحمەتی کێشابوو بەفارسی وەریگێڕا بوو بۆی هێنام ٠
دیارە ئەو شتەی نووسرابوو لە نێو قسەکانماندا هەبوون، بەڵام کابرای هەواڵ نوس بەشێوەی وتوو وێژی پرسیارو وەڵام نەی نووسیبوو، بەڵکوو بە شێوەی ئینشا هێنابوویە سەر کاغەزو زۆر بەکورتی باس کردبوو٠ دیسان هەر ماڵیان

ئاوەدا نبێ کە لانیکەم چەند سوئێدیەك بە خوێندنەوەی هێندێك لەوئێش و ئازارانەی کورد بەدەست دوژمنانەوە دەیچێژن ئاگادار بوون، هەرباشە.٠
ئەوەی کابرا نووسی بووی، کورتیش بێ دەیخەمە پیش چاوتان کە لەرێکەوتی ١٩٨٦/٦/١٩دا چاپکرا بوو٠
ئەوە وەرگێڕاوەکەی دەخەمە روو٠ لەتە رۆژنامەکەش لە ئاخری ئەو کتێبەدا بەزمانی سوئێدی وەك خۆی لە چاپی هەوەلی بەرگی ١ چاپکراوە٠ کە دەڵێ:
- بە لەژێرگەمارۆ و چاوەدێری کوردستان، سەعید پەنای بردۆتە (فاگشتا)
ئێستا لە ئێران تەنیا هەر ئەوانە نین کە ئاکتیون ودژی گوشارو توندو تیژین، ئیعدام دەکرێن، بەلکوو خەلکی ئاسایی‌شی گرتوتەوە٠
سەعیدکاوەی پێشمەرگە، کەلەگەڵ بنەماڵەکەی پەنای هێناوە بۆ سوئێد لەشاری فاگشتان، باسی هەلومەرجی کوردستان دەکات٠
ناوبراو نایەوێ رەنج و ئازاری ئەوخەڵکە وەبیرخۆی بێنێتەوە، بەڵکوو دەیەوێت خەڵکی سوئێد کوردستان وەك یەك نەتەوە چاو لێ بکەن٠
سەعید لەبارەی دۆستێکی گیراوی خۆی دەدوێ کە ئەشکنجەکراوەو بە یە کجاری ئیفلیج بووە، هەروەها قوتابیەکی کچ کە ناسیویەتی لەژێر ئەشکەنجەدامردوە٠
سەعید درێژە بە قسەکانی دەداودەڵێ سالێك لەمەوبەر ٥٩ کەس لە شاری مەهاباد، بە بێ لێ پرسین و دادگایی کردن ئێعدام کراون٠ لەو پەنجاو نۆ کەسانە بیست‌ودووکەسیان مێرمندال بوون٠
سەعید دەلی: هیچ یاساو قانوونێك لە سیستمی حقوقی ئەوێدا وجودی نیە٠
سەعیدو بنەمالەکەی لە هەوەڵی مانگی ئاوریلەوە لە کامپی پەنابەرانی شاری فاگشتا دەژین٠ ئەوان ولاتی‌خۆیانی بەو هەموو ڕەنج‌و پەژارەی کە هاو ولاتیەکانیان هەموو روژێ تووشی دەبن لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە٠
وەك سەعید ئاماژەی پێ دەکات، کوردستان لە هەوەڵی «ئۆریەنت» هەلکەوتووەو لەنێوان پێنج ولاتی داگیرکەردا بەشکراوە، زۆر ناخۆش‌و دەردناکە بکەویە نێوان دوو دەسەلاتیداری کەکێشەو ناکۆکیان هەیە٠

سەعید مەبەستی لەشەڕی نێوان ئێران و عێراقە ٠
سەعید ئاماژە بە بۆمبارانی کوردستان دەکات کە بەهۆی هەردوولایەن، واتە؛ ئێرانو عێراق ئەنجام دەدرێت٠
سەعید پترلە بیستسالّ لەنێو جوولانەوەی حیزبێکی نهێنی دا خەباتی کردوە٠ ناوبراو لەژێر چاوەدێری و گیراندابووە، سەرئەنجام ناچاربووە لەگەلّ بنەماڵەکەی لە کوردستان ڕا بکەن٠
لەپرسیاری ئەوەیدا کە ئایا ئەو پێی وایە لەسوئێد دەست بەخەباتی سیاسی دەکاتەوە؟
زەردەخەنێکی بێ هیوایانەی دێتێ ٠
ناوبراو پاش ئەو هەموو ترسو نگەرانیو ئەزموونەی کە لە وڵاتەکەی دیتوویەتی، لەگەلّ ئەوەیدا هەست بەوە دەکری بێ هیواو ماندوە، جارێ هێشتا نازانێ کە ئایا لە سوئێد ڕێگای مانەوەی خۆیو بنەماڵەکەی دەدرێ یان نا؟. داگمار دانێل سۆن dagmar danelsson

............................................................

# ڕێکخراوێکی نابە دلّ .

دوای شەش مانگ وەکوو پەنابەری سیاسی وەرگیراینو بەلّگەی مانەوەی سوئێدیمان درایە ٠
لە سەر پێشنیاری کاك ئەمیر قازی تەمای پێك هێنانی ڕێکخراوێك گیرا٠
دیارە من پێك هاتنی شتێکی سیاسیم پێ خۆش بوو پێشوازیم لە پێشنیارەکەی کرد٠ کە چی زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە بەراستی ئەو وەلامەی داومەتەوە، نەك هەر پەلە کردنێکی بێجێ بووە، بەلّکوو لە داهاتووشدا نابێتە ڕێکخراوێکی جێی هیوا٠کورد کاتێك تووشی هەلّە دەبێت، بە شەرمی دەزانێ پێ لە هەلّەی خۆی بنێو بە خاوەن مەتلەب بلێ؛ هەلّەم کردوە٠ منیش لە شەرمە حزوریدا گیرم کرد بوو، تەنانەت لە بارەی بیروبۆچوونی

سیاسیشەوە زۆر لێك دوور بووین. بەلاَم بە قەولی كاك ئەمیر گوتەنی : (بەرەی یەككرتووی دیموكراتی كوردستان ە) واتە رێكخراوێكی بەرەیی ، بەهەموو بیرو بۆ چوونێكەوە دەشیٚو دەگونجێ .

بروانە لاپەڕی ١٩ لە بەرگی ٢ ئاورێك پتر شی كراوەتەوە .

...........................

دیارە كاك ئەمیر زیاتر لە سوئێد مابۆوەو دەیزانی ئەوانەی لەو ولاّتە دەژین بیرو ڕای یەكدەستیان نییەو دروستكردنی ڕێكخراوێكی یەكدەست زەحمەتە. ئەوكاتەی من هاتمە سوئێد گۆڤارێك لە شاری ستۆكۆلم بەنێوی مامۆستای كورد لە لایەن كاك فەرهاد شاكەلی خەلكی كوردستانی باشوور دەردەچوو، رۆژنامەیەكیش بە نێوی *سەردەمی نوێ*، كە هەوەلّین ژمارەی لە لایەن هێندێك برادەری كوردستانی رۆژهەلاّت دەرچوو بوو. دوای چەند ژمارەیەك كاك كەریم حیسامی لەگەلّ دۆستو هاورێكانی پساندیو لەگەلّ یەكدو برادەری خۆی بە نێوی دەستەی نوسەران مانگی جارێك رۆژنامەی سەردەمی نوێیان دەر دەكرد. سەردەمی نوێ رۆژنامەیەكی باشو پڕمەحتەوا بوو. كاتێ باسی گۆڤاری ماموستای كوردو رۆژنامەی سەردەمی نوێ دەكەم، مەبەستم ئەوەیە كە ئەوانیش بە نووسەرو سەر نووسەرەوە لەگەلّ یەكتری نێوانیان خۆش نە بوو. دیارە ناتەبایی ئەوانیش لەسەرشتێكی سادە نەبوو، بەلّكوو هۆی دژایەتیان دەگەڕاوە سەربیرو باوەڕی سیاسی و دوو بۆچوونی لێك جیاوازی تایبەتی. بەكورتی پەنابەرانی كورد لە ئوروپا بەگشتی لە گەلّ یەكتری سارد بوونو ساردن. هۆیەكەشی پتر دەگەڕێتەوە سەرئەوەی لە كاتی خۆیدا لە چەندین پارتو گروپو ڕێكخراوی جۆراو جۆردا كاریان كردوەو بیرو ڕایان لەگەلّ یەكتری نایخواتەوە. كوردیش ئەوەندە دیموكرات نین كە بتوانن لەگەلّ یەكتری بحاوێنەوەو بۆ بیرو ڕای یەكتری ڕێزدانێن. هاوبیرنەبوونو گوێ ڕایەلّیی یەكتر نەكردنو، دیموكراتیانە بیر نەكردنەوە لە هەموو سەردەمێكدا بۆتە هۆی ساردیو سڕیو دوورە پەرێزی.

لە ساڵی ٨٨ بەدواوە هەروەها بەڕاوەستانی شەڕی ڕژیمی ئێران و عێراق ناهومێدی باڵی ڕەشی بەسەر پەنابەراندا کێشابوو، لەکوردستان هێزەکان بەرەو لاواز بوون دەڕۆیشتن. بەداخەوە ڕێبەرایەتی پارت و ڕێکخراوەکان کارێکیان بۆ دوا ڕۆژی خۆیان نەکردبوو کە لانیکەم بۆ ڕۆژی تەنگانە لێك نیزیك بنەوە. لە گەڵ ئەوەیدا دەیانزانی دوو دەوڵەتی دژ بە کورد، بەڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق لە کورد وەر دەسوورێنەوە، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە دوێنی لە دژی یەکتری یارمەتی چەکوو چۆڵ و مادیان دەدا بەشۆرش گیران و لە بنەوەش لە دژی یەکتری هانیان دەدان نەیان دەهێشت لە بیری بەرنامەو پلانێکی یەکگرتووی دوا ڕۆژی خۆیان دابن. لەلایەکی تریشەوە دوژمنەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر بەرنامەی پیلانگێڕیان دژ بە کورد بۆباش بوونی دوا ڕۆژی خۆیان دادەڕشت. هەر وەکوو دیتمان دوای قەرار دادی ڕاوەستانی شەڕ، نیزیك بوو کۆتایی بە تەقەو ڕاوەستانی شۆرش بێت و ئاشبەتاڵێکی تر پێك بێ. دەبێ بە ڕێکەوتێکی مێژوویی بزانین کە سەدام حوسێن خۆی لێ گۆڕاو دەستی بەسەر کوێت داگرت.

بە کورتی هەرچەندی لەکوردستان جووڵانەوە لاوازتر دەبوو، لە ئورووپاش لە نێو پەنابەرانی کوردا ناهومێدی پتر دەبوو. ئەو بێ هیوایی و ناهومێدیە پەنابەرانی کوردی لەدەرەوە ئازار دەدا. بە ڕاستی ساڵانی ٨٨ و ٨٩ لەو ساڵە ناخۆشە خەمینە پڕلە ئێش و ئۆفانە بوو کە بە ساڵی بێ هیوا و ناهومێدی دەژمێردرێن.

بەبیستنی ئاوربەسی نێوان ئێران و عێراق و هەروەها ڕاوەستانی تەقەی پێشمەرگە بەهۆی ڕێککەوتنی ئەوان و کۆتایی یارمەتی دراوی و کەرەسەی شەڕ لەلایەن دوودەوڵەتی هاندەر، کە تا ئەوکات بۆبەرژەوەندی خۆیان یارمەتی کوردیان دەدا ڕوو لە کۆتایی بوو. کاتێك بە نیازی چەپەڵی خۆیان گەیشتن و لەشەڕ ماندوو بوون، چاویان بە بەرژەوەندی خۆیاندا خشاند، بێ یەك و دوو لێکردن، لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە، بانگیان کردن کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان بێنن و چەکەکانیان دانێن و ئەو شوێنانەی کە نێویان

لیّ ناوه سنوور بەجیّیان بیّلّن‌و بارو بنەو بنکەی شۆرش بپیّچنەوە ٠ لایەنیّك بچنە شارەکانی «حیلەو رومادیە» لایەنی تریش بچنە «کرمان و کەرەج »
دیارە ئەزموونی ئاشبەتالّ پیّکردن‌و ناردنی کادرو پیّشمەرگە بەرەو ئەو شارانەی باسکران، جاری هەوەلّ نیە، بەلّکوو پیّشتریش کوردیان تووشی دەردە سەری‌وکارەساتی وا کردوە ٠ کوردیش خوّی ئەوە باش دەزانیّ، بەلاّم لەبەرناچاری‌و بیّ پشت‌و پەنایی پەندو ئەزموونی لیّ وەرنەگیراوە ٠
ئەگەرپیّ لە راستی بنیّین لە هەموو سەرهەلّدانیّکدا ناچاری‌و بیّ‌کەسی‌و رۆژ رەشی، ریّبەرانی‌کوردی تووشی تاقی‌کاری‌و دوپات‌و سیّ پات کردنەوەی خوّبەستنەوە بەدەولّەتانی داگیرکەرکردوە و سەرئەنجام بەرهەمیشی هەر «حولەمەرەسیّ وەرەوەسەرسیّ» بووە ٠ گەلی کورد ، بەتایبەتی پارت‌و ریّکخراوەکانی کوردستان لەو بارەوە ئەزمونیان هەیەو ئەو شتەیان باش بوّ دەرکەوتوەو دەزانن‌و هیچ شك‌وگومانیان لەوە دا نیە کە هەرکاتیّك حکومەتەکانی‌داگیرکەر ئیرادەیان کردوە شوّرش کوّتایی پیّهاتووە ٠ ئیّستاش رۆژیّك لەرۆژان بەرژەوەندی دوژمنان وا بخوازیّ ئاشبەتالّ لە پیّشەو دەبیّ چەك‌و چوّلّ‌وکەرە سەی شەردانیّن و بریارو دەستوری داگیرکەربەجیّ بیّنن ٠
رەنگبی ئەو پرسیارە بیّتە پیّش‌و بپرسن؛ ئەگەر ئاوا لیّیان روونەو دەزانن، بوّچی لەهەوەلّەوە وا دەکەن، یابوّ تەسلیم دەبن !؟
پیشتردووپات بوونەوەی هەلّەکان‌و هەروەها سەرهەلّدان‌و هەلگیرسانی شوّرشەکان باسکراوگوتمان ؛ زولّم‌و زوّری دوژمنانە نەتەوەی ژیّردەست تووشی بەراپەرین دەکات‌و بە ناچاری بوّبەرگری لە خویان دەست بوّ چەك دەبەن ٠
دیارە هەموو لایەك ئاگادارن کە تەنیا کورد نییە رادەپەریّ، بەلّکوو ئەو راپەرین‌و شوّرشانە لە سەرا سەری جیهان بوّ گەلانی ژیّر دەست، شتیّکی سروشتی‌یە ٠ ئاشکرایە کە هەشتا لەسەد لەو شوّرش و راپەرینانەی دیومانە، دوژمنان بەسەر کورد یاندا سەپاندوە ٠جاری واشبووە دوژمنان بوّمەبەستی تایبەتی خوّیان کوردیان هانداوە دەست بوّ چەك بەرن و کەمەبەستەکەیان هاتوّتە دی، ئاش بەتالّیان پیّکردون‌و دەستیان پیّ لەشوّرش هەلگرتوون ٠

هەر وەك گوتمان كورد گەلێكی زوڵم لێكراوەو لەهەر هەلو دەرفەتێكدا كە بوی هەڵكەوتبێ لە دوژمنی داگیركەری سەردەست ڕاپەڕیوە و بۆدەست وەشاندن لە دوژمن، كەرەسەی شەڕی لە دوژمنی دراوسێ وەرگرتووە ٠ تەنانەت بۆبەرێوە بردنی شۆرش ، یارمەتی خواردەمەنی دراوی‌شی لەگەڵ بووە ٠ بیری لە دوا ڕۆژی داهاتووی لێڵوو ناروونیش كردۆتەوە ٠ دوژمنانی كوردیش تا ئەو كاتەی بە مەبەست و قازانج و بەر ژەوەندی خۆیان گەیشتون یارمەتیان كردوون و دوایەش بە فرۆفێل شۆرشیان تێكداوە ٠ دەستكەوتی كوردیش لەو نێوەدا، وێرای قوربانیو ماڵوێرانیو لەدەستدانی كارو خوێندنو ئاوارە بوونو تێك چوونی هەزاران بنەماڵەو ڕەنج بەخەسارو لە پێشوو خراپترو چارەڕەش‌تر ٠ دوژمنان سەرەڕای ئەو فرتوفێڵانەش بەرنامەرێژیەكی وایان كردووە، دوای هەرەس پێهێنان ڕابردوی خۆیان لەبیر نەمێنێو ئاگاداری مێژووی خۆیان نەبێ ٠ بۆ ئەوەی وەك گەلێكی مێژوو لە بیرچوو ژێر دەست بمێنێتەوە ٠

دوای ئەو بەزمو هەراو بەسەرهاتەش، ئەزموون وەرناگرینو پاش ماوێەك لەشوێنێكوگوشێكی تری كوردستان بەشێوەیەكی‌تر ئەو هەڵڵاو بەزمەی باسمان كرد هەڵدایسێتەوەو بەنێوی شۆرشی كورد چەندین ساڵی‌تر هەڵە ئەزموون لێوەر نەگیراوەكان پێشوو دووپات دەكرێنەوە ٠

سەیر ئەوەیە! ڕێبەرایەتی هەر شۆرشێكی نوێ، ڕێبەرایەتی شۆرشی پێشوو بەكەم كاریو هەڵەكاری ڕەخنەكردوەو پێیانا وابووە دوژمنیان نەناسیوە و ئەو دوژمنەی كە ئێستا بەدرۆ یارمەتی دەكات ، لە گەڵ دوژمنی سەردەمی پێشوو جیاوازە و بێ‌شیلەو پیلەیەو ناتوانێ فێڵ لە ڕێبەرانی نوێ بكات! یان خۆیان بە زیرەكتر دەزانن‌و دوژمن بەكەم دەگرن ٠

من خۆم تا ئێستا چوار شۆرشم لە كوردستان دیوە ، واتە: شۆرشی ئەیلوولی لە باشوور ٠ شۆرشی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ڕۆژهەڵات ٠ شورشی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەباشوور ٠ شۆرشی پارتی كرێكارانی كوردستان لە باكوور ٠ وێرای ئەوەی ڕێبەرایەتی ئەو شۆرشانەی باسكران

هەرکام خۆیان و بەرنامە خۆیان پێ لەوەی تر پێ راست ودروست ترەو، ئاقڵ و زاناترخۆ نیشاندەدەن. بەداخەوە گەلێك جار بەقسەی دوژمنان دژایەتی لە گەڵ یەکتر دەکەن و دەکەونە گیانی یەکترو کوردی هەژار پێکتر بەکوشت دەدەن. بۆخۆ ( ئەبرئە ) کردن و بەرگری لە خۆیان، لایەنی‌تر بە تاوانبار دەناسێنن. ئەوەندەی لەو ژیانە کورتەی خۆمدا لە بیرمەو دیومە، هەمیشە دوژمنەکانمان پێکتریان بەشەڕداوین و بۆ ئەوەی خوێنی پێشمەرگەی شۆرش وشك نەبێتەوە. پێموایە، لەوبارەوە بۆخۆمان سوچدارین کە بەقسەی دوژمن بەگژ یەکتریدا دەچین و شۆرشی خۆمانی پێ لاواز دەکەین.

ڕەنگبێ ئەوەش بگەڕێتەوە بۆفەرهەنگی دواکەوتوویی وخۆبەزلزانی خۆمان. بۆ وێنە: شەڕی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، لە رۆژ هەڵات. شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشور. شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان هەر لەباشور. شەڕی نێوان پارتی کرێکاران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند وردە شەڕی تر.

ئەو شەرو کوشتارو تێك هەڵچوونانە نیشانەی ئەوەن کە لە رابردوو ئەزموون وەرنەگیراوە و هەڵەی مێژوویی دووپات و سێ پات دەکرێنەوە، یان بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و رك و کینەی تایبەتی، کورو براوخزم و ئەم و ئەو پێکتر بە کوشت دەدەن و زگیان بەکەس ناسووتێ!؟

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە: کاتێك لاوازن، دۆست و برای گیانی یەکترن، بەڵام کە گەیشتنە هێزو توانایەك ویستیان شتێك بە شتێك بکەن، هۆیەکی وا پێك دێ وێکتر هەڵنەکەن بکاتە شەڕو خوێن ڕێژی!؟

مرۆڤ لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوانەدا بەوە دەگا: کە دوژمن مەترسی بۆ پێك هاتووە و نایەوێ بەهێز بوونی کورد ببینێ. ئەوە دوژمنە پیلان رێك دەخات دەست لێکتر بوەشێنن و لاوازبن، بۆئەوەی ئەمنیەتی خۆیان پێك بێ و لە هەموو بارێکەوە ئاسوودەخاتر بژین. دێمەوە سەر بە پاشماوەی باسەکەم.

بەکورتی دەتوانم بڵێم: بەتەواو بوونی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، شۆرش

لەکوردستانی رۆژهەلاتو کوردستانی باشور بەرەو بێ هیوایی‌و لاوازی دەچوو٠ کەمی مابوو بۆئاشبەتاڵێکی تر٠ بەپێ قەراردادی نێوان عێراق‌و ئێران، شەڕی هەشت ساڵە بەرەو تەواو بوون دەرۆیشت، شۆرشی چەکداری وردە وردە مەیدانی لێ تەنگ دەبۆوەو هەست بەئاشبەتاڵێکی نوێ دەکرا٠ نیگەرانی دوا رۆژێکی رەش ماتەمی هاویشتبووە سەردڵسۆزانی کورد. هیواکان لەدەرەوە دەهات کۆتایی بێ٠ ئەو بێ هیوای یە، زۆربەی پەنابەرانی لەدەرەوەی وڵات دێنا سەرئەو رایە؛ پتر لەدەوری یەکتری کۆ بنەوەو بۆخۆیان خەریکی دروست کردن‌و سازدانی کۆمەڵ‌و رێکخراوی جوراو جور بن٠ ئێمەش چەند کەسێك بۆدروست بوونی شتێك لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە بەڵکوو بتوانین ویکڕا پێکەوە رازو نیازی خۆمان لای یەکتر بکەین

.

بڕوانە بەرگی ٢ی ئاوڕێ لاپەڕی ٣٣

.................................

# پەژارە مرۆڤ دە بزێوێ.

بەهۆی ڕاوەستانی شەڕو پێکهاتنی ئێران و عێراق و کەش وهەوای ئەو کاتی نێو نەتەوەیی، دوو شۆڕشی باشوورو ڕۆژهەلات، ببووە هۆی مەترسی و کزبوونی هیواکان. ئێمەش چەند کەسێك لەسەرداوای کاك کەریم حیسامی لە سوئێد لێکترکۆبووینەوە. بیرو ڕامان هاتە سەرئەوەی کە بە بیری سەربەخۆیی شتێك پێکەوە بنێین و نێوێکی لەسەردانێین. بەلام بەگوێرەی پرۆگرامی ئامادە کراو ئەو جاریش ئامانجمان نەئەنگاوت و شتێکی کەمێك لە خودموختاری سەرترمان پێکەوە ناو بە نێوی : پارتی ڕزگاریخوازی کوردستان وهەلگرتنی درۆشمی فدراتیف، لە ڕێکەوتی ٨٩/٨/٣٠ زاینی دا بە نهێنی دەست بەکار بووین.

دوای ماوەیەك بە هۆی نەبوونی بیرو ڕای یەکدەست، وردە وردە بەوە دەگەیشتین کە جگە لە خۆبردنە پێش و خۆبەم و بەو ناسین بەرهەمێکی بۆژوورەوەی ولات و کۆمەلی کوردەواری لێ بەدی ناکرێ. دوای چەندین سال زەحمەت و هاتوو چۆو هەروەها دەیان دانیشتن و کۆبوونەوەو دابەشکردنی کارو پێوەندی گرتن لە گەل ئەم و ئەو، سەرئەنجام بەوە گەیشتین ئەوەي دە مانەوێ ، واتە خزمەت بە نەتەوەکەمان، لەدەرەوەی ولات و لەو ڕێگەوە هەرچەندي تێبکۆشین جگە لە ماندو بوون ئاکام و بەرهەمێکی وای بۆگەلی کورد نابێ.

وامان بە باش زانی ئەو ئەرکە قورسە، لانی کەم لەوچوارچێوە دیاری کراوەدا نەمێنێ، وێڕای کاری تایبەتی هەرکەس ئەوەندەی بۆی کرا بە نوسین و گوتەو گۆرینەوەی بیروڕا، خەریك بین و، واز لە کاری ئەو ڕێکخراو بێنین.

لەسەرئەو بیروڕایە لەکۆبوونەوەیەکی نهێنی خۆماندا کە لە٢٤ی مانگی ئوکتۆبری١٩٩٧ زاینی پێك هات، بڕیارمان بە هەلوەشانی ئەو ڕێکخراوەدا.

بۆئەوەی باشتر روون بێتەوە لەبەرچی بوو پاش کارو تێکۆشانێکی زۆر، ئەو دروستکراوە هەلوەشاوە ڕاگەیەندر؟ ئاماژە بە چە ند شت پێویستە.

١- نەبوونی بڕوای یەکدەست بەدرۆشمی « فدراتیف » چونکە بەشێکمان بڕوامان بە سەر بە خۆیی بوو.

٢- بڕیاری نهێنی کاریش ببوو بەهۆی نەبوونی نوسراوێکی وەك ئۆرگان ٠
ئەلف- بەپێی سروشتی، ڕێکخراوێك کەلەکوردستان لەدایك نەبووبێ و هەروا بەبیرو ڕای چەند کەسێك لەدەرەوە پرۆگرامێکی دوورلە بیروڕای دانیشتوانی نێوجەرگەی کوردستان بۆنوسرابێ و تەئید نەکرابێ، ڕێکخراوێکی ئاوا سەرکەوتوو نابێ و سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ ٠
ب- ڕێکخراوێکی لەدەرەوەی کوردستان پێك بێ، دەبێ لانی کەم پەنجا کەسی روناکبیری خاوەن نەزەرو ڕابردوی پاکی سیاسی بەشداری کۆبوونەوەی هەوەڵ بێ و لەسەربناغەیەکی پتەوی قانوونی دامەزرابێ ٠ دەنا پێکهاتن بە کۆڕێکی ئاوا لە هەموو بارێکەوە بەکەم و کوڕی سیاسی و کۆمەلایەتی دەژمێردرێت ٠
ج- ڕێکخراوێك دەستی بە کوردستان ڕا نەگاو نەتوانێ گوێ بۆ دەردی دڵی نیشتمان پەروەرانی کورد ڕادێرێ و هەروەها نەتوانێ نەخشەو پلانی خۆی لە نێو وڵات لە گەڵ روناکبیرانی کورد بێنێتە گۆڕێ و لە هەموو بارێکەوە باس و وتوو وێژی لەسەرنەکرێ، نابێ نێوی خۆی بنێ ڕێکخراوی سیاسی ٠
د- بەپێی یاساو ئەلف و بێی سیاسی، چ بەئاشکراو چ بەنهێنی ئەگەر مانگی جارێك ڕێکخراوی سیاسی نە توانی لەگەڵ ئورگانی خواروی خۆی پێوەندی بگرێ، بەرێکخراوەیەکی بی ناوەرۆك دەژمێردرێ ٠
بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ئەسلانەی باسکران و هێندێك ڕاپەراندنی کار، تەمای خۆمان گرت و بڕیاری نیهایی خومان دا کە ئەوەی دروستمان کردوە هەڵوەشێتەوە و ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەکەوە نەیان توانیوە ئامادەی دوایین کۆبوونەوە بن، لەو بارەوە ئاگادار بکرێنەوە و دواین بڕیاری هەڵوەشانیان پێڕا بگەیەندرێ ٠
ئەوەش بگوترێ کە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە، ساردی نەخستە نێوان دۆستایەتی و هاوڕێیەتیمان و ئێستاش لە پێشوگەرمترو لێك نیزیکترین ٠

بڕوانە بەرگی ٢ی ئاوڕێك لاپەڕەی ٣٣

# هەوالێکی ناخۆش ٠

پەنابەران لە دەرەوەی وڵات هەرکەس بە کاری خۆیەوە خەریك بوو، چاوەروانی دەکرد کۆنگرەی هەشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی پێ بێ‌و بزانن باس‌و خواس‌و بریاریاراتی کۆنگرە چن‌و ئەندامانی نوێی کۆمیتە ناوەندی کێن و چگۆڕان‌و ئاڵووگۆڕێك پێك هاتووە؟

پێش ئەوەی نوێنەرانی کۆنگرە بگەڕێنەوە، خەبەرهاتە دەرەوە کە لە کۆنگرەی هەشتمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دوکتور قاسملوو لیستەی فیکس داوەو ناکوکی‌وناتەبایی لێ پێك هاتووەو بەشێك لەکادرەکانی سەرووی کۆمیتە ناوەندی دانیشتوون‌و هێندێکیش وەك خۆیان ماون. جەوێکی وا پێك هاتووە ئەوانەي ماویشن دلگەرمیان بەکارو تێکۆشان نەماوە٠ ئەو هەواڵە بۆ کە سانێکی کە بڕوایان بە مەسەلەی میللی نەبوو شادی‌و شایی بوو، بەڵام لەسەریەك زوربەی هەرەزۆری ئەوانەی خەمخۆری چاری مەسەلەی میللی بوون، بە پەرۆش بوون٠ هەواڵ‌و دەنگۆکان باسیان لەوە بوو کە گۆیادوکتور قاسملوو گوتویە: لەو لیستەیەدا نێوی ئەو کەسانە نوسراوە کەبۆخۆی دەتوانێ کاریان لەگەڵ بکا! لە ڕاستیدا وای نواندوە کەئەو کادرانەی پێشوو بەرپرسایەتیان لەکومیتە ناوەندیدا هەبووەو نێویان لە لیستی دوکتوردا نیە کاریان لەدەست نایەودەبێ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لەهەموو بارێکەوە یەکدەست و هاو دەنگ بن! زۆر کەس بڕوای بەو هەواڵە نەبوو، چونکە ناکرێ ئەندامی حیزبێك هەموو وەك یەك بیر بکەنەوەو یەك بۆچوونیان هەبێ٠

دوکتور قاسملووجارێکی‌تریش لە کۆنگرەی چواردا ئەوپێشنیارەی کرد، کەدەبێ کۆمیتەی ناوەندی لەو کەسانە پێك بێت کە بۆخۆی کاریان لەگەڵ دەکاو دەبێ ئەندامانی ناوەندی بەدڵی خۆی بن٠ ڕەنگە هەلبژاردن بە تێڕوانینێکی ئاوا، بەکارێکی یاسایی‌و پەسند ناژمێردرێ و بە دوورە لە دێموکراسی، لیستەی ئاوا کەمێك وەپاڵ پێوەنان دەچێت تا هەڵبژاردن٠ من پێم وایە: لە وڵاتی ئێمە کە لیست دراَ، بە ئاشکرا پێش لە دێموکراسی گیراوە٠ چونکە ئەوەی نێوی لە لیستە دا نییە، ڕوونە کە دەنگی نادرێتێ و

ئەو کەسەی کە خوشی بپالّیبوێ بێ سەمەرە٠ کە وا بوو پێویست ناکا نێوی لێ بندرێ دەنگدان و هەلبژاردن٠ لەبەرئەوەی بەدەست هەلێنانێکی ئەندامان کۆمیتەناوەندی دیاری دەکرێ٠

لەلایەکی دیکەوە، لەپێرەوی حیزبدا هاتووە: کە دوای خوێندنەوەی راپۆرت و تەئید کردنی، ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بەرپرسایەتیان کۆتایی پێدێ و هەموو کەس یەکسانەو، وەك ئەندامی حیزب بەدەنگدانو ئالووگۆری بیرو را دەبێ بەرێوەبەری هەڵبژێرن و سیاسەت و پلانی داهاتوودارێژن. دەیجا کاتێك ئەو ئەسلە پەسند کراوەو هەیە، ئەگەرهەڵبژاردن دێموکراتیك بێ، هیچ کەس بۆی نیە بلێ: من کەسانێك دیاری دەکەم کە بتوانم کاریان لەگەڵ بکەم٠ کێ دەزانێ کێ هەلدەبژێردرێت؟ ئەگەر دەست بادان نەبێ و سەبت و تاپۆی مەقامی سکرتێری هەتاهەتایی نەبێ، چۆن سکرتێری پێشووی حیزبێك پێش هەلبژاردن ئەندامانی داهاتووی کۆمیتە ناوەندی دیاری دەکا بەقامك هەڵێنانێك دەنگیان بۆ بدرێ و ببن بە کۆمیتە ناوەندی کە ئەوە چییە سکرتێری داهاتوو باشتردەتوانێ کاریان لەگەڵ بکات٠ لە کاتێدا هێشتا خۆی هەڵ نەبژێردرابێ، هاوکارەکانی هەڵبژێردرێن؟!

لە لایەکی دیکەوە لەهەمووکەس روونە کە سکرتێری هەرحیزبێك لەکوردستان بیهەوێ لەکۆنگرەو کونفرانسدا لیست بدات، ئەوکەسانە دەنگ دێننەوە کەلە ناو لیستی سکرتێری پێشووی حیزبدان٠ ئەوانەی لە حیزبەکاند ئەندام بووبن و شارەزان و دەزانن کە ئەگەرکەسێکی نالایقیش لەلیستەی سکرتێردا بێ، بەمسوەگەری هەلدەبژێرێ و دەنگ دێنێتەوە، کەسانی لایق و پسپۆریش دەبی دەبێ بچنە کەنارو خۆیان بخونەوە٠

ئەوکات مرۆڤی لایق و زاناو لێوەشاوەی سیاسی، ئەو زەحمەتانەی کە ساڵەها کێشاویەتی پێی رێدەخرێ و دەبێ خواحافیزی لەو رێکخراوە بکات کە کاری تێدا کردووە٠ بەلام لە خۆکاندید کردنی ئازادی بێ بەلیست، دەنگیش نەیەنێتەوە، ئەوەندەی پێ وەرەزنابێ٠ بەڵکوو باشتر خۆی و کەم و کوری خۆی دەناسێ کە بۆ دەنگ نایەنێتەوە٠

لەکۆنگرەی چواریشدا شەهید دوکتورقاسملوو ئەو پێشنیارو لیستەیدا،

بەلام سەرنەدەکەت و پێشنیاری خۆی وەر دەگرتەوەو وازی هێنا · ئەوکارەی دوکتور لە کۆنگرەی چواردا، بەنوسراوەی چاپکراو بلاو بووەو هەرای لێ پێك هات، دەتوانم بلێم تەئسیری خراپی بۆ دوایەش هەر مابوو · کە چی جارێکی دیکەش دوکتور لەکۆنگرەی هەشت ئەو بەزمەی دوو پاتکردۆتەوەو لەسەر پلانو بۆچوونی پێشووی خۆی پێیداگرتووە · ئەزمونی لە ڕابردوو، وەرنەگرتووەو بێ لەبەرچاوگرتنی رەخنەو پێشنیاری نوێنەرانی کۆنگرە، لیستی فیکسی خۆی بلاو کردۆتەوە ·

ئەو نوێنەرانەی کە لەو شێوە دەنگدانە ناڕازی بوون، لەجیاتی ئەوەی سالۆنی کۆنگرە بەجێ بێلن، لەجێگای خۆیان دانیشتوونو زەق زەق چاویان تێبڕیون کە دەنگیان داوە· دوکتور قاسملوو بە دەست هەلێنانێك ٢٤ کەسی بۆ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی خۆی ! دیاری کردوەو ویستی تایبەتی خۆی پێك هێناوە · پاشان کۆتاییان بەکاری کۆنگرە هێناوەو بلاوەیان لێ کردوە· دیارە بڕیاراتو پلانو کاری داهاتووی حیزب رۆژانی پێشتر دەنگی بۆدراوەو بەدەنگو بڕیاری گشتی پەسند کراوە · ئەوانەی لەو لیستە فیکسەدا نە بوون دوای سالەهای سال زەحمەتوکوێرەوەری، بەدەست هەلێنانێك بەر پرسایەتیان لێوەر گیراوەتەوەو چەك کراون · دەکرێ بلێین: بەهاسانی وەك پووشو پەلاشي نێو ئاو وەلا نراون ؟!

رەنگبێ هەبن کەسانێك دەلیلو ئیستدلال بێننەوەو بلێن چ قەیدیە، با بەرپرسایەتیان نەبێ مرۆڤ ئەگەرکوردایەتی بکات ئەواش هەر دەبێ سەرداخاو لە گەل ئەو جۆرە پێشهاتانە هەلبکات، بەلام ئەگەر مرۆڤ بە مەلی خۆی بەرپرسایەتی وەرنەگرێو لەخۆی لایقو زاناتر جێگای بگرێتەوە وایە، بەلام ئەگەر بەهانە پێگرتن و دەرکردن بێ و کەساني نا لایقتر لەخۆي جێگاي بگرنەوە، چی؟ داخوا لە فەرهەنگی جێکەوتووي کۆمەلگای کوردەواریدا شتی ئاوا بەکەس قبوول دەکرێت ؟ مەگەر زولم هەرئەوەیە مرۆڤ بە دارو بەرچیغ کوتەککاري بکرێ، یادەستبادان بەو مانایە یە دەبێ دەست بشکێ ؟ داخوا ئەو رووداوەی کۆنگرە بۆئەندامانی پال پێوەنراو زۆر لە شکنجەی روحی ئازارو بەئێشو ئۆفتر نەبووە ؟

مرۆڤێکی چەندین ساڵ بەرپرسایەتی سیاسی هەبووبێ، ئەو بێحورمەتیەی پێ بکرێ، داخوا دەچێتە کەنارو دەبێتە تەماشاچی؟ ئەوکوردە ڕق ئەستوورەی کە لە باری کەسایەتیەوە تێك بشکێندرێ بێدەنگ دانانیشێ، یان بۆ قەرە بوو کردنەوەی کەسایەتی پێ شێل کراوی خۆی هەوڵی دەداو زەرەرێکی گەورەشی بۆ گەل و کۆمەڵ پێك دێنێ؟

دوای کۆنگرە، ئەندامانی کۆمیتەناوەندی کە چەند کەسێکیان بەرپرسایەتیان لە دەفتەری سیاسیدا هەبوو، واز لەکارو تێکۆشان دێنن و دەکەونە بیری کۆکردنەوەی هەڤاڵ وکادرو پێشمەرگەو ڕاکێشانیان بۆ نێو تەشکیلاتێکی تر بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و قەرەبوو کردنەوەی ئەوەی لەگەڵیان کراوە. لە باری پشتیوانەی مادیش سەرنجی ڕێکخراوی مجاهدین بۆلای خۆیان ڕادەکێشن. ئەو موجاهیدانەی کە لە شتێکی ئاوا دەگەڕێن ڕۆژێك حیزبی دێموکراتی کوردستان لەت و لاواز بێ و ڕێگای هاتووچۆیان بۆ کوردستان بکرێتەوەو بیکەنە پردەبازو بە هۆی دۆستانی سەر لێشێواوي کورد خۆیان بگەیەنە وە ناوچەو، بە نێوی شۆرش و شۆرشگێڕ ورگی فەقیرو هەژاری کوردستان بشێلن و، وەك نەتەوەی سەردەست ئاغایەتی لەسەر کورد بکەن. ئەگەر داوای خودموختاریشیان لێکرا، زۆر بەمنەت ئەو داوا لاوازە لە کورد قبوڵ بکەن. ئەویش بەقەرزی بە دەسەڵات گەیشتن، کەدەتوانم بڵێم ئەو دەسەڵاتەی دەیانەوێ پێی بکەن، لە ئاواتی خودموختاری کوردان زۆر دورترو بەکیشترو نەگونجاوترە.

ئەوکاتەی کە برادەرانی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ خەریکی جیابوونەوە بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئیمە لەدەرەوە سۆزێکمان کردبوو کە دەیانەوێ شتێك دروست کەن و بێدەنگ دانەنیشن.

من و مەلاڕەسولی پێشنماز لە ستۆکۆلم لە ماڵیی کاك کەریم حسامی بووین و بەتەلەفون پێوەندیمان لەگەڵ کاك حەسەنی رستگارگرت و ناوبراو گوتی: خەریکین لەو رۆژانەدا بەنێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکۆشانی خۆمان ئاشکرا کەین و ڕای یکەیەنین.

ئێمە پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە لەو نێوە گەڕێن و کاری خۆتان بە نێوێکی

دیکە بکەن باشترە و رەنگبێ دوڕێکخراو بە نێوێك گیرو گرفت و کێشەو هەڵلای لێ پێك بێت. تەنانەت من گوتم؛ ئێشتاش لە کوردستان تفەنگی برنۆیان پێ لە هەموو چەکێك باشترە، بەلام ئێستا چەکی زۆرباشترهەیە. ئێوە کاری باش بکەن، واز لەنێوی حیزبی دێموکرات بێنن، بەلام وا دیار بوو بڕیاری خۆیان دابوو. پێشنیارەکانی ئێمە بڕیان نەکرد. ئیستدلالیان وابووکە بۆخۆیان لەوان کۆنترو بەڕابردووترن و بە حەقی خۆیانی دەزانن بەو نێوە کار بکەن. کەدواییش دیتمان ئەو حەق بە خۆدانە، نەگونجاو ئەو "نێوە"بوو بە خوێنی سیاوەش و نەدەبڕایەوە.

بەڵێ بەو نێوە خۆیان ناساندو پاشکۆی ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕی وێخرا. واتە: (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر)

لە ڕێکەوتی یەکی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی تێکۆشانی خۆیان ڕاگەیاندو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو بە دووبەش. دەکرێ بڵێین: لەسەرهەڵەی دەرچوون لە یاساو ئوسولی دێموکراتیك، واتە؛ لەسەر لیستەی فیکس ئەو ناکۆکیە سەري هەڵداو بوو بەهۆی لاواز بوونی شۆرش و رژانی خوێنێکی بە ناحەق. یان دەتوانین بڵێین: گوێ نەدان بە ڕەخنەو پێشنیاری نوێنەران و پێ داگرتن لەسەر لیستەی فیکس ئەو هەراو کێشە و قورەشێلەی پێك هێنا. بە داخەوە بەهەردوکیان حیزبیان تووشی ڕۆژی ڕەش کردو چەندین کەسی دڵسۆزو بێ تاوانیش بوون بە فیدای ئەو ڕووداوە هەڵەو ئاڵووگۆڕە ناخۆشە مێژووییە.

دیارە لە بەیاننامەی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر دا شتی گەورەتر لەوانەی من باسیان دەکەم بەهۆی ئەو لەت بوونە هاتووەوگوتراوەو قسەو بەڵگەی خۆیان هەیە. بۆ ئەوەی لەو نێوەدا بێ لایەنی خۆم پارازبێ و شتم لێ زیادوکەم نەکرد بێ، بەپێویستی دەزانم عەینی بەیاننامەی خویان لێرەدا چاپ بکەم، تابزانین بەیاننامەی خویان دەڵێ چی؟ چونکە ئەو ڕووداوە مەسەلەیەکی مێژووییەو بۆداهاتوو، و بۆوەبیر هێنانەوەی پاشەڕۆژ بمێنێ باشە.

ڕەنگبێ هێندێك لە برادەران وەبیرهێنانەوەی ئاوایان پێ تاڵ و ناخۆش بێت کە دوای چەندین سالی پڕ لە زیان و زەرەر، ئێستا بۆ خۆیان پێك هاتوونەوە،

بەلام یەکێکی تر لەلاوە بەیاننامەی کۆنی چەند ساڵ لەوە پێشی لەبیرکراو، لەکتێبێکی ئاڵووگۆڕو ڕووداوی سیاسی دا بلاو دەکاتەوە٠

زۆرجارگوتوومەو نوسیومەکە خۆم بە لاوەیی نازانم و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەحیزبی خۆم دەزانم و هەولدەدەم هێندێك شتی باش لەگەڵ هێندێك نوختەی لاوازی کە دوژمن کەلکی لێ وەرنەگرێ تۆمار بکەم و بێنمە سەرکاغەز٠ مە بەستم ئەوەیە نەوەکانی دوا ڕۆژی کورد لە داهاتوودا گۆشەیەکی بچوك لە ئاڵووگۆڕەکانی کوردستان بزانن و لە ڕووداوی مێژوویی ڕابردووی حیزبی خۆیان ئاگاداربن و هێندێك لەو شتانەی باسیان دەکەم لەداهاتووی حیزبدا ببن بە ئەزموونو لە دوا ڕۆژ کەلکیان لێ وەربگیرن٠

بڕوام وایە دەبێ ئەو گۆڕانکاریانە بنووسرێنو، وەك بایەگانی بمێنن، بۆ ئەوەی هەرچی کراوەو ڕوویداوە بە نێو قامکاندا نەڕواتو لە بیر نەکرێت٠ لانیکەم با نەسلی داهاتوو بزانێ کە ئەو دوولایەنەی ئەو هەڵە مێژوویەیان کردوە، لەسەر چی بووەو بەشی زۆری ئەوهەڵە زیانەدەرە لەکام لا و لەکوێڕایە٠ یان ئەوەی دوولایەنی ناتەباو دژ بەیەکی دوێنێ لەسەر یەکتری باسی دەکەن و ئەو زیانە گەورەیان لە گەلی کورد داوە، لە قەزاوەتدا هەرلایەنەی چەندی لەو زیان و تاوانە بەردەکەوێ٠ یان لانیکەم با ئەزموونی لێ وەربگیرێو بەو زوانە هەڵەی ئاوا دووپات نەبێتەوەو بە قسەو قسەلۆکی بێتام دوژمنانی داگیرکەر دژ بە کورد پێمان خۆش نەبن٠ دوای ئەو زیانە مێژوویانەی باسکران، بە خۆشیەوە دووبەرەکی ودژایەتی کۆتایی هات، هەرچەند دوولایەنی بەهەڵەچووکەوتنە ژێر پرسیاری گەل٠ هیواداریـن کاروکردەوەی باش بتوانێ پەژارەی بنەماڵەی ڕەشپۆش سارێژ کاتەوە٠

پاش ئەو چەرمەسەریە، بەچاوی خۆمان دیتمان دوای هەشت ساڵ شەڕی ئەحسابو خۆلاواز کردنوکوڕی کورد بەکوشتدان و ڕەشپۆش کردنی کەسو کاری کوژراوانو خۆشحاڵ کردنی دوژمنان، سەر ئەنجام بەوە گەیشتن هەر دەبێ ئاشت بنەوەو پێکەوە بژینو بەتێکۆشانوخەباتی تێکڕایی لە دوا ڕۆژ دا ئاسۆی ڕوون و ڕزگاری وەدی بێننو پشتو پەنای یەکتربنو پێکەوە بژین و پێکەوە بمرن٠ پێشینیان (برا لە پشت برابێ مەگەر قەزا لەلای خودا بێ)

بەهەرحاڵ کۆتایی بەکورتە تەعلیقو تەفسیری خوم دێنم و عەینی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، کە دوای لەت بوون، تێکۆشانی خۆیان پێ ئاشکرا کردوەو ناساندوە٠

بەبێ زیادو کەم بەیانەکە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێزەوە ٠

# راگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستنی ئێران . ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

هاو نشتمانە بەرێزەکان- خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان.
ئەندامان، کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
ڕێکخراوو حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئێران.

نۆ ساڵ لە خەباتی گەلی زۆر لێکراوی کورد دژی ڕژیمی کۆنە پەرستو دژی گەلی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ. لەو ماوەیە دا بە دەیان هەزار کەس لە خەلکی کوردستان و زیاتر لە چوار هەزار کەس لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب لە ڕیگای دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی دا گیانیان بەخت کردوە.
هەر لەو ماوەیەدا دەیان هەزار کەس لە رۆڵە ئازا خەباتگێرەکانی گەلانی دیکەی ئێران لە خەباتی رەوای خۆیاندا دژی کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار شەهید بوون. لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا پێ بە پێی ڕەوتی خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد دوکتور قاسملو بێ سەرنجدان بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی ئێمەو هێندێك جاریش بەدنەدانو کارتێکردنو ڕێنوێنیەکانی لادەرانەو راستئاژۆیانەی ئاغای سادقی شەرەفکەندی (سەعید بەدەل ) هێندێك سیاسەتی لە نێو حیزبو دەرەوەی حیزبدا بەرێوەبردوە کە ئامانجی دوارۆژیان لەو سیاسەتانە، سازان لەگەڵ کۆرو کۆمەڵە ئیمپریالیستەکان و دورکەوتنەوە لە بەرەی شۆڕش، چ لە ڕادەی ئێرانو کوردستانو چ لەڕادەی جیهانی دا بووە.
بە کار هێنان و درێژەدان بەو سیاسەتانە لە نێو حیزبدا لە لایەکەوە لەگەڵ ئیعترازو بەر هەڵستی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری بەدەنەی حیزبو کادرەکانی پلەی سەروو و بەشێك لە رێبەری روو بە روو بووە. لە لایەکی دیکەوە توندتر بونی مەیلی دیکتاتۆری و دژی دێموکراتیکی لە لایەن ناو براوانەوەی بەدواە بووە.

ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە ڕاست ئاژۆیانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی و قاسملوو بۆتە هۆی تەریك كەوتنەوەی نیسبی حیزب لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی ئێرانیو لە دەرەوەی ئێرانیش بۆتە کۆسپی سەر ڕێگای دامەزرانی پەیوەندی ئوسولی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی. ئەم فراکسیۆنە بۆ خەفە کردنی دەنگی هەر چەشنە ئیعترازێك دژی ئەو سیاسەتە، لە هەر قۆناغێكدا بە بیانوێك دەستی کردوە بە پالأوتنی بێ جێ و بێ مانا لە نێو خۆی حیزبدا.

لە ئاکامی ئەو پالأوتنانەدا ژمارێکی بەرچاو لە ئەندامانی وشیارو خەباتگێر « پەسیو » بوون یا لە حیزب دەرکراون. بە شێوەیەك کە بۆ وێنە؛ لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی شەشەمی حیزب ، لە کومیتەی شارستانی سەردەشت زیاتر لە سەد کادر بەشداری کۆنگرە بوون. بەلام ئێستا بێجگە لە ڕادەیەکی کەم کە ژمارەیان لە قامکی دەستان تێ ناپەڕێ کەسی لێ نەماوەتەوە. زۆربەی کومیتە شارستانەکانو ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبیش هەر وەزعێکی ئەوتۆیان هەیە.

رواڵەتێکی دیکەی ڕێبازی لادەرانەی ئەو فراکسیۆنە لە مەیلی سازشکارانەو وتوو وێژخوازانە لەگەڵ رژیمی کونەپەرستو دژی گەلی کۆماری ئیسلامی دا خۆ دەنوێنێ.

بوونی مەیلی ئاوا جار جار بۆتە هوی پێك هاتنی خوارو ژور کردن لە هەڵوێستی سیاسەتی حیزب لە بەرانبەر رژیم داو لە هەرقۆناخێك دا هێندێك گومانو دوودڵیی سەبارەت بە ماهیەتی کۆنەپەرستانەو ئامانجە دزێوەکانی ئەو رژیمەی پێك هێناوە.

پێ بە پێی تێپەربوونی زەمان و ئاشکرابوونی هەرچی زیاتری ئامانجە واقیعیەکانی ئەم فراکسیۆنە و بەرزبوونەوەو پەرە گرتنی ئیعترازو بەرهەڵستکردن لەگەڵ ئەم ڕێبازەسیاسیەلە لایەن بەدەنەی حیزبەوە، پیلانگێرو کەینو بەینی ئەو فراکسیۆنەش بەر فراوانترو توندتر بووە تائەو جێیەی کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی نێوخۆی حیزب بە ئاشکرا نفوزی خۆیان

له شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ (کۆنگرەی هەشتم) له کۆنفرانس‌و ئۆرگانەکاندا بە کار هێناوە. سەر ئەنجام لە کۆنگرەی هەشتم دا هەڵسوڕێنەرانی ئەم فراکسیۆنە بە لە ژێر پێ نانی شێوەکانی ئاسایی‌و دێموکراتی هەلبژاردن لە نێو حیزبدا، نوێنەرانی کۆگرەیان لە مافی هەڵ بژاردن و هەڵبژیرانی ئازادانە بێ بەش کرد. ئەوان بە فێڵ‌و تەڵەکەی جۆراوجۆر وەك تەماع وەبەر نان، بەڵێنی پلە پێدان بەم و بەو و هەڕەشەکردن لە هێندێك لەنوێنەران، توانیان لیستێکی ( فیکس ) لە کەسانێك کە پێشتر لە بەر چاو گیرابوون بەسەر نیوەی نوێنەراندا بسەپێنن‌و زیاتر لە ٤٩ لەسەدی دیکەی نوێنەران لە مافی هەڵبژاردن بێ بەش بکەن. سەیر ئەوەیە کە ئەم شێوە بە ناو هەلبژاردنی ڕێبەرایەتیە، دوکتور قاسملوو کە بۆ خۆی ناوی «فیتنەی» لەسەر دانابوو، لە حالێکدا بەرێوە چووکە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەم لە پلینۆمی پێش کۆنگرەی هەشتم، هەم لە جەرەیانی کۆنگرەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی بەهێزو شیاو لە بەرانبەریدا ڕاوەستان‌و زۆر جار ئاکامی خراپ‌و زیان هێنەری شێوەیەکی ئەوتو لە هەڵبژاردنیان دەست نیشان کرد. دوایی هاتنی کۆنگرەی هەشتم بە هیچ جۆر بە مانای ئیعترازو دەر برینی نارەزایەتی نەبوو. چونکە دەکرێ بڵێین؛ دەست بەجێ دوای تەواو بوونی کۆنگرە زۆربەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکان چ بە وتە چ بە ناردنی بڕیار نامەلەڕێگای ئۆرگانەکانی خۆیانەوە داوای پێك هاتنی کۆنگرەی ئاساییان کرد،

بەڵام ئەگەر چی ژمارەی ئەو کەسانەزیاتر لە ڕادەی پێش بینی کراو بوو کە لە پێڕەوی نێو خۆدا بۆ پێك هێنانی کۆنگرەی ئاسایی دیاری کراوە، فراکسیۆنی ناوبراو گوێی پێ نەداو لە ئاکامدا بە تەواوی دەرکەوت کە ئوسوڵیی پەیرەوی نێو خۆ لە لای ئەوانە کە بە درۆ ئیدیعای دێموکراسی دەکەن بە ئەندازەی پولێکی ڕەش بایەخی نیە. بە کورتی ئەو فیتنەیەی دوکتور قاسملوو هەلیی ئایساند مەسەلەیەك نیە کە کۆنگرە دروست بووبێ، بەڵکوو بێ گومان ئاکامی سیاسەت‌و کردەوەی خۆی‌و دەست‌و

پەیوەندە کانی لە ساڵانی ڕابردوو دابوو. لەو ماوەیەدا ئەوان بە برەو پێدانی شێوەی فەرد پەرستی، باند بازیو دەسیسە بەندی، پێك هێنانی ڕایەڵکەی جاسوسیو دوزمانی، تیروری شەخسیەتو پەرەدان بەدەنگۆ دژی مخالفان، شکاندنی بەردەوامی ئوسولیی پیرەوی نێو خۆ، پێ شێل کردنی دێموکراسی و دامەزراندنی دیکتاتۆری نێوحیزب، سەر کوت کردنی عاتفەی ئینسانی لە ڕووبەڕوو بوون لە گەل ئەندامان، کادرەکان، پێشمەرگەکان، هاندانی مەیلی کۆنەپەرستانەو ڕەد کردنەوەی ئوسولو بایەخەکانی پێشکەوتووخوازانەو . . . هتد وەزعیکی ئەوتۆیان پێك هێنا کە حیزبی ئێمەیان خستە مەترسی لێك هەلوەشان.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستیانە و بە هەست بە بەر پرسایەتی کردن لە بەرانبەرجولانەوەی گەلی کورد و ئامانجی حیزب ( دێموکراسی بۆ ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان ) دا کە هەزاران رۆڵەی فیداکاری گەلەکەمان بۆ وەدەست هێنانی گیانیان فیدا کردوە.

ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی ئەسلی، جێگرو مشاویری کۆمیتە ناوەندی، لەگەڵ « وەلانانی فراکسیۆنی شەرەفکەندی ـ قاسملوو » ئەو ئەسڵانەی خوارەوە وەك ڕێبازی بنەڕەتی سیاسەتەکانی حیزب ڕادەگەیەنین. ئەو ئەسڵانە کە بە هۆی کردەوەی چەوتی فراکسیۆنی ناوبراو زۆر جارو لە زۆر بارەوە دەست کاریو پێ شێل کراون. پشتیوانی بێ دریغی هەموو ئەندامان، کادرو پێشمەرگەقارەمانەکانی حیزبو هەروەها پشتیوانی هەمو حیزبو ڕێکخراوەشۆڕشگێڕەکانو هەموو ئەو کەسانەی دڵیان بۆ ئازادیو دێموکراسیّ لێدەدا، سەرکەوتنی ئێمە لەگەیشتن بەو ئامانجانەو وەدی هێنانی ئەو ئەسڵانەدا خێراتر دەکات.

١ـ دارشتنەوەی بناغەکانی ئوسولی دژی ئیمپریالیستی لەنێو حیزبدا. وەلانانی سیاسەتو مانۆڕەکانی سازشکارانەو ڕاست ئاوەژویانەی فراکسیۆنی شەرەفکەندی ـ قاسملوو لە سازان لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە ئیمپریالیستی یەکانو ئوپوزسیۆنی دژی شورش بە ستراوە بە وان.

٢ـ تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و پیشکەوتوخواز ، هاو پێوەندی لەگەڵ جولانەوەرزگاریخوازیە نیشتمانیەکان.
٣ـ پێ داگرتن لەسەر درێژەدانو پەرەپێدانی خەباتی چەکدارانەو، ڕەد کردنەوەی سیاسەتی سازشکارانەو وتوو وێژ خوازانە لە بەرانبەر رژیمی کۆماری ئیسلامی دا، سیاسەتێك کە بێجگە لە پێك هێنانی گومان و دوودڵیی سەبارەت بە ماهیەتی رژیم ئاکامێکی نەبووە.
٤ـ پشتیوانی لە تێکۆشانی نێو نەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە شەری ماڵ وێرانکەری ئێرانو عێراقو دامەزرانی ئاشتی لە نێوان دوو وڵاتدا لەسەر بناغەی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش.
٥ـ هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئاڵۆزی (تشنج‌زدایی) نێوان حیزبو رێکخراوەکانی خەباتگێرو دێموکراتو شۆرشگێر لە رادەی ئێرانو کوردستاندا. تێکۆشان بۆپێك هێنانی پێوەندی دۆستانەو هاوکاری لەگەڵ ئوپوزسیۆنی شورشگێرلەسەر بناغەی رێزگرتنی بەرابەر بە مەبەستی هەرچی باشتر بوونی جولانەوەی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد و پتەو بوونی پێوەندی ئەو جولانەوەیە لە گەڵ خەباتی سەرانسەری بۆ رووخاندنی رژیمی کۆنەپەرستو دژی گەلی کۆماری ئیسلامیو دامەزراندنی رژیمێکی دێموکراتیك لەئێراندا.
٦ـ لابردنی هێندێك مەبەستو مەوزوعی لادەرانەو کۆنەپەرستانە کە بە هۆی مەیلو بیرو باوەڕی غەیرە دێموکراتیکی ئەو فراکسیۆنە خراوەتە نێو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب.
٧ـ گەڕانەوەی ئوسولو بایەخەدێموکراتیکەکان بۆ نێو ئورگانە جۆراوجورەکانی حیزب، لەبەرچاوگرتنی مافەکانو پاراستنی پریستیژی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەنداما‌نو پارێزگاری کردن لە دێموکراسی، هەم لە نێوخوی حیزبو هەم لەدەرەوەی حیزب.
٨ـ لابردنی ئاینی شەخسیەت پەرستی خەبات دژی دیکتاتۆریو

کۆبوونەوەی دەسەڵاتی تاکەکەسی.

٩ـ هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی دوبارەی ئەو ئەندامو کادرو پێشمەرگانە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەوفراکسیۆنە لە حیزب دەرکراون، یان پاسیو،بوون. ئەو ئەسڵە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خیانەت یا جینایەتیان کردبێ.

١٠ ـ پاراستنی بایەخەکانی بەشەر دۆستانە و لەبەر چاوکرتنی هەرچی زیاتری ئوسولی ئەخلاقیو کۆمەلأیەتی بۆپێك هێنانی دلسۆزیو هاو پێوەندی هاورێیانە لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر.

١/١/١٣٦٧

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ جەلیل گادانی | ئەندامی | کۆمیتە ناوەندی |
| ٢ـ حسن رستگار | " | دەفتەری سیاسی |
| ٣ـ فتاح کاویان | " | کۆمیتە ناوەندی |
| ٤ـ حسین مدنی | " | " |
| ٥ـ نبی قادری | " | " |
| ٦ـ صدیق بابایی | " | " |
| ٧ـ ابوبکری راد | " | " |
| ٨ـ عسمان رحیمی | " | " |
| ٩ـ علی کاشفپور | " | " |
| ١٠ـ سرهنگ ایرج قادری | " | جێگر |
| ١١ ـ کمال کریمی | " | " |
| ١٢ـ عصمت عبدی | " | " |
| ١٣ـ شاپور فیروزی | " | " |
| ١٤ـ رحیم محمدزادە | " | مشاور کۆمیتە ناوەندی |
| ١٥ـ شاپور شجاعی فرد | " | . . . |

دوا بەدوای ئەو ڕاگەیاندنەی حیزبی دێموکراتی کوردساتن ، ڕێبەرایتی شۆڕشگێڕ ، چەندکادرێکی تری ناوەندی، وەکو: کاك هاشمی کەریمی، کاك حسن ایوب زادە. (مۆستا گۆران. ڕیزی حیزبیان بەجێ هێشتوو هاودەنگی و پێوەندی خۆیان بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر ڕاگەیاند ٠
ئەو بەیاننامەی خوێندتانەوە ڕاگەیەندراوێکی جیابوونەوە بووکە ماوەی هەشت سال خەبات و تێکۆشانی بۆکراوە٠ پیاو دەتوانێ بلێ لەو ماوەیەدا نفوزێکی باشیان لە دەرەوە پەیدا کردبوو٠ بەشێکی زۆری کادری پەنابەری دەرەوەیان لەخۆ هالاند بوو٠ حەوتوپێك دوای ڕاگەیاندن و دەرچوونی بەیاننامەی بالیی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشوو لە وەلامی ڕاگەیەندراوی ئەواندا، بەیانێکیان بە نێوی کومسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرکرد٠ لەبەرئەوەی بەیانەکوردیەکەم نەبوو، فارسیەکەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپکرا بوو کەلکم لێوەرگرت و ئەوە بە کوردی و کۆپیەی فارسی دەخرێتە بەردەستتان٠ لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە کۆپیە بوو، هێندێك جێگای کال ببۆوە، ئەگەر لە باری وەرگێرانەوە کەم وکوری بوو داوای لێبوردن دەکەم. دیارە بەفارسی لە گەل بەلگەی تر لە پاشکۆی دواییدا هەیە٠

*ئاگاداری کومسیۆنی سیاسی- نیزامی.*
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .*

***لە ڕۆژی یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ هەتاوی چەند کەس لە ئەندامانی حیزب پاش کۆنگرەی هەشتەم کە هیچ بەرپرسایەتیان لە حیزبدا نەبوو، بەیاننامێکیان لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بلاو کردۆتەوەو وایان نیشانداوە کە ئێتر ناتوانن لە ڕیزی حیزبی ئێمەدا بمێننەوە. بەو بۆنەوە ڕایدەگەیەندرێ: کە ئەو چەندکەسەی خوارەوە بە***

*هۆی لەبەرچاو نەگرتنی پێرەوی حیزب ، لەو ڕێکەتەوە هیچ پیوەندیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نە ماوە، و بە ئەندامی حیزب ناژمیردرێن.*
*١-حسن رستگار ٢- حسین مدنی ٣-فتاح کاویان ٤-نبی قادری ٥-جلیل گادانی ٦ صدیق بابایی ٧-عثمان رحیمی ٨-ابوبکری راد ٩- علی کاشفپور ١٠-عصمت عبدی ١١-شاپورفیروزی ١٢-ایرج قادری ١٣-کمال کریمی ١٤- رحیم محمدزاده ١٥- شاپورشجاعی فرد .*

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومومسێونی سیاسی - نیزامی ١٣٦٧/١/٧

* شیکردنەوێك لەمەڕ ڕاگەیەندراوی کومسێونی سیاسی- نیزامی.
لەبارەی ڕاگەیەندراوی سیاسی - نیزامی چەند روونکردنەوێك پێویستە: لە پیشدا بە ڕاستی دەبێ بڵێین ڕۆیشتنی ئەوانە، نەزیان بە حیزبی دێموکرات، حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ، نە شوێن لە سەر سیاسەتو هەڵوێستە ئوسوڵیەکانی حیزب دادەنێ. بە پێچەوانە ڕۆیشتنی کەسانێکی کەچەند ساڵە جگە لەدەستەبەندی و هاندانی کادرو پێشمەرگە بۆدانیشتنو هێندێك ڕەفتاری دور لەخلاقیو مرۆڤایەتی کارێکی تریان نەبووەو حیزبی ئێمەی پێ بە هێزترو هەلسووڕتر دەبێ.
پاشان ئەگەر ئەو لادەرانە حیزبێکی تریان بۆخۆیان پێك هێنابا، یان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندبایە کە بوونە بەئەندامی حیزبێکی تری ئوپوزسێونی ئێرانی، حیزبی ئێمە بە پێی ئەو ئوسوڵە دێمراتیکەی خۆی ئەو کارەی بە کارێکی باش وەردەگرت. چونکە مرۆڤ ئازادە لەسەر ویستی خۆی ببێت بە ئەندامی هەرحیزبو ڕێکخراوێك کە پێی خۆش بێ. ئەگەر ئێمە لە بارەی ئەو چەند کەسەدا دەدوێین لەبەر ئەوە نیە کە بە هێندیان دەگرین، چونکە ئێمە لێمان روونەو دەزانین لە ماوێکی کورتدا چیان بە سەردێ، کە پێشتر بەسەر ئەوگروەوکەسانە هات کە لە ڕێبازی حیزب لایاندا . بەڵکوو لەبەر

ئەوەیەکە؛ نوسراوێکی سەرانسەر بوختان و درۆیان لە دژی حزبی دێموکرات بڵاوکردۆتەوەو نێوی حیزبی دێموکراتیان لە خۆیان ناوە.
ئەو گروهە لە نوسراوەی تێکەڵ پێکەڵی پڕ لە ناتەبایی خۆیاندا چەند مەسەلێکیان باس کردوە پێویستە ئاماژێکیان پێ بکەین:
لەونوسراوەدا هاتووە کە لە ماوەی نۆسالیی ڕابردو دا ڕێبەری حیزب هەولیی داوە لەگەڵ کۆروکۆمەڵی ئیمپریالیستی پیک بێ! ئەوە تاوان وەپاڵ نانێکە کە چەندین ساڵە لە لایەن دام دەزگای کۆماری ئیسلامی دەکوترێ و دوپات دەبێتەوە. بوختانێکە کە حیزبی تودە چەندساڵێك دەرحەق بە حیزبی ئێمەی دەگوت. بوختانێکە کەگروهی حەوت کەسی لادەری جیابۆوە لەحیزب دوای کۆنگرەی چوار دەیان مەقالەی لەسەر نوسی، ئێستاش لە لایەن گروهێکی دیکەوە کاوێژ دەکرێتەوە. ٤٢ ساڵ خەباتی قارەمانانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات هەموکاتێك لە جبهەی دژی ئیمپریالیستی دا بووەو بە بیروباوەرو ئیمانی پتەو لەو جبهەیەدا ماوەتەوە. دۆستو دوژمن چ لە داخلی ئێراندا و چ لەدەرەوە ئاگاداری ئەو ڕاستەقینەیەن.
ئەو پیامە زۆرانەی کە، کەسایەتیو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی لەولاتانی دەرەوە بۆ کۆنگرەی هەشتەمیان ناردبوو تەئیدی دژی ئیمپریالیست بوونی حیزبی دێموکراتە.
بە وتەی لادەران گۆیا ڕەوتی ڕێبەری حیزب بۆتە هۆی ئەوەی کە پیوەندی ئوسولیی لەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی دانەمەزراوە.
کەسانێکی کە لە نیزیکەوە ئەو چەند کەسانە دەناسن و ئاگاداری ڕابردویانن، باش دەزانن کە مەبەست لەو وتانە تەنیا بۆ فریوی خەڵکەو بەس. چونکە زۆربەی لادەران هەستی دژی سوسیا لیستیان تێدایە.
حیزبی ئێمە هەروەك لە ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیدا بۆ کۆنگرەی هەشتەم هاتووە، تێکۆشاوەو تێدەکۆشێ لەگەڵ هێزەکانی شۆرشگێرو دێموکراتی سەرانسەری جیهان و ولاتانی سوسیالیستی بەتایبەتی یەکێتی سوڤیەت

پێوەندی ئوسوڵیی کە بەردی بناغەی لە سەر، سەربەستی حیزب دا مەزرابێ پێك بێنێ. لەو راستایەدا تائێستا سەرکەونێکی زۆری وەدەست هێناوە .
لە راپورتی کۆمیتەناوەندی دا نوسراوە؛ کە حیزبی ئێمە لە ڕەوتی دێموکراتیزەکردنی ولآتانی سوسیالیستی پێشوازی دەکاو بە چاوێکی پڕلە هیوا دەڕوانێتە ئەو ڕەوت وگۆڕانە بەجێیە .
هێندێك لە لادەران لەکاتێکدا کە راپۆرت دەدرا ڕەخنەیان ئەوە بوو کە لە ئەندازە بەدەر بایی دەدرێ بەو ئاڵوگۆڕە سیاسیەی ئەوڕۆی میخایل گورباچۆف کە لە یەکێتی سوڤیەت ڕادەبرێ. ریشەی ئەو ڕەخنە بەدرۆیە دەگەڕێتەوە سەردژی سوڤیەتیزم، بەتایبەتی بێ باوەڕی ئەو دەستە لادەرانە بە سوسیالیزمێکی دێموکراسی. یان هەر ئەو سوسیالیزمەی کە لە یەکێتی سوڤیەت هەیە. بۆیە لە نوسراوەکەی خۆیاندا هەرچەند نێوی ولآتانی سوسیالیستی دێنن، بەلآم ئاماژێك بە یەکێتی سوڤیەت ناکەن. چونکە هاندەرانی ئەوان لەکانگای دلیانەوە لەگەڵ یەکێتی سوڤیەتو لەگەڵ دێموکراسی دژایەتی دەکەن.
لە نوسراوە دروکەدا هاتووە کە کەحیزبی ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنی شۆرشگێری ئێرانی تەریك بووە. بێ شك مەبەستیان لە ئۆپۆزسیۆنی شۆرشگێری ئێران رێکخراوی موجاهیدینە، کە ئەوان بۆخۆیان لە هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی دێموکراتیك تەریك بوونە. دەنا حیزبی ئێمە لە چەند ساڵیی ڕابردوودا توانیویەتی ئیعتبارو پەرستیژێکی بێ وێنە لە نێو ئوپوزسیۆنی ئێرانی بە تایبەتی رێکخراوی شۆرشگێرو دێموکراتدا وەدەست بێنێ. هەروەك لە کۆنگرەی هەشتم دا باسی لەسەر بوو کەحیزبی ئێمە تێدەکۆشێ بۆ پێك هێنانی جبهەیەکی بەرینی دێموکراتیك . کۆنگرەش پەسندی کرد کە ئەوکۆششە درێژەی هەبێت. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە بۆ دڵخۆش کردنی موجاهیدین هیچ ئاماژێك بە پێك هێنانی جبهەی دێموکراتیکی-دژی ئیمپریالیستی نەکراوە و، نوسراوەکە، ئاماژە بە ریزی دەروون حیزب دەکا .
راستیەکەی ئەوەیە پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ، کە

هەلوومەرج باش‌و لەبار دەهاتە پێش چاو، هێندێك كەس بێ ئەوەی دەركی خەباتی سەخت‌و درێژخایەن بكەن، روویان كردە نێو حیزبی دێموكراتی كوردستان و رێكخراوەكانی تر، بەلام لە بەر ئەوەی توانای سەختی وكوێرەوەری وایان نە بوو، بوون بە هاورێی نیوە رێ‌و مەیدانیان بە جێ هێشت. هێندێكیش وایان نەكردو ئامادە نە بوون لەگەل كادرو پێشمەرگە لە نێو كوردستان بمێننەوە بە ناچار ئەو ریزەیان بە جێ هێشت.

دوای پابوونەوە، بۆ وێنە؛ كۆمیتەی شارستانی سەردەشت وەك دیترا لە عەملیاتی سالی رابردو پێشمەرگە نیشانی دا كە ئەو كۆمیتە یە باشترین كۆمیتەی لێ دەرهاتووە. بە پاكبوونەوەی كەسانی بێكارەو ئەنگەل، دەبینین هێزی بە تەوژمی حیزبێكی شۆرشگێر تاج رادەیەك چوتەپێش. بۆیە بڕوامان وایە كە بە رۆیشتنی ئەو گروە لادەرەی دواییش حیزبی دێموكرات لە هەمووكاتێك بەهێزترو یەكگرتووتردەبێ.

نوسراوە؛ بۆ دەست خوشانەوراكێشانی سەرنجی مجاهدین باس لە وتوو وێژ لە گەل رژیمی خومەینی دەكا. هەموومرۆڤێكی تێكەیشتوو دەزانی لە سالی ۱۳۵۹ وە تائێستا هیچ پێوەندی‌و وتوو وێژێك لە لایەن حیزبی دێموكراتی كوردستان لەگەل رژیمی خومەینی نەكراوە.

ناكۆكی حیزبی ئێمە لە گەل رێكخراوی موجاهیدین لە سەر ئەوە نە بوو كە ئێمە لەگەل رژیم وتوو وێژ دەكەین، بەلكوو مجاهدین دەیان ویست ئەوان بریارمان بوبدەن و سەربەخۆیی بۆحیزب نەهێلن‌و بۆ هەمیشە حیزب لە وتوو وێژ بێ بەش بكەن.

بە پێی تەماو بریاری كۆنگرەی هەشتم: لە چوار چێوەی رژیمی خومەینی‌دا هیچ كام لە داخوازیەكانی خەلكی كوردستان واتە، دێموكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆكوردستان ناگونجێ‌و نابێ. لەو رووەوە درۆشمی حیزب كە رووخانی رژیم‌و هاتنەسەركاری رژیمێكی دیموكراتیكە، هەر لە جێگای خۆیەتی. ئەوەیە سیاسەتی رووناك‌و بێ شك‌و گومانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران.

لێرەدایە دەبێ بلێین: کەسانێکی کە لەرێبەرایەتی پێشووی حیزبدا دابوون و لایەنگری وتوو ویژ بوون لەگەڵ رژیم و پێیان وابوو پێش دەستی نەکردن بۆ وتوو ویژ خەتایە، هەر ئێستا لەگەڵ ئەو پازدە کەسەن و نوسراوەکەیان ئیمزاکردوە! ئەوە شتێك نیە کە لە ریزی حیزبی ئێمە دا شتێکی شاراوەو نهێنی بێ، بەڵکوو زۆرکەس لە ریزی خواروی حیزبیشدا لەو شتانە ئاگادارن .

لە نوسراوەکەدا درۆیەکی گەورەیتر وەبەر چاودێ: نوسراوە دەڵێ؛ پاش کۆنگرەی هەشتم زۆربەی کادرو پێشمەرگە داواکاری کۆنگرەی نائاسایی‌بوون. واقعیەت ئەوەیە کەئەو بەهانە بەمەبەستی فریودانی ئەفرادی سادەی حیزبە .

کۆنگرەی نائاسایی هیچ گیروگرفتێکی حەل نەدەکرد چونکە کۆنگرەی هەشتم تەماو بریاراتی خۆی بە شێوەیەکی ئوسولی و دێموکراتیك بەرێوە بردبوو . هیچ پیویستی هەڵوەشانەوەی نەدەدیت.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر کۆنگرەش پێك هاتبایە لادەرەکان نەیان دەتوانی لە وێدا بەشداری بکەن. بە پێی پێرەوی حیزب بۆ بەشداریان دەبوایە لە ئورگانێکەوە هەڵبژێدرێن ، ئەوان زۆربەیان کاریان بە جێ هێشتبوو هیشتا کارو بەرپرسایەتیەکیان وەر نەگرتبوو . وێرای هەمووی ئەوانە تەنانەت رێکخراوێکی حیزبیش بە تەواوی داوای کۆنگرەی نائاسایی نەکردبوو جگە لەهێندێك ئەندام لە رێکخراوەکان کە نەدەگەیشتنە یەك لە سەدی ئەندامانی حیزب. هەموو ئەندامانی حیزب دەزانن کە تاقمێك لەو لادەرانە ماوێکی درێژ لە رێبەری حیزبدا بوون ، لەو ماوەیەدا سیاسەت و بۆچونەکانی حیزبیان پەسندکردوە ، هیچ کاتێ نەدیتراوە کەلکیکی باشیان لێ وەرگیرابێ. لە هەمووی گرینگتر لە کۆنگرەی هەشتم ئەولادەرانە هەموویان بەشداربوون، راپۆرتی کۆمیتە ناوەندی و بریارو تەماگرتن پێکەوە بووەو وێکرا پەسند کراوە . سروشتیە ئەو پرسیارە دێتە پێش ؛ کەرەخنەی ئەوانە لە سیاسەت و بریاراتی حیزبدا کەنگی دەستی پێکردوە ؟ ! ئەو درۆ و

بوختانەی تاقمی لادەر بە کۆنگرەی هەشتم پێویستی بە روونکردنەوەیە:
نوسراوەکەیان لە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆکۆنگرە رەخنە دەگرێ، بەڵام سەیرئەوەیە هیچ یەك لە لادەران لە کۆنگرەدا بچوکترین رەخنەیان نەبوو! نە لەزمانی هیچ‌یەك لە لادەران یا کەسێکی تر نە بیستراوە.
لەوماوەی کونگرە بەرێوە چووە لەباری قانونی‌ورێك‌و پێکیەوە هیچ بۆنی گلەیی‌وکەم‌وکوریەکیان بەزاردا نەهاتوە و بە شێوێکی تەواو دێموکراتیك رێبەرایەتی‌قانونی هەلبژێردراوە. لادەران کە بەردی دێموکراسی‌و بەرگری لە پێرەو لە سینگیان دەدەن، روون نیە کە چۆن رێگە بە خۆیان دەدەن پێرەوی نێوخۆو بریاراتی کۆنگرەی ئاوا لەژێر پێ دەنێن؟
ئایا دێموکرات کەسێکە کە بیروراو روانگەی زۆربەی قبولەو پێرەوی لێدەکا یاکەسێکی لە دژی بریاراتی کونگرە کە بالاترین ئۆرگانە راوەستی.
ئەگەر لادەران لە ماوەی ٩ ساڵیی رابردو دا سیاسەتی حیزبیان پێ هەلە بووە، بۆچی پێش کۆنگرە جوێ نەدەبوونەوە؟
ئەوان ئەو کات لە رێبەرایەتی حیزبدا بوون، جودابوونەوەیان مانایەکی تری دەبوو، چونکە دوای کۆنگرە بوون بە کەمایەتی‌و بەرەسمی لە رێبەرایەتی وەلانران. ئێستا کە لە بیری رێبەرایەتی شورشگێر دان‌وچوکترین رێزیان بو کۆنگرە دانەنا، بەرپرسیاری پێشووی خۆیان لە ژێر نوسراوەکەیاندا ریزکردوە. بەلام ئێستا کێ لەقسەی ژەنراڵی بێ سەربازی لە مەیدانی شەر هەلاتوو گوێ دەگرێ؟ داخوا ئەگەربە لیست نەباو ئەوانە دەنگیان هێناباوەو ببانە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی دیسان رابردویان دەبردە ژێر پرسیار؟ لە نوسراوەکە: هاورێی تێکۆشەر دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزب وەك بەرپرسی بەرێوەبەری سیاسەتی‌هەلە لە نۆساڵیی رابردوودا ناسێندراوە، بەلام هەر لەو کۆنگرەی هەشتمە نەك کەسێك لە لادەران چوکترین رەخنەی لە سکرتێر نەگرت، بەلکوو بەرێوەبەری تاقمی لادەر چاپلوسی لەبەر دەکرد و یەکی تر رایگەیاند ئامادەیە خانوی دوکتور قاسملووگەسك لێ بدات!

دەزگای پروپاگاندی رژیمی خومەینی پێشتر حیزبی دێموکراتی بە نێوی « گورهەکی قاسملوو » هەڵدەدا، حیزبی تودەو تاقمی حەوکەسیش چەندساڵێك حیزبیان بە « باندی قاسملوو » نێو دەبرد. ئێستا نۆبە گەیشتۆتە چەند لادەرێك کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە « باندی قاسملوو » دانێن. هێرش کردنە سەر دوکتور قاسملوو هێرش کردنە سەرسیاسەتێکە کە وێرای هاورێکانی حیزبی بەرێوەی دەبات. ئەوە بە رێکەوت نیە، دوکتور قاسملوو سومبولی پێشکەوتنو سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتە، هێرشکردنە سەر سکرتێری گشتی هێرش بەو کاتەیە کە لادەران لە کاتێکدا کە لە رێبەرایەتی دابوون بە تێکرایی دەنگی باوەریان دایە. پاشان لە کۆنگرەی هەشتم بە تێکرایی دەنگ لە لایەن ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیەوە هەڵبژێردرا، هێرشکردنە سەر دوکتور قاسملوو، بەهێرشی سەر هەموو حیزبی دێموکرات دەژمێردرێ. لە نوسراوەکەدا، دە بەندی تێکەڵ پێکەڵ وەك بەرنامە ریز کراوە. بە راستی هێندێك لەوانە جێگای سەرنجن: تاقمی لادەر بە تەمان هەمووئەو لادەرانەی کە پێشترلە حیزب دەرکراون، لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە! پیرۆزیان بێت! دەرکراوان بەراستی لەگەڵ ئەو تاقمە لێك دەوەشێنەوە.

لە بەندی سێهەمدا لادەران تەئیدی درێژەدانی خەباتی چەکداری دەکەن، وا دیارە ئەوەیان تەنیا لەبەر گاڵتە گونجاندبێ، چونکە پێش کۆنگرەو لە کاتی بەرێوە بردنی کۆنگرەدا تاقمی لادەرو لایەنگرەکانیان پروپاگاندیان دەکرد کە هێزی پێشمەرگە وردە وردە خۆی لە شەڕی چەکداری بکێشێتەوە. گەلێك جار خەباتی چەکداریان دەبردە ژێر پرسیار!

لە بەندی شەشەمدا باس لە لادانی هێندێك لە مادەکانی پێڕەو و پرۆگرام کراوە، لە کۆنگرەی هەشتمی رابردو بەدەنگی زۆرینە پەسند کراوە و هەموو لادەرانی ئێستا دەنگیان بۆداوە. هەر گۆڕانێکی تر لە پێرەو پروگرام دا کرابێ بە دەنگی زۆرینە پەسند کراوە. چونە ئەو لادەرە دێموکرات نمایانە کاتێ کۆنگرەیەکی قانوونی بەندێك لە پێڕەوو پرۆگرام زیاد دەکا بە

ناڕاستی دەزانن، بەڵام ماف بە خۆیان دەدەن بە ئارەزووی خویان بەندەکانی پرۆگرام لابەرن؟
لە نوسراوەکەیاندا رووچڕانە تاوانی تریان وەپاڵ حیزبداوە. وەکوو تەك‌پەرستی، باندبازی، دانانی بنکەی جاسوسی‌و شتی تر، کە دروست خوو و خدەی لادەرانەی تایبەتی خۆیانیان کۆپیە کردوە.
بۆ وێنە: دەکرێ بلێین: تەواوی لادەران لە کۆنگرە دا ئامادە بوونی خۆیان بۆکار لە حیزبدا رایانگەیاند، دوای کونگرەش هێندێکیان بە زاهیرکاریان وەرگرت، بەڵام یەك بەدوای یەکدا بە نێوی مەرەخەسی و فیلیی رەنگاو رەنگ بە کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی حیزب و تەنانەت هێندێکیان بەبردنی شتی حیزب بنکەی‌حیزبیان بە جێ هێشت، بوسواڵ بەرەو بارەگای موجاهیدین رۆیشتن. بابزانی ئەو لادەرانە چ ڕێگایەکیان هەڵبژاردوە؟
بە روونی دەر دەکەوێ کە ئەو تاقمە بەستراوە بە رێکخراوی موجاهدین و لە ئیمکاناتی ئەو رێکخراوە کەڵك وەردەگرن.
ئەو مەسەلە لە چەند رێگەوە سەرنج ڕاکێشە. هەروەك لە پێشدا گوترا، ئەو لادەرانە ئەگەر بە نێوێکی ترحیزبیان دروست کردبا نێوی حیزبی دێموکراتیان لەسەر دانەنابا، لە گەڵ هەرێکخراوێك هاوکاریان کردبایە رەخنێکی‌وایان نەدەهاتەوە سەر، بەڵام ئێستا کە نێوی حیزبی دێموکڕاتیان دزیوەو بە هەرزان‌فرۆش کردنی ئەو نێوە دەیانەوێ لە ئیعتبارو‌پرستیژی ئێمە بۆ مەبەستی ناقانوونی خۆیان کەلکی خراپ وەرگرن. چونکە خەلکی‌کورد لەسەر رێکخراوی موجاهدین ئاگادارن، جاری لە خۆیان ڕانابینن بە ئاشکرا پەردە لەسەر پیوەندی خۆیان لە رێکخراوی موجاهدین هەڵدەنەوە. بەڵام لە داهاتوێکی نیزیکدا بۆیان دەردەکەوێ کە موجاهدین چیان بەسەر دێنن چۆن وەك هێندێك لە رێکخراوە گەندەڵەکانی دیکە، ئەوانیش بۆ نێو شوڕای بەرگری‌میللیە هیچ‌و پوچەکەی خویان ڕادەکێشن.!
لادەران، حیزبی دێموکرات تاوانبار دەکەن کە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتووە بۆیە وەدوای موجاهدین کەوتوون، دیارە لە روانگەی ئەوانەوە لە نێو

ڕێکخراوی موجاهدین دا دێموکراسی زۆر ڕەواجە !
هەروەها حیزبی دێموکرات تاوانبار دەکەن کە بەرەو فەرد پەرستی دەڕا. وادیارە ڕێکخراوی موجاهدین باشترین جێگایە بۆ خەباتی دژی "کش" کردنی فەرد پەرستی !
ئەگەر چاوێك بە چونیەتی ئەو ١٥ کەسەدا بخشێنن، دەردەکەوێ ئەوانە چ لە باری بیروباوەڕەوە، چ لە باری ڕاپەڕاندنی کارەوە، هیچ هاوکاری و هاودەنگیان لەگەڵ یەکتردا نای خواتەوە. چ هۆ یەك ئەوانەی لە حیزب جیاکردەوەو لە یەك جێگا کۆ بوونەوە ؟
ڕاستەقینێکی تری کە بۆتە هۆی جیابوونەوەی لادەران لەحیزب، بێ ئیمانی خەباتە لە داهاتووی خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا.
زۆرتری ئەوانەکە ڕوویان کردە نێو جولانەوە، پێ یان وابوو حیزب دوای چەند مانگێکی دیکە سەر دەکەوێ و، وەك قارەمان دەگەڕێنەوە شارەکان و دەبن بە ڕئیس شارەوانی فەرماندارو نوێنەری مەجلیس. ئێستا کە دەبینن خەبات درێژخایەنترە لە وەی بیریان لێدەکردەوە، هەروەها چونکە باوەڕیان بە هیزی گەل نیە، مەیدانی خەبات بە جێ دێڵن. ئەوەندەشیان غیرەت نیە پێ لە ڕاستی بنێن.
لەئاکامدا بۆ تێمانی خۆیان، بە تاوانبارکردنی حیزب و ڕێبەراتیەکەی بەهانە دێننەوە. چەندین ساڵە کە سیاسەتی حیزب بە تەواو جێگای تەئیدی ئەوان بووەو هەمووکەس مافی ئەوەی هەیە لێ یان بپرسێ: دوو مانگ کە لە کۆنگرەی هەشتەم ڕادەبرێ چ گۆڕانێك لە سیاسەتی حیزبدا پێك هاتووە کە ئەوانی تووشی دژایەتی کردوە ؟
لە ڕاستیدا ئەوان دەیانەوێ هەم لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بن و هەم لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دووربن. لە پلینۆمی کۆمیتە ناوەندی پێش کۆنگرە بە ئاشکرا ڕایانگەیاند: کە پێویست ناکا ئەندامی ڕێبەرایەتی لەگەڵ پێشمەرگە بڕواتەوە نێو خەڵك. بیروڕایان وابوو کە کاتێ ئەندامەتی ڕێبەریان وەرگرت، دەبێ لە مەیدانی تێکۆشان دووربن و لەدوورەوە جڵەوی

ڕێبەرایەتیان لە دەست دابێ. دیارە پێ یان وایە حیزب لەگەڵ کۆمەڵێکی تایبەتی وەك یەکن! پێ یان وایە دەبێ خەڵکێك تێبکۆشێ‌و خەبات بکا ئەوانیش سەیری بکەن‌و پاڵدەنەوەو لە ئیمکاناتی حیزب کە بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە کەڵك وەربگرن. ئەوانە بەو بیروڕایەو بەومەبەستە، ئێستا سەرەڕای ئەوەی مەیدانی کارو تێکۆشانیان بە جێ هێشتووە، ئامادەن لە پشتەوەڕا خەنجەر لە حیزبی دێموکرات بدەن. ئامادەن خۆیان بە کلکی ڕێکخراوێك ببەستنەوە کە دوومانگ پێشترلە سەری دەدوان‌و لە دژی ئەوان ڕێگایان بۆ حیزب دەکێشا. باش وایە ئەوان دوای کۆنگرەی هەشتم ئامۆژگاری ڕێبەرایەتی حیزب وەرگرن و تەنانەت ئەگەر توانای کاریان لە ریزی حیزبدا نیە، لانیکەم لە پەنایەك دانیشن‌و بۆ ڕەواندنی ئەو تەمەی کەبەرەو خەیانەت بە گەلیی کوردە هەنگاو هەڵگیرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەمیشە نەشتەرێك بووە بۆچاوی دوژمنان، زورجاران دوژمنانی ئازادی گەلی کورد ویستوویانە لە نێو حیزبی ئێمەدا نفوزبکەن‌و لە ژورەوە زەربەی لێدەن‌و لێکی بڵاوکەن، بەڵام دوای ئەوەی سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە لەحیزب هەڵبڕاون و لەژێر نێوی حیزبدا ڕێکخراوێکی چروکیان بۆخۆیان پێك هێناوە. وەکوو؛ پێڕەوانی کۆنگرەی چوار و چەند شتی تری دی کە ئێستا لە کوردستان شوێنەوارێك لەوانە نەماوە. ئێستا دەبینین دەستەبەندیەکی کە چەند ساڵ بوو جولانەوەو تێکۆشانی حیزبی ئیمەی ئیفلیج کرد بوو، هەولیان دەدا لە کۆنگرەی هەشتم ڕێبەرایەتی جێگای موتمانەی حیزب وەلانێن و حیزب لەت بکەن، ئێستا کە خویان لە باوەشی ڕێکخراوێکی تر هاویشووە، دەیانەوێ نێوی حیزبی‌دێموکراتیان پێ بفرۆشن، نێوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێریشیان لە خۆیان ناوە. کە گاڵتە بە شۆڕش‌و شۆڕشگێریە. بەڵام مێژوو شاهیدە کە حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەوا قازی محەمەد و هەزاران شەهیدی تری حیزبی خۆشەویستی گەلی کوردستان، هەموو جارێك بە سەر بلندی سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو ڕووڕەشی بەو

کەسانەماوە کە لە راستە ڕێی حیزبو گەلَ لایان داوەو خۆیان هەرزان بە دوژمنان یا کەسانێك فرۆشتوە کە سەرکەوتنی جولآنەوەی نەتەوایەتی۔دێموکراتیکی خەلَکی کوردستان بە پسانی شارگی دلَیان دەزانن. بێ شك ئەندام وکادرو پێشمەرگەی حیزب ، هەلویستی خەیانەتباری ئەو لادەرانە بە توندی مەحکوم دەکەن و لە هەموو بنکەکانی حیزبی دەردەکەن .

شکی تێدا نیە گەلی کوردستان لەوە زیاتر لە دەوری حیزبی خۆشەویستی خۆیان کۆ دەبنەوەو ئەو لادەرانەی کۆنگرەی هەشتم وەك گروهەکانی دیکەی لادەر بە جاش چاولێدەکەنو، وەك ئەو جاشانەی کە خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد دەکەن ڕەفتاریان لەگەلَ دەکرێ.

شك نیە کە هەمو ڕێکخراوێکی دێموکراتوشۆرشگێڕی ئێرانی کردەوەی ئەو لادەرانە بەکارێکی غەیرە دێموکراتیكو گێرەشێوێنی هەلَسەنگێنن کەلە خزمەت رژیمی خومەینیو ئیمپریالیزمدایە.

شك نیە خەلکەکانی ئێران کە ڕێزی تایبەتیان بۆحیزبی دێموکرات هەیە لەپشتەوە خەنجەر لێدانی ئەو لادەرانە لە خەباتگێڕانی سەنگەری ئازادی ئێران، واتە: کوردستانی تەسلیم نە بووی ئازاو ڕانەوەستاو ، لێبڕاوانە مەحکوم دەکەن.

شك نیە کە زۆری پێ ناچێ هەر وەکوو گروە وکەسانی تری کە خەیانەتیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە، لەو لادەرانەی دوای کونگرەی هەشتم شوێنەوارێك نامێنێ و بەروو ڕەش تێماوی داوێژرێنە نێو زبلَدانی مێژوو.

ڕۆژنامەی کوردستان. ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران .
ژمارەی ١٣٦ لاپەرەی ١٠ تا ١٥ خاکەلێوەی ١٣٦٧ هەتاوی .

با بێمەوە سەرخەت. لەوکاتەدا کە حیزب لەت ببوو، لەدەرەوە بە دووباڵی حیزب نێو دێرکرابوون. یان پێیان دەگوترا حیزبی دیموکراتی ژمارە ١ و٢. کادرو ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لەدەرەوە بە چاولێکەری لە ژوورەوەی وڵات بە بەیاننامە، تەلەفۆن، پێوەندیو، هەڵوێستی خۆیان دەگرت وخەریکی دروست کردنی کومیتەوکار سیاسی بوون. بەیاننامەی زۆر زەق و پڕلەهێرش و پەلامار هەرکەس بە جۆرێك و بە بیرو بۆ چوونێك کەم نەبوون.

دەپازدە بەیاننامەی جۆراو جۆر لە ولاتی ئوروپاو ئەسکەندی ناوی ڕاگیراون.

بە هێندێك بێ حورمەتیان دەزانم بلاّو بکرێنەوە.

لەو نێوەدا ئێمەش پێنج کەس وەك بێ لایەن شتێکمان نووسیو بلاّومان کردەوە. لەبەر ئەوەی بەیاننامەکەی ئێمە هێرش و بێ حورمەتی تێدا نە بوو، برادەرانی سوئێد نێویان لێ نابوو (نصیحت‌نامە) وگلەیان لێی هەبوو. دیارە هەمووکەس و مرۆڤێکی سیاسی ئەو مافەی هەیە روانگەی خۆی بەیانکات و رەخنەی خۆی بگرێ. بەیاننامەیەکی ناسیاسیانەش نییە. بایەخی ئەوەی هەیەنووسراوەکەی ئێمە ئەگەر برین کولانەوەش بێ، یادێکی لێبکرێتەوە. دیارە مەبەست لەبیرەوەری بەسەرهاتی نووسەرنیە کە دەنوسرێ، بەڵکوو بیرەوەریەك باش و پەسندە پڕ بێ لە رووداوی مێژوویی و کەندو کۆسپی سەر رێگای خەبات و هەڵەی زیاندەر.

# نامەیەکی سەرئاوەڵە .

بەرێز ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان .
وێڕای سڵاوی گەرم؛ دەستی یەك یەکی ئێوە کادرو پێشمەرگەکان دەکوشین.
هەڵوێستەکانی ئێوە لەدژی بێ ئوسوڵیی و دیکتاتۆری جێگای خۆشی ئێمەیە.
هیوادارین هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە لەپێناو ڕێبازی دروست و ئوسوڵییدا بۆحیزب سەرکەوتووبێ .
بەوهیوایە پێ بەپێی تێکۆشان بۆ جێگیر کردنی پرنسیپ و ئوسوڵەکانی شۆرشگێڕانەو ئەخلاقی و ئینسانی لە ناو ریزەکانی حیزبدا هەروەها بۆ ئوسول و رزگاریخوازی نەتەوایەتی هەوڵ بدرێت کە بەدەنەی حیزب ئامادەی هەلگرتنی ئەدەبیات و درۆشمی شیاوی ئەو مەبەستەی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بکرێت .
ماوەی نۆساڵ لە جولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد لەدژی رژیمی داگیرکەروکۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران تێ پەڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا خەباتی گەلی کورد زۆر هەورازو نشێوی تێپەڕاندوەو زۆر ڕووداوی بە خۆیەوە دیوە. یەکێك لەو ڕووداوانە هەر وەك دەبینین لەت بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە دووبەش . دیارە ئەوە یەکەم کەرەت نیە کە ڕابەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تووشی ناکۆکی و دووبەرەکی و تەنانەت جیا بوونەوەی هێندێك لەئەندامانی دەبێت .
ڕابەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەورانێکی زۆر لەژیانی سیاسی خۆیدا مەیدانی کێشەکێشی سیاسی و فکری و شەخسی ئەندامان لەگەڵ یەکتر بووە. بەلام لە ماوەی نۆساڵیی ڕابردوو دا ئەو کێشەو دووبەرەکییە چ سیاسی و فکری بێت، چ شەخسی ڕەنگێکی ڕۆرترو جدیتری بەخۆوە گرتووە.
ئەوەی کە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوەرۆك و زەمینەی بوحرانی حیزب و ڕابەریەکەی لەسالانی زۆر لەلایەك و لەسالانی ڕابردوودا لەلایەکی ترەوە،

تایبەتمەندیەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو دوو سەردەمە جیاوازیە لەژیان و خەباتی گەلی کورد دا.
ویستو داخوازی کۆمەلانی خەلك وەك رزگاری نەتەوایەتیو دیموکراسی و خەباتی چینایەتی مەبەستی سەرەکی جولانەوەی گەلەکەمان بوون وهەن. دەکری بلیین ریزەکانی حیزب بەکادرو پیشمەرگەوە لەئالقەیەکدا کە رەنگدانەوەیەکی مەنتیقیو دیموکراتی بوو لەو مەبەستانە یەکیان گرتبۆوە، بەلام رابەری حیزب کە دەبوایە حیزبەکەی بۆ ئەو مەبەستانە لە هەمووبارێکەوە رابەری کردبا و رێکی خستبا، نوینەری واقیعیو بەئەمەگی ئەو ئالقەیە نەبووە. رابەری حیزب ئەو راستیە سوورو ئاشکرایەی نەسەلماند کە کۆمەلیی کوردەواری لەگەل سالانی زوو فەرقێکی زۆری کردوەو ئالووگۆری بەرچاوی بەسەر دا هاتووە.
رابەری حیزب چوونکە باوەری بەو ئالووگۆرە لە جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان نەبوو، نەیتوانیو نەی ویست حیزب بکا بەو حیزبە کە پێ بە پێی ئالووگۆری کۆمەلی کوردەواری ئالووگۆر لە خۆیدا پێك بێنیو لەو پێوەندیەدا گوێ بۆ رەخنەو پێشنیاری ریزەکانی خۆی و خەلك رادێرێ. رابەری حیزب لە ئاستی رابەری کردنی حیزبی دیموکرات کە هەزاران پێشمەرگەو کادری پێشکەوتوو خوازی هەبوو، خەلکێکی زۆریشی بە دەوروبەرەوە بوو، وەك ئامرازێکی کۆنو بێ لەلك و بێ بەرنامەی لێ هاتبوو تەواو کەوتبووە بن بەستەوە. رێکخراو ساز کردن و کادر پەروەردەکردن جێگای خۆی دا بە بێ باوەری بەرێکخراوو کادر دەر کردن. بێ باوەری بە دیموکراسی، بێ حورمەتی بە بیرو رای خەلك، بوو بە هۆی دیکتاتۆریو سەرە رۆیی.
هەڤالانی "رابەرایەتی شۆرشگێر": راگەیاندراوەکەی ئێوە کە لەرۆژ ١-١-١٣٦٧ دەرچوو، سەرە رای ئەوەی کەلە دەست نیشان کردنی زەمینەو هۆی سەرەکی بوحرانو شپرزەیی حیزبو بنبەستی رابەری خۆی پاراستووە، بەلام لەهەمان کاتیشدا زۆر شتی باشو موسبەتی تێدا دەبیندرێ کە دەکری ببن بە

سەرە تای ژیانێکی سیاسی نوێو ئاڵوو گۆڕێکی باش لە داهاتوو دا.
ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە هەموو جوورە ئاڵوو گۆڕێکی پێشکەوتووخوازانە لە پێناو ئەوەی کە حیزب بکرێ بە حیزبێکی پێش کەوتوو و دێموکراتیك ، پێشوازی دەکەین . لەو پێوەندیەدایە کە پێشنیار دەکەین ئەو خاڵانە لەبەر چاوبگرن .
١– چ بەلێکدانەوە چ بە ئەزموون ، تائێستا ئەو ڕاستیە دەر کەوتووە کە مەسەلەی ڕابەری لە هەر جوڵانەوەیەکدا یەك جار زۆرگرینگە . ئەوە کە ڕابەرێکی باشو دڵسۆز و لێ وەشاوە کە باوەڕی بە دێموکراسی هەبێ، دەبێتە هۆی پێشکەوتنو بە هێزبوونی جوڵانەوە، ئەوەندەش ڕابەریکی کۆنو بێ ئوسولو بێ باوەڕ بە دێموکراسی دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و کزبوونو لادەری جووڵانەوەکە.
ڕابەرێکی شۆڕشگێرو مەسئول دەبێ بە خوو خەسڵەتێکی وا خۆی پێ بگەیەنێ کە هەم خۆیان لە کاتی پێویست دا ڕەخنە لە خۆیان بگرن، هەروەهاش گوێ بۆ ڕەخنەی خەڵك ڕادێرن. ئەوەی کە ئەو بەشە لە ڕابەری حیزب کە بە دەوری سکرتێری حیزبەوە بوون بە دیکتاتۆریو ڕاست ئاژۆ لە سیاسەتدا ڕاستەوخۆ زۆرتر تاوانبارن . بە مانای ئەوە نیە کە ئەندامانی تری ڕێبەرایەتی حیزب بێ تاوانن.
هەربۆیە کە ئێوە خۆشتان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بوون و لەبڕیاردان و مەسئولییەتدا بەشتان هەبووە ڕەخنەتان لەسەرە.
ئێمەهیوادارین کە ئێوەش وێڕای دەست نیشانکردنی زۆرتی هۆی بوحرانو بنبەست لە حیزب و ڕێبەریەکەیدا، ڕەخنە لەخۆتان بگرن هەتا وەك ئەزموونێك لەدەرسی ڕابەری کردن لە داهاتوودا کەڵکی لێوەرگیرێ.
٢– مەسەلەی دێموکراسی چ لەناو حیزبو چ لەدەرەوەی حیزبدا یەکێك لەو مەسەلە گرینگانەی دیکەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورده. بەداخەوە گەلی کورد بەگشتیو زەحمەتکێشان بەتایبەتی تا ئێستا ئەو ئیمکانەیان

بۆپێك نەهاتووە كە لە فەزایەكی دیموكراتیكدا بژین، وە لەرادەی پێویستدا بە دیموكراسیو چوونایەتیەكەی شارەزا بن، بۆیە زۆر جار لەدەستی قوڵە دیكتاتۆری خۆماڵی زەرەرو زیانێكی زۆریان پێگەشتووە هەر بۆیە شی كردنەوەی هەرچی زۆرتری مانای دیموكراسیو مافەكانی دیموكراتیكی ئینسانی لەهەموو بارێكەوە ئەركێكی زۆر پیرۆزو پێویستە. چۆنیەتی پاراستنی دیموكراسی لەناو ریزەكانی حیزبێكی دیموكراتیكدا كە بیروباوەری لێك جیای فكری و سیاسی تێدا كۆببێتەوە، پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە باوەری ئەو حیزبە بەدیموكراسی. بێگومان ئەگەر رێكخراوێك دیموكراسی نێوخۆی حیزبی بپارێزێ، لەدەرەوەی حیزبیشدا دەستەبەری ئیحترام بۆ نەزەری خەڵكو هێزە سیاسیە شۆڕشگێرەكانی دیكەش دەكا.
تەنیا لەباوەر بە دیموكراسیو پێوەندی دیموكراتیك لەگەڵ رێكخراوە سیاسیە شۆڕشگێرەكانی تردایە كەلەیەكەم هەنگاودا مەسەلەی دەستەلاتی دیموكراتیك لەكوردستان، لەدووهەم هەنگاودا تێك هەڵچوونی چەكدارانەو شەری نێو خۆیی هیزە سیاسیەكان لەگەڵ یەكتر حەل دەبێ.
٣- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی زەحمەتكێشانی كوردستان راگەیاندنی «تبلیغ» و كاركردن لە پێناو هەرچی زۆرتر تێگەیاندنو رێكخستنیان ئەركی حیزبێكی پێشكەوتووخوازو شۆڕشگێرە.
هەرچەند بەشی هەرە زۆری كادرو پیشمەرگەی حیزب لە خەلكی زەحمەتكێش پێك هاتووە، بەلام بەداخەوە نەك تەنیا لە رابردوودا رێبەرایەتی پێشوو، لەسەر ورپاكردنەوەو پێگەیاندنی زۆرتری ئەوان هەنگاوێكی ئەوتۆی هەڵنەگرت، بگرە بە پێچەوانە توێژی خوێندەوارو پێشكەوتووی حیزب كە لە سەر باوەر بە سوسیالیزم دەیانتوانی پێشرەوی باش و هەڵسووڕێنەرانی بەكردەوەی ئەم رێبازەبن، بەرە بەرە مەودای كارو تێكۆشانیان بۆ نە هێشتراوە. مادام حیزبێك وشەی سوسیالیزم لە بەرنامەی خۆیدا دەگونجێنێ و سوسیالیزم وەك بەدیلی سیستمی كۆمەلایەتی لە درێژخایەندا دەناسێ، دەبێ لەباری فكریو كردەوەیی

چ لە ناوخۆی حیزب چ لەدەرەوەی حیزبدا کاری پێویستی بۆ بکات .

٤- جولاًنەوەی گەلی کورد وەك جولاًنەوەی گەلێکی بن دەستلەهەموبارێکەوە ئەدەبیاتو مانای تایبەتی خۆی هەیە، باوەڕ بە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەساسو بناغەی جولاًنەوەکە لەباری نەتەوایەتی پێك دێنێ، هەرچەند شکڵو شێوەی مەسەلەی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئێستا لە خودموختاریدا جێ کەوتووە، بەلاًم ئیتر نابێ ئەوە ببێتە هۆی ئەوە کە ئوسولو پرنسیپەکانی ویستو داخوازی نەتەوایەتی لەبیر بچێتەوە .

بەدرێژایی مێژووی جولاًنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد ، شۆڤێنیستەکان تێکۆشاون لەلایەك مافیچانوسی لە گەلی کورد بکەن بە "ئاردی نێو دڕوان" لە لایەکی دیکەوە هەمووکات هەوڵیان داوە لە باری سیاسی و رێکخراوەیەوە ئەدەبیاتی شۆڤینیستی خۆیان بە سەرجولاًنەوەی رزگاریخوازی کوردوحیزبورێکخراوەکانیدا بسەپێنن.

لە کوتایی دا ئێمە پێمان وایە: لەبەر چاوگرتنی ئەو خالاًنەی سەرەوە لەهەمووبارێکەوە دەتوانن هەنگاوی زۆر بە کەڵكو گرینگبن لە پێناو دیموکڕاتیزەکردنو ڕادیکالکردنی هەرچی زۆرتری حیزب . لەلایەکی تریشەوە جولاًنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەگەیەنێتە پلەیەکی بەرزترو گیانێکی نوێی وەبەر دەنێ .

ئێمە پێمان وایە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزب لەباری فکریو سیاسیەوە، تەنیا لەسەر جێ کەوتنی ئەو خالاًنە بە گوێرەی بەرژەوەندی جولاًنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد ، وەك جولاًنەوەی گەلێکی بن دەست دەستەبەر دەکرێ.

هیوادارین لەسەر هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی هەرچی زورتری ئەو ئەسلاًنەو هەروەها ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووخوازانە بە گوێرەی پرنسیبەکانی جوولاًنەوە لە باری نەتەوایەتیو چینایەتیو دیموکڕاسی سەرکەوتوو بن.

سەرکەوتووبێ جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو دێموکراسیو مافی چارەنووس دا.
حەسەنی هاشمی، رەسول پیشنماز، سەعید کوێستانی ، محمدخزری، خالیدعزیزی.
٣٠/ ٥ / ١٩٨٨ سوئید.

دوای ئەوەی برادەرانی رێبەرایەتی شۆرشگێر رەوتو رێبازو تێکۆشانی خۆیان ڕاگەیاند، کوردێکی زۆری پەنابەری سیاسی بە پیر بانگەوازیانەوە چوون و هەر کەس بەپێی بۆچوونی خۆی بە تەلەفونو نامەو بەیاننامە پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند.
دوای خۆ ناساندنی رێبەرایەتیو بەیاننامەی ئەولاو ئەملا، ئەو پێنج کەسەی لە سەروو ناویان نوسراوە، وەك بێلایەن ویستی خۆیان لە نامەیەکی سەر ئاوەڵە دا نووسیو بۆدوو باڵیی حیزبو پارتە کوردستانیەکانیتریان نارد. وەنەبێ رێبەرایەتی شۆرشگێریش ویستو داخوازی ئەم و ئەویان گوێ دابێتێ، بەڵکووخەریکی کارو باری خۆیان بوون، دەکرێ پیاو بلێ هەر ئەوەی پێشێ بوون٠ ئەو چاوەروانیەی لێ یان دەکرا، لە پلەی یەکەمدا ئاوا نەبوون٠ گۆڕانێکی وایان بەسەر دا نەهات کە بتوانن لانی کەم بیرو ڕای کوردەکانی دەرەوە بۆلای خۆیان ڕاکێشن، بەلام لە ڕاستیدا زۆر لە باڵەکەی تر ئاوالەتربوون دوای ئەوەی ماوەیەك کاریان کردو هێندێك پێوەندیان گرت، هەرچەند درەنگ بیوو، دەکرێ بلێم : هێندێك کادری وریاو باشیان هاتەدەرەوەو چوونە نێو خەڵكو دەستیان کرد بەکارو تێکۆشان٠ وردە وردە هێندێك کەسی باشیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاو لەو بیچمو چوارچێوە دەرگا داخراوەی پێشوو هاتنەدەرو خۆیان تێکەلی کۆرو کۆمەڵە سیاسیەکان و کۆمەلی نوێی کوردەکانی دانیشتووی ئوروپا کردو لایەنگرو هەواداریان بۆخۆیان پەیدا کرد٠
مەبەست لە نووسینو گێرانەوەی ئەو شتانە ئەویە؛ کە هەرکەسو هەرتاقم وگروپ و رێکخراوێك بە بوونی کادری باشو ئاکتیو نفوز دەکاو لەمەڕ

راکێشانی ئەندام و هەوادار بۆ ڕێکخستن دەتوانێ سەرکەوتنی پتر وەدەست بێنێ، بەمەرجێك دڵفراوان و گوێگربێ ٠ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە باری گۆڕینی درۆشمی خودموختاریشەوە شۆڕشێکی گەورەی کرد ٠ جابا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابێ یان هێندێك کەس لەبەر بێ بڕوایی بەهێندی نەگرتبێ و گوێی نەداتێ، یان دوای تێکەڵ بوونەوەیان لەگەڵ باڵەکەی تر ئەو درۆشمە گۆڕ بکرێ و بنێژرێ و نەمێنێ، بەڵام ئەو هەرەکەت و درۆشم بەرزکردنەوە بە نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی لە نێو ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەژمێردرێ و لە داهاتووشدا مێژوو نووسانی گەلی کورد بە شتێکی پیرۆز یادی لێدەکەنەوە ٠ بە کورتی ڕێبەرایەتی لە باری سیاسی و تەشکیلاتی، ئەوەی ئاگاداری لێ یان بێ، کارەیان باش بەرەو پێش دەرۆیشت ٠
دیارە هەرکەس بۆخۆی باشتر دەزانێ لە ناو ڕێکخراوی خۆیدا چەندی گیروگرفت هەیە، مرۆڤ لە لاوە کەمتر دەزانێ کەندو کۆسپی ڕێکخراوێك چیەو چەندە ٠
وەك دەڵێن ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە گیروگرفتی سیاسی، بەتایبەتی لە باری ماڵیەوە، بێکەندوکۆسپ نەبوون ٠ ئەوانەی لەکوردستانی باشوور ڕا دەهاتنە دەرەوە، زۆریان بەدەست تەنگی و کەساسی و بێدەرەتان باس دەکردن ٠ دیارە ڕوانگەی بەشی هەرە زۆری کادرەکانی ڕێبەرایەتی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە سوئێد بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵە موسبەت بوو ٠ بەدل و گیان هەوڵیان بۆ دەدا و وەك هێندێك لە کادری لایەنەکەی تر دژ بەیەکگرتنەوە نەبوون ٠ لە لایەکی تریشەوە گیروگرفتی تایبەتی ڕێبەرایەتی لە نێو خۆیاندا، لەو سەروو بەندە دا پتر پەرەی گرتبوو بۆوەی وتوو وێژەکان گەرم بن ٠ گیروگرفتی ناروونی دەروون تەشکیلاتی، مەسەلەی تێکەڵ بوونەوەی پتر وەپێش خست بۆچوونەوە نێو حیزبی پێشووی خۆیان ٠ بەقەولی مەلاعەبدوللای حەسەن زادە و کابرای شاعیر: «قەترەکان گەڕانەوە جێگای خۆیان و دەریاش هەر دەریایە.» !!
ڕەنگبێ زۆرکەس بۆیان پرسیار بێ بپرسن؛ بۆ چی وا بێ قەیدو شەرت

چوونەوە، چ گیروگرفتێك هانی دان و وەپەلەی خستن؟
هێندێك کەسی کونجکاو پتر لە شتی داپۆشراو دەکۆڵێتەوە. دیارە لە شت کۆڵینەوەش بێ تەئسیر نیەو پتر شت روون دەکاتەوە.
بە پێی زانیاری: ئەوگیرو گرفتانەی کە ئەندامانی سەرووی رێبەرایەتی شۆرشگێری وەپەلە خست بۆ زووتر یەکگرنەوە، ئەو شتانەن:
* کراوەترو ئازادتر بیرکردنەوەی کادرەکانی رێبەرایەتی شورشگێر لە ئوروپا ئەو مەیدانەیان هەبووکە پترگوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەری حیزب بۆ یەکگرتنەوەو بنبڕکردنی ئەو ناکۆکییەی پێك هاتوو.
* دەست تەنگیو برسیەتی ماڵیی هۆیەکیتر بوو بۆ پەلەکردن.
* خەڵکێکی زۆریان بەملەوە ببوو دەبوایە لەباری ماڵیەوە یاریدەیان بدەن. ئەوە کارە لە مەڕ ئەو خەڵکەی لەگەڵیاندا بوون هەست کردن بە بەرپرسیاریو پیاوەتیو مەردانەگی بوو بۆ رزگار کردنیان لە هەژاری.
* کاتێك بڕوایان بە خودموختاری نەماو مافی چارەنووسیان لە کۆنگرەدا پەسند کرد، لە باری سیاسیو دۆستایەتیەوە لەگەڵ موجاهیدین تێکچوون. یارمەتیەکی کە دەیان دانێ لێیان بڕینو لە باری مالیەوە پترکەوتنە ژێر گوشارو دەست تەنگی. لەلایەکیدیکەشەوە نابێ نەخشی سکرتێری حیزب لەبەرچاو نەگیرێو هەروا سووك بەسەریدا بڕوین. لەکۆنگرەی هەشت سکرتێرێك لەکردەوەی بۆچوونی خۆیدا سەر نەکەوتووەو کارەساتێکی فرەناخۆش پێك هاتووە. سکرتێری دوهەمو سێهەم بەجێگای دەرمانکردنی زامو برینەکان، پتریان پەرە بەوناکۆکی داوە. دوایی لە سەردەمی دوایی وتوو وێژدا سکرتێرێکیتری حیزب کەمەلاعەولای حەسەنزادە بوو، جگە لەوەی کۆتایی بەو ناکۆکیو تراژیدیە هێناوە، لەنێو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا گەورەی بۆخۆی بەسەبت گەیاندو...
هەر وەکوو لەسەروو باسم کردوە، پاش هەشت ساڵ ناکۆکیو ناتەباییو دژایەتی و پێشمەرگەوکوڕی خەڵك پێکتر بە کوشتدان، بە خۆشیەوە ئاشت

بوونەوەو دەستیان لە ملی یەکترکرد ·

ئەوەش بەیاننامەی هاوبەشی دوولایەنی کە هەشت ساڵی ڕەبەق خەریکی کێشەو ملبەملەو دژایەتی یەکتربوون، سەرئەنجام ئاشت بوونەوەو ڕێك کەوتنەوە · بەو هیوایە ببێت بە پەندو ئەزموون بۆیەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان ، لە باشور · بەڵکوو ئەوانیش بەوە بکەن و بزانن کە بەرژەوەندی کورد لەیەکێتی دایەو جگەلە ڕێگای یەکگرتن و پێکەوە سازان ، هیچ ڕێگایەکی دیکەی سەرفرازی و سەرکەوتنی تێدا نییە کە پارمەتی بەقازانج و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بکەیەنێ · هەروەها بۆ دوژمنانی داگیرکەریش، هیچ زەربەیەك لە یەکێتی و تەبایی کورد ، کوشەندەترو قورس ترو گورچووبڕتر نییە کە بیان تاسێنێ ·

بەیاننامەی هاوبەش.

کومەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکوردستانی و ئێرانیەکان!

دۆستانی گەلی کورد لە سەرتاسەری جیهاندا !

پاش کونگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەشێك لەکادرو ئەندامانی حیزب بەهۆی هێندێك گیروگرفتی نێو خۆیی لەسەرەتای مانگی خاکەلێوەی هەزارو سێ سەدو شێست و حەوتی هەتاوی دا بەناوی، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر » اعلامی مەوجودیەتیان کردو لە ژێر ئەو ناوەدا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدا. ماوەی هەشت ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و ئەو گیروگرفتانەی کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزوتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێراندا. بە خۆشیەوە دوای هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد ، لە بەهاری ساڵیی هەزارو سێ سەدو حەفتاو چوارەوە دەرگای وتوو وێژ بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە کرایەوە. پاش

چەند کۆبوونەوەو باس و راوێژ، هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە دیاردەی بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنرێ و هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات لە ڕیزێکی یەکگرتوودا خەباتی خۆیان بۆ وەدی هێنانی دروشمی لە مێژینەی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان درێژە پێ بدەن.

بۆیە بە خۆشحالیەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕاتەو ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزب وەدی هاتووە. هیوادارین ئەو هەنگاوە پیرۆزو بەر پرسانەیە، گوورو تینێکی زیاتر بەخەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بداو لە وەدەست هێنانی ماف و ئازادیەکانیان نیزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە داوا لەتێکڕای تێکۆشەرا نی دێموکرات دەکەین، بە سەرنجدان بە گرینگی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی لە نێو خۆیاندا بە هێز بکەن. پێویستە یەکدڵی و یەك پارچەیی لە هەموو ئاکارو ڕەفتارێکی خەباتگێرانی دێموکراتدا ڕەنگ بداتەوەو بەم جورە دڵیی دۆستانیان شاد بکەن و هەموو ئەوانەی ویستوویانە لە ناکۆکی نێو ڕیزەکانی حیزب بەزەرەری گەلەکەیان کەڵك وەربگرن ناهومێد بکەن. لە کۆمەڵانی خەکی کوردستانیش کە لە هەمووکەس زیاتر چاوەڕوانی بیستنی ئەم مزگێنیە بوون، داوا دەکەین زیاتر لە جاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لە خەبات بۆ وەدی هێنانی ئامانجە لە مێژینەکانی گەلی کورد دا یارمەتی بدەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوو شەخسیەتە سیاسی کۆمەڵایەتیە کوردو ئیرانی و خاریجیانە

بکەین کە لە چەند ساڵیی ڕابردوودا هەولیی ڕێککەوتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوەو بەم جۆرە دڵسۆزی خویان بۆ یەکپارچەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشان داوە. ئەوەندەی ناکۆکی و لێك دوورکەوتنەوەی خەباتگێرانی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوو دا جێگای داخو کەسەر بوو، ئەوەندەش هەڵوێستی بەر پرسانەی هەموو لایەك لە ماوەی یەکساڵو نیوی ڕابردوودا و دانیشتنو وتوو وێژ بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان جێگای خۆشحال یە.

تێکۆشەرانی دێموکراتی ئازایانە لەمپەرە ڕەوانیەکانیان شکاندو ڕاستەو خۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دوا کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب لە نێو بەرن. بێ لە خۆ بایی بوون دەڵێین؛ ئەو کردەوە شۆرشگێرانەیە لە پەیوەندی نێوان لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی کورد دا بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکانیان دیاردەیەکی نویو جێگای ئومێدە.

هیواداریین ریزەکانی حیزبی دێموکراتی رۆژ بەرۆژ پتەو بوونی زیاتر بە خۆوە ببینن و لەوەش زیاتر ئاشتیو تەبایی و هاوکاری باڵ بەسەر پەیوەندی نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەو حیزبو ڕێکخراوە سەرانسەریەکانی ئێران دا بکێشی سەر ئەنجام دێموکراسیو پلووراڵیزمی سیاسی بە باشترین شێوە لە وڵاتەکەماندا سەقامگیر بێ.

کۆمیتە ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر.

8-1-1997 زایینی، ١٩ -١-١٣٧٥ هەتاوی

## دەست درێژی عێراق بۆ سەر کوێت.

دوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کە سەدام حوسێن بە سەرکەوتنی داناو، بوو بە هۆی لە خۆ بایی بوونی سەدام حوسێنو تووشی گەورە ترین هەڵەی مێژوویی کردو دەولەتی خۆی و گەلی عەرەبی عێراقی توشی کارەسات کرد ٠ یان دەکرێ بڵێین دەوڵەتی ئەمریکا ناوبراوی وەسەر تەڵەیەکی گەورەی پەڕاند ٠ سەدام کە لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، لەباری نیزامیەوە سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو ٠ دوا بەدوای ئیمزاکردنی ئاشتی لەگەڵ ئێران، بە سازو بەرگی تەواو و کەرەسەی شەڕو خۆ ئامادەکردنی نهێنی، هێرشی کردە سەر کوێتو یەك شەوە دەستی بەسەر کوێت دا گرت ٠ ئەمریکا وێڕای وڵاتانی تری ئوروپای غەربی بە دەنگ وەرگرتن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێککەوتنی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا ، لێی وەخۆ کەوتن. بە بۆم بارانو موشەك بارانێکی بێ بەزەیانە لە ماوێکی کورتی چەند ڕۆژەداعێراق شکاو لە وڵاتی کوێت یان دەرپەڕاند ٠ دەوڵەتی ئەمریکا، عێراقی وەك وڵاتێکی لە شەڕدا دۆڕاو، خستە ژێر گوشارو هەرچی بە قازانج و بەرژەوەندی خۆی بوو چوکی پێداداو قەراردادێکی پێ ئیمزاکرد کە تاچەندین سالی تر دەبێ لە پولی نەفت خەرجی ئەو شەڕە کەچەندین میلیارد دۆلاربوو بداتەوە ٠ لەوکاتدا لە باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان، شۆرشی گەلی کورد کە دەهات جارێکی ترکپ بکرێن و بە نێوی شۆرش شتێك نەمێنێ، بە دەست درێژی عێراقو زەبر لێدانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، جارێکی ترکورد سەری هەڵداوەو لە ئاشبەتالێکی سەت لە سەت رزگاریان بوو ٠

بە یەکگرتنو گەلەکۆمەکی پیاوانە کورد توانی ئیدارەکانی جاسووسیو سەربازگەو بنکە نیزامیەکانی سەددام لە کوردستان تێکەوە پێچنو بەشێکی زۆری کوردستان لە ژێر هێزی چەوسێنەری حکومەتی عێراقی بێننە دەرو وەك

ولاتێکی ئازاد دەستی بە سەرداگرن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ٠
کاتێك لەشکری تێشکاوی سەدام خۆی گرتەوە، ویستی هێرش بکاتەوە سەرکوردستان، شەڕێکی گەورە لە نێوان هەولێرو کەرکوكو دەورو بەری پێك هات٠ هەرچەند کورد زۆر یەکگرتوو بوو، بەلام لەبەر ئەوەی رێك نەخرا بوو، نەزمو نیزامێك پێك نەهاتبوو، نەیتوانی لەبەر هێرشی لەشکری شکاوی سەدام حوسێن دا خۆی ڕا بگرێو بەرگری لە خۆی بکات، ناچار پاشەکشەی کرد٠
دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ، کە کورد بە دنەو هاندانی ئەمریکا لە سەدام و رژێمی عێراق ڕاپەڕی بوو٠ بەو هیوایە کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات٠ کاتێك ڕاپەڕیوانی کورد لە دەشتی کەرکوكو دەورو بەری پاشەکشەیان دەکرد، خەڵکی بێچەکو بێ دیفاع لە ترسی بۆمبارانی شیمیایی کە نەکا وەك شاری هەڵەبجە بەکۆمەڵ بکوژرێن، نیزیك بە یەك میلیۆن و نیو رووویان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران کردو پتر لە پێنج‌سەد هەزار کەسیش بەرەو کوردستانی ژێر دەستی تورکیە ڕەویان دەست پێکرد٠ لەو ڕەوە دا، خەڵك جگە لەهێندێك نەغدینەی وەك زێرو پارە، هەموو شتێکی خۆیان لەترسی شیمیایی باران و ڕزگارکردنی منداڵ و جگەرگۆشەکانیان بەجێ هێشت، تەنانەت نانی چەند رۆژی خۆشیان بۆدەرنەچوو٠ ئەو ڕەوە بوو بەکارەساتێکی مێژوویی‌و تا دنیا دنیایە ئەو رۆژە مێژوویی‌یە لە بیری ناچێتەوە٠ ڕەوێکی کە بە سەدان منداڵو پیرو پەککەوتە لە برسان و لەسەرمان لە ناو چوون٠ ئەو ڕەوە ڕووداوێك بوو، وەك خاڵێکی ڕەشی مێژوویی بە نێو چاوانی داگیرکەرانە وە دەمێنێ و هەرگیز لە بیر گەلی کورد ناچێتەوە٠
بەڵێ رۆژێکی تاڵو دەردێکی گران بوو٠ کاتێك لە ڕادیۆ دەبیسترا و لە تەلەڤیزیۆنەکانی دەرەوە دەدیترا کە بەو سەرماو سۆڵە، لە ترسی سەدام حوسێن ماڵو حاڵو زێدو نیشتمانی خۆیان بە جێ هێشتبوو٠ تا نانێك یا سەموونێکیان وەردەگرت، بە دەیان کەس دەکەوتنە بەرهێرشو پەلاماری ژاندارمی تورك کە بە

قـۆنـداخـه ژ۳ و دارو بـه‌رچیـغ لێیـان ده‌دان‌و کـول‌وکـۆی شـۆڤێنیستـی‌خـۆیـان پێده‌رژتن‌و زۆر نامرۆڤانه ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ ئاواره ی کورد ده‌کرد ٠
پێم وایـه هـه‌مـوو ئـه‌و کـه‌سانـه‌ی کـه ئـه‌و تـراژیـد یـان دیـوه، ئیـختیـاریـان بـه خـۆیـان نـه‌مـاوه فـرمێسکـی بێده‌سه‌لاتیـان هـه‌ڵـوه‌رانـدوه ٠ بـه تـایبـه‌تی ئـه‌وکـاتـانـه‌ی کـه ژاندارمی‌تورك به دارو قـۆنداغـه ژ۳ وه‌ر گـه‌ڕابوونـه خه‌ڵکی برسی‌و لیقه‌وماو، هه‌موو ماڵه کوردێك به دیتنی ئه‌و تراژیدیایه شین‌و گریانی میوان بووه ٠
به داخه‌وه ئێمه‌و مانانیپه‌نابه‌رله‌ده‌ره‌وه جگه له داخ‌و که‌سه‌رو ددان به جه‌رگی خۆ داگرتن رێگایه‌کی ترمان نه بوو ٠
رۆژانێکی تاڵ‌و ناخۆش بوو ٠ ئه‌مریکا دوای ئه‌وه‌ی به ئامانجه‌کانی خۆی گه‌یبوو، بۆوه‌رگرتنه‌وه‌ی زیانی‌ئه‌و چه‌کانه‌ی تاقیکرد بوونه‌وه ئیمزای له حکومه‌تی عێراق وه‌رگرتبوو، کوردی‌باشووری له دژی رژیمی عێراق هاندا بوو، له پێشووش پتر دوژمنایه‌تی‌له‌نێوان کوردو رژیمی عیراقدا پێك هێنابوو، که‌چی دوایه‌ش قسه‌ی خۆی خوارده‌وه‌وکوردی به ته‌نیایی ده‌هێشته‌وه ٠ ده‌هات به‌جێیان بێڵێ، به‌ڵام به هاندان‌و وه‌جواب هاتنی چه‌ند ده‌وڵه‌تێکی ئوروپاو خۆ پێشاندانی نه پساوه‌ی کـورده‌کـانـی ده‌ره‌وه، بـه تـایبـه‌تی لـه ئـوروپـا و هـه‌روه‌هـا دانیشتـن‌و مـانگـرتنـی په‌نابه‌ران له به‌رده‌رکی سه‌فاره‌ته‌کانی ئه‌مریکا، جارێکی دیکه ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا ناچارکرا وێڕای ده‌وڵه‌تانی هاوپه‌یمان پارێزگاری خۆی له کوردستانی باشوور ده‌ست پێ بکاته‌وه‌و هێڵی هه‌وایی‌و زه‌مینی بۆ ده‌وڵه‌تی عێراق دیاری بکات که سه‌دام حوسێن نه‌توانێ له‌وه زیاتر ده‌ست درێژی بۆسه‌رکوردستان بکات و هێرش به‌رێته سه‌ر هێندێك له شاره‌کانی کوردستان ٠
چاو پۆشی لـه بـه‌رژه‌وه‌ندی‌و سوودی تایبه‌تی ئـه‌مریکـا و هـاوپـه‌یمـانـانیـان، بۆ پێزانین مرۆڤ ده‌بێ بڵێ: له‌و کاته ناسکه‌دا که به ڕاستی کورد لیی‌قه‌وماب‌وو، ده‌ر بـه‌ده‌رو ئـاواره ببـوو هیـچ روونـاکـایـی‌و ده‌رووی روونـی شـك نـه‌ده‌بـرد ٠ یـاریـده‌دانێکـی فـره مرۆڤ دۆستـانـه‌وجێگـای پێزانیـن بـوو ٠ لانیکـه‌م لـه هێرشی

سەدام حوسێن دا کوردیان پاراست و لەو قاتی و قوریەی کەبەسەر کوردستاندا هاتبوو یاریدەی دراو نیشتمانی کاولکراوی دوای شەڕی کەنداو ئاوەدانکراوە ·
لەوکاتدا ئێمە لە سوئێد بووین· بەو هەرەکەتانەی وڵاتانی دەرەوە تەواوێك بووژابووینەوە· هەموو کوردێك لە دەرەوە خۆی بۆ سەردانێکی کوردستان ئامادە کردبوو، ئەوەی بۆی کرا سەردانی خۆی کرد· هێندێك کەس خۆی لە پەنابەری رزگار کردو رۆیشتەوەو لەوێ خەریکی کاری ئیداریو سیاسی و رۆژ نامەگەری بوون · دوای ماوەیەك خۆ رێك خستنو ئەهوەن کردنەوەی خەڵك لە دێهاتو شار، مەسەلەی دەنگدانو هەڵبژاردنی نوێنەر بو پارلەمانی کوردستان هاتە پێش.
ئەو ڕەوتو کارە بەنرخانە بە تەواوی ئێمەو مانانی بووژاندبۆوە·
جووڵانەوەی سیاسی پارتو رێکخراوەکان، نووسینی نووسەران، کارو باری هونەرمەندان، چوونەوە سەرکاری مامۆستایان، دەست بەکارکردنەوەی ئیدارەکانو کردنەوەی نەخۆشخانەو ···بەگشتی هەرچی دەکرا بە نرخو جێگای دلخۆشی بوو· جگە لە ڕەخنە گرتن هەر شێوە کارێکی کە لە کوردستان روویان دەدا لەدەرەوە جێگای تەئیدی هیواو هومێدی ئێمەو مانان بوو·
ڕەخنەگرتنمان لە کارگێڕانی نوێی کوردستان پێ گوناە و تاوان بوو· پێمان وابوو کاتی ئەوە نیە گازندەیان لێ بکرێو دەبێ ماوە بدرێ تا بەرێوەبەران پتری بیر لێ بکەنەوە· تەنانەت جاروبار لەگەڵ هێندێك کەس لێمان دەبوو بە قڕە کە ڕەخنەیان دەگرت· زۆر جار دەبوو بەگرژیو نێوان ناخۆشی ·
لەراستیدا تەواوی باسو خواسی سیاسی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە سوئێد لەدەوری چونیەتی کوردستانی باشووردا دەسوڕا· بیر لە وە دەکراوە، بڵێی دوژمنان بێلن حکومەتێك لە کوردستان دروست بکرێت؟ یان بێڵن ئاسوودە بین؟
چاوەروانی هەڵبژاردنی کوردستانی باشوور بووین · هەڵبژاردن کراو دەنگ درا· دەتوانم زۆر بەراشکاوی بڵێم؛ بە راستی کورد ئیسپاتی کرد کەنەتەوەیەکی دێموکراتو دوور بین و نیشتمان پەروەرەو حەز بکا دەتوانێ دێموکراسی

بپارێزێ٠ بۆهەموو جیهان روون بۆوە کە نەتەوێکی ژێردەستی وەکوو کورد لە هەر چوار دەولەتی داگیرکەری ئێرانو عێراقو تورکیەو سوریە، پترقانوونی دێموکراسیو مروڤایەتی وەبەر چاو دەگرێ٠

ئەو هەواڵدەرانەی دەرەوە کە لە کاتی هەڵبژاردندا لە کوردستان بوونو هەواڵو فیلمی تەلەڤیزیۆنیان بۆ وڵاتی خۆیان ناردبۆوە، لە تەلەڤیزیۆنەکانی سەرانسەری جیهان بڵاوکرانەوەو نیشان دران کە چۆن لە هەوەڵی بەیانیەوە خەڵکی کوردستان پیرولاو، ژنو پیاو، لەسەفدا لەسەر نۆبە ڕاوەستاون بۆ دەنگدانو هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان بۆ پارلەمانی کوردستان ٠

ئەو هەلبژاردنە لەباری دێموکراسیەوە کوردی بە جیهان ناساندو رووی دزێوی رژیمەکانی دیکتاتورو داگیرکەری کورستانی نیشاندا٠ دەکرێ بلێین، ئەو پروپاگەندانەی وەدرۆ خستەوە کە بۆیان بڵاوکردبووینەوە کە کورد وەحشیو مرۆڤ خۆرە٠ بە ڕاستی کورد نیشانیدا نەك هەر وەحشی نیە، بەڵکوو گەلێکی فرە دێموکراتو نەجیبو ئازادیخوازەو دەتوانێ دێموکراسی بپارێزێ٠

لەوەش گرینگترو سەرنج ڕاکێشتر ئەوە بوو: کە پارتو رێکخراوە سیاسیە خۆماڵیەکان بۆیان دەرکەوت کەئەوخەڵکە بێلایەنە، لە وانیش دێموکراتترو نیشتمان پەروەرترنو دەبێ لە باری دسپلینو فیداکاری بۆدامەزرانی دەوڵەتی کورد حیسابیان لەسەر بکرێ٠ بەکورتی هەر وەك ئێمە لەدەرەوە ڕەوتو کردارەکانمان هەلدەسەنگاند، وەزعەکە باش دەچووە پێشو ئێمەو مانان پێی دڵخۆش بووینو چاوەروانی دوا رۆژێکی روون بووین٠

بە داخی گرانو پڕلەکەسەر، پاوانخوازی بیری خێڵەکی، هیوای سیی چل میلێون کوردی تێك روخاندو خەلکیان لەو بیرو ڕاو ئیمان بەو پارتو رێکخراو سارد کردەوەو خۆیان لە پێش چاوی رووناکبیری کورد تاڵکرد، لە هەلپەرستو دەست تەنگ بەولاوە، کەمیان لایەنگری رووناکبیر بۆخۆیان هێشتەوە٠

بە هۆی هاتنە پێشی ڕووداوی قەلادزێ، کە لە بیری خێڵەکی ڕێبەران سەرچاوە

دەگرێ، ئاوات‌و هیواکانی چەندین ساڵەی نەتەوەی کوردیان چاڵ کرد، کە نەیان توانی هەلی ڕەخساوی جیهانی بقۆزنەوەو ئاوا بە هاسانی لەدەستی بدەن .

دوا بە دوای ئەو ڕووداوەو هەروەها گەورە کردنەوەی ڕووداوی بچوکی قەڵادزێ‌و تەسك بیرکردنەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی‌دا، کە باشترین هەل کە بۆ کورد پێك هاتبوو، بەداخەوە شێواندیان‌و هێدی و هێمنی‌و ئارامی ناوچەیان ئاڵۆزاند .

بێجگە لە شێواندنی هەلوو مەرج و ئاڵوزکردنی‌ئەو هێدی‌و هێمنی‌یە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەلی هەڵکەوتوویان پترتێکدا . بەڵایەکی وایان بەسەر دانیشتوانی کوردی باشوور هێنا کە جگە لەوەی لەبیر ناکرێ، ئابروو حەیسیەتی سیاسی کوردیان لە جیهانی ئەورۆدا خستە ژێر پرسیار . سەر ئەنجام کاریان گەیاندە جێگایەك کە مرۆڤ پێی شەرمە لە لای بێگانە بە رگری لێ بکات یان بیهێنێتە سەرکاغەز .

## دەست درێژی تورکیا

ڕێکەوتی چوارەدەی گوڵانی ۹۷ حکومەتی شۆڤێنیستی تورك جارێکی دیکەش بەهێرشی درندانەی مغول ئاسایی بێ لەبەر چاوگرتنی یاسای نێو نەتەوەیی و ڕێز دانان بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان، بەهێزێکی هەشتا هەزار سەربازی و پازدە هەزارجاش، لەژێرچاوەدێری تۆپخانەی قورس و دەیان تانگ و زرێپۆش و هێلیکۆپتری جەنگی، سنووری بەزاندو پتر لە حەفتا کیلۆ مێترچووە نێوخاکی کوردستانی باشوور . پێشتریش لە ساڵی ۱۹۹۵-۱۹۹۲ بەفەرمانی ژەنراڵانی تورك هەر بەو شێوەیە بەهەزاران سەربازو تانگ و تۆپ و زرێ پۆش، کوردستانی باشووریان خستە ژێر پۆستاڵیی ڕەشی ئەرتەشی کەمالیستەکانەوە. . حکومەتی تورك لەهێرشەکانی پێشوو دا ئامانجی گڵاوی خۆی کەسازدان و ڕێکخستنی تورکمانەکانی نیشتەجێی عێراق بوو پێك هێنابوو، ئێستاش بە نیازی ئەوەی وەك قەلەمنداره شتێك بۆ تورکمانەکان پێك بێنن و ئامانجە ئابوڕیەکانی خۆیان بێننە

دی ، هێرشی سێههمی کردوه · دیاره تورکیا شتی تریشی لهباران دایه و نهخشهو پلانهکانی لهوه بهرین ترن که لێرهدا ئاماژهیان پێده کرێ ·
لهلایهکی ترهوه هێرشی حکومهتی تورکیا ش پهیوهندی بهتهئید و پشتیوانی بێ ئهو لاولای ئهمریکایهو له سهر سازانی ههر دووکیانه پێك هاتووه · رژیمی تورکیا دهڵێ: لهسهر بانگێشتنی پارتی چوومهته باشوور · هێشتا وتهی بانگ هێشتنی تورکیا لهلایهن پارتیهوه وهدرۆ نهخراوهتهوه · داگیرکهری تورك، لهدهشتو چیا سهرکهشهکانی کوردستانی باشوور، دهستی کردوه به هێرشی نیزامیو تۆپباران و بۆمبارانوخهریکی لهناو بردنی مهزراو کێڵگهوگوندوژنو منداڵی گهلی کوردهو تا ئێستا هیچ دهوڵهتێك وهجواب نه هاتووه ·

## ههواڵێکی باوهڕنهکراو .

بهیانی ڕێکهوتی ١٤ ی ژوئیهی ١٩٨٩ی زاینی لهخهودا بووم زهنگی تهلهفۆن ههلیستاندم. پێم خۆشنیه نێوی کابرا بێنم · به پێکهنینو خۆشحاڵیهوه گوتی: تۆ زانیوته دوکتور قاسلوو دوێنێ له ئوتریش کوژرا ؟
بهڕاستی ههواڵێکی دڵتهزێنو باوهر نهکراو بوو .چ زیانێك و خهسارهتێکی گهورهی قهرهبوو نهکراو · لهبهر ئهوهی کابرا جێگای بڕوا نهبوو، بهکهسم نهگوت · تاکاتژمێری یازده له سێچوار شوێنی تری بڕوا پێکراو ئاگاداریانکردم که ڕاسته· تابلێی ههواڵێکی ناخۆشبوو · ههرکوردێك دوکتوری دیتبوو، نارهحهتبوو· بهتایبهتی بۆکوردی رۆژههلات زهربهیهکی گهورهی روحی بوو ·
لهدانانی سهرخۆشیو جێگای دانیشتنی پرسه لهیهکدو برادهری بهرپرسی حیزبی دێموکراتم پرسیو دوای رون بوونهوهی جێگای دانیشتن رۆژی پرسه لهگهڵ زاواکهم حوسێن بهرهو ستۆکۆلم شوێنی پرسه کهوتینهڕێ · لهو شوێنه دهفتهری بیرهوهری بۆکه سانیکی یادهوهریان له سهر شههید دوکتور قاسملوو

هەبێت داندرابوو٠ چەند دێڕێکم لە سەر قسەکانی خۆی و فرت و فێڵیی دوژمنان نووسی کە مرۆڤی کورد نابێ بڕوایان پێ بکاو ئەزموونەکان کەڵکیان لێوەربگیرێ و٠٠٠ یادداشت کردو هاتینەدەر٠

ئێستاش بیر لەو قسانەی دوکتور دەکەمەوەو لە خۆم دەپرسم: دوکتور قاسملوو کە دوژمنی ئاوا ناسیبوو، چۆنبوو ئاوا دەگیری دوژمن کەوت و خۆی تووشی ئەو کارەساتەکردو خەڵکێکی زۆریش، لانیکەم چل پەنجا هەزار ئەندام ولایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی تووشی ماتەمین کرد٠ بەڕاستی ئەگەر حەوت هەشت میلیۆن کوردی رۆژهەلات بۆ دوکتر قاسملوو داخدارو بە پەرۆش نەبووبن، بێشك نیوەی ئەو ئامارە ئێستاش داخدارن و بە پەرۆشن٠ دوکتر قاسملووی شەهید تەنیا کەسایەتیەکی حیزبی دێمو کڕاتی کوردستان نە بوو، یان تەنیا کەسایەتیەکی کوردی رۆژهەلات و باکورو باشور نە بوو٠ بەڵکوو کە سایەتیەك بوو لەڕوانگەی کۆڕو کۆمەلانی سیاسی نێونەتەوەیی دەرەوەش وەك مرۆڤێکی سیاسی و زاناو بلیمەت ناسرابوو٠

ڕێکەوتی ۲۲ی پووشپەری ۱۳۷۸ی هەتاوی، بەرانبەری ۱۳ی ۱۹۹۹ی زاینی، دوکتورعەبدوڕەحمانی قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. بۆچارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای ئاشتی یەوە، کەوتە داوی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەکاتی وتوو ویژی بە ئاشتی بە دەستی تڕۆریستی ناسراوی دەوره دیتوو: سەحرارودی بە چەکی بێدەنگ شەهید کرا٠ دیارە لەسەر چۆنیەتی شەهید بوونی دوکتورقاسلوو زۆر نووسراوەو شیکراوەتەوەو دوکومێنتکی زۆر لەبەردەست دایە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمەنێو ئەو باسەوە٠

دوکتورقاسملوو لە کاتی کۆبوونەوەو دانیشتنندا، دەتوانین بڵێین؛ هەر یەك لە ئامۆژگاریەکانی گەوهەرێکی بەنرخ بوون٠ بەداخەوەلە کاتی خۆیدا زۆر بە هێند نەگیران و ئەو کەڵکەی کە دەبوایە لێیوەر بگیرێ، وەر نەگیرا٠ لە کوردواریدا باوە کە دەڵێن: مرۆڤی زاناوسیاسی و هونەرمەندی کورد، دوای مردنی دەستی

بۆ دەشکێنەوەو قەدری دەزانن. پێم وایە ئەگەر ئێستا دوکتورقاسملولە ژیاندامابایە، ڕۆڵی گرینگو بەرچاوی دەبوو. بە داخەوە لەدەستمان چوو.

من پێم وایە؛ بەڕێوەبردنی حیزبێکی ناسیونالیستی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان کارێکی هاسان نییە، چونکە یەك دەست نەبوونی ڕێکخراوێکی ئاوا لەباری بیروباوەری سیاسیو شێوازی کارکردن، ناکرێ بە کارێکی هاسان دابندرێ. گیروگرفتو کەندو کۆسپی پارتێکی کە داکۆکی لە هەموو چینو توێژێکی کوردستان دەکات، لە گەڵ پارتێکی یەك دەستی کە بە یەك ئیدەئۆلۆژی لەیەك چین داکۆکی دەکا، جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە. زۆرجار دوکتور دەیگوت: هێزی نەتەوەیەك، هێزێکی لەبڕان نەهاتووەو دەبێ بۆخەباتی سیاسیو ئازادی کەڵکی لێوەربگیرێو بکرێت بە پشتیوانەی بزاوی رزگاریخوازی. دیارە کاتێك باسی خەباتی سیاسی دەکرێ، بەو مانایەیە کە دەبێ تەشکیلاتی سیاسی هەبێو ئەو تەشکیلاتە ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی بێو بتوانێ گشت چینو توێژەکانی کۆمەڵگای تێدا کۆ بکرێتەوە. بێشك کۆکردنەوەی چینو توێژەکان لە دەوری ڕێکخراوێك کارێکی سادەو ساکار نییەو پێویستی بە ڕێبەرایەتی شایستەو کارامەو هەڵسووڕو لێزانو پێتۆلە هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی دوورو درێژی خۆیدا، چ بە باشی، چ بە کەمو کووڕی ئەرکی مێژوویی خۆی کەم تازۆر بە جێ هێناوەو دریغی نەکردوە. پێویستە ئەوە بزانین لە خەباتو تێکۆشاندا سەرکەوتنو تێشکان هەیەو دەورانی گەشەو قەیرانو هەروەها کەشو هەوای خۆشو ناخۆش هەیەو دەیان هەورازو نشێوو، سەدان کەندو کۆسپو گیروگرفت دێتە پێش کە دوژمنانی داگیرکەر لە دەیان لاوە، بە سەدان پیلانی جۆراو جۆرو بەرنامەرێژیان کردوە. بەتایبەتی جوغرافیای کوردستانیش لەولایە ڕاوەستێ، کە لەپاولەپ پڕکەروتەواوکەری کەندو کۆسپەکانە. دیار خەباتو تێکۆشان بۆ میللەتێکی وەك ئێمەی کورد، تابڵێی سەختو دشوارەو پێویستی بەرێبەرایەتی بە تواناو

لێزان و بلیمەت هەیە٠ دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم؛ دوکتور قاسملوو یەکێك لەو ڕێبەرو پێشەوا شازانەی سەردەم بوو کە توانی لە ڕاستای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی تەئسیری باش لەسەر کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی نێو نەتەوەیی و زۆر شەخسیەتی سیاسی دەرەوەدابنێ و بە قازانجی نەتەوەی کورد تەواو بێت٠ هەروەها خەباتی بەرحەقی گەلی کوردو مەزلوومیەت و چەوسانەوەی نەتەوەیەك لە چوار چێوەی خەباتێکی میللی بۆ ئازادی و دێموکراسی بە زۆر شوێن بسەلمێنی و لە نێوو نێتکەلێنانی داگیرکەرانی بپارێزێ و نەیەلێ بخرێتە کانالێکی ترۆریستی و ٠٠٠

تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە نێوتەشکیلاتی حیزبدا بەرچاو بوو٠ دەچووی بۆهەر بنکەیەکی سیاسی یا نیزامی حیزب، تابلۆی مەحکوم کردنی ڕەگەز پەرستی و ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ هەڵاوەسرابوو٠ تەنانەت شوتنەوەی بیری ڕەگەز پەرستی و بەرچاوتەنگی لە کلاسەکانی نیزامی و سیاسی بەدەرس دەکوتراوە، بۆ ئەوەی ئەندامی حیزب ئەوپەڕی دێموکرات باربێن٠ هەروەها دروشمی دێموکراسی سەرلەوحەی دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بۆپەروەردەکردنی مێشکی کادرو ئەندامانی حیزب٠ سەرەڕای نووسینی دروشم و بلاوکراوەکانی حیزب، گەلێك جار دوکتور دەیگوت: کاتێ دەچنە بنکەکانی پێشمەرگەو بنکەی ڕێکخراوەکان ئامۆژگاریان بکەن ئەو پەڕی هێدی و هێمنی و نەرمی لەگەڵ خەڵك، بەتایبەتی لەدێهات بەکار بێنن، چونکە خەباتی ئێمە دوورو درێژەو لە وانەیە ئەو نەسلە سەرکەوتن وەدەست نەهێنێ٠ بالانیکەم میللەتەکەمان خاترەی خۆشی لێمان هەبێ و ئیسپاتمان کردبێ کە نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی نەسلی ئێستاو شۆرشی ئێستان٠ ناوبراو بەتەواوی دژ بە زەبروزەنگ نواندن لەگەڵ خەڵك بوو٠ دوژمنی سەرسەختی ڕەشەکوژی بوو٠ لەو بارەوە دەیگوت: کاتێك ئێمە پشتیوانی زۆربەی خەڵکمان لە پشتە، نابێ لە کەس بترسین، تاوانبار بانگ دەکەین و پرسیاری لێدەکەین و دادگایی دەکەین

ئیتر رەشە کوژی بۆ؟ یان دەیگوت: ئێمە لەکارو کردەوەو بۆچوونەکانماندا دەبێ بەپێچەوانەی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران بیربکەینەوەو هەرگیزنابێ لاسایان بکەینەوە. تەنانەت نابێ ئەوەندە بە شەهیدەکانمان هەلبلێین و میللەتەکەمان شەهید پەروەر بار بێنین کە لەکاتی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا ئێحساسات بیانگرێ بەخاتری شەهیدبوون خۆیان بەکوشت بدەن.
دیارە دەبێ بەئەرکی سەرشانمانی بزانین بۆ بەسەمەرگەیاندنی ئامانجی شەهیدان درێژەبەخەباتی خۆمان بدەین بۆبەرگری لە مانو بوونی گەلی کورد. نەك وەك کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران شەهید بوون بکەین بەئامانج. بەڵکوو دەبێ ئامانجمان لە شەهید بوون ئازادیو رزگاریو دێموکراسی بێ.
شەهید دوکتور قاسملوو هیچ کاتێك بۆ فریوودانو دڵخۆشی وادەو مزگێنی نەدەدا بەکەس کە بلێ ئێمە تاچەند مانگو سالی تر سەر دەکەوینو بەئامانجەکانمان دەگەین. بەڵکوو واقعیەتی خەباتی میللەتێك کە پڕە لە تەنگووچەڵەمە دەیگوت: بۆئازادیو رزگاری رێگایەکی دوورو درێژمان لەپێشەو پێویستە بە خەباتی شێلگیرو بەربەرەکانی نەپساوە بۆوەدەست هێنانی ئامانجەکانمان لە تێکۆشان رانەوەستین ، بۆوەی نەسلی داهاتوومان بە ئازادیو سەربەستی بژین.
کاتێك دوکتور باسی لە ئاسودەیی نەسلی داهاتوو دەکرد، زۆرجار دەبوو بەسرتەو پێکتریان دەگوت؛ بۆخۆم ئازادی نەبینم نەسلی داهاتوو بە من چی ؟
دوکتور قاسملوو لە گوفتو گۆو قسەکردندا فریودەر نەبوو، واقعیەتی سەختی خەباتی کۆمەلگای کوردی باسدەکردو هەولیی سەرەکی ناوبراو هەراو (جەماوەری) کردنی خەبات بوو. تێدەکۆشا هەراوترو زانایانە ژنان لە چوارچێوەی خەباتو تێکۆشاندا جێ بکاتەوە. هەرچەند لە نێو رێکخراوێکی میللیدا سەختو دژواربوو، هەبوون کەسانێك دژایەتی بەشداری ژنانیان دەکرد، بەلام ئەوەندەی بۆی کرابایە، پێی لەسەر بەشداربوونیان داده‌گرتوو سووربوو لەسەر ئەوەی کە نیوەی کۆمەڵە ژنە و دەبێ بەشداری خەبات

و تێکۆشانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و هونەری و ٠٠ بێت ٠
شتێکی دیکەی دوکتورقاسملوو کە لانیکەم بۆ من زۆرگرینگ بوو، بڕوای بەفەرد پەرستی و چاولە دەستی نەبوو ٠ هەوڵی دەدا کادر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ ولە کاتی مەئمووریەتدا چاوەڕوانی پرس و ڕا نەبێت و ئیبتکارو خەلاقیەت لە خۆی نیشان بدات و لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێ و چاوی لە دەستووراتی سەرووی خۆی نەبێت کە هەموو شتێك لەبەرپرسی خۆی وەرگرێ ٠ بەڵکوو دەیویست کادر وا بارببێ خولقێنەرو دروستکەربێ و نە بێتە دەرویش هەرچی پێی بگوترێ بێ ئەملاو ئەولا ملی بۆ ڕاکێشێ ٠
باشم لە بیرە کاتێك بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتم درایە، بۆ وەرگرتنی بەرگی ماموریەتەکەم دەبوایە بچمە لای دوکتور ٠ کاتێك وەژوور کەوتم و دانیشتم، پێکەنی و گوتی: ناوچەی سەردەشت ناوچێکی بەرفراوان و گرینگە، ئارەزوم بوو کەسێکی کە لە کاری تەشکیلاتی بزانێ ئەو ناوچەی پێ بسپێردرێ ٠ تۆ لەو بارەوە خاوەن ئەزموونی کارو باری ڕێکخستنی ٠ شکم لە لێزانیت دا نیەو پێویست ناکات ئامۆژگاریت بکەم ٠ تەنیا ئەوەندەت پێ دەڵێم؛ کارەکانت بەپێی ئسووڵ و پرنسیپ لە چوارچێوەی پێڕەو پڕۆگرام و سیاسەتی حیزبی دا، بێ پرس و ڕا، ڕاپەڕێنە ٠ هیوادارم سەرکەوتووبی، فەرمووئەوەش بەرگی ماموریەت ٠ شەهید دوکتورقاسملوو شوێنوارێکی زۆری بەجێ هێشت ٠ بە ڕاستی دوکتورلە ڕێکخستن، لەسیاسەت، لەئەدەبیات، لە نوسین، فێر کردن، لەگوفت وگۆ، دڵسۆزی، لەجەزب و ڕاکێشان، کارگری لەسەربۆچوون و ڕاو، لەسەر مێژوو شەقڵ و شوێنەواری تایبەتی دیارە ٠ یەکێك لەو شتانەی کە کورد هەمیشە دەبێ شانازی پێوە بکات، یەکدەنگ کردنی کۆمیتە ناوەندی بوو کە نابێ لە ڕەفراندۆمی ئێراندا دەنگ بدرێ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ٠
ئێستا کە من بیرەوەری خۆم دەنوسم بیست وشەش ساڵ لەو دەوران تێدەپەرێ ٠ واتە: ئەوانەی دەنگیان داوبەشداری ڕەفراندۆمیان کرد، ئەو مانایە دەبەخشێ کە

۲٦ ساڵ له تاوانو خوێنڕێژی کۆماری کۆنه پەرستی ئیسلامی ئێراندا بەشدارن، بەڵام گەلی کورد ئەو شەرەفو کەرامەتەی بەنسیب بوو، کە بەشداری دارِشتنی بناغەی بیچمی کۆنەپەرستی نەکردو، نەبوو بە شەریکە جورمی ئازارو شکنجەوجەورو ستەمو ئەو خوێنە بە ناحەقانەی لە ئێران رژاون ٠

دوکتور قاسملوولە سیاسەتدا وەك مرۆڤێکی سادق هەلسو کەوتی دەکردو تەسلیمی ئیحساساتی کەس نەدەبوو ٠ دەیان کەس پێیان دەگوت؛ بۆدەبێ هەموورۆژی دەنگی کوردستان بە درۆشمی "خەبات دژی ئیمپریالیزم، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بکرێتەوە؟ ئەو لە وەلامدا بەدەلیلو ئیستدلالی زانستیانە ئیسپاتی دەکرد کە لە خەباتی ئیمرۆدا پێویستە ٠ بڕوای وا بوو کە جوولانەوەی نەتەوایەتی لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی هیزی کۆنەپەرست، بەتایبەتی ئیمپریالیزم ناتەبایی هەیە ٠ دوکتورمرۆڤێکی ئاشتی خوازبوو، گەلێك جار دەیگوت: لەو شەڕەیدا کە لە گەڵ کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیدا دەکرێ، غالبو مەغلووب نیە، لەهەردوولا ئینسان دەکوژرێ، بەلام چبکەین دوژمن شەڕی بەسەردا سەپاندوینو دەبێ بۆ مانومەوجودیەتی گەلەکەمان لەبەرابەر هێرشو پەلاماری کۆنەپەرستیدا ڕاوەستین٠ دوکتور بڕوای بە ئاشتیبوو، لەو ڕێگایەشدا گیانی لەسەر دانا ٠

کاتێك پرسیاری لێدەکرا کە داخوا؛ خودموختاری داخوازی نەتەوەکەمان دابین دەکات؟ دوکتور لە وەلامدا دەیگوت: خودموختاریم پێ باش دەزانمو دەکرێ بڵێین: ***خودموختاری بە بێ دابین کردنی نیازی هەژاران، بێ ناوەرۆکە*** ٠

ئەگەر بێتوو خاڵی سپیو بەهێزی دوکتور قاسملو باس بکەین، گەلێك لەوە زۆرترنو کتێبێکی تایبەتی دەوێ، بەلام من بە وشەیەك کۆتایی پێ دێنمودەڵێم: دوکتور قاسملو؛ شاکلیلی کردنەوەی دەرگای داخراوی مەسەلەی کورد بوو ٠ بەداخەوە لەسەرمێزی وتوو وێژی ئاشتی لە گەڵ هاورێ عەبدوڵلای قادری، بە پلانی کۆماری ئیسلامی ئێران تڕۆرکران ٠ **روحیان شادو یادیان پیرۆز بێ** ٠

# نامەیەك بۆ وڵات !

هاوڕێ بەڕێزو خۆشەویست ئۆمەر، ئەو کاتەت باش !
وێڕای ڕێزو سڵاوی شۆڕشگێڕانە دەستت دەکوشمو لەباوەشمت دەگرم ئەولاو لات ماچ دەکەم. هیوادارم بێ غەم بیو هەمیشە لە خۆشیدا بژی و بەردی ساردو گەرمت نەیەتە سەر ڕێگای ژیان. ئەگەر بتەوێ لە هەواڵی من و هاوڕێیان و چۆنیەتی ئوروپا پرسیار بکەی؟ بەڕاستی هەرچی بیری لێ دەکەمەوە نازانم لەکوێ ڕا دەست پێ بکەم و چ شتێکت بۆ شی بکەمەوە ؟
ئەوشتانەی لێرەن و نەت دیون؟ یان زەرق و بەرقی ئوروپا !؟ یان لە نیشتمان پەروەری خەلکی ئوروپا لەمەر وڵاتی خۆیان؟
یان لەبەسەرهاتی تاڵی خۆم و هەزارانی وەك منی دەربەدەرو ئاوارە و خۆشی لەخۆ نەدیو؟ یان هەر شتەکانی نێوان خۆمان؟ یان لەهەر شتەی شتێك، کامەت بۆ بنووسم؟
یان وەك جاران دیسان هەر دەتەوێ باسی ڕابردوت لەنووکەوە بۆشی بکەمەوە بۆ ئەوەی پتر لەمێژووی نەتەوەکەت ئاگادار بی و بزانی جوڵانەوەکان چۆن بوون و چۆنیان ڕێگا بریوەو بەرهەمیش هەر ئەو ئاکامانن کەڕۆیشتوونو لە میژوو دا دەیان خوێنینەوە ؟
نا ئۆمەرگیان، دەمەوێ تەنیا نامێکی ئاساییوسادەتبۆ بنووسم و غەمی دووری خوم بڕێژمو هەواڵێك لە تۆ بزانمو بەس. چونکەئێستا نۆرەی تۆیە هەواڵو ڕووداوی ئەولام بۆ بنووسی.
منبە دنیایەك چاوەڕوانییەوە بەهیوای وەڵامی نامەی تۆم، بەڵکوو لەو شتە نوێیانەی ئەوڕۆی تێدابێ، چونکە من لەمێژە لەتۆ و لە وڵاتەکەم دوورمو هیچ هەواڵێکی باوەر پێکراوم لەو فرتەنەی کە ئێستا لە گۆڕێ دا یە، نیە.
من هەر شتێك بنووسم، بۆتو کونن، چونکە هەموو شتەکانم لە دۆڵو بن بەردەکان، لەمەزراو مووچەو سەرکانیەکان، لەهۆدەی چۆل و شەوە

تاریکەکاندا باس کردون و زۆرمان کات لەسەردانـاوەو بێ خەویمان لەسەرچێشتووە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرك وكارەكان زۆر شەومان ڕۆژو، زۆر ڕۆژمان شەو پێکردونەوە. داخوا لە بیرت ماوە :
ئەوکاتەی پێکەوە لە ئوتوبوس دابەزین و بەرەو ئاوایی هەلکشاین تاگەیشتینە نێو ئاواییەکەی ئێوە باس وکێشەمان لەسەر دوارۆژی نا دیار چ بوو؟ لەسەرئەو حاڵەش ڕا بە هیوادارییەوە چەندمان وتوو وێژ وێکرا کرد؟
ئەدی عەزیزت لەبیر نەماوە ؟ عەزیزی شەهیدو لەنێو دلاندا زیندو، کە چاوەڕوانی دەکردین زوو بگەینە مزگەوت و قسە بۆخەڵك بکەین و دوایی لاوەکان کۆکەینەوە ڕێکیان خەین٠ لەبیرتە بەپێکەنین ڕەخنەی لێکرتین و گوتی: ڕەبێکی ڕۆژ مابوو تا ئێستا من چاوەڕوانی ئێوەم، کە چی ئێوەجگە لەوەی دوێنێ شەوێ پێکەوە بوونەو دوو سەعاتیشە بەرێگادا دێن و قسەدەکەن، ئێستاش سرت وخورتانەو تێر قسە نەبوون !
عەزیز هەرلەبەیانی ڕا مزگێنی دابوو بەخەڵك و بەلاوانی نێو ئاوایی، کەئەو شەو فلانکەس دێت و بەدرێژی لەمزگەوتێ قسەتان بۆ دەکاو هەواڵەکانتان بۆدەگێڕێتەوەو ئامۆژگاریو . . .
ئەوخەڵکەی کەتوونی و سوتاوی قسەو باس و تامەزرۆی ئازادی و هیواداری دوا ڕۆژێکی ڕوون بوون. ئەو خەڵکە نان بدەو بەئەمەگەی کە دڵسۆزی شۆڕش بوون. ئەو خەڵکەی کە ئاواتیان تەبایی و ڕەبایی ئێمە بوو، و حەزیان بە یەککرتوویمان دەکرد. ئێستاش لەگوێم دا دەزرینگێتەوە کە هەمووجارێك لە هەموو گوندێك پێیان دەگووتین :
- ئەگەر ئێوە گەرم و گوڕو یەککرتوو بن، ئەگەر ئێوە لەگەڵ یەك ساردو نارێك نەبن، ئێمە لەماڵی دنیا هەرچی هەمانە هی ئێوەیەو بۆ ئێوەیە، چتان لەو خەڵکە بوێ لەمالیی دنیا ، ئامادەین پێشکەشتان بکەین.
ئەوان ڕاستیان دەکردو ئەزموونیان لەسەر ڕابردووی مێژوو پتر هەبوو. بۆیە ئامۆژگاریان دەکردین و پێشنیاریان پێ دەکردین دڵۆمان تێ نەکەوێ و نارێك

نەبین و ریزی خۆمان پتەوترکەین.
لەبیرتە ؟ ئێمەش بەڵێنمان پێدان و گوتمان؛ تا ماوین تەباو رەباو یەکگرتوو دەبین و بەگەرم و گوڕی و تەباو رەبایی کارتان بۆ دەکەین و هەرگیز رێگا نادەین ساردی و دوو بەرەکی بکەوێتە ناومانو نابێ دوژمنی سەرەکیمان لەبیر بچێ. بەڵکوو هەوڵ دەدەین پتەوتر بینتا گشتمان پێکەوە داخوازیەکان دێنینە دی.
ئۆمەرگیان! چەندە شەرمەزارم کاتێك دەبینم لەسەرو قەرار و بەڵێنەکانیان نەبردە سەرو ئامۆژگاریو داوای خەڵکیان فیدای بەرژەوەندی پلەو مەقامی خۆیان کردو ئێمە کە لە خوارەوە کارمان دەکردو کوێرەوەریمان دەچێژت. لەلای ئەو خەڵکە بە ئەمەگ و دڵپاکە روو زەردیان کردینو بەپەیمان شکێنیان دەرهێناینو تەنانەت ئیعتیباری سیاسی ئێمەشیان لەئورگانی خوارو هێنا خوار. ئێستا من لەخۆم را هەست بە ئێش و ئازاری دەروونی تۆدەکەم دەزانم دڵگیرو، وەڕەزی .
ناحەقت ناگرم، بەحەق گەلێکت کوێرەوەری و دەردە سەری کێشا . زۆرت تاڵی و سوێریو سارد و گەرمی چیژت بۆ راپەڕاندنی کارو باری گشتی. زۆرت دەرکاو دەرك کرد بۆ راپەڕاندنی کارو ئەندامگیری و تێگەیاندنی هاورێو لایەنگران.
ئومەرگیان! لەبیرتە. شەوێ دوای وتەکانی من، ئەتۆش هەستای هێدێکت قسە بۆ خەڵك کردو پاشان بەشەرمەوە داوای یارمەتیت لێکردن، لەشەرمان تف لەزارتدا وشك ببوو؟
لەبیرتە مامەقالەقەساب پێی گوتی؛ ئۆمەر یارمەتی بۆ شۆرش و گەل شەرمی پێ ناوێ؟ لەبیرتە، زۆر کەس لەنێوخەڵکەکەدا پوڵیان لێکتر قەرز دەکردو گیرفانیان هیچی تێدا نەبوو؟
منیش دەمزانی تۆی تاقانە بەروان تەنکی و هێندێك شەرمێونی.
لەبیرتە ؟ خاڵە حەمە گوتی؛ ئومەر گیان! بەشەرمەوە داوای یارمەتی مەکە،

ئێمە هەرچی هەمانەی ئێوەیە و بۆ ئێوەیە، بەڵام تۆ، وات بیر نەدەکردەوەو دەتزانی زۆر کەس نیەتیو بێکارو دەست تەنگ و نەدارن.
دەمان دیت هەر لە کۆبوونەوەکەدا لێکتریان قەرز دەکرد، بۆ ئەوەی داوای ئێمە رەد نەبێتەوە. ئێمە لە خوارەوە پێمان وابوو بەو پارمەتیانەی وەریان دەگرین کەلێنێکی شۆرش پردەبێتەوە !!
هەر چەند بۆ ئێمە دەردێکی گران بوو. بەڵام چار نەبوو، دەبوایە لەگەڵ ئەو بارو دۆخە بسازێین. تۆ لاوێکی بێ ئەزمون بووی، من دەمزانی هەلوو مەرج و خۆشەویستی نیشتمان تۆی هان داوە لە خزمەتکردن بە شۆڕش ڕا نەوەستی. خەڵك دەیانزانی تاقە کوڕی بنەماڵەی و تاقانەی دایك و بابتی، پڕ بەدڵ خۆشیان دەویستی و خۆشەویستی ناوچە بووی. دەیانزانی دۆست و لایەنگرو پشتیوانی خەڵکی هەژاری کوردستانی. تۆیان تاقی کردبۆوە و دەیانزانی کە تۆ بە دڵ لەگەڵیانی و هەرچی لەدەستت بێ و پێت بکرێ دریغ ناکەی. بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ لێهاتوو و دڵسۆز بووی، لەسەروو لێت دڕدۆنگ بوون ؟! لەبەر ئەوەی خاوەنی بیری پێشکەوتنخوازانە بووی، کوڕێکی سادق بووی، چونکە چاپلووس نە بووی بەرچاو نەبووی ؟!
لەگەڵ ئەوەیدا تۆ بەگەرم و گوڕی هەڵدەسورای، لەگەڵت ساردو بێگانە بوون. تەنانەت لەخۆ ڕا دژایەتي نارەواشیان دەکردی. بۆ چکۆڵە کردنەوەت بڕێکیشیان ڕاگرتی! بەڵام گەورەتر بوویەوە چونکە پێت سەلماندن زانایيو لێزانی تۆ لەخزمەت گەلی کورد دایەو بەس. بۆخۆت ئاگات لێبوو، چەندم هەوڵ لەگەڵدان و لەبەریان پاڕامەوەو، پێمگوتن :
- ئێوە هەڵەن، ئێوە لێکدانەوەکەتان لەسەر ئۆمەر، ڕاست نیە ! ئەو کوڕە بەدڵ هاتۆتەنێومان و دڵسۆزی کوردە، نیشتمان پەروەرە دڵسۆزی ڕێکخراوە، من دەیناسم و من دواندومەو کردوومە بەئەندامی ڕێکخراو. من دەزانم و لە هەموو بارێکەوە هەڵم سەنگاندوە، ئەگەر باشترین کادریش نەبێ، دڵسۆزترین ئەندامە، وەفادار بەرێکخراوی خۆیەتی، بەڵام بە داخەوە

لۆکەیان لەگوێی خۆیان ئاخنی بوو، قسەی من و دەیان دڵسۆزی تری شۆڕش بەهەوا دا ڕۆیشت و کڕیاریان نەبوو. تاچاوەکانم لەسەر یەك دانان، وەك گۆڕان و چاو بەست تۆیان لەمن شاردەوە و بردیانی. کەچی لەزیان بەو لاوە هیچ قازانجیان لەو کارە نەکرد. جگەلەوەی بووبە خاڵێکی ڕەش سوکایەتیەکی مێژویان بە خۆیان کرد. سەرئەنجام درۆ و بوختان و دوو زمانی ناحەزان و بیرەکوێرەی نەزانی کاری خۆی کرد. بەپێچەوانەی ویستی خۆت، دوریان خستیەوە و لە ریزی کارو تێکۆشانیا ن وەلا نای و لە خەبات و بەربەرەکانی دژی داگیرکەر ساردیان کردیەوە.

لەبیرتە ئۆمەرگیان! شانازیمان بە یەکێتیو یەککرتن دەکردو پشتیوانی لەهەژاران ببوو بە دروشم و ئامانج ؟

هەرگیز لەبیرم ناچێ کاتێك قسەت بۆ خەڵك دەکردو باسی بەشخوراویو دەست بەسەرداگیراوی و بێبەشی نەتەوەی کوردت دەکرد، سوور هەڵدەگەڕای وکوڵی گریانت لە ئەوکی دا دەماو چاوت پڕدەبوون لەئاو. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللاو دڵسۆزی و باوەڕەی لەتۆدا بەدی دەکرا، تێکیان شکاندی. وەك گوڵ شەمزاندیانی و سیسیان کردی. روحی شۆڕشگێڕی و هەستی بەربەرەکانی تۆیان شێواند. بزەی سەر لێوە ئاڵەکانت کز بوون و ناچارکرای واز لەتێکۆشانی گەرم و گوڕی خۆت بێنیولە خۆ ڕا پشتاویان کردی! لانیکەم بۆ ماوێکی دوور، تا ئاڵووگۆڕێکی تر، بەپێچەوانەی مەیلی خۆت لەمەیدانی خەباتی ئەورو دا دوور خرایەوە.

لەو نێوەدا من شەرمەزارت بووم. تاماوم ویژدانم لەو ئێشو ئۆفانە دا دەناڵێو دەساچم و دەسووچم.

دیارە من بۆ خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی دژی دوژمنانی داگیرکەر ڕێگای ڕاستم پێشان دای، تۆش پێیەوە هەستای و دڵسۆزانەو بەباشی ئەرکی تەشکیلاتی خۆت کە روونکردنەوەو دروست کردنی شانەو کۆمیتە بوو لە گوندەکان بەڕێوەت برد. بەڵام بەداخەوە لەئۆرگانی سەرووپاداشی

پیچەوانەت وەرگرتەوەو تووشی کەندوکۆسپی بەناحەق بووی. ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ تۆکرا، منی ئەوەندە شێواند، تاماوم ویژدانم، هەست و ڕوحم لەعەزاب دایە. قەت خۆم نابەخشم کە تۆ و هاوڕێ سەعیدی ناکامم هاندا بێنە نێو ڕێکخراو، جگە لەوەی خوێندن و کارتان چوو، لەسەر ساجی عەلیشم دانان.
بیستم سەعید نەخۆشە. نەدارو دەردەدارەو هەموو شتێکی لەدەست داوەو بەربەرەکانی لەگەڵ ژیانێکی دژواردا دەکاو زانیم دنیای فانی بەجێ هێشت هۆی پێك هاتنی نارەحەتی کاکە سەعید، سووچی منەو دەزانم کەهەر ڕۆژی هەوەڵ بەهاندانی من کارو بارو هەموو شتێکی لەدەست داو وەك دڵسۆزی گەل، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان هەستو نیستی خۆی فیدا کرد.
ئۆمەرگیان! دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم؛ لەحاست ئێوە خۆم بە شەرمەزارو تاوانبار دەزانم. مافی خۆتانە، نەم بەخشن. بەڕاستی بۆلێبووردنو بەخشین نابم. بیستم باستان کرد بووم و گوتبوتان ئەویش ڕۆیی بەجێیێ هێشتین.
بەڵێ ڕۆیشتم بۆ وڵاتێکی دوور، تابلێی دوور. تا لێواری ئیشکایی ئوروپا «ئەسکەندیناوی» واتە وڵاتێ ساردو سەهۆڵ.
تا بلێی وڵاتێکی سارد تەنانەت خۆیان لە وڵاتەکەیان ساردتر.
چبکەم بڵێم چی؟ لەگەرم و گوڕی نیشتمان و خەلکی لای خۆمان بێ بەش بووم. کام نیشتمان؟! کام خەڵك؟! ئەو خەڵكو وڵات و نیشتمانەی داگیرکراوەو دەستی بەسەرداگیراوە. ئەو نیشتمانەی خەباتی دژی داگیرکەران و تێکۆشانی نەپساوەی لێ یە. بەربەرەکانی لێ یە. بەلام لەوێش لەبەر نەبوونی دروشمی سەربەخۆیی مرۆڤ ناحەسێتەوە. کەوا بوو جێگام نیەو لەهیچ شوێنێك ناحەسێمەوەو بێ جێگاو ڕێگام. لەگەڵ ئەوەشدا دوژمن بەدوای ئاوارانەوەیە هەڵیان دەنێ تابزانێ چیان پێیە و چیان لەتوانادا ماوە؟
دوژمن واز نایەنێ و ئێمە مانانیان پێ تاوانبارە! تاوانم ڕێنوێنی و داکۆکی لە نەتەوەکەمە. تاوانم ئازادیخوازی و کۆڵ نەدان و تێکۆشانە بۆرزگاری نیشتمانو ئازادی گەلەکەم. هەوڵدان بۆ هاتنەدی مافی

گەلێکی بەش خوراوی هاوخوێنی دەست بەسەر داگیراو. ئەوگەلە زیندوەی بەدرێژای مێژوو چەوساوەتەوە. ئەوگەلەی خەون بەئازادیەوە دەبینێ و لەهەموو بارێکەوە لە ئازار دا دەژی. ئەو گەلەی وەك بەشەگۆشت بەسەر چوار وڵاتی بێگانەدا، بەش بەش کراوە. ئەو گەلەی بەزۆر زمانی زگماکی لێ قەدەغە کراوە. ئەو گەلەی بەکۆمەڵ دەگیرێن و دەکوژرێن. سەرەڕای ئەو دژواریانەش، دوژمنان بەسەدان ڕێگەی پڕ لە فڕو فێڵ و پیلانگێڕیان بۆ فەوتانی نەتەوەیەکی گەورەی وەکوو کورد تاقی کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەنێوی نەتەوەی ترمان هەڵدەدەن. بەعەرەب و فارس و توورك. تەنانەت وەك وەحشی بەلاوەمان دەناسێنن. یان پێمان دەڵێن: ئێوە ئێرانین! ئێوە عیراقین ! عەرەبن. یان دەڵێن ئێوە تورکی کێوین، و . . . .

دەزانی بۆ وامان پێدەڵێن؟ چونکە پێناسی نەتەوایەتی مان نیە. لەڕاستیدا ئێمەش بۆ پشکوتنی بیری نەتەوایەتی هەولی خۆمانێ نەداوە وەك نەتەوە بمان ناسن. تائەوکاتەی بۆخۆمان پێمان وابێ نەتەوە نین. کوردی بێ وڵاتین و حاڵمان لەوە باشتر نابێ. بەداخەوە بۆخۆمان بەخۆمان دەلێین ئێرانین! عێراقین و . . . .

ئۆمەرگیان! لەشیکردنەوەی ئەو شتە کۆنانە بمبوورە. دەزانم هەمووی ئەوانەم لەگەڵ باس کردوی دەیانزانی و بۆتۆکۆن بوون و پێویست ناکا لەوەت پتر بۆ بنووسم. تۆئەو شتانەت دەزانی بۆیە لێم نزیك بوویەوەو ڕەگەڵمان کەوتی.

باوەڕم پێ بکە، لەزانایی و لێزانی ئێوە شکم نیەو بەمرۆڤێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرتان دەناسم.

بیستمەوە لەو لاولا گلەیت کردبوو. مافی بەحەقی خۆتەو هەرچی بلێی لێت بەئیراد ناگرم. ئەگەر دەشت بزێوم، مەبەستم لەو درێژ دادڕیە، کولانەوەی برینە کۆنەکانمە. ئەو برینانەی وەبنیان داوە، ئەو برینانەی کە بەلومەی خەنجەری نەزان ئەنجناون. ئەو خەنجەرەی کە بەبیری ژەهراوی خێڵەکی ئاو دراوە. ئەو برینەی بە نووکی زمانی چاپلووسی بۆخۆ بردنەپێش ئەنکواوەو

لێم بۆته سۆ. کەم کەس هەست بە ئێش و ئۆف و ئازاری برینەکانم دەکا. برینی ژێردەستی و زۆرداری و چەوساوەیی، برینی گوللەی بەکرێگیراوی خۆییش لەو لا ڕاوەستێ کە چ ناسۆرێکی بەژانە. تۆخوا ئۆمەر گیان! بمبوورە کە بەجێم هێشتی. چونکە مرۆ بەگوناهەوە دەبەخشرێ. ڕەنگبێ پێتان وابێ بەهاتنەدەرم گەیشتوومەتە جێگای خۆم و لەگەڵ هاوڕێیانی دەرەوە ئێستا گەرم و گوڕین و زرمەمان دێ، یان هەموو وێکرا یەکڕەنگ و یەکدەنگ و تەباو ڕەباو خەمخۆری یەکترین و موومان لەبەینەوە ناچێ!؟
نا کاکە گیان! بەداخەوە وانیەو بگرە بەپێچەوانەی ئەو خەیاڵات و لێکدانەوەی ئێوەیە. بەدوو لەت بوونی ڕێکخراو، و مشت و مڕی دوو باڵی ڕۆژ هەڵات، هەروەها شەڕی دوو دەسەڵاتداری باشوور، ئێمەش بەگشتی وەڕەزو شێواوین، ئێستا شەڕەکەی ئەوێ گەیشتۆتە ئێرەو «شەڕ قوونی لە دەرکێ ناوە» ئەگەر تەقەو هەڵلاو لێکدان لە وێیە، پاشدەنگ و ڕاسان و ململانەکەی لێرەتۆز دەکات. هەرکەس بەیاری خۆی هەڵدەڵێ و لایەنی تر بەتاوانبار دەزانێ و پروپاگاندی بۆ دەکات، بەڵام خوا شوکر گوێ ڕایەڵیان کەمەو هەر بۆخۆیانن بە «ڕبەی» خۆیان دەپێون. لەئێمەش مەپرسە هەموومان «بەپۆستی خۆمان دا کەوتووین» ڕووناکیمان لە دڵدا نەماوە. ئومێدمان کز بووە پردە بازی هیوا ڕووخاوە، بزەی سەر لێومان ون بووە، خۆشی باری کردووە، ڕەشپۆشی جێگای گرتۆتەوە. پێکەنین وەسەرگریان گەڕاوە، سەرگەردان و پەشێو چاوەڕوانی داهاتووین، داهاتووی لێڵ و نادیارو ناڕوون و قوڕاو.
ئەرێ ئۆمەرگیان! توخوا ئێوەش لە ترسی پرسیاری ئەم و ئەو خۆ لادەدەن و خۆتان لە خوارە پێچان دەگرن!؟
ئێوەش بەمن، من و لەسەر هەوا حکومەت کردن قەڵسن؟
گۆیا ئەوان نەك هەر گوێ بۆ کەس ڕاناگرن، کەسیان پێ هەو نیەو کەس بە پیاو نازانن، پێیان وایە هەرخۆیانن شت دەزانن و لەخۆیان بەو لاوە

هەموو کەس نەزان وگێژن . هەر دەبێ وابێ، ئەوان بۆخۆیان زگیان تێرەو جێگایان گەرمەو بە دەسەڵاتو نەغدی خۆیان گەیشتوون و لێقەوما و ڕەش و ڕووتیش، بە . . .

کاکەگیان بڵێین چی؟ کولتوورەکە ئەوا جێ کەوتووە . دوژمنمان زۆرەو بەمەسەلەی کوردەوە قەڵسن . هەزارو یەك پیلانیان دژی ئێمە بە دەستەوەیە . ئێمەش بێ پلان. ئەوان یەککرتوون، ئێمە دژ بەیەك. ئەوان دەوڵەتو دەوڵەمەندو پۆڵدار، ئێمەش خاوەنی گەنجو خەزینەی دەست وێرا نەگەیشتوو . لەسەر ئەو حاڵەش، ناتەباو یەك نەگرتوو و دژ بەیەك.

زمانم لاڵ بێت، تۆبڵێی بەو بەراوردە، هیچمان بۆ بکرێ؟ بڵێی دوژمنان لێ بگەڕێن کورد شتێك پێکەوە بنێن ؟ پێت وایە بۆخۆمان ڕۆژێك بکەینە ئەو جێگایە گوێ ڕایەڵی بیری خێڵەکی نەبین و لەڕووی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی دروست هەنگاو هەڵێنینەوەو ڕێگا ببڕین ؟

لەسەدا سەد پێم وایە، دوژمنانی داگیرکەر بۆئەوەی هەرخۆیان خاوەنی گەنج و خەزینەی بێ پایان بن و هەربۆخۆیان لەسەرگەلی کورد ئاغاو کوێخابن، لەمێژە کاری خۆیان کردوە و قسەی خۆیان لەگەڵ یەك بڕیوەتەوەو بەرنامەڕێژی خۆیان لە دژی کورد کردوەو « هۆرەی داریان لەخۆیی بۆخۆیی داتاشیوە »

ئۆمەرگیان پێم وابوو هەواڵی ئێرەت تۆزێك بۆ بنووسم باشە، بۆیە ئاماژەم بەهێندێك شت کردو بۆم باس کردی. بۆ وەی بزانی لێرەش شتی وا دەکرێن و لەوەش پتر دەکوترێن و دەبیسترێن و دەنووسرێن.

بۆخۆشم هەر وەك جارانم و بیرو ڕاشم پتەوتر بووە و نەگۆڕاوم. ئێستاش وەك جاران دەیڵێمەوەو دەڵێم: « ئێمەی کورد نەتەوەیەکی نەخوێندەوارین. گەلێکی پاشکەوتووین. میللەتێکی خۆخۆرین. بیرو فەرهەنگی خێڵەکی بەسەرماندا زاڵەو گوێ لەمستین. لەدژایەتی یەکتر ئازاترین تا بێگانە. فرە سادەو ساکارین و زوو بەهەڵە دەچین. لێکۆڵینەوەمان نیە و بەبێ لێکدانەوە

هەڵدەکوتینە سەرکاران. یەکگرتووش نین. بۆخۆکوژیو یەکترکوژی وەك « ئاوری قودرەتین » لەحاست بێگانەش ساردو بێدەستو بردو بێ پلانین. خۆمان زۆر پێ ئازایە، ئازاش نین. خۆمان زۆر پێ زاناو دانایە، واش نین. وتەو خۆ نواندنمان لە کردەوەو ئاکارمان گەلێك دوورن. بەدەم دەڵێین: خاکین، خزمەتکارین، ئێلەین، بێلەین، واش نین. بەداخەوە ئەوەندەی دوژمن حەزدەکا، بەرزەفرین، لووت بەرزو دەمارگرژین ،و خۆمان پێزۆرە. پێمان وایە هەر خۆمان شت دەزانین و خەڵکی تر نەزان و گەوجن .

ئۆمەرگیان! وەك گوتم؛ کلتورەکەمان واجێکەوتووە. ئەگەر من و تۆش بەرپرسی کۆمەڵێك بین و لەسەروو بین و دەسەڵاتمان هەبێ، ڕەنگبێ هەروا بین و باشتر نەبین.

بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە لە دێموکراسی هەواڵێك نیەو تەنیا نێوی چۆماغ و زەبرو زەنگ لەسەر زارانە. ئەوەش فەرهەنگی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستانەو ئێمەشی گرتۆتەوەو بەرپرسانی سیاسی کورد لاسایان دەکەنەوەو پەیڕەوی لێدەکەن. ئێستا کەوایە، تکایە لەبیرم مەکە و گلەییشم لێ مەکە. بامن توش دڵ مان لێك نەیەشێو نێوانمان سارد نەبێ. لانی کەم با ئاشتی لەنێوان منو تۆدا هەبێو شەڕمان نەبێ. تابزانین چۆن دەبێو سەرئەنجامی ئەو بێ ئوسولیانەی دەکرێن، بەکوێ دەگا.

چاوەروانی وەڵامم.

هاورێی جارانی خۆت، سەعید کاوە

سوئێد ١ / ١٢ / ١٩٩٣

---

ئەو نامەیە لە کاتی لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانو شەڕی ناوخۆیی پارتیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە بەرگی ٢ی ئاورێکدا لە ئاخرو ئۆخری ساڵیی ١٩٩٣دا نووسراوە .

# ڕوانگەی چەند کەسایەتی کورد!

دوای تێك هەڵچوون و کوشتاری دڵتەزێنی نابەجێی شاری قەڵادزێ ساردی و سڕی کەوتە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی · ئەو ساردی و نێوان ناخۆشیە گەورە بۆ وەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر پەرەی ستاند · بۆلە ناو بردنی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیە زۆربەی هەرەزۆری کەسایەتیەکانی کورد، بگرە لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، نووسەران، شاعیران، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، کەوتنە خۆ بۆنا وبژیکردن و بڕینەوەی شەڕی براکوژی کێشەی ناوخۆیی ·

بەداخێکی گرانەوە، ئەو هەموو دڵسۆزی و زەحمەتانەی جێگایان نەگرت · دوولایەنی شەڕکەر بەبیرو بۆچوونی تەسکی پارتایەتی و خێڵەکی و ناوچەخوازی، وازیان لە دووبەرەکی و ڕك و کینە نەهێناو گوێیان نەدا ئامۆژگاری و پەندی چین و توێژو کەسایەتیەکانی گەلی کوردستان و شەڕەکەیان گەرمتر کرد · زۆرکەس لەوانەی چەکیان بۆهەڵگرتبوون کوژران و برینداروسەقەت بوون · بنەماڵێکی زۆرلەو نێوەدا بوونە فیدای شەڕی نەخوازراوی لایەنەکان ·

کاتێك ڕەوتی شەڕو کوشت و کوشتار لە کوردستان پەرەی ساندو هیواو هومێدەکان دابەزینە سەر نیزیك بە سیفر! منیش تا ئەو جێگایەی پێویست دەکا وازم لەخەت و هێڵی ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هێناو ڕوومکردە ئەو ڕووداوە گرینگ و دڵتەزێنانەی کوردستانی باشوور، کە نووسەرو دڵسۆزانی کورد لە نووسین و هەوڵدان ماندو بوون ·

بۆ ئەوەی لە نووسینی ڕووداوەکاندا بێ لایەنی خۆم پاراستبێ و ئەوەی دێتە سەرکاغەز هێندێك بەڵگەدار بێ، بە ناچاری لە بیرو بۆچوون و ڕوانگەی چەند کەسایەتیەکی سیاسی و مێژووناس و نووسەری کورد کەڵکم وەرگرتووەو دەرسەدێکی کەمی کە لەوسەردەمەکورتەدا لە ڕادیۆ

و دانیشتنەکانی خۆیاندا، لە میدتیویّ لەبەرنامەی (کورسی گەلدا) بلاو کراونەتەوە، بە کاسیّتی ڤیدیۆ هەلّگیراون و بە شیّکی بچوك هاتوونەتە سەر کاغەز، کە لیّرەدا دەیخەمە بەرچاوی خویّنەرانی بە ریّز٠

بۆیە ئەو باسەم خستە نیّو بیرەوەریەکان، پیّم وایە؛ هەرباسیّکی بکریّو بنووسریّ، لە مەسەلەی کوردستانی باشوور گرینکتر نین٠ باسەکەی منیش بە گشتی لەسەر ئالّوو گۆڕو رووداوە گرینگەکانی ئەو رۆی مەسەلەی کوردە٠ لەکەس شاراوەنیە، ئەوهەوالّەگرینگانەی کەلەمەڕ رووداوە دلتەزیّنەکانی ئەورۆی کوردستانی باشوور، واتە سالّی ١٩٩١ دروست بوون، بۆکورد بە مەسەلەیەکی هەرە ناخۆشی رۆژ دەژمیّردریّنو هیچ باسوخواسو مەسەلەیەکیتر، لەو روداوانەی باشوورگرینگترو دلتەزیّنتر نین٠

بە بڕوای زۆر کەسایەتی کورد، کارەساتیئەرۆی باشوور، بە لە بەر چاوگرتنی سیاسەتو هەلوومەرجی جیهانی، لە میّژوودا زۆر بەکەمی کیّشەی ئاوا روویانداوە٠ ئەوەی ئەورۆ لە کوردستان روودەدەن لە ئاستی دنیای پیّشکەوتووی ئەورۆدا گرینگ و جیّگای سەرنجن٠

بە گرینگ زانینی مەسەیەکی ئاوا لە هەلوومەرجی سەردەمی ئەورۆدا، بە نیگاتیف وەردەگیریّ٠ هەلیّکی کە ئەورۆ بۆکورد ڕەخساوە، پشت تیّکردن لەو هەلە بە نرخە، بیّشك بیّبڕوا کردنی کۆمەلّی کوردەواری بەگشتی و نیّو نەتەوەیی بە تایبەتی دەگەیەنیّ٠

بۆیە بە باشی دەزانم هیّندیّك لە وتوو ویّژو ئەو باسە گرینگانەی کە نووسەرو دوکتورو روناکبیرو سیاسەتمەداری کورد لەسەر رووداوەکانی ئەو دوایانەی کوردستان لە دانیشتنو کۆبوونەوەی تەلەڤیزیۆنیدا روانگەی خۆیان ڕاگەیاندوە بنوسریّن و، وەك رووداوی میّژوویی کوردستان بۆ داهاتووی لاوانی کورد لە پەڕتووکیّکی بچووکدا سەبت بکریّنو ڕابگیریّن٠

بەڕاستی ئەوکارەساتانەی پیّك هیّنراون و ئەو روانگەو ئامۆژگاریو

بۆچوونانەی کە لە بارەی هەلوو مەرجی لە دەستچووی ئەو رۆی کوردستانی باشووردا گوتراون، بە دەرفەتو گرینگیان دەزانم بێنە سەرکاغەز بۆنەوەکانی دوارۆژ. بێشك ئەوەی ئێستا دەیبینن هاتۆتە سەرکاغەز، یەك هەزارومی ئەو باسانەیە کە ئاماژەی پێکراوە. واتە؛ قەترە بەدەریایە. بەلام بۆبیرەوەری و بەلگە، وەك دەلێن: (مشت نمونەی خەلوارە) مەبەست ئەوەیە؛ لەسەدا پێنجی کۆمەلی کوردەواری ئەوکۆبوونەوانەیان نەدیوەو نا توانن گوێیان لێ بێ، چونکە ئەو تەلەڤیزیونانەی بە «ساتەلایت» دەبیندرێن، لەکوردستانی رۆژهەلات قەدەغەنونابیندرێن.

دووهەم: لەبەرئەوەی وتوو وێژەکان باسی رۆژنولەسەر شتەکان ئاگاداری هەیە، بە شتێکی مێژویی دەژمێردرێ. هەرچەند کەمیش بێت، تائەو جێگایەی بۆم لواوە، نەم هێشتووە بە فیرۆ بچنولە چەندکاسێتێکی ڤیدۆیی دا زەبتم کردون. هێندێك وتەی بەنرخی سەرنج راکێش منی هێنا سەر ئەو رایە؛ کە ئەگەر بەشێکی هەرە بچوکیش بۆبەلگەی مێژویی لە نێو بیرەوەریەکانمدا لە شوێنێکی ئەوکتێبەدا بگونجێن هەرباشە.

بەو هیوایە لە داهاتوودا کەلکی باشو پڕ بایەخیان لێوەربگیرێ.

شەوی ٢٩/١١/٩٦ لە تەلەڤیزیۆنی مێد کۆبوونەوەیەکی وتووێژ پێك هات. چەندکەسایەتیەکی کورد لەو دانیشتنەدا بەشداریان کردبوو. کە بریتی بوون لە؛ دوکتور یاسین، دوکتور کەمالمیرئاودەلی، کاك فازل، کاك جەزا چەنگیانیو ...

گولبژێرێك لەو خالە گرینگانەی کە لەسەر کوردستانی باشوور گوتراون بە شێوەی دانیشتنو قسەکردنی خۆیان، بێ دەست تێوەردان و بەشێوەی وتوووێژو بە تامو چێژی خۆیان دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران.

لە پێشدا لە دوکتور میرئاودەلی پرسیار دەکرێ:

**سەبارەت بەچۆنیەتی ئێستای کوردستان روانگەی خۆی بەیان بکا.**

ناوبراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ:
لەسەرەتای شەڕی هەڵگیرساوی نیوان کوردەکانی باشوور، جەماوەری کوردستان بە گشتی، روناکبیران، ئافرەتان، مامۆستایانو پارێزەران بەتایبەتی، زۆرجاران هەوڵی خۆیان داوە کە ئەو شەڕەی نیوان پارتیو یەکێتی ببڕێتەوە، نەبڕاوەتەوە٠ بە ڕاستی ڕەش بینی و ناهومێدی وای لێکردوین کە مرۆڤ بڕوای بە خۆی نەمێنی، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو چەند ساڵەی ڕابردو بکەین: یەکەم ئەو هەڵبژاردنەی جەماوەر لە کوردستان کردی، ئەوحیزبانە تەنیا ڕێگایان دا بیکەن٠ هەرچەند خۆشیان نەیان دەویست بکرێت. میللەتەکەمان هەڵبژادنێکی نموونەی کردودەست کەوتیشی سەروکەوتنێکی نموونە بوو.

*« هاوکات لە ئەفغانستان هەڵبژاردن دەکراو سندوقی دەنگەکان بە گوللە کونکون دەکران. یان دەبوو بەهەراوکێشەوگێرەشێوێنی، تا هەڵبژاردن تێک چوو٠ ئەوکارە لە سەرانسەری جیهان بوو بە هەواڵیی گرینگی ڕۆژ٠ کوردیش کە لە لایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی وەکو ئێران و عێراقو سوریەو بەتایبەتی تورکیا بە وەحشیو تورکی شاخی ناسێندرابوو، بە پێی هەواڵی ئەو هەواڵدەرە دەرەکیانەی کە لەمەیدانی هەڵبژاردنو ئامادە بوونیان، بە هەڵگرتنی فیلمی تەلەڤیزیۆنی و ناردنیان وەك هەواڵ بۆدەرەوەو هەروەها شاهید بوونی خۆیان لەمەڕهەڵبژاردنێکی ڕێكو پێك و بەرێوە بردن بە شێوەی دیموکراسیو ڕەنگدانەوەی لە نێوماس مێدیای دەرەوە، کوردی بەجیهان ناساند »*

________ نووسەر.

دوکتورمیرئاودەلی درێژەی بە وتە بەنرخەکانی داو گوتی:
– کاتێ حکومەتی عێراق ئیدارەکانی خۆی لە کوردستان کێشاوە، یان پێیان کێشاوە، دەبینین ماوەیەکی دوورو درێژە گەلی کورد بەبێ مەعاش بە ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەریانە هەڵیکردوە. چونکە سوورەلەسەر ئەوەی ئەو سەربەخۆییە بپارێزێ٠ منلانیکەم سێ جار چوومەتەوە کوردستان و قسەم لە گەڵ هەرکەس دەکرد دەیانگوت: ئێمە هەموشتێك قبووڵ دەکەین بەس سەدام حوسێن نەگەڕێتەوە٠ ڕژیمی فاشی ڕۆیشتووەو

دەرفەتێکی مێژوویمان بۆ ڕەخساوە دەبێ ئەو هەلە مێژوویە بپارێزین.
ئەو ماوەی لەوێ بووم بەچاو پێکەوتن لەگەڵ جەریدە نوسانی کوردستان گوتم: میللەتی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەیە نمونە بێ٠ لێرەش خەڵك بۆ قیادە دەڕوانێ، کەسێك کە نموونەی کەرامەتی قەومی نەتەوەکەی بێت، نموونەی ئامانجەکانی بێت، هەست بە عیزەتی نەفس و شەرافەت بکا بەرانبەر بێگانە، قەت چاوەڕوانی ئاوای لە قیادەی خۆی نەکردوە٠
ئەگەر ئەو دەورانە لەگەڵ خۆیانا ڕێك کەوتبانایە بۆهەموو شتێك خەڵك وەدوایان دەکەوت، پەیدابوونی شەڕی براکوژی سەدەمێکی فرە گەورە بوو بۆگەلی کورد٠ لە کوردستان هەمووکەس دەوری خۆی بینی، ئێمە دەزانین هەزاران ژن لە شاری سولەیمانی ڕا بەپێیان ڕۆیشتن بۆ هەولێر، نووسەران، هونەرمەندان، روناکبیران، هەروەها چەندەها کەس لیژنەی ئاشتیان دروست کرد بوو٠ لەدەرەوەی وڵاتیش بە سەدان کەس لە ئێمە پێش شەڕی براکوژی کۆبوونەوەمان بووە٠ ئێمە لە لەندەن کۆبووینەوەو بۆمان نووسین و تکامان لێکردن کە ئەو پارلەمانە بپارێزن، ڕێبازی پارلەمانیش ئاشکرایە کە دەبێ دەسەڵات بدەن بەپارلەمان، دەسەڵات بدەن بە میللەتەکە٠ گرێپوچکەی کاری ئێمە ئەوەیە کە زۆر باسی موشکیلە دەکەین، بەڵام باسی چارەسەریەکانی ناکەین٠
کورد چارەسەری نازانێ. کاتێ باسی دێموکراسی دەکەین، حیزبەکان باسی دیموکراسی دەکەن، نازانن دێموکراسی چیە! ڕۆژنامەی برایەتی پارتی، لاپەڕەیەکی هەیە لەسەر یاسا هەموو ڕۆژێ لەو لاپەڕەیەدا هەرچی پێویستە بۆکوردستان و هەرچی شتی جوانە لەسەر یاسا دەنووسرێ٠ نووسەران و پارێزەران و حاکمەکان تێیدا دەنووسن٠ کاتێ یەکێ دەیخوێنێتەوە بەروالەت دەڵێ؛ ئەمە حیزبێکە ئەو پەڕی قانونو یاسا ڕێزدەگرێت و ئەو پەڕی لە دێموکراتیەت دەزانێ و هەروەها سەیری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێت کردبایە هەر بەم شێوەیە بوو٠
نمونەیەکی سەیر! ئیستا کەچی کاك مەسعود بارزانی هەموو قەسرو

خانوەکانی هاوینە هەواری سەلاحەدینی بۆ خۆی داگیرکردوە؟! کەس نیە کە پێی بڵێ نەچێتە ناوی، بەڵام ئەگەر قانوون لەبەر چاوبگیرێ؛ ئایا ئەو حەقەی هەیە بچێتە ناویان ؟ یان دەبێ پارلەمان قەراربدا چیان لێ بکرێ؟ یان کێ بچێتە ناویان. مەبەستم لەوە نمونەیەکە. دیسان عەینی شت یەکێتی نیشتمانی لە قەڵاچوالان هەر بەم شێوەیەی کردوە. مەبەست لەو نمونانە ئەوەیە؛ کە واتە تۆ قانوون دادەنێیو قانوون شکێنی، واتە تۆ خۆت قانوونت دروست کردوەو بڕوات پێ نیە!

ئەگەر تۆی حیزبی ئەوە دەکەی، ئەمو ئەوی دیکەش بەچاولێکەری لە تۆ ئەوانیش ئەوە دەکەن. لە پێشدا هەر لەزووە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان میللەت داوایان لێکردن یەك هێزی یەکگرتوو هەبێو دەسەڵات بدرێ بە پارلەمانو. . .

بەداخەوە کاتێ سەرۆکی حیزبێك خۆی بە موقەدەس‌تر بزانێ لەوەی ببێ بە سەرۆکی پارڵەمانەکەی خۆی، تۆدەڵیی چی ؟

ئەوکات موشکلە دێتە سەرچی؟ دێتە سەر ئەوەی عەقڵو عەقلیەتی خەڵك بەرانبەریان چۆن دەوەستێ ؟ دێمەوەسەر جەماوەر. جەماوەرێکی زۆر، بەڵام بەو عەقلیەتەی باسم لێوەکرت، نەك هەرگوێیان لێ نەگرتن، بەڵکوو بەو پەڕی حەقارەتەوە سەیری خەڵکیان دەکرد !

لێرە لەئوروپا منداڵێك کاغەز بۆ وەزیرێك، سەرکۆمارێك بنووسێ بەو پەڕی حورمەتو ڕێزەوە، یا بە ڕەسمی یا بە نامەی خاس وەڵامی دەدرێتەوە. من کاغەزم نووسیوە سەرا سەر بۆ «جان‌مەیجەر» مانگێکی پێ نە چووە وەڵامی داومەتەوە.

ئێمە چەندەها جار موزەکەرەو یادداشتو نامەمان ناردوە بۆ و لایەنانە، وەڵاممان نەدراوەتەوە. یانی مەبەستم ئەوەیە؛ جەماوەرێك هەیە، میللەتێك هەیە دەیەوێ تەجروبە بپارێزێ، پێی بگەیەنێ، سەربەخۆبێ، ئازاد بێ. قیادەیەك هەیە دابڕاوە لەمیللەت، دابڕاوە لە بەرژەوەندی، دابڕاوە لە ئامانجەکان، بۆخۆی لە ئەشکەوتێکی بیری دواکەوتوویی،

بەبەرژەوەندیەکی زۆرزۆرتەسك ! جاناوی لێدەنێی: خێزانی، خێڵەکی، دواکەوتوویی‌حیزبی، هەرچی دەتوانی پێی بڵێ • ئەو پرسیارە دێتە پێش: ئەو میللەتە بۆ وای لێهات کە هیچ دەورێکی نەمێنێ ؟!
جاری وایە دەڵێین دووحیزب . بەڕای من حیزبە بچوکەکان لە وانی دیکە زۆر تاوانبارترن • یەك نمونەتان بۆ باس دەکەم:
ئێمە دەزانین لە هەموئوروپادا کاتێ ئەندامێکی پارلەمان ، وەزیرێك، کاربەدەستێکی بەرزی حکومەت، لێی ئاشکرابێ کە دەهەزار یا بیست هەزار پاوەندی بە شێوەی نامەشروع وەرگرتبێ، ئەو حکومەتە لەسەر ئەو وەزیرە بەڵگە دەردەخاتو زۆرجار ئەو حکومەتە دێتە رووخان، یان دەرووخی. کەچی بە پێش چاوی هەموویانەوە دووساڵ سێ ساڵە لە هەموو رۆژنامەکانی عەرەبی دا، هەروا بە تازەگی لە رۆژنامەی فاینالش‌تایمزدا نوسراوە کە واریداتی بنکەی سەر سنووری برایم خەلیل هەموو رۆژێ سەدو پەنجاهەزار دولاری داهاتە. • ئەم پارەیە، ئی برسی کوردستانە • ئی منداڵی کوردستانە • پارەی مامۆستای کوردستانە • پارەی دایکانی ئەنفالە • کە چی ئەم پارەیە دەدزرێو بە ناوی کۆمەڵە کەسێکەوە دەنێردرێتە دەرەوە ! ئەم حیزبانەی کوردستان کە داوای مافی زەحمەتکێش‌و هەژارو چەوساوە دەکەن، بۆ دەبێ نەتوانن بڵێن: ئەو پارەیە بۆ دەدزرێ؟
من لە مێژووی ئینسانیەتدا نەم دیوە قاعیدەو حیکمەتێکی ئاوا کە من مامۆستابم پێنج شەش منداڵم هەبێ‌لەناکاو مەعاشم لێ ببرێ و ئەو پارەی من چەند کەسێك بیبەن بۆخۆیان • جا ئەو چەند کەسە ، چ حیزب بێ، چ بنەماڵەبێ. ئینسانی‌کورد یا رووناکبیری کورد، یا حیزبێکی دیکە کە نەیتوانی بەرانبەر بە شتی ئاوا مەوقیف بنوێنێ چ روو دە دا؟ برسیەتی، فەقر و....
ئێستا مەسەلەی تورکمانو بوون بە تورکمانیش هەر دەگەڕێتەوە سەر فەقر • تێشکانی عیزەتی نەفس، نائینسانیەت، هەمووی دەگەڕێتەوە

سەر ڕادەی فەقر . یانی فەقرو برسیەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە . کاتێ مرۆڤ چووە ماڵەوەو منداڵەکەی برسی بوو ، دێتەسەر مستەوای حەیوانی . چونکە تۆ بەرانبەر بە برسیەتی منداڵەکەت بەر پرسیو جگە لە هەوڵدان بۆ تێر کردنی منداڵەکەت هیچ شتێکی ترت لە بیر نامێنێ . ئێستا کوردیان والێکردوە کە بگاتە مستەوای حەیوانیو لە بیری ئەوە دابێ چۆن ئەو ڕۆ بۆ سبەینێ خۆی تێربکات! ئێمە لەبیرمان چۆتەوە کە دەگیراین ، تەعزیب دەکراین ، دەکوژراین ، وڵاتمان وێران دەکراو هەزارو یەك بەد بەختی تر. . .

حکومەتی تورکیان لە بیر چۆتەوە کە ماوەیەك لە وە پێش ڕەسم «وێنە» بڵاو دەکرایەوە سەری کوردیان دەبڕیو بەرزیان دەکردەوەو شانازیان پێوە دەکرد . لەگەڵ ئافرەتی کورد دەنوونو ڕەسمی پێوە دەگرن!

ئێمە لە گەڵ ئەوان ڕێك دەکەوین و سەریان بۆ شۆڕ دەکەین! ڕژیمێکی وەك ئێران کە بەس لە کوردستانی ئێران سەدو شەست هەزار کوردی کوشتوە ، ئێمە دەمانەوێ سەریان بۆ شۆڕکەین ! ئاوا بە سووکیو حەقارەتیش سەیری میللەتەکەی خۆمان دەکەین . ئەوەندەی برسیو نارەحەت دەکەین تا وەك دەڵێن؛ پتر لە نیو میلیۆن کورد خۆی بە تورکمان بنووسێ !

مەبەستم ئەوەیە حیزبەکان نەیان توانی بەو میللەتە ڕابکەنو ژیانیان چاك بکەن ، بۆئەوەی تووشی ئەو ماجەڕا دڵ تەزێنانە نەبن . بۆچی نەیان توانی؟ نەهاتن ئەو داهاتو پارانەی گومرگی برایم خەلیلو گومرگەکانی تر بێنن بیخەنە دەست میللەت ، تاکوو کەرامەتی نەشکێو منداڵی برسی نەبێو ئافرەت تووشی ئەوە نەبێ لەشی خۆی بفرۆشێ . حیزبە بچوکەکانیش دەمی خۆیان داخەن بۆ ئەوەی چەند پەلکە دۆلارێکیان بدرێتێو خێزانەکەی خۆیانی پێ بژیەنن . لەو لاشەوە سەیری میللەتەکەی بکات کە برسی کراوە .

بە ڕەئی من قبوولکردنی ئەو وەزعە ئابوریە بوو ئەو نابەسامانیەی بەسەر

ئەو میللەتەدا هێنا . کە بوو بە هۆی ئەوەی بڵێین: ئەو حیزبە ئاوای کردو ئەوی دیکە ئەوەی کرد ، واتە داپۆشینی جەریمەی یەکێکیان بە قازانجی ئەوی تریان ·

نەیان گوت ئەوانە جەریمەن تا وەخۆیان بێننەوە و خەریکی چارەسەرێك بن · جگە لە وانەش نۆکەری بۆ ساواماى ئێران هەر جەریمەیە، نۆکەری بۆ میتی تورکیە هەرجەریمەیە، نوکەری بۆ سەددام گەورەترین جەریمەیە . هەروەك ئینسان لە باری ئەخلاقیەوە ناتوانێ لەگەڵ دایکی خۆی بخەوێ ، مەسەلەی کوردیش لەگەڵ سەدام وای لێهاتووەو نابێ لێ نیزیك بی ·

بە داخەوە ئەو ئوسوولو پرنسیپە شکاو نەیان توانی مەوقیفی خۆیان بپارێزن · لەبەر ئەوشتانە، بەبروای من، ئەوانە شەریکن لەگەڵ ئەو جەریمە تاریخیەی کە بەسەرکوردیانهێنا و نەیان توانی مەوقیف دەرببڕن · ———————

دوابەدوای دوکتور میرئاودەلی هەمان پرسیار ئاراستەی کاك عەبدولقادر یەکی لە پارێزەران کرا و ناوبراو لە وەلامدا گوتی:

- بە بروای من مەسەلەی ناکۆکی دووحیزبەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێشوو · دوای ڕاپەڕین ، بە عەینی بیرو بۆچوون گەرانەوە سەرساحەی کوردستانو بە عەینی ئیرهاب و دیکتاتۆری و عەینی عەقلیەتی بیری شاخەوە هاتنەوەو نەیان توانی بە بیرو عەقڵێکی مەدەنی حوکمێك بەکار بێنن کە نیزامێکی مەدەنیو کەسانی تری بە بیرو باوەری جیاواز لە خۆیان لە شارەکان حوکم بکەن·

شتێکی زۆر ئاساییە کە حیزبەکان نەیان توانی هەلسوڕانی سەر ساحەی کوردستان بکەن· بە تەئکید مەفهومی دێموکراتیەت تەنیا شکڵێکی کاریکاتۆریو غەلو غەشێك بوو لە هەرێمدا قەت نەکراوە روانگەیەکی جیا لە روانگەی ئەو دووحیزبە سیاسیانەوە بگونجێو هەبێ· دیارە ئەگەر دێموکراتیەت هەش بێ، بە دێموکراتیەتی شاخەو هەر بە عەقلیەتی شاخەوە ئینتاجی دەبێ·

کاك باهۆز بەرێوەبەری بەرنامەی مێد تیڤی، رووی لە کاك جەزاچەنگیانی کردو لە مەر باشووری کوردستان چەند پرسیارێکی لێکرد. ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: بە بڕوای من نە بوونی رۆڵی پارتەکانی بەرەی کوردستانی لە وەستانی شەڕی بەینی یەکێتیو پارتی دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت؛

یەکەم زۆربەی زۆری ئەو پارتە وردانە کە لە دوای ڕاپەرینەوە دروست بوون بەشێوەیەکی سروشتی لە دایك نەبوون. بۆنمونە: بمانەوێو نەمانەوێ پارتە ئیسلامیەکان لەلایەن وڵاتێکەوە دروست دەکرێن کە ئەو وڵاتە دوژمنی کوردە. هەلوێستی پارتە وردیلانە کانی تریش باش نیە.

دووهەم، پارتیو یەکێتی، جەلالو مەسعود، خۆیان دەرخستووەو گەلی کورد ناسیونی، ئەوەیان لەگەڵ تورکیا دەستی تێکەڵاو کردوە. ئەمیشیان لەگەڵ ئێران. زۆربەی زۆری ئەم برادەرانەی لەگەڵ ئەم پارتە بچوکانە ئیش دەکەن هەر دوولایەنیان بە باشی ناسیوەو بەروونی ئەم ڕاستەقینەیە دەزانن. ئیدی ئاسنی سارد ناکوتن. چونکە مەسەلەی پارتی و یەکێتی زۆر لەوە بەهێزترە کە پارتە وردیلانەکانی کوردستان بتوانن ئیشی بۆ بکەن. دەکرێ بڵێین ئێستا مەسەلەی کورد نە لەدەست مەسعود دا ماوە، نە لەدەست مام جەلال دا ماوە. تەرەفی ئەسلی ئەو سێ رژیمانن. واتە: ئێرانو عێراق و تورکیان یاری بە چارەنووسی مەسەلەی کورد دەکەن.

ئایا ئێمە وەکو رووناکبیرانی کورد لە ئوروپا کە چەند زمانێك دەزانین و ئاگامان لە سەحافەی ئورووپیە، ئەو دانیشتنانەی کە وەزیرانی ئێرانو عێراقو تورکیا دەیکەن، جگە لەوەی پیلانی دژ بەکورد دارێژن، چاوەروانیتری لێدەکرێ؟

ئیتفاقیەی پاریسو لەندەن بۆ جێبەجێناکرێ؟ کێ دەڵێ مەیکەن. بۆمەسەلەی وەستانی شەر، نەك هەر پارتە وردیلەکان ناتوانن، تەنانەت جەلالو مەسعودیش ناتوانن ئەو کارە بکەن.

*بەڕێوەبەری پرۆگرام دیسان پرسیاری لێکردەوەو پرسی:*
*- وەك دەزانی هەر دوولایەنەکە لە ژێر چاوەدێری تورکیاو بەریتانیادا بەسەرپەرستی ئەمریکا کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا ، دوای ئەوەش دانیشتنی دووهەمیان ئەنجامداو کۆبوونەوەی ئەنقەرە مەسەلەی خستەرێگایەکی ترەوە تۆچۆن بۆدانیشتنەکان دەڕوانی و چۆنی هەڵدەسەنگێنی ؟*
کاك جەزا لە وەڵامدا گوتی؛ ئەوەی من بەلامەوە سەیربێ ئەوەیە؛ چۆن قیادەی کوردی لەگەڵ دەستەو تاقمێك دادەنیشێ کە خۆیان مرۆڤی کورد دەچەوسێننەوەو مافی ئەوە نادەن کە ئینسانی کوردی بن دەستی خۆی، قسە بە زمانی کوردی زگماکی خۆی بکا، ئیترمن چۆن لەگەڵ ئەوە دادەنیشم ٠ سروشتیە؛ ئەنجامی هەموو دانیشتنێك لە گەڵ ئەنقەرەو لەژێر سیاسەتی ئەو دا هیچ کاتێك سەرکەوتوو نیەو سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ. هەر سیاسیەکی کورد چ جەلال، چ مەسعود ، ئەگەر قەناعەت بەوە بێنن دانیشتن لەتورکیا لەژێرچاوەدێری و مەراقەبەی دەولەتی تورکدا ئەنجامی دەبێ، ممکین نیەو بێ ئاکامە. وائێستا دەبینین کە کۆمەڵێك زرە تورکمانیان بەسەرکوردەوە کردوّتە مالّ، هەر لەسەرەتاوە دانیشتنەکەیان لە تورکیا بە چەوت دەبینم و لە دوا رۆژی مێژووشدا دەردەکەوێ ئەوانە لەسەرمەسەلەی کورد چەند بێ بەرهەم و چەوتن ٠
لەوکۆبوونەوەو وتوو ویژانەی مێد تێویدا ، جارو بار لە لاوە بە تەلەفون بەشداریان تێدا دەکرێ. لەوکاتەدا کە باسی تورکمانی عێراق هاتبووە پێش ، کەسێك بەنێوی دوکتور نوری تاڵەبانی لە ولاتێکی تررا بە تەلەیفون پێوەندی گرت و هێندێك وەلامی ڕاگەیاندو گوتی:
- تورکمانی کوردستانی عێراق بەرماوەی ئەو دەولەتانەن کە ماوەیەك لەمەو بەرکوردستانیان داگیرکردوە ، جا چ سەفەویەکان بن یان عوسمانیەکان ، لە کاتی داگیرکردنی نیشتمانەکەمان لەلایەن ئەو دوو دەولەتەوە ، لەبەر گرینگی ئەو رێگا بازرگانیە جەنگیە کەلەسەرووی شاری

موسڵ دەست پێدەکات، لە شارەکانی هەولێرو پردێ و کەرکوکو دووزەوە تێدەپەڕێ تا شاری مەندەلی.
ئەو دوو دەوڵەتە هەوڵیان داوە بۆ ئاگاداری لەو ڕێگاوبانە، تورکمان لەو شارو شاروچکانە نیشتەجێ بکەن. هەر بۆیە لەدەورو بەری ئەم شارو شارۆچکانەن. تورکمانەکان بەشێکیان سونی مەزەبن و بەشێکیش کە پاشماوەی سەفەویەکانن شیعەمەزەبن. دەتوانین بڵێین؛ لەسەرتاسەری عێراقدا نفوزی تورکمان لە سەدا دووو نیوە. واتە حەوت سەتوو پەنجا هەزار کەس زیاتر نین.
ئیدیعای تورکمانو سەروەرانیان، کە تورکیایە دەڵێ؛ تورکمان لە عێراق سێ میلیۆ نو نیوە! ئەگەر وابێ؟ دەبێ نفوزی کورد نەگاتە نیو میلیۆن کەس! بە داخەوە حیزبە کوردستانیەکانی باشوور لەبەرناکۆکی و ناتەبایی خۆیان مەجالیان بەو حیزبانەداوە کە تا ئێستا وشەی کوردستان بە کار نەهێنن، وەکوو رژیمی تورکیا.
وەك دەزانن بە پێی ریککەوتنی ئەنقەرە کە مانگی پێشوو ئیمزاکرا، ئەو حیزبە تورکمانیانە کراون بە ناوبژیکەر! جا ناوبژی کردنێك حیزبی تورکمان بیکەن داخوا کورد بە چ ئاکامێك بگەیەنێ !؟
دوای ئەو تەلەفۆنە، پرسیار لە دوکتور برهان یاسین کرا کە؛
ئایا ئەو پارتە لاوازو، وردیلە بێ توانایانەی ئاماژەیان پێکرا، دەتوانن چ نەخشێکیان هەبێت لە کوردستان؟ دوکتور برهان گوتی:
بێ گومان ئەو حیزبانەی کە لاوازن، بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی پارتیو یەکێتی. تۆزێك دەگەرێمەوە بۆ دواوە، واتە: ئەو هەرەکەتەی سالی حەفتاو شەش کە دەستی پێکرد لەکوردستانی باشوور. دیارە دووقوتبی سەرەکی هەبوون. پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەرلەوکاتەوە سیاسەتی ئەو دووحیزبە مۆنۆپۆڵ، یان خود ئیحتیکاری خەباتی ساحەی کوردستان بوون. هەرحیزبێکی گچکەی سیاسی پەیدا ببوایە، یان ئەوەتا دەبوایە

تەبەعیەتی لایەنێکی قبوولْ کردبایە، یان ئەوەتا لەو نێوەدا دەبوایە ببێتە قۆچ قۆچانەی ئەم دوانە ٠

بە قەناعەتی من، هەر لە سالی حەفتاو شەشەوە ئەو موشکلەی ئەو رۆ هەیە کە کوردستان بۆتە دووبەش و ئێستا دەبینین لە وێوە دەست پێ دەکات و ئەوەش مەسەلێکی زۆر گرینگە٠ ئەوەی ئەورۆ لەسەر قیادە خەلْك زۆری جەخت لەسەر دەکا، بادینان و سۆرانە. دیارە ئەوەش بەرهەمی سیاسەتی بیست سالْی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە٠

لایەنی دووهەم: ئەگەر بچینە نیزیکتر، واتە دوای راپەرین، هەولدان بۆ هەلْبژاردنی پارلەمانی کوردستان٠ دیارە یەکێتی و پارتی دەورێکی زۆر گرینگیان هەبوو لەوەی کە حیزبە وردیلەکان دەورێکی سەرەکی نە بینن لە هەلْبژاردن بو هاتنە نێو پارلەمانەوە٠ سنورێکی حەوت لەسەدیان دانا کە دەبوایە حەوت لە سەدی دەنگ بێننەوە جا بچنە پارلەمان. ٧٪ بۆ کوردستانێك کە ئەزموونی دیموکراتی زۆر نیەو ئەو تەجروبەیە بۆکۆمەلْگایەکی وەکو کوردستان زۆرقورسە، لە گەلْ ئەوەشدا پارتی و یەکێتی بۆحەفت لە سەد، دەورێکی زۆریان هەبوو کە هەر حیزبێك حەفت لە سەدی دەنگ وەرنەگرێت نایەتە نێو پارلەمانەوە ٠ بێگومان ئەوە بە دەورێکی زۆر گرینگ دەژمێردرێت، بۆئەوەی حیزبەکانی بچوك نە توانن بێنە ناو پارلەمان٠ ئەوان لەسەر ئەو منبەرە لەسەر ئەو شانۆیەی پارلەمان، دەیان توانی رۆلێك ببینن٠ هەرچەند پارتی و یەکێتی مەبەستی راستە قینەیان ئەوە نە بوو دیموکراتیەت بیننە کایەوە لە کوردستان٠ بەلْکوو وەکوو وەسیلەیەك بۆ دامەزراندن یا جێگیر بوونی حوکمی خۆیان بوو لە کۆمەلْگای کوردستاندا٠ ئەوەی تریان، ئیعتماد یاخود پشت بەستنی ئەو حەوت حیزبە گەچکانە لەرووی ئابووریەوە بەو دوو حیزبە٠ ئەویش خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی زۆر گرینگە بۆ، ئەوەی ئەو کەنالە ئابووریە، یا ئەو یارمەتیە ئابووریە، نەبڕێ٠ ئەم حیزبە یا ئەو

حیزبەکەی تر تاحەددێکی زۆر ناچار بە بێدەنگی دەبێ لە نابەسامانیەکاندا · بەراستی ئەو حیزبانەش ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە ئەگەر خۆ لابدەن لە راستەقینەکان · ئەگەر راستیەکە نەڵێن، ئەگەر بەشداری بکەن بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ یا ناڕاستەو خۆ لەبەردەوامی ئەو تراژیدیایە، ئەوانیش بێتاوان نین·

بەرپرسی بەرنامەی مێدتێوی پرسیاری خۆی لە مەڕ ئەو دانیشتنەی ئەنقەرە، ئاراستەی دوکتور میرئاودەلی کرد. ناوبراو گوتی:

ـ ئێمە لەو زەمانەی تێیدا دەژین هیچ مەسەلەیەك لەهیچ بەشێکی جیهاندا نیە کە مەسەلەیەکی جیهانی نەبێ· هەموو مەسەلەیەکی جیهانیش بەستراوەتەوە بە سیاسەتی زلهێزەکانەوە· ئیمرۆ بە رواڵەت جیاوازی لە نێوان عێراقو ئەمریکادا هەیە، عێراق بەهەموهێزو توانایەوە هەمووکاتێك بە هەموو وەسیلەیەك هەموو رۆژێ ئەوەی پێی باشە بەجەریدەکانی دەینووسێ· بۆناوخوشی شتێکیتر· زەخت بۆسەر ئەمریکا دێنێ بۆئەوەی قەناعەتی پێ بکا، تا ئەمریکا ئیشوکاری پێ بکا و هەرچی پێی بلێ بۆی بکات· تورکیا بە هەمان شێوە هەموو ئوسلوبێك بەکار دێنێ بۆمەسڵەحەتی وڵاتەکەی، بۆ وەی پتر ئەمریکا بۆلای خۆی ڕاکێشێ· چونکە ئەمریکا تەنیا زلهێزێکە کە ئیمرۆ چارەنوسی دنیا دیاری دەکا · هەروا ئێران کە بەرواڵەت دژایەتی لەگەڵی هەیە، بەلام ئێران خۆی پەیمانی ساڵی ١٩٥٥ کە پەیمانی دۆستایەتی نێوان ئێرانو ئەمریکایە، و لەزەمانی شادا بەسترابوو، پارلەمانەکەیان بەرەسمی تازەی کردەوە کە ئەمریکا بێت ئێران بپارێزێ ·

ئێمە دەبێ بۆ داهاتوو بڕوانینو ڕێگای چارەسەری بدۆزینەوە. وڵاتی دابەشکراومان لە نێوان ئەو چواردەوڵەتانەدا هەیە· ئێمە چەندەها ساڵ هاوارمان کرد بۆ برایەتی کوردو عەرەب، هەر تووشی کۆچو ئەنفال بووین· من پێم خۆشە لە عێراق حوکمێکی دیموکراتی هەبێ وەکوو ئینسان سەیرم بکاتو باسی قەومیش نەکەم هەر ئەوەندە نەگیرێین،

نەکوژرێین، ئیهانەت نەکرێین، بەڵام نەبوو٠ بەچەندەها ساڵ برایەتی کوردو عەرەب تەئسیری نەبوو٠ ئەوەتا لە ئێران بە ناوی ئیسلام زیاتریان کورد چەوساندۆتەوەو پتریان کوشتوون٠ کە تورکیاش هەر باسی ناکرێ٠ ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی ستراتیژین٠ گەورەن و مەسلەحەتی گەورەیان لەجیهاندا هەیە٠ ئێمە زۆر چوکین، تەنیا دەبێ زروفێکی سیاسی وا دروست بێ کە هێزێکی گەورە لە جیهاندا بێت بتوانێ بمان پارێزێ٠ ئەم هێزەش کە جاران دوو بەرەی شەرق و غەرب بوو، ئیمرۆ تەنیا بەرەی ئەمریکا ماوە٠ ئەویش بەرەیەکی گەورەو فراوان نیە٠ ئەوەی کە بەشێوەیەکی زۆر سەرەکی پشتگیری لێ بکات بەریتانیایە کە لە هەموو سیاسەتەکانیدا لایەنگری و پشتگری دەکا٠ وەك پێشێ لە پرسیاری یەکەمدا گوتم؛ ئێمە زروفێکمان بۆ دروست بوولە بەر مەسەلەیەکی ئینسانی، دووهەم ئەخلاقی، سێهەم سیاسی٠ دوایی بوو بە ستراتێژیکی دوەڵی کە ئەوکیانەی ئەو رۆی کوردستان بپارێزێ٠ دیارە لەبەر چاوی ئێمە نییەو من ناڵێم ئەمریکا دۆستی کوردە٠ کورد ئەوەندە سادەو ساویلکەیە دەڵێ: ئەمریکا دەتوانێ کورد بکابە دەوڵەت بۆنایکا؟ کەس دەوڵەت بۆکەس دروست ناکا ( ئێری تریا ) بە ئەمریکای نەگوت، ئەرێ رازی من ئێعلانی ئیستقلال بکەم خۆی کردی و بوو بە ئەمری واقع٠ فلەستینیەکان بە ناوی خودموختاریەوە ئەوە خەریکن سەربەخۆیی رادەگەیەنن٠ لە بۆسنیا ئەو هەموو شەڕو کوشتارە بوو، ئەو هەموو تاوانەیان لە بارەیاندا کرا کۆڵیان نەدا٠ ئەمریکا تەداخولی کرد، چونکە شەڕەکەیان بۆ ئیستقلال بوو، بۆ نۆکەری وڵاتێکی دیکە نەبوو٠ لە ئاکامدا بۆخۆیان بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ٠ هەرچەندی ئەو وڵاتانەی ناو روسیا و رووسیا هەڕەشەیان لێکردن کۆڵیان نەدا و ئێستا دەوڵەتن٠ تۆکە زروفێکی دوەلیت بۆ پێك هات دەبێ ئەوەندە جددی بی، ئەوەندە بە تواناو لێزان بی هەل لەدەست نەدەی و بیقۆزیەوە. تازەگی شتێکی کاك نێچروان بارزانیم خوێندەوە دەڵێ:

- خۆ ئەمریکا وەکوو سیاسی مەسەلەکەمان حیساب ناکا !
بەراستی لەوەتی ژیانمە بۆچوونی ئاوا سادەو ساویلکەم نە بیستووە ٠ بەداخەوە کەسێکی ئاوا بەبێ هیچ توانایەك دێ دەبێتە قەییومی حیزبێك و ئەو دەسەلاتەی دەدرێتێ بەناوی میللەتێك مفاوەزە بکات، هەر ئەوجۆرە بەرهەمانەشی چاوەروان لێدەکرێ ٠
ئیمرۆکە ئەمریکا لەو ناوچەیەدایە، راستە کە تورکیا دۆستێکی یەجگار گەورەی ئەمریکایە ٠ وەختی خۆی سەددامیش دۆستی بوو ٠ بەلام وا بە قەوەت نەبوو ٠ هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ئەمریکا ئەو هەمووهێزەی خۆی بەکار بێنێ و رای وەستێنێ ٠ تورکیا ئەو ئیشانەی دەیکات ئیرادەی خۆیەتی ٠ تورکیا زۆر زیرەکە ٠ ئیوایە دەڵێ: ئا ئەربەکان هات، ئا ئیسلام هات، بەلام چ ئەربەکان بێ، چ ئیسلام بێ، یاشیوعی بێ، بۆئەوان فەرق ناکات، ئەوانە هەموویان شۆڤێنی تورکن ٠ ئەوان مەجلیسی قەومیان هەیەو لە پێشدا ئەو مەجلیسەقەومیە بە پێی سیاسەتی خۆیان بریاردەدا کە مەسەلەکەیان چیەو چ بکەن ٠ بۆئەوەی ئەمریکا کورد نەکا بە شت، یا گوشاریان نەخاتەسەر بەرانبەر بە قوبرس، خۆیان زیاتر نیزیك دەکەنەوە ٠ تابڵێی زیرەکن. دەزانن جوولەکە دەورێکی سەهیۆنی زۆری هەیە، دیتمان گورج چوون پەیمانێکی عەسکەریان لەگەڵ ئیسرائیل بەست ٠ هەموو جیهان بۆ مەسڵەحەتی خۆی ئاوا دەروانێ ٠
دەوڵەتێکی وەکوو بەریتانیا بێ ئەوەی پارلەمانەکەی لە وتوو وێژو باسی نێو خویدا موافقەتی وەرگرتبێ، چەندین قواعیدی عەسکەری ئەمریکی تێدایە بۆ مەسڵەحەتی خۆیان ٠ ئیمرۆ تاقە دەوڵەتێکی کە دەتوانێ بمان پارێزێ ئەمریکایە، کە چی کاك مەسعود وکاك نێچیروان گوتویانە: ئەمریکا ئێمەی خستۆتە ژێر دەستی ئەحمەد چەڵەبیەوە !
ئەحمەد چەڵەبی کیانی نەبوو، وجودی نەبوو، کۆنگرەی وەتەنی عێراقی قەوەت و برِبرِە پشتەکەی، ناوچەرگەکەی کورد بوو ٠ ناوبراو بۆئێمە

زۆر زۆر گرینگ بوو٠ ڕاستەئەو نە شەخسیەتی هەیە، نەجەیشی هەیە٠ بەڵام ئەو داندراوە بۆ ئەوەی ستارێکی عێراقی دروست بکەن٠ ڕاستە ئەمریکا نەیدەویست کوردستان ئیعلانی ئیستقلال بکات، بەڵام دەی ویست ئەو کیانە وەکوو فدراتیف بمێنێ٠ غەربیش دەیویست بمێنێ، بوئەوەی زاڵ بن بەسەر عێراقدا٠ کورد دەیتوانی قووەتێك بی‌لە هەموو عێراق‌و، کوردستانەکەی خۆشی بپارێزێ ، ئەمە سیاسەتیان بوو، بەڵام ئێمەی کورد هەر کەس بە عەقلی خۆی بڕیاردەدا٠

هەموو دەوڵەتێك کە بڕیاردەدا ستراتیژیکی دوەلی هەیە دەزانێ دەبێ چ بکا٠ لێزانیەکی جیهانی هەیە٠ باشە کەس نیە بلێ؛ فلانی خوت کە لە سیاسەت ناگەی، ئەو هەموو پارەی برایم خەلیل هەیە پەنجا هەزار دولار سەرف بکە بچۆ لە بەریتانیا باشترین سیاسی دوەلی بێنە تا تەحلیلی سیاسەتی جیهانیت بۆبکات کە کورد چۆن دەبێت بەدەوڵەت‌و دەسەڵاتی دەدرێتەدەست ؟ بەڵام ئێمەی کورد سیاسەتی دوەلی‌مان دەدەینە دەستی یەك شەخس‌کە پیاو نازانێ چۆن بۆتە قەییومی میللەتەکەت !؟ ئەویش دەچێت دو قسە لەگەڵ وەزیرێك دەکات‌و دەڵێ؛ خۆ پێ‌یان نەگوتووین ئیعلانی ئیستقلال بکەین٠ مەسەلەکەمان بە سیاسی نازانن٠

پێتان وایە مەسەلەکە چیە ؟ مەسەلەکە نوسراوەو دەڵێن : ئێمە حەقێکی شەرعی خۆمانە با ئەمریکا وازمان لێ بێنێ! بوئەوەی بچن لەگەڵ سەددام تەوافق بکەن بێننەوە هەولێر !

ڕەخنە لە غەرب دەگرن‌ودەلێن؛ بۆرێگامان نادا بۆ مافی خۆمان؟ مافەکە چیە؟ بۆ ڕێگامان نادەن سەددام یارمەتیمان بدات !؟

جا بزانە توخوا، ئەوە ئیستدلالی ئەخلاقی‌و ئینسانیەت بێ. تۆ کوژراوی، قەتل‌و عام کراوی، سەتو هەشتاو دووهەزار کەست ونە، پێنج هەزارگوندت رووخاوەو وێران کراوە، تۆ قەراری ٦٨٨ وقەراری پرۆوایت کەمفور، چ لێدەکەی؟ قەراری چەکوشی ئامادەو ٠٠٠٠

ئاخرشتی کە مابوو بۆکوردی دروستی بکەن، کە سەدام حوسێن ئەوی

پێ گرینگ بوو ملی نەدەدا، ئەویش ئابووری بوو کە ببێتە کیانێکی سەربەخۆ، واتە: قەراردادی نەوت، کە ئەساسێکی ئابوریە بۆ سەربەخۆیی کورد ٠ بەشی کوردیان جیا کردەوە٠ عێراق لەو هەموو گیروگرفتو وەزعەناخۆشەی کە بۆی هاتۆتە پێش بەقەرا ئەوەی پێ ناخۆش نەبوو، ملی نەدەدا کە ئەو پارەیە یەکسەر بدرێ بەسەربەخۆیی کورد ٠ سەرەڕای ئەوانە هێشتا دەڵێن غەرب چی بۆکردوین! ئەدی رۆژێ ئەو دووسەدهەزار دولارەی کە لە برایم خەلیل وەر دەگیرێ ئەگەرغەرب نەبێ، عێراق ناتوانێ بە هێلی کۆپتتێرێك بچێ برایم خەلیل بگرێتەوە؟ ئەدی ئەگەر غەرب نەبێ ئەو پارەتان چۆن کۆ دەکردەوە؟
ئەگەر واقیع بینانە بڕوانین، ئێستا گەیوینە جێگایەك کیانی کورد وەك ئەمری واقع چاوی لێدەکرێ ٠

---

لێرەدا وتووێژی کورسی گەل کۆتایی هاتو کەمال میراودەلیش کۆتایی بە وتەکانی هێنا ٠
بەو هیوای شتی باشی تێدا بێتو کەڵکی باشی لێوەر بگیرێ ٠

# ئاشتی یا شەڕ ؟

چەند مانگ پێش بڕەم بڕەمی براکوژی بوو، بەلاَم ئێستا شوکرتۆزێك هێوربۆتەوە . گۆیا چەند کەسایەتیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر خەریکی ناوبژین لێکیان کەنەوەو نەیەڵن شەڕ درێژەی بێت . خۆشی خۆشیمان بوو کە پێش بەخوێنڕێژی دەگیرێ و ئێمەش لەدەرەوە سەرمان هەڵدێ لەڕاست دەرەکی یەکان ئەوەندەی لیمان بپرسن و بڵێن، بۆ یەکتری دەکوژن؟ و . . .

هەموو نیشتمانپەروەرو دڵسۆزێکی کورد چاوەڕوانی ئەو بێدەنگیو کڕوماتیەی کوردستانی باشوور بوون . بۆزۆربەی گەلی کورد پرسیاربووکە داخوا باس وخواس و ئەو فرتەنەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها شەڕی نێوان پێکاکا و پارتی چیلێدێتەوە؟ کەس نەیدەزانی لەو کڕو ماتیەدا دوژمنانی کورد چ خەونێکیان بۆکورد دیوەو خەریکی دارژتنی چ پلانێکی ماڵ وێرانکەرانەی ترن .

هەواڵ بلاَو بۆوە یەکێتی و پارتی، هەردووکلا نوێنەریان دەچێتە لەندەن و لەسەردەستی دەوڵەتی ئینگلس کێشەو ململانەی دژی یەکتردەبرنەوە .

بەوە دڵخۆش بووین کە ئەگەر ئەو کۆبوونەوە کەڵکیشی نەبێ، لانیکەم چیدی خوێنی گەلی بێ پشتو پەنا لەپێناو پلانیداگیر کەرانی کوردستاندا نارژیو کۆمەڵە کوردێکی تر بەفیرۆ ناکوژرێن و نابنە قوربانی .

کۆبوونەوەی نوێنەرانی یەکێتیو پارتی هەر وەکوو چاودێرانی سیاسی پێش بینیان کردبوو، هەرئاوا دەرچوو . واتە پێك هێنانی ناهومێدی بۆ خەڵك و پڕوپاگاند بۆخۆ تەبرەئە کردن لەو خوێنانەی ڕژاون ! . لە پڕ بلاَویان کردەوە پێك نەتوون . لایەنێك دەڵێ: قەرار بوو کۆتایی بە شتە بن چینەکان بێنین دوایی دەچینە سەرشتی ورد . لایەنی تر بلاَوی کردەوە ، نا قەرار بوو ئەو شتە چووکانە باس بکرێن، جارێ با قسە لەشتی ورد بکرێ، دوایی لەشتی گەورەو ئەساسی دەکۆڵینەوە !؟

ئیتر بە پێویست نازانرێ مرۆڤ بچێتەسەر ئەوەی داخوا پێشنیاری کامەیان ڕاستە، یان لە پێشدا کێهەیان بکردایە باشتر بوو ٠ چونکە دەبینین بۆخۆیان نەباوەڕیان بەشتە چوکەکانەو نە بە شتە گەورەکانە.گەورەو چووکە بەهانە هێنانەوەیە بو خەتا لە ملی یەکتر ڕاکردنو خۆ تەبرەئە کردن ٠

دەرکەوت کە هەر رۆژی هەوەڵ کەچوو بوون کۆبوونەوەی لەندەن، خۆیان زانیویانە پێك نایەن و نابێ پێك بێن ٠کە وابوو، کێ چی گوتووە و کێ دەڵێ چی، لەسەر ڕۆیشتنی پێ ناوێ ٠ بە پێی پێك نەهاتنو ئەو قسەوقسەڵۆك پێکتر گوتن، جارێکی دیکە نیگەرانی باڵ بەسەر ڕوناکبیرو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد کێشاوە ٠

ڕوناکبیرانی سیاسی گەلی کورد گوێ بە زەنگ چاوە روانی روداوێکی دڵتەزێن بوون، کە لە ژێر پەردەی ئەوکۆبوونەوەدا پلانی نوێ بەڕێوە بەرن ٠ دوای شەوو رۆژێك، جارێکی تربۆمبای بێدەنگی کورد کوژی تەقیەوە! واتە؛ ئەو جار یەکێتی نیشتمانی‌کوردستان پارتی‌دێموکراتی‌کوردستانی غافڵگیرکردو لە سێ چوار شوێنەوە بە بەشداری چەکداری وردە پارتەکان کە نێویان لێنا بوو «*هێزی هاوپەیمان*» لەگەڵ چەکدارانی پێکاکا کە لەنێوان سنووری باشوورو رۆژهەڵات مۆڵدرا بوون، هێرشیان کردە سەرسەنگەری چەکدارەکانی پارتی‌لە ناوچەی حاجی‌عومەران ٠ لە پردی زەردو هیرانو نازەنینو دەوروبەری سەفین بوو بە تەقەولێکدانو کورد بە کوشتدان ٠

بۆ بە یانی بە فاکس‌ونامەو تەلەفۆن، هەوالی سەرکەوتن بەسەر پارتی‌دا پەیتا پەیتا ڕادەگەیاندرا! بە داخەوە شێوەی هەواڵەکان هەر وەکوو ئەوە دەچوون کە بەسەر داگیرکەرانی نیشتماندا سەرکەوتبنو ئاڵای رزگاری کوردستانیان هەلکردبێ ٠ بەو فاکس‌و هەراو هوریایەش ڕانەوەستان، کارگەیشتە مێدتیوێ کە لەو کاتەدا نوێنەرانی‌هێندێك لەو وردە پارتانە کە پێشتر لە مێد تیوێ بەشداری پانێلەکانبوون، وێڕای قارەمان نیشان دانی خۆیان کە گۆیا لەشکری پارتی دێموکراتیان شکاندوە، نیوە نێوەش پەیامی سەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی‌و هێزی هاوپەیمان لە مێدتیوێ بلاو دەکردەوە کە شەڕ لە جبهەکان بەرەو پێش دەچێ ٠

ڕنگبیٚ ئەو هێرش و هەوالأنە بۆ هێندێك کەسی سفەت دەرویٚش مزگێنی بووبن، بەلأم لە خۆشی ئاوا ماڵ وێرانکەرو پشت شکێندا جگە لە کورد هیچ کەسێکی تریٚ تێدا ناکوژریٚ و جگە لە دوژمنی داگیرکەری کوردستان، کوردێك قازابجی لیٚ ناکات ٠ تەنانەت ئەو کەسەی پارەو چەك وەردەگریٚ، بۆئەویش کاتیەو لە دوارۆژدا پتر زەرەردەکات ٠ مەشهوورەکە شاعیر گوتویەتی:

*«ماچت کە دەکەن بترسە ژەهرە – زیانت پترە لە سوودو بەهرە»*

بەڵیٚ بەوتەی خۆیان، سەرکەوتنەکانو، وێرانکردنی دێیەکانودەستکەوتەکان، واتە: دێهاتی کوردستان وێران کردنو کورد کوشتن، وەك هەواڵی شادی لە مێدتێویٚ بلأو دەکرانەوە ٠ ئەو هاتو هاوارە بۆگەلی کورد شتێکی نویٚ نەبوو ٠ دەمێکە بەکوشتدانی کوڕی کورد یان وەك کارو کردەوە کردوە بەشتێکی ئاسایی‌و ڕەنگی یاسایان پێداوە ٠ زۆرکەس لە دڵسۆزانی کورد ئەوچاوەروانییەی لێدەکردن ٠ چونکە روونا کبیرانی کوردی باشوور بەلەدەستدانی هەلی ڕەخساو پێناسەی هەردوولایان خوێندبۆوەو باشیان ناسیبون کە لە ساڵیٚ ٩٢ وە خەباتو تێکۆشانو بەرژەوەندی کوردستانی باشوور کەمڕەنگ بۆتەوەو خەباتی شۆڕشگێڕی جێگای خۆی داوە بە شەڕی خێڵەکی تۆڵە بە تۆڵەی براکوژی !

دوای هێرشی یەکێتی و هاوپەیمانان بۆسەر پارتی، ئەوجار سەرکردایەتی پارتی، کە دیتی ناتوانیٚ خۆی لەبەر هێرشی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی ڕا گریٚ، ناچار بوو بۆمانەوەی پارتەکەی‌خۆی، پتر خویٚ لە تورك نیزیکترکاتەوەو هەموو داوایەکی تورك قبووڵ بکاتو داهاتووی کورد بە فەرامۆشی بسپێریٚ ٠ دەوڵەتی تورك کە چاوەروانی شەرێکی وا خەستی‌دەکرد، بە ئاماژێکی پارتی دێموکڕات، دەست بەجیٚ تانگو تۆپو لەشکری بەرەو سەفینو دۆڵیی بالیسان تا نێوان جادەی رەواندز حاجی‌عومەران هەرەکەت پێدا ٠ لەوەش گرینگتر، لەشکری پێشتر ئامادە کراوی تۆرانی‌و هەروەها چەند هەزار جاشێکی کوردستانی باکور، بەتێکەلأوی لەگەڵ چەکداری پارتی، بە زاهیر بۆسەر کوتکردنی نەیاری پارتی‌دێموکرات بە

دەستووری تورکیا ، وەجوولە خران ٠ دەولەتی کەمالیستی تورک بەوەندەش را نەوەستا ، فرۆکە جێتە تیژپەرە جەنگیەکانی ، بۆ ویرانکردنی مەزراو کێلگەو باغو باغاتو دێهاتی کوردستانی باشوور وەکارخست ٠

لە راستیدا رێبەرانی کورد خۆیان ئەو دەرفەتەیان بۆ تورکیا پێك هێنا ، بۆ ئەو شەرو کوشتو کوشتارەی کە لە کوردستان رادەبرت ٠ بەداخەوە ئەو شەرە رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر پەرەی دەستاندو ئاگری شەرگەرمتردە بوو ٠ سەیر ئەوەیە : لایەنگرانی هەردوو لایەنی شەڕ مافی حەقانیەتیان بە خۆیان دەدا ٠ تەنانەت شەرەکەیان بەشتێکی ئاسایی دەزانی ٠ هەرکەس و ئەندامو لایەنگرێك لایەنی تری ئەو شەرەی بە سێرەی چەکی خۆی دەپێکاو رشتنی خوێنی برای خۆی بەحەلاڵی دەزانی !؟

لە دەرەوەی ولاتیش دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی پەنابەری سیاسی کەلە روونا کبیران پێك دێن ! بە داخەوە بوون بەدووبەش و ، هەربەشەی بەلایەنێکی هەڵدەگوتو ئەو خوێنانەی کە رۆژانە دەرژان هەرکەس بەسەر لایەنێکی دادەبڕی و لایەنێکی تاوانباردەکردو لایەنێکیش تەبرئە ٠ یانی ئەگەر روناکبیران بکەین بە دوو بەش و هەر بەشەی لایەنگری لە لایەنێك بکەن ، مانای وایە : نە کەس تاوانبارە ، نە شەڕی براکوژی لەکوردستان هەیە ٠

ئەوەی راستی بێ تا روونا کبیری کورد لە نێو چوارچێوەگرێدراوی دووبەرەکی نەیەتەدەرو خۆی بەلایەنێك ببەستێتەوەو لایەنگری لە لایەنێك بکا ، یارمەتی بەکێشەو نەزانی کراوە ٠ ئەگەرخۆیان لەگێرەو کێشەی بیری خێڵەکیو نەزانی دەرباز نەکەن کۆمەڵگای کوردەواری روون نابێتەوەو پتر رێگا خۆش دەکرێ بۆ چەك هەڵگرتنی لایەنەکانی شەڕ ، هەروەها لە نێوخەڵکدا چەك هەڵگرتن درێژەی دەبێ ٠ ئەگەرکەسانیك دڵسۆزانە راستە قینەکانی کوردستان بنووسن ، دەبێ بڵێن : ئەو شەرە شەڕی دوژمنانی داگیرکەری کوردستانە پلانی بۆدایرشتووە ٠ لەراستیدا دوژمنان بە تیرێك دوونیشان دەنگێون . هەم سەربازی خۆیان لەو شەڕەدا ناکوژرێ ، هەم لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا خۆ بە بێلایەن نیشان دەدەن ، هەم

پلان و گێرەشێوێنی ناوچە بەدەستی کورد بەڕیوە دەبەن .
کاتێك مرۆڤ بیر لەو قەتڵ وعامە دڵ تەزێنە دەکاتەوە، ئیتر قەڵەم توانای نامێنێ و ناتوانێ لە حودەی نوسینی ئەو هەموو تاوانانە بێتەدەر . شتێکی کە دەبێ قەلەم بینوسێ؛ پرسیارە، واتە چەند پرسیارێکی مێژوویی بۆنەوەکانی دوا رۆژ .
لێرە قەڵەم رووی لەکۆمەڵ دەکاو دەپرسێ:
- هۆی چین و توێژەکانی خەلکی کورد ، هێزێکی کە چەندین ساڵە بە زاهیر لەگەڵ رژیمی بەعس کێشەو ناکۆکی هەیە، پتر سێ‌سەد هەزار ئەنفالو ونبووی بۆگەلی کوردپێك هێناوە، زیاتر لە هەزارو هەشتسەد گوندی لە کوردستان سوتێندراوە، ئایا ڕەوایە ئەوانە لەبیر بکرێن و دەستی دوژمن ماچ بکرێ لەگەڵی ئاشت بنەوەو خۆیانی بۆبکەنە چاوساغ و پێتەختی حکومەتی کوردستانی پێ بگرنەوە !؟
ئەرێ ڕەوایە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی دەستی پاسداری دوژمن بگرێ و زیاتر لە سەدکیلۆمەتریان وەپێشی بکەون بیان هێننە ناو خاکی ئازاد کراو ، بە پلانی هاوبەش و دوو قۆڵی کوردی پەنابەری خۆیانی پێ لە ناو بەرن ؟! . . . هتد
لە خۆڕا نییە، کەسایەتی سیاسی و روناکبیرانی کورد لەو دوو پارتە دەپرسن و دەڵێن: کێ ئەو ڕەوادیدەی داونەتێ بە بێ پرسین ! دەستی تورانی دەگرن و دەیانکەن بە میللەت و شەریك و برابەش لە کوردستان؟ هێشتا ددان بە میللەتی کورد دانایەنن و کوردستانیش بە ئی خۆیان دەزانن !
هاوکات دەبینین لە باکورو ڕۆژهەلات کورد لەزێدونیشتمان و شارو دێهاتی خۆیان وەدەر دەنێن و ئاوارەی هەندەران دەکرێن لە جیاتی لە باوەش گرتن و دڵدانەوەیان، ئاوایان لە گەڵ دەجووڵێنەوە کە لە سەروو ئاماژەی پێکرا . ئەو کردەوە ناحەزە ئەوەندە گوتراوەو نووسراوە مرۆڤ شەرم دەکات بینووسێتەوە .چەندجار ئەو تاوانانە بنووسرێنەوە ؟ ڕۆژێك دوو رۆژ، جارێك دووجار، تاکەی دووپات بکرێنەوە؟ تاکەی ئەزموون وەرنەگیرێ و هەست بە بەرپرسایەتی نەتەوایەتی نەکرێ . بۆۆۆۆ

# نامەیەکی کراوە .

بە هۆی شەڕی براکوژی ناوخۆ، گوشارێکی زۆر بۆنەتەوەی کورد هاتبوو . لەبەر ئەوەی دووپارتەکانی باشوور ئامادە نەبوون بە مام ناونجی کردنی هیچ یەك لە کەسایەتیو روناکبیرانو نووسەرانی کورد ئاوربەس بکەنو دەست لە شەڕی براکوژی هەڵگرن . کوردە پەنابەرەکانی دەرەوە ، هەرکام بە شێوێك لە شێوەکان نامەیان بو دە ناردن و داوای ڕاوەستانی شەڕی ناوخۆیان لێ دەکردن . بەڵام ئەوان وەڵامی هیچ کەسیان نەدەداوەو بەداخەوە حیسابیان لە سەرداوای کوردی خۆیان نەدەکرد . کوردەکانی پەنابەری سوئێد لە ڕێکەوتی ٧/٤/١٩٩٥ دا لە نامەیەکدا بە ئیمزایەکی زۆر بە شێوەی خوارەوە بۆ کوردستان نارد .

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان – یەکگرتوو .

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .

دوای سلاو . بەپێویستی نازانین دەردو ژانی ئەم زامە باس بکەین کە لە سایەی سیاسەتی چەوتی خۆکوژی ئێوە و لە ژێر پێنانی مافی ئینسانیو بەرژەوەندی نەتەوەیی ، جەستەو قەوارەی باشوری کوردستانی بە خەڵكو ئاخەوە ڕەزیل کردووەو پریشکی نگریسو چەپەڵی ئەو شەرە داوێنی ، بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتۆتەوە .

شەڕی بێ جێو ناڕوای ئێوە لە کوردستانی باشور ، د م بەدەمەی سوکی تەبلیغاتی ئێوە نەك هەر بوّتە هۆی ڕیسوایيو سەر شۆڕی کورد لە دەرەوەی ولاّت، نەهەر بوّتە سارد بوونەوەو پاشگەز بوونەوەی ئەو بڕووکە پشتیوانیەی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیيەکانی جیهان ، بەڵکوو بوّتە هۆی ئەوەش کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بە ئاشکراو بە زۆرەملی بەرنامەی کورد قڕانی خۆیان لە کوردستان پیادەبکەن .

ئاکارو سیاسەتی رووخێنەرانەی ئێوە جگەلە بە فیرۆدانی خوێنی سەدان ڕۆڵەی ئازاو فیداکاری کورد بوّتەهۆی ئەوەش کە لە لایەك حکومەتی تورکیا بە کەڵەگاییو بە بیانووی ڕاونانی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەشکر بێنێتە نێو خاکی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و کەرامەتو سەروەری دەسەڵاتی نەتەوەی کورد بخاتە ژێر پۆستاڵیی عەسکری وەحشی تورك . لەلایەکی دیکەشەوە کوردی پەنابەرو لێقەوماوی

نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دوو حیزبی ئێوەدا رووت بکرێن و بکوژرێن و بە دەست بەستراوی بدرێنەوە بە حکومەتی ئیسلامی ئێران ، نەك هەر ئەوە بەڵکوو بۆ ڕازی کردنی ویستی دەوڵەتی ئازادی کوژی تاران ، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دابخەن و چەند میلیۆن کورد لە بیستنی دەنگێکی ڕەواو ئازادیخوازی کوردی بێبەش بکەن.

ئێمە کۆمەڵێك نیشتمانپەروەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە پێناو ئازادیو رزگاری لە ژێر دەستیو زۆرداریدا دەربەدەر بوینو سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیش نین . سەرە ڕای ئەوە کە لە پشتیوانی کردن بزوتنەوەی کوردستانی باشور دریغمان نەکردوەو لە هاودەردیو ڕەخنەو بێزاری کوردەکانی ئوروپاش دژی سیاسەتی خۆکوژی ئێوە بەشدار بوین . ناتوانین لە ئاست کارەسات و ڕووداوە داخدارەکانی نیشتمانەکەمان بێدەنگو بێ لایەن بوەستین. ئێمە لەگەڵ مەحکوم کردنی پەلاماری درندانەی حکومەتی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان ، هەموو جۆرە دەست تێوەردانو ڕەشەکوژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کوردستانی عێراق مەحکوم دەکەین . هەروەها هەموو جۆرە زەختو فشارێك بۆ سەر هێزی سیاسیو کوردە پەنابەرەکانی بەشەکانی تری کوردستان لەلایەن هەرکەسو هەر ڕێکخراوەیەك بێ ، بەکارێکی دژی نیشتمانیو دژ بە دێموکراسی مافی ئینسانی دەزانین و بە توندی مەحکومی دەکەین . ئێمە لەگەڵ دەربڕینی بێزاری لە شەڕی کورد کوژی نێوان پارتیو یەکێتی ، داواتان لێدەکەین؛ تا دەرفەت لە کیس نەچووە ، بە وەستاندنی شەڕو چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان لە ڕێگای وتوو وێژی ئاشتیانەو ڕێزگرتن لە بیرو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو وازهێنان لە سەپاندنی دەسەڵاتبە زۆرە ملی و هێزی چەك، پیلانی دوژمنانی کورد گۆڕ بکەن و نیشتمانپەر وەریو لە خۆ بوردویی خۆتان بەرانبەر بەرژەوەندی گەلو نیشتمان بە دنیا ڕابگەیەنن ، ئەزموونی ڕابردووی بزوتنەوەی کورد چەوتیو زیانی سیاسەتی پشت بەستن بە دوژمنی بە جوانی دەری خستووەو دڵ نیا بن مێژوو لە تاوانی هیچ کەس خۆش نابێ .

---

نامەی سەروو بە زیاتر لە سەت ( ١٠٠ ) نێو و ئیمزا بۆ سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نێردرا .

# کێ تیرۆر دەکاو بۆدەیکا ؟

ماوەی چوار پێنج ساڵە بەناخوونەك و بە ناحەق لەسەرخاکی ئازاد کراو کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارێزگەی سولەیمانی و هەولێرو شوێنی تری کوردستانی باشوور، بەپلانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران مرۆڤی سیاسی تیرۆر دەکرێن و دەکوژرێن. شتێکی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە؛ ئەوکەسانەی ئەو تیرۆرانە دەکەن، هاو ڕەگەزو هاوخوێنی کوردن و تا ئێستا کەسی تری غەیرە کورد لە باشوور نە دیتراوەو نە زانراوەو نە بیستراوە کە دەوڵەتی ئێران نارد بێتی ئەوکارەی بوئەنجام بدات. بەڵکوو کوردی دانیشتووی کوردستانی باشوورە بە پلانی کۆماری ئیسلامی شوێن و جێگایان هەڵدەنێ و بە هاسانی تیرۆردەکرێن و مرۆڤی رووناکبیرو سیاسی و شۆرشگێر شەهید دەکەن.

بەداخەوە تاقمێك کوردی ناتێگەیشتووی بێ هەست و شعور، بە پوول و پارەو دەست خۆشانە، برای خۆیان بۆدوژمن دەکوژن. کورد گوتەنی: (گەورە چاوبقووچێنێ، چووکە چاو دەردێنێ) ئەگەرکاتی خۆی لێپرسینەوێك هەبایە کارنە دەگەیشتە ئەوەی کە وا بە ئاشکراو بە رۆژی رووناك لەبەردەرکی پشکنینی کۆیسنجاق، پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بداتە بەردەست رێژی گوللەو چەند کەسی خەباتگێری راستەقینەی گەلی کورد خوێنیان بڕژێ و شەهید بکرێن. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆخاتری پێشگیری لە نێوان ناخۆشی و دژایەتی دوا رۆژ ڕەخنە ناگرێ کە بەیانێك لە دژی یەکێتی نیشتمانی و ئەوکارەساتە بلاو بکاتەوە، دەبوایە بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خۆیاندا هاتبانەوە و بەلێبووردن نامەیەکی دژ بەو تراژیدیان بلاو کردباوە. دەبوایە بزانن ئەو سیاسەتەی بەکاری دێنن، مێژوو چیان بۆ دەنووسێ و خەڵك چدەڵێن و چ کارەساتێکیان بەسەرکوردی رۆژهەلات هێناوە !

داخوا یەکێتی نیشتمانی دەزانێ: روناکبیران و مرۆڤی زانای سیاسی کورد و غەیرە کورد کە لە گۆڕە پانی جیهانیدا لێکدانەوەیان هەیە، چیان پێدەڵێن ؟

بە ڕاستی پێنج کادری وەکوو منصووری فتاحی، کادری ناوەندی حیزبی دیموکرات ، ئاوا بە کۆمەڵ و ئاشکرا شەهید بکرێن، کە هەر وا سەر زارەکی باسیان لێدەکرێ و چەند دێرێکیان لەسەر دەنووسرێت و بەسەریدا تێدەپەڕین، هەر ئەوەندەیە؟ ئەگەر بێتوو لە باری مێژوویی و هاوخوێنی و هاوڕەگەزی لە هەلوو مەرجێکی وەك ئێستای جیهانی و لێك نیزیك بوونی دووڕێکخراوی شۆڕشگێڕی سیاسی کە چەندین ساڵە هاوسەنگەری یەکترن، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و لێك بدرێتەوە، ئەوکات مرۆڤ بۆی دەر دەکەوێ چ کارەساتێکی گەورەو دڵتەزێن و چ تاوانێکی مێژوویی رووی داوە . یان با روونتر لە گەڵ یەکتر بدوێین: بەرێوەبەرانی یەکێتی بیریان لێکردۆتەوە چ ئاوێکی خراپیان بۆنەوەکانی داهاتوی دوارۆژی کورد ڕژتووە؟ ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ لە داهاتوودا دەبێتە هۆی چ دوو بەرەکی و ناکۆکی یەکی ناوخویی و چ شوێنەوارێکی شووم لە نێوکۆمەڵگای کوردستان دادەنی و دوژمنانی داگیرکەر لە داهاتوودا بۆ لاوازکردنی بیری نەتەوایەتی چ کەڵکێکی لێوەردەگرن؟ مرۆڤ لەوە دەترسێ ئەو کردەوە دژی کوردیەی کە ئەنجام دراوە، ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ و ئاوا بڕوات، لە داهاتوودا لە ڕەدەی هەڵەو ناپاکی دەردەچێ و دەگاتە خەیانەتێکی قەرەبوو نەکراوە .

ئەو ترۆرو کوشت و کوشتارو ونکردن و خەڵك دزینەی کە کۆماری ئیسلامی لەژێردەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا ئەنجام دەدرێن، جاری هەوەڵ و دوهەم سێهەم نیە . بە گوێرەی بەڵگەو نوسراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی نۆهەمی دسامبری ١٩٩٧ تا نوامبری ١٩٩٩ سەت و هەژدە کەس لە کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی کوردو چەندی تری غەیرە کورد، چ بەرەشەکوژی چ بە ئاشکرا بەدەستی کورد لە ناو چوون و شەهید کراون . بمانەوێ و نەمانەوێ، پێمان خۆش یا ناخۆش بێ، دەسەلاتدارانی ناوچە لەباری پرنسیپ و یاساییەوە، لەکارەسات و تاوان و ترۆری ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە کوردستانی باشوور رووی داوە، ڕێبەرانی یەکێتی و پارتی بە شەریکە جورم دەژمێرێن و ناتوانن خۆیان لە غەزەبی مێژوو بپارێزن .

# بەشی چوارەم .

## ڕوانگەی بیری نەتەوایەتی

مەسەلەی کورد یەکێك لەکێشە هەرە گرینگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەو بە تایبەتی لەباری ئابووری و سیاسی نێونەتەوەییدا بۆئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندی ئابووری و سیاسیان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە گەلێك جارگیروگرفتی بۆ هێناوەتە پێش ٠ دوای وتوو وێژی ئاشتی نێوان ئیسرایل و فەلستین بۆکۆتایی هێنانی ئالۆزیو پێك هێنانی هێمنایەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دوورنیە ولاتانی رۆژئاوا بۆدامرکاندنی کێشەی کورد کە لەگەڵ چوار ولاتی داگیرکەردا هەیەتی، ڕێگا چارو بەرنامەیەکیان هەبێت. بەپێی ئالووگۆرە سیاسیەکانی ئەوڕۆی جیهانی، وا دەردەکەوێ نۆرە گەیشبێتە پێراگەیشتن بە هێندێك لەو گیروگرفتانەی روژهەلاتی ناوەڕاست. بەپێی هاتووچۆیەکی دەکرێ، وای لێك دەدەنەوە هەوڵ بدرێ ئەگەر بەرژەوەندی ئابوری لێ بگەڕێ، ڕێگا چارێك بۆکێشەی کوردیش بدۆزرێتەوە .

داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی ڕەگەز پەرستانی تورك بە تایبەتی، بەقسە لێکردن و دەست تێوەردانی دەرەوە لە مەسەلەی کورد ، کێچیان کەوتۆتە کەوڵو ترسیان لێ نیشتووە، بۆیان بۆتە مەسەلەیەکی هەرە گرینگی پڕمەترسیداری ڕۆژ. بە ئاشکرا دەبینین کوردستان بۆتە ناوەندی پیلان و ئاژاوەگێڕیو مەیدانی ڕمبازێنو هاتوو چۆ و ڕایەڵکەی پلانو سیخوڕی دەسەلاتدارانی داگیرکەر. بێشاردنەوە لەهەموولایەکەوە بۆ لەکەدارکردنو بێ ئیعتبارکردنی خەبات و بەربەرەکانی نەتەوەی کورد کەوتونەتە تێکدەری و فرِوو فێڵ و ئاژاوەنانەوە. هەرچوارلایەنی داگیرکەرلەپێش چاوی جیهانیان، بە پێی بەرنامەڕێژی، هەرکام بەڕەنگ و شێوەو

پلانێك خۆیان نیزیك كردۆتەوەو دەیانەوێ هەموو شتێك بگێرنەوە شوێنی پێشووی خۆیو ئەو دەستكەوتانەی كە بەشێك بەفیداكاری و بەشێكی خۆرسكی كە بەهۆی ئاڵووگۆڕی ناوچە لەكوردستانی باشوور وەدەست هاتوون، بەفیرۆیان بەرن٠

داگیركەران بەو مەبەستە لە هیچ شتێك دەرحەق بەكوردستان و لە هیچ دوژمنایەتیەك دژبە كورد چاو پۆشیان نەكردوەو لەهیچ جینایەتێك بۆ شێواندنی ناوچەو سازكردنی ناكۆكی ناخۆی كوردستان دریغیان نە كردوە. بە شێوەی گونجاوو نە گونجاو، یاسایی‌و نایاسایی دەستتێوەر دەدەن٠

گەلی كورد بەدرێژایی مێژوو لە مەیدانی خەباتدا خوێنی داوەو فیداكاری كردوە، لەولاشەوە دوژمنان قەلاچۆیان كردوەو سەروەت و سامانیان سوتاندوەو ژیانیان لە مەترسی هاویشتووەو بەكۆمەڵ گرتویانن و كوشتویانن و بێ بزەیانە كورد ئازارو شكنجە كراوەو سوكایەتي بەكەسایەتی‌و كەرامەتیان كراوەو زمانی زگماكی‌و كلتورو فەرهەنگی خۆی لێ قەدەغەكراوەو چوكترین نرخ‌و بایەخی بۆ دانەندراوە. تەنانەت لە نێو نووسراوەو ئەدەبیاتی‌دوژمناندا بۆ بەد ناوكردنی گەلێكی سی‌چل‌میلیۆنی، بە چەتەو، وەحشی‌كێوی لە‌قەڵەم دراوە. جگە لەوانەو پچڕپچڕكردنی كوردو لەت لەت كردنی كوردستان، هەركاتێ داگیركەران پێكەوە ناكۆكیان بووە، بۆئامانجی چەپەڵیی خۆیان، وەك سوتەمەنی شەڕ لەهەر بارێكەوە كەڵكیان لێ وەرگرتووەو كوردیان لە شەڕ وەرداوە٠ یان هەرجارێ لەلایەك كوردیان بەدژی یەكتری هانداوەو لەسەر ئەرزی كوردستان خوێنی یەكتریان پێكتر پێ ڕشتوون. بەدەیان جاركورد لە دژی دوژمنانی داگیركەر جووڵاوەتەوەو ڕاپەریوە. دوژمن بۆتێشكانی ڕاپەرینەكان دەستی نەپاراستووەو شارو دێهات و مەزراو باغ وباغات‌و دارو دەوەنی كوردستانی بۆمباران كردوەو سەروەت‌و سامان و داهاتی كوردی سوتاندوەو خەڵكی لەماڵ‌و زێدو نیشتمانی باب‌و باپیرانی خۆی هەڵقەندوەو ئاوارەی هەندەرانی‌كردون. مەبەستی دوژمن لەو تاوانكاریە بێ بەزەیانە، سەركوتكردن‌و لەناوبردنی‌گەلی كورد بووە. مەبەست‌و ئامانجی دوژمن، وێڕای كوڵدان بەشۆڕشگێڕانی نیشتمان پەروەری كورد، ویستویە بەئامانجەكانیان

رەشبین بکات و لە داواکانیان ناهومێد و لەڕاپەڕین بێزار بن و بۆهەمیشە بیری سەرهەڵدان و جووڵانەوەیان لە مێشکیدا بکوژێ .

دوژمنان زۆرجاران پیلانی وایان گێڕاوە کە کورد تووشی ناهومێدی و لەدەستدانی هیوابووە . دروست لەو کاتەیدا کە شۆڕشگێڕان لە گەرمەی بەربەرەکانیدا بوونە، دوژمنانی کورد ، جەوی ناکۆکی و ئاژاوەیان ڕێکخستووە . کەسانێکیش هەبوونە فریویان خواردووەو لەخەبات و ڕاپەڕین وازیان هێناوەو بۆلای دوژمنی دەسەڵاتدار گەڕاونەوەو بە پێی پلانی دوژمن سوپاس و شوکرانەی داگیرکەرانی کوردستانیان کردوە .

بەهەمووی ئەوانەوە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی چۆڵ نەکراوەو گەلی کورد لەدژی داگیرکەرانی کوردستان پەرەی بە خەباتی خۆیداوە . دوژمنان نەك هەر نەیان توانیوە بە یەکجاری بەئامانجی گڵاوی خۆیان بگەن و شوێنەواری خەبات و تێکۆشان کوێر بکەنەوەو ئاو بەئاگری ڕاپەڕیندا بکەن، بەڵکوو کاتێك لە شوێن و پارچێکی کوردستان جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیان تێك شکاندوە ، دوای ماوێکی کەم هەرکە هەلێك هەڵکەوتووە ، جارێکی تر لە پارچەیەکی تری نیشتمان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان شۆڕشێکی تر هەڵگیرساوەتەوە . جووڵانەوەو خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستان، هەرچەند لە هەموو بارێکەوە زۆری زیان لێداوین، بەڵام دوژمنانیش زیان و زەرەریان زۆر لێکەوتووەو ئارامیان نەبووەو نەحەساونەتەوە .

هەرکام لەو جوڵانەوەو تێکۆشانانەی ڕابردو بەپێی توانا ، لەباری چەندایەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی و ئەو ڕێکخستنەی کە لە سەر دەمی خۆیدا بەڕێوە چووە، توانیویانە تائەو جێگایەی هەلومەرج ڕێگای دابێ هێندێك لە ئەرکی دەورانی خۆیان ڕاپەڕێنن و برێ لە شوێنەواری ڕووداوەکان بەجێ بێڵن تا لە جووڵانەوەو بزاوی داهاتوودا لەکاری باش کەڵك وەربگیرێ و بکرێ بە ئەزموون .

دیارە نەبوونی ڕێبازی دروست و چەواشەکردنی ڕێبازی ویستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك و ناکۆکی و ناتەبایی نەتەوایەتی لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە

دژایەتیو پیلانگێڕی داگیرکەران لەگەڵ ماف و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان شوێنەواری نیگبەتی خۆی لەسەر بیرو مێشكو ژیانی کۆمەڵی کوردەواری داناوە. دواکەوتوویی کۆمەلایەتی و هێشتنەوەی ولاتەکەمان لە قۆناغی نەزانی و نەخوێندەواریدا، یەکێك لەمەبەستی سەرەکی دوژمنانی داگیرکەر بووە. کۆمەڵی کوردەواری، وێڕای ئەوەی نەخۆشی و برینی کۆنو لەمێژینەی ڕابردوی پێوەدیارە، ئێستاش دەبینین نەخۆشی ناتەبایيو دژایەتی لەگەڵ یەکتر، بەرۆکی پێشڕەوانیکوردی گرتووە. ئەو ڕەوشتو خووە ناپەسندەی سەرکردەکان، کۆمەڵگای داگرتووەو شوێنی بەرچاوی لەسەرچینو توێژی کۆمەڵگا داناوە.

باش وایە هەرچەند کەمیش بێ، سووکە ئاورێك لەدوای خۆمان بدەینەوەوبزانین سەرە ڕای ئەو هەموو فیداکاریو لەخۆ بووردوویيو تێکۆشانە، هێندێك هۆی بەئامانج نەگەیشتنمان بدۆزینەوە. لانیکەم، ئەگەر کەموکوڕیو گیروگرفت و هەڵەکان چارە سەریش نەکرێن، ئەوەندەی ئەقلمان پێدەشکی دەست نیشانیانکەین تا ببن بەئەزموونلەداهاتوودا کەلکیان لێ وەربگیرێ.

وەك هێندێك کەس شۆڕشی چکداری لە کوردستان ڕەد ناکەمەوە و پێم وا نییە دەست بۆ چەك بردن خەتایە. چونکە هەلگیرسانی شۆڕش لە نەبوونی ئازادیو دێموکراسی دایە. بەتایبەتی کاتێ روناکبیری کورد بیرو ڕای نەتەوایەتیخۆی دەردەبڕێ، دەکەوێتە بەر لێدانو ئازارو شکنجەو زیندان، کە وابوو بمانەوێو نەمانەوێ کەسانی خاوەن بیروڕاو هەواداری ئازادی بۆ هێنانە دی بیرو ڕای خۆیان و بەرگری لەئازادی مەیدانیان لێ تەنك دەبێتەوەو هەڵوەدای چیاو بەندەنان دەبنو بەناچاری دەست بۆ چەك دەبەن. زۆرجاریش بە هاتنەپێشی ئالووگۆڕو ڕووداو یاهەلێك دێتە پێش شۆڕش پێك دێ. جا شۆڕشێك بە هاتنە پێشیڕووداو هەلایسيو بە ناچاری پێك هاتبێ، بمانەوێ و نەمانەوێ بێکەمو کوڕی نابێ. دەکرێ مرۆڤ قامك لەسەر جەند خالێك دانێ کەئەمرۆ لە گۆڕەبانی کوردستان بەهۆی سەرەکی ئەم کەم و کوڕیانە دەژمێردرێن.

* هەموو لایەك دەزانن کە ئابووری بناغەو سەرچاوەی ژین و بووژانەوەو

پێشەوەچوونی کۆمەڵ و بشکوتنی سەنعەت و تەکنیك و کشت و کاڵە. فەرهەنگ و زانیاری کۆمەڵ بە کیسەی پڕ بەرەو پێش دەروات و زاناو لێزان و پرفسۆرو دوکتور ئەندازیارو..... پێدەگەیەنی.

وڵاتێکی کە لەباری ئابووریەوە لەدواوە بێ، لەگەڵ ئەوەیدا کە بێ رەونەق و لەپاشە، کۆمەڵگاش لەهەموو بارێکەوە دواکەوتوو و دەست تەنگ و هەژارن. سەرەڕای ئەوانەش هەمیشە چاو لەدەست و چاوەڕوانی یارمەتی ئەم دەراوسێ و ئەو دەوڵەتن. هەر بۆیەش لە ناچاریان بەدەوڵەتانی گەورەوە دەبەسترێنەوەو لەحاست فەرمانی ئەواندا ملیان لە موو باریکتر. خۆبەستنەوەی ناچاریش نەك هەر چارەسەری رزگاری یەکجاری کۆمەڵ نیە لە هەژاری، بەڵکوو پێك هێنەری دەردێکی ترە. دەبینین ئەو وڵاتانەی خۆیان بەوڵاتێکی دیکەوە بەستوتەوە، ئەگەر وڵاتەکەیان پڕ پیت و بەرەکەت و سەروەت و سامانیش بی، لەژێر باری قەرزو قوڵدا پشتیان چەماوەو دەناڵێنن و لە بنی نایەنەدەر. تەنانەت سوودی قەرزەکانیشیان بۆنادرێتەوە. کاتێك دەبینین دەوڵەتێك رزگار بوونی لەبەستراوەیی دەوڵەتێکی گەورە سەخت و دژوارە، وڵاتێکی بێ کیانی ژێردەستی لەت لەت کراوی وەك کوردستان، با وڵاتەکەشی دەوڵەمەند بێ و پڕ بێ لە نەفت و پترۆڵ و دەیان کانگای سەرهەردو، ژێرهەرد و گەنجینەی بە کەلك، ئەگەر دەستی وێڕا نە گاو خێری لێ نە بینێ، کوا پێش دەکەوێ و دەپشکوێ و لەکۆیلەتی بێدەرەتانی رزگاری دە بی.

یان چۆن کۆمەڵی ئاوا دەتوانێ وەك وڵاتێکی تری پێشکەوتوو دوکتورو زانا و پرفسۆری لێ هەڵکەوێ. وڵاتێکی وەکوو کوردستان کە داهات و دەرکەوتی بەتاڵان دەروا و لە بوجەوبەرنامەی دەوڵەت بێ بەشە، با لە وڵاتانی دراوسێی خۆی دەوڵەمەندترو خاوەن سەروەت و سامانی پتریش بێ، خاوەنەکەی بەهۆی ژێر دەستی و بێدەسەڵاتی نەك هەر هیج شتێکی نیە، بەڵکوو وەك نەتەوەیەکی کۆلۆنی کراو بێدەسەڵاتەو نیشتمانیشی کاولکراوەو کۆمەڵگای لە نەخوێندەوارەو لەدواکەوتوویی و رووت و هەژاریدا هێشتراوەتەوە.

دەست تەنگی و دەست بەسەرداگیراوی کورد، بە هۆی نەبوونی ئازادی و

دیموکراسی ، فزەی لە گەلی کورد بڕیوەو هەرجووڵانەوێکی دەیکات، لەجیاتی دەست کەوت و دەستەبەرکردنی ئازادی، تووشی ئاوارەیی و ماڵوێرانی پتر دەبێ .
وێڕای وێران بوونی وڵاتەکەی بەشێك لەخەڵکی کورد ئاوارە دەبی وەك خۆی لێ نایەتەوە. کاتێ باسی هەرەکەت و جووڵانەوەکان دەکەین کە چەندی زەحمەت و ماڵ وێرانی لەسەرچێژراوە، کەوا سادەو ساکار سەرزارەکی بەسەریدا دەڕۆین و لێ تێدەبەرین. بەڕاستی هەرماڵ وێرانی و ئاوارەیی هەندەران نییە، بەڵکوو بەشێك لەکۆمەڵ بۆ ماوێکی زۆر، سەرەڕای بێ بەش بوون لەخوێندن و زانیاریو لەدەستدانی شوێنی خۆیان، تادەورانێکی دوورو درێژ سەرگەردان دەبن و لەنووکەوە ژیانێکی پڕ لە نەداری نەمر نەژی دەست پێ دەکەنەوە. لەو لاشەوە داگیرکەران سەروەت و سامانی لەبڕان نەهاتووی کورد بێ بەزەیانە تاڵانی دەکەنو بۆشارەکانی دەکێشنەوە. بەو شێوەیە دەبینین گەلی سەردەست بوونەتە خاوەنی سەروەتو سامانو کارگەوکارخانە. کوردیش لە ژێردەستی دا دەچەوسێتەوەو تەنانەت لە ناوچەکەی خۆیان کاریشیان دەست ناکەوێ. ناچارە بۆوەدەست هێنانی کارو دابین کردنی ژیانی نەمرنەژی بنەماڵەیان بەو لاولادا دەگەڕێن و دەسوورێنەوە تا کارێکیان دەست دەکەوی. سەرەڕایبێکاری و هەژاری و چەوسانەوەو تاڵانکردن، روناکبیرانی کورد وێڕای کۆمەڵ، کەوتوونەتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو سوکایەتی بەکەسایەتیان دەکرێ. تەنانەت مافی دەربڕینی چوکترین رەخنەو گازەندەیان نیەو لەهەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێ بەشن .

بەشێکی زۆری ئەو گیرو گرفتو کەندو کۆسبانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە هەر کاتێکدا کورد بۆی لواوەو هەلی بۆ هەڵکەوتووەودەرەتانێکی بچووکی بۆ ڕەخساوە بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوگیرکراوی خۆی دەستی بۆ چەك بردوەو لەدژی دوژمنی داگیرکەر ڕاپەریوەو لە هیچ فیداکاریەك بۆگەلەکەی لە بەرانبەر دوژمناندا دریغی نەکردوە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، گەلی چەوساوەو ژێردەست لە باری زانیاریشەوە لە نەتەوەی حاکمو سەردەست چەند هەنگاو لەدواترنو زانیاریشیان لەوان کەمترە.

هەر بۆيەش لەڕاپەڕين و سەرهەڵدانەكاندا ڕێبەرايەتى لێزان وشارەزاو پسپۆڕى كە شياوى بەڕێوەبەرايەتى بێ‌و بە زانايى‌و لێزانى ڕێكخراو هەڵسووڕێنێ‌و بە ڕێگاى دروست‌و ئوسوڵى دا بەڕێوەى بەرێ نيمانە .

لەسەردەمى ئێستادا خوێندەوارو مرۆڤى زانا لە چەند ساڵى ڕابردو پترن، كەچى كەمتر ئامادەن بچنە ريزى خەباتكاران وگۆڕەپانى تێكۆشان. ئەو مرۆڤانەى ئامازەيان پێدەكەم بێشك خاوەنى هەستى نەتەوايەتين‌و بۆ بێ بەشى نەتەوەكەيان بەپەرۆشن، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندى تايبەتى خۆيان بە بەرژەوەندى گشتى ناگۆڕنەوە بەكردەوە بەشدارى لە خەبات و تێكۆشان‌و گيروگرفتى سياسيدا بكەن. سەرئەنجام ئەو بەڕێوە بەرايەتيەى كە باسى دەكەين، بمانەوێ‌و نەمانەوێ بەلاوازى دەمێنێتەوەو بەرهەمى سەرهەڵدان‌و جووڵانەوەكەش هەر ئەوە دەبێ كە تا ئێستا بەچاوى خۆمان ديومانە .

*لەبارى سياسيەوە!* ئاشكرايە كە گەلى كورد وەك نەتەوەيەكى شۆرشگێر، خاوەنى نيشتمان و زمان‌و فەرهەنگى تايبەتى خۆيەتى. بەڵام تائێستا لەهيچ قۆناغێكدا مافى هەڵبژاردنى ژيان و چارە نووسى خۆى پێ نەدراوە. لەمێژساڵە كوردستان لەت‌لەت كراوەو لە نێوان وڵاتانى ئێران‌و عێراق‌و توركيەو سوريەدا بەش بەش‌كراوەو بەشێوەيەكى نامرۆڤانە دەيچەوسێننەوە. هەربۆيەشە كە كورد لە ڕۆژى هەست پێكردنى بەو زوڵم‌و زۆرى‌و چەوسانەوە دڕندانەيە، بۆ بەرگرى لەخۆى بەشێوە خەباتى جۆراوجۆر ڕاپەڕيوەوجولاوەتەوەو.

بە ڕاشكاوى دەتوانين بڵێين؛ كورد لە زۆربەى ميللەتانى سەرزەوى پترقوربانى داوە. بەداخى گرانەوە لە بەر هێندێك هۆكارى ناوخۆيى‌و دەرەكى تائێستاش ژێردەستەو وڵاتەكەى بەداگيركراوى ماوەتەوەو لەژێرنيرى چەوسانەوەى دوژمن رزگارى نەبووە. مرۆڤ زۆر بەڕاشكاوى دەتوانێ بڵێ: كە نەتەوەى كورد يەكێك لەچەوساوەترين‌و زوڵم لێكراو ترينى ئەو نەتەوە ژێردەستانەى جيهانەكە بەتوولى تاريخ ڕێگاى ئازادى پێ‌نەدراوەو مافى خوراوە. لە ئاسياو ئوروپا كەم نەتەوە بەقەدرا كورد بەدبەختى‌و تاڵيى‌و سوێرى چێشتووە. سەرەڕاى ئەوەى كەگەلى كورد

فیداکاری کردوەو لە قوربانيدان، بۆوەدەست هێنانی ئازادی درێژەی بەخەباتو بەربەرەکانی خۆی داوە، گەلێك جار لە خەباتو تێکۆشانی خۆیدا تێشکاوە، بەلاّم هیواو هومێدی لە دەست نەداوەو تێهەڵچوتەوە. جگە لەوەی گەلی کورد لەم جیهانەدا دوژمنی زۆرە، تارادەیەك بێ دۆستو پشتیوان ماوەتەوە. گەلی کورد لەگەڵ ئەوەیدا کە بۆخۆی یەکگرتوونیە، بەسەر چواردەولەتی دیکتاتۆر، کۆنەبەرست، فاشیستو شۆڤێنیست دا بەش بەشکراوەو دەستی بەسەر داگیراوە. هەرسات وکاتێکیش لە یەکێك لەپارچەکانی کوردستان جوولاّنەوەو بزاوێکی دەست پێکردوە، دوژمنانی کورد لێی وەخۆ کەوتوونو بە مەڵوتکەیی لەناویان بردوە. یان ئەگەرخەبات تارادەیەك گەشتبێتە نیزیك لووتکەی سەرکەوتن کە ئاکامو بەرهەمێك لە ڕابردوی تێکۆشانی وەربگرێ، بەپێی پلانو بەرنامەرێژی داگیرکەرانی هەرچواربەش، جووڵانەوەکە لە ڕێبازو هێڵی بنەڕەتی خۆی لادراوەو لاوازکراوەو تێک شکاوە.
هێندێک جاریش لەسەر ویستی لایەنێک لە دوژمنانی سەرەکی، لەبەشێکی تری کوردستان جووڵانەوە پێک هاتووەو ئەویش دوای ماڵ وێرانی و کوژرانی خەلکێکی زۆر، کاتێ دوژمنان بەئامانجی خۆیان گەیشتوون، دوولایەنی دژ بەکورد دەستیان لە دەستی یەکترناوەو ئاشتبوونەوەو ئاشبەتاڵیان بە جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد کردوە.
لەگەڵ ئەو هەمووتێشکانو بێنەو بەرەدا، گەلێک جار بەهۆی بوونی ناتەبایی دەوڵەتانی ڕوژهەلاتی ناوەڕاست، کورد هەلوومەرجی لەباری بۆ ڕەخساوە. بەلاّم لەبەرکەمو کوڕی سیاسی ونەبوونی بەڕێوەبەرایەتی لێزان و پسپۆڕ، هەلو مەرجی ڕەخساو نەقۆزراوەتەوە کە بە سوودی گەل کەڵکی لێوەربگیرێ.
وەنەبێ ڕێکخراوی پێشرەوی کورد هەرکەمو کوڕی تەشکیلاتیو هەڵەی سیاسی هەبێ و بەس، بەڵکوو لەمەڕ ڕێبازو ستراتیژیو تەنانەت تاکتیکی ڕۆژانەشدا هەڵەی بەرچاوی هەبووەو لەدیاریکردنی چارەنووسی دوا ڕۆژی کورد تا ئێستاش کەمترگوێ بۆبیروڕای گشتی گیراوەو موبالاتی پێ دراوە. بەڵکوو تاقمێک وەک ڕێکخراوی سیاسی ڕاو بۆچوونی خواستی خۆیان بە خواستی گشتی داناوە. ماوێکی دوورودرێژە ویستی بنەڕەتی میللەتی کورد لە چوارچێوێکی تەنگەبەرو بەرتەسکی ئۆتۆنۆمی دا قەتیس کراوە.

دیارە بنجینەی جوولانەوە یەك کە لەسەر دروشمی ئوتونومی دامەزرابێ، بودوژمنانی داگیرکەر ئاسانتر بووە٠ هویەکەی روونە، واتە: گەلێکی راپەریوی کە مێشکی بە بیری سەربەخویی نەتەوایەتی ئاو درابی، بێشك بوخەباتی درێژخایەن شێلگیرترو خو راگرترە لەحاست دوژمنانی داگیرکەری کوردستان ٠

پێم وایە، روژێك لە روژان پێویستە ئەو هەڵە گەورەو بەرچاوە بو بەسەرئەنجام گەیاندنی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان راست بکرێتەوەو دروشمی بێ ناوەروك کوتایی پێ بێت و ئەو سیاسەت و رێبازە سەرنەکەوتووە بگوردرێ و مەسەلەی کورد چیتر لەنێو چوارچێوەی بەرتەسك و تەنگەبەر دا نەمێنێتەوەو بکرێت بەمەسەلێکی هەراوی گەلی و لەرێگەو رێبازێکی بەرفراوانی پەسند کراوی گشتی و سیاسەتی ئەوروی جیهانیدا هەولی بو بدرێ٠ کاتێك بەروونی دەبینین کە ژێر بنای سیاسەتی گشتی دەولەتانی داگیرکەری کوردستان لەسەر فریوو دیکتاتوری دامەزراوەو بەهەموو هێزیانەوە دژی هەرچەشنە مافێکی دێموکراتین٠ کە وابوو، بوچی ئێمە بیری سەربەستی نەکەینە ئاویتەی تێکوشانی سیاسی؟

سەرەرای نەگورینی ئەو دروشمەش، بە ئاشکرا گەلی کورد هاویژراوەتە نێو بازنەی بەرتەسکی ئوتونومیو لەنێواندوو بەرداشی زورەملی دوستو دوژمندا گیری کردوە٠ نەدەتوانێ لە بەلای داگیرکەران بەدووربێ، نەرێگای دەدرێ بو وەدەست هێنانی ویستی خوی هەنگاوی بەرفراوانتر باوێ ٠

میللەتی کورد لە ولاتێکی دواکەوتووی وەکوو ئێران، لەژێر سێبەری ئالقەدراوی بنکەی نیزامیو تفەنگی ژاندارمدا چون دەتوانێ بەخودموختاری بێ بناغە پشت ببەستێ؟ یان لە ولاتێکی وەکوو عێراق و تورکیەی دیکتاتورو فاشیستدا، بەبێ پێشمەرگەو هێزی چەکداری کورد، کوا رێگەی بەیانی ئازادی پێدەدرێ ؟

ئەگەر داوای خودموختاری بەهاتنە سەرکاری دەولەتێکی دێموکراتیکی ناوەندی دێتە دی، ئەوقوربانیو مال وێرانیو کاولکاریەی بوچییە؟ یان ئەو بەرنامە قورسو گشتییە بوچی کراوە بەئەرکی کوردو دەبێ کورد لە کوردستان بەرێوەی بەرێ؟ مەگەرشورش لە کوردستان بوهاتنە سەرکاری دەولەتێکی دێموکراتیکی ناوەندی بە بەژنی کورد براوەو دەبێ نیشتمانی کوردی تێدا بچێ!؟

بە ئەزموون دیومانە؛ کاتێك یەکێك لە وڵاتانی داگیرکەر بەهۆی شۆڕشی هەراوی گەلی کورد لاواز بووەو بن لاقی لەق بووە، داگیرکەری هاوسایەی چاوپۆشی لەناکۆکی و ناتەبایی خۆی کردووەو ئاشت بووتەوەو، ویکڕا پەنایان بردۆتە بەر فروفێڵ و پیلانگێڕی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و جووڵانەوەی چەکدارانەی کورد ۰ یان بە زاهیر بە دانی هێندێك ئیمتیازی نێو بەتاڵی وەکوو ئۆتۆنۆمی، ڕێبەرایەتی جوڵانەوەی کوردیان بێدەنگ کردوە ۰ هەرکاتێك دیویانە هەرا نیشتوتەوەو فرسەتیان وەدەست هێناوەو بە هاسانی لەوادەو بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە ۰

بە تێبینی لەسەر ئەو بۆچوون و ئەزموونانە، پێویستە لە سەرهەموو رووناکبیرو شۆڕشگێڕێکی کورد، لە ڕێبازێکدا هەنگاو هەڵگرن کە داخوازی هەمەلایەنەی گەلەکەمان بێ و بەخەباتێکی شێلگیری رزگاریخوازانە مەسەلەو کێشە بنەڕەتیەکانی کورد چارەسەربکرێ و لەو ڕێگایەدا وزەو توانای خۆیان وەکارخەن و لەو راستایەدا قوربانی بدرێ و فیداکاری بکرێ ۰ ئەگەر لەو ڕێبازەدا سەرکەوتنی یەکجاریش وەدەست نە یەنین، لانیکەم بیرو باوەری نەتەوایەتی و سەربەخۆیی و رزگاریخوازی، بۆ بەرفراوانکردنی داهاتووی نەوەی دوا رۆژی گەلی کورد دەپشکوێ ۰ لەلایەکی ترەوە زۆر زیاترو باشترو هەراوتر لە ئێستا، بیرورای کۆڕو کۆمەڵی نێو نەتەوەیی جیهانی بۆلای داخوازیەکانی گەلی کورد ڕادەکێشرێ ۰

وەك لەسەردەمی ئێستادا دەبینین لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات و جووڵانەوە هەیە، باشتر وایە بەشێوێکی وردبینانەو لێزان لە ناکۆکی و ناتەبایی داگیرکەرانی کوردستان کەڵك وەربگیرێ . هەروەك دەبینین ئەوان سەرەڕای ناتەبایی خۆیان، کەڵکمان لێوەردەگرن و زۆرشتیان بەهۆی ئیمە بەدەست هێناوە دیارە وریایی ودوربینی سەرکردەکانی شۆڕش بەستراوە بە یەکگرتوو بوون و لێك ئاگادار بوونی یەکترە کە بتوانن لە سەروو بۆخۆیان داخوازی بنەڕەتی و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ وەبەرچاوبگرن و، وەك گەورەترین هێزی خۆیی پشت بە یەکێتی ببەستن ۰ بێشك بە رهەمی هەنگاوێکی ئاوا، بە زامنی سەرکەوتنی شۆڕش و جووڵانەوەی سەردەمی ئێستای کوردستان دەژمێردرێ ۰

ئەوخودموختاری و دێموکراسیەی کەچەندین ساڵە، لەکوردستان

خەبات و تێکۆشانی بۆ دەکرێ و قوربانی بۆ دەدرێ، هەروەك لەسەروو باسکرا، دەولەتانی وەك ئێران و عێراق و تورکیە، هەرگیزبەزاریاندا نایەوچاویان بەرایی نادا ببینن ٠ مادام دەبینین داگیرکەرانی کوردستان ئامادە نین هیچ کاتێ وەلامی ئەوخوێن و قوربانیانە بدەنەوە، ئێمە بۆ دەبێ چاوەروانی وەلامی ئەوان بین و پشت لە هەلوو مەرجی ئەوروٚی جیهان کەین ٠ بوچی داوای ستراتیژی پەسندی خۆمان، واتە: سەربەخۆیی لەبەرنامەدا نەگونجێنین ؟ کاتێك لێمان روونە ئەو رژیمانە لەگەلّ ئازاد بیرکردنەوەی گەلی کورد، ناگونجێن و ناحاوێنەوە، بوچی بەخیالّ کیسەی بۆ هەلّدرووین؟ لە کاتێکدا باش دەزانین کەدەولەتانی داگیرکەر بەتەواوی دژی ئازادین و گالّتە بە ولاّتانی دێموکرات و بیچمی دێموکراسی دەکەن، تەنانەت جۆری بیرکردنەوەیان هەرگیز رێگە نادا کە گوێ بو داخوازی دێموکراسیانەی کورد بگرن و بروای دێموکراسیان تێدا پێك بێ ٠

جگە لەوەش یاساو قانوونی ئەو ولاّتانە، بە تایبەتی یاساو قانوونی دارژاوی داگیرکەران لەگەلّ داخوازی گەلی کورد نایخواتەوەو ئامادەنین کورد و نیشتمانی کورد بەسەرزارەکیش بێنن ٠ نەنانەت کوردستان، بە ئازربایجان، شمالی عیراق، ئەنەدوٚلو... نێو دێنن. وێرای ئەو هەموو فاکت و بۆچوونانەی کە باسکران، کاتێك مرۆڤێکی ئۆتۆنۆمی خوازدەدوێنین و باسیان لەگەلّ دەکەین، دوای هێنانەوەی هێندێك شێرو رێوی خۆ فریودەرانە، دەلّێن؛ ئێمەش سەربەخۆیی مان پێ خۆشە. یان دەلّێن؛ خودموختاری پردێکە بۆ رزگاری. یان دەلّێن ئێمە خودموختاری لە رژیمێك داوا دەکەین کە بەرنامەی دێموکراسی هەبێ ٠ نازانم بۆ پێیان وایە، ئەگەرداوای سەربەخۆیی بکەن دەخورێن و لەناو دەچن! یان وادەزانن بەداوای خودموختاری، هەربایی خودموختاریان لێدەدرێ ؟ وادیارە بۆ پارێزگاری لە خۆیان درۆشمی دێموکراسی و خودموختاریان بۆ کوردستان هەلّگرتووە. برادەرانی ئۆتۆنۆمی خواز هێشتا بیریان لێ نەکردۆتەوە کە ئەگەرحکومەتێکی دێموکرات هاتەسەرکارو دێموکراسی بەپێی فیلانیش بێت،

ئەوحکومەتە دەست بەجێ داواکەیان وەرنا گرێ. پێم وایە؛ ئەوحکومەتە دێموکراتەی باسی دەکەن هەڵبژاردن دەکاو لە پارلەمان وهەمە پرسی « رفراندۆم » دا وەڵام دەداتەوە. ئەوکات گەلێك زەحمەت ترەو دەبێ گەلانی ئێران پشتگری و پشتیوانی لە مەسەلەی کوردو خودموختاری بکەن. بێشك ئەوکاتیش لە دەنگداندا داوای کورد لە کەمایەتیدا دەمێنیتەوەو حەل نابێ، کورد ناچارە جارێکی دیکەش دەبێ دەستداتەوە چەك و داخوازی خۆی بەرێتەوە چیا.
نموونێکی بەرچاوی تاقی کراوە:
لە ئیتیوٚپی حکومەتی دێموکرات بە سیستمی بەرگری لە چینی چەوساوەی تەواو دیموکراتیك واتە رژیمی کومونیستی لەسەرکار بوو. کەچی گەلی "ئێری‌تریا" زۆر پترلە پێشوو دەچەوساوەو لە ژێر گوشاری پتر دابوو. تەنانەت بە هاندراوی بێگانەو بەکرێگیراوو... زۆر شتی تر تاوانبار دەکران و لە پێشووش پتریان لێدەکوژرا.
لە ئاکامدا دەبێ بلێین؛ داوای خودموختاری جگە لەوەی پێش بە پشکوتنی بیری رزگاریخوازی دەگری، یارمەتیش بە توانەوەی بیری نەتەوایەتی دەکاو کۆمەڵی کوردەواری زیاتر بەرەو بیری ئێرانی گەری و عێراقی گەری رادەکێشێ و پتری لە ئامانجەکانی دووردەخاتەوە. ئەودوورخستنەوە، پرۆسەی سەربەخۆیی کورد درەنگترودرێژتر دەکاتەوەو پتری لە ژێردەستی‌دا دێلیتەوە.
دەرئەنجام وێرای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەو ئەو هەموو فیداکاری و خوێندانەش، گەلی کورد هیچ قازانجێك ناکات و، زەرەرو زیانێکی گەورەشی لەهەموو بارێکەوە وێدەکەوێ. هەرئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین و لێمان روونە کەکورد لەکاروانی ئازاد بووی گەلانی تری ژێردەست بەجێ ماوە، کە لەو ساڵانەی دواییدا لە ژێر دەستی ئازاد بوون و ئاڵای سەربەستی و رزگاری خۆیان هەڵکردوە.
بەداخەوە پێشرەوانی گەلی کورد بێ ئەوەی لەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی ئەورۆی جیهان ئەزموون وەربگرن، بۆیان بۆتە کوردە ناموسی و لەجێگای خۆیان "دەرچا" لێدەدەن و درۆشمی کۆن و سەرنەکەوتووی خودموختاری دەڵێن و دەڵێنەوە.
کاتێك مرۆڤ لەگەڵ لاوێکی کورد دەکەوێتە وتوو وێژو لێی دەپرسێ کە بۆ چۆتە

پاڵ پارتو ڕێکخراوی تری سیاسی و هۆی چیە رووی لەپارتو ڕێکخراوی سەراسەری ئێرانیوعێراقی کردوەو ریزی گەلی خۆی بەجێ هێشتووە؟ زۆر سادەو ساکار وەلام دەداتەوەو دەڵێ: من بۆگۆڕان و رووخانی رژیمی ناوەندی و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی دلخوازی خۆم هەوڵ دەدەم. ئەگەر بچمەچیاو داوای ئۆتۆنۆمی بکەم خۆم فریوداوە • چونکە ئەو کەسەی لەنێو حیزبێکی کوردی دایەو خەباتی خۆی بردۆتە سەرچیاکانو بۆکوردستان دەجەنگێ، لە هەمان کاتیشدا خۆی بەئێرانی دەزانێو لە داخوازیشدا درۆشمی دیموکراسی بۆئیرانی هەلگرتووە. واتە هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی دیموکراتیك! باشە ئەگەر هەر ئێرانیموخەبات بۆدیموکراسیو هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی دیموکرات دەکەم، بۆخۆم لەگەلانی تری ئێرانی هەلاویرمو بچمە شاخی؟ بوچی لەسەرهیچو بۆ هیچ ولاتەکەی خۆم بەویرانکردن بدەموخۆمو گەلەکەم ئاوارەی هەندەران بکەم؟

لێرەدا روون دەبێتەوە کەهەڵگرتنی درۆشمی خودموختاری جگەلەوەی نەیتوانیوە سەرنج و پشتیوانی خەڵکەکانی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێ، تەنانەت زۆر رووناکبیری کوردیشی لە ڕێبازی کوردایەتی تاراندوەو لە باوەشی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی سەرتاسەری هاویشتوون • لەئاکامدا بەوە دەگەین کەقورسایی مەسەلەی خودموختاری هەرلەسەر شانی خەڵکی کوردستانەو بۆ پشتیوانی لە شۆرشی کورد کەسێکی غەیرە کورد دیار نیە دڵی پێخۆش کەین • خەباتو تێکۆشان بۆ خودموختاری، سەرەڕایئەوەی بەرتەسك کردنەوەی داخوازیەکانی بنەڕەتینەتەوەی کوردە، وەك میللەتیش نرخو بایيو فیداکاری و ئەو قوربانیانەی کە بۆئازادی دەدرێن، زۆری نزم دەکاتەوەو دوای ئەو هەموو خەباتو ماڵ وێرانیە، مەسەلەی کورد دەبێتە کێشەیەکی بچوکی ناوخۆییو لەجێگای خۆیدا، زەربە لێدانێکە لەبیری ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی •

لێرەدا دەبینین هەڵگرتنی ئەو درۆشمە، پترلەپێشوکاکڵو ناوەرۆکی خودموختاریمان بۆ روون دەکاتەوەو بۆمان دەر دەکەوێ کەئەو فیداکاریوخەباتە خوێناویەی ئەو رۆی کوردستان شیاوی ئەو درۆشمە نیە کە هەڵگیراوە• هەرئەو لێکدانەوانەشە کە روناکبیری کورد رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لەسەر هەڵگرتنی

دروشمی سەربەخۆیی ساغ دەکاتەوەو بۆیان دەردەکەوێ کە دروشمی خودموختاری لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی ئالووگۆڕو هەلوو مەرجی ئەو رۆی جیهانو خەباتی سەختی ئێستای کوردستان نایەتەوەو کۆششو هەوڵدان لەو ریگایەدا سەر ئەنجامێکی رەنج بەخەساریەو لە ئاکامدا سەرمان بێکڵاو دەمێنێتەوە .

ئەو روون بوونەوانەی کە ئەو رۆ لە دانیشتنو کۆبوونەوەکاندا دەی بینین هەنگاوێکی روونا کبیرانەی سیاسین و لە داهاتوویکی نیزیکدا کورد دەکەوێتە سەر ریبازێکی نوێ و هەڵبژاردنی دروشمی سەربەستیو رزگاریو بە ریگایەکی دروستو خەباتێکی شێلگیری پەسندکراوی رۆژ هەنگاو هەڵدێنێتەوە خەبات بۆ ستراتیژیەکی ئاوا، بە بیروباوەڕێ ئاوا، هەنگاویکە بۆجێگیر کردنی پێناسەی نەتەوەی کورد . پێم وایە؛ راگەیاندنی دروشمی سەربەستی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا پێویستیەکی مێژوویی هەیە . بۆیە لەسەر ئەو مەسەلەو بیرو بۆچوونە زۆر پێدا دەگیرێ، بەڵکوو هەمولایەك بەرتەسکی خودموختاری لەبەرچاوبگرن و ئەو داوایە بەمافی نەتەوەیەکی چەندمیلیونی نەژمێرن . چونکە وڵاتانی دۆستی کورد ناتوانن وەك میللەتێك چاو لەجووڵانەوەی ئێستای کورد بکەن . بەڵکوو وەکوو مەسەلەیەکی بچووکی ناوخۆیی لێی دەروانن و بەکێشەیەکی ناوخۆی هەڵدەسەنگێنێن . کەوابوو شۆرشی هەر نەتەوەیەك کە لە قالبو قەوارەی خودموختاریدابێت، ناتوانێ سەرنجی نێو نەتەوەیی بۆلای خۆی راکێشێ .

لە ئاکام ئەو لێکدانەوانە دا بەوە دەگەین: کە پێشرەوی هەرگەلێك دروشمی خودموختاری هەڵگرێو لە ژێر ئەو دروشمە دا بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتو بەربەرەکانی بکات، لەو جیهانە پانو بەرینەدا ، ئەو گەلە بەتەنیا دەمێنێتەوەو لایەنگری نێو نەتەوەیی لێ بەدی ناکرێ .

لەراستیدا داخوازیو دروشمی بەرتەسکی (ئۆتۆنۆمی )جگە لە رەنج بەخەساریو ئاوارەییو بەفیرۆ چوونی خوێنەکان، هیواو هومێدی دوا رۆژی تێدا نییەو، وەك «حولەمەرەسی، وەرەوە سەرسێ» ی مندالان، دێتەوە سەر سێ !.

بەم جۆرە دەبینین جووڵانەوەی کورد لەکوردستان بەهۆی نەبوونی ستراتیژیەکی پتەوی دیاریکراو، ئاسۆی سیاسی بۆکورد لێڵ و نارون وتاریکە . ئەو ڕێبازە نارروونە سەرەڕای ئەوەی بۆتە هۆی نەبوونی پێناسەی نەتەوایەتی ، خەباتی شێلگیری نەتەوەکەشمانی بێ هێزوتوانا کردوەو تا ئێستا لە باری نێو نەتەوەیی سوودێکی ئەوتۆی کە شایانی باس بێ بەگەلی کورد نەگەیاندوە. کە وا بوو ئەو چوارچێوەو قالبو قەوارە زاهیریەی مەوجوود ، بەشیاوی شۆرشێکی خوێناوی نابیندرێ و ئاسۆی روون و گەیشتن بە ئاواتەکانی لێ بەدی ناکرێ . ئەوانەی لەسەروو باسکران، جێگای بڕوای زۆر کەسن وبۆ خەبات و ڕاپەڕینی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو ئەرکی ئەو ڕۆی پێشڕەوانی کوردستان بەهۆی سەرەکی یان دەزانن .

گەلێک جاران قسەو باس دژی بیری سەربەخۆیی بلاّو دەکرێتەوە، نەک هەرلەلایەن داگیرکەرانەوە، بەلکوو لەلایەن هێندێک کەسی ناحاڵیی سەربە پارتە سیاسیەکان. بەتایبەتی لەلایەن ئەندامی ڕێکخراوە سەرانسەریەکان بەتاوانی کەبیرە، دەژمێردرێ. تەنانەت بە نووسینی وشەی داگیرکەریش قەلسن . وا دەردەکەوێ لەلایەن رژیمەکانەوە کارێکی زۆرکراوە بۆ بردنە پێشی بیری شۆڤێنیستی و ڕنگدانەوێکی زۆری لەسەرنەتەوەی سەردەست داناوە. بەئاشکرا دەبینین بەرهەڵستی و دژایەتی ڕێبازی بیری سەربەخۆیی کورد دەکرێ . تەنانەت لە رژیم زیاتر پێ لە سەرتەمامیەتی ئەرزی دادەگیرێ . بیانەوێ نەیانەوێ ئەو پێ داگوتنە ڕاستەوخۆ تەئیدوپشتیوانی لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە و بەئیدەئۆلۆژیەکی شوڤێنیستی دەژمێردرێ .

پروپاگاندی دژی رزگاری خوازی و سەربەخۆیی ، بەهەرشێوەو بەهەر بۆچوونێک و لەلایەن هەرگروپ و دەستەو تاقمێکەوە بکرێ، شۆڤینیستانەوکۆنەپەرستانەیەو ئاو لەئاشی دوژمن کردنە . ئەودژ کردەوانەی کەبەهۆی پروپاگاندی سیاسی دەکرێن، ڕاستەوخۆ بۆلاوازکودن و کوشتنی بیری نەتەوایەتی و لەبیرکودنی فەرهەنگ و مێژووی گەلی کوردە . بەڕواڵەت دەبینین حیزب و ڕێکخراوەکان، نێوی کوردوکوردستان و گەل دێنن و لەنوسراوەکانیاندا مەقالەش لەسەرکوردستان و هەژاری و بێبەشی و چارەڕشی کورد دەنووسن، بەڵام کاتێ باسی سەربەستی کورد دەکرێ، لە ڕێگەی

سەفسەتەو ئاوەژووو نیشاندانی ڕاستی یەکان، کە گۆیا لەگەڵ هەلوومەرجی ڕۆژ نایەتەوە، دەنگی دژایەتی خۆیان لەگەڵ مافی بە حەقی سەربەخۆبوونی کورد، دەردەبڕن. زۆرجاریش بیسراوە ڕێبەرانی ڕێکخراوی کوردیش گوتویانە: ئێمە ئیرانین، عێراقین. تەنانەت دەڵێن: ڕێگا نادەین کەس لە خۆیان ئێرانی ترو عێراقی تربێ! یان دەبیسین نوێنەری پارتێکی کوردی لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی ئەنتەرناسیونال سوسیالیستدا، دەڵێ: ئێمە وەک ئێرانی هاتووین بەشداری کۆبوونەوەین !

دیارە گوتنی ئەو شتانە بۆ هەموو ڕێکخراوێک ئازادەو سیاسەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێش؛ داخوا بیریان لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێکخراوی خۆیان کردۆتەوە کە داخوازی گشتی گەلی کورد چی یەو چیان دەوێ؟ یان داخوا بیر لەوە دەکەنەوە کە: دوای چەندساڵی تر چیان پێدەڵێن و مێژوو چیان لەسەردەنووسێ ؟

لێرەدایە پەنا دەبرێتە بەر ڕووناکبیرانی کوردستان و داوایان لێدەکرێ؛ کەلەباری سیاسیەوە پێویستی سەرشانیانە لەهەر شوێنێکی گونجاو تەبلیغی هەراو و بەربڵاوی خۆیان لەدژی پروپاگاندی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بکەن و هەڵوێستی شۆڤینیستانەی دوژمن کە لە دژی سەربەخۆیی کورد بڵاو دەکرێتەوە، وێڕای مەحکوم کردنیان، دروشمی سەبەخۆیی بکەن بە وردی زمانیان و پتری بەرنە نێو مێشکی کۆمەڵانی کوردەوە. چوونکە دەنگی دژایەتی سەربەخۆیی، دەنگی هەر کەس بێ، ئەوکەسە بڕوای بە مافی گەلی کوردو سەربەخۆیی کوردستان نیە.

بەحەق دوپاتی دەکەمەوەو دەڵێم؛ هەموو کوردێکی خاوەن ویژدانی نیشتمانپەروەر، لەسەری ئەرک و بەرپرسە کە لەحاست پروپاگەندی دژی سەربەخۆیی حەساسیەت نیشان بدات و بەرپەرچی بداتەوە. چوونکە دروشمی ڕزگاری وسەربەخۆیی لەگەڵ،مان و مەوجوودیەت و مافی ڕەوای نەتەوەی کورد پەیوەندی نەپساوەی هەیە. هەر تاقم و ڕێکخراوێک بۆبەرژەوەندی کاتی خۆیان، ئامادە نەبن سەربەخۆیی کوردستان وەک ستراتیژی لە بەرنامەی خۆیاندا بگونجێنن، ڕەنگە ڕۆژێک بێ، وەک دڵسۆزو دۆستی ستراتیژی گەلی کورد حیسابیان لەسەرنەکرێ. پێویستە هەمووکوردێکی نیشتمان پەروەر بزانێ و ڕوون بێ لەسەر ئەوەی کەتەنیا شۆفینیست و دیکتاتۆرو کۆنەپەرستو

داگیوکەرانی کوردستانن بەهێنانەگۆڕی سەربەخۆیی کورد، ئاراو قاراویان لێ هەڵدەگیرێ و کوردستان بە بەشی باب و باپیرانی خۆیان دەزانن و بێ بەزەیانە دەستیان بەسەر داگرتووەو دەڵێن بەشی ئێمەی داگیرکەرەو بەشی کوردی پێوە نیە.

هەر بەو پێیەو بەو بۆچوونەیە کە هێندیک ڕێکخراوی سەراسەری پێیان تەلقین کراوە بیرو ڕای ئەندام و لایەنگرانی خۆیان لە نێوچوارچێوەی تەنگەبەردا قەتیس کەن و سەربەخۆیی کورد بە تاوان بزانن. زۆر کەس بە زاهیرخوی بە دڵسۆزی کورد دەزانێ و پێیوایە هەوڵ و کۆششی بۆ ئازادی کوردە، بەڵام لەکردەوەدا دەبینین بڕوای بەمافی سەربەخۆیی گەلەکەی لەدەست داوە.

مرۆڤی زانا و دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەوکەسانەن، کە ناوەرۆکی هەڵسووڕان و چۆنیەتی خەبات و تێکۆشانی خۆیان هەڵسەنگێنن و قازانج و بەرژەوەندی گەلی کورد بکەن بە پێوانەی کردەوەکانیان. دەبێ هوشیارانە بزانێ، داخوا هەڵگرتنی کام درۆشم و ستراتێژی لە درێژخایەندا پتر بەسوودی گەلی کوردە. بەهیچ جۆرێک نابێ گوێ بدرێ بەقەلسی وتووڕەیی و لەکورە دەرچوونی داگیرکەرانی کوردستان.

بڕوام وایە : ئەو کەسانەی کە درێژە بەڕەوت و ڕێبازی ڕاڕایی و خۆ گنخاندن دەدەن، کەسانێکن، کە وێڕای خۆ بەکەم زانین، ئەوپەڕی بێدەسەڵاتن و هێشتا باوەڕیان بەتین وتەوەژمی پڕ لەجۆش وخرۆشی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی کورد نەهێناوە.

زۆرجار مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بیری خۆ بەکەم زانین وگەڵ وەبەرچلو نەکەوتن، ڕەنگبێ سەرکوتکردن و تێشکان و چەوسانەوەو بەئاکام نەگەیشتنی بزوتنەوەکانی ڕابردوو، بەڕیوەبەرانی کوردی لە داخوازی بنەڕەتی سارد کودۆبێتەوە، بۆیە چاو پۆشیان لەخواستی گشتی کردوە. هەرئەو ناهومێدیە بۆتە هۆی هەڵگرتنی درۆشمی کاتی و لە ئامانجی سەرەکی گشتی گەلی کورد دوور کەوتوونەتەوە.

بێشک هێنانەگۆڕی مەسەلەی سەربەخۆیی و هەلگرتنی درۆشمی مافی هەلبژاردن و دیاری کردنی چارەنووس بۆگەلی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، جێگاو مەقامی شۆڕشەکەمان دەباتە سەرو دەیگەیەنێتە پلەی بەرزی هاوسەنگی خۆی و چالاکی تێکۆشان و فیداکاری گەلی کورد دەکەوێتە کانالی دروستی ڕاستەقینەی خۆی.

هەروەها لانیکەم، خوێن‌دان و قوربانی و لەخۆ بوردووی گەلەکەمان لە داهاتووی مێژووی دوارۆژدا بەفیرۆ ناچێ و دەکری بڵێین: خۆگەیاندنە ئەوکانالە، دروستە ڕاستەقینەیە، بە یەکەمین مەرجی خۆ ناسین و باوەڕهێنانە بەویستو داخوازیەکانی کۆمەلانی گەلْ٠

پێم وایە هەموو ئەو کەسانەی کەلەحاست نەتەوەکەیان خۆیان بە بەرپوسیاردەزانن، لەسەریان پێویستە بۆناسین و پێناسەی کورد بەدلْ وگیان و هەموو هێزو توانایانەوە، بەنووسین و گوتەو بلاْوکردنەوەی تەبلیغی هەراو « بیری سەربەخۆیی » بکەن بە وشەی سەرزاران و هەنگاوی بەتینی بۆ هەلْگرن ٠ هێنانەگۆڕی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی، بە بەرفراوان بوونی دێموکراسی دەژمێردرێ و جوولانەوەو شۆڕشی کورستان بەهێزدەکات ٠ ئەو کاتەیە کە گەل دەتوانن هەراوترو ڕاشکاوتر بێنە مەیدان و چارەنووسی دوا ڕۆژی خۆیان لەمەیدانی کردەوە دا بەخەباتی ڕۆژانە دیاری بکەن و بەردی بناغەی شۆڕشی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازی بۆگەلی کوردستان دابرێژن.

لە مەڕ پرۆگرامەوە !

لەباری بەرنامەوە کەم وکووڕی و نەبوونی گەلێ شتی بەرچاوکەپێشتر لە بەرنامەدا نەمان بووە، زۆرن. یەکێک لەوانە "دیاریکردنی مافی چارەنووس" واتە: دەولْەتی سەربەخۆی کوردستان، پێویستیەکی سەرەتایی‌یە لە نێو بەرنامەی ڕێکخراوی کوردیدا بگونجێ و لەو ڕوانگەوە بە بیروباوەڕێکی پتەوی ڕزگاری خوازی و ئیمان بە دێموکراسی و پێویستیەکانی، هەروەها بەشدارکودنی خەلْک لەبەرنامەی چارەنووسی خۆی و زالْبوون بەسەرکاروکردەوەی سیاسی و ڕەوتی ڕۆژانەدا، لەخەبات و بەربەرەکانی درێژخایەندا بەهەنگاوێکی گرینگی شۆڕشگێری دەژمێردرێ و خۆی دەسکەوتێکە بۆهێنانە دی ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی گەلی کوردو پێویستە وەربگیرێ. بەلێکدانەوەی ڕەوتی ئێستای جیهانی، شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەرکێکی مێژوویان دەکەوێتەسەرشان و، وەکوو شورشگێڕانی ئەو، وڵاتانەی کەلەو سەردەمەدا ئەرکی ڕزگاریخوازیان لە وڵاتی خۆیاندا بەجێ گەیاندوەو لەو سالانەی دواییدا ئالاْی سەربەستی نەتەوەکەیان بەرزکودوە٠ وەکوو: وڵاتانی بالْتیک، بۆسنی، کۆسەڤۆ، و

کە خۆیان گەیاندە پلەو قۆناغی گرینگی ئێستای جیهانی و ڕێبەرایەتی شۆڕشی پێشکەوتووی ڕەسەنی خۆیان بە ئاکام گەیاند ٠

پێویستە مرۆڤی خەباتکار درۆشمی سەربەخۆیی نەتەوەکەی لەسەرلووحەی کاری ڕۆژانەیدا بگونجێنێ‌و، وەك ئەرکی سەرشان و ئەمانەتێکی مێژوویی، بی پارێزیو بەدڵوگیان هەوڵی بۆ بداتو تێبکۆشێ ویڕای بەرنامەو کاری ڕۆژانەی، بیری رزگاریخوازی بەرێتە نێو مێشکی کۆمەڵانی کوردستان٠
بۆ ڕووناکبیرانی شۆڕشگێر ئاشکرایە کە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوایەتی، بەستراوەتەوە بەقووڵترین ئاڵووگۆڕەکانی دێموکراتی کۆمەڵایەتیەوە. مەسەلەی نەتەوایەتی پێویستەلە پلەی یەکەمدا ببێت بە، بەرنامەی ڕۆژانەی سیاسیو لە ڕوانگەی نیشتمان پەروەرێکی سەربەخۆیی خواز تێیەوە بڕوانرێ٠
ئەوکاتەیە دەتوانین بڵێین؛ شۆڕش لەکوردستان کەوتۆتە نێو کاناڵی ڕاستەقینەی خۆی و لەسەر ڕەواڵێکی پڕناوەرۆکی رزگاریخوازی دەڕواتو لەدژی داگیرکەرو دیکتاتۆری کۆنەپەرست ڕاپەریوینو لە ڕێبازێکی پێشکەوتووخوازیدا هەنگاو داوێینو بەتێکۆشانوخەباتی ویگراییو تێگرایی دەتوانێ ئاڵووگۆڕێکی بنەڕەتی لەژیانی چەوساوەی خەڵکی کورد دا پێك بێنین٠ ئەوکاتەیە کە ئەندامو ڕووناکبیری کورد بە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی خۆی دڵگەرمەو بەکردەوەو ئاکتیو بۆپێناسەی نەتەوایەتی هەنگاو هەڵدێنیتەوە ٠

دەنا ڕێکخراوێکی کە توانای هەڵسەنگاندنی هەلوو مەرجی ئێستای جیهانی نەبێ‌و خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەورۆی نێونەتەوەیی ڕێك نەخاتو ئەرکی سیاسی نەتەوایەتی خۆی بەجێ نە یەنێ، شیاوی بەریوەبەری پڕبەپێستی خۆی نی یە ٠
بائەوەش بڵێین؛ خەباتو شۆڕشێکی کە ئێستا لە کوردستان لەئارا دایە، هەرچەند درۆشمی لەگەڵ هەلوو مەرجی ئەورۆ ناتەبایی هەیە، بەلام بلێسەوگڕو تینیشی دەبینین کەئارامی لە داگیرکەرانی کوردستان هەڵگرتووەو بەهەموو هێزیانەوە خەریکن بە پیلانگێڕی و دژایەتیو ئاژاوەگێڕی مەسەلەی کورد ئاوەژوو نیشان بدەن ٠

کاتێك دەبینین دوژمنان بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد هیچ فرسەتێکیان لە دەست نەداوە، با ئێمەش لەو دەریچەوە چاوێك بە ڕابردووی خۆماندا بخشێنینەوەو دەست بەکار بین. وەك کورد دەڵێ:" زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە. هەرچەند درەنگ بووە، بەلاَم با دەست لە بیری وشكو کورت بینیو بەرزەفڕی هەڵگیرێ و درۆشمی سەربەخۆییو شۆڕشگێڕی یەکێتیو برایەتی بکرێ بە ڕەمزی هەڵوەشانی فرووفێڵو پیلانگێڕی داگیرکەرانی کوردستان.

بەوهەنگاونانە دەکرێ مرۆڤ بلێ؛ بۆ وەدەست هێنانی پێناسەی نەتەوەیی پێمان لە ڕاستەڕێباز ناوە. بێشك ئەوکاتەیەکە زۆربەی کۆمەڵمان بۆلای خۆمان ڕاکێشاوەولە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەدا تاڕادەیەك سەرکەوتووین.

پێشنیارو هێنانەگۆڕی ئەو مەسەلەیە هەر ئەوە نیە کە ئالامان هەڵکردبێو دەوڵەتمان ڕاگەیاندبێ، بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا بەبیری سەربەخۆیی نەتەوایەتی چەکدار بووین. بێشك ئەو ڕێبازە هەرەکەتی نەتەوەکەمان وەك هەنگاوێکی شۆڕشگێڕی بەرەو بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی سەردەمی ئێستای جیهان دەبات.

لە زۆرشوێنی ئەو نوسراوەدا ئاماژە کراوە کە بەرزکردنەوەی درۆشمی مافی چارەنووسو سەربەخۆیی بەداخوازی گەلی کوردو دیموکراتیزە کردنی ڕاستەقینە دەژمێردرێ. ئەگەر ئەو درۆشمە سەر لووحەو ستراتیژی بەرنامە نەبێ، دیموکراسی و ڕادیکالیزم لە بزوتنەوەدا بەلاوازو بێ ناوەڕۆك دەژمێردرێ.

پێم وایە؛ هەرخەتوگەلاڵەو ڕێبازێکی دوور لەو درۆشمو قەوارەوە دابمەزرێ، ئەوکاناڵە ناگرێتەوە کە باسمان کرد. هەرگەلاڵەیەکی کە دادەڕژێو هێڵو خەتی نیشتمانی بۆدیاری دەکرێ، دەبێ بەقووڵی تێوەی بڕوانرێو بەبیرێکی زانستیانەوە گشت پێویستیەکانی شۆڕشی کورد لەڕێبازی ڕزگاریخوازیدا بگونجێندرێو بەرژەوەندی هەرە زۆری چینو توێژەکانی کوردستانی تێدا بێ. بۆئەوەی گەل بەئیمانتێکی بەرزتر لەدەوری شۆڕش کۆبنەوەو ببنە پالپشتی وەدی هێنەری خواستو داخوازی نەتەوەکەمان

هەر وەك هەموولایەك ئاگادارین، گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو لە ئازادی بێبەش

بووەو مەودای دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیٚ پیٚ نەدراوە کە بتوانیٚ بیرورای خۆی دەربېریٚو ریٚکخراوی خۆی لە سەربنەمای دلٚخوازی خۆی دابریٚژیٚو هەروەها بۆ گەشەپیٚدانی بیرو فەرهەنگو هونەرو. . . بەرەو پیٚش بردنی زانستو تەکنیك توانای خۆی وەکارخاتو هەولٚ بدات بۆ بن برِکردنو لەریشە دەرهیٚنانی نەخویٚندەواریو نەزانی ٠

ئەوەی کە دوژمن نەی هیٚشتووە کورد خاوەنی ویستو ئیرادەو کەسایەتی خۆی بیٚ، پیٚویستە بە هەموولایەکمان تیٚبکۆشین ئەو هەستو ئیرادە یە لە کۆمەلٚدا زیندو کەینەوە ٠ دەکریٚ بلٚیٚین؛ ئەوکاتەی کە شۆرش گەیشتۆتە پلەو قۆناغیٚکی باش و لەناوچەی ئازاد کراو ئازادی بەهیٚزبووە، بە داخەوە ریٚبەرانی جوولاٚنەوە نەیان توانیوە هەلومەرجیٚکی لەبارو دیٚموکراتیك بۆگەشەپیٚدانی زانیاری و فەرهەنگیو کۆمەلاٚیەتی و پتر تیٚگەیشتن پیٚك بیٚننو لە باری ژیانو چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی کۆمەلاٚیەتی یاریدەدەربنو بەکردەوە هیواو هومیٚد بدریٚ بە گەل، تا ئاسۆیەکی روونی پرِ هیوا بکریٚتەوە ٠

مرۆڤ بەراشکاوی دەتوانیٚ بلیٚ: تەنانەت لەدەربرِینی سەربەستانەی بیرو را، تارادەی پشکنینو پالٚپیٚوەنانو دەرکردنیان لە کوردستان دریغ نەکراوە ٠ لەچارەسەرکردنی کارو باری کۆمەلاٚیەتیش دا دەوری هەلسوورانو دەربرِینی بیرو را زۆر کەمرەنگ بووە ٠ هیزو تواناو لیٚزانیو ئیبتکاری خەلك بایەخی بۆ دانەنراوەو هەمووکاتیٚك لە ئۆرگانی سەروو دەسەلاٚتی خۆیان بەشیٚوەی سەرەکی دوورلە دیٚموکراسی بەسەرکردەوەی چارەنووس ساز دا سەپاندوە ٠ زۆرجار ئەو هەلٚویٚستوکردەوانە لەکۆمەلٚدا رەنگیان داوەتەوەو لە هیٚندیٚك مەلٚبەندو ناوچەی رزگارکراو بەچاولیٚکەری لەریٚبەرایەتی جوولاٚنەوە، ئاغاو سەرخیٚلٚ، پتر لە پیٚشوو دەسەلاٚتی زالٚمانەی خۆیان بەکار هیٚناوەو لە ناوچەی خۆیاندا وەکوو دەورانی پیٚش شۆرش سورووساتیان وەرگرتووەو خەلکیان چەوساندۆتەوە، واتە: وەك پیٚۆست بەتەواوی پشتگیری لە چینی زەحمەتکیٚش نەکراوە ٠ بەراشکاوی دەکریٚ بلٚیٚین؛ زۆربەی هەرەزۆری فیداکاری بۆ شۆرش لە چینی خوارەوە کراوەودیتراوە ٠ جگە لەوەی باش پیٚرا نەگەیشتوین، لەباری زولم و زۆریشەوە

دوژمنانی داگیرکەر زۆر دیکتاتۆرانەو شۆڤێنیستیانە گەلی کوردیان چەوساندۆتەوە· سیاسەتی زاڵبوون بەسەرچالاکیەکانی خەڵکدا، لەهەموکاتێکدا فزەی لەکۆمەڵ بڕیوە· دامەزرانی بنکە دێموکراتیەکانی وەك یەکێتی جوتیارانو لاوانو شوڕای خەڵك شتیکی فرە باش بووە· بایەخ پێ نەدان بەئیرادەی زۆربەی خەڵك، ساردیو بێ باوەری پێك هێناوە· لەوسالانەی دەورانی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا بوخۆمان شاهیدین کە سەرەڕای ئەو کەمو کوریانەی باسکران، ئەزموونی دامەزراندنی شوڕاکان لە شارو دێ، کە زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشدار بوون، بە پێشوازی لێکردنو کارتێدا کردن، نیشان درا کەخەڵك چەندی حەز لە بەشداریکردنی کاری دێموکراتیکە. لەگەڵ ئەوەیدا کە بە تەواوی لە کارو بارەکانیاندا سەربەست نەبوونو دەستیان تیوەردەدرا· دیسانیش لە بەڕێوەبردنی کاروهەڵسووراندا دڵخۆشوخۆشحاڵ بوون· باوەڕم وایە؛ شوڕاو چالاکیەکانی شوڕا، بەردی بناغەی دێموکراتیکی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو· ئەودەورانە کورتە، وێڕای کەمو کوریەکی کە هەیبوو، دەتوانین بە نمونێکی بەرچاوی مێژوویی لە جوولانەوەی سەردەمی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بژمێرین·

* ڕابەرایەتی: لەمەڕ لێزانیوکارامەییو چالاکی بەڕێوەبەرایەتی زۆر گوتراوەو نوسراوەو باسکراوەو هێلوڕەوتو ڕێبازیان بۆ ڕێکخراوی خۆیان داناوەو تاقیکاریان لە سەرکردوە· هەریەك لەریبەران بەنۆرەی خۆیان ئەو ڕێبازەی کە پەسندی خۆیان بووە، هەرئەو ڕێبازە هەلبژێردراوەتەوە· هەرکەسێ رەخنەی لە ڕێبازی پەسندی ڕێبەرایەتی گرتبێ یان پێشنیاری ئاڵووگۆڕی کردبی، جگە لەوەی گوێی نەدراوەتێ، کەوتۆتە بەرهێرشو پەلاماری توندی دوورلەدێموکراسیوتەنانەت تاپلەی دەرکردن و هەڵپەساردن·

جاری واش بووە، رەخنەو پێشنیار بۆتە هۆی لەت بوونی ڕێبەرایەتی· ئەندامی هەموو ڕێکخراوێکی کوردستانی ئەوە دەزانێ کە لە کۆنفرانسوکۆبوونەوەکانیشدا بەهۆی ئەو دەسەلاتەی کە سەرکردەو ڕێبەرەکان هەیانبووە، ڕوانگەو بیرو پێشنیاری بەشدارانی کۆنفراسکاتێك دوورلە

بۆچوونی هاوڕێیانی سەروو بووە، یان پشتگوێ خراوە، یان بە ناحەق ڕەد کراوەتەوەو بەئارەزووی خۆیان لێیان خوڕیوە. لەسەرەتای دەست پێکردنی هەموو شۆڕش و جولانەوەکاندا کەمتاکورتێك گوێ بۆ هێندێك ڕەخنەو پێشنیار ڕاگیراوە، بەڵام دوای ماوێکی کورت بەهۆی نەبوونی ئەو پرنسیپ و بیرو باوەڕە سەرەکیەی کە لە نێو باسەکاندا ئاماژەیان پێکرا، بەرە بەرە کەم بۆتەوەو دەسەڵاتی گشتی لە ناو چووەو ڕەوت و ڕێبازو بەرنامەی کاری دیموکراتیك لەبیرکراوەو دەسەڵاتی تاقەکەسی وخێڵەکی و بەرزەفڕی ناوخۆیی، جێگای ڕەوالی پێشووی گرتۆتەوە. ئاکامی ئەو بێ پرنسیپی و لادانە، بۆتە هۆی پشێوی و دڵ ساردی و تەنانەت لەگرێژەنە چوونی هەموو دەستکەوتەکان سیاسی و تەشکیلاتی. هۆی پێك هاتنی ناتەبایی و دووبەرەکی و ئەو لەگرێژەنە چوونە، بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بیرتەسکی و ساغ نەبوونەوە لەسەر بیروباوەڕی پێش کەوتووخوازانەو ستراتیژێك. واتە؛ دیارنەبوونی ڕێبازی ڕزگاریخوازی، کە دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستانە.

پێم وایە هەرچەندی ریزی یەکێتی بیروباوەڕ پتەوتر بێ و لەسەر بناغەی یەکگرتوویی دامەزرابێ و ڕێبازی خواستی گەل دیاری کرابێ، ئاسۆی بەئامانج گەیشتن خێراترە و هاتنەدی ئاواتی گەل نیزیکترە. هەربەو پێوانەش هەرچەندی بیرو ڕاو بۆچوونی ڕێبەرایەتی تێکەل پێکەڵترو ئاڵوزو لێڵ و ناڕوونتربێ، ئامانج و ستراتیژی لەچوارچێوەیکی تەنگەبەرتر دا قەتیس دەکرێ و هەنگاوەکان لەمەیدانی تێکۆشاندا بەرتەسکتر ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەوەی لەمێژوودا خوێندومانەتەوەو لەبیرمانەو لەڕابردوودا دیومانە سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی جولانەوەکان لەدەستی خاوەن مڵك و سەرخێڵ و مەلاو شێخ دابووەو ئەوان بەرێوەبەرو جلەوداری پێش کاروان بوون. بەگوێرەی نوسینی مێژوو، هەریەك لەجولانەوەکان بەبیری سەردەمی خۆیان کاریان کردووەو هەڵسووڕاون. نەبوونی ڕێکخراو بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن لایەنگرو هاوسەنگەرانی خۆیان بە بیری شۆڕشگێری نەتەوایەتی چەکداربکەن. ئاکام و بەرهەمی ئەو دەورانیش هەرئەوە بووە کە لە مێژوو دا دەیخوێنینەوە.

بەپیی بیرو بۆچوونی سەر دەمی ئێستا، بەو ئاکامە دەگەین کە ڕێبەرایەتی سەردەمی نوێ، دەبێ لەسەربناغەی شورشگێڕی دامەزرێ و بیری ڕزگاریخوازی ببێتە هەوێنی سەربەخۆیی جوولانەوەی کوردو ئازادی کوردستان. بیروباوەڕی ئاماژە پێکراو ببێتە بنچینەو بنەمای ناوەرۆکی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی. پێویستە بۆچارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتیو هەروەها بۆبەرژەوەندی هەرەزۆری خەلکی کوردستان دیموکراسی دەستەبەربێ بۆبەڕێوە بردنی ڕەوتو ڕێبازو کارو باری نێو خۆیی. جارێکی دیکەش بە ڕاشکاوی پێ لەسەر پرۆگرامێکی پێشکەوتووخوازانە دا دەگرم کە چینو توێژەکانی شۆرشگێڕ بۆ بەرژەوەندی گشتی لەدەوری کۆ ببنەوە و بەیەکێتیو خەباتێکی شێلگیر بۆ وەدیهێنانی ئاواتی لە مێژینە کە دەولەتی سەربەخوی کوردە هەنگاو هەلێننەوە.

دیارەهەرکەس لەسەرخەباتو بۆپێشەوە بردنی مەسەلەی کوردو ڕزگاری کوردستان، بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیەو لەڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە گیروگرفتەکان. کۆڕو کۆمەلو پارتو ڕێکخراوی سیاسی، بە تاکتیكو ستراتیژی تایبەتو بیرو ڕای خۆیان ڕێبازی بۆدا دەڕێژنو کاری بۆ دەکەن. شتێکی لێرەدا دەکەوێتەسەرشانی روناکبیرو شۆرشگێڕی کورد ئەوەیە: دەبێ لێکۆلینەوەو لێکدانەوە لەسەرخەتو ڕێبازەکان بکەنو بە بیرو ڕای نوی تێکۆشەرانی کورد تێبگەیەنن. وێڕای وریاکردنەوەو ئامادەکردنی ئەندام لەکۆمەلدا، بیری سەربەخۆیی بکەن بەهەوێنی خەباتی ڕۆژانە بۆبردنە پێشی تاکتیکی ڕۆژانەو وەدی هێنانی ستراتیژیو دامەزرانی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.

ئەوەی ئەورۆ روونو ئاشکرایە تائێستا پارتو ڕێکخراوەکانی کوردستانی بۆ پێناسەی کوردو مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، هەولی بنەڕەتیان لەباری پێناسەوە زۆر بەکەمی داوە. وەنەبێ بەئەنقەست کاریان لەسەرنەکردبێو بایەخیان بۆ دانەنابێ، بەلکوو بڕوایان بەڕێبازی سەربەخۆیی نەبووە هەولی بۆ بدەنو هەلی بۆ برەخسێنن. ئەوەی لەسەرو توزێك شیکرایەوە، ئەوەش دەگەیەنێ کە مەسەلەی کوردیان لەمەڕ پێناسەی نەتەوایەتی هێندێك شێواندوەو ناڕاستەوخۆ بوونەتە

هۆی نە پشکووتنی بیری نەتەوایەتیو رزگاریخوازی ·

ئەوەی باسی لێدەکرێو ئێوە دەیخوێننەوە، بەو مەبەستە نیە پارتێك یا رێکخراوێکی کوردستانی تاوانبارەکرێ، بەلکوو ئەو باسە لەسەرمەسەلەی میللیو پێناسەی نەتەوایەتی کوردە کە بە کورتی دەخرێتە بەرباسو لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی گشتی ·

بەو پێیەی باسکرا، ئەگەر پارتو رێکخراو یان گروپێکی کوردستانی سەربەخۆیی کورد، وەك ستراتیژیكو ئامانجی دوا رۆژیان لە نێو پرۆگرامدا نەگونجێنن، ناکرێو ناشێو بۆیان نیە خۆیان بەنوێنەری کورد بزانن، بەلکوو نوێنەری ئەندامو لایەنگرانی تەشکیلاتی رێکخستوی خۆیانن ·پارتو رێکخراوی کوردستانی، تا ئەوکاتەی کەخۆیان بەقەومی ئێرانی و عێراقی دەزانن، بیانەوێو نەیانەوێ، وەك عەرەبی عێراقیو فارسی ئێرانیو تورکی ئەنەدۆلی بیردەکەنەوە ·کەوا بوو خەباتو تێکۆشانیان یارمەتی بە پشکوتنی بیری نەتەوایەتی ناکاتو ئەگەر لەو بارەوە بۆ بیری ڕزگاریخوازی بۆ پێشەوە چوونێك پێك هاتبێ، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، رۆژنامەو کەرەسەی هەراوی ئەورۆی جیهانی بووە شوێنی لەسەر بیری ڕزگاریخوازی داناوە ·

بۆیە باس لەوە دەکرێو مەرج دادەنرێ کە پارتو رێکخراوێك دەتوانن خۆیان بە نوێنەری کورد بزانن کە بۆناسنامەی نەتەوەی خۆیان دروشمی سەربەخۆییان لە بەرنامەی خۆیاندا گونجاندوە · واتە: نەتەوەی خۆیان بەخاوەن خاكو ئاوو زمان و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان لە پرۆگرامدا ناساندوەو بۆ مافی ڕەوگیرکراو و رزگاری کوردستان خەبات دەکەن · رێکخراوێکی کە خەباتو تێکۆشانی خۆی بۆ خود موختاریتەرخان کردوە، لەبەر ئەوەی بەبیروکردەوە، خۆی بە ناوەند بستۆتەوەو وەك ئێرانی و عێراقی بیردەکاتەوە، جگەلەوەی کە هیچ هۆویەتێکی نەتەوایەتی نادات بەکورد، برێکیشیلە ئامانج دور دەخاتەوە ·

لە ڕوانگەی مرۆڤێکی ناسیۆنالیستەوە نەتەوەیەکی کە زمانو فەرهەنگو نیشتمانی خۆی هەبێ، دەبێ ولاتەکەی ئازاد بێو گەلەکەی سەربەخۆ بژی · هەرکەسو هەر رێکخراوێك بەچاوی ئێرانیو عێراقی سەیری نەتەوەی

کورد بکا، بیەوێو نەیەوێ، نەك هەر لە باری میللیەوە بۆناسنامەی کورد ( هۆویەت ) هەوڵیی نەداوە، بەڵکوو زیانیشی بە پەرەپێدانی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی گەیاندوە٠

پێم وایە: تێکۆشانی سیاسی بەبیرو ڕێبازی رزگاریخوازیدا پتر مەسەلەی کورد بۆپێشەوە دەباو شوێنەواری کردەوەش لەنێو ڕووداوەکانی دوا ڕۆژی مێژوودا پترخۆ دەنوێنن. نموونێك : هەر وەك ئاگادارین؛ ماوەی دووسێ ساڵ لەناوچەیّ کرماشان ڕا تادەگاتە ناوچەی نیزیك کۆتۆڵ، واتە : لەسەدا حەفتای خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزب بڕوای بەڕێبازی رزگاریو سەربەخۆیی کوردستان نەبوو، نیزیك بەحەوت میلیۆن کوردی ڕۆژهەلات بە خود موختاریەوە سەرگەرم کرا و ئێستاش هەر درێژەی هەیە٠ لەو ماوە دوورو درێژە دا شتێکی وەك حکومەت ڕا نەگەیەندرا کە لانیکەم ئێستا سەرمان بەرز ڕاگرینو نیشانێکی ئەو سەردەم لە خەباتی میللەتی کورد ، دا وەك دەورانی قازیمحەمەدی شەهید لە مێژوودا تۆمار بکرێت٠ ئیستا دەبینین دوای ئەو هەموو قوربانی دانو خەباتەخوێناویە ئاسارێك لە کارو تێکۆشانو حاکمیەتی ئەوکات دیارنیە کە وەك نوختە عەتفێکی مێژوویی مرۆڤی کورد، دلی پی خوش بکاو شانازی پێوەبکا٠

باسەرەنجێك بدەینە ساڵی ١٣٢٣تا ١٣٢٤هەتاوی، کەئەرتەشی دەوڵەتی ئێران بە پشتیوانی دەولەتانی غەرب لە شارەکانی سەقزو بانەو سنەو کرماشان بوون٠ تەنیا ناوەنڈی کوردستان واتە؛ مەهاباد ، بۆکان، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، لەژێر دەسەڵاتی کورداندا بوو، بەڵام چونکە بەڕێوەبەرانی ئەوکات، ئیمانو بڕوایان پتر بە هۆویەتی نەتەوەی کورد بوو، لەو ماوە کورتەدا، سەرەڕای دژایەتی یەکێتی سۆڤیەت· لە مەڕسەربەخۆیی· کە بە دۆستو پشتیوانی ئەو کاتی کورد دەژمێردرا، گوێی پێ نەدراو لێبڕاوانە ·کۆماری میللی دێموکراتی کوردستان· لەلایەن شەهید قازیمحەمدەوە ڕاگەیاندرا٠ ئەو هەڕەکەتە پڕبایەخو بەنرخە مێژوویە لەسەردەمێکدا کرا کە دەتوانین بڵێین؛ لە سەدا ٩٨/:ی

کورد نەخوێندەوار بوونو لە دێیەکانی کوردستان جگە لە مەلاو فەقێو کوڕە ئاغا، خوێندەوارێك دەست نەدەکەوت. کەچی لەسەردەمی ئێمەدا بەپێچەوانەی نیو سەدە لەوە پێش، دەکرێ بڵێین؛ پتر لەسەدا 60 ٪ خەڵکی کورد خوێندەوارنو لەباری زانینی کۆمەڵایەتیو تێگەیشتنی سیاسی چەندین بەرانبەر پێشکەوتووترو ئاگادارترنو لێکدانەوەیان باشترە. مەبەست ئەوەیە، ئەو هەلە لەبارو بەنرخەی سەردەمی شۆڕش موفت بەفیرۆ چوو.

بەبڕوای من، هەرکادرێکی ئاگای حیزبی دێموکرات ئەگەر بیهەوێ لەو ڕاستایەدا خۆی ببوێرێ، مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە لە داهاتووشدا نایەوێ بوپێناسەی هۆویەتی گەلی کورد هەولی پێویست بدات و گەلی خۆی وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست لە جیهاندا بناسێنێ کە حیسابی میللەتی لەسەر بکەن و چیتر بەئێرانیو عێراقیو ئەنەدۆڵیو عەرەبو فارسو تورکی نەناسێنن.

بڕوام وایە؛ تا مێشکی کورد بە بیری سەربەخۆیی رزگاریخوازی نەپشکوێ و مەسەلەی کورد نەکەوێتە سەر ڕێبازی نەتەوایەتی، بەرهەمی خەبات و تێکۆشان لەوەی کە هەیە پتر نابێ.

لەکۆتاییتێڕوانینی خۆمدا جارێکی دیکەش پێ لەسەرئاماژە پێکراوە نووسراوەکان دادەگرمو دەڵێم :

- تائەو پارتو ڕێکخراوە کوردستانیانە کە ئەورۆ بوونو "مەوجوودیەتی" خۆیان سەلماندوە، دەست لە بەزمو ڕزمی خودموختاریو ئێرانیگەریو عێراقچیەتی هەلنەگرنو نەیەنە مەیدانی کردەوەو ڕاشکاوانە درۆشمی سەربەستیو سەربەخۆیی کوردستان هەڵنەگرن و نیشتمانی خۆمان بە ولاتێکی ژێردەست نەزانن و بەو بیرەوە لەدژی داگیرکەران نەیەنە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان، ئازادی وەدەست نایەو دەبێ بۆ گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانی گەلی کورد، واز لەکوێرە ڕێ بێنینو ڕێگای دروستی سەربەخۆیی بۆنەتەوەکەمان هەڵبژێرین.

# یادداشت و رووداو ؟

یادداشتی رۆژانە بریتیە لەو رووداوانەی کە مرۆڤ خۆی رۆژانە بە دوایاندا دەگەرێ ، یان لە نێو ماس میدیاکاندا گوێ بیس دەبێ و یادداشتیان لێ هەڵدەگرێ · لەنێو یادداشتەکاندا رووداوی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، یاسایی ، نایاسایی ، دادپەروەری ، ستەم و شتی خۆش و ناخۆشی تێدا دەبینـدرێ · دەکـرێ بڵێیـن ؛ بـەشـی هـەرە زۆری یـاد داشتـی رۆژانـە ، بەکەرەسەیەکی ناپوختی مێژوویی دەژمێردرێن · ئەگەر یەکێك بیهەوێ هەواڵ و زانیاری کۆکاتەوە شتێك بنووسێ ، لەو کەرەسە ناپوختانە کەڵك وردەگرێ و رێکو پێك و پوختەیان دەکا و دەکرێ بە پەرتوك ·

بە شی پێنجەم کە دەخوێننەوە ، ساڵ و نێوێك بەدوای رووداوەکانی کوردستاندا گەرام و لە نێوخەبەری رادیۆ ، تەلەڤیزیۆن ، گۆڤارو رۆژنامەکادا یادداشتێکی زۆرم کۆ کردەوە ، بەڵام ئەوەی من دەمویست نەیگەیشتمێ و نەمتوانی وەدەستیان بێنم · سەرئەنجام بە گوڵبژێرکردنی یەك دەهەم لە یادداشتەکان ، ماڵاوایم لێکرد کە ئێوە ئێستا لەو بەشە پەرتوکەدا دەیخوێننەوە · بەشی هەرە زۆری کە کەڵکی لێوەرگیراوە ئەو کاتەیە کە جووڵانەوی پەنابەرانی کورد بە هاتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ دەرەوەی وڵات دەستی پێکراوە ·

وێرای نوسینی رووداوەکان ، روانگەو تێروانین و پێشنیارو تەنانەت رەخنەوگلەییشی تێداگونجاوە ، کە لە بیروبۆچوون و روانگەی نووسەر سەرچاوەیان گرتووە · لە زۆر روداوی بەرچاو خۆم بواردوە و تەنیا گوڵبژم لەو یادداشتانە کردوە کە بە کارەساتی مێژوویی دەژمێردرێن . بەوهیوایە لەجێی خۆی دابێ و کەڵکی لێوەربگیرێ .

نووسین و خستنەرووی یادداشتی پازدە مانگەی لەو بەشەدا ، بەو مەبەستەیە ؛ کە ئەگەر رووداوی ساڵێکی کوردستان بە گشتی بێنینە سەرکاغەز و چاوێك بەتاوانکاریەکانی داگیرکەران و دەسەڵاتدارانی جیهاندا بخشێنین و ، وەك رووداو هەڵیان سەنگێنین ، بیشك تاوانی داگیرکەرانی کوردستان لە تاوانکاری سەرا سەری جیهان بۆ کورد دژوارو سەنگینترن ·

# بەشی پێنجەم .

## چەند وتەیەك بۆ بەشی پێنجەم .

کاتێک گفتو گۆ لەسەرمێژوو دێتە پێش وباسی ڕوداوی مێژوویی دەکرێ، مێشک و زەینی مرۆڤ یەکسەر بۆسالیانی کۆنێ لەمەوبەردە گەڕێتەوە. ئەو ڕووداوانەی لە مێژوودا خوێندراونەوەو نوسراون سەرنجی خوێنەربۆلای خۆی ڕادەکێشێ و پێمان وایە هەر ڕووداوێک کۆن نەبێ و سالانێکی زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبێ، مێژوونیە و بەمێژوو ناژمێردرێ و دەبێ کۆن بێ و زەمانی بەسەردا تێ پەڕیبێ و . . . هتد
ئەوبۆچوونە ڕەنگبێ هێندێک خوو پێگرتن بێ و لەگەڵی ڕاهاتبین. بۆیە کاتێ باس لە مێژوو دێتە پێش، یەکسەر سەرنجمان بۆسالانی ڕابردووی دوورو درێژو دەورانی کۆن ڕادەکێشرێ. دیارە لەکۆمەڵگای ئێمەدا چونکە کورد دەسەلات وکیانێکی سیاسی نەبووە، ڕوداوی مێژوویی نەتەوەکەی زۆر بەکەمی نوسراوە. ئەوەی نووسرابێش بەشی زۆری لە سەرچاوە نووسراوەکانی لاوەکی و بێگانە لێوەرگیراوە. هۆیەکەشی روونە. هەروەک دەزانین؛ بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی و گوشارو سەرکوتکردنی نووسەرانی کورد، ڕێگا ئاوەڵە نەبووە کە لە کاتی خۆیدا ڕووداوەکان بنوسرێن.
ئەگەرگلەیی و ڕەخنەش لەکەم وکوڕی مێژوو بگیرێ، بە سوچ وتاوانی نووسەری کورد ناژمێردرێ. بۆنموونە یەکێتی سوڤیەت بە وێنە دێنینەوە:
دەبینین پاش حەفتاساڵ دەسەلاتی سوسیالیزم لە سوڤیەت، ئێستا بۆخۆیان مێژووی دەورانی دەسەلاتی کۆمونیستیانْ پێڕاست نییەو، دەڵێن: مێژووی سوڤیەت دەبێ سەرلەنوێ بنوسرێتەوە. دیارە بەهۆی بەڕێوە چوونی حوکمی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، مێژووی حەفتاساڵەیان کەم وکوڕی تێدایە، بۆیە دەنووسرێتەوە. جاکاتێ مێژووی ولاتێکی گەورەی خاوەن دەسەلاتی وەکو سوفیەت ئەوەی بەسەر هاتبێ، چۆن نەتەوێکی ژێردەستی ولات داگیرکراوی وەکوو کورد دەبێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ مێژووی بێ گرێ و گۆلێ دورلە کەم وکوڕی هەبێ ؟
بێشک نەتەوەیەکی دابەشکراوی دەست بەسەرداگیراو، هەرگیز نابی ئەو

چاوەروانیەی لێ بکرێ کە مێژووی ڕێک و پێکی هەبێ و سەرچاوە مێژووەکانی ئی خۆی بن. یان مێژووی خۆمان وەبەرچاو نەیەو بڵێین: بێگانە مێژووی کوردی نووسیوە نابێ بایەخی پێ بدرێ. ئەگەر بێتوو ئاوا بیر بکەینەوە ئەو تۆزقاڵە مێژووەی هەمانە، ئەویشمان لە بیر دەچێتەوە.

بەکورتی بەگوێرەی خوێندنەوەی مێژوی کوردو تێ بینی لەسەر چەند بیرەوەری کەسایەتی کورد، منی هێناسەر ئەو ڕایە کە هێندێک ڕووداوی گرینگ، کە لە سەر مەسەلەی کوردو چونیەتی جوڵانەوەی کوردستان روویان داوە، وەک یادداشتی رۆژانە بیانهێنمە سەرکاغەز. ئەگەرخاوەن بیرو ڕاو خوێنەریش بە روداوی مێژوویان نەژمێرن، لانیکەم ئەگەر رۆژێک کەسێک ویستی مێژوو بنوسێ، دەکرێ بۆ چەند لاپەرەیەک، کەڵک لە رۆژوساڵی ڕووداوەکان وەربگرێ. چونکە راست و دروستی روداوەکان و نووسینی ڕێکەوتەکان بۆمێژوونووس گرینگەو بایەخی هەیە.

* هێندێک روداو لەگەڵ ئەوەیدا ڕێکەوتیان لێکتر جیایە لێک نیزیکن، بەڵام بە شێوێکی دیکەو ڕێکەوتێکی دیکە دوپات بۆتەوە. ئەو دووشێوە نووسین و رستانە بەو مانایە نیە بیری لێ نەکرابێتەوە. بەڵکوو گۆڕان بەسەر داهاتنی هەلوومەرج و بەڕێوە بردنی سیاسەتی هەمە ڕەنگ و گۆڕینی درۆشمی نەگونجاو، هەروەها گۆڕینی ویست و داوای پارت و ڕێکخراوی سیاسی کەهەر رۆژێ تاکتیک وستراتێژیەکیان بۆخەباتی خۆیان بەکارهێناوە، بۆتە هۆی ئەوەی نووسین شێوەی جیابەخۆ وە بگرێ و ئاڵوگۆڕەکان بەدووشێوە بنوسرێن. دەنا، بێشک ڕووداوەکان وەک خۆی لەڕێکەوتی خۆیدا نوسراون وگۆرانکاری تێدا نەکراوە. هەموشیان سەرچاوەیان هەیەو لەگوڤارو بەیاننامە و رۆژنامەی بڕوا پێکراوی ئینتەرنێت و مێدیاکان وەرگیراون و لە ڕووداوی بێ بەڵگە خۆم پاراستووە.

جگە لەوەی کەیادداشتە رۆژانەکان بە کورتی هاتوونەسەرکاغەز، بە پێی هەلوومەرج و کات و سەردەم، بۆ رونتربوونی ڕووداوی نوسراوەکە، بۆپتر شیکردنەوە، ڕوانگەو بیرو ڕای خۆشم دەربڕیوە.

* لە نێو ڕووداوەکاندا دەخوێننەوە، کە کاتێ پێشهاتێک بە سوودی کورد رویداوە، مرۆڤ پێی وا بووە لە داهاتووێکی نیزیکدا کورد ئاکامی لێوەردەگرێ. کەچی لەپڕ، ئەو پێشهاتە بەپێچەوانە وەرچەرخاوەو سەت وهەشتادە ڕەجە بە زیانی کورد سوڕاوە.

* کاتێ ئەو نوختە گرینگانە لەنێو ڕووداوەکاندا دەخوێنینەوەو خەبات و شێوەی بەڕێوەبەرایەتی کورد لە هەڵس و کەوتی نێونەتەوەیی دا لێک دەدەینەوە، دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان جولانەوەی سیاسی کوردیان چەندە بە لاوازی، بێ ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو بەڕێوەبردوە. لەو لاشەوە دەبینین دوژمنانی داگیرکەر، هێڵی هەرەکەتی کوردیان خستۆتە نێو کاناڵیی جۆراوجۆرو تووشی گیروگرفت و کەندو کۆسپ و بن بەستیان کردوەو، بە پەرە پێدانی گێرە و کێشەو دژایەتی ناوخۆیی و، پێک هێنانی هەلوومەرجی دژوارو، چاندنی تۆوی بێ هیوایی، جوولانەوەی کوردیان لە ڕێگای خۆی هەتلە کودوەو بە شێویەکی نامرۆڤانە لە ڕێگای ئابوریەوە خستویانەتە نێو بازنێکی تەنگی سیاسی.

سەرەڕای ئەوانەو دەیان شتی تر، بە روونی دەری دەخات، کە دەردی هەرە گەورە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری خۆمانە کە زۆربەی زۆری کۆمەڵ لەگوێی گادا نوستوون و لەبەرگوێ لەمستی ناکەونە سەرهێڵیی یەکێتی و برایەتی بە زانایی بۆ مەسەلەکان بچن. بەئاشکرا دەبینین بەشێکی زۆر لە کۆمەڵ وەک دەروێش ڕەگەڵ ئەو لاولا کەوتون و چەپڵە بۆ ڕوداوو درۆشمی نامۆلێدەدەن. تەنانەت پلانی دژ بەخۆیان کە دەبێتە هۆی چارەڕەشی داهاتوو، دەکەونە چەقڵەسەما و بە هەموو هەوایەک هەڵدەپەڕن.

* ئەو نوسراوەی لە بەردەستتانە لە هەلوومەرجێکدا نوسراوە کە دوژمنانی داگیر کەری کوردستان هەوڵدەدەن لە بەڕێوە بودنی بەرنامەی ژینۆسایدی کورد بەتەواوی سەرکەوتووبن. بۆیە دەستیان داوەتە دەستی یەک و لە هیچ تاوانێک دەرحەق بە کورد و جولانەوەی کورد لە کوردستان خۆ ناپارێزن.

دەوڵەتانی بەرژەوەندیخوازی دۆستی داگیکەرانی کوردستانیش چاویان چرداگوتووەو هیچ ناڵێن. ئەگەرجارو بار بەئەنقەست باسێک لە کێشەی کورد دەکەن، بۆئەوەیە داگیرکەران بترسێنن و پەیمانی ئابوریان لەگەڵ ببەستن و چەک و چۆڵیان پێ بفرۆشن و ئالوو وێری جۆراوجۆریان لەگەڵ ئیمزا بکەن.

* بەکورتی ئێستا کە خەریکم یادداشتەکانم بەنووسراوە ئامادە دەکەم.

ڕژیمی عێراق لەگەڵ ئەوەیدا کە ئێستالە روخان و لەناوچون نیزیک بۆتەوە، پلان دەکێشێ پتردەست لە کورد بوەشێنێ. سەرەڕای ئەو حاڵە شڕەی هەیەتی، بە توندی

خەریکی دەرکردنی ئەو کوردانەیە کە دانیشتووی شارەکانی کەرکوک و خانەقین وجەلەولان. بەئاشکراو بێ بەزەیانە کورد لە شارو، ولاتی خۆیان وەدەردەنێ و ئاوارەیان دەکاو مالی عەرەب دێنی لەجێگای ئەوانیان نیشتەجێ دەکا. بەگوێرەی ئامارو ئەو بەلگانەی لەبەردەستدان، لە سالی ۹۱ وە تا ئێستا کە سالی دووهەزارە، پتر لە چوار هەزاروحەوت سەدکەسی لەوناوچانە دەرکودون و لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کورستان گیرساونەتەوە.

لەو لایەشەوە رژیمی ترۆریست پەروەری ئێران بەردەوامی ترۆرە و لەگەل دژی ترۆریستانیش ڕەو دەبات بۆ ئەوەی لەو جەوەی پێک هاتووە خۆی بپارێزی و پێی نەلێن ترۆریست. لەبنەوەش ئەوە چەندین سالە بەدەستی کوردی باشوورو باکور، ماردەگرێ و پشتی یەکتریان پێ دەشکێنێ. دەسەلاتدارانی کوردیش لە گەل ئەوەیدا زانیاریان لەسەر ئەو رژیمە هەیە، گوێیان لێ ئاخنیوە و پلانی مالوێرانکەری داهاتوو بەلایانەوە گرینگ نییە، یان گوێی نادەنێ.

رژیمی ئێران لە کوردستانی باشوورو باکوردەیان دەستە و گروپ و رێکخراوی لەژێر ناوی ئیسلام و کورد، دا پێک هێناوە کە جگە لە زەرە رو زیان و مال وێرانی هیچ سودێکی تری بۆ کورد تێدا نیە. وێرای ئەو هەمووفێل و تەلەکەی کە بۆپێلانگێڕی لە دژی داهاتووی کوردی پێک هێناوە، هێشتا بۆی مسوەگەرنیە ئاخۆ دەتوانێ لەسەردەمی ئێستای ساتەلایت و کامپیوتێرو ئینترنێتدا بەتەواوی پێشگیری لە بیرو جولانەوەی نەتەوەی کورد بکاو بە بێژینگ پێشی رۆژ بگرێ ؟

کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە دەتوسێ کیانێک بۆکورد پێک بێت و کوردی بەشی باشووربکرێن بەشتێک. لەلایەکی دیکەوە ترس لێ نیشتووە کە نەکا ئەمریکاو ئیسرایل بە هۆی تورکیاوە پلانێکی کە ئێران بۆخۆی زراوی لێچووە لە دژی ئێران بەڕێوە بچێ و دەم ودەزگای لەق و لۆقی بێ بناغەی لێ تێک بچێ.

بۆپێشگیری لەو راستیانە، ئێران بە هەموو هێزو توانای دراوی ونیزامیەوە خەریکی نەخشەو پیلانی کۆنەپەرستانەی خۆیەتی بۆوەی ناوچە پتر بشێوێنێ.

* رژیمی سوریەش لەپلانی دژبە کورد خافلنیەو هەروا پلان دەچنێ بۆ وەرگرتنەوەی بەرزایەکانی جۆلان. ئەگەر ئەو کارەی بەهۆی سات وسەودای دژ بە کورد بۆ پێک بێ، بێشک دریغ ناکات. وەک ئاگادارن لەدژی کوردی باکور

هێندێکی لەو نەخشە وپلانە سەرەکیانە جێ بەجێ کرد. ئێستاش لەگەل رژێمی تورکیا خەریکی پاشماوەی پلانەکانیەتی بەئەنجامیان بگەیەنێ و ئاشبەتاڵ بە چەکدارەکانی پێکاکا بکات و شاخ وکێو و بەرزایەکان بۆ تورکیا چۆل بکەن ٠

* رژیمی تورکیاش بۆخۆی ئەوەندەی فێل وتەلەکەو پیلان لەدژی کورد گێڕاوە لە حیساب نایە. ڕاستە کە بە پشتیوانی دۆستەکانی لە هەموو پیلانێکی دژ بەکورد تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە، بەلاّم لە باری ئابووری و پرستیژو پرنسیپی نێو نەتەوەیی ئابروو ئیعتباری سیاسی زۆر نزم بۆتەوە٠ رژیمی تورکیا کە تائێستا ددانی بە کورد دا نەهێناوە و لە دژی کورد بووە. ئێستاکە دەبینێ لەموو جیهان لیّیان لەهەللاّ داوە، کەمێک نەرم بووە و ڕەنگبێ لانی کەم مافی کولتوری نەتەوەی کورد پاش ماوەیەکی دیکە بسەلمێنێ. هەروەک بۆمان ڕوونەو دەبینین؛ لە سەردەمی پێشکەوتووی ئێستای ساتەلایت و ئینتونێتدا، ماس مێدیای دەرەوە پڕوپاگاندو هەراو هوریایەکی زۆریان وەڕێ خستووە کە گۆیا بە دامەزرانی نەزمی نوێی، ئەمریکا دادپەروەری لە جیهان پێک دێنێ و ئیتوخەلکی بێ دەرەتان لێقەوماوو ئاوارەو سەرگەردان نابن و میللەتان لەژێر سێبەری ئەو (نەزمە نوێیەدا) بە ئاواتی خۆیان دەگەن!. ئەو وادەو بەلێنیەش وا چەند ساڵێکی لێ تێ پەڕی دە بینین تا ئێستا لە هەڕاو قسەی خۆش تێ نە پەڕیوە. دوای ئەوەش ئێستا هەرایەکی دیکە باوە، لەناو بردنی ترۆریزم بۆتە باسی ڕۆژ . گۆیا ترۆریست پەروەر نەزمی جیهانی شێواندوەو هەتا لەناو نەچێ، حەق بەحەقدار ناگات .

کوردیش ناچارەو بە سەبرە. بەلکوو ئینشائەللاّ! نەزمی نوێ بەرنامەی ترۆریسم و توۆر پەروەران بپێچێتەوەو بڕە ئازادیەکمان دەست کەوێ. چونکە کورد لیّی ڕوونە کە هێللانەو بنکەو مەکتەبی توۆرپەروەری لە پێش هەموو ولاّتانی جیهاندا، دەولەتانی داگیرکەری کوردستان دەگرێتەوە. بەو هیوایە: ئەوەش نەبێتە درۆشمی نەزمی نوێی جیهانی کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەشاخ و بالیدا هەلدەلێن. بەشکم ئەوجاربەو تاکتیکەی کە ئێستا ئەمریکا کردویە بە بەرنامەی ڕۆژ، ڕۆژئاواش پێی هەلدەلێ، وەڕاست گەڕێ و گەلی کورد بە هێندێک لە ئامانجەکانی خۆی بگات ٪

نووسەر : خاکەلێوەی ساڵی 2000

## کوردو گێژاوی رۆژهەلاتی ناوەراست .

پێش ئەوەی باسێ چۆنیەتی گێژاوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بکرێ، پێویستو بەجێ‌یە چاوێك بەبێ بەزەیی داگیرکەرانی کوردستاندا بخشێنینو ئاماژێکی بچوك بەچۆنیەتی کوردو دەست بەسەرداگیراوی کوردستان بکەین و بزانین لە رۆژهەلاتی ناوەراست چوار دەولەتی داگیرکەر چۆن دەستیان داوەتە دەستی یەكو گەلێکی لەبیرکراوی سی چل میلیۆنی وەك کورد، بێ بەزەیانە هەلووکێنی پێدەکەن و دە یچەوسێننەوە .

خوێنەری بەڕێز ! لە بەرئەوەی ڕووداوەکان لە کتێبەکە، وەك یادداشتی رۆژانە دێتە سەرکاغەز، بەپێویستی نازانم بە تەفسیر باسیان لیبکرێ. رووداوی سەردەم، یابلێین یاداشتی رۆژ، لە کۆمەلگای ئێمە زۆرکەم نوسراوە . تەواوی رووداوە مێژویەکانی کە تا ئێستا خوێندوتانەوە، بەشی زۆریان دوای ڕابردنو بەسەر چوونی ماوێکی زۆر هاتوونەتە سەرکاغەزو بە مێژوو دەژمێردرێن .

دیارە بۆ نوسینی رووداوی سەردەم، نووسەرانی کورد ڕێگایان پێنەدراوە خامەی خۆیان لەسەر رووداوی رۆژانە بەکار بێنن . چوونکە کورد بەگشتی ئێستاش لە ژێر دەسەلاتی ولاتانی دوور لە دیموکراسیدا دەژین . ئەو رژیمانەی کە بەسەرکورد دا زالن، جگە لەوەی کەبەتەواوی دژی دیموکراسین، لە رۆژی دامەزرانیانەوە بە دیکتاتۆری و فاشیستیو کۆنەپەرستی فرچکیان گرتووەوکۆسپی سەر ڕێگای ئازادین . ئەو بێدەرەتانیە بۆتە هۆی ئەوەی نوسەری کورد بۆی نەکرێو نە توانێ شتی خۆی بنووسێ. واتە لەبەرسانسۆرو پێشگیری لە نووسین، دەستی نووسەری کورد بەستراوە بۆئەوەی لە کێشەو گیروگرفتو کەندوکۆسپەکانی کورد دوور نەکەوینەوە پێویست ناکا باسی یەك یەکی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بکەین . باشتر وایە تەنیا ئاماژێك بە چوار ولاتی کە کورد یان بەسەردا بەشکراوە بکرێو، هەروەها ئاماژێك بە زولم ستەمو رەفتاری دوژمنانەی دەولەتانی داگیرکەر بکرێ کە چۆن دە ستیان بەسەر نەتەوێکی سیی چل میلیۆنی داگرتووەو بێ

بەزەیانە لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا ئەو گەلە هەژارە دە یچەوسێننەوە ·
بمانەوێ و نەمانەوێ لەسیاسەتی رۆژانەی ئەو رۆدا هەر شتێك لە سەر رۆژهەلاتی ناوەراست بنوسرێ یا ئەگەر باسێك لە جوغرافیای ئەو ناوچە بەرینە بکرێ، کوردستان و کیشەی کورد یەکێك لە سەرنج راکێشانی مەسەلەکەیە · لەبەر ئەوەی کوردستان بەشێکی زۆری لە رۆژهەلاتی ناوەراست پێك هێناوەو لە باری پێوانەوە پێنج سەدو چل هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی داگرتووەو بەسەر چوار دەولەتیعێراق و ئێران و تورکیاو سوریادا بەشکراوە ·

هەروەك دەزانین ئەورۆ لەسێ ولاتی عێراق و ئێران و تورکیاشێلگیرانە خەبات و تێکۆشانی ئاکتیوی گەلی کورد بە شێوەی چەکداری بەرێوە دەچێ · ئەو سێ چوار دەولەتانە، رۆژانە بە میلیۆن دۆلار بۆ سەرکوتکردنی شۆرش و خەباتی کورد لە کوردستان خەرجی تەقەمەنی دەکەن و هەروەها لەو شەرانە دا رۆژانە بەدەیان کەس لەم لاو لەولا بێ بەزەیانە دەکوژرێن · زۆر رۆژان گوندو دێهاتی کورد لە کوردستان بە دەستی پاسداری ئێرانی و ژاندارمی تورکی و حەرەس کوماری عێراقی، دەسووتێن و کاول دەکرێن و پیاو ژن و مندالی ئەوگوندانە سەرگەردان دەکرێن و لە خاك و ئاوو زەوی و زاری باب و باپیرانیان دوور دەخرێنەوەو بەفەقیری و هەژاری لە کۆلانی شارەکان بۆ پەیدا کردنی بژیوی رۆژانەی خۆیان دەسوورێنەوە · یان بە ناچاری سەری خۆیان هەلگرن و ئاوارەی هەندەران و توشی سوال و کاری نارەوای تردەبن · گەلێك جارئەو هەوالە دلتەزێنانە لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکانی هەندەراندا رەنگیان داوەتەوە · دیارە مامورانی ئەوچواردەولەتانە، بێ فەرق و جیاواز لە جەورو ستەمی بێ بەزەیانەدا دەرحەق بەگەلی کورد وەکو یەکن و هەرچواریان دژ بەکورد بەیەك قانوون و یاسای دژی مرۆڤایەتی دەجوولێنەوەو بەدەسەلاتی زۆرەملانە کورد دەچەوسێننەوە ·

بیچم و یاسای ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەوەندە زالمانە دارژاوە، ئاسایشی میللەتی بەتایبەتی لەکورد هەلگرتووە · لەهەموو سات و کات و هەل و

مـەرجێکـی زەمـانـدا سیـاسـەتیـان بگـرەو بـەردەو زینـدانو شکنجـەو ئەزیەتو ئازارە٠ ویّرای ئەوەی کورد لەهەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەش کراوە، تۆوی دوو بەرەکیو ناتەبایی لەنێو کوردندا دەچێنن و دەیانکەن بە دوژمنو دژی یەکترو پێکەوەیان بەشەڕدەن بە مەبەستی ئەوەی یەکێتیو برایەتی لە نێوایاندا پێك نەیەو یەك نەگرن و لەخەباتی خۆیاندا سەرنەکەون٠ هەولی دوهەمیان ئەوەبووە؛ تاقمێك چەکداری سەربە خۆیان دروست بکەن و لە کاتی خۆیدا لەدژی کەسانی شۆرشگێرو رووناکبیر بەکاریان بێننو بەگژ یەکتریاندا بکەن٠ جاری واش بووە ئەگەر چەکیان بۆ رژیم هەڵنەگرتبێ، سەزای ناحەقیان بەسەردا سەپاندوون٠ یان دەسەر گوند یّکیان کردوە کە دژی کورد چەك هەڵگرن، ئەگەرخەلك هەلی نەگرتبێ گوندەکەیان بەماڵو سەروەتو سامانەوە سوتاندوەو دانیشتوانی گوندەکەیان بە دەستی بەتاڵو زگی برسی ئاوارەی هەندەران کردووە٠ بۆنموونە دەبینین لە کوردستانی باکورو باشوور هەرکام پترلە چوار هەزارگوندی لێ سوتێنراوەو لەگەڵ هەرد تەخت کراون٠ بە پێی سەرژمێری کۆمیتەی مافی مروڤ تەنیا لە تورکیا دوومیلیۆنو نیوکورد لە شارەکانی کوردستانو وڵاتانی دەرەوە ئاوارەو سەرگەردانن٠ تەنیا شتێکی کە ئاوارەی کورد هیوادار بکا، رەخسانی هەلێکە، کە رۆژێك بتوانن بگەڕێنەوە نیشتمانی داگیرکراویانو لەسەرملّكو زەویو زارو باغ و خانوی کاولکراوی بابو باپیرانیان نیشتەجێ بنەوەو سەر لەنوێ جارێکی دیکە لە نووکەوە باغو دارستانی سووتاو بنێژنەوەو زەوی بەیاربوو بکێڵنەوەو خانووی کاولکراو ئاوەدان کەنەوە٠ ئەو هیواو ئاواتە کەنگی دێتەدیوکێ هەولی بۆ دەداو پشتیوانی لێدەکا، یان چ هێزێك ئەو هەلومەرجە پێك دێنێ کورد لەدەربەدەری و هەژاری رزگار بێت روون نییە٠

کورد وەك نەتەوەیەکی کۆنی رۆژهەلاتی نێوەراست لەهەموو سەردەمەکاندا لەهەرشوێنێك رووناکایی دیبێ، چدەسەلاتدارێکی لە جیهان شك بردبێ، پەنای بۆبردوەو داوای یاریدەدانی لێکردووە،بۆئەوەی یاریدەی بدات و پشتیوانی لێبکات لە ستەمی نەتەوایەتی رزگاری بێت٠

## پێناسەی نەتەوایەتی .

کاتێك بۆناساندنی پێناسەی نەتەوایەتی باسی نەتەوەیەکی ژێردەست دەکرێ، دەبێ چەند بەڵگەیەکی ڕاستو دروستو حاشا لێ نەکراو لەدەستدابی ، بوئەوەی وەك میللەت بوونی خۆی بسەلمێنێ .

ڕەنگبێ ئێمەی کوردیش ئەو پرسیارەو دەیان پرسیاری دیکەی لەو شکلو شێوەمان بۆ بێتە پێشو لێمان بپرسنو بڵێن ئێوە کە داوای پێناسەی نەتەوە بوون دەکەن، بەڵگەتان چییە؟ چونکە نەتەوە درۆشمو نیشانو پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ پێوانەیەکی لەحەشیمەتی یەك زمانو کەلتورو بەئاوو خاكو چەندین شتی تری مێژوویی پێوە دیار بێت ئەوجارداوای پێناسەی نەتەوایەتی بکات .

چونکە ناکری بە قەڵسو توورەیی وەڵام بدرێتەوە بڵێی: هەرکەس ویژدانی هەبێو مێشکی کاربکا ناتوانێ حاشا لە نەتەوەی کورد بکا و چاو لە گەلێکی سی چل میلیۆنی بپۆشێ بە نەتەوەی نەزانێ؟

بێشك ئەگەر کەسێك لێت لە بەهانە بێو نەیەوێ نەتەوەیەك بناسینێ، هەزارو یەك شێرو ڕێویو بەهانەی بێ بەڵگە دێنێتەوەو دەتباتە نێو نەخشەو جوغرافیاو سنوورو بە شێوەی یاساناسیو چەندین بێنەو بەرەی تری وەکو: ژێنگەو، ڕنگی پێستو، مووی سەرو، چاوی شینو ڕەشو زەرد و بگرە دەیان بەهانەی تر ....

بەڵام کەسێکی ریالیستی بە ویژدان بەچەند ڕستەی کورت وەڵامی راستە قینەی زانستیانە دەداتەوەو دەڵێت:

– نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆیانن، و خاكو ئاوی تایبەت بەخۆیانو زمانو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان هەبێت .

دەی جا بۆهەمووکەس ودۆستودوژمن روونە، کە نەتەوەی کورد جگە لەوانەی باس کران ، مێژوویەکی دوورو درێژی خوێناوی پڕ لە کارەساتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتۆتە نێو

قاڕڕەی ئاسیا وەو دەکرێ بڵێین کورد لەباری مێژوویی‌یەوە یەکێك لەو نەتەوە کۆنانەیە کە لە هیچ سەردەمێکدا هاشای لێ ناکرێ ٠

بەڵام سەرەڕای ئەو فاکتو بەڵگە حاشا هەڵنەگرە زانستیانەی کە باسکران. کاتێ گەیشتینە سەرحەسێبو کتێبی پێناسێکی نەتەوایەتی و بمانەوێ بۆ برینی کونی لەمێژینەمان لە دەرمانێك بگەڕێین و ڕێگا چارێك بۆپێك هێنانی دەسەڵاتو کیانێك بۆ کورد بدۆزینەوە، دەبینین شتێکی تری کە هەرچەند بەبەڵگە ناشێ و، بەڵام لەهەموو بەڵگەکان گرینگترە لە دەستدا نییە! ئەویش (بیرو بەرنامێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی یە) واتە؛ هێزێکی نەتەوەیی کە بتوانێ بەو بەڵگەگانەی کەلە دەستماندان، بە لاوەو جیهان بسەلمێنێ کە کورد نەتەوەیە٠

ئەو هێزە بە بیروباوەڕە، کە بە هێزێکی مەزن دەژمێردرێو، هەتا ئەوهێزە بە بیروباوەڕەش نەبێت ، نەهیچ کەسو نە هیچ دەوڵەتێك هەنگاوێکمان بۆلای نایەو، ددان بە بوونمان دانایەنێو، ناڵێ کورد نەتەوەیەوگەلێکی ژێر دەستی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە٠ سەرەڕای ئەو کەمو کوریەی باس کرا، لە ناو خۆشماندا پارتو ڕێکخراوی ناوخۆیی کوردستانی هەن کە بە هێزی سەرەکی دەناسرێن، نەتەویەکی سی چل میلیونی کوردیان وەك نەتەوەی خاوەن خاكو کولتوورو مێژوو لە نێو بەرنامەی خۆیاندا نەگونجاندوە٠ لەگەڵ ئەوەیدا بڕوای تەواویان بەو شتانە هەیە ئامادە نین ئەوکارە بکەنو جوغرافیای کوردستان لە نێو بەرنامەی کاری خۆیاندا بگونجێنن٠ چونکە بڕوایان پێ نییە کوردو کوردستان بکەن مادەیەکی ستراتیژی٠ بەڵام بۆ چارەڕەشی، بەباشی دەزانن بلێن: ئێمە ئێرانین !!

بە ڕاستی ئەو پرسیارە، پرسیاری پتر لە سەتا نەوەتی کوردی نیشتمان پەروەر و دڵسۆزە. چەند ساڵێك پێشتر هێندێك لە هێزەکان تۆزێکیان مەیل تێدا پێك هاتبوو کە دەست لە ئێرانیکەریو عێراقچیەتی هەڵگرن، بەڵام بە پاشەکشێ وپاشگەزبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە درۆشمی سەربەخۆیی و ستراتیژی بەحەق کورد، تەنانەت ڕازی بوون بە مافی

کەلتووری و لەویش کەمتر!؟ بۆیە هێزەکانیش کەوتنە ڕاڕایی و وازهێنان · هێزە سیاسییەکان لەو تەمایەی تێیاندا پێك هاتبوو، بەوتەی کوردەواری: چوونەوە نێو کلیشەی خۆیان · تەنانەت بەو پاشگەز بوونەوەی پێکاکا بڕێکیش خۆشحال و نەشئە بوون · چوونکە خۆیان هەڵگری ئەو بیرە نە بوون پێشوازیان لەتێشکانی کاتی ئەو بیرە پیرۆزە کرد · هۆی پێشوازی لەو هەڵچەرخانەوەو گەڕانەوە بۆ دواوەی پێکاکا، تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە ڕێکخراوەکان هەڵەی پەنجاساڵەی خۆیانی پێڕاست کەنەوەو بڵێن: ئێمە ئێمە گوتمان هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری بەسەو لەکورد زیادە! هەربۆیە هەربۆیە ئێمە ئێستا زۆر لە پێشوو گەرم گوڕترخەریکی دەمە زەرد کردنەوەی دروشمی کۆنی ژەنگاوی ئۆتۆنۆمین و پێی هەڵدەڵێن!

داگیرکەرانی کوردستانیش هەربەو پێیەو بە چاویلکەی خۆیی دەڕواننە کوردو لەسەرئەوخاڵە پێدا دەگرن · بێشك ئەگەرڕۆژێك حیسابێك بۆ کورد بکرێ، هەرئەوحیسابە دەبێ کە هێزە سیاسیەکانی خۆماڵی لەبەرنامەی کاری خۆیاندا گونجاندویانە کە خوازیاری چ دروشمێکن · کاتێك هێزی سەرەکی ناوخۆیی وا بلێ و ئەوە داوای بێ، بێشك ئەگەر ڕۆژێ هەلێك بۆ داوای سەربەخۆیی برەخسێ، داگیرکەری وڵاتەکەمان بە بەڵگەی خۆیی پشتقایمەو لەوەشی کەمترتێدەگرێ و دەڵێ: کورد ئێرانی یا عێراقیەو ئیتر پێویست ناکا خۆی پێوە ماندو بکات·

مادام کورد عێراقی و ئێرانی بێ، ڕۆژێك دێ یاساکەشی پەسند بکاو وەك پارتی کرێکارانی باکوور خۆی بەدەستەوە بدات و داوای لێبووردن بکات · ئەوکاتەیە کە روونترو باشتر بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەوە خومانین نرخ و بایی نەتەوەی خۆمان هێناوەتە خوارو، هێزی خۆیی بۆخۆیەتی نێوی لەخۆی ناوە ئێرانی و عێراقی و ... هتد ·

کاتێ کار گەیشتە ئێرە، ئیتر پێویست ناکا داگیرکەری کوردستان خۆی بۆ بەڵگە ماندو بکاو هەوڵ بدا بلێ کورد نەتەوەیە یا نەتەوە نیە. بۆخۆمان بەڵگەمان داونەتێ کە ئێرانی و عێراقی و ئەنە دۆڵین و تەواو·

کاتێك ئێمە بۆخۆمان ژێرخانی کاری خۆمان تێکداوەو ئەو هەراو هوریایەی دەیکەین سەرخانێکی بێ ژێرخانە لە خۆڕا خۆی پێوە ماندو دەکەین.

واتە ئێمەی ئێرانیو عێراقی هیچ کێشەو هەڵلاو داوایەکی نەتەوایەتیمان لەگەڵ حکومەتانی ناوەندی نیە. ئەو شەڕو کێشەو بگرەو بەردەو بکوژەی کە بۆ خۆمان نێومان لێناوە شۆرش نرخی نامێنێو خەونەکان بەتاڵن. هەراو کێشەو داواکەش جگە لەوەی لە ناوخۆی ولآتدا بە بڕوو بیانوو دەژمێردرێ، لە دەرەوەی ولآتیش کۆڕو کۆمەڵو دەوڵەتان، شۆڕشی خوێناویو داخوازی گەلێکی بەشخوراو بە هەراو کێشەیەکی ناوخۆیی دادەنێن. ئیتر ئەو خەباتەی کە کورد لە دژی زۆرەملیو چەوسانەوەی داگیرکەران دەیکات، نێوی لێ دەنرێ هەراو هوریای ناخۆییو لە باری یاسای نێو دەوڵەتی گوێی لێداخندرێو چوکترین حیسابی لەسەرناکرێ.

پێم وایە ئەگەرتا ئێستا ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی خۆمان هێندێك برەویان بە بیری نەتەوایەتی دابایەو پشتگریان لە بیری ئێرانیگەریو عێراقچیەتی نەکردبایە، زۆر لەمێژ بوو بیری نەتەوایەتی دەپشکووتو کوردایەتی ڕێكو پێکترو باشتردەچوە پێش وجگە لە ڕێکتری و باشیش، فیداکاری لە سەتا سەت پتەوترو یەکگرتووتردەبوو، و زیاتر بەرەو پێشتر دەچوو.

هەروەك لەو ساڵانەی دوایی دا گشتمان بۆمان دەرکەوتووە هەموو لایەك ئاگادارین و دەزانین کە بیری نەتەوایەتی چۆنو بە چ ڕێبازێکدا دەپشکوێ. بێ شك ئەگەر لەرێگای ئوسوولی کاری بۆ بکرێ، ئەو بیرە دەپشکوێو یەکگرتووتردەبێو جوڵانەوەی ئێستامان لە مەیدانی کردەوەدا گرینگترو بەرچاوتردەچێتە پێش.

پارتو ڕێکخراوەکان وەنەبێ بۆخۆشیان نەزانن کە ئێرانیگەریو ئێراقچیەتی زیانێکی قورسی لە کورد داوە. ڕەنگبێ بڕواشیان بەو خۆبەستنەوە نەبێ، هەر بۆیەش لە باسو وتوو وێژدا بەرگریەکی شایانی باس لە بۆچونی خۆیان ناکەن.

جاریٚ هەروا وەك ڕابردو لەسەر بیرو بۆچوونی پێشووی خۆیان پیٚ دادەگرن و بە لێکدانەوەی خۆیان لەو بارەوە ئەگەر هەڵەش بن، لە سیاسەتی نەرمی خۆیان ڕازین٠ زۆرجاران لە وتوو وێژدا دەڵێن: ئۆتۆنۆمی بۆخەڵکی کورد شتێکی موقەدەسە! هەرچەند ئەولێکدانەوەو بۆچوونە، خیاڵپلاٚوە٠

چونکە ڕووناکبیری کورد خودموختاری پیٚ موقەدەس نیە، تەنانەت بەشتێکی ناموقەددەس و نفرین لێکراویشی دەزانن٠ زۆرکەسیش هەن لەو وشە نەخوازراوە تووڕەو بێزارن، بەلاٚم خەڵك چاریان ناچارەو گوشاری حکومەتی ناوەندی ڕێگەی جووڵانەوەی لیٚ بەستوون و دەسەلاٚتداری خۆیی بۆدەربڕینی بیرو بۆچوون و داخوازیەکان، دەستی بە زاریگرتوون٠

خەڵکێکی زۆری کە چەندین ساڵە بەدەربڕینی بیرو ڕا دەمکوت کراون و وەلامیان نەدراوەتەوەو جەرگیان جەرگ دەخواتەوە، چاوەڕوانی ڕۆژێکن بۆلایەکی دیکە بکشێن و بە ڕێگای خوازیاری خۆیاندا برۆن٠ ئێستا بە ڕوونی دەبینین وەجووڵە کەوتوون و وردە وردە بەرەو ڕێبازی دڵخوازی خۆیان و بیری نەتەوایەتی هەنگاو هەڵدەگرن٠ کەچی پێداگرانی بۆچوونی ئۆتۆنۆمی، بیٚ لەبەرچاوگرتنی داخوازی زۆربەی گەل، پشتیان لە ویست و داخوازی روناکبیرانی کورد کردوەو کوێرە ڕێگای پەنجا و چەند ساڵەی خۆیان دەپێون و چاوەڕوانی قەزاو قەدەرن٠ ڕەنگبیٚ بۆخوشیان بزانن ئەگەر وەخۆنەیەنەوە، دەکەونە سەرهەواری خاڵی٠

لە ڕاستیدا ئەگەر پارتێك یا ڕێکخراوێك نوێکاری لە خۆیدا پێك نەیەنیٚ و هەنگاوێك هەڵنەیەنێتەوە، وەك ئاوی ڕاوەستاو زەرد هەڵدەگەڕیٚ و بۆن دەگریٚ٠ کادرو ئەندامی هەرپارت و ڕێکخراوێك، شتی نوێیان نەبیٚ و خۆراکی نویی سیاسیان نەدرێتیٚ، بێشك لە باری سیاسی و ئیدەئۆلۆژیەوە ناچنە پێش٠ کە وابوو ئەو ستراتێژیە کۆنە لە سەردەمی ئێستای ساتەلایت و کامپیوترو ئینترنێتدا زۆر بێڕەنگ و دواکەوتوانەیە٠

هەمووولایەك ئاگادارین و دەزانین پەنجاو شەش ساڵ لەوەپێش کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ك) پێك هاتووە و لەو سەردەمدا حیزبی دێموکراتی

کوردستانی لیٚ دروست بووەو پیٚك هیٚنەری کوٚماری میللی دیٚموکراتی کوردستانە· دوای رووخان و چەندین سال بەسەر چوون، واتە لە سالیٚ هەزارو سیٚ‌سەدو چل‌و شەش‌و چل‌و حەوتی هەتاوی لە کونفرانسی سیٚ حیزبی دیٚموکراتی کوردستاندا بە چەند هەنگاو گەرِانەوە بوٚ دواوە دروٚشمی کوماری میللی دیٚموکراتی کوردستان بە ناحەق کراوە بەخودموختاری· هەرلەو کوٚنفرانسەشدا پاش کلکی ئیٚران بوٚ حیزبی دیٚموکراتی کوردستان پەسند کراوە.

ئەو ماوەی کە بەسەر کوٚنفرانسی۳ دا تیٚ‌پەرِیوە دەیان ئالوگوٚرِی سیاسی‌و کوٚمەلاَیەتی لە روٚژهەلاَتی نیٚوەرِاستدا پیٚکهاتووەو چەندین رژیم گوٚرِاون‌و چەندین رووداوی جوٚراو جوور لە عیراق‌و ئیٚران هاتوونەتە پیٚش‌و زوٚر شتی گرینگ روویان داوە· کەچی حیزبی دیٚموکراتی کوردستانی ئیٚران، پیٚی لەسەرخودموختاری داگرتووەو بەوەلاَمی «مرغ یك پا دارد» نووساوە هەنگاویٚك بەرەو پیٚش هەلنایەنیٚتەوە!

رەنگبیٚ ئەو پارتانەی کە گوٚرِانیان بەسەردا نایە، یان نایانەویٚ‌و نایەلَن هیچ گوٚرِانیٚکیان تیٚدا پیٚك بیٚ، بە «فالَیی نیکیان» گرتبیٚ‌و پیٚ‌یان وابیٚ پیٚشگیری لە پیٚکهیٚنانی ئالَووگوٚر بە قازانجی داهاتووی کوردە· یان پی‌یان وابیٚ ئەو نفوزەی هەیانە، بەسیانەو هەر ئەوەیان پیٚ بەریٚوە دەچیٚ؟!

ماوەیەکە پروپاگاندی سیاسی بوٚ داپوٚشینی دروٚشمی ئوٚتوٚنوٚمی لە زوٚرجیٚگا دەکوتریٚ‌و هیٚندیٚك ئەندام پیٚوەی هەلَدەپەرِن‌و پیٚیان وایە حەوت میٚشیان لە کونیٚکدا دیتوٚتەوە دەلَیٚن: شوکر ئیٚمە، لە ریٚکخراوی ئەنتەرناسیوٚنالیٚ سوسیالیست پالَیٚوراوین خەریکە ببین بەئەندام!

دیارە لیٚك نیزیك بوونەوەی هەر ریٚکخراویٚکی سیاسی لەگەلٚ کوٚرِو کوٚمەلیٚ جیهانی بەکاریٚکی باش دەژمیٚریٚ‌و دوٚست‌و هەڤال‌و نفوز پەیدا کردن هونەریٚکی گەورە و بە سوودە، بەلاَم بە چ نرخیٚك؟ بە نرخی ئەوەی کە حیزبیٚکی سیاسی نابیٚ‌و بوٚی نیە دروٚشمی خودموختاری خوٚی بگوٚرِیٚ؟!

بە نرخی ئەوەی نابیٚ ببیٚتە حیزبیٚکی سەربەخوٚیی‌خوازو لە کوٚبوونەوەی ئنترناسیوٚنالیٚ سوسیالیستدا وەك حیزبیٚکی ئیٚرانی خوٚی بناسیٚنیٚ؟!

بە نرخی ئەوەی وا پیشان بدات کە کورد لە ئێران و عێراقدا هیچ ناکوکی و کێشە یەکی بنەڕەتی وەك ئاو و خاکیان لەگەل ڕژیمی ناوەندی نیە !؟
واتە ڕێکخراوی ئەنترناسیونالی سوسیالیست، وا تی بگا، کەناتەبایی نێوان کورد و ڕژیمەکانی داگیرکەر کێشەیەکی بچوکی سەرەتایی فەرهەنگی ناوخۆیی یەو بە ئۆتۆنۆمی حەل دەبێ !

داخوا ئەو ریزە کارانە، ئەوە ناگەیەنن کە مانەوەی سی چل میلیۆن کورد لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەراندا، بەو شێوەیە حیسابی لەسەر ناکرێ و، بێ نێو نیشان و پێناسەی نەتەوایەتی دەمێنێتەوە؟

ئەگەر ڕۆژانە دەیان کەس وەك ئێستا لەژێر دروشمی خودموختاری دا خوێنی بڕژێ و لەدەست بدرێ، کێشەی کورد شتێکی ناوخۆیی یەو کوردیش ئێرانیە. داخوا بەو بێدەنگی و ماتە هەلگرتنە، کاری کوردی دەچێتە پێش ؟
بێشك بەو ترس و لەرزەو، بەو خەباتە لەرزۆکە تەنانەت چاوەڕوانی مافێکی فەرهەنگیش لەداگیرکەرانی کوردستان ناکرێ .

کوا ڕێکخراوی کوردستانی، بە شێوەی حیزبی ئێرانی و عێراقی ببێت بەئەندامی ئنتەرناسێونالی سوسیالیست بە ڕەوا دەژمێردرێ؟ داخوا لە داهاتوودا بە سەنەد و بەلگەیەکی ڕەسمی ناژمێردرێ کە درابێ بە داگیرکەرانی کوردستان؟ داخوا بەو جۆرە ئەندام بوونی پارتێك لە ڕێکخراوەی باسکراودا، تەئیدی ئەو سەردەمە ناکاتەوە کە دەورانێك حیزبی دێموکراتی کوردستان پاشکۆی حیزبی توودەی ئێران بوو؟ مەگەر زۆرجاران بەرێوەبەرانی حیزب باسی پەسیو بوون و بێدەسەلاتی حیزبی دێموکراتیان نەدەکرد کە حیزبی توودە وەك حیزبی مادەر بەڕێوەبەری بوو، وەك یەدەگ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد بووە پاشکۆی خۆی؟ واتە : ئەو سەردەمەی کە حیزبی توودە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو، کە ئێستاش ڕێکخراوی ئەنترناسیونالی سوسیالیست جێگای ئەوی گرتۆتەوە . جیاوازیەکی کە لەگەل حیزبی توودەی ئیرانی هەیەتی، نێوی حیزبی تودە نیەو ڕێکخراوی ئەنتەرناسێونالی سوسیالیستەو لە چەند حیزب و ڕێکخراوی کومونیستی وەك حیزبی تودەو سوسیالیست و سوسیال دێموکرات

پێك هاتووه· بۆ وێنه؛ وەك حیزبی سوسیال دیموكراتی توركیا كه بلەند ئەجەوید دامەزرێنەرو پێك هێنەریەتیو باشی دەناسین كه فرچكی بەدژایەتی گەلی كورد گرتووه·

بێشك ئەو جۆره پارتانەن كه لەنێو رێكخراوی ئەنترناسیۆنال سوسیالیستدانو دەستی بالأیان هەیه له دژی ئازادیو دژایەتی كردنی مەسەلەی كورد

رەنگبێ زۆر رێكخراوی تری لەو تۆوەی دیكەش وەك ئەندام لەنێو ئەنتەرناسیۆنالی سوسیالیست داهەبنو له كۆبوونەوەكانیشدا لەباری بۆچوونو شێوەی بیركردنەوەو روانگەی وەك بلەند ئەجەویدیان هەبێ·

بێشك بەشێك لەئەندامانی ئەو رێكخراوه بۆپێناسەی نەتەوایەتی كورد یانەتەوێكی تری دەست بەسەرداگیراو، له پارتی بلەند ئەجەوید باشترو دڵسۆزترنین· بەو پەڕی موتمانەوه دەكرێ بڵێین؛ ئەوەی لەگەڵیانه، دەبێ ئەوەندە نەرمو هێدیو هێمن بێ، بارە شوشەی لێنێن نەیجوولێنێتەوه · وێڕای پاراستنی هیمنی ولأتەكەیان و بەرژەوەندی خۆیان، پێویسته درۆشمی ئاشتی هەڵگرێ · رەنگه درۆشمی ئاشتی شتێكی زۆرباش بێ، بەلأم كەنگێ و له چ سەردەمێكداو لەگەڵ كێو كام دەسەلأتداری حاكم ؟

هیوادارم وەك من بۆی دەچم، وانەبێو خێری تێدابێ· مەبەست ئەوەیە؛ به دەستكەوتێكی وا نازمێردرێ كه ئاوا زەقكراوەتەوه· رێكخراوێكی پەنجا شەست ساڵەی وەك حیزبی دیموكراتی كوردستان، له جیاتی وەدەست هێنانی دەستكەوتی زۆر گرینگ، باشترین دەستكەوتی لەدەستداوه. واته: سەرەڕای بەڵگه دانو بە ئێرانی ناساندنی گەلێكی ده میلیۆنی له رۆژهەلأت، پێشگیری لەپشكوتنی بیری سەربەخۆییو پیناسەی نەتەواتی كردوه· كاتێك دەبینین رژیمەكانی داگیركەری كۆنه پەرستو فاشیستو دیكتاتۆر، دەیان پلانی جۆراوجۆریان لەدژی كورد دارشتووەو كەسایەتی كوردیان تێكشكاندوه، وایان لێكردوین نەتوانین لەسەر هیچ شتێك بۆخۆمان تەما بگرینو بڕیار بدەین·

باشه ئێسا ئێمه دەبێ كێ بە سوچداری ئەو بێ بایی بوونو سوكایەتیه بزانین؟

سەرەرای ئەوەی دوژمن کەسایەتی ئێمەی پێ شێلکردوە، ئەگەر رێکخراوێکی خۆییش خۆی بە ئێرانی و عێراقی بناسێنێ، داخوا کەسایەتی کوردی پتر تێك نەشکاندوە؟

کاتێ رێکخراوێك بۆ زیندووکردنەوەی پێناسەو کەسایەتی لە دەست چووی گەلەکەی بە بیری نەتەوایەتی دێتە مەیدان و بە کردەوە هەڵگری دروشمی ئەو بیرە خوازیارە نوێیە دەبێ، بە ئاشکرا خەڵك بەگەرمی رەگەڵی دەکەون و پشتیوانی لێدەکەن، پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا کە هەر رۆژێ هەوایەك لێدەداو چونە سەرو خواری تێدابوو، بەڵام چونکە خەریکی پەرەپێدانی بیری نەتەوایەتی و سەربەخۆیی بوو، باشترە لە پارتێکی سابیت قەدەم دەچوونە پێش و خەڵکیش باشترو ئاکتیوتر لە دەوری کۆ دەبوونەوە.

لە ئەنجامی ئەو ئاماژانەی کران، ئەوەمان دەستگیر دەبێ کە: تائەو کاتەی رێکخراوەکانی پێشڕەوی خەڵك بە کردەوە نەیەنە سەرئەو بیرو رایە کە کورد ئاووخاك و زمان و فەرهەنگ و کولتورو مێژووی تایبەتی نەتەوایەتی خۆی هەیەو، وەك نەتەوە لە پرۆگرامی کاری خۆیاندا نەیناسێنن، زەحمەتە بتوانن کۆمەڵانی خەڵك وەجووڵەخەن و بۆلای خۆیانی راکێشن و سەرکەوتنێك بۆ کورد وەدەست بێنن و بە مافی رەوای بگەیەنن.

بەمسوەگەری کورد دەبی بۆوەرگرتنی مافی رەوگیرکراوی، وەك نەتەوێکی ژێردەستی وڵات داگیرکراو بناسێندرێ. ئەگینا خۆناساندن وەك ئێرانی و عێراقی و ئەنەدۆڵیی، هیچ کۆڕو کۆمەڵ و دەوڵەتێك و کەسێکی لاوەیی ئامادە نابێ پشتیوانی لەجووڵانەوەی گەلێکی ژێردەست بکا. چونکە رێگایان نادرێت پشتیوانی لە کێشەی ناوخۆیی بکەن. دەزانن لایەنگری کردن بەدەست تێوەردان لە کارو باری ناوخۆی وڵاتانی داگیرکەر دادەنرێ و شکانی یاسای نێو نەتەوەییە. بەو هیوایە ئەو دروشمە راست بکرێتەوە.

بروانە بەرگی ٢ی ناوڕێك لاپەڕەی ٢٢٤ چاپی سوئێد

# پیلانگێڕی دەوڵەتی تورکیا .

کاتێك دوژمنان باس لە تیرۆرو تیرۆریست دەکەن، رووناکبیری کورد یەکسەر دەکەوێتە بیری ئەو هەموو کوشتو کوشتارەی کە داگیرکەرانی کوردستان دەرحەق بەگەلی کورد کردویانەو دەیکەن٠ دەکرێ بڵێین: کوردکوشتن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان کردۆتە بەرنامەی رۆژانەی خۆیان٠ کەچی ئەو کردەوەتاوانبارانەی ئەوان دەیکەن، کەس باسیان ناکاتو لە پێش چاوی جیهانیان یان دیارنیە، یان مبالاتی پێنادەن٠لەکاتێکدا کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان داوای پەنابەری لە ئیتالیا دەکات، سمایل جەم وەزیری دەرەوەی تورکیا خۆی دەکەیەنێتە ئیتالیا ودرۆشمی کۆنو ژەنگاوی خۆی وەکار دەخاتو نێوی تیرۆریست لەسەر رێبەرێکی کورد، دادەنێ٠ هەرلەوکاتەدا لە ئیتالیا لە ئۆجەلان دەپرسن؛ پێت دەلێن ترۆرستگۆیا سي هەزار سەربازی تورکت کوشتووە! ئۆجەلان لە وەڵامدا دەڵێ:

– کورد گەلێکی کۆنو خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژە . دەسەڵاتدارانی تورکیا کورد یان لە هەموومافێکی کولتوریو کۆمەڵایەتی بێ بەشکردوە٠ بەگوێرەی ئیدەئۆلۆژی کەمالیزم دەوڵەتی تورکیا نیشتمانی کوردی خستۆتە ژێردەستو دەسەلاتی خۆی و بەو پەڕی بێ بەزەیی نەتەوەی کورد دەچەوسێنێتەوە و لە نووسین ئەدەبیاتی خۆیدا گەلی کورد بەتورکی کێوی دادەنێ٠ کە وابوو کورد لەتورکیا، وەك نەتەوە ڕەد دەکرێتەوە، جولانەوەو تێکۆشانی کورد بۆ بەرگری لەو مافەیەخەبات دەکات٠ ئەگەر ئەوخەبات و جولانەوەو بەرەنگاربوونەوە تاوانە، یا ئەگەر مەبەست ئەوەیە بۆ تا ئێستا بۆسەرنەکەوتووین؟ بەڵگە زۆرن٠ ئۆجەلان درێژە بەوەلامەکانی دەداودەڵێ : ئێوە دەزانن دەوڵەتی تورکیاکۆچی بە ٢ میلیۆنو نیوکورد کردوەو لەشوێنی خۆی هەڵقەندوونو ئاوارەی شارو هەندەرانی کردوونو چوار هەزار گوندیان

لێ رووخاندوین٠ سەرەڕای ئەوەش ئێستا تورکیا دەڵێ ئوجەلان سی هەزار کەسی تیرۆرکردوە !؟

ڕوون و ئاشکرایە کە لەنێوان کوردو تورکیادا شەڕێك هەیە بۆیە سی هەزارکەس کوژراوە٠ تورکیاش ڕا نەوەستاوە تەماشابکات و تەماشاچی بێ٠ کە وابوو شەڕێکی قورسی دوو لایەنە هەیەو پێویستی بەوەیە لێکۆڵینەوە لەو دوو لایەنە بکرێ٠ ئەگەر لەلایەنێك سی هەزار کوژرا هەبێ، لایەنەکەی دیکە کەکوردە، داخوا تورکیا لەو شەڕەدا بە تۆپ و تانگ و فڕۆکەو هیلی کوپتر چەند بەرا بەری خەڵکی کورد کوشتووەو چەندی خوێن ڕشتووە ؟

لە وەلامی پرسیاری سەرودا ئۆجەلان درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: چەند باش دەبوو پرسینێك هەبایەو لێکۆڵینەوەیەك لەو تاوانانە کرابان٠ ئەوکات تاوانبارو خوێن ڕێژ دەناسراو بۆدنیاش باشتر روون دەبوەوە کە تاوانبارو ترۆریست کێیە؟ بۆهەموو کەس روونە کە دەوڵەتی تورکیا چۆن خەریکی ژینۆسایدی نەتەوەیەکی بیست میلیۆنیە٠ لەسەرئەوحاڵەش ڕا دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکرا لەدەرەوە یاریدەی دەدرێ و پشتیوانی لێدەکرێ٠

دوای بلاو بوونەوەی ئەو هەوال و وتوو وێژانە لە ماس میدیای ئوروپا ، ئەو پرسیارە هاتبوە پێش: داخوا لێکدانەوەو قەزاوەتی نووسەرو روناکبیرانی کوردو غەیرەکورد لەدەرەوی ولات، دەبێ چۆن و چی بێ؟

دەولەتی تورکیا بەهەراو هوریاو لە ئیختیار دابوونی ماس میدیای خۆی و هێندێك لەولاتانی دەرەوە، دەیەویست پەڵەی ڕەشی خوێن ڕێژی و مرۆڤکوژی خۆی بە کەسێکەوە بلکێنێ کە چەند ڕۆژ پێش وەك پەنابەری سیاسی خۆی بە دەوڵەتی ئیتالیا ناساندبوو، هەروەها پێش هاتنی بۆ ئوروپا ، ئاوربەسی بە دنیای ڕاگەیاندوگوتی: دەبێ کارو باری شەڕو مرۆڤکوژی جێگای خۆی بدات بە کاری دیالۆگی دێموکراتیك و، وتوو وێژ بکرێ٠

بەداخەوە سەرانی رژێمی تورکیا دەیانەویست کاروباری ترۆریستی و مرۆڤ کوژی خۆیان و ئەو تاوانانەی کردویانە بەو هەراو هوریایەی ڕێکیان خستووە

بشارنەوەو بەو بۆنەوە خۆیان لە تاوانەکان تەبرەئە بکەن ·
ڕاگەیاندنی ئاوربەس لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانو پێشنیاری وتووێژو دانووسان بۆ ئاشتیو برانەوەی شەر لەلایەن زۆرکەسایەتی سیاسیو دەوڵەتانی ئاشتیخوازو دیموکرات پێشوازی و پشتیوانی لێکرا · کەچی دەوڵەتی تورکیا نەك هەرگوێی نەدا بەدەوڵەتانو کەسایەتیەکان، بەڵکوو ئاوری شەرو مروڤکوژی گەرمترکردو ڕەوشتی ناحەزو ئاکارو کردەوەی هەمیشەیی خۆیان بە جیهان نیشانداو بۆ روناکبیرانی سیاسی رون بۆوە کە رژیمی تورکیا ئاشتیخواز نییەو شەڕخوازە · بەعەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان دەلێن؛ ترۆریستو بە پروپاگەندو کۆمەڵ کوژی و سوتاندنو وێران کردنی هەزاران گوندو دارستانو ئاوارەکردنی پترلە دوومیلیۆنو نیو کورد، دەیانەوێ تاوانی خۆیانی پێبشارنەوە · هەوالدەرانی دەوڵەتان بە ئاشکرا دەبینن کە پۆلیسی تورك لەسەرکۆلانو شەقامی شارەکانی کوردستان خوێنی پیاوانو ژنان دەرێژێنو هەموو رۆژێ دەیان کوردی بێتاوان لە پێش چاوی خەڵك دەکوژن · بێشك سەرانی رژیمی تورکیا لەو کاتە حەساسو گرینگەدا بەڵگەی ترۆریستیخۆیان سەلماندوەو لە ماس میدیای دەرەوەش تارادەیەك رەنگی داوەتەوە، بەڵام تورکیا وەك دەوڵەت پشتیوانی لێدەکریو کوردی بێکەسو بێدەوڵەتو بێ پشتو پەناش بێ یارو یاریدەدەر ماوەتەوە ·
ڕاستە کە بەرژەوەندیخوازی دەوڵەتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی بێدەنگیان لە تاوانی داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتی تورکیا کەدەرحەق بە کورد کپو بێدەنگەو دەرگای دەربڕینی دەنگیان داخستووە و تەنانەت نایەڵن دەنگی کورد بەجێگایەك بگات، بەڵام ویژدانی میللەتانو هێندێك دەوڵەت لەحاست ئەو بێدەنگیە لە عەزاب دایەو رۆژێك لە رۆژان ئەو بێدەنگیە دەتەقێتەوەو، ویژدانی ئەوانەی نوستوون وەخەبەردێ ·
چەند رۆژ لەمەو بەر بەرێکخستنی پلانو ئالوو وێرو لەبنەوە سازان،

دەوڵەتی سوریا عەبدوڵلا ئۆجەلآن ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی لە سوریە بەرەو ئوروپا دەرپەڕاند ٠ ئەو (ڕاوە جوشکەی ) کە تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی لە دژی کورد کردیان، بۆخەڵکی جیهان و بە تایبەتی بۆ و کوردانەی کە دەوڵەتی ئەمریکا یان بە چاوسوورو پیشتیوانی خۆیان دەزانی، پتریان فرووفێڵ بۆ روون بۆوە ٠ دوایەش دەرکەوت کە تورکیا ئەو هەراو هوریایەی دروستی کردووە، کە گۆیا تورکیا هێرش دەکاتە سەر سووریە، بەچ مەبەستێك بوو ٠ تورکیا ئەوگوشارەی کە بۆسەرسوریا پێکی هێنا بۆدەرپەڕاندنی عەبدوڵلا ئوجەلآن بوو، بەرەو ئوروپا ٠
داخوا وەرێخستنی ئەو هەراو هوریایەی تورکیا کە بۆ دەرپەڕابدنی ئوجەلآن بەرەو ئوروپا کردی کۆتایی بەکێشە بنەڕەتیەکانی ئابووری و کومەلآیەتی و سیاسی ناخۆی تورکیا دێ ؟ یان کێشەی کۆن و ئاڵوزی نێوان تورکیا و سوریا بە رۆیشتنی ئۆجەلآن کۆتایی دێ و ئاو بەئاور دادەکرێ؟ یان داخوا بەو بەزمەی تورکیا دروستی کردو سوریە پشتی لەشۆرشی باکوورو وادەو بەڵێنیەکانی کرد، ناکۆکی کۆنی سنووریان حەل دەبێ؟ داخوا بەدەرپەڕاندنی عەبدوڵلآ ئۆجەلآن بلیندایەکانی جۆلان کە چەندین ساڵە لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیر کراوە دەدرێتەوە؟ بڵێی بە دژایەتی کردنی کورد، رژێمی سوریا قازانج بکات و سوود لەو پلانە ببینێ ؟
پێش بینی دەکرێ ئەو هەراو بەزم و قەرەچی ئۆینەی کە سووریاو تورکیا سازیان کرد، شوێنی خراپ لەسەکوردی باکوردانی و ببێتە هۆی لاوازبوونی شۆرشەکەیان ٠

ئەوەی تائیستا بە زاهیرلە جوولآنەوەی کوردی باکوری دەی بینین و دیارە، دەتوانین بڵێین: دوولایەنی هەبوو، لایەنە باشەکەی مەسەلەی کورد و بێ بەشی و چەوسانەوەی کوردی باش بە جیهان ناساند، ماهیەتی فاشیستی و دیکتاتۆری رژێمەکانی داگیرکەر لەو پرۆسەیەدا باشتر روونبۆوە٠ وەکو لە مێژوودا دەخوێنینەوە، دەبینین زۆرنەتەوەی ژێردەستی وەکوو کورد بوونەتە

قوربانی سوودو بەرژەوەندی دەسەلاتدارو ملهوران و ماوێکی دوورو درێژ چەوساونەتەوە · زۆرنەتەوەش بە خەباتی شێلگیرو یەکگرتوو، توانیویانە دام دەزگای لەرزۆکی زۆرداری بروخێنن و بەسەرچەوسێنەردا سەرکەوتوو بن ·

زوڵم و ستەمی دوورو درێژی سوریاو تورکیا لە سالانی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلی کورد، لە هیچ کەس و هیچ دەولەتێك شاراوە نیەو هیچ خاوەن ویژدانێك ئەو ستەمکاریانەی لە بیری ناچێ، بەلام وەك گوتمان گوێچکەی سوود پەرستو بەرژەوەندیخواز نابیسێو داگیرکەر ڕاستەقینەکان نابینێ ·

بڕوانە .بەرگی ۳ی ئاورێك لاپەری (٥٤) ۱۲/۱۱/۱۹۹۸

..........................................

# ئوجەلانو چۆنیەتی کورد .

ڕێکەوتی دوازدەی نوامبری ۱۹۹۸زاینی عەبدوڵلا ئۆجەلان بەرێوەبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە مەسکەو ڕا بە ڕێنوێنیو پشتیوانی حیزبی چەپی مارکسستی ئیتالیا خۆی گەیاندە ئەو ولاتەو هەرلە فرۆکەخانەی روما، وەکوو پەنابەرێکی سیاسی خۆی بە دەولەتی ئیتالیا ناساند ·

کاتێك نێوی ئۆجەلان بە گیراوی لە ماس میدیاکان بلاو کراوە، بە هەزاران کوردی پەنابەرلە ئوروپاو ئاسیاوئوستڕالیا بە ماشێنو فرۆکەو کەشتی خۆیان گەیاندە پایتەختی ئیتالیا · بە هەلگرتنی درۆشمی « ئیتالیادەبێ مافی پەنابەری سیاسی بدات بە عەبدوڵلا ئۆجەلان » مەیدانو شەقامو کۆلانەکانی شاری رۆمای پێتەختی ئیتالیایان هەژاند · پترلە بیست رۆژ ڕادیۆوتەلەڤیزیۆنو سەردێری درشتی رۆژنامەکانوکەرەسەی تری ماسمیدیای سەراسەری جیهان لەسەر عەبدوڵلا ئۆجەلانو هەروەها باسی کوردو داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتی تورکیاو دەولەتی ئیتالیا بوو ·

باوەودەلێن: دوژمن جاری وایە دەیەوێ، کارێك بە سوودی خۆی بکات،

بەو کارە بیورێك لە چۆکی خۆیدەداو سەقەت دەبێ · دەکرێ بڵێین: هاتنی ئۆجەلانو رژانی خەڵك بۆسەر شەقامەکانی ئوروپا، بوو بەناسین بەشێك لە ناسنامەی مەسەلەی کورد · تا ئێرەو رێکەوتی ئەو نووسینە. شانسی کورد وە شتێکی وا دەچوو داهاتوویەکی رووناكو شتێکی باشتری لێ شین بێتەوەو لانیکەم خووخدەی تورکیاو بێزاری کورد لە چەنگی داگیرکەرانی کوردستان بەخەڵکانی جیهان بناسێندرێ ·

عەبدوڵلا ئۆجەلان بە گەیشتنە رومای ئیتالیا، لە وتوو وێژێکدا گوتی :
*-لەشار پارتمان دروست کرد ، چووینە شاخ لەشکرمان دروستکرد ، هاتینە ئوروپا دەولەت دروست دەکەین·* گەش بینی ئۆجەلان پتری خەڵك وەخۆ خست بوو · بو پشتیوانیو دانی پەنابەری سیاسی بە ئوجەلان لە ئیتالیا ، نیزیك بە ١٨ کەس لە کوردستانی باکوورو ئوروپا خۆیان سوتاندو زۆربەیان مردن· دووکەس لە بەردەرکی پارلەمانی سوڤیەت ئاوریان لە خۆیان بەردا و یەکێکیان مرد ·

دوای ئەو خۆسووتاندنانە، ئوجەلان پەیامێکی بلاو کردەوەو داوای لە خەڵك کرد کوتایی بە خۆ سوتاندن بێننو لەرێگای خەباتێکی ئارامو، وریایی نەپساوەدا درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن · لەگەڵ ئەوەیدا پەیامی رێبەری پ.ك.ك. بلاوکرابۆوە کە خویانئ ئاورتێبەرنەدەن، لە مەیدانی چەولوێی رۆم لەپێش چاوی هەزاران کەس، کورێك ئاوری لە خۆی بەرداو بەتەردەستی گەیاندیانە نەخۆشخانەو لەمردن رزگاریان کرد · ئەو خۆ سوتاندنەی دوایی کەلە مەیدانیچەلویی رۆم کرا، لە باری دەنگدانەوە لە هەموو ئەوانی دیکە کاریگەرتر بوو · لەبارەی هەواڵو رووداو، پتر لەوانی پێشوو شوێنی لەسەرنووسینی رۆژنامەوانانی دەرەوە دانا ·

بە گوێرەی سەرژمێر وکونترۆڵی پاسپورتو راگەیاندنی پولیسی ئیتالیا ، لە رۆژی ١٨ ی نوامبر پتر لە سییو پێنج هەزارکەس لە مەیدانی چەلوێی ئیتالیا بە شداری مانگرتنو خۆپیشاندان بوون· مەبەستی پەنابەرانی کورد

لەدەرەوە ئەوەبوو، کە دەوڵەتی ئیتالیا مافی پەنابەری سیاسی بدات بە عەبدوڵلاّ ئۆجەلاّن. سەرەك وەزیرانی رۆم ماسیمۆن دەلەما، لە ئاستی هەڕەشەو گوڕەشەی تورکیادا کە داوای دەکرد ئۆجەلاّن تەسلیم بە تورکیا بکرێتەوە، رایگەیاند:

- ئیتالیا وڵاتێکی حقوقیەو بە ڕێگای دیموکراتیدا دەچێتە پێش و هەرگیز ئامادەنیە سەودا بە دیموکراسیەوە بکات. بەدوای ئەو ڕاگەیاندنەدا، داوای دەوڵەتی تورکیای ڕەد کردەوەو گوتی؛ وڵاتێکی کوشتن و هەڵاوەسین و ئیعدامی تێدا بێ، یاسای ئیتالیا ڕێگا نادات کەسێك پەنای هێنابێ بدرێتەوە بەو وڵاتە.

چەند رۆژێك دوای ئەو ڕاگەیاندنە، دادگای ئیتالیا، واتە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲۰/۱۱/۹۸ ئازادی ئۆجەلاّنی ڕاگەیاند. ماسیمۆن دەلەما گوتی: عەبدوڵلاّ ئۆجەلاّن ئازادەو، وەکو میوان هەرچەندی پێی خۆش بێ دەتوانێ لە وڵاتی ئیتالیا بمێنێتەوە. مەبەستی ئیتالیا ئەوەبووکە تا رۆژی دادگای دووەم وەلامی پەنابەری بە ئا، یان بە نا، دەداتەوە، عەبدوڵلاّ ئۆجەلاّن دەتوانی لە ئیتالیا بمێنێتەوەو چاوەڕوانی پەنابەری بکات. ناوبراو چەند رۆژێك مایەوەو خەڵکێکی زۆری پەنابەری سیاسی کە لە وڵاتەکانرا دەچوونەلای دەیان دی و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان لەگەڵدەکرد. ئەوەی چاوی بە ئوجەلاّن کەوتبوو پێیان وابوو ناوبراو لە ئوروپایەکان نائومێدەو دەترسێ ڕێگای نەدەن وەك پەنابەر بمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەگوێرەی دەنگۆ، عەبدوڵلا ئۆجەلاّن لەئیتالیا زۆری کوێخای ناوخۆیی هەبووە. هەر وەکو دەگێرنەوە؛ ناوبراو جگە لە قسەی براکرمانجەکانی دەورو بەری خۆی، گوێ ڕایەلی قسەو ئامۆژگاری کەسانی تر نەبوو. چەند وەکیلێکی حقوق زان پێیان گوتبوو: ئەگەر نیازی هەبێ ئیتالیا بەجێ بێلێ، زەرەر دەکات.            ۱۹۹۸/۱۲/٤

بڕوانە بەرگی ۳ لاپەری ۵۹ ی کتێبی ئاوڕێك. چاپی سوئێدی ساڵی ۲۰۰۰

# پارلەمانی ئیتالیا.

یەکدوو حەوتوو پێش هاتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئوروپا، چەند نوێنەرێکی پارلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات » لەلایەن پارلەمانی ئیتالیاوە بۆ رۆم بانگێشتن کران بوون. دوای وتوو وێژ لەگەڵ یەکتری و گۆرینەوەی بیرو را، بەگوێرەی هەواڵی مێد تیوێ: زۆبەی نوێنەرانی پارلەمانی ئیتالیا پشتیوانی خۆیان تا دامەزرانی دەولەتێکی فیدرالی لە تورکیا راگەیاندبوو.

دیارە نوێنەرانی پارلەمانی ئیتالیاو کوردستان (پێکاکا) هەردوکلا لەمەر دێموکراسی و هەرەکەتی دێموکراتیانەی ئیتالیا زۆریان قسەی باشکرد بوو.

لەسەر ئەو بنەمایە عەبدوڵڵا ئوجەلان کاتێك گەیشتە ئوروپا، ناوبراو دووپاتی کردەبۆوە؛ کە ئێمە ئاوربەسمان راگەیاندوەو پێشنیاری ئاشتیمان کردوە بۆئەوەی لە رێگای دێموکراسیەوە کێشەو گیروگرفتەکانی مەسەلەی کورد حەل بکەین، بەلاّم بەداخەوە کاربەدەستانی تورکیا نەك هەر ئاوربەسیان قبول نە کرد، بەڵکوو ئاوری شەریان لە دژی کورد توندو تیژتر کرد.

بە لە رۆم بوونی عەبدوڵڵا ئوجەلان، دەولەتی تورکیا کەوتە هەراوهوریاو جم جووڵی سیاسی و دیپلۆماسی. تەنانەت لە بارەی تیرۆانینی نێو نەتەوەیی زۆر خۆیان هێناخوار. لەسەرەتادا بە هەراو پەلپ گرتن لەسەر دانەوەی رێبەری پ.ك.ك بە تورکیا، جگە لە ئابرووچوونی خۆیان، هەموو ولاّتانی ئوروپایان بە زاهیر لە خۆیان هاروژاند.

تورکیا بۆخۆی دەیزانی دەولەتانی ئوروپا پەنابەرێکی سیاسی ئاوا بە ئاشکرا نادەنەوە بە ولاّتێکی کە ئازارو شکنجەو ئێعدام و هەلاەسینی تێدایە. لەو لاشەوە لە نێو خۆی تورکیا هەرایەکی زۆری پێك هێنابوو، کەل و پەلێکی کە لە ئیتالیا کردرابوو، لە سەر شەقامەکان دەسوتێندران و دەیانویست لە رێگای ئابووریەوە گوشار باوێنە سەر ئیتالیا بۆدانەوەی ئۆجەلان. کەچی ئەو هەراو بەزمەی کە لەدژی ئیتالیا سازکرابوو، شوێنی لە سەرماسیمۆن دەلەماو یاساو

پەرلەمانی ئیتالیا دانەنا ٠
لەسەر داواو گوشاری ئەمریکا، کاری عەبدولاّ ئۆجەلاّن گەیشتە ئەوەی لە دادگایەك محاکەمە بکرێ. بۆ و کارەش دەبوایە دەوڵەتێك و شتی لەسەر ئوجەلاّن هەبێتو داوای بکات٠ وا دیاربوو دەولەتی ئالمان شاکی یە، بەلام ئەویش داوای خۆی رەد کردەوەو گوتی: ئێمە ئۆجەلاّنمان ناوێتەوە٠
بە گوێرەی هەواڵیی بی بی سی کە رۆژی ٢٧ی نوامبربلاّوی کردوە دەڵێ:
- ئەورۆ هەم زەمان کە ماسیمۆن دەلەما سەرەك‌وەزیرانی ئیتالیا بۆ وتوو وێژ لەبارەی ئۆجەلاندا لە ئەڵمان بوو، گوشاری کوردەکان لەدەرەوە دەولەتی ئەڵمانی ناچارکرد واز لە وەرگرتنەوەی عەبدوڵلاّئوجەلان بێنێ٠ رادیۆ بی‌بی. سی، درێژەی بە هەواڵو تەفسیری خۆی داو گوتی:
تەنیا رێگایەك لەو رۆژانە دا قسەی لێدەکرا تاقی بکەنەوە، ئەویش دانانی کۆمیتەیەکی ئوروپاییە، کە ئەو کۆمیتە عەبدوڵلا ئۆجەلاّن دادگایی بکات٠ کەچی دەرکەوت ئەویش هەر قسە بوو نە گەیشتە کردەوە٠

---

ئەو دوولاپەڕە یادداشتی چوار سال لەمەو بەرە٠ ئێستا کە بیری لێدەکرێتەوە، دەردەکەوێ کە چ پلان وفرتو فێلێك لە گۆڕێ دابووەو خەریکی دانانەوەی چ داوێك بوونە بۆعەبدوڵلا ئۆجەلاّن، بەلاّم لەمەیدان بوونی پەنابەرانی کورد تەنانەت دەوڵەتی ئەلمانیشی لە وەرگرتنەوەی ئۆجەلان پاشەکشە پێکردوە .
عەبدوڵلاّئۆجەلاّن کە دووسێ جاران ڕایگەیاند هوشیاری خۆتان بپارێزن ،هەستی بە مەترسی کردووەو زانیویە شتێك لە گۆڕێ دایە کە هاواری کردووە، بەلاّم بۆ تەسلیم بوو سەرهەڵگرێ بۆکینیای پیلانگێر زۆر مەشکووکەو نازانرێ، کێ نەرمی کردوە؟
چەند کەسێکی سیاسی حقوقناس پێیان گوتبوو کە ئیتالیا بەجێ نەهێڵێ، بەلام گۆیا لەسەر ڕاوێژی دووسێ کەسی نیزیك بەخۆی کە ئێستا بلاّو بوّتەوە تەنانەت مەشکووك بوونە، تووشی ئەو سەفەرەیان کردوە٠ لەئاکامدا بەئابروچوونێکی گەورەو زیانێکی قەرەبوو نەکراو تەواو بوو٠

# بەياننامەی تاكەكەسی ئۆجەلان .

بە پێی هەواڵی بلاوكراوی مێد تیوی، لەسەر داوای عەبدوللا ئوجەلان، نوێنەرێكی *ئەرنەكە* بە ناوی ئاكیف حەسەن، لە ئوتێلی ناسیۆنالی ئیتالیا ، لە گەڵ وەكیلی تایبەتی ئۆجەلان كۆبوونەوێكیان پێك هێناو داواكانی ئۆجەلانیان لەسەر ناوی پ، ك، ك، خسوتە بەر باس و لێكۆلینەوە٠ وەكیلی ئۆجەلان داواكاری نوێی ناوبراوی لە چەند مادەدا وەك بەرنامەیەكی نوێ بەم جۆرەی خوارەوە ڕایانگەیاند ٠

١= راگرتنی ئوپەراسیوێنی دژبە گوندەكانی كوردستان ٠

٢= گەڕانەوەی كوچ پێكراوەكان بۆ گوندەكانی خۆیان ٠

٣= هەڵوەشاندنەوەی سیستمی جاشایەتی ٠

٤= بەخشینی ئۆتۆنۆمی بەهەرێم بێ تێكدانی سنوری توركیا ٠

٥= بەخشینی ئەو مافە دێموكراتیانە بەگەلی كورد كە گەلی تورك هەیەتی ٠

٦= بەرەسمی ناسینی ناسنامەو زمانو كولتوری كورد ٠

٧= ئازاد ناسینو دابین كرنی فرەلایەنی٠

ئەو حەوت ماددانە لە تەلەڤیزیۆنی مێدتیۆێ چەندین جار خوێندرانەوە٠

راگەیاندنی ئەو ٧ مادادنە واتە ئوتونومی، پرسیارێكی زۆری بۆ روناكبیرانی كورد هێناپێش٠ بەلێكدانەوەو هەلسەنگاندن لە ڕابردوو، بۆ خەڵك وا دەركەوت كە بڕیاری ئەو ڕاگەیاندنە تەنیا هەڵوێستی شەخسی عەبدوللا ئۆجەلان بێ٠ لەو كاتە پڕلە جووڵە جووڵوو پڕئێحساسوهیجاناتەی كە ئەو هەموو كوردە هەڵپشكوتبووە، لە سەراسەری جیهان ئەو باسو نوسینانەی لەسەر گیروگرفتی كورد لە رووپەڕی رۆژنامەو شاشەی تەلەڤیزیۆنو شەپۆلی رادیۆكانی بلاو دەكرانەوەو بە خەستی باس لەمەسەلەی كورد دەكراو ببوە شتێكی جیهانی٠ لە نێو (موافقو موخالف ) باسی كوردو مافی چارەنوسی كورد، ببوو بە باسی ڕۆژو زار بە زار دەگەڕا٠

کەچی لەوکاتوسەردەمە ڕەخساوەدا مەسەلەی کورد بۆ پاراستنی سنوورەکانی تورکیا دابەزیو سەت دەرەجە نرخو بایی کوردی پێهاتە خوارو پرسیارێکی زۆری بۆخەڵك هێنا پێش، کە بریتین بوون لە:

١- ڕاگەیاندنی بڕیارێکی ئاوا، لەسەرچارەنووسی بیست میلیۆن کورد لەتورکیا، بۆچی بە نێوی کومیتەی ناوەندی بلاو نەکراوە؟

٢- مەسەلەیەکی ستراتیژی وا گرینگ ئەگەر پێشتر لەلایەن پێکاکاوە کۆنگرەی بۆ گیراوە بۆتائێستا نەزاندراوەو لەژێر پەردە دا ماوە؟ هەڵگرتنی درۆشمی سەربەخۆیی لەکام کونگرەو کۆبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا گۆڕاوەو بۆتە حەوت مادەو خودموختاری ؟!

٣- داخوا ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی دژ بەو ڕاگەیاندنە بوون، یان لە سەری رێك کەوتوون؟ بۆچی بە نێوی شەخسی سەرۆکی گشتی پ.ك.ك. عەبدوڵلا ئوجەلان بلاو کراوە؟! یان کاك عەبدوڵلا وەك وەکیلی کۆمیتە ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو مافەی پێدراوە کە هەرچی پێی باش بێ دەتوانێ بڕیاری لەسەر بدا .

٤- وێڕای ئەو پرسیارانەی سەرو، شتێکی دیکەش سەرنج ڕاکێش بوو. پارتی کرێکارانی کوردستان کە سنووری نەدەناسیو حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشووری بەپارلەمانەوە بە دەستکردی ئیمپریالیزم نێو دەبردو هەولێ تێکدانی دەدا، ئێستا چۆنە دوای چەندین ساڵ هاتۆتە سەر ٧ مادەو کاك عەبدوڵلا ئۆجەلان دەبێ لە جیاتی کۆنگرە بڕیار بدا !؟

٥- مەسەلەی گرینگ ئەوەیە: ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان لە رۆژی هەوەڵەوە، وەك پارتەکانی تری کوردستانی درۆشمێکی شیاوی هەڵسووڕانی خۆی هەڵگرتبایە، ئێستاهیچ کەس و رێکخراوێك مافی پرسیارکردنی لە رێکخراوی پ،ك،ك، و عەبدوڵلا ئۆجەلان نەدەبوو، کە بپرسن و بلێن : بۆ درۆشمی سەربەخۆیی دەگۆڕی ؟

ئێستا ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری ئاوایان لێ بکرێ، ڕەوایەو خەڵك

بەمافی خۆیانی دەزانن، لە سەرانی پارتی کریکاران بپرسن کاکە؛ چ وڵامێکتان هەیە بۆئێمە · ئەمت لەچی بوو ئەوەت لەچییە؟!
لەکوردواریدا تەنزێکمان هەیەو دەڵێن:
وەستایەکی ئاسنگەر کورەی جوش دابوو دەیگوڕڕاندو دەی نەڕڕاند (بیدەمێنە بیدەمێنە) خەڵك دەورەیان دابوو تابزانن ئەوەی لەنێو کورە دایە چیە کە وا وەستاکردویە بە هەراو هوریاو دەڵێ بیدەمێنە؟
دوای هەراو هوریایەکی زۆر وەستا شتێکی لە کورەکەی هێنادەر بە حال خەلك دەی دیت، کاتێ لێی خورد بوونەوە « نووکە تەشی »
بەراستی هەڵلاو بەزمی نەتەوەیی و داوای سەربەخۆیی و کوردستانی گەورەو سنوورنەناسینی پ.ك.ك. شتێك بوو لە نووکە تەشیش کەمتر !
دەڵێن پرسیار پرسیار دێنێ؛ باشە با بڵێین:
ئەوە دەوڵەتی تورکیا، نەرم بوو ئۆتۆنۆمی دا بەکوردی باکور. دیارە لێبوردنیش دەردەکاو گریلاکانیش دەگەرێنەوە ماڵو حاڵیی خۆیان، بەلام داخوا پ، ك، ك، بۆ و لاوەکوردانەی کە لە ئێرانو عێراقو سوریە بە درۆشمی سەربەخۆیی ڕایکێشاونو قاچاغی کردون، لە ژێرناوی ئەرنەکەو ئارگەکەدا کردونی بەپێشمەرگە، ئێستا چ وڵامێکی بۆیان هەیەو ویژدانی چۆن رازی بەو پاشگەزبوونەوەیە ؟؟؟
ئێستا کە پ. ك. ك. سنووری تورکیا دەپارێزێو دەوڵەتی تورکیاش هەردەوڵەتو حاکمی جارانە، کێ لە پێشمەرگەی قاچاخ بووی پارچەکانی تر بەرپرسیارە ؟ یان روونتر بپرسین: کێ وەلامی ئەو شەهیدانە دەداتەوە کە بۆ کوردستانی گەورە گیانیان لەدەست داوە ؟
کارم بەوەنیە خود موختاری مافی گەلی کوردە یامافێکی فەرهەنگیە. مەسەلە ئەوەیە: بۆ دەبێ پارتێکی وا پڕ نفوزی کوردستانی لەپڕ، گۆڕانێکی وای بەسەردابێ، کەپرۆگرامو پێڕەو، و پرنسیپو وادەو بەڵێنی شۆرشگێری چەندین ساڵەی خۆی بخاتە ژێرپرسیاری گشتی یەوە ؟

خۆ ڕەنگبێ دەوڵەتی تورك ئەو مافە فەرهەنگیەشی پێ زۆر بێو چاوی بەرایی نەدا بچێتە ژێری، بەڵام ئایا ئەوقۆناغەنوێیەی کە ئەو ڕۆ دەستی پێکردوە، ئەو پڕۆگرامو درۆشمەی کە بڵاوی کردۆتەوە، خەڵکی بۆهەڵپشکوو تووە، بۆیە دەبوو ئاوا بە هاسانی لەوکاتە ناسکە پڕلە هەرایەدا ئاوابکات٠

کاتێك گەیشتوومە ئێرەو ئەو دێرانە دەنووسم؛ لەسەرانسەری دنیادا بەگەرمی پشتیوانی لە ئۆجەلان ڕێپێوان درێژەی هەیە! ماشەڵلا کوردیش ئەوەندە زۆرو بۆرە، بە هەموو هەوایەك هەڵدەپەڕێ٠

دیارە من بۆخۆشم بۆ سەرکەوتن بەسەرتورکیادا پشتیوانی لەڕاپەرینی ئەورۆ دەکەم، بەڵام مەبەستی من، تێنەگەینو حاڵیی نەبوونی زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگای کوردەواریە٠ ئەگەریەکێك چەپڵەی بۆلێدرا، بێلێکدانەوە بۆکاری چاكو خراپ دەبێتە چەپڵەرێزانو تە ئیدکردن٠

گلەیی هەرئەوە نییە لە کۆمەڵگا، دەردی دواکەوتوو زۆرن٠ بۆ وێنە: کاتێك کاك مەسعود بارزانی وەپێش سەربازو حەرەس کوماری سەددام دەکەوتو پایتەختی حکومەتی کوردی پێدە گرتەوە، ئەندامولایەنگرەکانی، بەسیاسەتوکاری باشیان لە قەڵەم دەداو شانازیان پێدەکردو دەیانگوت: پەلەمەکەن مەسەلەی کورد حەل بووە ؟! یان کاتێ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی دەبوون بە چاوساغی پاسدارو ژاندارمی کوماری ئیسلامی بۆ تۆپباران کردنو لەناو بردنی بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی ئەندام و لایەنگرانی دەیانگوت: ڕێگای ترمان نیە !؟ ڕەحمەتی بارزانی گەورەش لەسەر بیرو ڕای شای ئێران بە هەشتا هەزار پێشمەرگەوە ئاش بەتالی کرد، ئەندام لایەنگرانی بۆیان دادەپۆشیو دەیانگوت: شتێکی گرنگتر لە ئارا دایەو دوای دووسێ مانگی ترحکومەتی کوردستان دروست دە بێت !؟

بەداخەوە ئەو پاشگەزبونەوانەو ئەو یاریدەدانەی دوژمنو خەڵکی هەژار بەکوشتدانو ئەو ئاشبەتالکردنانە، نەك هەرئەزموونی لێوەرنەگیراوە،

بەڵکوو بە هێندێك ڕەخنەوگلەیی کاتی، دوای ماوێکی کورت، فەرامۆش دەکرێو زۆر هەڵەی ئاوا گەورە لەبیرچۆتەوەو پاڵەوانی (کیش) بوو، دووبارە بۆتەوە قارەمان٠ بە بڕوای من، ئەوانە یەکێ لەدەردەکانی بێدەرمانی کوردن٠ لە ڕاستدا چونکە لەباری فەرهەنگیەوە لەپاشینو یەکگرتووش نین، ئەگەرکەسێك یان تاقمو ڕێکخراوی تریش لە ڕێبازی دیاری کراوی خۆیان لابدەن و تاوان بکەن، لەکۆمەڵی دواکەوتوودا ئەوەندەیان لایەنگر دەبێ لە داخی لایەنی دژ بە خۆیان تەئیدو پشتیوانی لێبکرێ٠

ئەو شەو خەریك نوسینی ئەو یاددا شتانە بووم، لە مێدتیۆێ پانێلێك بەڕێوە دەچێ، قسە لەو حەوت مادە خودموختاریەی پ.ك.ك. دەکەن٠ ئەو خودموختاریەی کە چەندین ساڵبوو لە بەرنامەکانی مێدتیۆێدا گاڵتەی پێدەکرا، بەڵام ئێستا کە گۆڕان بەسەر بیرو باوەڕی پ.ك.ك دا هاتووە، ئەو شەو هەر ئەو ئۆتۆنۆمیەی جاران جێی نفرین بوو، لەو پانێلەدا جێگای سەربەخۆیی گرتۆتەوەو بەتامو چێژێکی چاوەڕوان نەکراو تاریفی لێدەکرێ !!

لەو پانێلەدا هەرچەند یەکدوو برادەر ئاماژەیان پێدەکردو روونیان دەکردەوە کە ئەوە خودموختاریەکەی حیزبی دێموکڕاتە، بەڵام برادەری بەڕێوەبەری پانێل کاك باهۆز باسەکەی دە گۆڕی تاکوو خەڵك تێ نەگات٠ وایان نیشان دەدا کەگۆڕان بەسەر سیاسەتو تاکتیكو ستراتیژی پارتی کرێکارانی کوردستاندا نەهاتووەو تاکتیکەکان گۆڕاون !

ڕێکەوتی ٣/ ١٢/ ١٩٩٨ بە گوێرەی هەواڵی مێدتیۆێ گۆڕان لە بۆچوونی ئوروپا دا پێك هاتووەو گەیشتۆتە ئەوەی لە کۆنفرانسێکی ئوروپایی دا مەسەلەی کورد بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەو لەرێگای ئاشتیەوە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە٠ واتە: بەو باسە هەتڵە کراوانە مرۆڤیان دێنا سەر ئەو ڕایە؛ وابیر بکاتەوە: کە بە ماوەی ئەو ٢١ ڕۆژەی کە عەبدوڵلا ئۆجەلان هاتۆتە ئیتالیا، بیرو ڕای نێودەوڵەتی لە ئاستی کورد گۆڕاوەوگیروگرفتی کورد ڕێگایەکی زۆری پێواوەو ئاسۆ ڕوونترە ٪ ٢٨ / ١٢/ ١٩٩٨٠

# خۆ سوتاندن– بۆ ؟

لە مانگی نوامبر ڕێکەوتی ١٩٩٨زاینی هەرایەکی گەورەی دنیاگری ئەمریکا لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنو رۆژنامەکاندا دژ بە دەوڵەتی لیبی و شەخسی مەعمەرقەزافی لە سەر تەقاندنەوەی چوار ساڵ لەمەو بەری فرۆکەیەکی پان ئەمریکەنی دەوڵەتی ئەمریکا، کە گۆیا لە لایەن دووکەسی عەرەب تەقێنراوەتەوە پێك هات٠ ئەو فرۆکەیە بەدووسەدو حەفتا کەس موسافیرەوە لە هەوادا تەقیەوەو هەموو سەرنشینەکانی کوژران٠

ئەوکردەوە نامرۆڤانەیە تا خوا حەزدەکا بەکارێکی ناپەسندو نارەوا دەژمێردرێو هەموو کەسێکی داناو زاناو مرۆڤ دۆست، کردەوەی ئاوا مەحکوم دەکاتو هەرگیز لایەنگری لەتاوانێکی سووچداری ئاوا بەڕاست نازانێ٠ کردەوەی ئاوا جگە لە لایەنە خراپەکانی، کە ڕێگە خۆشکەریشە بۆنەسلی داهاتوو، هەوەها ئەنجامەکەشی بۆتە تێداچوونی دوسەدو حەفتاکەسی بێتاوانو دڵ بریندار بوونو جەرگ سووتانی بنەماڵەی ئەو قوربانیانە٠ لەگەڵ ئەوەیدا باب وکورو براوخوشكو کەسوکاری ئەو ژمارە کەسانە لە خۆشەویستانی خۆیان دیدار ئاخرەت بوونەو بێشك شوێنی خراپیشی لەسەرداناونو تا ماوێکی درێژخایەن چاو بەفرمێسكو غەمبارو ڕەشپۆشو پەژارەدارن٠

مەبەست لەو باسە ئەوەیە: ماوەی چوار پێنج ساڵە بە خاتری ئەو دووسەدو حەفتاکەسە تەواوی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکانی جیهان دەیڵێن و دەیڵێنەوەو لەکاتی خۆیدا ئەمریکا بەتۆڵەی ئەو کوژراوانە، ترابلوسی پایتەختی لیبی بۆمباران کرد٠ هەرچەند حیسابێك لە دەست دا نیە، بەڵام بەگوتەی ئەمو ئەو، بۆمبارانی ترابلوس بەقەرا ئەو دووسەدو حەفتا کەسەی کەلە تەقینەوەی پانئەمریکندا کوژران، پتری عەرەبی لیبی کوشتووە٠

ئەگەر لە باری مرۆڤایەتیشەوە بێ، کەس ناڵێ کوژرانی ئەو دووسەدوحەفتا کەسە بۆ ئەمریکا کەمە، بەڵام ئەو پرسیارەش دێتە پێش: ئینسان

هەرئینسانەو لەباری نرخو بایی و مرۆڤایەتیەوە ڕەوا نییە کەسێکی ئەمریکایی هەزارکەسی لەجیاتی بکوژرێتەوەو ئەمریکا نەفەرێکی خۆی لە هەزارکەسی دیکەی ئادەمیزاد پێ بەنرخترو گەورەتربێ و پاش تولەو بۆمبارانیش پێی وابێ؛ سەزادان و دژایەتی لیبی هەر درێژەی هەبێ. مەبەست بەرگری نییە لە لیبی، بەلکوو پێداگرتن لەسەر ئەو باسە، باسێکی دادپەروەرانەیە.

وەك تاکەکەس دەکرێ مرۆڤ پیێ باش بێ و بەباشی بزانێ کە تاوانبار سەزا بدرێ و خوێنی بە ناحەق رژاو بەفیرۆ نەچێ، بەلأم پێویستە لەڕێگەی دادپەروەریەوە بێ و ملهوڕی تێدا بەکار نەیە.

هەمووکەسێکی ئاشتی خوازی مرۆڤدۆست پێی خوشە دادپەروەری لە جیهاندا سەقامگیربێ. ئەو دەولەتانەی باسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئینسانیەت دەکەن و، بەزاهیر دەیان بنکەو کۆمیتەیان بۆ پشتیوانی و بەرگری لە ستەم لێکراو و مافخوراو داناوە، با وەکو یەك بڕواننە ئەوانەی مافیان خوراوەو ستەمیان لێکراوە. بۆخاتری بەرژەوەندی خۆیان و بەقسەی بێکردەوە دەستاودەست بە مافی پێشێلکراوی گەلانی ژێر دەست نەکەن. ئەگەر بۆجارێکیش بێ لەسەریان وەجواب بێن بەکردەوە دەردیان بۆدەرمان کەن.

مەبەست ئەوەیە ؛ وێڕای ئەو خالە بچووکانەی باس کران، باجارێك لە قسەو نووسین دەرچێ و بەکردەوە ئاوڕێکی بچووك لە گەلێکی ژێردەستو لێقەوماوی وەکوو کوردیش بدرێتەوەو حیسابێکی سیاسی و مرۆڤایەتی بۆ بکرێ. جیهان بەگشتی و روناکبیران بە تایبەتی، لەسەر ئەوە روونن و دەزانن کە ئەوکۆمیتەو ڕێکخراو و بنکانەی کە ئیدعای خێرخوازی و بەرگری لە مافی مروڤ دەکەن، ئاگادارن و دەزانن کە گەلێکی سی چل میلیۆنی وەك کورد هەیەو سالیانێکی دوورو درێژە بەژێردەستی و داگیرکراوی ماوەتەوە. لەگەل ئەوەیدا ولأتەکەی داگیرکراوەو کەوتۆتە نێو جغزێکی چوارگۆشەی غەزەب و لە جەورو ستەمی بێ ئەماندا دەچەوسێتەوە. باش دەزانن لەلایەن داگیرکەرانی هاوپەیمانی خۆیان دەچەوسێنەوەو ئازاردەدرێن و هەلووکێنیان پێدەکرێ.

کەچی بۆ جارێك لەنووسین نەترازا بەکردەوە ڕێگا چارێك بۆ نەمانی ستەمی زۆرداران بدۆزنەوە کە ڕۆژانە لە کوردستان پتر لە ژمارەی تەقینەوەی فڕۆکەی پانئەمریکەنی ئەمریکایی، کورد ونکراوەو کوژرووەو ئیعدام کراوەو لەژێر شکنجەی سەرسام هێنەردا شەهید دەکرێن.

ئەوەی ئاماژەی پێدەکرێ، هەشتا لە سەدی ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوکانی جیهان دەکەن‌و بەدوای هەواڵ‌و زانیاری دا دەگەڕێن، باش دەزانن کە جاری وایە لە کوردستان گەلێك ڕوژان لەهەزارکەس تا پێنج هەزارکەس مرۆڤی بێ تاوان بی بەزەیانە لەسەرهیچ‌و خۆڕایی کوژراون‌و دەکوژرێن. سەرەڕای ئەوەی بکەرو بکوژو تاوانبار ئاشکران، بەڵام بەخاتری بەرژەوەندی ئابوری تەنانەت دەوڵەتانی دەمڕاستی دیموکڕاسیش تا ئێستا دەنگیان لێوەنەهاتووە !؟

لە هیچ کەسێکی روناکبیرو یا سازان‌و سیاسەتمەدارو هیچ کۆمیتەیەکی خێرخواز شاراوە نیەکە رژیمەکانی ئێران‌و تورکیا و عێراق‌و سوریا ساڵەهای ساڵە قەسابخانەیان بۆ گەلی کورد داناوەو، وەك دڕندەیەکی وەحشی لە گیان ئەو گەلە بەربوون‌و لەهیچ تاوان‌و خوێن ڕێژیەك دەست ناپارێزن‌و درێژە بە تاوانکاری خۆیان دەدەن.

لە ڕاستیدا داگیرکەرانی کوردستان زیندانێکی گەورەیان بۆکورد پێك هێناوەو لە پێش چاوی دەسەڵاتدارانی جیهان‌و ئەو ڕێکخراوانەی بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن، خوێن دەرێژن‌و مرۆڤ دەکوژن‌و تاوان دەکەن، دەوڵەتانیش بونەتە تەماشاچی‌و پاراستنی بەرژەوەندی ئابوری خۆیان.

. کەچی ڕۆژانە شاهیدی دەیان ڕووداوی دڵتەزێنی ئاوارە بوونی کوردن‌و دەبینن روناکبیرانی گەلێکی سی چل میلیۆنی سەرگەردان بە قارەکانی ئوروپا و ئاسیاو ئەمریکاو ئوسترالیادا بڵاو بوونەوە دەرکاو دەرك داوای پەنابەری دەکەن ،کەس نییە چارەنووسیان وەبەر چاو بگرێ.

کاتێك دەبینی کە کوردێك بە نێوی جۆراوجۆر ئاورلە خۆی بەردەداو لە سەر شەقام‌و مەیدانی شارەکانی ئوروپا خۆی دەسووتێنێ، بێشك لەڕوانگەی

زۆرکەس ئەو خۆ سووتاندنە بەکارێکی باش نازاندرێ و خەڵکی ئوروپاو دەرەوە ئەوهەرەکەتە بە کارێکی وەحشیگەری دانێن، بەلام دەبێ تاوانی ئەو کارە ناپەسندە بخنە سەر ڕەفتاری رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، کە ئەوخەڵکە دەچەوسێننەوەو لە زێد و نیشتمانی باب و باپیرانیان وەدەردەنێن ئەمنیەتیان لە ولاتی خۆیاندا نییە٠ کاتێك کورد بیر لەخۆی دەکاتەوەو دەسەلاتی پڕ لە زەبرو زەنگی داگیرکەران وەکو فیلمی سینەمایی دێتەوە بەرچاو کە بێبەزەیانە لە گیانی رەش و رووتی کورد بەربوونەو دەیکوژرن و مڵك و سەروەت و سامانی تالان دەکەن، کەسێك نیە بەرگریان لێ بکاو لەسەریان بکاتەوە، بێشك حاڵەتی دڵپڕی دێتە پێش و خۆی دەسوتێنێ٠

کورد هەرلەلایەك و لە سەرێکەوە لێی نە قەوماوە، ئەگەر دەچێتە شاخ و چیا و دیفاع لە خۆی دەکات، نێوی ترۆریستی لەسەردادەنێن و بە ترۆریستی لە قەلەم دەدەن! کاتێك بە دیالۆك داوای مافی بەحەقی خۆی دەکات، وەك مرۆڤ رەفتاری لەگەڵ ناکرێ و دەدرێ بەدادگاو زیندان و دەکەوێتە ژێرشکنجە، ڕەخنە لەچەوسێنەری داگیرکەردەگیرێ لەناوی دەبەن، بێدەنگ دەبێ و دەنگ ناکات، لێ ناگەرێن و بە چەپۆك دەیکوژن٠ کاتێك کورد ئەو تەون و بەستە دەبینێ کە بێبەزەیانە گاڵتە بەکەسایەتی دەکرێ و لە مافی مرۆڤایەتی بێ بەشەوکەس بەفریای ناگا، دەبێ چبکا و روو لەکوێ بکات؟ لێرەدایە کە دەبینێ کورد گەیشتۆتە بن بەست، لە ناچاریان خۆی بە ئاورو ئاسندا دەداو خۆی دەسووتێنێ٠

یەکەم: ئەو زوڵمەی لێیدەکرێ، دەیەوێ بەزمانی خۆسووتاندن بە جیهان نیشان بدات کە پێویستی بەیاریدەدان هەیە لەسەری وەجواب بێن٠

دووهەم: دەیەوێ بەدەوڵەتانی پشتگری داگیرکەران بلێ؛ پشتیوانی کردن لەو رژیمانەی کوردیان بەسەردا، دابەش کراوە تاوانە، دەیەوی بەزمانی خۆسوتاندن ویژدانیان وەخەبەر بێنی و بلێ: لانیکەم ئەگەر یاریدەی ئێمە ناکەن، دەست لە پشتیوانی داگیرکەران هەڵگرن٠ چونکە ئەوچەکوو چوڵەی دەیدەن بە داگیرکەرانی کوردستان، بێشك لە پێش هەموو شتێکدا

بۆکوشتارو قڕکردنی گەلی کوردو کاولکردنی کوردستانەو ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن، گەیشتوتە قورقورچکەیان ٠ گرەمشخەلی خۆسووتان بەهاوار دەکاو رادەگەیەنێ : کوردیش بەشێکە لەکۆمەڵی ئادەمی زاد ٠
کاتێك باسی ئابووری دێتەپێش و ئاماژە بە بەرژەوەندی وڵاتانی چاوبرسی دەکرێ، بە مانای ئەوە نییە کەکاتێ کورد لە ژێر دەستی رزگاری بوو دەستی ئەو وڵاتانە دەبەستێ و رێگای هاتووچۆیان لێدەگیرێ ٠ بەڵکوو ئەوکاتیش داهات و دەرکەوتەکانی سەرهەرد ،و ژێرهەردی کوردستان ، دەفرۆشرێ و کورد پتری پێویستی بە هاوکاری و پێوەندی هەیە ٠ ١٩٩٨/١١/٢٤

## دەردی نەزانی !

جاری وایە مرۆڤ لەبەر نائاگایی هێندێك کەس، یان بڵێین: لەبەر نەبوونی کەرەسەی راگەیاندن کارێکی هەیە لەبەردەستی راناپەڕێ و بۆی ناروا ٠ کەسانی تری خاوەن کەرەسەو ئیمکاناتیش هەرچی پێیان خۆش بێ و دڵیان بخوازێ باسی دەکەن و تیروانین و روانگەو بیرو رای خۆیان بێ ترس رادەگەیەنن ٠ کەسی زاناترو لەویش بلیمەتتر هەیە، بەڵام رێگاو کەرەسەی بڵاوکردنەوەی نیە کە روانگەو بیرو رای خۆی پێ بڵاوکاتەوە ٠ بەهەڵکەوت ئەگەر جارێك رێگای بدرێ بە روناکبیرێکی زانا بێڵن بیرو رای خوی بڵاوکاتەوەو بێژێ : کاکی خاوەن کەرەسەو ئیمکانات ! ئەوەی تۆ باسی دەکەی و خۆی پێوە هەڵدەکێشی وانیەو روانگەکەت لەراستەقینە بەدوورە ٠ یان ئەوی تۆ لێیدەدوێی و باسی دەکەی، نەك هەر تێی نەگەیشتووی و لێی حاڵی نیت، بەڵکوو گوتنەکەت زۆری پێچەوانەی راستەقینەیە ٠
کورد گوتەنی؛ دنیایەکی سەیرە ! دەبینی کەسێك بۆخۆی رادیوو تەلەڤیزیۆنی لەبەردەست دایە بەکەیفی خۆی هەرچی بەسەر زاری دادێ باسی دەکا ٠ کەسانی دەورو بەریش باسەکەیان پێ وابێ یا وانەبێ، بەچەپلە

ماقوولْ و خاوەن دەسەڵاتە، نابێ قسە لە قسەی بکرێ و دڵی بێشێ!
خاوەن بیروڕاو زاناش کەسێکە بەتەنیا ماوەو شتێکی هەیبێ ناتوانێ بەرادیۆ و تەلەڤیزیۆن باسی بکات. تەنانەت ڕۆژنامێکیشی نیە کە بتوانێ ڕوانگەو بیرو بۆچوونو حەقانیەتی خۆی پێ بڵاو بکاتەوە.
ئەوکەسانە لە ناچاریان مەسەلەی کۆنی کورد یان وەبیر دێتەوەو لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ***کەرلە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە؟***
دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە یادداشتێکی ڕۆژانە بکرێ وەك وێنە لە باسەکەمدا بیهێنمەوە. بەپێویستی نازانم وای لێ بکەم لەگەڵ باسی سەرو تێکەڵ بکرێ. چوونکە ئەوەی گوترا، باسیکی گشتی بوو، ئەوەی باسی دەکەم لێك جیان.
ئەو ڕۆ دوازدە هەمی مانگی ژانویەی ٩٩ لە دانیشتنێکی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوایەتیدا، برادەرێك بە نێوی زوبەیر ئایدار لە وتوو وێژێکدا کە لە تەلەڤزیۆنی میدتیوێ بلاوکراوە، ویڕای ئەوەی کە لە زمانی نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەواڵەکانی سولەیمانی بۆ بەشدارانی کۆبوونەوە باس دەکرد، خۆی کرد بە وەکیلی کورد و گوتی: کوردستان ماڵی هیچ پارت و عەشیرەتێك و کەس نیەو هیچ کەس ناتوانێ سنووربۆکوردستان دانێ. دیارە خاوەنی ئەو بیرو ڕایە زۆرن و مافی خۆیانە بیرو ڕای خۆیان ڕابگەیەنن و بەرگری لێ بکەن، بەڵام خاوەنی ئەو بیرو ڕایانە بێشك ئەندامی پارت و ڕێکخراوی سیاسین. جا ئەگەر ئەو ئەندامە سیاسی بێ یان تۆزێك زانا و دانابێ، ئەو سیاسەتە بە ڕێوە دەبا، کە دروشم و ڕێبازو بیروڕای ڕێکخراوەکەی خۆیەتی و ئاگاهانە ودیپلۆماتانە بیروڕای خۆی ڕادەگەیەنێ.
بۆیە زوبەیر ئایدار بە وێنە دێنمەوە چونکە شاهید لە خۆیەتی. نازانم ئەو برادەرە بۆچی لە بیری نەماوە کە ئەو بۆچوونە لەو سەرو بەندەدا هەر بۆخۆیان خەتی سووریان بەسەردا کێشا. ئەگەر مانگێك پێشتر وای گوتبایە، دەگونجا و جێگای خۆی بوو، بەلام کاتێك کۆمیتە ناوەندی بەرێنوێنی ئۆجەلان سەرۆکی پ.ك.ك، بەئاشکرا بەرنامەی خۆی گۆڕیوەو لە کۆبوونەوەی ئیتالیادا بریاری لە سەر دراو لە تەڤیزیۆنی مید، بە نێوی

سەرۆکی گشتی پ.ك.ك خوێندرایەوەو بەئاشکرا لە ٧ مادەدا پاراستنی سنوورەکانی تورکیا ڕاگەیەندرا · نازانم کاك زوبەیر ئایدار بۆ لە بیری چوتەوەو لەو بارەوە شتی وا دەفەرمێ؟! بۆدەبێ ئاوا فەرامۆشکاربیو بە خۆی نەڵێ؛ پارتەکەی من سنووری داناوە، دەبێ سیاسیانە بیر بکەمەوە، ئەوەی گوتم، دوێنێ بوو کە سنورمان نە دە ناسیو....

کاتێ ڕاگەیەندراوێك بە ناوی سەرۆکی پارتێك بخوێندرێتەوە ئیترناکرێ کەسێکی وەك زوبەیر ئایدار بەرنامەی سەروکی خۆی، واتە عەبدوڵلا ئۆجەلان بشێوێنێ کە لە ڕۆژی ٢١ دسامبری ٩٨ تەلەڤیزیۆنی مێد، لە٧مادەدا بڵاوی کراوەو لەئاخرەکەیدا دەڵێ: سنوورەکانی تورکیە دەپارێزین!؟

پرسیارێکی گشتی دێتە پێش؛ مەگەر ئەندامی ڕێکخراوی سیاسی نابێ لەسەر بڕیارێکی کە لە سەرو دەدرێ، دەبێ پشتی بگرێو یەك دەنگ بێ؟ دیارە هەرمرۆیەك بۆی هەیە لەنێو تەشکیلاتی سیاسی خۆیدا هێندێك ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵام نابێ بە پێچەوانەی بڕیاری سیاسی ڕێبەرایەتی خۆی لە نێو ئۆرگانێکی ڕەسمیدا قسەبکات·

لەو بارەوە شت زۆرە · گەلێك جار بەڕێوەبەری ڕێکخراوێك دەبێ باجی ئەندامی ئاوای خۆی بدات · چونکە زۆر ڕێکخراوی سیاسی هێندێك لە ئەندامانیان کاری ئۆرگانی دەکەن، بەڵام سیاسەتمەدارنین· یان دەکرێ بڵێین؛ سنوور بۆ هەموو ئەندامێکی تەشکیلاتی داندراوە، بەڵام هەمویان پرنسیبی بەڕێوە بردنیان نییە· ئەندامی یاساناس بۆخۆی ئەرکی خۆی دەزانێ و سیاسەتی ئۆرگانی خۆی بە باشی بەڕێوە دەبا بۆ ئەوەی لەکاتی قسەکردندا زیان بە ڕیبازی تەشکیلاتی خۆی نەگەیەنێ· کارم بەو کەسانە نیە کە لە خۆیان بەولاوە کەسیان پێ کەسو سیاسی نیە · ڕووی قسە لەو کەسانەیە کە بەبێ بیر لێکردنەوە چەپڵە بۆهەموو وتەو بۆچوونێك لێدەدەن · ئەوەی بیریان لە وتەی وتەبێژ کردبێتەوە. یان بزانن داخوا وتەبێژ لە باسەکانی دا ڕاستەقینەکان باس دەکا، یان خەریکی کات کوشتنە؟

بەرگی ٣ ئاورێك لاپەڕەی ٨٢ چاپی سوێد ١٩٩٨/١٢/١٦

# هەنگاوێکی تر .

ڕێکەوتی ١٤/ ٢ / ١٩٩٠ سەرۆکی گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەیانێکی لەمەڕ پەنابەری خۆی و مەسەلەی کورد بڵاوکردەوە . هەر بەدوای ئەودا کۆمیتە ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەیانێکی لەچەشنی وتەکانی ناوبراو ڕاگەیاند . وێڕای ئەوەی تەفسیرێکی زۆری لەسەرکراو لەلایەن زۆرێك لە روناکبیران و نوسەرانی کورد بە شتێکی باش وەرگیرا . ناوبراو گوتی :

– ئەوەی لە دنیای ئەوڕۆدا ڕووبەرووی گەلی کورد بوّتەوە، جێگا داخە کەکوردی ئازادیخواز ناتوانێ لەسەرخاکی خۆی بژی . لەرۆژگاری ئەو ڕۆدا ئەوەی بە کوردی دەکەن، یاری کردن بە مرۆڤایەتی و کەسایەتی کوردە . هەروها لە بەیاننامەکەدا، یەلسینی سەرۆکی روسیا، شەرمەزاردەەکا . لەبەر ئەوەی پارلەمانی روس «دوما» مافی پەنابەری بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەسندکردبوو . کەچی یەلسین بە هۆی نیزیك بوونی لەئەمریکا بڕیاری دۆمای بەهێند نەگرتووەو ڕەدی کردۆتەوە . لە بەیاننامەکەدا هاتووە، داوای لە دەوڵەتانی ئوروپا بەتایبەتی فەرانسەو ئیتالیاو یونان و ئالمان کردبوو، وێڕای مافی پەنابەری بە ئۆجەلان، مەسەلەی کوردو تاوانەکانی دەولەتی تورکیاش لە دادگایەکی نێو دەوڵەتیدا تاوو توێ بکرێن ، کە هەرئێستا تورکیا بەدانانی پلانی دارێژراو لەژێر ناوی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کوشتاری بێ ئەمان لە کوردستان بەرێوە دەبات .

دوابەدوای بلاو بوونەوەی ئەو بەیاننامە یە لە مێدتێوێ، پەنابەرانی کورد لە ولاّتانی دەرەوە بە ناردنی فاکس و تەلەفون و خۆپێشاندان لە چەند شارێکی ئوروپاو ولاّتانی تر، بە هەڵوێستی دڵسۆزانەی خۆیان لە دنیای دەرەوەدا دەوڵەتی توکیا شەرمەزاردەکەن . هەڵوێستی دەولەتانی ئوروپا لەبارەی مافی پەنابەری بۆئۆجەلان جارێ تا ئەو رێکەوتەی سەرو ناروونەو هێشتا لەو بارەوە لەلایەن هیچ ولاّتیکی ئوروپاییەوە هەنگاوی بۆ هەلنەگیراوە .

خوێنەری بەڕێز! کاتی مرۆڤ بە گوێرەی چەندو چۆنی لێزانی خۆی چونیەتی کوردو سیاسەتی ئەوڕۆی جیهانی و هەڵوێستی دەوڵەتان لە حاست ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە ژێر ناوی کەسێکدا لە گەڵ کورد دەکرێ، بە روونی دەر دەکەوێ کە نەتەوەی کورد چەندە بێکەس و بێ پشتیوانە. ئەو دەوڵەتانەی کە شەو ڕۆژ باس لە مافی مرۆڤ دەکەن و فرمێسکی تیمساح دەڕێژن، چەندە بەرژەوەندیخوازو ڕووچرِن لە بەرانبەر زانایان و تەنانەت رۆناکبیرانی خۆشیاندا. هەموکەس دەرکی ئەوەی کردووە کە چەندین میلیۆن کەس بە ئاشکراو بەرۆژی ڕووناك، دەستیان بەسەر داگیراوەو ئاوارە کراون و ڕۆژانە دەبنە قوربانی و دەستەچیلەی ئاگری بەرژەوەندیخوازی و . . .

زور جاران مرۆڤ مەبەستێك دەنووسێ پاش دوو سێ ڕۆژ هەر ئەو مەبەستە بە شێوەیەکی ترو ڕەنگێکی ترخۆی دەنوێنێتەوە. لەبەر زوو ڕۆیشتنی زەمان و ئاڵوگۆڕی نوێ، مرۆڤ ناچار دەبێ ڕووداوەکان بە کورتی بنووسێ و یادداشتی نوێ گوڵبژێر بکات و بەچاوی یادداشت و ڕووداوی مێژویی سەردەم تێوەی بڕوانێ. بۆیە دەڵێم گوڵبژێر بەشێکی زۆرلە ڕووداوەکان چاوپۆشیان لێکراوە. هەر بۆیەش بە باشی دەزانم، بەڕەخنەو شیکردنەوە، دەرسەدێك بنوسرێ و بێتەسەر کاغەز بەسە.

هەروەکوو بۆ هەمولایەك ڕوونە، لەو کاتە ناسکەدا لە کوردستان، نەخشەو پلانێکی وایان داڕشتووە و گیرو گرفتێکی وایان بۆ داهاتووی کورد پێك هێناوە، وەك «تەونی جاڵجاڵوکە» داویان بۆ داناوەتەوە کە بیهەوێ بۆهەرلایەك بڕوا، ملی پێوە بێ.

دەبینین ئەمریکا لەلایەك ئەو دوو لایەنە کوردەی کە لە کوردستانی باشوور شەڕیانە پێکیان دێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کە تورکیا بەدوژمنی سەرسەختی کورد دەژمێردرێ، دەبێ لە هەموو ڕاوێژێکی کوردی باشوور ئاگاداربێ و ئەوەی تورکیا پێی باش بێ، دەبێ ڕێبەرانی کورد ملی بۆ ڕاکێشن و بەدڵی تورکیا بجووڵێنەوە! لە لایەکی تر دەبینین ئەمریکا وەك بەرنامەیەکی ڕۆژانە هەموو ڕۆژێ چەند بۆمبایەك لە عێراق دەداو دەیەوێ

سەدام حوسێن لەسەرحوكم لابەرێو بیچمو یاسای وڵاتی عێراق لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ . هەرلەوكاتەدا توركیا كە نیزیكترین دۆستو هاوپەیمانی ئەمریكایە، تارق عەزیزی سەرەك وەزیرانی عێراق بۆ توركیا داوەت دەكات تا پێكەوە پلان داڕێژن كە لەشكری عێراق چۆنا وچۆن بێتەوە سەر سنووری توركیا ! روونە كە هاتنەوەی لەشكری سەدام بەرەو سنووری توركیا بەهاسانی جێ بەجێ دەكرێ . چونكە لەشكری توركیا بە تانگو تۆپو كەرەسەی تەواو لەسەر رێگای نێوان موسل و دەروازەی خاپوورخۆی داكوتاوەو ئامادەی پێشوازیو ڕێنوێنی كردنی سوپای عێراقە بەرەو سنوور . لەبنەوەش كەینو بەینو پلانی ئەمریكا چییە ناروونە .

كاربەدەستانی توركیا بێ شاردنەوە بە ئاشكرا چەندین جار لە ڕادیۆ تەلەڤیزیۆندا ڕایانگەیاندوە كە دژی هەرجۆرە كیانێكی كوردین .

ئێرانیش چەند جاری نیگەرانی خۆی لەمەر پێك هاتنی دەسەڵاتی كوردی لە كوردستانی باشوور دەربڕیوە. بە ئاشكرا بلند ئەجەوید ڕەخنەی لە ئەمریكا گرتوو گوتی: بە خەریك بوونی ئەمریكا لە باشوور، لەسەر مەسەلەی كورد نیگەرانە . تەنانەت ئامادە نییە نێوی كوردیش ببیسێ .

سەیر ئەوەیە، ئەجەوید ؛ بێ شاردنەوەو بێ ئەوەی تۆسقاڵێك كوردو ڕێبەرانی كورد بە هێند بگرێ ئەو قسانە دەكا . لە هەمان كاتیشدا لە ئانكارا كۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی كوردی باشووردا هەیە .

١٩٩٠/٢/١٥

# تا وانێكی مێژوویی !

عەبدوڵلا ئوجەلان سەرۆكی پارت كرێكارانی كوردستان كە لە سەرداوای دەوڵەتی یۆنان بە نهێنی چوو بووە كینیای ئەفریقا • دوای دوازدە رۆژ مانەوە لە سەفارەتی یۆنان لە نایروبی پایتەختی كینیا ، رۆژی دوو شەمۆی رێكەوتی ١٤ / ٢ / ١٩٩٩ی زاینی سەعات ٦ ی ئێواریّ ، بە پلانێكی ناجوانمێرانە ، عەبدوڵلا ئۆجەلان لە سەفارەت را دەبەنە فرۆكەخانە ، لە وێرا دەیرفێنن و هەرئەو شەوە بە فرۆكەی پێشتر ئامادەكراو دەیگەیەننەوە توركیا !؟

بە گوێرەی ئاگاداریەكی كە ناوەندی پێكاكا • بلاوی كردەوە ، لەو رۆژەوە كە ناوبراو لە سەرداوای یۆنان نێردراوەتە نایرۆبی ، توركیا بە هاوكاری هاوپەیمانەكانی ، بە تایبەتی ئەمریكاو ئیسرائیل ، خەریكی نەخشەو پلان بوونە بۆدزین و رفاندنی عەبدوڵلا ئوجەلان •

رادیۆ بی‌بی‌سی رایگەیاند ؛ دەوڵەتی ئەمریكا لە دەستگیربوونی عەبدوڵلا ئوجەلان پێشوازی كردوە ، كاخی سپی لەو بارەوە خۆشحاڵە. بەلام ئەمریكا بۆخۆی بەرەسمی رایگەیاند ؛ لەگرتنی ئوجەلاندا دەستی نەبووە !

دوای دووشەوو رۆژ ، سەرئەنجام توركیا فیلمێكی بە ویدۆ هەڵگیراوی عەبدوڵلا ئۆجەلانی لە تەلەڤیزیۆنی توركیا نیشان دا • بەروونی لە فیلمەكەدا دیاربوو كە ئۆجەلان لێیدراوە • چونكە دەستو دەمو چاوی سوور هەڵگەراو خوێناوی بوو • ناوبراو ، وەك نەخۆشێكی تازە وەهۆش هاتوو نێوە نێوە دەدواو قسەكانی لەسەر یەك نەبوون • فیلمەكە سانسۆروكرابوو • ئەوقسانەی نیشاندەدا كە بەقازانجی دەوڵەتی توركیا بوون • گۆیا بلاوكردنەوەی ئەوەندە فیلمەش ، لە سەرفشاری سی‌ئێن‌ئێن بووە • دەنا ئەوەندە شیان نیشان نەدەدا • بێشك نیشاندانی ئەو فیلمە ئەوەندەی دیكەی كوردەكان بریندارتركرد • دەكرێ بڵێین ؛ ئەوكردەوە ترۆریستی و هەرەكەتە ناحەزەی دوژمنانی كورد كە لە بارەی عەبدوڵلا ئۆجەلانداكردیان ، وێرای بێ پرنسیبی و نامرۆڤایەتی ، سووكایەتیەكی گەورەی مێژوویی بوو بە گەلی كورد

لەو کاتەوە رژێمی تورکیا بەوکارەوە هەستاوەو عەبدوڵلا ئۆجەلانی ڕفاندوەو گەیاندویەتەوە تورکیا، پەنابەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات لە هەموو پایتەختەکانی ئورپای غەربیو شەرقی دەستیان کردوە بە خۆ پێشاندانو مانگرتن لە خواردنو داگیرکردنی سەفارەتەکانی یۆنانوکینیا• جگەلەوەش، بەدژی کردەوەی نامرۆڤانە، چەند کوردێکیش بە ئاور لە خۆ بەردان خۆیان سوتاندوە• بە هۆی هەراوی ڕێپێوانوگرتنی سەفارەتەکان، بریندارو گیراوێکی زۆرلە چەند وڵاتێك لەلایەن پۆلیسەوە گیراون• لە سەرووی هەمووی ئەو رواوانەوە، کاتێ ویستوویانە سەفارەتی ئیسرائیل لە بۆنی ئالمان داگیر بکەن، مامورینو دیپلۆماتەکانی سەفارەتی ئیسرائیل تەقەیان لێکردونو چوار کوردیان کوشتوەو کۆمەلێکی ١٨ کەسیش بریندارن• زیاترینی ئەو شوێنانەی کە دەستیان بەسەرداگیرا، دەفتەری حیزبەکانی حاکم، یان سەفارەتخانەکانن•

سەفارەتخانانە گیراوەکان بریتین لەو وڵاتانەی خوارەوە :

هامبۆرك، بون، لە ئالمان• ئاتێن لە یۆنان• پاریس لە فەرانسە• ستۆکوڵم لە سوئێد • کۆپنهاك لە دانمارك• هێلسینکی لە فینلاند• ئوسلولە نەروێژ• لەندەن لە ئینگلستان• هەروەها بلژیك، سویس، سوریە. کانادا. ژاپون، ئوسترالیاو... چەند وڵاتێکی تر لە ئەمریکا•

لەگەڵ ئەوەیدا رێ پێوان و خۆ پێشاندان درێژەی هەبوو، رۆژی چوار شەممۆ سێ وەکیل و دیلمانجێك بۆ دیفاع لە ئوجەلان چووبوونە تورکیا، بەلام رژێمی تورکیا نەك هەر رێگەی نەدان، پاسەکانیشی لێ ئەستاندن• دوای شەش کاتژمێر ڕاگرتنیان گەڕاندراونەوە هولەند. پارێزەرەکان لە وتوو ویژێکی چاپەمەنیدا گوتیان: خۆزیا : هەموکەس لە نیزیکەوە رژێمی تورکیای ناسیبایە. رژێمێکی کە چوکترین بایەخ بۆ ئورووپا دانانێ، دەیەوێ بێتە نێو یەکێتی ئورووپاش !

کاتێ لە سوئێد دەفتەری سوسیال دیموکراتەکان لەلایەن رێپێوانەکان داگیرا، بە نوسراوە بەڵێنیان لێوەرگرتن کە بەزوویی هەیئەتێك بنێرنە

توركیا ٠ لە فەرانسەش وێڕای گرتنی سەفارەتخانەی یۆنان و کینیا دەفتەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵێنی هاوکاریان بۆکێشەی مەسەلەی کورد لێ وەرگیرا ٠

* ئەو ڕۆ ١٩٩٩/٢/١٧ ئەرنەکە لە بەیانێکدا ڕایگەیاند: خەباتگیران چالاکیەکانی خۆیان لە چوارچێوەی دێموکراتیکدا بەرنە پێش و نرخی مرۆڤایەتی بپارێزن و کارێکی وا نەکەن زیان بە خۆیان بەخەڵکی تربگەیەنن ٠ هەروەها پێویستە لەو شتانەی خوارەوە خۆیان بپارێزن ٠

الف- خۆیان نەسوتێنن ٠

ب - لەگەڵ پولیس دەرگیر نەبن ٠

ج - لەئاورو ئاورکاری دووربن ٠

د - لەجێگای مەترسیدارخۆ بپارێزن ٠

ه - چالاکیەکان بە شێوێکی باشی دیموکراتیك ئەنجام بدەن ٠ لەگەڵ ئەوەیدا دووسێ جار ئەو ئامۆژگاریانە لە سەر مێدتێوێ ڕاگەیەندرا، بەڵام بەداخەوە دیسان جارو بار هێندێك ڕوداویان دەخوڵقاند جگە لە پەژارەو نارەحەتی گەلێك زیانی سیاسی تەبلیغاتی بە دواوە بوو ٪ ٢٤ /٣/ ١٩٩٩

دێموکڕاسی و وڵاتانی ئورووپایی .

ماوەیەکی زۆرە زۆربەی کوردەکانی پەنابەر لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ باری دێموکراسی غەرب ڕاهاتوون و بە خۆیان سەلماندوە کە ئەگەر دێموکراسیەت هەبێ، لە ئوروپای ڕۆژئاوایە ٠ چونکە بە ناشکوری نەبێ، لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، بەتایبەتی ئەو چەند وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردوە، هەواڵێك لە دێموکراسی و کردەوەی دێموکراتیك نیەو، تەنانەت ئەگەر کەسێکی دێموکڕاسیخواز بیهەوێ باسی دێموکراسی بکات، بەتاوانێکی گەورە دەژمێردرێ ٠ کوردانی پەنابەر لەدەرەوە ڕەنگبێ هێندێك دێموکراسی ئوروپایان وەك تەڵقین وەرگرتبێ، بەڵام داخوا ئەو دێموکڕاسیە دەرحەق بە گەلی کورد، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ لە داهاتوودا ببێتە پشتیوانەیەك

بۆ گەلی کورد ؟

ئەو تێڕوانینەی لە دیموکراسی هەیە، هێندێك کەس پێی وایە ئەگەر چاوەڕوانی نەهاتنە دی، ئیتر دیموکراسی لە بناغە ڕا ناڕاستەو بە دیدیکی ترچاوی لێدەکرێ. بەماویەکی کورتی دومانگی ئەو بیرو ڕوانگە چەسپاوەی کە ماوەیەك پێش کەوتبووە نێو مێشکی بەشێك لە کوردانی پەنابەر، ئێستا وەرچەرخاوەو بڕوای پێشوویان پێ نەماوە. دەکرێ بڵێین؛ زۆر گورج گۆڕانێکی بەرین بەسەر بیرو مێشکی بەشێك لە کوردی پەنابەر داهات.

دوای ئەوەی عەبدوڵلا ئۆجەلأن سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان وڵاتی سوریای بەجێ هێشت‌و هاتە ئوروپا، هیوادار بوو دەکەوێتە ژێرچەتری دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و لە یەکێك لە ولاتانی ئوروپایی مافی پەنابەری وەردەگرێ. ناوبراو بەوەمەبەستە هاتە دەرەوە دەیویست لە ئوروپا بە دارژتنی پلانێك بۆ وتوو وێژ لەڕێگای ئاشتی‌و دیموکراتیکەوە، شتێك بۆکوردی باکوربکات. پێی وابوو بە گۆڕینی ڕێبازو بیری ئاشتیخوازی دەتوانێ لەولأتانی دیموکراسی کاروباری پارتەکەی بەرەو پێش بەرێت.

بەداخەوە نەك هەر هیچ وڵاتێکی ئوروپایی مافی پەنابەری پێ نەبەخشی، بەڵکوو بۆخاتری بەرژەوەندی ئابوری خۆیان دیموکراسیان لە ژێر پێ ناو، بە نەخشەو پلانی ئوروپا ئۆجەلأن نێردرا کینیاو لە وێش ڕا بەپەل بەستراوی دایانەوە بە حکومەتی تورکیا. ئەو کارە بوو بەهۆی پێچەوانەی ئەو شارستانیەت‌و ئەو دیموکراسیەی کە زۆرێك لەکوردی پەنابەر لە چەند سالی پێشوودا باوەڕیان پێ هێنابوو. بە کورتی ئەو هەرەکەتەی کەدەرحەق بەعەبدوڵلا ئوجەلأن کرا، بمانەوێ‌و نەمانەوێ کردەوێك بوو، کاری لە بیرو مێشکی زۆربەی کوردەکان کرد. لەڕاستیدا بە جیهان‌و بەتایبەتی بە کورد نیشان درا، کەبۆ دەولەتانی ئوروپایی هیچ شتێك لە بەرژەوەندی مادی گرینگترنیە. ئەوکردەوە، بۆچوونی بەشێك لە کوردی بە باری نیگاتیڤدا وەرسوڕاند. بەخولقاندنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گەلێك لە کوردەکانی دەرەوە لە بۆچوونی تەلقین کراوی پێشووی خۆیان بەبارێکی تردا وەرگەڕان، ئەو

کوردەی کە دوێنێ لە وتوو وێژدا ئوروپا بە سەرچاوەی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ دەناسی، بە هاتنە پێشی ئەو رووداوە دور لە دیموکراسییە، روانگەی بەشێك كوردی لە بۆچوونی پێشووی خۆی گۆڕی.

زۆربەی پەنابەرانی كورد لە سەردەمی تاڵی ئێستای ئوروپادا كە دەبینن لە رووی بەرنامەوە پەنابەری كەسێكی وەك عەبدوڵلا ئوجەلان رد دەكەنەوە. بێشك بەهاو كاریەكی پڕلە پیلانو نەخشەی دەزانن كە ئاكامو ئەنجامی ئەو پلانەش، كەلەمچەكردنو تەسلیمكردنەوەی ئۆجەلان بوو بە توركیا.

لە لایەكی دیكەوە دەبینین هەستی ئاینی لە ماوێكی زۆركەمدا بوتە باسو دانیشتنو كۆبوونەوە. مرۆڤ دەترسێ ئەو رێگا ئاینیە جێگای چەپڕوی جاران بگرێتەوە، رەنگبێ پرسیار بێتە پێش كە جوولانەوەی میللیو سیاسی بۆدەبێ بگاتە ئەو جێگایەی مرۆڤ بەرەو رێبازی ئاینی رابكێشێ؟

ئەو پرسیارە راستەو كەسانی خاوەن رێبازی سیاسی بەتایبەتی كەسانێك یا رێكخراوێكی كەخاوەنی پرۆگرامو بیری پێشكەوتووی نەتەوایەتی بێ، هەرگیز نابێ بەرەو ئەو رێبازەو ئەو ئیدەیە رابكشێن، بەلام رووداوێكی ئاوای كە شاهیدو بەلگە لە خۆیەتی، واتە؛ ئاوا پشت لەكورد كردنو سوكایەتی بەكورد كردنو بەئاشكرا دروستكردنی سەرەتایەك بۆ زەبر لێدان لەجوولانەوەی كوردو بە بن‌بەست كێشانی مەسەلەی كورد، بەمانەوێو نەمانەوێ روداوی ئاوا بەشێك لەكورد ناچاردەكا بۆ لایەكی دیكە بكشێ.

ئەو كەسەی بەرەو ئەو ئیدە نە خوازراوە دەكشێ، بەخیاڵ بۆ پەیدا كردنی یاریدەدەرو پشتیوان هەنگاو هەلدێنێ و پێی وایە بەو رێگایەدا دەتوانێ بۆ رزگاری خۆیوكەونیشتمانەكەی سەركەوتن وەدەست بێنێ. هەرچەندلە روانگەو بیرو بۆچوونی مرۆڤی سیاسیەوە راكشان بۆ رێبازی ئاینیو كوێرە رێ، زیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی دەگەیەنێ، بەلام ئەگەرگوشارهات، كەس ئەو توانایەی نییە پێش بەو رەوتو وەرچەرخانە بگرێ.

ئەو زوڵمو ستەمە گەورەی كە لەو سەردەمەدا، لەكوردوداهاتووی سیاسی كورد كراوە دەكرێ، برینەكەی ئەوەندە قوڵو بەناسۆرە، پشووی لێ بڕیوە.

لەڕاستیدا رووناکبیری کورد دەبێ بەیەکێتی خۆی، بیرو ڕاکان لێك نیزیك بکاتەوەو تێ بکۆشێ چین و توێژەکانی کۆمەڵ یەکگرتووبکات . چونکە ئەو ڕێگایە تەنیا ڕێگایەکە دەتوانێ لەسەردەمی ئەو ڕۆ دا، چاری برینە تەشەنە کراوەکانی کورد بکات. کاتێ لەسەرمافی مرۆڤ لەگەڵ روناکبیرێکی ئوروپایی سەبارەت بە رووداوی ئەو دوایانە قسەدەکرێ، ئەویش بە قەرا کوردێك گلەیی لە هاتنە پێش و پێکهاتنی ئەو رووداوانە هەیە کە ولاتانی ئوروپایی بە دەستی زۆرلەسەر داوای تورکیا، دژایەتی بەکوردیانکرد .

لە لێکدانەوەکەماندا بەو ئاکامە دەگەین کە گشت ویژدان بەخەبەرێکی روناکبیر لە هەموو نوقتەیەکی جیهان، ئاگاداری ئەوەن کە ئوروپا لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا سەبارەت بەهەڵسوکەوت لەگەڵ کورد دەستێکی بالای بەکار هێناو بەروونی هەست بەوە دەکرێ کە ولاتانی ئوروپایی بە ئاشکرا سوکایەتیەکی ناڕەوایان لەژێر درۆشمی ترۆریسمدا بە کورد کرد . سەیر ئەوەیە دەوڵەتانی ئوروپا لەسەر ئەو کردەوە ناشیرنەی کە بۆ خۆیان لە دژی کورد کردیان، نرخێك بە رووداوەکانیش نادەن و دەیانەوێ سەرپۆشی لەسەردانێن . رووناکبیری کورد چاوەروانی ئەوە بوو خەڵکی ئوروپا وەدەنگ بێن و، وەك چۆن بۆبالتیك و، ویتام و بۆسنی و کوزوبۆو الجزایرو... هەستان پشتیوانیان لێکردن، ئاواش دەنگی ناڕەزایی خۆیان لە دژی داگیرکەران بۆگەلی کورد بەرز بکەنەوە . کاتێك لە الجزایر بۆ ئازادی لە دژی فەرانسە شەڕو بەربەرەکانی درێژەی هەبوو رووناکبیرانی فەڕانسە دەهاتنە سەرشەقام لەدژی دەوڵەت درۆشمیان دەداو داوای شەڕ ڕاگرتن و ئاشتیان دەکرد .

لە ئەمریکا دەیان جار خەلك لە دژی شەڕی ویتنام هاتنە سەر شەقامەکان . بەلام ئەو کارە لە عێراق و ئێران و تورکیە، ڕێگەیێ نادرێ ، بەڵکوو بەپێچەوانە رژیمەکان کۆمەلی بچوك بچوك لە کەسانی قین لەدڵ و ڕەگەز پەرست دروست دەکەن لە دژی شۆڕشگێران ڕاوەستن و پێش بە خۆپێشاندەران بگرن و ئاگری شەڕی براکوژی بە تەوەژمتر بکەن .

ئوروپایەکان کە لەگەڵ پەنابەران زۆرتێکەلاون، دەبوایە باشتر لە دەردی

کوردو زوڵم وستەمی داگیرکەرانی کوردستان ئاگادار بن ٠

وڵاتی تورکیا لەژێر چەتری ئەمریکاو دیموکراسی ساختەدا پشووی لە گەلێکی بیست میلیۆنی بریوەو بە ئاشکرا دەڵێ: کورد لە تورکیادا نیە ! هەموو دەولەتەکانی ئوروپاو مافی مرۆڤ، هەموو هەوالدەرێك، هەموو کاربەدەستێکی ئەو وڵاتانە دەزانن و لێیان روونە کوردێکی زۆر لە تورکیاو ئێران و عیراق و سوریەهەیەو لە ژێر ستەم و زۆرداریدا دەناڵێنن، کە چی لە حاست ئەو هەموو بێدادیەی کە دەرحەق بە کورد دەکری، بێدەنگن !؟

لەسەرهەموو کوردێك پێویستە، ئەو بێدەنگی و گوێ نەدانەی بۆی پێك هاتووە، دەرکی بکاو لەسەرخەبات و تێکۆشانی سیاسی خۆی سوورتربێ ٠ پێویستی سەرشانی هەموو کوردێکە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان، پتر هەوڵبدا، بۆ تێگەیاندنی بەرژەوەند پەرستان و دەوڵەتانی بەرژەوەندخواز، بەڵکوو ئەو بێدەنگی و خامۆشیەی ئەو رۆی ئوروپا بشکێنن ٠

ئوروپایەکان هەموو کارو ئیدەو کردەوێکیان لە ژێرنووسین و، وتەدا دەبیندری ٠ گەلێك جار خێرخوازان لەدەرەوە کاری زۆرباشیان ئەنجام داوە، بەلام لە کۆبوونەوەونوسین تێ نەپەڕیوە ٠ بۆ وێنە: هەرئەورۆ کاتێ لەسەر دیموکراسی خەریکی نووسینی ئەو چەند دێرە بووم، هەوالم وەرگرت کۆمیتەی دژی نیژاد پەرسی لە وڵاتی سوێس لە ژنێف کۆبوونەوەی کردوەو بە پێی بڕیار، یادداشتێکی لەسەر مەسەلەی کورد بۆڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ناردوە، وا لەخوارەوە لە ژێر ناوی بڕیاری نوێدا پێکەوە ئەو یادداشتە دەخوێنینەوە ٠ بەو هیوایە ئەو بڕیارە بۆ سارد کردنەوەی خەبات و بەربەرەکانی و چالاکیەکانی ئەورۆی کورد نەبێ کە ئێستا بە شکڵ و شێوێکی نوێ لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دەستی پێکردووە ٠ بەڵکوو ئەو هەرەکەتە بۆ ئازادی و ئاسایشی گەلێکی سی چل میلیۆنی بێ، کە خوێنیان دەڕژێ لە لایەن چوار دەوڵەتی داگیرکەری دژی بە دیموکراسی ٠

١٩٩٩/٢/٩

# بڕیارێکی نوێ.

کۆمیتەی دژی نیژاد پەرستی سەربەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ناوەندەکەی لە ژنیڤی سویسە، ڕێکەوتی ١١/٣/١٩٩٩ لە دانیشتنی خویاندا ڕایانگەیاند : مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ‌و پێویستە ددان بە فۆرمی مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد دابنرێ . هەروەها پێیان لێنا، کە سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، لە حاست نەتەوەی کورد هەنگاوی بەرچاویان نەناوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا گوتراوە: پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کورد وەك نژادێکی جیا، جێگای مەترسیەکی گەورەیە.
ئەو کۆمیتەیە، دەستەیەکی لە ١٨ کەسی شارەزاو پسپۆڕ پێك هێناو بیرو بۆچوونی کومیتەی نا وبراو بە شێوەی خوارەوەیە .
پاراستنی کەمترین مافەکانی گەلی کورد بێ لەبەر چاو گرتنی سنوورو جێی ژیان، گەلی کورد لەچوار چێوەی ئۆتۆنومیدا بەدەستی خۆی مافەکانی خۆی دەست نیشان بکا . کۆمیتەی پێك هاتوو، سەربە خۆو بەرپرسیاردەبی لە چاوەدێری و جێ بەجێ کردنی پەیمانەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان، تایبەت بە دژایەتی کردنی جیاوازی نیژاد . کۆمیتەی دژایەتی کردنی جیاوازی نیژاد پەرستی، لە بانگا وازێکدا بۆ ئورگانە کاریگەرەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان‌و ڕێکخراوە نێو دەولەتیەکاندا دەڵێت:
– پێویستە ئۆرگانە کاریگەرەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەو ڕێکخراوانەی لە پێناوی ئاشتی‌و دادوەری‌و مافی مرۆڤدا کاردەکەن، بکەونە هەوڵی ئاشتیانە بۆ دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد، لە ئازادی‌و ژیانی مرۆڤایەتیدا .
شایانی گوتنە؛ ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتۆتە ئوروپاو دزراوەو تەسلیم بە دەوڵەتی تورکیا کراوەتەوە ، ئەوە هەوەلین جارە کە بڕیارێکی ئاوا وەردەگرن .
١١/٣/١٩٩٩

# نەهاتی دوای نەهاتی

لەکۆنەوە گوتوویانە (نەهاتی کە هات، پاڵوودەش ددان دەشکێنێ )
کورد هەرلە نوکەوە بە هۆی دابەش بوونی بەسەرچوار وڵاتی بێ بەزەبێ ئینسافی ئێرانو عێراقو تورکیەو سوریەدا، تووشی نەهاتیو ماڵ وێرانیو تەنانەت ژینۆسادیش بووەو ساڵە های ساڵە لەباری سیاسیو گشت بارەکانی تری ئابوریو کۆمەلایەتییەوە لەو پەڕی ڕۆژرەشیو لارەملیدا ژیانی ئاڵوزاوەو لەژێر سایەی داگیرکەراندا بە شێوەی کۆلۆنی ماوەتەوە.
لە سەردەمێکدا کە زەمان بەرەو پێش دەچێو جیهان بەرەو زانیاریو پێشکەوتوویی دەروا، گەلی دابەشکراوی کورد لە جیاتی ئەوەی دەروویەکی روونی بۆبکرێتەوە، ژیانی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسی لە بواری نێو نەتەوەیی ڕووی لە خراپییە. ئێستا کە بەرەو ساڵی دوو هەزار دەڕۆین، دەبینین کوردستان نەهاتیەکی بەرچاو رووی تێکردووەو روژ لەگەڵ رۆژ ژیان لەکوردستان خراپترە. دەولەتانی ناوەندی دەستیان داوەتە ژینووسایدی نامرۆڤانە وێرای کوژتنو بڕین، گەلی کورد لەزێدو نیشتمانی بابو باپیرانیان ئاوارەی هەندەران دەکەن. تائێستا کە رێکەوتی ۱۹۹۹/۳/۲۱یە، تەنیا لە تورکیا پتر لە چوار هەزار گوندی کوردستانی باکوور وێرانکراوەو سوتاوەو دانیشتووانی ئاوارەی هەندەران کراون. کە چی تائێستا هیچ جوولەو دەنگێك لە کومیتەی ئاشتیو کومیتەی مافی مرۆڤو کومیتەی ژینگەو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەهاتووەو دەولەتێك یاخێرخوازێك پەیدا نەبووە لە دەردو مەرگی ئەو گەلە هەژارە بکۆلێتەوە یارمەتیەکیان بدەن. نوامبری ۱۹۹۸ دەولەتی تورکیا بە هەڕەشەو گورەشەیەکی زۆری نیزامی داوای لە سووریەکرد عەبدوللا ئوجەلان بداتەوە بە تورکیا، یان لەسوریەی دەرکات. رژیمی سووریە، بەپێی خەسلەتی داگیرکەرانەو ساتو سەودای سیاسی هەمیشەیی خۆی، ناو براوی ناچار کرد روو بکاتە ئوروپاو داوای پەنابەری سیاسی بکات. بەداخەوە لە نێوبیست ویەك دەولەتی ئەندامی یەکێتی

ئـــوروپـــادا دەوڵـــەتێکـــی مـــرۆڤ دۆســـت، لـــە بـــەربـــەرژەوەنـــدیو دەستـەمۆیـیو گـرێدراوی بـەوڵاتـی ئـەمریکـاوە نـە بـوو، تـاقـەکـەسێـك وەك پـەنـابـەری سیـاسـی وەربگـرێ ! دادو هـاواری نیـزیـك بـە یـەك میلیـۆن کـوردی پـەنـابـەر لـەدەرەوە بـەقـەرا سـەرە دەرزیـەك جێـی نـەگـرت کـە پـەنـای تـاقـە لێقـەومـاوێکـی کـورد بدەن. سـەرەڕای ئـەوەش بـە پیـلانو دەهـۆدەریـان کـردو پالیـان پێوەنا، هەموومان دیتمان چیان بەسەر هێنا، ئوجەلان کەوەك دۆست دەیڕوانیە وڵاتانی ئوروپاییو بەدۆستی کوردی دانابوون، بێخەبەر لەوەی لەسەرداوای ئەمریکا هەموو شتێك لەژێر پێ دەنێن. ناچارسەری داخست وبێ لێکدانەوەو زانیاری سیاسی لە سەر وڵاتی کینیا، بەرەو ئەو، وڵاتە رۆیشت، دیتمان بەدەستو چاوی بەستراو تەسلیم تورکیا کراوە !

ئێستـا کـەئـەو نـەهـاتیـانـەی کـوردستـانـی بـاکـور دەنووسم، نـابـراو پتـر لـە مـانگێکـە لـە ژێـر شکنجـەی جسمـی، لانیکـەم ڕەوانـی ئـەرتـەشـی تـورکیـادا دەناڵێنێو قەرارە ٢٤ی مانگی مارس دادگایی بکرێت . دوا بە دوای ئەو دوو نەهاتیەش، نەهاتیەکی تری میدتیوی لە لایەن شیرکەتێکی ئینگلیسیەوە، بە نێوی ( ئای تی سی، داخرا. ئەو رۆ کە ڕێکەوتی مانگی فێبرواری یە، واتە؛ ١٩٩٩/٣/٢٢ زاینـیدەنـگو ڕەنگـی میـدتیـویبـڕاوە، واتـە : لـەو کـاتـە نـاسکـەدا ئـەوەنـدە دەنگـەش کـپ کـرا. بـەڕاستـی دەتـوانیـن بلێیـن لـە هـەر چـوار پارچەکانی کوردستانو دەرەوەی کوردستـان لانیکەم لەباری دەنگو ڕەنگی کوردیەوە، تائەو تاریخە، زمانو گوێی زۆربەی کورد بوو. بێشك میدتیوی لەسەرداوای چەند دەولەتێك بۆ دڵخۆشی رژیمی تورکیا داخرا. ئەو نەخشەو پیلانە هەمە لایەنە بۆتێشکانی خەباتو هیوای زۆرێك لە نەتەوەی کورد بوو ئەنجام دراو تەنانەت ئەوەندە شیان بەگەڵی کورد ڕەوا نەدی.

کاتێ باسی نەهاتی دەکەم، مەبەست لەونەهاتیەی کە پێی دەڵێن؛ شانس، یان نەهاتی خوایی نیە، بەڵکوو مەبەستی من سوود خوازیو بەرژەوەندی کەسانی دەسـەلاتدارو ئـەو دەولـەتـانـەیـە کـە هـەمـوو مـافێکـی مـرۆڤـایـەتـیو ئـازادیـەك بـەخـاتـری بـەرژەوەنـدی خـۆیـان نـادیـدە دەگـرن. ئـەگـەر هـەزاران کـەس

ڕەخنەو بێزاری دەربڕن، مادام بێدەسەلاَت بن ، وەلاَمیان نادرێتەوە٠
ئەو پیلانانەی خوێندتانەوە کە بە نێوی نەهاتی کورد ئاماژەم پێکردوە، شتێك نیە بەرێکەوت بووبێ‌و شانس هێنابنیە پێش، بەڵکوو بە دەستی زۆربەسەرکوردیان هێناوەو بە پیلانگێڕانی ئاشکرا دەرحەق بە کورد ئەنجام دراون٠ لە ڕاستیدا بە ئاشکراو زۆردارانە سووکایەتی بە جووڵانەوەو کەسایەتی و مێژووی نەتەوەی کورد کراوە٠
ڕێکەوتی ٩٩/٣/٢٣ بە بیانووی ئەوەی کە هێندێك هەواڵی تەلەڤیزیۆن، بەپێچەوانەی ئەو قونتراتەی نێوان، MED TV کومپانیITC نووسراوە بلاَو کراوەتەوەو قەرار دراوە مێدتیڤیۆ بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ دابخرێ٠ کەچی دوایی دەرکەوت هەوڵێکی زۆر دراوە کە مێدتیڤیۆ ئەگەر بکرێ وەك جارەکانی پێشوو جەریمە بدات‌و نە یەلن دابخرێت، بەلاَم بێسوود بووە٠ چوونکە داخستنی مێد تیڤیۆ لە بناغەڕا بە پیلان گێڕی‌و گێچەڵ‌بووەو لەسەرداوای ڕژیمی تورکیا داخراوە٠کاتێك سمایل جەم وەزیری دەرەوەی تورکیا سەفەری ڕۆماو لەندەنی کرد، هەر پاش گەڕانەوەی خۆی، لە تورکیا ڕایگەیاند: تەلەڤیزیۆنی مێد، لە لایەن کومپانیای ناوبراوەوە دادەخرێت٠ بڕیار وابوو لە سێزدەی ئاپریل واتە؛ دوای بیست‌و یەك ڕۆژ مێدتیڤیۆ بکرێتەوە، ئێستا کە من ئەوە دەنووسم ٩ ڕۆژ لە بڕیاری داخستی مێدتیڤیۆ ڕابردووەو ئەو هەموو هەولانەی کە بۆ کردنەوەی مێد تیڤیۆ دراون بێ سوود بووەو تا ئێستا هیچ هەوالێك لە کردنەوەی ئەو دەنگ‌و ڕەنگە کوردیە نیەو کەس نازانێ چارەنووسی بکوێ دەگاو چاوەڕوانی ئەو کوردانەی داخوازی کردنەوەی مێدتیڤیۆن چی لێدێتەوە٠ ١٩٩٩/٣/٢٦

## کوردو ولاتانی دەرەوە .

کاتێك لە بارەی کێشەی کوردو چۆنیەتی کوردستان گوێ لە رادیۆدەگرین‌و ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوەو هەواڵی وێنەداری تەڤیزیونی دەوڵەتانی دەرەوە چاو

لێدەکەین، دەبینین هەر ئەو هەوالانن کەلە رادیۆو تەلەڤیزیۆنی بەغداو ئانکاراو دیمشقو تاران بلاو دەکرێنەوە. واتە: بە بێ کەمو زیاد لە هەوالدەری ئێرانو تورکیاو عێراقو سوریا وەرگیراون. رەنگبێ ئەوە شتێکی سەیرنەبێ، چونکە ئەوان رەسمیەتیان هەیەو ئێمەی کورد، نە دەسەلات یکمان هەیە، نەدەسەلاتدارین و نەبنکەیەکی هەوالدەریمان هەیە. بەلام سەیر ئەوەیە: کە تەواوی کاربەدەستی دەولەتانەی ئوروپا ئاگادارنو دەزانن کە دەسەلاتدارانی ئێرانو عێراقو سوریەو تورکیا چەندە خراپنو چ رەفتارێکیان دەرحەق بە کورد هەیەو چۆنیان لەگەل دەجوولێتەوەو چیان بەسەرهێناون. مادام لەسەرهەموو شتێك ئاگادارنو دەزانن بە ئاشکرا یاسای مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، بۆدەبێ لە حاستگەلێکی سی چل میلیۆنی بێدەنگ بن و هەوالو بیرو رای ئەوان لەسەر کورد بلاو کەنەوە؟ لەسەرئەوحالەش راکاتێ سەربازێکی دەولەت دەکوژرێ بەتەلەڤیزیۆنو رادیۆ رۆژنامە دوپاتو سێ پاتی دەکەنەوە، بەلام بۆ وێنە: کاتێ رژیمی تورکیا گوندێکی پەنجا شەست مالی دەسووتێنێو چوارسەد پێنج سەدکەس دانیشتووی ئەو گوندە دەکوژرێنو دەگیرێنو ئاوارەی شارەکان و هەندەران دەکرێن، هەوالێك بلاونا کرێتەوەو دەنگێك لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی ئوروپا نایەو پاراگرافێك لە رۆژنامەکانیاندا نانووسرێو تاوانێکی ئاوا مەزن لەئوروپا رەنگ ناداتەوە؟!

دیارە ولاتانی ئوروپایی وەك دۆستی خۆیان دەروانن دەولەتی تورکیا و لە هەموو کاتێکیش دا پشتیوانیان لێکردوە. ئەوە سیاسەتی خۆیانەو بەرژەوەندیو سیاسەتی ولاتی خۆیان بۆ خۆیان هەلدەبژێرن. ئەوەی بۆ ئێمەو مانان سەرنج راکێشە، وەبەرچاو نەگرتنی ئەو یاساو ئەرکانن کە بۆخۆیان لە باری مرۆڤایەتیەوە هەموو رۆژێ باسی لێدەکەنو دەنووسن: دەبێ مافی مرۆڤ لە جیهان بپارێزرێ!

جاروبار بەقەلەمی ژۆرنالیستی ئاگاو روناکبیری زانای ئوروپایی گۆشەیەك لەو رووداوانەی کە رژیمەکانی داگیرکەر دەرحەق بە کوردی دەکەنو بە تاوانی گەورە دەژمێردرێن، لە گۆڤارو رۆژنامەکانی دەرەوە دا دەنووسرێن، بەلام

چونکە هەرقسەیەو کردەوەیەکی بەدوا دا نایەو کەسێك نیە پشتی بگرێ، رەنگ نادلتەوەو پوش بەسەر دەکرێو دوای ئەو رۆژەی کە دەنووسرێ بۆبەیانی لەبیر دەچێتەوە !

زۆرجاران مرۆڤ دێتە سەرئەو رایە، هەڵوێستی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەحاست کورد، بە ئەنقەست، بەناروونی لەسەری دەدوێن. بۆراستی ئەو روانگەیە، ئەو پرسیارە دێتە پێش؛ بوچێ جارێك بەقازانجی کورد بریارێکی رەوا نادرێ ؟ بۆدەبێ ئەو مروڤا یەتیەی باسی لێدەکەن هەر بۆبەرژەوەندی کاروباری خۆیان بێو گەلانی تری لێقەوماوو ژێردەست نەگرێتەوە.

کاتێ بەروونی دەبینین گەلێکی ژێر دەستی سیی چل میلیۆنی وەك کورد، رێگای چارەسەری بۆحەللی کەندو کۆسپەکانی لێگیراوەو بۆ وەدەست هێنانی ئازادی رێگای لێ بەستراوەو کردنەوەی مەسەلەی خۆی لێ بۆتە گرێ پوچکەو دەرگای کردنەوەی لێداخراوەو لە نێو تەونی جاڵجاڵووکەدا گیری کردوە. هەرچەند بەپێی لێزانیو زانیاری خۆی بەزۆرشکڵو شێوازو بەو پەڕی فیداکاری بۆ وەدەست هێنانی کلیلی بەختەوەریوکردنەوەی دەرگای داخراو تێدەکۆشێ بوئەوەی لە تاریکی رزگاری بێ دەروی روناك بدۆزێتەوە، بەڵام تائێستا رێبەرانی کورد نەیانتوانیوە سەرنجی وڵاتانی دەرەوە بۆچارەرەشی کورد راکێشن. هەرچەند کورد لە خەباتی شێلگیری خۆی رانەوەستاوە، نەشی یتوانیوە سەرنجو پشتیوانی دەرەوە بۆلای خۆی راکێشێو کلیلی کردنەوەی دەرگای داخراو وەدەست بێنێ. ئەو نەتوانینە بۆتە هۆی ئەوەی کورد لە چوار دیوارێکی داخراو دا بێ پشتیوان بمێنێتەوە.

دیارە مرۆڤ نابێ ناهومێد بێو هیوای لە دەست بدا، بەڵکوو باش وایە دەست لە هەوڵو تێکۆشان شل نەکاتو بێ وچان لە رێگای خەبات دەردو رەنجو زەحمەت بکێشێو بۆدەستکەوتی کوێرەوەریەکانی خۆی سالژمێری بکات، تا دەسەلاتدارانی جیهان دێنە سەرئەو رایە کە دۆستەکانیان واتە؛ داگیرکەرانی کوردستان لە پشتیوانی خۆیان ناهومێد کەنو پێیان بلێن؛ پشتیوانی لێکردن و چکدارکردنی ئێوە، یانی

کورد قڕکردن. لەوە زیاتر دەبێتە مایەی شەرمەساریخۆمان کە باس لە مافی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسی دەکەین. واتە دەبێ دەوڵەتانی دەرەوە بۆخۆیان بەوە بگەن کە داگیرکەران دیکتاتۆرن و مافی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەی ژێر دەست پێ‌شێل دەکەن. بەڵکوو شەرم بیانگرێ و لەیارمەتی‌دانیان بۆ سەرکوتکردن وخوێن ڕیژی گەلی کورد وازبێنن. ئەگەرجیهانی دەرەوە بەوە نەگەن و درێژە بەکردەوەی خۆیان بدەن، جگەلەوەی دەبنە سەرکۆنەی گەلانی خۆیان، لەباری مێژوویشەوە بۆیان بە شوورەیی دەژمێرێ.

ئەوەی باسی لێدەکرێ و ئاماژەی پێدەکەین، کاتێکە کە دەورانی ڕزگاری گەلانی ژێر دەستی پێدەڵێن. بێشك ئەو ڕۆژەش زوو یان درەنگ دێ و دەکرێ بڵێین: ئەوکات دوژمنانی ئازادی ناچار دەبن چاوێك بەڕابردوی خۆیاندا بخشێنن و دەست لە کاری دژی مرۆڤایەتی هەڵگرن و لە ڕێگای دێموکراسی‌یەوە لەگەڵ نەتەوەی ژێردەستی خۆیان ڕەفتار بکەن و لە داهاتی تالآنکراویاندا بەشداریان بکەن.

دەکرێ بڵێین: ئەو ریزە کارانەی باسیان دەکەین، تەنیا بە کەم‌کردنەوەی پشتیوانی دەرەوەو گوشارهاویشتنە سەر داگیرکەران هێندێك لە نیازەکانی نەتەوەی کورد دێتە دی و کورد وەك نەتەوەیەك حیسابی بۆ دەکرێ. واتە: تەنیا دەسەلآتدارە گەورەکانن دەتوانن و توانای ئەوەیان هەیە داگیرکەرانی کوردستان بێننە سەر ئەو ڕایە: مل بۆ داوای کورد دانەوێنن و لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەکێشەی قوولی تەشەنەداری گەلی کورد بێنن.

١٩٩٩/٣/٢٧

# كارو تێکۆشان.

هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا کە یەکێتی ئوروپا بڕیاری دابوو هەیئەتێك بنێرێتە تورکیاو لەبارەی چۆنیەتی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا داواکاربن و تێبکوشن و تورکیا ڕازی بکەن، دادگایی کردنی ئۆجەلان لە دادگایەکی نێو نەتەوەییدا ئەنجام بدرێ. کەچی دوای دوشەو ڕۆژ کات کوشتن، نەك هەرئەو چاوەڕوانیەی کە لێیان دەکرا وا دەرنەچوو، بەڵکوو بڕیاری دەوڵەتانی ئوروپایی پتری دەستی دەولەتی تورکیا ئاواڵە کردو ئەنجامێکی نیگاتیڤی بەخۆوە گرت. هەروەها هێندێك پارێزەری تورك وکورد بەڕواڵەت لەسەرداوای براوخوشکی عەبدوڵلا ئوجەلان، پێشنیاریان بەحکومەتی توکیا کرد کە داواکاریان پەسند بکات بۆپارێزگاری لەسەرۆکی پ.ك.ك. دوای دوو ڕۆژ وەلامیان دانەوە نەك هەرداواکەیان پەسند نەکرا، بەڵکوو دەستیان لە کەلەبچە کردن ورەوانەی بەندیخانەیان کردن. بە زاهیردووپارێزریان ڕێگە دان کە بۆپارێزگاری لە ئۆجەلان ئەو ئەرکە بەستۆوە بگرن. دوای چەند ڕۆژ ماندوو بوون و هەلاتنی پارێزەران بەم لاو لادا، سەرئەنجام لە ژێر هەڕەشەو گورەشەو مەترسیەکی یەکجار زۆری فاشیستانی سەربەئیدارەی میت، دوو پارێزەر ئەحمەد زەکی ئۆکچی ئۆغلی و خەجیجە کۆڕکوت، توانیان بۆ پارێزگاری لە ئوجەلان بچنە جەزیرەی مودانیا کە سەرۆکی پێکاکای لێ بەندکرابوو. ئەحمەد ئۆکچی ئۆغلی وەك پارێزەرێکی ئازاو بەجەرگ چوونە لای ئۆجەلان و دیداری ناوبراویان کرد. پاش گەڕانەوەیان لە دورگەی مۆدانیا، ئەوڕۆ ڕێکەوتی ١٩٩٩/٢/٢٦ وتوو ویژێکی چاپەمەنیان لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامە نووسانی تورکیادا پێك هێنا. لەو وتوو ویژەدا ئەوەی دیتبوویان و ببوو بە کەندو کۆسپی سەر ڕێگای بۆ بەرگری کردنیان لە ئوجەلان، لەو وتوو ویژەدا باسکردو فێڵ و تەڵەکەی ڕژیمی تورکیان بە زمانێکی زانایانەی یاسایی لە قاو دا، بۆ ڕۆژنامە نووسانیان باسکرد. بۆیان روونکردنەوە کە بە چ دەردەسەری و گیرو گرفتێك توانیویانە بەپەلە چەند خولەکێك ڕێگە بدرێن عەبدوڵلا ئۆجەلان بە چاو بەستراوی ببینن. پارێزەران گوتیان: تاگەیشتینە ئەو جەزیرەیە چەند جارێك هێرشیان کراوەتە سەرو هەڕەشەی کوشتنیان لێکردون.

کاتێ گەیشتوونە ئەو شوێنە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر، بانگیان کردونە ژوورێکی بچووکی شەش مەتری لە تەبەقەی ٩ی ئاپارتمانێك. کاتێك لە گەڵ ئەو دادگەرەی ڕێنوێنمان بوو چوونەتە ژور، بەکڵاوێك سەروچاوی ئۆجەلان بە داپۆشراوی دەبینن کە تەنیا دووچاوەکانی و کەپۆی دیار بووە. پارێزەران درێژ بە وتەکانیان دەدەن و دەڵێن: پیاوێکی نقابدار لە پشتی ئۆجەلان ڕاوەستابوو، نقابداریکی دیکەش هات لە پشت سەری ئێمە ڕاوەستا. ئەحمەد زەکی دەڵێ: داوام لە دادگەرەکە کرد کە ئەو نیقابدارانە (ماسك) دەبێ بچنە دەر بۆ ئەوەی ئێمە پرسیاری خۆمان لە ئۆجەلان بکەین. کاتێ دادگەر پێیان دەڵێ بچنەدەر، لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە لە لایەن ئەرتەشەوە لێرە داندراوین و بەگوێتان ناکەین. پارێزەران لە کاتیکدا چۆنیەتی شوێنی زیندانی ئۆجەلان بۆرۆژنامە نوسان شی دەکردەوە، بە ڕوونی دەردەکەوت کە بەندیخانەی ڕژێمی تورکیا چەندە بەخۆف و مەترسیدارە. لە ڕاستیدا قەسابخانێکی مودێرنی سەدەی بیستەمە.

مرۆڤ لە نێو وتوو وێژوو شیکردنەوەی پارێزەراندا بەوە دەگەیشت کە لەو ڕەشەچاڵانەدا چەندەها مرۆڤی شۆڕشگێرو کوردی بێتاوانی تر بێ سەرو شوێن کراون. لە کۆتایی وتەکانیاندا ڕایانگەیاند کە ئەو پروپاگاندەی لە بارەی سەلامەتی ئوجەلاندا بلاو دەکرێنەوە هەموی درۆیەو لەڕاستی بە دوورن. هەروا ئەحمەد زەکی ئاماژەی بەوە کردو گوتی؛ من بلەند ئەجەویدی سەرەك وەزیران تاوانبارناکەم. چونکە ناوبراو شتێکی بەدەست نیەو زۆری حیساب لەسەر ناکرێ. پارێزەر ڕوو لە ڕۆژنامە نووسان دەکاو دەڵێ: بەکورتی؛ هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و دیموکراتی پێشێل دەکرێ، لە کوتاییدا دەڵێم، من کە پارێزەری ئۆجەلانم وەستۆی خۆم گرتووە، بەڕاستی بەو جۆرەو بەو شێوەیەی لەگەڵم دەجولێنەوە ناتوانم پارێزگاری لە موەکیلی خۆم بکەم. دوای ئەو قسانە گوتی: داوا لە ئەمریکا دەکەم هەلێکی وا ڕێك بخات مرۆڤ بتوانێ لە تورکیا پارێزگاری وەستۆی خۆی بگرێ و نەکەوێتە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەو ئەگەر ئەو هەلە نەڕخسێ، کەس ناتوانێ پارێزگاری لە موەکیلی خۆی بکات. لەدرێژەی قسەکانیدا هوشیاری کردنەوە کە ئەگەر زوو نەکەونە خۆ ژیانی ئوجەلان لە مەترسی دایەو دوورنیە بەپەلە پرسیار لە عەبدوڵلا ئۆجەلان بکرێ و لە سێدارە

بدرێ· ئەوانە کورتەی قسەکانی پارێزەر ئەحمەد زەکی بوون ·
قسەکانی پارێزەر ئەحمەد زەکی، لە یانیوەری رۆژی ٢٦-٢-١٩٩٩دا، بەکورتی لە چاپەمەنی تورکیادا ، هەڵلاو کێشەی ئۆجەلانی زۆر گەورەترکردەوە· ئەو وتووێژانەی پارێزەر ئەحمەد زەکی، چاپەمەنی و مێدیای ئوروپای پتر هەژاند · لەسەریەك لە ئوروپاش وتووێژو کوبوونەوە پتردروست دەکران· وەوەی دەچوو کە ویژدانی هێندێك لەو کەسانەی دەستیان دەڕوات لە خەو ڕاپەری بن· یان پێیان وابێ پێشتر لە حاستی کورد یا شەخسی ئۆجەلان بە هەڵە چووبن· بۆیە کەوتبوونە خۆ· یان دەکرێ بڵێین؛ سازبوونی ماسیمۆ دەلەما سەرەك وەزیرانی ئیتالیا بۆ ئەمریکا، شوێنی خۆی دانا کەخەڵك وەجووڵە کەون و هەرکەس لەبەر خۆیەوە کارێکی دادپەروەری بکات ·
یازدە کەسی ئەندام لە کۆمیتەی ئوروپادا کۆڕێکیان ئامادەکردو ناردیانە تورکیا بۆلێکۆڵینەوە لە سەرچۆنیەتی ئۆجەلان· بۆوەی بزانن داخوا عەبدوڵلا ئۆجەلان لەو ماوەی گیراوە ئەشکنجەکراوەیان نا؟
لەبەر ئەوەی تورکیا کورێکی شەش کەسی فەرانسەی دەرکردبوو و رێگایان نەدرا بوو لەو بارەوە لێکۆڵینەوە بکەن· مرۆڤ بڕوای نە دەکرد تورکیا رێگای ئەو کۆڕەش بدات بچنە لای ئۆجەلان و ببینن· هەرچەند تورکیا لەگەڵ ئوروپا ئیمزای داوە کەس ئەشکەنجە نەکا، بەلام لەبەر ئەوەی میتی تورکیا پێشتر ئەو قەول و قەرارو ئیمزاو پەیمانەی پێشێل کردبوو ئەو شتانەی وەبەر چاو نەگرتووە، ئەو هیواو بڕوایە کەم بوو کە تورکیا رێگا بەو کۆڕەش بدا ئوجەلان ببینن ·
بەگوێرەی هەواڵەکان کە لە مێدتیوێ بلاو کراوە، کۆڕی باسکراوچووتە تورکیاو رێگەیان دراوە سەرۆکی پ.ك.ك. عەبدولا ئۆجەلان ببینن·
رۆژی ٢/٣/١٩٩٩ بە گوێرەی هەواڵی ڕادیۆی بی بی سی عەبدوڵلا ئۆجەلان لەلایەن ئەو کۆڕەوە دیتراوە· جا کۆڕی باسکراو چی دیوە، یان داخوا ناوبراو ئەشکنجە کراوە یان نەکراوە، تائێستا ئەو کۆڕە شتێکی وای بلاو نەکردۆتەوە کە شایانی باس و یادداشتی ئەو رۆمان بێ· چونکە هەموو مروڤێکی کوردی سیاسی چاوەڕوانن لە زمانی ئەو کۆڕە شتێ ببیسن و بزانێ داخوا چیان بەسەر عەبدوڵلا ئۆجەلان هێناوە· یان لانیکەم بزانن ناوبراو لە چ ئاستێك دایە·

* ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/٤ لە میدتیڤیێ ڕاکەیەندرا کە پیکاکا کونگرەی خۆی گرتووە جارێکی دیکەش عەبدوڵلا ئۆجەلانی بە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵبژاردۆتەوە!
لەو کاتەدا پێك هێنانی کونگرەو هەلبژاردنەوەی دوبارەی ئوجەلان بە سەرۆکی پێکاکا ڕەنگبێ ئیسپاتی یەکپارچەبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان نیشان بدات، بەلأم مرۆڤ نازانێ رژیمی تورکیا چ کەڵکێك لەو بڕیارە وەردەگرێ٠
لەوکاتەدا بەپەلە دەربڕینی روانگە جارێ زووە٠ دوای پڕووپاگاندی رژیمی تورکیا، عوسمانئۆجەلآن (فەرهاد) برای عەبدوڵلآ ئۆجەلان، وەك ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ڕایگەیاندوگوتی:
- لەو کاتەوە حکومەتی تورکیا داوای لە گریلا کردوە بگەڕێنەوە، پترلە پێنجسەد کەس هاتۆنەتە نێومان و چەکیان هەڵگرتووە٠ تەنیا کچێکی گریلا چۆتەوە ئەویش لەبەردەرکی پولیس خۆی تەقاندۆتەوەو چەند کەسێکی سەر بە دوژمنی کوشتووە٠ بەگوێرەی بلأوکردنەوەی هەوالی مێدتیڤیێ رۆژی ١٩٩٩/٣/٥ گریلای پێکاکا هەلیکوپتێرێکی سکورتی نیزامی تورکیان ئەنگاوتووەو ئەوەی تێیدا بووە سوتاون٠ هەروەها دادگای ئوروپا رایگەیاند، دوای کۆتایی هاتنی پرسیار لە ئۆجەلأن جارێکی دیکەش لەدورگەی ئمراری لێپرسینەوە یەکیترلە ئۆجەلأن دەکرێتەوە٠ لە بەرئەوەی، نەوەکوو پەروەندەی پێشوو لەژێر شکنجەدا وەرگیرابێ و لە راستی بە دوور بێ٠ تائێرە هەوالەکان لەبارەی ئۆجەلأندا پۆزیتیڤن، بەلأم دیسان وەك پێشوو چ فێڵ و فرتەنەیەکی تر لە ژێرەوەیە ناڕوونە٠
بەدوای رفاندنی عەبدوڵلآ ئوجەلآنو ئەو تاوانە نێو دەوڵەتیەی کرا. فاکسێکم بۆ مێدتیڤیێ نارد. بۆ زانیاری پتر بڕوانە لاپەڕەی ١١٢ بەرگی ٣ی ئاورێك.

.......................................

دیسان ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١١ ئەحمەد زەکی پارێزەری عەبدوڵلأ ئۆجەلأن لەسەر ئیزنی دەوڵەتی تورك بۆ دیدار لەگەڵ ئۆجەلأن چووە دوڕگەی ئمراڕی٠ بەوگوێرەیە کەبۆخۆی لەگەڵ هەواڵدەران دواوەو ڕایگەیاندوە؛ لە دووسێ جێگا، کۆمەڵ کۆمەڵ تورك، کە دەولەت پشتیوانیان لێدەکا پێشیان پێ گرتووەو پولیس نەیهێشتووە زیانی پێ بگەیەنن٠ سەرئەنجام دەچێتە زیندانو ئۆجەلأن دەبینێ و

٤٥ خولەکی لەگەڵ دەدوێ. ناوبراو دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دەبوایە سێ کاتژمێری لەگەڵ دانیشمو پرسیاری لێ بکەم، بەلاّم نەیان هێشت. ئەوەی شایانی باس بێ هەر چەند پارێزەری ئۆجەلاّن ڕایگەیاند: کە ئۆجەلاّن ئاگاداریەکی لەدەرەوەی زیندان نیەو لە بوونی ڕادیۆ و ڕۆژنامە بێ بەشە، بەلاّم لە دیداری ئەو جارەی ڕازی‌تربووتا دیداری جاری پێشووی.

* هەر ئەو ڕوژەو ئەو ڕێکەوتە سەرەك وەزیری ئیتالیا داوای لە تورکیا کردو رایگەیاند؛ کە کارهاسانی بکات بۆدیداری ئەو دوو، وەکیلەی کە لە ئیتالیا ڕا دەنێر درێنە تورکیا. ئەو دوو پارێزەرە بریتین لە: "گیلانۆبیسایە، لۆچی ساکینۆ" هەردووکیان لەلایەن ئیتالیاوە دیاری کراون بچنە تورکیا و چاویان بە عەبدوڵلاّ ئۆجەلاّن بکەوێ. بە گوێرەی هەواڵ، جارێ تورکیا خۆی لەو پیشنیارەی دەوڵەتی ئیتالیا بێدەنگ کردوەو وەلاّمێکی نەداوەتەوە.

* هەر لەم ڕێکەوتەی سەرەوودا گریللایەکی ئەرنەکە، بە نێوی" ئاکیف" لە شاری دەهۆکی کوردستانی باشوور کە خۆی تێ‌ئێن‌تی ڕێژ کردبوو دەچێتە نێو ئیدارەی ئیستخباراتی تورك وخۆی دەتەقینێتەوە. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەدا دوو کەسیان لێدەکوژرێ و شەش کەسێکیش بریندار دەبن. جگە لەو تەقینەوەش لە شارەکانی ئەستەمبول و زۆربەی شارەکانی کوردستان ئاگر تێبەردانی ماشێن و بنکە ئابوریەکان شەوانە درێژەیان هەیەو بەکارهێنانی کۆکتۆڵ مۆلۆتۆف لە ناوەندی شارەکاندا بەنێوی چالاکی بەردەوامە. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند کە هاو وڵاتیە بەریتانیەکانی خۆیان لە گەشت و گوزار بۆ تورکیاو بەتایبەتی شارەکانی کوردستان ئاگادار کردەوە کە خۆ بپارێزن نەچن بۆ تورکیە.

هەر لە ٩٩/٣/١١ لە دانیشتنێکدا بە نێوی مێزگردی ئاشتی کوردی، کە لەلایەن سێسەد کەس پێك هاتبوو، بریاریان دا کە چەك فرۆشتن بەتورکیا قەدەغە بکرێ. ئەو بڕیارە لە نامەیەکدا درا بەناوەندە جیهانیەکان و هەروەها بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان و کومسیۆنی بالاّی مافی مرۆڤ و سکرتێری نەتەوە یەککرتووەکان نێردرا، کە بەڵکوو لەو بارەوە ئەرکی مرۆڤایەتیان بەجێ بێنن.

١٩٩٩/٣/٢٥

# پەرەگرتنی خۆ پیشاندان !

رۆژی ۱۸/ ۲/ ۱۹۹۹ زاینی کۆمەڵە کوردێکی پەنابەر، ڕێپێوانێکیان لەولاتی ئەمریکا بۆبەردەرکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێك هێنا · ئەو ڕێپێوانە بویە بوو کە بتوانن سەرنجی نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوە جیهانیە بۆگیرو گرفتو تەنگو چەڵەمەی مەسەلەی کورد ڕاکێشن· هەروەها ئەوخۆپێشاندانەبۆ بێزاری لەو کردەوە دژی مرۆڤایەتیە بوو کە دەرحەق بە ئۆجەلان کراو لەو درۆشمدانو ڕێپێوانەدا، داوای خۆیان بەنوسراوە پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوەکان کرد·

بە گوێرەی هەوالو پێوەندی تەلەفونی لە شاری تارانی ئێران کوردەکان بۆ شەمەزار کردنی کردەوەی ترۆریستیانەی حکومەتی تورك و هاودەستانی چونە بەردەرکی سەفارەتی تورکیاو دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان· لە تاران نوسراوەیکی بێزاریان بۆ شەرمەزار کردنی ئەو کردەوە نامرۆڤانەی تورکیا دا بە دەفتەری نەتەوە یەکگرتووەکان·

هەروەها خۆپێشاندانو درۆشمدان لە شارەکانی کوردستان وەك؛ مەهاباد، ورمێ، سەقز، سەردەشت، سنە، بۆکان و شارەکانی تری کوردستان ئەنجام درا رۆژی هەوەل بەهۆی فشارهێنانی خەڵك، بۆرە ئیجازەیەکیان داونەتێ و لەژێر چاوەدێری اطلاعاتدا بووە· بە گوێرەی تەلەفونەکان پێیان گوتراوە درۆشمەکان لە چوارچێوەی دژی ئیسرایلو ئەمریکادا بیو باسی کوردستان نەکەن، بەلام کاتێ درۆشمەکان لە چوار چێوەی دیاری کراو دەرچوونو درۆشمدان گەیشتە کوردستانی گەورەو، نەمانی سنوورو، یادی شەهیدانی کوردو، بەدوای ئەوە دا درۆشمی دژی رژیمی داگیرکەرو کۆنەپەرست گوتراوە، ئیتر لەوێرا رژیمی ئێران بۆی هەزم ناکرێو، بێ بەزەیانە تەقە لە خۆ پێشاندەرانیکورد کراوە· لە ئاکامي ئەو تەقەیە دا کوژراو برینداریێکي زۆري لێدەکەوێتەوەو شەقامي شارەکاني کوردستان بۆتە مەیداني خوێنو فرمێسکی کوردو، پەڵەیەکي

ڕەشي مێژوويیش بۆکۆماري ئیسلامي ئێران تۆمارکراوە٠
ئـەوەی تـا ڕێکـەوتـی ١٩٩٩/٢/٢٠ ڕوی داوە جگـە لـە شـەهیـدبـوونـی چەند کەسێك، هەرلە شاری ورمێ و مەهاباد ٣٢ بریندار لێکەوتۆتەوە٠ کاتێك کـۆمـاری ئیسـلامـی دەبینـێ بـۆی کـونتـرۆڵ نـاکـرێ، جگـە لـە قـەدەغـە کـردنـی خۆپیشاندان، خەڵکێکی زوری لە شارەکانی کوردستان گرتووە٠ ڕژێمی ئێران لە چۆنیـەتی بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان خۆی ناقـایـل پیشـانداو قەدەغەی ڕاگەیـاند٠ بەڕێوەبەرانی پ.ك.ك. لە بەیـاننـامـەیـەکدا کە ئەو ڕۆ ڕێکـەوتی ٩٩/٢/٢٤ لەلایەن کومیتەناوەندی پێکاکا بلاوکراوە، داوای لە خەڵك و لاوان کردوە؛ چالاکیـەکان لە تورکیا توندو تیژو ئاکتیـوتر بکەن و بنکەی نیزامیی و کارگەو جێگا بەرهەمەکانی ڕژیمی تورکیا ئاور تێ بەردەن٠ دیارە لاوەکانیش وەلامـی پـۆزتیـفیـان داوەتـەوە و مـاشیـن و تلێـریـەکـی زۆری سـەربـەرژیمیـان سوتاندوەو چالاکی خۆیان توندو تیژ کردوەوهەروا بەرفراوانتری دەکەن٠
لـە هـەوالـەکـانـي ئـەڕۆژە دا، مـعـەمـەر قـەزافـی سـەرکـۆمـاری لیبی، وێڕای مەحکوم کردنی کردەوەی ترۆریستی تورکیا و هاوپەیمانەکانی و باسکردنی هێندێك کردەوەی تاوانبارانە، بێ‌پرنسیپي ڕژیمی تورکیای لە قاوداو داوای لە کـوردکـان کـرد کـە نـابـێ وەڕەز بـن٠ هیـواداری دەربـڕی: ئـەوخـوێنـدان و فـداکـاریـانـەی کـورد کـردویـەتـی، بێشـك لـە دوا ڕۆژدا لـە دژی داگیـرکـەران سەردەکەون٠ دوا بە دوای ڕاپەرینی کوردەکان لە هەموو شوێنێك، بەتایبەتی ڕاپەرینی یەکپارچەی شارەکانی کوردستـانی ڕۆژهەلات بوو بە هەواڵی ڕۆژو لە ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی جیهاندا بە خەستی ڕەنگیان داوە٠ لە گشت شارەکان وێڕای ڕێپێوان و درۆشمی ئازادی عەبدوڵلا ئوجەلان، بژی کوردستان و بمرێ داگیرکەرانی کوردستان و نەمانی سنوورو، زۆر دروشمی ترهەڵگیرابوو٠
دیارە دروشمی نەمان بۆ ئەمریکاو ئیسرایل دروشمێك بوو کە کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ نەدەکرد، بەلام درۆشمەکانی کە ئامـاژەیان پێکرا، ڕق و کینەی کـۆمـاری ئیسـلامـی هێنـا جـۆش و فـەرمـانـی کـوردکـوژی بـە پـاسـدارو ژاندارم

ڕاگەیاند. ڕێکەوتی ٩٩/٢/٢٢ هەواڵی چاردە کەس شەهیدو بریندارێکی زۆرگەیشتە ئوروپا. دیارە ئەوە جاری هەوەل نەبوو کۆماری ئیسلامی ئێران فەرمانی قڕکردنی کوردی دەر دەکردو لە جادەو کۆڵانی شارەکانی کوردستان سێلاوی خوێن وەرێ دەخست. بەڵکوو ئەو بڕیارە نوێ یە، بڕیاری ساڵی ١٩٩٩ی زاینی بوو کە فەرمانی قەتڵو عامەکانی کۆنی وەبیرخەڵکی کوردستان دێناوە.

لەو فەرمانەدا تەنیا لە شاری سنە تا ڕێکەوتی بیستو دووی مانگی فێبرواری، لە سێ ڕۆژدا بە شێوەی ئاشکرا ئەوەی لە ئوروپا بڵاوکرابۆوە پتر لە یازدە لاو لە پێش چاوی خەڵك لەسەر شەقام شەهید کران و بریندارو گیراوێکی زۆر. بنەماڵەکان لە هەواڵی کەسوکاری گیراویان ئاگادارنین لە کوێن.

لەشارەکانی تری کوردستان بەتایبەتی شاری ورمێ، بە گوێرەی تەلەفونی کەسو کاری پەنابەرانی ئاوارە، لە ورمێ سێزدە شەهیدو دەیان بریندارو گیراو هەبووە. لە شاری مەهاباد بە گوێرەی هێندێك هەوال لە ڕۆژی هەوەڵدا دوو شەهید و بریندارێکی زۆرهەبووە. بە کورتی ڕاپەرینی نوێی کورد لە هەرچوار بەشەکانی کوردستان یەکگرتوو بووە. دەکرێ بڵێین مێژووی کورد شتی ئاوای بە خۆوە نەدیوە بۆیە ئاوا دوژمنانی کوردی نەختستبووە لەرزە.

* لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٢/٢٥ی زاینی مێدتیوێ بەیاننامێکی بە نێوی کۆمیتە ناوەندی پێکاکا بڵاو کردەوە. لە بەیانەکەدا هاتبوو داوای لە گەلی کورد کردبوو کە: هوشیارو ئاگادارbنو خۆیان لە پیلانوگێچەل بەدووربگرن. لە دواییدا بەیاننامەکە، ڕووی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. تێیدا هاتبوو بە پێویستی دەزانی ڕووی چالالیەکان لە دژی دەوڵەتی تورکیاو، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هێزی زایۆنیزم بکرێن. بەوەندەش ڕاناوەستابوون، ڕایانگەیاندبوو: لەوە ترازان بە واتای ئەوەیە جەماوەر دەبن بە قوربانی پیلانو گێچەلی نارەوا. هەروەها داوای کردبوو: بوار بە هێزەکانی ئەمپریالیستو زایۆنیستوکەمالیست نەدرێ لە ڕێگای کەسانی پابەند بەخۆیانەوە خۆپێشاندانەکان بە قازانجی ئامانجەکانیان بقۆزنەوەو خۆ پێشاندانەکان بەرەو

جێیەکی دی وەرگێڕن !؟

کۆمیتەی ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ١٩٩٩/٢/٢٥ دا، بە هۆی ئەو بەیاننامەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی تووڕ کردو بەیاننامەی پێکاکایان بە شتێکی دژی خۆیان زانی و دەمارگرژی پێك هێنا . چونکە لە باری سیاسیەوە پابەند بە ئەمپریالیزمو سەهیونیزم ئەوان دەگرێتەوەو لە کوردستان تەنیا ئەندامو لایەنگری ئەوانن دروشمی دژی کۆماری ئیسلامی و داگیرکەرو دروشمی دادگایی کردنی بکوژانی دوکتور قاسملوویان هەلگرتبوو . جا ئەو دروشمە لەو کاتەدا ڕاست یا ناراست بێ، گوتراوەو بۆتە هۆی ئەوەی رژیمی ئێران تەقەیان لێ بکاتت و کوردێکی زۆر لە شارەکانی سنەو مەهابادو ورمێ شەهید بکرێن .

حیزبی دێموکراتو کۆمەلە ، لەبەر ئەوەی گوتەو وشەی پابەند بوون، لە رادیۆو تەلەڤیزیۆنی ئێران بلاو کرابۆوەو دوایی لە نێو بەیاننامەی کومیتە ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستاندا ڕەنگی دابۆوە، بە شتێکی تەوهین بە خۆیانو پشتیوانی کۆماری ئێراندا داشکاوە . پێکاکا یان کەمتری بیر لە بەیاننامەکە کردبۆوە ، کە بە وشەی ئەمپریالیزم سەهیونیزم، کەسانێکی پێکابوو، یان بەئەنقەستو لە رووي زانیاریەوە بوو، چونکە لە شارەکانی کوردستان دروشمی دژی ئێران هەلگیرا بوو؟ بەدوای ئەو ڕاگەیاندنەی پ.ك.ك. دا کە لە مێدتیوێ بلاوکراوە، کۆمەلەی زەحمەتکێشانو حیزبی دێموکرات بەیان نامە ی هاوبەشیان بۆ ڕەدکردنەوەی راگەیەندراوی پ.ك.ك بلاو کردەوە .

٢٧/٣/١٩٩٩

بۆ زانیاری لە سەرئەو بەیاننامە ،لاپەڕەی ١٢١ لە بەرگی ٣ی ئاورێکدا بخوێننەوە .

# ئاشتی مام جەلال و کاک مەسعود .

سەرگەرمی یادداشتی ڕۆژانە بووم، هەواڵدەران ڕایانگەیاند کە: مادام ئۆلبرایت، مام جەلال و کاک مەسعودی ئاشتکردەوەو دەستی پێ لە دەستی یەکتر نان ٠ جاری وایە بێگانە کارێك دەکات، بە هەزاران خۆیی ناکرێ٠

سەرئەنجام ئاوری ماڵوێرانکەری خۆکوژی و براکوشتنی نێوخۆیی کوژایەوە٠ پێش هەموو شتێك دەکرێ بڵێین؛ ئاوربەس و بڕانەوەی شەری بێ ئامانج و بێ سەمەر، بۆگەلی کورد مزگێنیەکی هەرەخوشبوو٠ بۆ ناحەزان و دوژمنانی داگیرکەری کوردستانیش، خەم و دڵتەزێن بوو٠

ئاوربەس و بڕینەوەی ئەو شەڕە نەخوازراوە، چ بۆکاتی، چ بۆهەمیشە بێ، کۆتایی کوشت و کوشتارو خوێن ڕێژیی و جێگای دڵخۆشی گەلی کوردە ئاشتیش لە جێی خۆیدا ،دەستکەوتێکە٠ لە کۆنەوە پێشینیان گوتویانە:

**( زەرەرلە نیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە )**

بەڕاستی ئەوکارە باشەی ئەمریکا ئەگەربۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆشی بووبێ، دەکرێ بەفاڵیی نیکی بگرین و بەهەرەکەتێکی مێژوویی و کارێکی باشی لەقەڵەم بدەین٠ پێویستە ئەوکارەی ئەمریکا لە باری کوژانەوەی شەڕی براکوژی بەکارێکی گرینگی دانیین و بڵێین: خوزیا زووتر ئەوکارە خێرەی کردبایە ٠بەرێزان مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی لەسەرداوای دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بڕانەوەی کێشەو شەڕی ناوخۆیی و ئاشتی داوەت کرانە ئەمریکاو لە ڕیکەوتی ٩٨/١٠/١٧ هەردووکیان لەتەلەڤیزیۆن پێشاندران کە خانم ئۆلبرایت دەستی پێ لەدەستی یەکتری نابوون و ئاشتی دەکردنەوە٠ ئاشت بوونەوەی ڕێبەرانی دووپارتی سەرەکی ئەو ڕۆی کوردستانی باشوور بە مزگێنی و سەرکەوتن دەژمێردرێ و جێگای دڵخۆشی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە٠

ئاشتبوونەوەی دووهێزی گەورەی کوردستانی لە ڕۆژێکی ئاوادا مزگێنی

دوا رۆژێکی پڕلەکامەرانی دەدا بەگەلی کورد٠ بەو هیوایە ئەو ئاشتیە لەسەر بنچینەیەکی ئەوتۆ بووبێ کە ئەمریکا هێندێك لە جارانی پتر پێوە ماندووبێ و رژیمی تورکی لە ئاستی مەسەلەی کورد نەرمتر کردبێ٠ بۆوەی کورد بتوانێ شتێك لە باشووری کوردستان پێك بێنێ.

دوا بە دوای کۆبوونەوەی ئەمریکا، مەسعود بارزانی گەڕاوە ئانکاراو ڕایگەیاند؛ ئەوەی لەئەمریکا لەسەری رێك کەوتووین و لە باشوور پێکی دێنین هیچ زیانێك بە رژیمی تورکیا ناگەیەنێ .

مام جەلیش دوای چەند رۆژێك گەڕان و سەردانی وڵاتانی عەرەبی جیران و دەوروبەر، وتوو ویژ لەگەڵ هێندێك لەدەولەتانی عەرەبی کردو لەرێکەوتی ١٠/١١/ ٩٨ گەیشتەوە ئانکارا٠

کۆبونەوەی مامجەلال و کاك مەسعود لە گەڵ کاربەدەستانی تورکیا شتێکی روونی وەك بەڵگەی نەدا دەست کە مرۆڤ بزانێ چیان کردوەو چگوتراوە ؟ بەگوێرەی نوسینی رۆژنامەی صباح لە کۆبوونەوەی تورکیادا لەسەر پێنج خالی رێککەوتوون٠ کە ئەویش لە مێدتیۆی بلاّوکراوە، بریتین لە:

١ = شەری نیوان پارتی و یەکێتی راوەستێ لەسەر ئەو بناغەی کە پێشتر لە تورکیا لەسەری رێك کەوتبوون ٠

٢= مەسەلەی کورد بە شێوەی دێموکراتیك حل بکرێت ٠

٣= تەواویەتی ئەرزی عێراق بپارێزرێ و هیچ شتێك نەیەتە گۆڕان٠

٤= دەولەتی تورکیا ئەو مافەی هەبێت بەهاوکاری یەکێتی و پارتی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشوور عەمەلیات بکات٠

٥= دەوڵەتی تورکیا مافی دەخالەتی هەبێت بۆ پێك هێنانی ئەمنیەتی تورکیا لە باکوری عێراقدا٠

کاتێك ئەو پینج خاڵە هەڵدە سەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ کە تورکیا هەرکاتێ بهەوێت بچێتە کوردستانی باشوور مافی خویەتی وجگە لەوەش نەك هەرهیچ کەس ناتوانێ پێشگیری لێ بکا، بەڵکو دەبێ یاریدەشی بدرێ بۆڕاونانی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان !؟

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش: دەپرسین کاتێ دوو لایەنی کورد بۆخۆیان لە ئەمریکا پێك‌هاتوون و ئەمریکا پشتیوانی لە کیانی داهاتووی کورد دەکا، تورکیا بۆدەبێ خۆی تێکەڵ کارو بڕیاراتی کۆبونەوەی ئەمریکا بکات و ببێتە قازی ڕێ و ڕەسم بۆڕێبەرانی کورد دیاری بکات؟

ئەگەردەوڵەتی تورکیا پشتیوانی لەکوردی باشوور دەکاو گیروگرفتی کورد حەلدەکا، سەفەری‌ئەمریکای بۆچی بوو؟ یان دەوڵەتی تورکیا بۆچی دژی ڕێککەوتنی کۆبوونەوەی ئەمریکا یەو قەراردادی ئەوانی بەدڵ نیە؟!

داخوا بۆخۆی لەسەرچ بنەمایەك قەرارادیان لەگەڵ دەبەستێ‌و گوشار داوێتە سەر ڕێبەرانی پارتی و یەکێتی‌و بەزۆر ناچاریان دەکات پێنج خاڵی ئاماژە پێکرا ئیمزا بکەن ؟

بڵێی ئەو شتە زاهریانەی باس‌دەکرێن ڕاست بن؟ کورد ئەو شتانەی پێ قبووڵ دەکرێ؟ داخوا ئەوکۆمەڵە پرسیارە کەنگێ بۆخەڵکی ئاسایی و ئەوانەی ماندووي مەسەلەی کوردن روون دەکرێنەوە ؟

ئەورۆ ڕێکەوتی ١٧ ئاخرمانگی زاینیەو ماوەیەك لەڕێکەوتی ئاشتبوونەوەی بەڕیوان و دەولەتی ئەمریکا تێدەپەڕێ٠ دیارە لەو ماوەیەش‌دا کۆڕێکی سێ کەسی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی پارتی چوونەتە لای یەکیتی هەروەها یەکێتی بانگێشتن کراوە بچنە هەولێر٠ گۆیا مەبەست لەوکوبوونەوانە دامەزراندنەوەی پارلەمانی کوردستانە٠

یەکێتی وەلامی پۆزیتیڤی داوەتەوەو چاوەروان دەکرێ ئەو هیواو ئاواتەی خەڵك بێتە دی و ئاشتیەکی پایەدار پێك بێت‌وکۆتایی بە شەڕی براکوژی بێت‌و بکەونە سەر بیری دروست کردنی شتێکی بنچینەیی‌و ئەو تەنگ‌و چەڵەو گیروگرفتانەی پێکیان هێنابوو لەبیر خەڵکی کوردستانی بەرنەوە٠

ئەو کۆڕەی کەلەلایەن کاك مەسعودەوە چۆنە سولەیمانی بریتی‌بوون لە: سامی عەبدورەحمان‌و جەوهەر نامیق‌و چەند کەسی‌تر.

لەو لایەشەوە زەمان بە توندی دەڕوات‌و عێراق چاوەڕوانی هێرش دەکات٠ ئەمریکاو بریتانیا بە باشترین چەك‌و کەرەسەوتەکنیکی نوێ

هجووم بۆ سەر بەغدا دەست پێدەکەن • کاتی ئەوەیە کوردی باشوریش بۆ دروستکردنەوەی کاروباری کوردستان نەخشی گرینگیان هەبێ‌و ئەو نالیکی‌و نالەباریە بۆ هەمیشە وەلانێن‌و خەریکی کاری بنەڕەتی بن •

بەداخەوە بە هۆی دژایەتی کۆن‌و نوێ‌و هاوبیر نەبوونیان لەگەل یەك، ئەوانیش وەك خەڵکی ئاسایی زیاتر نەخشی تەماشاچییان بەخۆوە گرتووە، پلانێکی هاوبیریان بۆداهاتووی کوردستان‌وکیانی کوردی نییە•

دوا بەدوای ناردنی کۆڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، مام جەلال بۆکۆبوونەوە چووە هاوینەهەواری سەلاحەدین • ئەو کۆبوونەوە لەژێر چاوەدێری نوێنەری ئەمریکا و بەریتانیا داپێك هات • دیارە تورکیاش وەکو درووی مەم‌و زین لەو وتوووێژەدا بەشدارە • ئاکامی کۆبوونەوەش وەك باسی دەکرێ ئەو شتەکۆنانەن کە تا ئێستا کوتراون‌و نوسراون •

دەڵێن: زۆر شتی‌تري سەدجار دوپات کراوی وەکوو هەڵبژاردنی پارلەمان، تێکەڵ بوونەوەی پێشمەرگە بە شێوەی لەشکری کوردستان‌و کۆمەڵە شتێکی تری کە بۆ بەرێوە بردنی کاروباری کوردستان پێویستن قسەی لیکراوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو بارەوە بێ باوەڕ کراوە، ناکرێ ئەو دووپات بووانە بنوسرێن•

* یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاندو داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد: ئەوهێڵە هەواییەی کوردستانی باشوور بەرفراوانتربکرێت• بۆئەوەی هەموو کوردستانی باشوور لە دەست درێژی رژیمی سەددام حوسێن بپارێزرێ • چونکە ئەو هێڵە هەوایەی دانراوە ناوچەی سولەیمانی‌و کەرکوك‌وخانەقین ناگرێتەوە، مەترسی لێدەکرێت •

* دوای ئەوەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئوجەلان لە نێو ژووری سەفارەتدا لە نایرۆبی پێتەختی ولاّتی کینیادا خۆی شارد بۆوەو بە دەستکیسی یونان‌و نەخشەی ئەمریکاو یاریدەدانی ئیسرایل گیراو بە رۆژی روناك تەسلیمی تورکیا کراوە، شاراوە نییەو بەچاوی خۆمان دیتمان کورد لە تەواوی جیهان ڕاپەڕی، بە ڕێپێوان‌و درۆشمدان‌و سفارەتخانەو

ئیدارە گرتن و ناردنی نامەو یادداشت بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێندێك فیداکاری و قوربانیدان بۆئازادی ، یان دادگایەکی عادلانەو بەشداری وەکیلی تایبەتی ئۆجەلان و هەروەها بەسەر ڕاگەیشتنی خێرخوازانی نێونەتەوەیی، کەبەڵکوو بتوانن وەك ئەرکێکی مرۆڤانەی مێژوویی هەوڵی پێویست بۆ ڕزگاری ناوبراو بدەن ۰

لە مەڕ دادگایی کردنی عەبدوڵلائۆجەلان، پێش هەموو پارت و ڕیکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەیاننامەی مەحکوم کردنی کردەوەی ناشیرنی تورکیاو داواکردنی دادگایەکی دادپەروەرانە، پشتیوانی خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان ڕاگەیاند ۰ بە دوای بەرفراوان بوونەوەی خۆپێشاندانی کوردەکان و مەحکوم کردنی کردەوەی دوور لە مرۆڤایەتی تورکیا ، هێندێك لە پارت و رێکخراوە سیاسی یەکانی تری کوردستانی پشتیوانی خۆیان لە محاکەمەی دادپەروەرانەی ئۆجەلان کردو بیزاری خۆیان لەو پیلانە ڕاگەیاند ۰

مام جەلال یەکێك لەو تاکە کەسانەیە کە ئەو کردەوەی مەحکوم کردو داوای دادگایەکی عادلانەی بوعەبدوڵلا ئوجەلان کرد ۰ ڕوژنامە کوردیەکانیش بە دوورو درێژی ئەوەی پێویست بووە لەسەرتورکیا نووسیانەو پشتیوانی خۆیان لە دادگایەکی بێلایەن ڕاگەیاندوە ۰ هاوکات لەگەڵ خۆپێشاندانی کوردەکان لە ڕۆژهەلأت و باکوورو باشورو ڕۆژئاوا، ڕێپێوانێکی پەنجا هەزارکەسی لە شاری سولەیمانی پێك هات کە بە پشتیوانی و ڕێپێوانێکی بێ وێنە هەڵسەنگێندراو تا ئێستا شتێکی ئاوا لە کوردستان نەدیتراوە ۰

**٢٨ /٣/ ١٩٩٩**

بە هەڵم زانی لەژێر سەردێڕی "ئاشتی مام جەلال و کاك مەسعوددا سێ چوار بابەتی جۆراو جۆری یادداشتی ڕۆژ تێکەڵ بکرێ و بنووسرێ ۰ پێشتر بە دوورو درێژی لە بەرگی ٣ ی کتێبی ئاوڕێکدا ، نووسراوەو باسکراون ۰

# دادگای نیزامی بۆ ئۆجەلان !

دوای ئەوەی بە گەلەکۆمەگیو پلانی یونانو ئیسرایلو رێنوێنی ئەمریکاو چەند ولاتێکی تری ئوروپایی عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری پێکاکا لە ئەفریقا گیراو بە دەستو چاوی بەستراو درایەوە بە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیا٠ پاش ماوەیەك ڕاگرتنو پرسیارو پەروەندەسازی، بڕیاریاندا لە ڕێکەوتی٢٣ ی مانگی مارس دادگای نیزامی ئەنکەرە لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوبراو بکاتو حوکمی خۆی ڕابگەیەنێ٠ ئەو وەکیلانەی کە دەیاویست بەرگری لە ناوبراو بکەن، جگەلەوەی کە نەیان هێشت وەك پارێزەرێکی ڕەسمی پرسیارەکانی خویان لە ئوجەلان بکەن، یەکدوو پارێزەریش گیرانو لە بەند یخانەیان کردن٠ ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلی یەکێك لەو پارێزەرانەبوو کە ماوێکی کورت ڕاگیرا٠ پاشان بۆخۆیان چەند پارێزەرێکی تریان بۆ ئۆجەلان دیاری کرد، کەچی ئەوانیش وەك پێویست مافی بەرگریان لە بەندکراوی (موەکیل) خۆیان نەبوو !

بەکورتی پارێزەرەکان هەرچەندی داد و هاواریان کردو گوتیان دەبێ ڕێگایان بدرێ پرسیارکردن لەبەندی "موەکیل" ئازاد بێو ماوەیان بدرێ بچنە لای زیندانی خۆیان، وەلامیان نەدانەوە٠ سەرئەنجام لە ڕێکەوتی ٩٩/٦/٢٩ی زایینی، بەزاهیرعەبدوڵلا ئۆجەلان دادگایی کراو بەچەندین هەزار قەتڵیان تاوانبار کردو بە ناحەق حوکمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپاند !

جگەلەو زوڵمو ستەمە گەورەی کەتورکیا لە بارەي ئۆجەلاندا كردي، شەخسی ئۆجەلان بۆخۆشی پێش حوکم دانودەست پێکردنی دادگا، زوڵمێکی گەورەی لە خۆی کرد٠ پێش خوێندنەوەی حوکمی دادگا، پرسیار لەئۆجەلان کرا:

- لێی دراوە ؟ یان سوکایەتی پێکراوە ؟

بە داخەوە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە وەلامدا وەك مرۆڤێکی کە خۆی بەدەستەوە دابێ، گوتی: نە لێم دراوە ! نە سوکایەتیم پێکراوە !

بەڕاستی ئەو وەلامە لە رێبەرێکی کورد نەدەوەشاوە٠ تا ئێستا پێشمەرگێکی

سادە ش، کەپرسیارێکی ئاوای لێکرابێ، وەلامێکي وا خۆمالی نەداوەتەوەو دەولەتی تورکیاي لە تاوان بێبەري نەکردوەو دایرەي میت ئاوا پاك بەجیهان نیشان نەداوە٠ ئەوکوردانەی کە لەسەراسەري جیهان دەچوون بۆ ڕێپێوانو خۆیان دەسوتاند پێیان وابوو: سوکایەتی بەئۆجەلانو گەلی کورد کراوە٠ بە ڕاشکاوی مرۆڤ دەکرێ بلێ: ئەو پلانو ستەمو سوکایەتیە گەورەي کە بە ئۆجەلان کراوە بە هیچ کەس نەکراوە٠ ناوبراو لە پێش چاوی دەیان نووسەرو ژۆرنالیست بە دنیاي نیشاندا کە سوکایەتی پێ نەکراوەو دادپەروەرانە ڕەفتاری لەگەڵکراوە ؟!

ئەو هەمو فیداکاریە زۆرەي کە بۆ ئۆجەلان ئەنجام درا بەداخەوە لە دادگای تورکیا دا، بەوەلام دانەوێکی کە ئۆجەلان لە پێش چاوی دنیا دایەوە، نرخی نەماو تەنانەت کەسایەتی گەلێکی فیداکاریش کەوتە ژێر پرسیار٠ زۆربەی ڕوژنامەوانانی دەرەوە، نووسەران، ڕووناکبیران، حقوق زانان، سیاسەتمەدارانی تاکەکەسیو زۆرێك لەنوێنەرانی پەرلەمانی ئورووپا، هەلوێستی ڕژیمی تورکیان لەمەڕحوکمی ئێعدام بەئۆجەلان مەحکوم کردو ناڕەزایەتیەکی بێ وێنەیان لە سەراسەری جیهان دژ بە حوکمی دادگای نیزامی تورکیا دەرحەق بە نابراو پێشانداو لە ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنو ڕۆژنامەکاندا ڕەنگیان داوە٠

جگەلە ناردنی نامەی زۆری دەستەو گروپو چینو توێژی جیهانیو، چوونی چەندین کۆڕی جۆراوجۆری وەك یوشکا فیشێر وەزیری دەرەوەی ئەلمان کە لە ڕێکەوتی ٢٠-٧-٩٩ ی زاینی لەگەڵ پێنج کەس وەك کۆڕی دەولەتی لەنوێنەرانی سوسیال دێموکرات، سوسیالیستوپارتی سەوزو دووپارتیتر، چوونە ولاتی تورکیا٠ مەبەست لەسەردانی ئەو کۆڕە بۆ ولاتی تورکیا بەزاهیر بۆهەلوەشانی حوکمی نیزامی تورکیا بوو کە بەسەرعەبدوللا ئۆجەلاندا سەپێندرا بوو٠ دیارە ئەو سەفەرەی کۆڕی ئەلمان زاهیری مەسەلەکە بوو، بەلام لە بنەوەو پشتي پەردەدا چ کارێکی دیکەکراوە، یا چ ئامانج و بەرنامەیەکی تریان بەدەستەوەبووە بۆ ئێمە ناروونە٠ لەڕاستیدا کورد ئەوەندەی فێل لێکراوەو فریودراوە، بەکاری باشی خێرخوازنەش ڕەشبین بووە٠

رەنگبیّ لەلاوەش ئەو مافەبدریّ بە کورد کە ئاوا بیر بکاتەوەو رەش‌بین بیّ. چونکە دەبینین لە ماوەی ئەو پازدە مانگەی کە بە دوای رووداوەکانی کوردستاندا دەگەریّین، تائیّستا هەربەلّیّنیەکی دراوەو هەرگوتەبووە گوتراوەو کردەوەیەکی راست نە دیتراوە کە مروڤ رەشبین نەکات!

١٩٩٩/٧/٢٢

## تاوانیّکی تری نیّونەتەوەیی !

لە کاتیّکدا هیوایەك بە چوونی کۆری ئالمان هەبوو بۆتورکیا کە قسە لە کاری ئۆجەلاّن بکات، ریّکەوتی ٢٠ یولی ١٩٩٩ی زاینی کە کۆری پەرلەمانی ئەلّمان بۆقسەلیّکردن لە حوکمی ئیّعدامی عەبدولا ئوجەلاّن بەرەو تورکیا کەوتە ریّ. هەرلە هەمان رۆژدا هەوالدەرەکان رایانگەیاند: کە دەولّەتی تورکیا بە رۆژی روناك بەرپرسیّکی ریّکخراوی ئەرنەکەی بە نیّوی جەوادی سۆیسال لە ولاّتی مولداوی بەدەستی کەلەبچە کراو، و بەچاوی بەستراو رفاندوەو بردویانەتەوە بۆ ولاّتی تورکیا !؟

گیراوی ناوبراو لە میّژسالّە لەدەرەوەی ولاّت، لە ولاّتی ئەلمانیا پەنابەری سیاسیە. کاتی باسی تاوان دەکریّ، تاوانە تاوانە، بەلاّم رەنگبی لەنووسیندا وشەی تاوانی نیّونەتەوەیی بە بروای هیّندیّك کەس زیادی بیّ و جیّگای خۆی نەبیّ. ئەو پرسیارە دیّتە پیّش: ئەگەر مرۆڤیّك لە ولاّتی خۆی راو نرابیّ و لەئورووپای ئازاد بەرەسمی مافی پەنابەری درابیّتیّ و بە رۆژی روناك دەست و چاوی ببەستن و بیرفیّنن! جگە لە تاوانی نیّونەتەوەیی و کاریّکی ترۆریستی، چ نیّویّکی دیکەی بۆدەدۆزریّتەوە ؟

ئەگەر ولاّتانی ئورووپی لە حاست تاوانیّکی ئاوادا بیّدەنگ بن، ناکەونە ژیّر روانگەو پرسیارو رەخنەو توانجی گشتی؟

بەپیّی یاسا و مافی پەنابەری، کردەوەی ئاوا مانای ئەوەیە، مرۆڤی رفیّندراوی سیاسی، بە تاوانی نیّونەتەوەیی دەژمیّردریّ و، کردەوەی ئاوا

شکاندنی یاسای ئەو وڵاتە دەگەیەنێ . هەموو ڕووناکبیرێك ڕفاندنی پەنابەری سیاسی بە ڕۆژی ڕووناك، بەکارێکی ترۆریستی دەژمێرێ و پێویستە ئەو دەوڵەتە، مەحکومی بکات . ئەگەر بۆخۆیان دەستیان تێدا نییە، با بەدەوڵەتی تورکیا بکوترێ کردەوەی ئاوا لە ڕوانگەی وڵاتانی ئوروپایی بەتاوانێکی ترۆریستی دەژمێردرێ. یان وشەی ترۆریست نابێ لەسەر دەوڵەتی تورکیای هاوپەیمان دابندرێ ؟

باشە دەوڵەتی تورکیا نیزیك بە هەشتا ساڵە بە دزی و بە ئاشکرا بە کۆمەڵ کورد دەکوژێ. بە هەزاران گوندی کوردستانی روخاندوەوسوتاندوە . چەندین میلیۆن کوردی لەسەر زێدو نیشتمانی خۆی ڕاو ناوەو ئاوارەی هەندەرانی کردوە. بە هەزاران کوردی روناکبیری لە زیندانو لەژێر شکنجەدا کوشتووەو، ونکردوە .

ئەگەر رژیمی تورکیا پشتی بە دۆستایەتی دەوڵەتانی روژئاوا گەرم نەبایە، دەیتوانی ئەو تاوانەمەزنو بێ وێنانە دەرحەق بە گەلی کورد بکات .

بۆدەبێ میللەتێکی سی چل میلیۆنی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست ئاوالەژێر جەورو ستەمدا بچەوسێتەوەو لەو جیهانە پانو بەرینەدا دەسەلاتدارێکی خاوەن ویژدان پەیدا نەبێ پێشگیری لەوکردەوانە بکاو بە هاواری گەلێکی چەوساوەوە بێت .

بۆدەبێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە حاستی ئەو بێدادیەی لە دژی کورد دەکرێ، بێدەنگ بێ و مەسەلەی کورد لە بەرنامەی کاری خۆیدا نەگونجێنێ؟

١٩٩٩/٧/ ٢٢

## فەرمانێکی تری تورکیا !

دەوڵەتی تورکیا دوای ئەنجامدانو بەڕێوەبردنی ئەو ڕفاندنو مرۆڤدزیانەی پێشتر بەکورتی باس کرا، حیسابی هاتەدەستو زانی ئوروپاو دەوڵەتانی تری رۆژئاوا نارەزایی و دژە هەڵوێستیان بەرانبەر بەوکردەوە ترۆریستیەی تورکیا نەرمە، دەیەوێ هەنگاوی گەورەتر باوێ و پتردەست بەکارێت . حەوتوێك بە دوای ئەو ڕووداوە دا، دادگای بە ناو ئاسایشی تورکیا فەرمانێکی دەرکردو ڕایگەیاند :

یاشارکەیا، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی ولاَت لەگەڵ ٣٠ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە دەبێ بگیرێن و بگەڕێنەوە تورکیا · واتە ٣١ کوردی سیاسی کە لە ولاَتانی ئوروپا پەنابەری سیاسین، تورکیا بیاندزێ و بیان باتەوە تورکیا و بیانخاتە زیندان و ژێر شکنجە · یانی کەلەگایی ئاشکرا لە دەولەتانی ئوروپایی ؟!
ئەو ملهوریەی دەوڵەتی تورکیا و بێدەنگی ولاَتانی ئوروپایی ڕاستەوخۆ پشتیوانی لەکردەوەکانی دەوڵەتی توکیا نییە ؟
بێدەنگی ئاوا، ئەوە ناگەیەنێ کە دەیانەوێ هیزی دژی داگیرکەرانی کوردستان تێك بشکێنن و ئەو ڕێکخراونەی کورد پێکیان هێناوە بە خشەخش، لە دەرەوەی ولاَت کز بکرێن و لە ڕێگای بێدەنگی و پشتیوانی ولاَتانی ئوروپایی لاواز بکرێن ·
ئەو فەرمانەی دادگای ئاسایشی تورکیا لەباری یاسای نێونەتەوەیی ناکرێ بەهێند نەگیرێ و هەروا سەرزارەکی بەشتێکی ڕێکەوتوو دابنرێ و بە کردەوێکی بچووك چاوی لێ بکرێ · یاسایەکی نێو نەتەوەیی هەیە دەڵێ: مرۆڤێکی کە لە سەر بیرو باوەڕ لە ولاَتی خۆی ڕاو نرابێ مافی پەنابەری هەیە · دەولەتێکی کە پەنا بەری سیاسي دەدات، دەبێ ویڕای دابین کردنی ژیانی ئەو کەسانە، لە باری ئەمنیەتیشەوە بەرگری لێ بکرێ و گیانی بپارێزرێ · ئێستا ئەو پرسیارانە بۆ مرۆڤی سیاسی هاتۆتە پێش:
ئەو پرسیارانەی کران ئەوە ناگەیەنن کەکردەوی دەوڵەتی تورکیا و بیدەنگی ولاَتانی ئوروپای ڕۆژئاوا، بەتاڵکەرەوەی یاسای پەنابەری لە ئوروپا پێشاندەدا؟
ئەوکردەوانەی دەولەتی تورکیا، بە دەستتێوەردان و پێشێلکردنی یاسای نێونەتەوەیی و یاسای ئوروپا ناژمێردرێت؟
یان، دۆستو هاوپەیمانی خۆیان هەرچی بیکا ڕەوایە؟!!!!

١٩٩٩/٧/٢٩

# کۆنگرەی نەتەوەیی ؟

بەگوێرەی بۆچوون و بەرداشتێکی کە رووناکبیرانی کورد لە دروست بوونی کونگرەی نەتەوایەتی گەلی فەلەستیندا هەی بوو، لە زەین و مێشکی مرۆڤی ئازادیخوازدا ببوو بە ئەڵگۆیەکی سەرکەوتوو، و خەونی پێوە دەدیترا. لە مێژبوو نیشتمانپەروەرانی کورد ئاواتەخوازبوون رۆژێك لە دەرەوەی وڵات کورد بتوانێ لە بیری بناغەی کۆنگرەیەکی رێك و پێك دابێت و بێ جیاوازی بۆ هەرچوارپارچەکانی کوردستان بەرنامەیەك دابرێژێ. بەڵکو ئەو کۆنگرە ببێت بەناوندیکی بڕوا پێکراوی کوردستانی. ئەوکات نوێنەرانی کورد لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوی خێرخوازی جیهان ئاڵوگۆڕی بیرو ڕای لێ بکەن و گیروگرفت و گرێ پووچکەی گەلی کوردی لێ بکرێتەوە.

ئەو ئاواتە بۆ روناکبیرێکی نیشتمانپەروەر ئامانجێکی مەزن بوو، کە کورد خۆی ناوەندیکی ئاوای هەبێ و بتوانن کەندو کۆسپی سیاسی خۆیانی لێ تاوتوێ بکەن. لانیکەم وەك بلیندگۆیەکی ناوەندی کەڵکی لێوەربگیرێ و دادو هاواری ژێردەستی و هەژاری کوردی لێ بڵاو بکرێتەوە.

کاتێك بیرم لەو مەسەلەیە دەکردەوە، زمزمەیەك هەبوو کە کۆنگرەی نەتەوایەتی پێك دێ. بەو دەنگۆیە کە خەونی لەمێژینەم بوو، فرە خۆشحالبووم.

رۆژێك بە فاکس داوەتنامەیەکم بۆهات کە لە رێکەوتی ٢٥/٥/١٩٩٩ لە شوێنی دیاریکراودا بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوایەتی دابکەم.

دیارە هەرکەس و هەر مرۆڤێکی دڵسۆز کە خوازیاری ئازادی گەلی خۆی بێ پێشوازی لە پێشنیار و داوەتێکی ئاوا دەکات و پێی خۆشحاڵ دەبێ. لەو رۆژەوە ئەو فاکسەم پێگەیبوو، تا رۆژی کۆنگرە پتر لە دوو حەوتووی مابوو. ئەوماوەیە فکرو زیکرم لەسەر چۆنیەتی کۆنگرە دەسوورا و لە خۆم دەپرسی: داخوا گشت پارت و رێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستانی دێن؟ داخوا ئەو کۆنگرەیە بۆ هەرچوار بەشەکانی کوردستان دێتە دامەزران؟ داخوا ئەو هەنگاوە پیرۆزە دوورە لەبەرژەوەندی تایبەتی تاکە حیزبێك؟ یاخۆ ئەوەش هەرحولەمەرەسێ ی جارانەو

بەرژەوەندی گشتی وەبەر چاو نا گیریّ؟ داخوا لە بەرەو پێش ڕۆیشتنی زەمان، لە بەکارهێنانی (کای کۆن بەباکردن) وازیان هێناوەو بۆگشتی کار دەکریّ؟
بە کورتی هەرچۆنێکی لێکم دەداوە، لەدوورەوەبۆم نەچووە سەریەكو بەئاکام نەگەیشتم. سەرئەنجام هاتمە سەرئەو ڕایە، بچم لە نیزیکەوە لێکۆلینەوە بکەم.
ڕێکەوتی ٢٤/ ٥/ ١٩٩٩خۆم گەیاندە ئامستردام پێتەختی هولەند کە بڕیار بوو ڕوژی ٢٥ی مای، لەکۆبوونەوێکی بەریندا کۆنگرەی نەتەوایەتی پێك بیّ.
کاتیّ دەرگای هۆڵی کۆبوونەوە کراوە، هەرکەس داوەتنامەی خۆی نیشان دەداو مارکێکیان دەدایە وەك میوانە، یان نوێنەرە، بە خۆیەوە هەڵداوەسی.
پرسیم؛ نازانم مەبەستتان لە ئەندام و میوان چیە؟
لەوەلاّمدا گوتیان: ئەندامی حیزبێکی بەشداری، یا سەربەخۆی؟
دیارە ئەوکات من ئەندامی هیچ پارتێك نەبووم و سەربەخۆ بووم.
وەك میوان شتێکیان دامیّ بەخۆمی هەلاّوەسم! لە خۆم دەپرسی بۆدەبیّ ئاگادار نەبم کە کۆنگرە ئەندامگیری کردوە و ئەو ئەندامانەن دەچنە کۆنگرە ؟
بۆم پرسیار بوو. زوو زوو لە خۆم دەپرسی: ئەندامی چیو؟ میوانی چی؟ ئەدی بۆ بەخەلکیان نەگوتووە کە تۆ وەك میوان و ڕەشایی، ڕۆژێك بۆ چەپڵە لێدانوگوێگرتن بەشداری دەبیو پاشان دەگەڕێیەوە ئەو، ولاّتەی لێیڕا هاتووی ؟
لە خۆم تووڕە بووم کەبۆچی پێش ئەوەی لەسوئێدڕا بێم بۆ هولەند نەم پرسیوە؟
پێم وابووە هەموو شتێك نهێنییەو نابیّ بپرسم؟
پێم وابوو ئەوکەسانەی بەکاری پێك هێنانی کۆنگرەوە هەستاون وەکوو من بیّلایەنن و بەکارێکی باش هەستاونو دەیانەویّ کۆنگرەیەکی بیّلایەنی نەبەستراوە بەپارتی سیاسی پێك بێنن. دیارە هەستان بەکاری گشتیەوە لەلایەن مرۆڤی بێلایەن، بێشك جگە سوودی گشتی نەتەوەی کورد، بەرژەوەندی پارتیەکی بەرتەسکی سیاسی وەبەرچاو ناگیریّ. پێم وابوو داوەتکردن لەکەسانی بیّلایەنی سەربەخۆ، بە مەبەستی پێك هێنانی کۆنگرەیەکی بیلایەنەو دەیانەویّ ناوەندێکی بڕوا پێکراو دامەزرێنن کە داهاتووی بەخێرو بێری بۆگەلی کورد تێدا بیّ. بەش بەحاڵیی خۆم، بە پێی ئەو تەمەنەی هەمە، نەمبیستبوو، یان نەم دیبوو،

کۆمەڵە کەسانێکی بێلایەن کە بەکارێکی خێری گشتی هەستابن، ئەندام گیریان کردبێ٠ بەڵێ: کاتێ حیزبێکی سیاسی کۆنگرەی ئاسایی خوی دەگرێ، لە ئەندامانی شانەو کۆمیتە هەلبژاردن دەکاو کۆنگرە پێك دێنێ٠ هێندێك کەس و کەسایەتی کە بە دۆستی خۆیانی دەزانن داوەتیان لێدەکرێ وەك میوان لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن٠ ئیتر ئەم بیسبوو بۆکۆنگرەیەکی گشتی کە ئەندامگیری نەکردبێ یان تاکە پارتێك نەبێ و بێ لایەنی مەرجی یەکەم بێ، هێندێك کەس بکات بەئەندام و نێوی میوان لەسەرهێندێك کەس دانێ٠ ئەوجیاوازیە بۆ ؟

کاتێك کۆنگرە لە کەسانی سەربەخۆو بێلایەن پێك دێ، چ مانایەکی هەیە لەخەڵك بپرسن: تۆ میوانی یان ئەندامی؟

بەهەرحاڵ، کەسانی وەکوو من زۆرداوەت کرابوون و هاتبوون چەپڵەی خۆیان لێداو گەڕانەوە ئەو وڵاتەی لێی ڕا هاتبوون٠ کەس بۆی روون نەبۆوە بۆچی و لەبەرچی وەك میوان هاتووە٠ لەگەل ئەوەیدا خەڵك وەڕەزو ناڕەحەت و بێدەنگ بوون، لە نێوچاویان دەخوێندرایەوە کە لەگەڵ شتێکی بێ ناوەرۆکدا روو بە روون٠ لەگەل ئەوەیدا کە مرۆڤی سیاسی لێبوو، زۆرمرۆڤی واشی لێبووکە هەرچەند بەکوردی قسەی دەکرد، بەلاّم بۆ ئەوەی نەدەبوو تەنانەت وەك میوانیش لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێ٠ بەڕاستی بۆیە نەدەبوو لەسەرچارەنووسی دوارۆژی نەتەوەیەك تەما بگرێ٠ ڕاشکاوانە دەڵێم: ئیوایان وەك ئەندام بانگ کردبوو، بۆیە نەدەبوو تەنانەت دەنگ بدات وکەسێك هەڵبژێرێ٠

ئەوداوەت و بەرنامەرێژیەی کە بۆکۆنگرەی کوردان خەونم پێوە دیبوو، بوو بە یەکێك لە بیرەوەریە ناخۆشەکانی ژیانم٠ بڕوام وایە؛ نەك هەر زۆر ناتەواو بوو، بەڵکوو دەتوانم وەك کوردێك ئەوەندەی سەرم لێدەربچێ بڵێم: ئەو کۆبوونەوە گشتییە شایانی کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی نە بوو٠ دەکرێ مرۆڤ بلێ ئەو کۆنگرەیە لە بناغەڕا پڕ لە هەڵەی سیاسی و تەکنیکی سیاسی بوو٠ جگە لە کەم و کوڕی زۆری سیاسی وتەکنیکی، لەسەدا سەد بۆ بەرژەوەندی تایبەتی تاکە حیزبی پێك هاتبوو٠ مرۆڤ لەلێکدانەوەی هەوەڵدا، داهاتووی ئەوکۆنگرەی بۆ

روون بوو، و دەیزانی مەبەست لەپێکهێنانی ئەو کۆنگرە چییە· دوای حەوتوویێك ئاکامی پڕ لە هەڵەی سیاسی کۆنگرە دەرکەوت·

ڕەنگبێ کەسانی واشی لێ بووبێ پێی باش بێ و لەگەڵ سەلیقەو بۆچوونی ئەو هاتبێتەوە، بەلاّم من بارە سیاسیەکەی هەڵدەسەنگێنم و کارم بە زۆرو بۆری بەشداران نییە· دەتوانم بڵێم: کەیفیەتی ئەو کۆنگرە لەڕاونگەی منەوە، بۆیە نابێ دڵیی پێ خۆش بکری و کیسەی بۆهەڵدروێ کە لە داهاتوودا سوودی گشتی هەبێ·

ڕەنگبێ پارتێك بتوانێ تاماوەیەك کەڵکی تەسکی خۆی لێوە ربگرێ· بێشك بەرنامەیەکی کە ئەو کۆنگرەدای بڕێژێ، هیواو هومێدی گشتی نایەنیتە جێ و خێروبێری سیاسیو کۆمەلاّیەتی نا بێ· هوی ئەو ناهومێدیەش دەگەڕێتەوە بۆخوار دارژتنی پایەو بنچینەی ئەوکۆنگرەیە· بەداخەوە بێ لەبەر چاوگرتنی سوودی گشتی سیاسی، زۆرناشیانە داڕێژرا بوو·

شتێکی لەوانەش سەیرترکە لەدەستپێکی کۆنگرەدا بەزەقی خۆی نواند، بەرژەوەندی گشتی بوو جێگای خۆی دابوو بەپارتێکی سیاسی· بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو دیاردە سیاسی یە، هەر لە سەرەتاوە پرستیژی کۆنگرەی خستە ژێر پرسیارو کەسایەتی سیاسەتمەدارانی بەشداری کۆنگرەی هێنا خوار· ئەو مرۆڤەی کەلە کۆبوونەوەوکۆنفرانس وکۆنگرەو سمینار دا بەشدار بووبێ، لە دەسپێكڕا بۆی دەردەکەوت کە ئەو کۆنگرەیە، داهاتوویێکی رووناك و سەرکەوتووی نابێ و زوو یان دەرەنگ دەبێ بەناوەندێکی تەسکی تاکە حیزبی و ناتوانێ ناوەندێکی بەسوودی گشتی و نەتەوایەتی کورد بێ·

کە چی زۆری نەکێشاو دەرکەوت؛ هەر رۆژی سێهەمی کۆنگرە بە دیاری کردنی بەرپرس و جێگری بەرپرس، شەقڵیی تەك پارتی پێوە نراو بەتەواوی لە حاڵەت و قەوارەی گشتی و نەتەوایەتیان دەرهاویشت·

بەو پێیە خەون و هومێدێکی کە لە هەست و بیرو مێشکی کەسانێك دابوو، بابردی و کەسانی نەتەوەخوازو دڵسۆزانی گەل، نەك هەر هیوایان نەهاتە دێ، بەڵکوو بەو بیرە تەسکەی کە لەوێدا خۆی نواند ئاواتەکان نێژران·

بڕوانە لاپەڕەی ١٤٢ بەرگی ٣ ی کتێبی ئاورێك·

# هەواڵێکی سەرنج ڕاکێش !

دوای ئەوەی چەند مانگێك لە گیرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان تێپەڕی ، گەرم و گوڕی پێشووی پێکاکا وردە وردە لەکزی دەدا . ئەو فەرمانانەی لە زیندانی ئیمراڵی دەردەچوون، سەرکردایەتی پێکاکا بە ئاشکراو نهێنی جێ بەجێی دەکردن .

مانگی ٧ی سالی ٩٩ زاینی ڕۆژانی ٢٤و ٢٥ هەواڵی بەجێ هێشتنی کوردستانی باکور بۆ پشت سنوورەکانی تورکیا ، لە ڕادیۆو ڕوژنامەوتەلڤیزیۆن و ماس میدیای دەرەوە بلاو کرایەوە! واتە مەیدانی خەباتی چەکداری و شاخ و کێو و ئەشکەوت و سەنگەری پێشمەرگە چۆل بکرێ !؟

بەڕاستی ئەو هەواڵە سەرنج ڕاکێشە بۆ ڕووناکبیرانی کورد جێگای سەرسوڕمان و داخ و کەسەربوو . هەروەك هەموولایەك ئاگادارن، وەکیلی ئۆجەلان لە وتوو ویژێکی ڕۆژنامەوانیدا بلاوی کردەوە کە ئۆجەلان داوای لەگریلاکانی پێکاکا کردوە کوردستانی باکوور بۆپشت سنورەکانی تورکیا بەجێ بیلن . بدوای بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا کە لە ڕادیۆ وتەلەڤیزیۆنی تورکیا و ماس میدیای دەرەوەو میدتیویێ بلاوبۆوە . ئەڕنەکەو ئارگەکەش پشتیوانی خۆیان لەو ڕاگەیاندراوە دەر بڕی و ، بە نۆبەی خۆیان مۆری تەئید و پەسندیان پێوەنا !

زۆرکەس کە خۆیان بەسیاسی دەزانی پێیان وابوو ، پ.ك.ك. ڕەنگبێ هەواڵێکی نهێنی لەلایەن ئەمریکا ، یان دام و دەزگای تورکیا وەدەست هێنابێ بۆیە ئاوا باسکیان لەکراسیان هێناوەتەدەرو ئاوا بە سووك و هاسانی لەسەر قسەی وکیلی ئۆجەلان، پێشنیاری نێو زیندانی تورکیا پەسند دەکەن . بە وتەی هێندێك کەسی خاوەن نەزەری نیزیك لە ئۆجەلان، پشتیوانی کۆمیتەناوەندی پ.ك.ك. لە پێشنیاری ئۆجەلان شتێکی نوێ نیەو هەمیشە شتێکی کە لە لایەن ئۆجەلانەوە گوترا بێ، جێگای تەئید بووەو بێ ئەولاولا مۆری پەسندی پێوە نراوەو کەس نەیتوانیوە پێشنیاری ناوبراو ڕەد بکاتەوە .

لێکدانەوەی مرۆڤی شارەزاو سیاسیو ئەوکەسانەی کە لە دەرەوەی تەشکیلاتی پ.ك.ك. و ئەرنەکەو ئارگەکەن، پێیان سەیرو سەر سورمان بوو کە کۆمیتە ناوەندی پ.ك.ك. پێشنیاری کەسێکی زیندانی بەجددی وەردەگرێو پشتیوانی لێدەکات. چونکە هەموو مرۆڤێکی سیاسیو روناکبیر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە گوتەو پێشنیارو ڕاسپاردەی مرۆڤی بەند کراوی ژێر شکنجە، لانیکەم شکنجەی دەرونی نابێ بە هێند بگیرێ. یان بێ لێکدانەوەو لێکۆلینەوەیەکی هەمە لایەنەو بێ بڕیاری کۆنگرەو کۆنفرانس، نابێ ئاوا گورج تەمای لەسەر بگیرێو بڕیاری لەسەربدرێ. چونکە شۆرشێکی پازدە ساڵی کە هەزاران قوربانیو مالوێرانی بەخۆوە دیوەو دەیان گوندی تێدا کاولکراوەو خەڵکەکەی ئاوارەی هەندەران کراوە. شتێکی هەروا سادە و ساکارو هاسان نیە کە دەسبەجێ پێشنیاری بەندکراو جێگای پەسند بێو پشتیوانی لێ بکرێوداوای جێ بە جێ بکرێ.

مرۆڤی سیاسیو شۆرشگێرو زانا، بەگوێرەی لێکدانەوەی سەردەم، پێیان وابوو ئەگەر پیشمەرگە کوردستانی باکوور بەجێ بێلێو لە سنووری تورکیا بچێتە دەرکارێکی خۆکوژیو تەسلیم بوونەو ئاش بەتالێکی بەخشکە خشکە.

رژیمی تورکیا بە پلانێکی ئاوای وەك ئێستا دەیەوێ ئا شبەتاڵ بە شۆرشی پ.ك.ك. بکاوخۆی لە گێرەو کێشەی نەتەوەیەکی بیست میلیۆنی رزگاربکات.

زۆر جار مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ: داخوا ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی پێکاکا چیان بیستووەو بۆچی وا دەکەن؟ مەسەلەی وەرچەرخانیان ئەوەندە تاریك و لێل بوو، لە خۆیان بەو لاوە کەسیان تێ نەگەیی کە خەریکی چنو چدەکەن.

ئەندامانی پێکاکا و ئەرنەکەو لایەنگرانیان لە وەلامی ئەو پرسیارانەی سەروودا دەڵێن: ئەمریکا گوفتی داوە مەسەلەی کورد لە تورکیا حەل بکرێ. لەچ رۆژنامەو سەرچاوێکیان زانیوە ئەویش ناروونە. وا دەزانن و پێیان وایە خەڵك چاووگوێی نیەو هەر ئەوانن لەخەڵکی دیکە سیاسیترو زیرەکترو داناو زاناترن.

لەسەدەی نوێ و دنیای پڕلە کێشەو پشکوتنی زانستو ساتەلایتو ئینترنێتو کومپیوتێری ئەورۆ دا، نەك هیچ شتێك ون نابێ و ناشاردرێتەوە، بەڵکوو زۆر شتی نهێنی پشتی پەردەش کەمتر بە نادیاری دەمێنێتەوە، بە لام ئەوان خۆیان

لایان وانه بوو که سەرۆکایەتی پێکاکا چارەنووسی کوردی باکوری بە چ ڕۆژێکی ڕەش گەیاندووەو پرشوو بلاوی خودی سەرکردایەتی نیزیکە ·

ئەگەر شتێکی بەلگەداریان لەو بارەوە هەبایە، بێشك بەخەلکیان نیشان دەدا، بەلام هیچیان نییەو دەیانەوێ کەسانی نیزیك لە خۆیان بە لیکدانەوەی جۆراوجۆر سەرگەرم بکەن · چوونکە لایەنگرانی خۆیان پرسیاریان لێدەکەنو دەلێن: ئەگەر بەلێنیەك دراوە بۆ پێش ئەوەی گریلا ولات بەجێ بێلێ، بۆخەلکی روون ناکەنەوە پێمان ڕا بگەیەنن مەسەلە چییە ؟

تۆ بلێی پێکاکا ئاگاداری ئەوە نە بێ کە تا هێزی چەکداری هەیە، قسەی لەگەل دەکەنو بەهێندی دەگرن؟ کاتێ هێزەکەی پرشو بلاو بوو، مافی چیو حەقی چیو شتی چی؟ ئەگەر کەم یا زۆر شتێك لە گۆڕێ دایە باش وایە، لانی کەم با ئەو خەلکەی کە بە شەوو رۆژ و سەرماو کرێوە لە شەقامەکان بوون ئاگاداربکرێن· بە چەك دانانی پێشمەرگە و جاردانی یەکلایەنە، کۆماری دێموکرات لە تورکیا دروست نابێو سیغەی برایەتی کوردو تورك پێك نایە ·

کورد بە گشتی ئەزمونی لەسەر رژیمی تورکیا هەیەو لە مێژوودا دەیخوێنینەوە کە لە شۆرشی شیخ سەعیدیشدا رێککەوتن پێکهاتو پەرلەمانی تورکیاش مافی کوردی پەسند کرد ·کەچی دەرکەوت بەرهەمی ئەو رێککەوتنە، ژینوسایدی شۆرشگێرانی کورد بوو ·

ڕەنگبێ سەردەمی ئێستا لەگەل ئەو دەوران لێکتر جیاوازی هەبێ، بەلام دەبینین ئەو جار نە پەرلەمان قسەی لێکردوە، نەهیچ بەلێنیو گوفتێك دراوە، نەقسە لە هیچ باسو شتێك کراوە· ئەوەی لە تەلەڤیزیۆن دەیبینو لەزمانی ئەجەویدو سولەیمان دێمیریل دەیبیسین کە دەلێن: سەرئەنجامی تروریست خۆتەسلیم کردنەوەیە، ئایا کەسیك لەقسەی سووكو هەرەشەی بێتامو، وەلامی ڕەدی تورکیا، شتێکی زیاتری دیکەی لێ بیستوون؟

کەس نازانێ بۆچی کۆمیتە ناوەندی پ.ك.ك. ئاوا بە سادەو ساکاری تەسلیمی ئاشبەتالێکی بێئاکام بووە· زۆرکەس تووشی خەیالات بوونەو پێیان وایە شتێك هەیە پێکاکا بە کەسی نالێو لە خەلکی دەشارێتەوە ·

## تەلەفونی فەرهاد ئوجەلان!

دوا بەدوای داوای سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلان کە گریلا بکشێنەوە پشتی سنوورەکانی تورکیا، زۆری پێنەچووفەرهاد ئۆجەلان کە لە نێو شۆڕشدا بە عوسمان ئوجەلان ناسراوە، لە وتوو وێژێکی تەلەفونیدا بۆمێدیا تیڤی، لەرێکەوتی ١٩٩٩/٩/١ ڕایگەیاند: ئێمە هاتووینەتە نێو پرۆسەیەك نەگەرانەوەی هەیە نە تاکتیکە. بەڵکوو ستراتیژیە! ئەو پرۆسە ئاشتیەی پێکاکا دەستی پێکردوە، بەپەلە بەرەو پێشەوە دەچێ و گیروگرفتێکی لە پێش نیە. پێویستیەکی ئەوەندە گرینگە ڕێگەی گەڕانەوەی لەبەردەمدا نەماوەتەوە. فەرهاد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: دەوڵەتی تورکیا باوەری بەم پرۆسەهەیە، بەلام بەتەکبیر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا. دیارە بریاری چونەدەری گریلا بۆدەرەوەی سنوور هەموو خەلکی سەرسام کردوە، بەلام ئەوە ڕێبازی پێکاکایە بەرەو ئاشتی!

دوایی رووی قسەکانی لە ڕێکخراوی نەتەوەکان و یەکێتی ئوروپا ودەزگای نێو نەتەوەیی دەکاو داوای لێکردن؛ لە پرۆسەی ئاشتی پاشەکشەی هێزەکانی پێکاکادا ناوبژی بنوێنن و...هتد

کاتێك مرۆڤ گوێی لەو قسانەی ئەندامی کۆمیتەناوەندی دەگرت، کە بە نێوی بڕیاری گشتی ڕایدەگەیاند، بەقەولی فارسی گوتەنی مرۆڤ «شاخ دەردێنا» کە دەیگوت: ئەولێبوردنەی دەوڵەتی تورکیا داویەتی پێویستە بەرفراوانتری بکرێ. بەڕاستی هیچ مرۆڤێکی کورد چاوەڕوانی ئەوەی لە پ.ك.ك. نەبوو، کە پاش پازدە ساڵ خەبات و قوربانیدان کاربگەیەنێتە جێگایەك داوای عەفوو لە دەوڵەتی تورکیا بکەن. لەسەرئەو هەموو خەڵك و هێزەی لەگەلیان دابوو خۆیان و پارتەکەیان ئاوا گچکەو لارەمل پیشان بدەن داوای لێبووردنی بەرفراوان بکەن!؟ کاتێ مرۆڤ ئەوشتانە لە برایانی پ.ك.ك.دەبیسێ، بەڕاستی هەرچۆنێك و بەهەر پێوانەیەك هەلی بسەنگێنێ و بەهەربۆچونێکی سیاسی لێکی بداتەوە، لە گەڵ سیاسەت راستەدەرنایەو پیاو نازانێ بۆ وا دەکەن؟ زۆرکەس پێیان وایە پکاکا راستە پارتێکی سیاسیە، بەلام پارتێکە بە شێوەی خێڵەکی ڕێکخراوە. ڕەنگبێ بڵێن؛ مارکسستی و فلانین، بەلام کومونیستی دوو ئاتەشەش بن، بە بیچمی

(سیستمی ) خێڵەکی ڕێکخراون و بە شێوەی عەشایری هەڵس و کەوت دەکەن و کەوتوونە نێو چوارچێوەی خێڵەکی سوننەتی ٠ هەر بۆیەش ئاوا خۆیان لەحاست دەوڵەتی تورکیا هێناوەتە خواری و داوای لێبووردنی لێدەکەن ٠ ئەو هەرەکەتە، بیرو بۆچوونی ڕێکخراوێکی خێڵەکیە ٠

نموونێکی تر، دەبینین هەرچی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پکاکا فەرمان بدا هەر ئەوە بەرێوەدەچێ و بەرێوە چووە ٠ دەزگا یەکی یەکگرتوو بەنێوی بۆرۆی سیاسی یان کۆمیتە ناوەندی کە بتوانێ هێل و ڕێبازدیاری بکا، نادیارە ٠ ئەگەر هەش بێت دەزگا یەکی یەکدەنگ و یەکدەستی یەکگرتوی سیاسی بەراویژ نییە ٠ نمونەش لەوبارەوە هەیە ٠ لە ئیتالیا بێ ئەوەی کۆنگرە بگیرێ، بە پێشنیاری عەبدوڵلا ئۆجەلان بەرنامەی پێکاکا کە سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بوو، یەکسەر دابەزی و بەدیاری کردنی حەوت خاڵ و پاراستی سنوورەکانی تورکیا گۆڕا و لە ماس مێدیا و مێدتیوێ ڕاگەیەندرا ، بوو بەستراتیژی داهاتوویان !!

هەموو لایەك دەزانین کە گۆڕانکاری لە ستراتیژی پارتێکی سیاسیدا پێویستی بەگرتنی کۆنگرە و کۆنفرانس هەیە و بەپەلە ناکرێ بریاری لەسەربدرێ ٠ سەیرئەوە یە: پێشتر پ.ك.ك. بە کوردستانی باکور ڕازی نەبوو، کوردستانی گەورەی دەویست و چەندین ساڵە خەباتی بۆ دەکەن و قوربانی لە پێناودا دەدەن ٠ کە چی لەپڕ ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی تێدا پێك هات و کەس وەدەنگ نەهات ٠ بەرنامەو تاکتیك و ستراتیژی پارتێکی گەورەو پرنفوزی پارتی کرێکارانی کوردستان بە بێ ڕاوێژی گشتی و بەبێ کۆنگرە گۆڕا ؟!

بەو ئاڵوگۆڕە مەزن و لەنەکاوەی کە لە پرۆگرامی ئەو پارتەدا پێك هات، لە ناو خۆیاندا ڕەخنێك نەگیراو کەسێك دەنگی لێوە نەهات ٠ ئاڵوگۆڕێکی ستراتیژی بنەرەتی لە ڕێکخراوێکی ئاوا دا بە بێ بڕیارو ڕاوێژی کۆنگرەو کۆنفرانس، مرۆڤ دێنێتە سەرئەو بیرو ڕایە کە بلێ: ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی پێکاکا لەحاست یەکتریش نەك هەرخاوەنی ڕوانگەو بیرو بۆچوونی سیاسی نین، بەڵکوو بەچەشنی پارتێکی خێڵەکی پەروەردە کراون و هەموویان وەکو یەك فێری فەرمانی تاکە کەسی و ئاغا بەڵێ کراون ٠

١٩٩٩/٩/٢

# تێشکانی و پرسیار !

کاتێك دەروانینە ڕابردووی مێژووی نەتەوەکەمان، بۆمان دەردەکەوێ لە هەرکاتێکدا چوکترین هەلو دەرفەتمان بۆڕەخساوەو زانیویە یەکی لەدوژمنانی داگیرکەر لاوازەو دەتوانین دەستی لێ بوەشێنین، بێ ئەوەی بیرمان لە ئاکامو ئەنجامی دوایی کردبێتەوە، لە دژی ڕاپەڕیوین و بەو پەڕی لەخۆبوردوییو فیدا کاری تێکۆشاوین. تاهێزی گرتووەو لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوە، بە شێلگیری بەربەرەکانی کراوە. باس لەوە ناکەین کە لەسەرەتادا ئەو جولأنەوە تاهێزی گرتووە چەندی نابەسامانیو کەمو کوڕی دیتووە. یان لەگەلّ چەند دەردە سەری رووبەروو بووەو چەندی تالّیو سوێری چێژتووە. دوای ئەوەی توانیویەتی چەندین سالّ بە هەموو نرخێكو بە لەخۆ بوردوییخۆی ڕاگریو لەروو بەرووی هێرشی دوژمن بچەقێ. کەچی لە دەورانی پشکوتنو هێزگرتنو هیواداریدا کە پێوست بووە خەباتی خۆی شێلگیرتر درێژە پێبدات، بێ ئەوەی لەباری هێزەوە تێشکانی بەسەردا هاتبێ، لە پڕ لەگرینگترین قۆناغی خەباتو بەربەرەکانیدا، بەریوەبەرایەتی سیاسی وورەی بەرداوەو تەمای ئاشبەتالّیگرتووە!؟ ئەوتەما گرتنە، شۆرشی کوردی لەسەرپلانو ڕاوێژی دوژمنان بەرەو چەکدانانو تەسلیم بوون بردوەو ئاکامی جوولأنەویەکی گەورەو لەخوێندا نوقم بوو بەرەو تێکشکانو ئاشبەتالّ ڕۆیشتووە . سەیرەکەی لەوەدایە؛ لە قۆناغێکدا کە بەڕێوەبەری ویستوویە کۆتایی بە جوولأنەوە بێنێ، شۆرش لەو پەڕی بەهێزی خۆیدا بووەو لاوازیەکی پێوە دیار نەبووە. تەنانەت دەکرێ بلێین: ورەی پێشمەرگەوخەلّکیش لە پلەی سەرووداबووە. باری ئابوری لە ئاستێکی باشتر لە پێشوو بووە. هیچ کەس بە بیروخەیالیدا نەهاتووە و چاوەروانی پرشو بلأو بوونی لە شۆرش نەبووە. کەچی لەو کاتەپڕ لەهیواو هومێدەدا کە خەلّك چاوەروانی ئاسۆیەکی روون بووە، بەریوەبەری شۆرش، واتە کەسایەتی هەوەلّی جولأنەوە بەرنامەی درێژەدانی شۆرشی پووچەلّکردۆتەوەو لەسەر بیروپلانی پێشووی خۆی نەماوەو گۆڕاوە.

ئەوگۆڕانە، یان باشترە بڵێین؛ ئەو ڕووخانە فیکریە چاوەڕوان نەکراوە، تەمای ئاشبەتاڵی پێگرتووە. ڕووخانی فکری ڕێبەرایەتی کاریگەریەکی وای بووە، کە شۆڕش وەکوخانووێکی بێ بناغە تێك بقرمێ. بنچینەی سیاسی ناوەندی وهێزی نیزامیو هەموولكو پۆپەکانی لەبەریەك هەڵوەشاوە. سەیرتر لەوەش ئەوەیە: کە جارێك لەجاران ئاشبەتاڵێك یا تێشکانێك نەخراوتە ژێر زەڕڕەبینی لێکۆڵینەوە کە بزانرێ هۆی ئەو ڕووخانە چبووەو بۆوەو لە کوێرا ئەو تێشکانە پێكهات؟ دوایەش بۆکۆمەڵ شیی بکرێتەوە. یان لانیکەم ئەو تاوانە مێژوویە بۆنەوەکانی داهاتوو روون بێ باوەکو ئەزموون لە دوارۆژدا بزانن بۆ وا بووە؟ بۆلە کاتی هیواداری خەڵکدا ئاشبەتاڵکراوە؟ لانیکەم بابزانن کێ سوچدار بووەو ئاکامی ئەوهەڵە قەرەبوو نەکراوە، سەرکردایەتی گشتی جووڵانەوەیە تووشی ئەو تاوانە بووە؟ یان فەردی رابەر بەوکارە هەستاوەو کەس دەسەڵاتی پێ نەشکاوە؟

سەیرو سەمەرترو سەرنجڕاکێشتر لەوەش ئەوەیە؛ سووچو هەڵەو تەنانەت ئەگەر خەیانەتی مێژوویش کرابێ، لەجیاتی روونکردنەوە داپۆشراوەو سەرکردە یا سەرۆکی خیچاو (کشبوو) بە قارەمانی بێ وێنەی نەتەوایەتی لە مێژوودا سەبتو نیودێر کراوە !؟

ڕەنگە لە مێژوودا شاردنەوەی تاوانی تێشکانەکان بەملی ئەمو ئەودا نەیەنینو بۆناوخۆیی دڵخۆش کەرەوە بێت، بەڵام ئاخۆگەل هیچ قازانجێك لە داپۆشینو نهێنی کاری کراوە؟ داخوا دڵخۆش کردن و داپۆشینی تێشکانو تاوان، سوودێکی بە کۆمەڵ گەیاندوە؟ یان ئەو کارە وەکو تێشکان زیانی هەیەو کومەڵگا فێری داپۆشینی راستیەکان دەکاو مێژووی نەتەوەیەك پڕ دەبێ لە درۆو دەلەسەی پڕلەکارەسات و « بەد ئاموزی » بۆنەوەکانی داهاتوو؟

کاتێ مێژوو دەخوێنینەوە دەبینین ڕێبەرانی نەتەوەی کورد بەشی زۆریان کوژراونو هەڵاوەسراون یان دوژمن بە شێوەیەك لە ناوی بردوون. کەچی هۆی لەناوبردنو فێڵ لێکردنو فریودانیان لە مێژوودا بەچاوی ڕەخنەگرانە شیکراوە نییەو ڕەخنە لەخۆیی نەگیراوەو بەراستو دروستی نە نووسراوە. مرۆڤ نازانێ بۆ تووشی ئەو نابەسامانیە بوونو ئاوایان بەسەر هاتووە؟ ئەگەر بش زانین ئەو هەڵەو تاوانە

بۆکراوە، لە نووسیندا ئەوەندەی شێرو ڕێوی بۆهاتوتەوەو پێ هەڵگوتراوە، پیاو سەری لێدە شێویٚ ڕاستی بۆدەر ناکەویٚ. مرۆڤ بەڕاشکاوی دەتوانیٚ بلیٚ: ئەو پیٚ ڵگوتنانە لە داهاتودا ڕێگا خۆشدەکەن بۆ بەڕێوەبەری ڕاپەڕینێکی دیکەو ناشبەتالێکی دیکەو....

ئەگەر هەڵەو رەخنە نەنوسریٚ و بۆکۆمەڵ شی نەکرێتەوە، کۆمەڵ نازانن داخوا ئەو ڕێبەرە لەباری بیروڕاوە پیٚ نەگەیشتوو بووە؟ لە درێژەدانی خەبات ماندوو بووە؟ فریوی خواردوە؟ گوشاری دوژمن ناچاری کردوە تەسلیم بیٚ؟ یان توانای بەڕێوە بردنی ڕاپەڕینی نەبووە؟ یان ....

باشە: کۆمەڵێکی کە لە هیچ فیداکاری قوربانیەك دریغی نەکربیٚ و بۆسەربلندی بەڕێوەبەرایەتی هەموو تالیٖ و سوێریەکی قبوولکردبیٖ و بڕیارەکانی سەرکردایەتی بەگیانو دل ئەنجام دابیٚ، بۆدەبیٚ مافی ئەوەی نەبیٚ هەڵەکان دەسنیشان بکات؟

روناکبیر بۆی هەیە زۆر بە تیژا دیوی لە ڕێبەرانی ڕۆیشتوو بپرسن و پێی بلێن:

ئەگەر ماندوو دەبووی، بۆخەڵکت تێوەردەدا؟ ئەگەر توانای بەڕێوەبەرایەتیت نەبوو بۆ وەپێش خەڵك دەکەوتی؟ ئەگەرتوانای خۆ ڕاگری ژێر شکنجەت نەبوو بۆ دەرسی خۆڕاگریت فێری ئەندامان کرد کە بەکردەوە دیتمان لەزیندانو لەژێرشکنجەو خۆڕاگریدا دەیان و سەدان کەس شەهید بوون.

ئەدی ئێوە بوچی خۆتان پێڕانەگیرا؟ یان ئەگەر ترسەنۆك بووی، بۆچی ئەو سەلاحیەتەت دەدا بە خۆت ڕێبەرایەتی وەستۆی خۆت بگری؟!...

پێویستە کۆمەڵ بەگشتی ڕێگا بدەن بە روناکبیرانو پشتیان بگرن با ئەو شتانە بپرسنو بنووسن. دەیان و سەدان پرسیاری دیکەی ئاوا لە ئارا دایە کە هەرکامیان باسێکی دوورو درێژنو هەرباسەی پەرتووکێك و داستانێکن.

بەداخەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا تۆوێکی وەها رژاوە کەس نایەویٚ دلی کەس بێشێنیٚ و کەس ناوێریٚ و غیرەتی نیە لە ترسی مرۆڤی ناحاڵیی و خۆبەزلزانو سینگ لەپێش، هەڵەکان بەڕەخنەوە باس بکاتو نوختە لاوازەکان بێنێتە سەرکاغەزو بیان نووسیٚ تا خەڵك تیٚ بگەیەنیٚ.

خوزیا هێندێك کەسایەتیٖ و نوسەری بەجەرگ وەك قارەمانی (تەلەسم شکێن)

ئەو ڕچەیان شکاند بایەو بێ پەردە هەموو کەمو کوڕیو هەڕەکەتە کزو لاوازەکانیان بەتاوانەوە نووسیبان . بۆ ئەوەی چیتر لە رووی دڵسۆزی بێجێو مەرایی، ڕاستەقینەکان دانەپۆشرێن . خۆزیا مێژووی نەتەوەی کورد هەموو هەورازو نشێوو لادانو ترسو تەسلیمو نەزانیو ناشبەتاڵیو بەفریوچوونو هەڵەو تاوانی ڕێبەرانی خۆی بە گشتی تێداگونجابایەو بەروونی دەست نیشان کردبان .
ئەگەرکەسیش نەبێو نە وێرێ نوختە لاوازەکان بنووسێ، لانیکەم با فێربین لە خۆڕا بت دروست نەکەینو دەست لەپاڵەوانسازی هەڵگرین . ئەو رابەرەی توانای بەرێوەبەری نەبووەو بەقسەی دوژمن فریوی خواردوەو مەیدانی چۆلکردوەو ماندوو بووە، یان کێترساوەو تەسلیم بووە، با بەس بێو نەیکەین بە پاڵەوانو، واز لە قارەمانبازی و پاڵەوان سازی بێنین .
باچیتر بەدرۆ هەڵەو تاوانە مێژوویەکان دانەپۆشین . چونکە ئەگەر لەرووی خۆشەویستییەوە هەڵەو کردەوە چەوتەکان داپۆشین، هیچ قازانجێك ناکەین . تا ئێستا داپۆشینی چەوتیو تاوان، نەك هەر بە هیچ جێگایەکی نەگەیاندوین، بەڵکوو زیانێکی گەورەوگرانیشی لێداوین . بیشك لە داهاتووشدا ئەو ڕەوشە بێماناو بێسوودە ڕێبەری گەندەڵو پۆخەڵترمان لەکۆمەڵدا بۆدروست دەکات .
پێم وایە ڕەخنە نەگرتنو چاو پۆشیو بێدەنگی لەتاوانو هەڵە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا رابەری ڕاپەڕین تووشی گوێ لەمستی دەکاو فێری تەسلیمخوازیو خۆڕانەگری دەبێ . مرۆڤی خۆڕاگرو پاڵەوانی دوژمن بەزێن چ لە زیندانو ژێرشکنجە، چ لەچیاو مەیدانی خەباتدا، نموونەیان ئەوەندە زۆرن لەگێرانەوە نایەنو پێویست بەوەناکات باسیان بکرێو نێویان ببرێ .
هەرلەو ساڵانەی دواییدا زۆرکوردی ئازادیخوازو روناکبیر لە زیندان لێیان ویستوون داوای لێبوردن بکەن تاکوو ئازاد بکرێن، بەڵام لەوەڵامدا گوتویانە ئێمە خەباتمان بۆ ئازادی کردوەو هەرگیز پەشیمان نین . دوژمنانی ئازادین دەبێ بێن داوای لێبووردن لەئێمە و لە میللەتەکەمان بکەن . ئێمە بۆئازادی خوێنمان داوە . تەسلیمی داخوازی دوژمنان نەبوون . زۆرکەسی ئازادیخواز بەسروودو بژی کوردوکوردستان چوونەتە دادگاو ژێردارو ئێعدام ١٩٩٩/٩/٢١

# شتێکی چاوەروان نەکراوی تر!

ئەو رۆ رێکەوتی ٢٣-٩-١٩٩٩ زاینی. لە زمانی پارێزەرانی سەرۆکی پ.ک.ک. لەرادیۆو رۆژنامەکاندا بلاو کراوە کە ئۆجەلان لەزیندانی ئیمرالی داوای لەکونسەی سەرۆکایەتی کردوە دەستێك گریلا بنێرنەوە تورکیا خۆیان تەسلیم بە حکومەتی تورکیا بکەنەوە. تاکوو دەولەتی تورکیا بزانێ کە پێکاکا لەسەر ویستی ئۆجەلان بۆبەرقەراری ئاشتی حوسنی نیەت نیشانی دەولەتی تورکیا دەدا.
کۆنسەی سەرکردایەتی پ.ک.ک. لە بەیاننامەیەکدا ئەو داوایەی ئۆجەلانی تەئید کردوە. جارێکی دیکەش راگەیاند کە دەیانەوێت پرۆسەی ئاشتی بەرێوەبەرن. مێدیا تێوێ بەدوورو درێژی راگەیاندراوی کۆنسەی سەروکایەتی پێکاکای بلاوکردەوە. لەو بلاو کراوەیە دا هاتووە: گروپێك گریلا بە ناوی (گروپی رێگەی چارەی ئاشتیو دیموکراسی) بۆ تورکیا بەرێ دەکاتەوە. کۆنسە رایگەیاند: سوورن لەسەر رێگە چارەی ئاشتیو دیموکراسی. هەروەها دوپاتی کردەوە لەسەر داوای عەبدوللا ئۆجەلان سەرۆکی گشتی پێکاکا، گروپێك بۆ تورکیا بەرێ دەکاتەوەو بەواندا چەند نامەیەکی کۆمیتە ناوەندی بۆ بەر پرسانی دەولەتی تورکیا دەنێرن. لەدرێژەی بەیانەکەدا دەکوترێ: کۆنسە سوورەو بەردەوامە لەسەر لێدوانەکانی ئۆجەلان سەبارەت بە راگرتنی شەری چەکداری و کشانەوەی هێزی چەکداربۆدەرەوەی سنورەکانی تورکیا. هەروەها کۆنسە سوورە لە سەردرێژەدانی قۆناغی ئاشتیو دیموکراتیو بەرەسمی لەرۆژی یەکەمی سپتێمبری ٩٩وە دەستی پێکردوەو، وەك وەرچەرخانیکی ستراتیژی پشتی پێ بەستراوە. دیارە بەیاننامەی کۆنسەی سەرکردایەتی دورو درێژ بوو. ئەوەی باسکرا کورتەو کاکلیی ئەو راگەیاندراوەیە کە لە مێدیا تێوێ بلاوکراوە.
بەکورتی دەتوانین بلێین: هەرچی ئەو پارێزەرە لە زمانی ئۆجەلانی بلاوی کردۆتەوە، کۆمیتە ناوەندی پ.ک.ک. بە جێ بەجێ کردنی وەلامی داوەتەوە. وادەر دەکەوێ، عەبدوللا ئۆجەلان لەگەل رژیمی تورکیا کەوتبێتە نێو وتوو

ویژێکی قوول و ئەوەی کاربەدەستانی تورکیا لە ناوبراویان دەوێ ئەنجام دەدرێ و کۆنسەش لەدەرەوە، ویڕای تەئید کردن پشتیوانی لێکردووەو قۆزتوویەتەوە · سەیر ئەوەیە کاتێك کەسێك یا ژۆرنالیستێك لە کاربەدەستانی رژێم دەپرسن، ئەو پرۆژانەی باسدەکرێن چین؟ سەریان رادەوەشێنن و لە وەڵامدا وەك ترۆریست ناوی ئۆجەلان و پێکاکا دەبەن و دەڵێن: ئێمە قسەمان لەگەڵیان نییە · یان دەڵێن چارەنووسی ترۆریست خۆ تەسلیم کردنەوەیە · لەلایەکی دیکەوە خاوەن بیروڕایانی کورد پێیان وایە: سەرکردەکانی پێکاکا تووشی واهیمە بوون و لەسەر ڕاسپاردنی ئۆجەلان کاریان گەیاندۆتە خۆ بەدەستەوەدان · بەوەش ڕانەوەستاون داوای عەفووی بەرفراوانیان لە دەوڵەتی تورکیا کردووە!

ئەو پرسیارە دێتە پێش: ئەگەر پێکاکا وتوو ویژی لەگەڵ حکومەت هەیەو تەسلیم نەبووە، بوچی داوای لێبووردنی بەرفراوان ( عفو ) دەکا ؟!

رووناکبیرانی کورد پێ یان وایە؛ داوای عەفووکردن ئەو مانایە دەبەخشی کە کاربەدەستانی تورکیا لە حاستی کورد پاك و بێ تاوانن · ئەوە سەرانی پێکاکان بەناحەق خۆیان خستۆتە ژێر پرسیارو، تاوان وەپاڵ خۆیان دەدەن بیان بەخشن ·

بەڕێوەبەرانی پێکاکا هەرگیز نەدەبوو ئەوە بکەن چوونکە ئەو جۆرە کردەوانە لە پارتێکی شۆرشگێر ناوەشێتەوە · بەشێك رووناکبیران بڕوایان وایە کە بەشی زۆری ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی لەژێر تەئسیری عەبدوڵلا ئوجەلان دان و پارتەکەیان وەك ئۆجەلان بەرەو تەسلیم بوون دەبەن و بڕوایان وایە مەسەلەی رزگاربوونی سەرۆك ئۆجەلان لە مەسەلەی کوردو شۆرشەکەیان گرینگترە ·

پێکاکا بیەوێ و نەیەوێ پرۆسەیەکی کەدەستی پێکردوە، بە دەیان تەعبیرو تەفسیرەوە ئەو ڕوانگانەدەخولقێنێ کە لەسەروو باسکران · چونکە هەموو کوردێك گوشاری سیاسی و فرو فێڵی داگیرکەرانی دیوەو باش دەزانن کە هیچ بەڵێنی و قەرارێکیان لەگەڵ کورد ڕاست نییە · هەر ئەونا سیاری و ناسینەیە، پێکاکای خستۆتە ژێر پرسیاری دۆستان و رەخنە لەکونسەی سەرۆکایەتی دەگرن و داوایان لێدەکەن بە لێکدانەوەو لێکۆلینەوەی قوول هەنگاو هەڵێننەوە · چونکە ئەوەی ئەوان نێویان لێ ناوە "پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسی" ڕەنگبێ تەئیدێك بێ بۆ

پروپاگاندی داگیرکەران و، زیان بە پرستیژو حەقانیەتی گەلی کورد بگەیەنێ.

ئەنجام و ئاکام: ئێستا کە ئەو یادداشتە دێتە سەرکاغەز، هەوەڵی مانگی دسامبر ئاخرو ئۆخری ساڵی ۱۹۹۹یە. کوردی هەرچوار بەشەکانی کوردستان لە بەرانبەری رووداوەکانی رۆژ گوێقولاغن و بەگەرمی گوێ دەدەنە رادیۆ و تەڤیزیۆن و خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکانن کە بزانن هەڵوێستی رژیمی تورکیا لەئاست ئەو ئیمتیازانەی کە پێکاکا، داویە بە تورکیا چی لێ شین دەبێتەوە. داخوا کۆنسە ئەو شتانەی کە نێوی لێناون تاکتیك، تورکیا مولزەم دەکا، یان هیچ منەتی پێ یەتی؟ داخوا کۆنسەی سەرکردایەتی پ ك ك، ئەوخۆتێشکان و پێشمەرگە ناردنەوە، بەداپۆشینی تاوانەکانی تورکیا دانانێ؟

ئەوەی تائێستا دەی بینین واتە رێکەوتی ۱/۱۱/ ۱۹۹۹ لەبارەی ناردنەوەی گروپی چارەسەری ئاشتی، یان روونتر بڵێین: گروپی خۆبەدەستەوەدەر، کە دەبێتە ناردنەوەی دووتیم بۆتورکیاو هەردوك تیم بەندی درێژیان بەسەردا بڕیون و گیراون. لەو لاشەوە دێمرێل و ئەجەوید بە ئەنقەست ئەوکارەی پێکاکا بێ بایەخ نیشاندەدەن و بەهێندی ناگرن. سولەیمان دێمیرێل سەرکۆماری تورکیا دوێنێ لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا رایگەیاند: ئێمە نامانەوێ رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردی دانێین بۆدواوە بگەرێینەوە (ئەوانە) بە چوار زمان قسەدەکەن و هیچیان لێك تێ ناگەن ؟! مەبەستی دێمیرێل کوردە، دەڵێ ئەوان. نایەوێ نێوی کورد بێنێ!

پێشتریش ناوبراو گوتبووی: سەرئەنجامی ترۆریست، خۆبەدەستەوە دانەو رێگایەکی تریان نیە. بەکورتی تائێستا تورکیا چراسەوزێکی پێشان نەداوە کە کورد دڵی پێخۆشکاو بە شتێك هیوادار بێ، پێم وایە بۆخۆشیان لە هیچ کاناڵ و هیچ کەسێك هیچیان نەبیستووە.

ئێستا کە ئەو دێرانە دەنووسم، بۆ ساڵی دووهەزار زۆری نەماوە، با بزانین مەسەلەو چارەنووسی کورد لە تورکیا بەکوێ دەگاو ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان نێوی لێناوە پرۆسەی ئاشتی و بەخشینی بەرفراوان، چی بەسەردێتەوە؟

۱۹۹۹/۱۱/۲

# ئۆپۆزسیۆن !

رۆژی ١٨/ ٩/ ١٩٩٩ لەهەواڵەکانی ماس‌میدیای دەرەوەدا بڵاوکراوە کە مام جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی چونەتەئەمریکا· چونی کۆڕی ئۆپۆزسیۆن بۆئەمریکا لەگەڵ ئەوەیدا هیواو هومێدوچاوەڕوانی کۆمەڵگا بەو دوو لایەنە زۆرکەم بوو، بەڵام ئەوهەرەکەتە دڵخۆشیەکی پێك هێناوەو تۆزێکی خەڵك بەرەو مەیدانی خەباتی دوارۆژ ڕاکێشاوەو هێندێکی خەڵك بەوکارە دڵگەرم کرد کە ئەگەرکاری بۆبکرێ شتێك لە کوردستانی باشوور پێك دێ·

ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەتەما بوون لە باشوور کۆبوونەوە بکەن، بەڵام مەسعود بارزانی لەبەرهێندێك هۆ ڕێگەی نەدان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەودا ئەو کۆبوونەوە بکرێ· کاتێ ویستیان ئەوکۆبونەوە لەهەڵەبجە پێك بێنن، ئەمریکا ڕایگەیاند ئەو شوێنە لەبەر ئەوەی ناکەوێتە ژێرهێڵی دیاری کراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، جێگای مەترسیە و ئەمریکا ناتوانێ ئەمنیەتی بەشدارانی کۆبوونەوە لەو شوێنە دابین بکات· بویە ئۆپۆزسیۆن وتوو وێژو کۆبوونەوەی خۆی بردۆتە ئەمریکا·

ئەو کەسانەی کە وەکو ئۆپۆزسیۆن لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوونەو چوونەتە ئەمریکا، بەریتی بوون لە: مام جەلال بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان، عەزیزالحەکیم نوێنەری ئەنجومەنی شورش باڵای ئیسلامی، زیاد یاوە نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو، لوبەید مەجید نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق، الشەریف‌الحوسێن سەرۆکی پاشایەتی دەستوور، مەشعان جبووری سەرۆکی پارتی نیشتمانی عێراق، عدنان پاچەچی وەزیری پێشووی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد چەلەبی، عەزیز شابەندەر، فەلەیع سامەرایی‌و . . .

ئەو کۆڕە لەلایەن ئەمریکاوە بایەخێکی زۆری پێدراوەو چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە: کاتی ئەوە هاتووە ڕێژیمی عێراق بروخێ‌و ئەو بیچم‌وسیستمەی ئێستا بە سیستمێکی فدراتیف لە عێراق بگۆڕدرێ·

یەکەم جارە کە ئەو کوڕە پێش چوونە سەرکار، ئەو پێنج کەسەی کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نوێنەری دایمین، دانیشتنیان لەگەڵدا بکەن. لەهەواڵەکانی ئەو ڕۆدا شتێکی کە بەڕاستی هێندێك جێگای سەرسوڕمان بوو، بەشدار بوونی نوێنەری تورکەمانەکانە لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا. لەبەرئەوەنا کە مافی بەشداریان نەبێ، بەڵکو پێم وایە وەکو کەمایەتی دەبێ لەهەڵس و کەوتی ئەوڕۆی کوردستاندا هەڵسوڕێن و هەبن، بەڵام شتێکی کە بیرو هۆشی مرۆڤ بەخۆیەوە خەریك دەکات؛ کەمایەتی تورکمانە. لەمێژ نیە کەوتونە ناوچەی هەولێرو کەرکوك و تەلەعفەر. کەچی ئێستا بە پاڵپەستۆی تورکیا کراونەتە شەریك و برابەشی کورد لە کوردستان. دووشت ئەوانی بەوجێگایەی گەیاندن. یەکەم: بوونی پشت و پەنا کە تورکیایە. دوهەم: بەشی هەرە زۆر ناکۆکیی و نەبونی یەکێتی پارتە کورد یەکانە بۆتە هۆی ئەوەی کە چەند سەت هەزار تورکمانێکی بڵاو لەعێراق، بتوانن وەکو کورد دەنگیان هەبێ و خاوەن نوێنەرو شەریکی کورد بن.

بێشك لە داهاتووشدا هەرئەوان لە کوردستان زوتر دەگەنە دەسەڵات و کوردیش خەریکی ناکۆکیی و دووبەرەکی و کەللەڕەقی خۆی دەبێ و بەقسەی ئەم و ئەو چاڵ بۆهاونیشتمانانی خۆی هەڵدەکەنێ. مەسەلە بەوەندەش نابڕێتەوە کە تورکمان کەمایەتیە لەکوردستان. بەڵکوو دەبێ تورکمان جێگاو ڕێگاو شوێنی دیاریکراوی هەبێ. لەسەداسەد بەمسوەگەری دەبێ شوێنیشیان بۆ جێگای دانیشتنیان دیاربێ کە ئەویش کەرکوك و تەلەعفەر!

کاتێ ئەو مەسەلانە پێك دێن و دەبن بەرووداوی ڕۆژ، دیسان بیرو ڕاکان دەگەڕێنەوە بۆلای ڕەخنەو بێزاری لەپارتە کورد یەکانی خۆمان، کە ئەو قوڕەشێلەیان لەسەر ڕێگای خەباتی داهاتووی کورد دروستکرد. دەکرێ بڵێین: خەباتکارو شۆڕشگێڕانی داهاتووی کورد، دەبێ تاملان لەنێو ئەو زەلکاوەی کە بەدەستی زۆر دروست کراوە مەلەی تێدا بکەن و ڕەحمەت بۆ بکەرو پێك هێنەرانی ئەو دیاردە دروستکراوە بنێرن.

ئەوشێواندنە جارێ هەرتارمایی دیارەو ڕوداوێکی مێژوویيە بە دەستی زۆر پێك هاتوە. خۆزیا بۆگەلی کورد ببایە ئەزمون و دڵسۆزانە لێکدانەوی

لەسەرکرابایەو زانرابا، هەڵەی کێیەو تاوانباری ئەسلی کێیە ؟ یان پێك هێنەری ئەودیاردە دزێوەش چاوی لێ دەقووچێو پێی ڕێدەخرێو دەبێتە (بەخشین لەکیسەی خەلیفە ) ؟!

کاتێك خەریکم روداوی رۆژانە دەنوسم، وەکو کوردێك ناتوانم لەبۆچونو وردەگلەیی واز بێنمو بەسەریدا تێ پەڕم . ڕەنگە ڕەخنەکانم پەسندی زۆرکەس نەبنو لە ڕوانگەی خوێنەرو بۆچوونێکی بەرچاو، و گرینگ نەبن، بەڵام لەروانگەی خۆمەوە پێم ڕاستنو بەڕاستیان دەزانم، بۆیە لە سەرتاپای یادداشتەکانمدا خۆم لە نوسینی ڕەخنەی بەحەق نەپاراستووەو بە شێوەی گلەییو تەنز، شەقڵیی نارەزایی ڕەخنەی پێوە دیارە . جا ئەگەر لەسەر ئۆپۆزسیۆن رەخنەم نیە یان بۆچونی خۆم نانوسم، بەو مانایە نیە هیچم لەسەریان نەبێ، بەڵکوو جارێ زووە بۆدەربڕینی ڕەخنەو گلەیی لێکردن . جاری وایە نوسەر ئەوەندە هیوادارو گەشبینە، ڕێگای دەربڕینی روانگەو تێڕوانینی لێدەبەسترێ و ناچارە ماوێك دەست ڕاگرێ . ئێستا کەدەبینین چۆنیەتی سیاسی بەتوندی بەرەو پێش دەڕوات، ڕەنگبێ لە داهاتوێکی نیزیکدا ئاسۆیەکی روون بۆکورد پێك بێ، دوای چەند رۆژ یان چەند مانگێکی ترئاکامی ئەو سەفەرەی ئۆپوسیۆن بەرهەم هێنەربێت . بەو هیوایە سەرەتایەك بێ بۆ روخانی بیچمی رژیمی بەعس و کۆتایی هاتن بەژیانی پرلەنیکبەتی سەدام حوسێنوهاودەست و هاوکارانیوهەروەها بەئاوات گەیشتنی گەلی چەوساوەی کورد لەکوردستانی باشوور . ٢١ /٩/ ١٩٩

## حکومەتی فدراتیف .

هەر وەکو لە یادداشتەکانی رۆژانی پێشوودا باسی چوونی کۆڕی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەمریکا کراوە، بەخۆشیەوە دەرکەوت سەفەرەکە تائیرە پڕ پیتو بەرەکەت دەرهاتودەکرێ بڵێین: لانیکەم ئەگەر بەقسەش بێ مزگێنییەکی خۆشە بۆدوارۆژی کورد . بەو مەرجە بەدەستی زۆرو بەڵای لابەلا نەیەننە سەر رێگای ئەو پرۆسەیە . هەواڵو پروگاندی پارتو ریکخراوەکانی کوردستانی لەمەڕ ئەو سەفەرە لەنیو بەیان و رۆژنامەو ئینترنێت دا بە باشی ڕەنگی داوەتەوەو بەشێك لەو هەواڵە گرینگانەی کە لە نێو ماس میدیای دەرەوە دا

دەنگدانەوەی بووە، وتوو ویژو چاپەمەنیەکانی دەرەوەن لەسەر سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان مام جەلال تالەبانی کە لەگەڵ میدیای جیهانیو گەورە پیاوانو رۆژنامەوانانو دەولەتانی عەربیدا رەنگیان داوەتەوە.

کۆبونەوەی ئۆپۆزسیونو گفتوگۆو وتوو ویژی چەند رۆژەو بەئاکام گەیشتنیانو هەروەها تەماگرتنو پەسند کردنی بریاری نهایی لەمەر پێك هاتنی حکومەتی فیدرالیداهاتووی عێراقدا، هەرچەند کەمو کوری تێدا دەبینرێ، بەلام لەباری کاکڵو جەوهەری ئەوئامانجەی بۆی کۆبیوونەوە، دەکرێ وەکوهیوا، بەوپەری سەرکەوتن بژمێرێ و جێگای خۆشحالی بێت.

ئەگەر بەوردی بروانینە مێژووی رابردووی نەتەوەکەمان، بەروونی دەردەکەوێ کە ئەوە یەکەم جارە لە مێژووی سیاسیو کۆمەلایەتیدا مەسەلەی کورد ئاوا رەنگی جیهانی بەخۆیەوە دەگرێ. لە راستیدا پێك هاتنی حکومەتێکی فیدرالی لە عێراقدا بە مانای بەرەسمی ناسینی دوو نەتەوەی گەورە لەعێراقدا کە یەکێك لەو دوو نەتەوانە گەلی کوردە دەکەوێتە ژێر چەترو یاسای نێونەتەوەیی. ئەو ددان پێدانانو بە جیهان ناساندنە بۆ نەتەوەی لەبیرچووی کورد بەدەستکەوتێکی هەرە مەزن دەژمێردرێ کە سالیانی سالە گەلی کورد لە هەرچوارپارچەکانی کوردستان خەباتیان بۆکردووەو قوربانیان لەپێناویدا داوەو خوێنیان لەو رێگایەدا رژاوەو مالوێرانیو ئاوارەییان لە سەرچێژتووە. لەراستیدا ئەوهەرەکەتەی کورد کە لەژێر نێوی ئۆپۆزسیۆندا کردویەتی، دەکرێ نێوی زیندو کردنەوەی گەلێکی لەبیرکراوی چل میلیۆن کوردی لێ بنێین. بێشك سوودی گشتی تێدایەو بەمزگێنی ئاسۆیەکی روونی کورد دەنرخێندرێ.

بەرپرسو بەرێوەبەرانی پارتە سیاسیەکانی گەلی کورد کە لەم بوارەدا هەولی مێژوویی خویان داوە، ئەو پەری هیوایە بە هەولو کۆششی خۆیان توانیویانە بە یەکێتیو یەك ئامانجیو دروستکاری، ئەو دەستکەوتە بپارێزنو بەرپرسایەتی ئەو بارە قورسو گرانەی هەلیان گرتووە، بە سەرکەوتوویی بەدوا قۆناغی بگەیەننو ئاواتی نەتەوەی کورد بێننە دی.

١٩٩٩/٩/٢٤

# گلەیی وگازندەی دواقۆناغی پەرتووک .

لەبەر ئەوەی ریزی یادداشتەکانی ئەو ١٥ مانگەی ڕابردوو زۆربوون. وا بەباش زانرا لە نێو ڕووداوەکاندا دەرسەدێکی کەم هەڵبژێردرێن و بێنە سەر کاغەز. هەر وەها وێڕای هێندێك بۆچوون و ڕەخنە و گلەیی بە گوێرەی لێزانی و بۆچوونی خۆم، بە کورتی، برێ لێکدانەوە لە سەرچەند ڕووداوێك لەوێدا بگونجێندرێ بۆوەی لەوەندە ڕووداوەی کە لێرەدا نووسراوە درێژتر نەبێتەوەو بە هەڵبژاردنی بەشێك کە لێرەدا دەیخوێننەوە چاپی بکرێت.

ڕووداوێکی کە لەو دوایانەدا ڕوویانداوەو باسی ڕۆژن، نەدەکرا گوێی لێ باخندرێ و پووش بەسەر بکرێ. وا بە باش زانرا، وێڕای ئاماژێکی کورتی دۆستانە ڕەخنەیەکی خۆماڵیانەش بگیرێ. هەرچەند ئەگەر ڕەخنە یارمەتی دەریش بێ، ئێمەی کورد وەرناگرین، بەڵام بۆهەوێن و فێربوون، سووکە گلەیەك بۆ سارێژی دەردو قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکان خراپ نییە.

مرۆڤی ئاوارە لە دۆست و خزمی خۆی براوەو لەبەردووردەستی و نەبوونی دەرەتان، مرۆڤ پریسکەی غەم و پەژارەی دڵی خۆی بە نوسراوەش بکاتەوە هەرباشە. ڕنگە پێویست بێ ئاماژێك بە سیاسەتی بەسەردا سەپاودا بکرێ و لەگەڵ هاورێ و دۆست و ئاشنای وەك خۆت دەربەدەر، دەردی دڵ هەڵبرێژی. بەڵکوو لەو ڕێگایەوە بتوانین بەشێك لە پەژارەی خەمی ناوخۆیی و هێندێك گازندە، بۆسارێژ کردنەوەی برینی کۆنی تەشەنەبوو دەرببڕین.

کردنەوەی ئەو لاپەڕەیە تەنیا بە مەبەستی هێندێك ڕەخنەو گلەیی برایانە لە بەڕێوەبەرایەتی پکاکایە، کە ئێستا دەی بینین لە ژێر دروشمی سیاسەتی ڕۆژانەدا بەڕیوەی دەبەن. شکم لەوەدانیە کە بە زانیاری و ئاگاداری تەواو دەستیان بەو ریزە کارانە کردووەو نێویان لێ ناوە پڕۆسەی ئاشتی. ئەگەر تاکتیکیش بێ لەڕوانگەی خۆمەوە بەزیانێکی قەرەبوو نەکراوەی گەورەی دەنرخێنم.

ڕەنگە لە کاتی بڕیارو دەنگدان لایەنی حەق لە کەمایەتیدا بمێنێتەوەو شتێکی چاوەروان نەکراوی وەك ئێستای لێ پێك بێت، بەڵام ئەوەی جێگای باسەو پێویستی بەوەیە مرۆڤ بیزانێ، زۆر ناڕوون و شاراوەن. تەنانەت دۆستانی

خۆیانیشی تووشی خەمباریو سەرلێشێواوی کردوەو، لە مەسەلەی کەمایەتیو زۆرایەتی چوتەدەر ٠ ئەوەی جێگای نیگەرانیە سیاسەتی بەراوەژووی رۆژو هەڵەی قەرە بوو نەکراوەیە، بوتە جێگای سەرسورمانو دەردێکی بێدەرمان٠ لەوەش گرینگتر ئەوەیە: سەرۆکایەتی ئێستای پارتی کرێکارانی کوردستان یەکلایەنە لەگەڵ رژیمی تورکیاکوتایی بەشۆرش هێناوەو ئاوربەسی یەکجاری ڕاگەیاندوە٠ وێڕای ئەوەی وازیان لە داواکانی پێشوی خویان هێناوە، گەیشتوونە پاڕانەوەو داوای بەخشینی بەرفراوان دەکەن !؟

سەیرو سەمەرتر لەوەش، لەگەڵ ئەوەیدا کە تا ئێستا تورکیا ولأمێکی پۆزتیڤی نەداووتەوە، کۆنسەی سەرۆکایەتی پیکاکا دەستە دەستە ئەندامو گریلای کوردی سادەو ساکاربە نێوی (گروپی چارە سەری ئاشتی) ناردۆتەوەو تووشی ڕەشە چاڵەکانی رژیمی فاشیستی کردون٠ سەرەڕای ئەوانەش لەبلأوکراوەی خۆیاندا رژیمی تورکیا بەنێوی کۆماری دێموکرات نێو دەبەن !

لەو لاشەوە دەستووریان بە گریلاکان داوە شاخو کێوەکانی کوردستان تائەو شوێنانەی کە پێی دەڵێن سنووری تورکیا لێی برۆنو باکور بەجێ بێڵن !

باشوایە، زوو زوو بەسەریدا تێ نەپەڕین. لێرەدا ستۆپێك بکەینو پشوێك بدەین٠ بۆ وەی بەزمانی دێهاتیو خۆماڵی، بەکۆنسەی سەرۆکایەتی پ.ك.ك بڵێین: مەردی حیسابی، ئێوە لەسەرپێشنیارو ڕاوێژی تورکیای دوژمن، کوردستانێکی پانو بەرینو شاخاوی باکوور چونْ بەجێ دێلن! کە هەزاران قوربانی لەسەردراوە٠ بەدەیان گوندی تێدا تەختکراوەو سوتاوە٠ بە میلیۆن کوردی لێ دەربەدەرو ئاوارە کراوە٠دەیان عەمەلیاتو چالاکی بۆ ئازادکردنی کێوێك یان دۆڵێك لێ ئەنجام دراوە٠ بۆئاوا بێ بەهاو گوفتێك بەجێیدێڵن دەڕۆن؟!

کاتێ باکوور بەجێ دێڵنو دەڕۆن، ئەدی بۆچی لە باشوور بەگژ کوردی خۆتاندا چوونو تێك هەڵچوون پێك دێننو ئاوری شەڕی براکوژی خۆش دەکەن ؟

یان بۆچی لە وەلأمی بەریوانچیانی دڵسۆزکە بۆکوتایی شەڕی براکوژی، ناوبژی دەکەن پێیان دەڵێن: ناڕۆین، کوردستانی باشور ماڵی بابی کەس نیە٠ ئەدی کوردستانی داگیرکراوی باکور ماڵی بابی تورکانە ئاوا بە هاسانی بەجێی دێڵن ؟!

ئەدی ئەگەرکوردستانیکوردەو ماڵی بابی کەس نیە، بۆچی چیاو کێوە بە

خوێن ئازاد کراوەکانی باکوور بۆ رژێمی تورکیا بەجێ دێلین ؟!
داخوا بەڕێوەبەران بیریان لەوە کردۆتەوە کە دەوڵەتی تورکیاش هەر ئەوەی دەوێ کە ئێوە کۆنسەی سەرۆکایەتی کردوتانەو دەیکەن بە بەرنامەی رۆژانەتان ٠ کۆنسەی بەڕێز ئەوەی ئێوە دەیکەن، پێك هێنەری ئاوات و ئارەزوی حکومەتی تورکیایە .
واتە: راسپاردەی تورك بەجێ هێنان و کورد بەکوشت دانە بۆ داگیرکەران٠
کاربەدەستانی تورکیا باش دەزانن کە گریلاکانی ئێوە ناتوانن بچنە سوریا وەك جاران بنکە بکەنەوە٠ سوریاش ئەگەر چەند کەسێك ڕێگە بدات لە وێ بمێننەوە بۆمەبەستی خۆیەتی٠ دەکرێ بڵێین بۆلەژێر چاوەدێری خستنی کوردە سەر بزێوەکانی کوردستانی سوریا یە کە دژی رژێمی داگیرکەری سورین٠
ڕێگا دانی دەوڵەتی سەددامیش هەربۆمەبەستی گلاوی داهاتووی خۆیەتی٠ دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێرانیش، لە هەموویان خراپتر هیچ دوورنییە دەیان لاوی کورد بنێرێتە ناوتان بۆ هلۆلکردنو ڕاکێشان بۆلای خۆی ٠ یان بە مەبەستی ڕێگرتن لە خەباتگێڕانو پاراستنی سنوورەکانی خۆیو بۆسوککردنی ئێوەو سوکایەتی کردن بە وشەی شۆرشگێڕیو هێنانە خواری نرخی کورد و ئێوەی فیداکار٠ تا ئێستا بۆ زۆرکەس ناروونە، کە گریلاسنوورەکان بەجێ دێلێ دەچێتە کوێ؟
تەنیا جێگا یەکی دەمێنێ پاشەکشەی بۆ بکەن ئەو بستە کوردستانەی باشوورە . ئەویش لەبەرئەوەیە دەوڵەتێکی داگیرکەری لێ نیە لێ بترسن٠ ئەوەش باش دەزانن کە ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا لەو کوردستانە ئازادە یان هەڵکێلاوە کە بە شێوە یەك لە شێوەکان لە ناوی بەرن و بیکەن بە تۆزی بانان ٠ لەڕوانگەی سیا سیشەوە دوژمنانی کورد دەیانەوێ کارێکی وابکەن، پەردەی بێدەنگی بەسەر کوردستانی باشور بکێشن و بە مەلۆتکەیی لە ناوی بەرن٠ ئەگەر ئێستاش دوژمنانی کورد بەئاشکرا هێرش ناکەنە سەرباشوورو دەستیان ڕاگرتووە، چاوەڕوانی ئەمریکان کەدەیەوی گۆڕانکاری لە سیستمی رژێمی عێراقدا پێك بێنێ و مەبەستی خۆی ئەنجام بدات٠
بە مسوەگەری بەڕێوەبەرانی پیکا کا باش دەزانن ئەگەر لەبەرپلانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا نەبێت، تائێستا لە مێژ بوو داگیرکەران لە کوردەکانی باشور وەخۆ دەکەوتن و تووشی شاخ کێویان دەکردنەوە٠ ئێستا بۆچی و لەبەرچی هێرشیان

نەکردۆتە سەر، ناوێرن و نایانەوێ لەگەڵ ئەمریکا کلاویان تێکهاڵێ٠
داخوا کۆنسە پرسیاری لە خۆیان و لە دۆستانی دڵسۆزی خۆیان کردوە کە سیاسەتی ڕۆژانەی ئێستایان لە ڕوانگەی خەڵکەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟ داخوا لە کۆبوونەوەی خۆیاندا بیریان لەسیاسەتی ڕۆژانەی ئێستای خۆیان کردۆتەوە بەرەو کوێ دەڕۆن و چدەکەن؟ لانیکەم بەژمارێکی سەرپێیی، کە دوو دوو دەکاچوار، با پرسیارێك لەدۆستان و لایەنگرانی خۆیان بکەن و چاوێك بە ئێستاو ڕابردوودا بخشێنن و بزانن نفوزی ئیستایان لەگەل ساڵێك لەمەو بەرچونەو لە باری پەرستیژی سیاسی گەیشتوونەتە کوێ!؟ یان گوێ نادەنە مەسایلی سیاسی؟
بەمسوەگەری کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی، ئەوانە دەزانێ کە.من باسیان دەکە، بەڵام وەك ئامازەی پێکرا، ڕەنگبێ دەنگی دڵسۆزان و زانایان ڕاستەقینە بە تەواوی لە کەمایەتی (اقلیت) دابێ، بۆیە ڕاستیەکان ماوەیەکە بێدەنگ و کپن و پێشنیاری دۆستان و لایەنگرانی خۆیان وەرناگرن و پێشنیارەکان پووش بەسەرن٠
بەڵێ؛ پ.ك.ك. دوێنێ دروشمی کوردستانی گەورەی هەڵگرتبوو٠ بەو دروشمە هەرەکەت و خەباتە شێلگیرەکارێکی وا یکرد بوو بەشێکی زۆری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆیان لەملی دەدان و دەیانگوت کوردستان ماڵی بابی کەس نیە٠ ئەگەر ناحەقیش بان، بەهەڵگرتنی دروشمی هەڵگیراو، پشتیوانیان لێدەکراو هەلەکانیان بۆ دادەپۆشرا، بەڵام کاتێك دوای پازدە ساڵ بەربەرەکانی خوێناوی، ئەو شوێنانەی کە بە خوێنی لاوانی کورد ئازادکراون، لەسەرپێشنیاری دەوڵەتی تورکیا دەڕۆن بۆپشت سنوورەکان و بە جێیان دێڵن! ئیتر پێتان وانەبێ لەقامك ژمێرێك بەولاوە، مرۆڤی سیاسی بۆتان لەملی بدات و ئێوەش قونەدزە بکەن و کوردستانی باشوور بکەن بە مەیدانی شەڕو کێشەو بەهانە بدەن بە رژیمی تورکیا٠
داخوا کونسەی بەڕێوەبەری لەو بارەوە لەخۆیان پرسیوەو بە خۆیاندا دەچنەوە، چ گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراویان بەسەرخۆیاندا هێناوە؟ یان کاریان بە جێگایەك گەیاندوە ددان بە حەق داهێنان بەئوسولی سیاسی نەزانن؟!
دەبوایە بەخۆیان بلێن: کاتێك ئیمە تەسلیم بووینەو داوای لێبووردن لە ڕژیمی کەمالیستی تورکیا دەکەین و کوردستانی باکور بۆپشت سنوورەکانی تورکیا بەجێ دێلین، با ئەو بەشە کوردستانە ئازادەی باشوور نەشێوێنین٠

ئێوه کەهێلی سیاسی ئاشتی خۆتان هەلبژاردوە، چ ئیشێکتان لە باشور هەیە؟ پرسیاری خەڵك لەئێوە ئەوەیەو دەپرسن؟ داخوا مەبەستی کۆنسەی سەرۆکایەتی لە دانانی پایەگاو بنکەی گریلا لە کوردستانی باشور چییە؟

ڕەنگە بفەرموون جێگامان نیە لە وێندەرێ دەبین تابزانین چمان لێدێتەوە، بەڵام کەس ئەو قسەتان بە وەلامی سیاسیو پێشنیارێکی مەنتقی لێوەرناگیرێ. چونکە دانیشتوانی باشووریش بە مانەوەی ئێوە لەوێ، گیرو گرفتو کەندو کۆسپیان بۆدێتە پێش و یاسای نێو نەتەوەیی ڕێگا بەو وەلامە نادات. یان کۆنسەی سەروکایەتی وەك هەڤالانی خوارەوەی خۆیان بیر دەکەنەوە کە دەلێن: یان هەموو کوردستان یان هیچ ' !!؟؟

ئەگەرئەوە بۆچوونو تێروانینی کۆنسەی سەرۆکایەتی بێ، یان بۆچوونی پارتێکی سیاسی بێ، دەبێ بلێین: بیروڕای ئەوتۆ لە باری سیاسیو مرۆڤایەتیەوە دادپەروەرانە نیە. داخوا کۆنسە بیری لێکردۆتەوە؟ ستراتیژیەکی بەرفراوانی ساڵانی پێشوو، ئێستا بۆگەیشتۆتە داوای لێبوردنی بەرفراوان !؟

ئێوە خۆتان دەزانن کورد لەبەشەکانی‌تر، لە دروشمو داوای خۆیان نەهاتوونە خوارو داوای عەفوویان لە دەولەتانی داگیرکەرنەکردوەو درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. کە وابوو ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە بەرژەوەندی ناوچەی خۆیان بپارێزن. دوێنێ لەگەڵ دوێنێ ڕۆیشت، بەلام ئەو ڕۆ دەبوایە بەهەرنرخێك بێ ئێوە تەقە لە کوردی دانیشتووی کوردستانی باشوورنەکەن. یەکەم لەبەر ئەو تێبینیانەی سەروو. دووهەم، بۆخۆتان باش دەزانن کە کوردی باشور لە مێژە رژیمی بەعس تەقەی لێکردونو، وڵاتی لێسووتاندون. پارتێەکی سیاسی لە هیچ هەلومەرجێکدا شتی ئاوای لێ ناوەشێتەوە. ڕەنگبێ بلێن: شەڕمان لە گەل پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی هەیە. بەلام لەگەڵ ئەوەیدا شەڕەکە، شەڕی براکوژیە، لە باری پرنسیپی سیاسیو مرۆڤایەتیشەوە ڕەشو رووتی دێهاتی کوردستان نابێ سەدەمەی پێ بگاو دانیشتوان ئازار بدرێن. بەڵکوو دەبێ لە بەلا بیان پارێزنو دەستی نوازشیان بەسەری دابێنن. هەموو کوردێك ئاگادارە کە کوردی باشور بە تایبەتی ناوچەی باڵەکایەتی، دەورانێکی دوورو درێژە رژیمی بەعس تەقەی لێکردونو بۆمباران کراونو گوندو مڵكو سامانی لێ سووتاندونو

دەربەدەرو ئاوارەی شارەکان کراون. لانیکەم با واز لە فەرهەنگی خۆکوژی بێنین و باچیتر کورد بەدەستی کورد بەکوشت نەدەین. وەك ئەرك، پێویستی سەرشانمانە تا ئەوکاتەی کوردێکی شۆڕشگێڕ بۆخۆی چەکی پێیەو لە ناوچەدا دەسووڕێتەوەو دەسەڵاتی بەسەرناوچەدا هەیە، دەبێ ڕەش و رووت و زەحمەتکێشی کورد لە ژێر سێبەری پێشمەرگەدا بحەسێنەوەو بە ئاسودەیی پارووە نانێك بخۆن و ئازاریان پێ نەگا. پێویستی سەر شانی هەموو کوردێکە، وەك داوەرێکی بە ویژدان، بیری لێبکاتەوەو ئەوەندە تێبگا کەپاش ئەو هەموو فیداکاریانەی گریلای پ.ك.ك کردی، ئەو هەموو خەڵکەی کە وەك دەریا لەدەرەوەو لە ژوورەوە لەگەڵیان بوون و شەوو رۆژ لەگەڵیان هەڵدەسووران، بەو هەموو ئیمکاناتە مادیەی کە ئێستاش لە پشتیانە، بۆیە نابێ تەسلیمی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بن.
تۆ بڵیی کەسی خاوەن ویژدان پەیدا بێ بۆیان لەملی بدا: یا بە ڕەوای بزانێ کە بۆلێبوردنێك، ڕەنج وکوێرەوەری کورد، چ لە باشور چ لە باکور بە فیرۆ بەرن؟

١٩٩٩/١٢/٢٥

## ئەو بەرهەمانەی کە تائیستا چاپ و بڵاوکراونەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١= بەرەو قەندیل . بۆ منداڵان

٢= گەشتو پرسیار . بۆ منداڵان

٣= کۆڕی یەککرتنەوە. چاپی ١و٢ رووداو: بەشێوەی نیمچە تەنز

٤= بەربەرەکانی . کۆمەڵایەتی

٥= هەڵگورد پێشمەرگەیە . تابلۆی لاوێکی کورد

٦= دیاری "هەڵبەست" . هەڵبەست بۆمنداڵان

٧= لەهەرشتێ مشتێ . چاپی ١ و ٢ کورتە چیرۆك

٨= ژوان . کورتە رومان

٩= *ئاورێك : بەرگی ١* *بیرەوەری و بەسەرهاتی سیاسی*

١٠= *ئاورێك : بەرگی ٢* *بیرەوەری و بەسەرهاتی سیاسی*

١١= *ئاورێك: بەرگی ٣* *رووداوی ١٥ مانگی نەتەوەیەکی ژێردەست*

١٢ = وەردانەوە :کورتکراوی بەرگی ١، ٢، ٣ی ئاورێك. رووداو، ڕوانگە، ڕەخنە

---

## بەرهەمی ئامادەی چاپ نەکراو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١= گەشتێ لە هەشتێ . سلسلە مەقالاتی ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٤

٢= چیمەن وچالاك . کورتە ڕومانێکی ئەوین لە کۆمەڵگادا

٣= بەستەو نیگار . بە وێنەی ڕەنگییەوە .بۆ منداڵان .

# RE-EXAMINING

## *Event, view, criticism public opinion*

ISBN
91 - 631 - 6103 - 6

Said Kaveh

2005

# RE-EXAMINING

## *Event, view, criticism public opinion*

*ISBN*
91 - 631 - 6103 - 6

*Said Kaveh*

*2005*